# زانا خەلیل

## رۆمان_بەرگی یەکەم

**(2020_1995)**

## (گەشتێك بەرەو ژنەکان)

**(ئیرەم)**

ناوی کتێب: ڕۆمان_بەرگی یەکەم
نووسەر: زانا خەلیل
بابەت: ڕۆمان
بەرگ : دەراو خەلیل
تیراژ: (500) دانە..
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (59)ی ساڵی (2020)ی پێدراوە.

# زانا خەلیل

## ڕۆمان_بەرگی یەکەم

**(2020_1995)**

## (گەشتێك بەرەو ژنەکان)

## (ئیرەم)

# گەشتێك بەرەو ژنەكان

لــەوە دەچــێ چــارەنووس، یــا رووگــەی رووبــاری شــتە نووســـراوەکانی ســـەر تـــەوێڵ بـــەو فـــۆرم و چەشـــنە بڕیاریانـدابێ.. کـە دەبـێ ڕێـڕەوی جەسـتە و گیـان و ڕەوتـی ئاینــدە و مێــژوو سەفەردۆســتبێ.. ســەفەری ڕەنگــاوڕەنگ.. هــەنگاوی پەلکەزێڕینــەیی.. ئــاوڕی بڕۆنــزی و گەڕانــەوەی سپی..

ســەفەر بــەرەو کــام ڕەوت؟ کامــە ڕێگــا؟ ڕووەو کــام پارچــە زەوی؟

کـە هێشـتا لـەناو منداڵـدانی عەدەمـدا ئـاوی شانسـم دەژەنـی، ڕێگاکـان بـە قفڵـی حـەیا و نـاموس و شـەرم خەجاڵەتییـەوە داخرابوون.

کە لە دایکبووم..

لەوەدەچــێ دایکــم و خــوا پڕۆتۆکــۆڵی کێشــانی نەخشــەی عەزابدۆسـتی هێڵـی بازنەیـەکیان بـە نهـێنی و بـۆ کێشـابم.. (بازنـــە..!) ئـــەو بازنەیـــە خزمێکـــی نزیکـــی فرمێســـك و لەرەچـــەڵەکی تـــووڕەی لافـــاوی ئـــاین و تراديتســـیۆن و حەیابوو.

بە دایکم گوت: لەبیرت نەچێ باپیرم هەردەم کوێستان و گەرمیانی بوو.. ئەو لە زەمزەمەی نهێنی زۆربەی زۆری ژنە خێڵانییەکان شارەزابوو.

دایکم پێدەکەنی و دەگریا: ئاخر کوڕم فاڵچییەکە گوتی:

- فاڵچییەکە چیگوت دایکی شیرین؟

کوڕم فاڵچییەکە گوتی: کوڕەکەت دەڕوا.. ئەو خاوەنی جانتاییێکی سەرکێشە لە پرسیار و گومان و بۆن و بەرامەی زیبا.. ئەو ملپێچی سەربەستی دەخاتە مل و بوێرانە بە کۆڵانەکانی زەمەندا پەرشدەبێ.. کوڕەکەت دەڕوا، هەر دەڕوا هەر دەڕوا، هەڵۆدای ماچی حەرام و جەستەی حەرام و ئایندەی حەرام دەبێ.

من زەردەخەنەیەك دەیگرتم و هەستی پیاوەتیشم دەجولا:

- نا دایە گیان ژیان گۆڕاوە.. من دواترەمین پیاوی ئەو گەردوونە وێرانەم کە بیری چەواشەکردنی هەستی جوانیی ژن لە مێشکم کەڵکەڵە بکا.

- کــورڕم فاڵچــییەکە راســت دەکــا.. خــۆ ئــەوەی رۆژی لــەو گەڕەکــەدا ژیــابێ هەســت دەکــا تــۆ دەبیتــە موســافیرێکی غەجەر.

- ئاه.. دایە گیان، هەست بە دڵتەنگیی دەکەم.

- دەیگوت: بۆ کورڕم بازنە ئازارت دەدا؟

- ئازارت دەدا؟

ئــای دایکــی شــیرین تــۆ لــە کامــە ئەشــکەوت خــەوتووی؟ ئــەو بازنەیــە خەریکــە بالاخانــەی رۆشــەنی جەســتە و هــزر لــەت لــەت دەکــا.. نێڵــە نێڵــەی ئــاگری رۆح بــەرزتر و جوگرافیــای خەونەکانیش هەپڕوون بە هەپڕوون دەکا.

هــاوارم دەکــرد.. دە رێگــام بــدەن دیــن و ئیمانســزینە ئــەو چاوە برسییانەم بــە رۆشــنایی مــەمکی مــاه و بــە شــەربەتی شەیتان و بە شەرابی لێو تێراوکەم.

دە رێگــام بــدەن پێنگــاڤێ بــۆ بەزانــدنی ئــەو ســنووری بــەزین و گریــان و تــەزین و ســەهۆڵبەندانە بهاوێــژم.. دە لێگــەڕێن جەنتای سەفەرم بەرەو دوورگەکانی ژیان تێکێنم.

دایکـم دەیگـوت: ئـاخر کـوڕم ئـەو بازنەیـە بـە زیبـاترین شـێواز گۆشـت دەکـا و ئـامێزی بـۆت دەکـا بـە ئـەکادیمیای وەرگێڕانـی خەونـەکانت بـۆ سـەر واقـع، رەنگـە ئـەو بازنەیـە بتکـا بـە دکتـۆر یـا ئەنـدازیار.. ئەوسـا لـەوێوە دەتـوانی بـە شێوەیەکی ئارام ژیان بگوزەرێنی.

مـن دەمگـوت: لـە بـیرت نەچـێ دایکـی شـیرینم، زووتـریش درکانـدومـــە مـــن حـــەزم لـــە ســـەفەرە.. ســـەفەری رەنگـــاوڕەنگ.. هـــەنگاوی پەلکەزێڕینـــەیی.. ئـــاوڕی برۆنـزی، بـەڵام بـەرەو کـام رەوت؟ کیهـان رێگـا؟ مـن پـێم وایـە هێشـتا زووە، ئـەی دایکـی بـەڕێز تـا وەڵامـی ئـەو پرسیارانەم بدەیتەوە.

کـە تـەواو بێئومێـد دەبـووم، پـەنام بـۆ خـوا دەبـرد و بـە نـزاو کڕنـۆش و پاڕانەوەیەکـەوە دەمگـوت: ئـای خـودای پـیرۆز مـن چۆن دەشـێم لـەو بازنـە ئاگرینـەدا دەنـك دەنکـی تەسبیحی خەونەکان بە هێوری ئاواکەم؟

لەبـەر خـۆم دەمگـوت و دەمگوتـەوە: کـێ دەتـوانێ دیـوارە بـەرزە ئاسـنینەکانی ئـەو بازنەیـە بـڕوخێنێ و لـەو بوقعـە

سـەهۆڵاوییەی تەمەنـەدا دەربازمکـا..؟ ئـای تەمـەن دێیـت و دەچـیت، ئێمـەیش هـەروا لـەنێو ناڵـە نـاڵ و زەڵـەوزەنای ئەو بازنەیەدا.

کە هەرزەکار بووم.

دەروازە سـیحراوییەکانی خـەون بـە زنجـیری شـەرەف و پیـاوەتی و عـەیب داخرابـوون، لـەوە دەچێ هێشـتا دایکـم و خـوا پێکـەوە نەخشـاندنی بازنـەکانیان هەڵنەوەشاندبێتەوە.

کـە هـەرزەکار بـووم بازنـە دەیکوشـتم.. گیـانی دەپڕووکانـدم تـا ئاسـتێ کـە بولێـڵ خێـوەتی تـاریکی و تـەم و لەهی بەسەر گلێنەکانمدا هەڵدەدا.

کـە هـەرزەکار بـووم لەبـەر ژنـە رەنگـاوڕەنگ و پـیس و پوخڵـەکانی ئێـوارانی گـەڕەك، لەبـەر تـۆزاویی پرچـی بـەڕەڵا و مـەمکی بـەڕەڵایان لەسـەربانە سـتارە نەویەکـە،

کتێبی پەروەردەی ئاینیم تور هەڵدەداو، دەکەوتمە نێو فەنتازیای شکاندنی سنووری ئاسنینی بازنە، کە لافاوی حەزو لەززەت دەگەیشتە لوتکە و جەستەش شەکەت شەکەت و بێهۆش بێهۆش ئاوپرژێنی ستارەی دەکرد و منیش لەو خەوە سەرمەستە رادەبووم، خۆم لە دەرەوەی بازنەدەدیت.. کورە ئەوە چیت کرد؟

تف.. تف..تف..تف..تف..تف.. ئەوە چیت کرد؟ بە هەردوو دەست توند توند سەرمم دەگرت و بە روخسارێکی گرژ و مۆن دەگەڕامەوە باوەشی بازنە.

دایکم دەیگوت: کوڕم بەزاندنی سنووری زێڕینی بازنە، تاوەری کەسایەتی تەفروتونا دەکا.. جوانییەکان ناشیرین و سەرە بەرزەکان نەوی دەکا.. دوایێ حەز ناکەم بچیت لەسەربان بخوێنی.. چونکە دراوسێکانمان هەموویان کیژی هاوتەمەنی تۆیان هەیە.

-باشە.. باشە.. باش دایکی بەڕێز باشە.

دەستێکم بە پرچم دادەهێناو لێوەکانمم بە زمان تەڕ دەکردن..

باشــه .. بــاوەڕم هــات بازنــه پــیرۆزه.. ئێســته مــنیش لەگــەڵی تــەبام.. مــنــیش دەمـــەوێ لــەناو گــوڵزار و گوڵســتانی ئــەو بازنەیــەدا خولبخــۆم و پــەنگ بخــۆم و پاڵبکــەوم، چــونکه وا خەریکه بازنه سەفا دەبەخشێ.

(دوو رۆژ دواتر..)

لەبــەر ژنــه پــیس و پۆخــڵ و ســەر تۆزاوییــەکانی ئێــوارانی گــەڕەك و لەبــەر قــژی بــەڕەڵا و ســینەی بــەڕەڵایان، مــن لەســـــەربانه ســـــتاره نەویەکـــــه، کتـــێبی ماتماتیـــــك و پــەروەردەی نیشــتیمانی و هاوکێشــه ماتماتیکییــەکانم تــوڕ تــوڕ هەڵــدەدا.. مــن ئــەو کاتــه بــه توڕهەڵــدانی تــەواوی هاوکێشـــــه و ســـــەرجەمی رێســـــا ماتماتیـــــەکانی وجـــود راهـــاتبووم.. قەڵەمەکـــەی دەســـتی ســـنوور و دەســـتوری عـــەقڵم فـــڕێ دەدا و بـــه بەرچـــاوی ئـــەو حەشـــاماته، دەکەوتمـــه نێـــو قـــەنتازیای شـــکاندنی بـــەژنی بازنـــه و دەکەوتمــه نێــو حەقیقــەتی وێــران و خــاپوورکردنی قــەڵا دژوار و قــایم و بــەرزەکانی بازنــه.. ئــەو دەمــه حــەزم دەکــرد پــڕ بــه قــوڕگم گــۆڕانییێکی ســپی و بــەفرین بــۆ رەشــاتی دڵــی بازنــه بچــڕم و بــه گــەردون بڵــێم: بڕوخــێ

بازنـــه.. بـــژی یاســـاکانی باڵنـــده.. بڕۆخـــێ بـــورجی کـــۆت.. بژی قەرەج.

نـــەختێ دواتـــر کـــە ڕۆشـــنایی مـــانگی هـــەوەس دەکوژایـــەوە.. کــــە ئەســــــتێرەی حــــــەیا دەڕژا، ســــــتارە نەویەکــــــەش ئاوپرژێنکرابوو.. لەخۆمم دەپرسی:

کـــورە ئـــەوە چـــیت کـــرد..؟ ئـــای کارەســـات.. هەمـــدیس کارەســـات.. وام لـــە دەرەوەی ســـنووری زێـــڕینی بازنـــە.... تف..تف..تـف بـە هـەردوو دەسـت سـەرمم تونـد دەگـرت و بـە روخسـارێکی گـرژ و مـۆن دەگەڕامـەوە نێـو جوگرافیـای بازنە.

- تـــازە پـــاش چـــی؟ هـــەی حـــەیوانی ئـــەژداد حـــەیوان، پـــاش چی؟

لە بیرمە عەقڵ دەیگوت:

رامبـە.. دەسـتەمۆ بـوون بـۆ بازنـە گەورییـە.. خـۆ دەشـکرێ مــرۆڤ دیلێکـی بەختـەوەر بـێ.. یـان ئاسـاییە لـە تـەرازوە

پیرۆزەکـەی ژیانـدا، لایـەنی بازنـەکان گـرانترین لـە لای ئـەو گۆرانییە سپیانەی کە بۆ دڵی رەشی بازنە خوێندراون.

دێتـەوە بـیرم بـە عـەقڵم دەگـوت: تـاعون لـە تـۆو بازنـە و هـەموو یاسـا و رێسـاکانی گـەردوون بـدا.. کـەی بـووە دیـل بەختەوەر بێ؟

مـن لـە دووبـارە بوونـەوەی مانشـێتی رۆژنامـەی تەمـەن خـەریکبوو سـەرم کـاس و چـاوانم خـوێنین دەبـوو. بازنـە.. بژی بازنە و بمرێ بازنە.

باشم لە یادە کە من بە دایکمم دەگوت:

دایـە، بـا لـەبیرمان نەچـێ بـاپیرم، بـاپیرم شـکارێکی قـەرەج بـوو.. ماسـیگرێکی کـەنار دەریاکـانی لـەززەت بـوو جارێکیـان لـە تـەواف کەعبـەدا ژنێکـی مۆریتـانی ناسـیبوو، ژمارەی تەلەفۆنەکەشی لێوەرگرتبوو.

قیژەیـەکی رەهـێڵاوی زریـان دۆسـتم لـە روخسـارە پرسـیار ئامێزەکـەی دایکـم دەبیسـت.. گۆنـاو تـەوێڵی تێکچـڕژاوی پێیان دەگوتم:

کــورِم بازنــــه.. بازنــــه.. بـــا بـــڕی ئـــەو بازنەیـــەی دەتکاتـــە پیـــاو.. ئـــەو بازنەیـــەی دەتکاتـــە خوداوەنـــدێك کـــە هـــەموو عێـــڵ و عەشـــیرەت ســـوێندت بەســـەر بخـــۆن، کـــا دەپـــێم بڵـــێ: چـــیت داوە لـــە دەرچـــوون لـــە بازنـــە و بەزانـــدنی ســـنووری زێڕینی دنیای بازنە؟

لـــە بیرمـــە مـــن ســـیما و روخســـارم بـــە کـــەڤاڵ و چـــارۆگەی کـــونزەینی و بەدهۆشـــی دادەپۆشـــی و بـــەم شـــێوەیە وەڵامـــی دایکمـــم دەدایـــەوە: ببـــورە.. ببـــوورە.. ئـــەی دایکـــی زێـــڕین.. کـــــە جاروبـــــار پێیـــــەکم لـــــە بۆتـــــەی پـــــیرۆزی گوتـــــارە پیرۆزەکانـــت ئـــاوا کـــردووە، دەزانم تـــۆ پێـــت وایـــە..(ژیان واتـــە دەرنەچوون لە سنووری خاکی بازنەدا).

کـــەوابێ لێـــرە بـــەدواوە کڕنـــۆش بـــۆ رامـــان و رەهەنـــدەکانی رامـــان و روانـــین، بـــۆ هـــەموو ئـــەو شـــتانەی کـــە تـــۆ بـــە پیرۆزیان دەزانیت.

کـــە خۆشـــم دەدوانـــد دەکەوتمـــە نێـــو دەریـــای رەخنـــە و دەبوومـــە پێڵـــێ بـــۆ خـــۆ پڕووپـــووچ کـــردن و زەلیـــل کردنـــی نەفس و رەزیل کردنی عەقڵ تا ئاستی ئێسقان.

باشە کەوابێ پەیمان.. پەیمان.. قەسەم بەخوا جارێکی دی لەسەربانە ستارە نەویەکە نەکەومە نێو فەنتازیای شکاندنی دیوارەکانی بازنە.. سوێندم بە پێغەمبەری ئاخیر زەمان، لێرە بەدواوە بازنە بەپیرۆز بزانم و دەستی چڵکنی پڕ لە خیانەتم نەگەینمە دیواری زێڕینی.

دوای هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەکی کتێبی زەمەن.

لەگەڵ هاتنی ئێوارەیەکی نیڤار، ئەو کاتانەی ژنە پیس و پۆخڵ و سینە باز و مەمك بەڕەڵاکان بەرەو پێش دەرگا دەبوون و دەکەوتنە نێو جیهانی گوڵەبەڕۆژە قرتاندن.. من هەمدیس جڵەوی نەفس و حەز و هەوەس و شەهوەتم دەکەوتەوە دەستی نەستیی و بێ هەستیی.

من لە حەوشەکە دێم و دەچم.. لە کتێبی مێژوودا (قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی) لەبەر دەکەم.

1- چاخی بەردین.

2- چاخی کشتوکاڵ.

3- چاخی پیشەسازی.

بێوچـان و بـێ راوەسـتان دێـم و دەچـم و ئـەو سـێ قۆناغـە دووبـارە دەکەمـەوە، بـەدەم هـاتن و چـوون لـە کـەلێنی دەرگـای سـەرەکی لـە دەرەوە دەڕوانم، منـداڵێك بـەرۆکی دایکی گرتووە و برسیەتی.

وەکـو شـاخێ سـەهۆڵی بەسـتوو.. بـەرد.. یـان باشـتر وایـە بڵـێم: وەك سـەربازێکی زراو چـوو لـە عـەریفێك بـە هەناسـە راگـیراوی دەوەسـتم.. لەبـەر خۆمـەوە قۆناغـەکانی مێـژووی مرۆڤایـەتی دەڵێمـەوە.. بـەڵام بەشـێوەیەکی خاوتر..

چـاخی.. بـەردین.. چـاااخی....... پی...پـی....... مـەمکت بـۆ ئـەو منداڵـە برسـییە، بەسـتەزمانە دەرێنـە... ئـەرێ وەڵـڵا دەریهێنـا مـن کتـێبی مێـژوو، یـان پێناسـەی مێـژوویی مرۆڤایەتی توڕ توڕ هەڵدەدەم.

خوایە تێر نەبێ.. خوایە ئەو سەگبابە زۆری برسی بێ.. تێر نەبی قوربانی ئەو دایکەت بم تێر نەبی..

کە بوومەلەرزەی جەستە دەیویست لە هەژان و سەما و لەرزین بوەستێ و ژەهر و ئاوی حەرامیش چەند بوقعەیەکی دەرگا و خاك ئاودا، یەکێك دەرگای سەرەکی بەڕووی ژوورەوە پاڵدەدا، بێ پرسین و لەدەرگادان دەیەوێ بێتە ژوورەوە، من بەدەستی چەپەم هەوڵی داخستنی دەرگاکە دەدەم و بەدەستی راستەش هەوڵی هەڵکێشانی تراکسودەکە.. هەڵوێستم چی بێ؟ چار چییە؟ دەستم شل دەکەم و خۆشم قەمبوور..

خزمێکی نزیکی باوکم، کە پیاوێکی شەرمن و گرینۆك و بەساڵاچوو بوو، ئەو پیاوە لە رۆژی دووەمی زاوایەتیدا بە هەڵە زیندانی کرا بوو، 25 ساڵی خۆی لە زیندان بەسەر برد، کە بەر بوو ریشی سپی بوو، خاوەنی پێنج منداڵیش بوو، لە چاوەکانمی روانی و گوتی: کووی؟ دەرێ کەس لەمارێ نییە؟

- باشم.. نا.. بە تەنێم.

ئەو بەزەردەخەنەیەکەوە: باشە.. کەوا بێ خواحافیز.

دەرگاکـەم داخسـت.. پشـتم بـە دەرگاکـەدا.. ئیـدی کەوتمـە ڕەجـم کردنـی خـۆم بـە گابـەردی پەشـیمانیی.. ئـەی ناپیـاوترین پیـاو.. کـەم فـامی هـیچ و پـووچ.. ئەوەیـە ئاکـام و ئـەنجامی دەرچـوون لـە سـنوور.. بەزانـدنی بازنـە واتـە ریسوایی و مردن، ئەگەر باسیکرد؟

هـەردوو دەسـتم بـە ڕووی ئاسمـان پـانکردەوە، خوایـە نەگاتـە سبەی، بـۆ ئـەوەی ئـەو نهێنییـە لەگـەڵ خـۆی بباتـە ژێر گڵ.

ئـای هـەی بازنـە.. فێـری ملیۆنـان زامـی ڕەش و هەرەسـی سـوور و هـەزاران شـەرمەزاریت کـردین. دە لێگـەڕێن بـا کتـێبی سـینە و شـیعری خەونـەکان بـە ئـازادی بخوێنرێتەوە.

ئێسـتا ماوەیـەکی باشـە لـەناو یاسـاکاندا هەڵدەکـەم، بـەڵام زەمـەن دێـت و دەچـێت، زەمـەن مسـاحەیەکی باشـە بـۆ سڕینەوەی شتگەلێك لە زاکیرەدا..

ئـەو جارەیـان کتـێبی کۆمەڵناسـیم بەدەسـتەوەیە، خـەریکی خوێندنـــەوەی تێمەیـــەکم ســـەبارەت بـــە کەســـایەتی و کۆمــەڵ، لەبــەر نــەبوونی کارەبـا لــە حەوشــەکەی پشــتەوە دەگێرســـێمەوە.. مەنهـــەج بێـــزارم دەکـــا.. بۆیـــە دەســـت دەکەمــە رۆژنامەیــەك و نووســینێك دەکەوێتــە بــەر چــاوم، (چـی بکـەین بـۆ خێزانـی شـەهیدان؟) هێشـتا هـەر خـەریکی خوێندنــەوەی ئــەو باســەم کــە ئەبڵــە شــیرینی دراوســێمان خـۆی و هەنـدێ جلـی داپۆشـراو بـە خاولییێـك بـە بـەردەمما رەتــدەبێ.. بــەتیغی چــاوە ســیحراوییەکانی لــێم دەڕوانــێ و دەچـــێتە حەمامەکـــە. بەشـــێکی گـــەڕەك کـــە پیـــاو و گەنجـــەکان بـــوون، ئەبڵـــە شـــیرینیان لەبـــەر جـــوانیی خۆشدەویســـــت.. هەندێکیشـــیان کـــە پـــیر و نەتـــەوە پەرسـتەکان بـوون لەبـەر بـە وەفـایی، مـن لـۆ خـۆم لەبـەر هەر هەر دوو هۆیەکە خۆشم دەویست.

لــەو کاتــەوە دێتــەوە بــیرم کــە مامۆژنــە لاریێ لای ژنــەکانی دی دەیگـوت: بـەخوای ژنـەکی بـە وەفـا و شـەریف و جـوان درسـۆزە.. ئـەو چـەند سـارە مێـردە قارەمانەکـەی شـەهید بووە هەتا هەنووکەش هەر ئاگای لەو دوو کیژەیتی..

دەچم لەسەر کورسییەك دادەنیشم و رۆژنامەکە دەخەمە سەر رانەکانم و بیر دەکەمەوە.. بینای کەسایەتی لەنێو کۆمەڵدا چییە؟ ئەو پرسیارە لە خۆم دەکەم.. همم

1- نابێ مرۆڤ لەو بازنەیە دەرچێ کە دایك بۆ منداڵەکانی دارِشتووە.

2- هەموو ئەو شتانەی کە ئایین بۆی داناوین دەبێ لەسەر خۆمانی جێبەجێ بکەین.

3- ............

گوێم لە هانکە هانکێك دەبێ.. یەکراست رادەچەڵەکەم، دەچمە بەر دەرگای حەمامەکە، گوێم بە دەرگاکەوە دەنێم، خوایە.. ئەوە چییە؟ حەقیقەت یا وەهم؟

وەهمی چی ئەوەتەیە هانکە هانك کەرِم دەکا.. گوێم شل دەکەم، دەنگی شەپۆلی سییەکان و دەنگی لافاوی روحێکی هیلاك زیاتر پەلامارم دەدات.. بێ بیر کردنەوە سەرم لەگەڵ خاکدا جووت دەکەم، چاوی راستم

دەنـــوقێنم و بەچـــاوی چـــەپەش لـــە کونـــە خـــایس و سـواوەکانی ژێــر دەرگــای حەمامەکــە دەڕوانمــە ژوورەوە، چ بــە چــاوی چــەپم دەبیـــنم؟ وای هــەی چ دەبیـــنم؟ وەك پەیکــەرێکی ســەد دەر ســەد بێگیــان و ڕەق دادەمــرکێم.. دڵ وەســتاوە، یــا نــا؟ دەقەیــەك، دوو، شــەش، کــە گــوێم لــە گـەرداو و تـۆقی ئـەو هەناسـەیە سـوارە نـامێنێ.. جامێـك ئـاو بــەدیوی ژوورەوەی دەرگاکــە و باوەشــێ پڕوشــکیش بــەنێو چاوی چەپەم دەکەوێ.

مــن یەکڕاســت وەك شــێت لــەو خەونــە نــاوێزە ئیرۆتیکییــە رادەبم و بـــێ هـــودە و بـــە لـــەرزۆکیی بـــەرەو دواوە دەگەڕێمەوە.

لەخۆم دەپرسم:

هەمــدیس دەرچــوون لــە بازنــە؟ خەریکــە دەگــریم.. ئــێ چــیبکەم؟ چــی هەیــە خۆشــتر لــە هەڵوەشــاندنەوەی ئــەو ســنوورە دەســتکردە ترســناك و بێشــەرەفە؟ ســنوور، ســنوور، هەمـــدیس هەناســـەی غـــەمگینی شـــەرمەزاری و حـــەیا چــوویی خــۆم هەڵدەمــژم..مردن باشــترە لــە ئاشــکرا بــوونی

ئەو رووداوە.. ئاتەشی بێشەرەفیی و سووك و چرووكی خەریكە گلێنەكانم دەسوتێنێ.. كەوابێ با خۆم، خۆم بكوژم باشترە.

رەنگە چارەنووس، یا هێزە پەنگخواردووەكانی گیان بڕیاریان دابێ كە دەبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان كۆت و پێوەند هەپڕوون بە هەپڕوون بكرێ و بە ڕەوتی رەهاش جڵەوی هەوەس تێك بكشێندرێ، یان بەلایەنی كەمەوە مرۆڤێكی شڵەژاوی بەستراو لەناو بازنە، بانگی لە دەستدان و زڕانی بازنە بدا.

من لۆ خۆم لەو دەریاچەی زنجیر و كۆتە هاوارم دەكەم: زەڵە و زەنای جەستە و سەدای فیغانی روح و دۆزەخیبوونی سییەكان ئازارم دەدا.. من لۆ خۆم هاوارم دەكرد: رەحمێ بۆ سەرووەرییە سروشتییەكانی مرۆڤ و مافە ئاساییە سەرەتاییەكان.

دەمقیژاند: رێگای رژانی ئەو ئاوانە بدەن كە بۆ مەبەستی رژان لە كارێزی ناخی مرۆڤدا هەڵدەقوڵێن..

من ئازاری دنیا له گیانمدا گینگڵ دەخوا.. وا خەریکە لە دووکەڵی کۆتدا دەخنکێم.

مام شەریفە کوێر کە ئێمە هەرزەکارانی گەڕەك ناومان نابوو - دێرە بە با- بە دەموچاوی لۆچینی هێمای نەبەزاندنی سنووری بازنەی بۆ دەکردم، ئەگەر پێی عەیب نەبووایە دەیگوت: ئەو گوێیە بەل و گەورانەت دەبڕم بەو چاوە مۆنانەت لە قاچ و قوونی لەیلەی کیژم بڕوانی.

منیش بەدزییەوە جاروبار چاوێکم لە لەیلا دادەگرت، ئێستەیش نازانم بۆ نە لەبەرم رایدەگرد و نە وەڵامیشی دەدامەوە.. بێ ئەوەی زمان رۆڵی ئاسایی خۆی لە دواندا بگێڕێ -مام دێرە بە با- پێی دەگوتم: گوێ بەل تخوونی مەرقەدی ئەو قاچ و قوونە نەکەوی.

من بە مڕومۆچی و چاوی مۆنەوە لێوەکانم کەمێ دەبزواند و پێم دەگوت: خۆ نایخۆم هەی گەوادی گەورە.. ئەو لەش و لار و سیما و فیگۆرە هەر بۆ خۆڵە

خـۆڵ.. دە ڕێگامبـدە بـا بـۆ تـاوێ چـەند پێنگـاڤێ لـە دەرەی بازنەدا هەڵبکەین.

لە گەنجایەتیدا..

ڕۆژێـك بـە نهـێنی لـە وێـستگە نهێنییـەکانی نـاو بازنــەدا، خــۆڕی خــۆڕی بــە عــاقڵی دەســووڕامەوە.. بــە کۆڵانــەکانی زەمەنـــدا پـــەرت و پەرتـــەوازە دەبـــووم.. گـــوێم لـــە هەواڵـەکانی نـاو ئـەو دۆزەخـی سـنووره دەگـرت و لـە نێـو ئـــەو کوێســـتانی مـــەراق و حکومـــەتی ئـــاوزینگ و جوگرافیــای مردنــەدا، بــە هــەر فێڵێــك بــووا، دەبــووا کورســییەکی نــاو شــەمەندەفەری ســەفەر و دەرچــوون لــە بازنەدا حجز بکەم.

چــیبکەم باشــە؟ لــە کــام خاڵــەوە دەتــوانم ســەرەتای ئــەو ســەفەرە ڕەنگاڵەییــە ئەزەلییــەی ژیــان دەســت پێبکــەم؟ کــێ نــاڵێ یەکــەمین ســەفەری ئێســتەتیکی راســتەقینەی تەمــەن لە قسەکەی "پلکە ئایش"ـەوە دەست پێناکا؟

لــه یادمــه ئایــەتێکی ســەیر و ســەمەرە بــە روخســارە خوریکــــه لێهاتووەکـــــەی هەڵواســــرابوو، کـــــه ئـــــەوە دەقەکەیــەتی (چـاو بەسـتراوە سـەر شـێتەکە.. شـکارزادەکە، تــۆش گونــاحی، دە بــڕۆ ســەفەرێ بــەرەو گــێتی دەرەوەی بازنــه بکــه.. ئەوەتەیــه دەرگاکــانی ســەفەر، ئەوەتــه قفڵــی دەرگاکـــانی عەبەســـی جـــوان.. ئـــەوەتا رێگـــای چـــوونە دەرەوە.. ئەوەتەشـــــه مەتریالـــــەکانی ســـــەر کێشـــــی و پەنجەرەکانی زیبا).

لــه یادمــه "پلکــه ئــایش" بــه خزمــه نزیکــەکانی دەگــوت: ژنــی ئــەوها مــۆنم نەدتیــه.. ســێ مانگــه، لەوەتــەی مێــردی بـــه رزگـــاری بـــرازام کردیـــه، رۆژەك دری کـــەریمی بـــرام خـۆش نییـه، لەبـەر گـارە گـار و شـەڕ و شـۆقی ئـەوان.. بـرێ ژنه ئەتوو چت دەوێ؟

هەشـتی گـەورە و حـەوتی بچـووك گوێبیسـتی ئـەو رسـتەیە بـوون.. بـەڵام مـن بـه دوو چـاوی مـۆن و بـه دوو گویچـکەی گـەورەی مـۆن و بـه ملیۆنـەها خـەونی غـەوارەی مۆنـەوە لـه گۆشـــەیەکی ژوورەکـــەدا بێووچـــان لـــه شـــیکردنەوەی ئـــەو رستەیە ئەفسووناویە دەهزریم.

لـــەخۆمم پرســـی: دەبـــێ ئـــەوە پلـــیتی یەکـــەمین ســـەفەری ئێستەتیکی دەرەوەی بازنە نەبێ؟

لـــۆ نـــا؟ دەســـتم دایـــە جانتاییێـــك و پـــڕم کـــرد لـــە بـــوێری و سەرکێشـــی و حـــەرام... کـــە گەیشـــتمە لای ماڵیـــان، ڤیـــانم دیـت بـەر دەرگـا گێسـك دەدا.. دەسـتێکم بـە پرچـم داهێنـا.. چـاوەڕێیکرد.. نزیـك کەوتمـەوە، بەشـەرم و ترسـەوە گـوتم: چۆنی؟

گوتی: خۆشبی.

بیســـت مـــەترێك دوور کەوتمـــەوە.. پـــاش ئـــەوەی چـــل و چـوار جـار ئـاوڕی پشـتەوەم دابـۆوە، ویسـتم جارێکیـدی لێـی بڕوانمـــەوە.. نـــا.. نـــا.. نـــەبادا بـــە نـــەدی و بـــدی تێمبگـــا و بتۆرێ..

لـە دڵـەوە حـەزم دەکـرد هـاوار کـەم هێـی خەڵکینـە، ژنێـك بـە حـەرامی پێـی گـوتم خۆشـبی. ویسـتم بقیـژێنم: هێـی ســـــەرزەمین کلیلـــــی دەرگـــــا داخراوەکـــــانی ســـــەفەرم دەسـتکەوت.. مـن ئێسـتە بـە ئـازادی گۆرانییـە نهێنییـەکانی زەمـەن دەخـوێنم.. ڕەنگـە دواتـریش وەك بـاپیرم کوێسـتان

و گـەرمیان بکـەم. خۆشـبی.. هـا هـا هـا.. ئـەوە چ ئـاوازێکی ناســـك و چ فیتەیـــەکی حەرامزادەیـــە! ئێســـتە وشـــەی -خۆشـــبی- پلـــیتی شـــەمەندەفەری حەرامـــە رووەو دەرەوە، لێگـەڕێن بـا پـڕ بـە قـوڕگم هاوارکـەم هێـی دنیـا، نـەما کـــەڵواز و تـــۆفی مـــردن لـــە کپبـــوون.. پڕوتۆکۆڵـــە نهێنییـــەکان هەڵدەوەشـــێنرێتەوە.. مـــن ئێســـتە یەکـــەم هەنگاوی بەختەوەریم لە ناخی ژیان هەڵگەندوە..

بـە خـۆمم گوتـەوە: بـەڵام نـا.. هەڵوەسـتەیەك.. کـێ دەڵـێ ئـەو وەڵامـی دامـەوە؟ نـا.. نـا.. خـۆ گوێچـکەکان درۆ ناکـــەن.. راســـتە چـــاوەکان نـــەوێران رامینـــێن.. بـــەڵام گوێچـکەکان.. ئـەو گوێچـکە گەورانـە..نا..نا ئـەو گوێچـکە گەورانـە درۆ ناکـەن. لەگـەڵ یەقینیشـم لـە وەڵامەکـەی ئـەو کەوتمـە نێـو دڕدۆنگـی و گومانـەوە.. بۆیـە گەڕامـەوە. کـە گەیشـتمەوە لای ماڵیـان، ڤیـان هـەر خـەریکی گێسـکدانی بـــەر دەرگـــا بـــوو بـــە دەســـت ئامـــاژە و بـــە لێـــوێکی لەرۆزکیشەوە: ها.. کەنگی بێم؟

ئـــەو بـــەدەنگێکی نـــزم و نـــەرم و بوێرییـــەوە: نامـــەم لـــۆ بنووسە.

بەرەو ماڵ گەڕامەوە.

نەمـــدەزانی نـــە رووەو ترۆپکـــی شـــاخی پێکەنینـــەوە هەڵبزنێم، نە بەرەو دۆڵی هزرین لە ترس دابەزم!

چـــیبکەم باشـــە؟ ئـــاوا پرســـیارم لـــە خـــۆم دەکـــرد.. کـــە گەیشـــتمەوە مـــاڵ، زوو زوو پـــەلاماری قەڵـــەم و کاغەزمـــدا، پرسیار..

چـی بـۆ بنووسـم؟ خـۆ کـەلکی نامـەی خۆشەویسـتی و ئـاخ و ئـۆف ئومێـد و ئاینـدەی پێـوە نـەماوە.. بـە چ شـێوازێك بـۆی بنووسـم؟ زۆر دەترسـم ئـەو نووسـینەم ببێتـە هۆیـەك بـۆ نـــەتوانینی کردنـــەوەی دەرگـــای ســـەفەر.. لاســـایی خـــۆمم کـــردەوە: نـــەتوانینی کردنـــەوەی دەرگـــای ســـەفەری چـــی هـەی بـێ عـەقڵ؟ ئـەوە باشـترین دەرفەتـە بـۆ تـۆ، تـا هێـز و باڵادەستیی خۆتی نیشاندەی.

چـۆن دەسـت پێبکـەم؟ لـە کوێـوە دەسـت پێبکـەم؟ ئـا.. ئـا.. هاتەوە بیرم

ئەم سیڕە چیە میسلی سوهابێ نە سوابێ

دوڕی کە وەکو دوڕی سەمابێ نە سمابێ

نالی

ئـەی هـەوری تـەڕی ئاسمـانی عەشـق لەسـەر بیابـانی وشـکی گیانم

ئەی مەلەکووتی رەحمەت:

ئـەو کاتـە و هـەموو کاتێکـت پـڕ بـێ لـە بـۆنی بخـور و گوڵاڵـە و هەڵاڵــە و پێکــەنینی گیــان.. وا ئێســتا دەمــەوێ بــە فرمێسـکی ئـەو خامـە غەریبـەی کـە تـا ئێسـتە هـەر لـە خەیاڵـدا کـاری کـردووە، نامەیـەکت بـۆ بنووسـم.. دەمـەوێ چـەند وشـەیەکی بڕۆنزیـت بـە رەنگـی ئـازادی و بـە دەنگـی ئاوەدانی بۆ بنووسم.

دەمــەوێ پێــت بڵــێم: ئەگــەر بــە تــەنیا جارێــك قــەدەر هەڵتبداتــە ئـامێزم، مــن دەتخەمــە ژێــر بــارانی شــەهوەت و

هـەوەس لێدەگـەڕێم، سـەدا و نـەوای هانکـە هانـك و ناڵـە و ئـێش، زەمـین کـەڕ بکـا.. لێدەگـەڕێم چـڕنووکی قیـژەت سـینگم لەتوپـەتکا.. راسـتە چـەند مانگێکـە- سـوهای وەکـو سـەمات تەلیسـمی شـکاوە- بـەڵام ئـەوەیان بـۆ مـن هـیچ رۆڵێـك نـابینێ.. ئـەوەی کـە بـۆ مـن گرینگـە رۆژێ لـە رۆژان بگەمـە نـاو گەمـەکان و بگەمـە نـاو ئـەخز و عـەتای ئـەو بەهەشـتە سـواوە نەسـواوە.. حـەز دەکـەم وەك ئەکتـەرێکی پۆڕنـۆ دەروازەی قـوڕگم بـۆ زەمزەمـی سـوهات بخەمـە سەرپشـت و زمـان بکەمـە پاڵـەوانی سـەرەکی و ئـەویش لـە لەززەتـدا بتکـوژێ.. مەترسـە کوشـتنی مـەجازم مەبەسـتە، ئـەی مەلەکووتـە جوانەکـە.. کوشـتنێك لـەنێو ئـازار و لەززەت و ئێستەتیك و..

کـوڕم هەسـتە نـان بخـۆ.. خـۆ ئـەو پـەڕ و قەڵەمـە تێـرت ناکا؟

- ها.. بەڵێ.. بەڵی.. بەڵێ.. باشە دایە.. واهاتم.

گەڕامـەوە سـەر نووسـینی نامەکـە.. ئازیزەکـەم، ئـەی سـتوون و داڵـدە بـۆ هەڵـدانی خێـوەتی سـەفا، لێـرەوە

کۆتـایی بـەو نامەیـە سـاکار و کورتـە دێـنم، هیـوادارم تـۆش بــۆم بنووســی، بــۆ ئــەوەی زیــاتر لــە یــەکتر بگــەین و باشــتریش یــەك و دوو بناســین و بــزانین ڕەحمــی قــەدەر بەرەو کوێ ڕاپێچمان دەکا..

دووبارە ڕێز و سلاوم.

کاغەزەکـەم جـوان پێچـایەوە و خسـتمە گیرفانمـەوە، بـەرەو سـفرەی شـێو بـووم.. شـەو مـیترۆی خـەیاڵ بـەرەو چـەندەها وێسـتگەی پرسـیاری دەبـردم.. کـەی دەشـێم ئـەو نامەیـەی پێبدەم؟ دەبێ وەڵامی چیبێ؟

هــەر چــۆنێك بــوو، چــرکە چــرکی شــەوم ژمــارد، تــا ڕۆژم بەســـەر ســـینەی خـــەیاڵ و وەنـــەوزدا کـــردەوە.. بـــەیانی کاغــەزی پێچــراوم خســتە نــاو شــقارتەیەکی بــەتاڵی بــاپیرم و ڕوو لە ماڵی ڤیان کەوتمە ڕێ.

وەك بلێـــی چـــاوەڕێم بـــێ.. لەبـــەر دەرگـــا بـــە ژاکـــاوی هــەڵکورمابوو، کــە مــنی دیــت پشــکوت و گەشــبۆوە.. لێــی نزیـك کەوتمـەوە، بـە خێرایـی لـە ڕاسـت و چـەپ و بـاکور و باشـــووری کۆڵانـــە تـــەنگ و تریســـکەکەم ڕوانـــی و

شـقارتەكەم هەڵدایـە پـێش.. تـا ئاقارەكـەی كۆتـایی گـەڕەك بـــە لـــەرزین و پرســـیاری قـــوڕس و تێهـــزرینی نـــامۆوە هەنگاوەكانم نا..

ناچـــارم بـــۆ وەرگرتنـــەوەی وەڵام دەبـــێ بگەڕێمـــەوە.. كـــە هاتمـــەوە ســـەری كۆڵانەكـــە ڤیـــان لـــە هێڤیمـــدابوو. كـــە گەیشـتمە كـنی دەسـتی راسـتەی بـۆ درێـژ كـردم.. بـە هەڵپـە هـــەڵپ و شـــڵەژاوییەوە پارچـــە كاغـــەزێكم لێـــی وەرگـــرت.. مـــەترێك.. دوو.. ســـێ.. شـــەش.. پـــەنجا.. لەگـــەڵ هـــەر هـــەنگاوێك دووركەوتنـــەوە دەمویســـت هـــەنگاوێك بـــەرەو دواوە بگەڕێمـــەوە، كاغەزەكـــەی نـــاو دەســـتمم تونـــد تونـــد دەگوشـــی تـــا ئاســـتێ كـــە خـــەریكبوو ئـــاوی لـــەززەتی لێدەچۆڕا.. ئـەو كاتـەی نزیكـی ماڵـەوە بـووم.. كاغەزەكـەم كردەوە بە خەتێكی ناخۆش لێی نووسرابوو:

بسم الله الرحمن الرحیم

ڕۆژی جمعە سعات 12 وەرە مێردم لە ماڵێ نییە

خوا حافیز

رۆژی هـــەینی هەســـتێکی نـــامۆ دەیبزوانـــدم، هزرینێکـــی غـەوارە خێـوەتی پرسـیاری بەسـەر روحمـدا هەڵـدا.. ترسـێ هەســـتەکانی دەورژانـــدم.. خـــەونێ دەیجولانـــدم.. روخســـارم جارێـك گـرژ و مـۆن و جارێـك خۆشـحاڵانە دەینوانـد.. لـەو چرکەسـاتە نامۆیـە حـەزی دۆزینـەوەی تـەواوی وەڵامـەکان سەرمەستی کردبووم..

پرسـیار: ئـەو جوانـە مەلعونـە نـوێ بـوو کـە.. بـۆ نەخشـەی حـــەرامی لا لـــە جوگرافیـــای حـــەڵاڵ پیرۆزتـــرە؟ بۆچـــی مـــن بۆ ئەو کارە؟

بـە خـۆمم گـوت: توخـوا بـیر لـە شـتی پرِوپـوچ مەکـەوە، هەنـدێ لـە خـۆم تـۆرام و بـەرەو ماڵیـان رێگـام گرتـە بـەر.. لەبەر دەرگا وەستابوو..

گوتی: 20 دەقەی دی وەرەوە.

بـە کـۆڵێ پرسـیاری قـورس و گومانـەوە تـا ئاقـاری کوتـایی گـەڕەك چـووم و گەڕامـەوە.. کـە لەبـەر دەرگـای ماڵـەوەمان رۆنیشـــتم و ویســـتم بـــیر لـــەو دواخســـتنەوە بکـــەوە.. دەنگێکـــی ســـەیر کەوتـــە هەژانـــدنی مـــاڵی هـــزر و وێنـــە

سەرسوڕهێنەرەکانی زاکیرەی هەڵدایە نێو چرکەساتی ئەو دەمەوە... سەدای دەنگێ گوێچکەمی هەژاند..

((ئەی برایانی دینی، ئەی ئەوانەی باوەڕتان بەخوا و بە پێغەمبەری خواو رۆژی قیامەتە، ئەی ئەوانەی باوەڕتان بە راگری زەوی و ئاسمان و گەورەیی ئیسلام و داهێنەری ژیانە..

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد الله رب العالمين وصلى الله على سيدنا محمد و على من تبعه باحسان الى يوم الدين... برایانی موسڵمان: مەوزوعی خوتبەی ئەو جومعەیە تایبەت دەکەین بە زیناو بەو جاهیل و ئەبو جەهلانەی دەکەونە فاق و نەفەقی ئەو گوناحە گەورانە و سزاکانی ئەو گوناحە گەورەیە لای رب العالمين)).

من لە دەستی خۆم نابێ کە ئاوتۆماتیکی سواری بەلەمی زاکیرە بم و شەپۆلی بیرەوریش بەرەو مێژووییەکی رەنگین راپێچم بکا.. سەرم خستە ناو کۆشم و گەڕامەوە ناو فیلمەکانی رابردوو.. گەڕامەوە لای کڵاوە سپییەکە..

ئـەو کـڵاوە سـپییەی کـە بـاپیرم لـە مەککـەوە بـۆی هـاورد بـووم.. گەڕامـەوە لای دەمـی خۆرنشـین لـە بـەهاران.. ئـەو چرکەسـاتانەی دەنگـی الله اکـبر رایدەچـەڵەکاندم و راکـردن تـا ((مزگـەوتی سـپی)) رانەدەوەسـتام.. ئـەو دەمانـەی نوێـژی جـەماعی کۆتـایی پێـدەهات.. مـن هەسـتم دەکـرد ئێمـەین پـاکیزەترین پەپوولـەی ئـەو گەردوونـە.. هەسـتم دەکـرد ئێمـەین کلیلـی بەهەشـتمان لایـە و لادەرانـی رێـڕەوەی ئیسـلامیش رووڕەشـی دنیـاو قیامـەت.. لـەو دەمـەدا گەڕامـەوە لای حوجرەکـە، ئـەو حوجرەیـەی تێیـدا فێـری خوێندنـەوەی قورئـان و چـیرۆکی پێغەمبـەران و تەفسیر و...هتـد دەبـووم.. مـن هێشـتا هـەر لـەناو زنجـیرەی تێهـزرێن بـووم لـە خانـە خانـەکانی دڵـی یادەگـەدا، کـە بـە خێرایـی تەماشـای کاتژمێرەکـەم کـرد.. ئـۆ ئـۆ 12.30 دەقیقە.. بە پەلە پەل بەرەو ماڵی ڤیان بە ڕێ کەوتم..

لەبـەر دەرگـا وەسـتابوو.. بەچـرپە چـرپێکەوە پێـی راگەیانـدم کـە پـاش 10 دەقیقـەی دیکـە بێمـەوە.. هەمـدیس بـە کۆمـەڵێ پرسـیار و نائارامیـەوە تـا ئاقـاری کۆتایی گەڕەکەکە چووم و گەڕامەوە..

ئـــەو جارەیـــان کـــە لەســـەر شۆســـتەی بـــەر دەرگـــای ماڵـــەوە ڕۆنیشـــتم و لـــە هـــۆی دواخســـتنی دووەم جـــارەوە هـــزریم.. بـــەخۆم گـــوت: جـــا درۆ چییە بـــۆ قەحپـــە؟ بێگومـــان لـــە ئـــاو خواردنەوەش ساناترە.

دەنگـــی مـــەلاکان غەڵبـــە غـــەڵبێکی ســـازاندبوو هـــەر مەپرســـە.. وەك شـــەپۆل، تـــەوژمی وشـــەی دیـــنی لـــە فەرهـــەنگی بڵنـــدگۆی مزگەوتەکانـــەوە بـــەرەو دیـــوانی ســـەرم دەهـــاتن، خـــۆم لـــە گێلیـــدا و دەرفـــەتم وەرگـــرت و بـــەرەو ماڵیـــان کەوتمـــەوە ڕێ.. لەبـــەر دەرگـــا وەســـتابوو، لـــە هـــەردوو لای کۆڵانەکـــەی ڕوانـــی و بەزەردەخەنەیەکـــەوە گـــوتی: وەرە ژۆرێ.

منـــیش ئـــەو ئاســـا لـــە هـــەموو لاکـــانی کـــۆڵانم ڕوانـــی و خـــۆم کوتایـــە ژوورەوە.. دەرگـــای حەوشـــەی داخســـت و دانەخســـت.. مـــن پـــەلاماری ســـێوێکی بـــاخی ســـینەییمدا (ڕەنگـــە تـــا ئێســـتەیش گـــرانترین حاڵـــەتی نووســـین لای مـــن وەسف کردنی ئەو چرکە ساتە بێ).

هـەتا هەنوكـە هـەر بەتـەنیا لـە شـایی و هەڵپـەڕكێكان، دوای چـڕ كردنـەوەی هـەموو هەسـتەكان لـە هەنیشـكم، توانیمـە 0.1٪ تـام و گـەرمایی مـەمك لـە شـاری پـەڕپوت و وێرانـی زاكـیرەدا تۆمـار بكـەم.. بـەڵام بـەو ئاشـكراییە و 001٪ نـا، بـاوەڕم نـەكرد.. سـێوی بـاخی سـینەی ماسـی ئاسا لە لەپە ئەشكاویەكانم دوورخستەوە.

لێـی پرسـیم: چـیە دەرێـی نەتدیتیـە؟ لـۆ ئـەوها بەشـێتی؟ وەرە ژۆرێ.. وەرە.

بەخۆمم گوت: نەتدیتیە؟

چ پرسـیارێكی شـێت و وێـت و سـەخیفە؟ مـن بـاوەڕی ئـەوە ناكـەم كـە ئێسـتا تێیـدام.. مـن خـەونی چـەندەها ساڵەی رابـردووم ئەوەتەیـە لەسـەر دەسـتی تـۆ وەردەگێڕمـە سـەر راسـتی، مـن ئەوەتـەم لـە سـەفەر.. ئەوەتـەم لـە دنیـای دەرچـوونس.. ئەوەتـەم هـەنگاوەكانم بـەرەو دوورگـەی ژیان تێكناوە.. ژیان.. ژیان.. بەو چەمكەی من دەیزانم..

ژیـان بـەو نۆتـە خواییانـەی كـە گـۆرانی ئـازادی دێنێتـە ئافەریدە.

لێی پرسیم: ئەوە باسی چ دەکەی؟ وەرە ژۆرێ.

مـنی بـردە یـەکێك لـەو دوو ژوورەی نـاو حەوشـە کراوەکـە.. رۆنیشــت و پشــتی نــا بــە دیــوار و تــیری نیگــای ئاراســتەی گلێنــەکانم کــرد.. مــن بــێ بیرکردنــەوە و بــێ خســتنەگەڕی دینــەمۆی مێشــك دەســتی چــەپەم خســتە ســەر ران و هــی راستییەش بۆ سەری سێوی خودایی.

ڤیــان زەردەخەنەیــەکی کــرد: ئــەتو زۆر عــەجایبی.. هــەموو شتەکت بە خێرایی دەوێ.

مـن بێئاگـا لـە قسـەی ئـەو بـەردەوامبووم لـە تێکقۆپانـدن و هەلگووشــینی ئــەو نەرمایییانــەی کــە تــا ئــەو کاتــە هــەر لــە خەیاڵ و خەونەکاندا دەرکم پێکردبوون.

بـە خـۆمم گـوت: ئێسـتە مـردن بـۆ مـن حاڵـەتێکی ئاسـاییە.. ئەوە چ ئازمایش و ئاژاشکە و هەستێکە خودا..؟

ڤیــان دەســتێکی خســتە ســەر چــەنەگەم و گــوتی: هێــدی هێـدی.. بـا ئـەوەلی یەکـدی بناسـین.. دەمـەوێ بشـزانم لـۆ مەرەقت لە من دایە؟

من بەدەم توندتر گرتنی رانەکانیی و بە لێویێکی پڕ لە تەتەڵە و بە شپرزەییێکی زۆرەوە: واز لەو قسانە بێنە، دوایێ نامەت لۆ دەنووسم.. ئەو دەمە هەموو شتەکان دەزانی.

ڤیان: نا.. پێم بڵێ چت لە من دەوێ.

من هەردوو پرتەقاڵی خڕپن و سپی سینەییم بە دەستەکانم توند جووت کرد و گوتم: وازبێنە.. با سەفا بکەین..با بمرین..

ڤیان پەنجەی شەهادەی خستە سەر لێوەکانم و پێڵوەکانی داخست و گوتی: وس.. باسی مردن مەکە..

گوتم: مەبەستم مردنێکە بە جوانی رەنگ کرابێ.. مردن لە جوانییدا خەڵاتێکە خوا دەیدا، لێوەکانم لە لێوەکانی نزیك کردەوە.. نزیکتر.. نزیکترین.. لە پڕ، تەپ.. تەپ.. تەپ.. تەپ.. .... دەنگی لێدانی دەرگا رایگرتم، ڤیان هەستا.. جارێکیدی تەپ.. تەپ.. تەپ.. تەپ.... دەنگی لێدانی دەرگا ڤیانی ترساند، من هەستام، تەپ.. تەپ.. تەپ.. تەپ.. تەپ........

ڤیـــان گـــوتی: لێـــرە بمێنێـــوە.. لـــە جێـــی خـــۆت نـــەجولێی.. ئـــەوە مێردمـــە. تـــەپ.. تـــەپ.. تـــەپ.. هاوارێـــك هـــات: بكـــەوە، هـــەی قەحپـــەی كیـــژی قەحپـــە.. هـــاواریكرد.. بكـــەوە كیـــژی سەی.. ڤیان هەی قەحپەخانە دەركەی بكەوە..

ڤیـــان خـــۆی تێـــك نـــەدا.. بـــە دەنگێكـــی نـــزم و چـــرپە چـرپێكی ناسـكەوە: لێـرە بمێنـەوە، هـیچ جولەیـەك نەكـەی و خۆشـــت مەشـــێوێنە.. ماچـــێكی لـــە لێوەكـــانم كـــرد و رۆیشـــتە حەوشـــە.. دەرگـــای ئـــەو ژوورەی قفڵـــدا كـــە مـــنی تێدابوو..

بێمنەتانـــە دەرگـــای لـــە مێردەكـــەی كـــردەوە.. چـــییە كـــاك رزگار دەرێی سیقە نەمایە؟

رزگـــار بـــە روخســـارێكی ئارەقـــاوی گـــرژ و مـــۆن و بـــەدەم و زمـــانێكی پـــڕ لـــە غەڵبـــە غەڵبـــەوە: لـــۆ ناكەیـــەوە بـــێ نامووس؟ سعاتەكە لەپێش دەركە راوەستایمە.

ڤیـــان دەســـتێكی بـــە پرچـــی داهێنـــاو بـــە نەرمیـــەوە: نووستبووم.

مـن وام لـه كـەلێنی تەسـك و تـەنگی پـەردە و دیـوارەوە، لـەو دیالۆگـــە ســـەیرەوە دەڕوانم و لـــەخۆم دەپرســـم: دەبـــێ چـارەنووس چ بڕیــارێكی دابــێ؟ لـــەوە دەچــێ ئـــەو رۆژە شووشـــەی گلاســـی حـــەیا ورد و خـــاش بـــێ و واری شـــەرەف داڕمێ و شۆڕشی هەڵچوی ناخیش بۆ تا ئەبەد دامرکێ..

مـــن وام لـــە كـــەلێنی پـــەردە و دیـــوارەوە، لـــەو گفتوگۆیـــە ئاگرینـــەوە دەڕوانم.. رزگـــار كـــەمێ هاتـــە پێشـــەوە.. وەك ئـــەوە وابـــوو بـــۆنی پیـــاوی كردبـــێ.. ئێمـــە تـــەنیا جـــامی پەنجـــەرەییێكمان نێـــوان بـــوو، ئـــەو ســـەرێكی ژووری مێوانیـــدا.. چـــووە ژێـــر قاڵدرمەكـــە، دەرگـــای حەمامەكـــەی كـــردەوە و كـــۆنترۆڵێكی ئاودەســـتی كـــرد و گەڕایـــەوە حەوشـــەكە.. مـــن دەســـتەكانم تونـــد خـــڕ كردبـــوو، بێـــت لێیدەدەم و رادەكەم.. لێدان؟ ئێ خۆ دەمناسێ، چبكەم؟

ناچـار بـــووم خـــۆم وەڵامـــی خـــۆم بدەمـــەوە، باشـــە پێـــی دەڵـێم: وەرە بـا سـوڵح بكـەین.. رایدەكێشـمە سـەر مێـزی مفـاوەزات.. لـەو هەڵوێسـتە ترسـناكەدا خـەریكبوو بـەو بیركردنـەوەی خـۆم پێبكـەنم.. بـەس چـبكەم؟ بـیر لەچـی بكەمەوە؟

**مـــن هـــەر وام لـــە كـــەلێنی پـــەردە و دیـــوارە، لـــەو دیالۆگـــە ئاگراوییە دەڕوانم..**

**رزگـار گـوتی: بـە پەلـە هـەتا سـەر جـادە دەچـم و دێمـەوە.. هـــەنگاوەكانی بـــەرەو دەرەوە نـــا و ڤیـــانیش دەرگاكـــەی بەدوای داخست و هاتەوە لای من.**

**مـــن زوو پـــەلاماری ســـینەیم دا و بـــە شـــڵەژاوییەوە: خـــەریكبوو بـــە فـــەتارەتم دەی.. دەبوایـــە ئـــەو سەركێشـــییە بـە مـن نەكـەی.. لـۆ گۆتـت وەرە ژۆرێ كـە دەتزانـی رزگـار لێرەیە؟**

**- ئـاخر ترسـام نێیـەوە.. ئەگـەرنا دەمزانـی رزگـار دێتـەوە.. وەخـتی چـوو، گـۆتی هـەتا مـاری قارەمـانی بـرام دەچـم و دێمەوە.**

**- كـە دەتزانـی ئـەو شـەڕە شـەق و سەركێشـییەت لـۆ بـە مـن كرد؟**

**- هێشـتا چـت دیتیـە؟ خۆشەویسـتی ئەوهایـە پـڕە لـە تـرس و لەرز، هەندە جار كوشتنیشی تێدایە..**

- زووووبە..

- چت دەوێ؟

- هەر چییەك بێ!

زوو دۆشەكێكی سەر كەنتۆڕەكەم هێنایە خوار و كەوتمە نێو دنیای شتە نەبینراوەكان.. خەریكبوو بمرم..

دواتر نەختێ چوومە نێو پرۆڤەی مردن و هێدی هێدی زیندوو بوومەوە كە بە تەواوی لەو خەوی بێهۆشییە رابووم.. دیتم من لە دەرەوەی بازنەم، بە هەردوو دەست توند توند سەرمم گرت و بە رووخسارێكی گرژ و مۆن:

دەی باشە گیانەكەم دەڕۆم.. هەتا جارێكی دیكە..

ئەو چوو كۆنترۆڵی بەردەرگای كرد، منیش بە هەڵپە هەڵپێكەوە خۆم خستە باوەشی ئەو كۆڵانەی كە تا ئەبەد لەناو زاكیرەدا حەفر كراوە.. هەنگاوەكانم لەگەڵ رێڕەوی ناو كۆڵانەكە وا جووت كرد كە یەكێك بزانێ من وام لە ئاقاری كۆتایی گەڕەكەكە بەرەو ماڵ دەبمەوە.

مــن بڕیــار دەدەم ئیــدی سەرکێشــی و ئــەو هــەموو هــەڵزنان و دابەزینــەی روح نەکەمــە پێڕەوێــك بــۆ دەســتەبەرکردنی خەونــەکانم.. تــازە بڕیــار دەدەم نەچـمە راوێـك کـە پـڕ بـێ لـە تەڵـە و چـاڵی قـووڵ.. حـەز ناکـەم بـە پێـدزکێوە سـەفەر بــەرەو ئاوەدانییــە بەهەشــتاوییەکان بکــەم.. مــن هێشــتا هـەر لـەو بازنەیـەدام کـە لـە مـەرگ دەچـێ.. مـن هێشـتا هـەر لــەو کایــە دڵڕەقانــەی گریانــدام کــە بــۆ هەمیشــەیی فرمێسکی نامۆیی لێدەدورمەوە..

بــــەخۆمم گــــوت: هەشبەســــەر چــــابوو بــــە دەردی گۆرانیبێژەکــە نەچــووی.. ئەگــەر رزگــار لــە ژوورەوەی بـدیتبای و کلیلـی دەرگاکـەی بردبـوا و پـاش کـەمێ خـۆیی و سـێ چـوار لـۆتی وەك قـادۆ زەنگـەزۆرە و عەبـد کێشـکە و کـەریم سەرسـەری بهێنـابوا و وێنـەی کلـۆ تێـی بـەردابووای چت دەکرد؟

بـاش.. بـاش.. مـن ئێسـتاش گـوتم: تۆبـە.. هیچـیدی گەمـە بـە ئـاگر ناکـەم، ژن وەك خـۆر وایـە لێـی نزیـك بکەویتـەوە دەتســوتێنێ، دەی بــا لــەناو تەنیایــدا بمــرم هــەزارانجار باشترە..

بەلام چی لە ڤیان بکەم؟.. ئا تەواو، دەیدەمە ئەو مامە سەرسەریەم، کە هەموو دەم بەدوای راوی ژن لەسەرکێشیدایە.. گوێم لێبوو دەیانگوت: شەوانە تەنەکەی زبڵ دەخاتە ژێر پێی تا ئاودیو بێتە ماڵی بێوەژنان.. یان جارێکیان ڤالیۆمی دابووە خێزانێك بە کاملی تا کچە چواردە ساڵییەکەیان بۆ تاوێ بخاتە ئامێز.. بە خۆی بۆی گێڕامەوە کە چۆن وێسکی خستوتە سەر سینەی ژنێکی دایکی پێنج منداڵ.. ئاگاشم لێبوو کە بۆ ئەوینێکی راستەقینە بە مست حەبی سۆمەدرینی لێدەدا و سیکۆتینی دەخوارد و بە کیلۆ دووکەڵی جگەرەی بەغدای دەخستە نێو سییەکانی، خۆ ئەگەر پارەشی هەبێ ئەوا لە خواردنەوە بێزار نابێ و ((شیڤاز))یش نەبێ ناخواتەوە.

ئێوارەکەی تووشی یەك هاتین، ئەو کەمێ مەست بوو یەکڕاست بە بزەیەکەوە: ها خۆڕی کوی؟

- باشم.. ڤیان دەناسی؟ دوێنێ چوومە لای، دەدا، لۆخۆت برۆ لەگەڵی بکە.. لێکدابڕاین.

لێــرەوە مــن پــەیمان بــە خــۆم دەدەم ئیــدی ئــەو کۆڵانــە نەبینمــەوە.. پــەیمان بــە خــۆم دەدەم چــیدی بــەناو پانتاییــەکانی گــەڕەکی بازنــە پەرتــەوازە نــەبم.. مــن بڕیــار دەدەم ئیــدی لــەناو دۆزەخــی بازنــەدا ســەمای ئــاگرینی روح بنووسمــەوە.. لێــرەوە بڕیــار دەدەم بــۆ خوێنــدن نەچــمە ســەربانە ســتارە نەویەکــە، بــۆ موچــڕکێکش لــەو حەوشــەیە بــێ دار و درەخــت و ئاسمانــە، لــە کــەلێنی ئــەو دەروازەی ترســە، لــە ژنــە پــیس و پۆخڵــەکانی ئێــوارانی بــەر دەرگاکــانی گەڕەکــەوە نــاڕوانم.. دەرکــەی ژۆرە دۆزەخییــە ئارامەکــە تونــد تونــد دادەخــەم.. هەوڵــدەدەم مــۆمی گوێچــکەکان بتــەمرێنم، نــەبادا هانکــە هــانکی هەناســەی بێوەژنــە شــەریف و جوانــەکان کاســیان بکــەن.. ئیــدی ڕێگــا دەگرم، لە سەفەری حەرامدۆستی سۆما.

دوای ئــەو هــەموو پــەیمان و رامــان و رۆچــوونە، دەبــێ ئێســتە ئاسمــانی هــزر و زەمــینی نەســتیی هێــدی هێــدی دوور بکەوێتــەوە لــە گروپــی ئــەو پەلــە هەورانــەی کــە دەمگوازنــەوە ســنووری ئــەودیو گــێتی بازنــە.. چــار چــییە؟

دەبــێ دوور بکەومــەوە لــە هەڵــدانی کتێــب و لــە هەڵــدانی عورف و لە هەڵدانی هەموو ڕێساکانی عەبەس..

زەمــەنێکم لــە تەمــەن هــەروا بــە سانایيدا بــە -بــا-.. ڕۆژگــار دێ و دەچــێ، منــیش هــەر پەیوەســتبووم بــەو پەیمانــەی کــە بــەخۆمم دابــوو.. خــەریکبوو لــە تەنیاییــدا دوو لــەت دەبــووم، هــەر بــۆ ئــەوەی کــەمێ خــۆم لــەو دنیــا ناشــیرینەی واقیــع بدۆزمــەوە.. ئێــواران خــۆم دەخزانــدە یــەکێ لــە یانــەکان تــا هــەر هــیچ نــەبێ کــەمێ کــات لــەناو فــەنتازیا جوانــەکانی ئومێــد بەســەر ببــەم.. ئــەو ئێوارەیــە دوای مەستییێکی بێستوور گەڕامەوە ژوورەکەم..

وەك گــوتم ئــەو ئێوارەیــە بــە مەســتی و کپــی لــە ژوورێکــی بــە زۆر متکــراو، خــەریکی خوێندنــەوەی ویســتە سوریالییەکانی گیــان دەبم.. مــن ئێســتا دەمــەوێ روحــی شــەقار شــەقاربووی خــۆم بخوێنمــەوە.. حــەز دەکــەم ئــەو هەگبەی خەون و مەراقە ڕاپێچی دنیای شیعرێك بکەم..

لــە خــۆم دەپرســم: بۆچــی خولیــای نووســینی شــیعرێك بــەو شــێوەیە هەســتەکانم ئــازار دەدا؟ لەبــەر خــۆم دەدوێــم..

کاغـــەزێك ڕەشـــدەکەمەوە و یـــەکێ فڕێـــدەدەم.. چـــەندە هەوڵـدەدەم نـاتوانم ئـەوە بنووسـم کـە دەمـەوێ بینووسـم.. مـن لـە نێـو ژانـی ڕوانـی شـیعرێك، دڵتـەنگییێکی سـەرخۆش شێتم دەکا..

هاوارم کرد: ئەی خودا دەستێکت درێژکە..

لــەو چرکەســاتە زەنگــی تەلــەفۆن ڕایچــڵەکاندم.. جارێــك.. دوو.. خۆم گەیاندە تەلەفۆنەکە:

-هەلۆ

کەس وەڵامی نەدامەوە.

- بەڵێ.. فەرموو..

کەس وەڵامی نەدامەوە

گـوتم: پـێم باشـە قسـە بکـەی.. چـونکە لـەو ئێـوارە تـاك و تــەرا و تەنیایــە هــەر بــە تــەنیا گۆڕینــەوەی پــەژمووردەیی و غـەمی قـووڵ و ژانـی قووڵـە دەتـوانێ ئـارامیی ببەخشـێتە دڵ و دەروون و ڕۆح..

کەس وەڵامی نەدامەوە.

لەبەر مەستی من زمانم تەواو بە گرانی کاری خۆی دەگێڕا.. لەگەڵ ئەوەش بەردەوام بووم لە قسەکردن:

بدوێ..؟ گرنگ نییە چ بستە خاکێك تۆی هێناوەتە وجود.. گرنگ نییە تۆ کێیت و لەکوێوە هاتویت و رووگەی رووت روو لە کوێیە.. گرنگ نییە، هیچ شتێك گرنگ نییە.. من دەمەوێ هەر بە تەنیا ئەندێشە و فرمێسك و حیرمانی پەنگخواردووی دڵ و دەروونمت بۆ باس بکەم.. ئایا دەزانی من لەو ئاگرستانی تەمەنەدا چەند مەست و سەرخۆشم؟ دە بدوێ با گوێم لە نەسیمی هەناسەت بێ.. دە بدوێ ئەی فریشتەی داڵدە..

کەس وەڵامی نەدامەوە.

پێم گوت: مەدوێ، نەدوانت ئازارم نادا..قەینا مەدوێ.. ئێستا تۆ گوێ دەگریت و منیش وشەی رەنگاوڕەنگت بۆ هەڵدەدەم، منیش ئەو مۆرفیمە رەنگاوڕەنگ و سەرخۆشانەت بۆ هەڵدەدەم کە وەك ئاوی رژاوی نێو لم توانستی گەڕانەوەی نێو گلاسی دەومیان نییە، من ئالای

رووکەشی و ئالآی سەڕاحەت و ئالآی گلەییەکانی نێو دروونمت بۆ هەڵدەدەم. من بەوە راهاتووم، لە بولێڵە فێنکەکاندا، گرێی نهێنییەکانی رۆح بە خوێندنەوەی شیعرێك کەمێ شل بکەمەوە و تۆڕی هەوەس و مەراقەکانیش بە شیعر هەڵدەوەشێنمەوە؟ حەز دەکەی شیعرێکی ئاڵ و والآی فێنك و سیحراوی و ناسك و بەختیار و کامەرانت بۆ بخوێنمەوە؟ مەدوێ، نەدوانت ئازارم نادا.. بەڵام گوێبگرە.. لە رەزمی غەمناکی ئەو حاڵەتی زیکرە، گوێبگرە لەو زمانەی کە بە وێنەی فلچەیەکی سیحراوی کەڤاڵی ژیان و خوا و مردن و ئێستەتیك دەنەخشێنی.. گوێبگرە لەو شیعرەی ((سەڕاج)):

بوەستە بەرامبەر پەیکەڕێ

کە هێشتا

رووخساری سەردەمی منالّی دەلەرزێ

لەم شەوە کپ و بێدەنگەدا

نیگاکە.. پەرییان

لە رازی پڕشەنگ و خەرمانی خودایی تێناگەن

تێڕامێ بەر لەوەی تەلیسمی

ئەو گڕ و ئافاتە لە کیس چێ

قەیماغی گەردن و ئاڵتونی

ئەو قژە بنۆشە

کێ دەڵێ:

سەحەرێك لە هیکرا

ئێوارەیەك لە نکاو

خێوەتی وجودت تێکنانێی

بێ چپە!؟

ماڵئاوا ئەی خودە جوانەکان

ئەی خودە دژوون و بەدەکان.

گرنــك نییــە بــدوێی یــان نــا.. كێشــەیەك نییــە.. بــەڵام دڵنیابــە تــۆش ڕۆژێ لــە ڕۆژان ئێوارەیــەك لــە ناكــاو.. یــان ســەحەرێك لــە هیكــڕا بــێ چــپە خێــوەتی وجــودت تێــك دەنێیت و ماڵئاوا لە هەموو شتێ دەكەیت.

دڵنیابــە زەمــەن ڕێنــادا مۆمیابەخشــی جەســتەت لــەو مۆزەخانــەی وجــودە تۆمــار بكــەیت.. تــۆ و مــن و ئــەو و ئێمــە و ئێــوە و هــەمووومان.. ئــا بــەڵێ هــەمووومان دەبینــە بیرەوەرییێكــی بێــدەنگ لــە هەناســەی كــورتی مێــژوودا.. دە هەڵدە هەموو نهێنییە جوانەكانی ڕۆحی ناسكت هەڵدە..

هەندێ بێدەنگ مام.. كەس وەڵامی نەدامەوە.

مــن دەنگــی مــوزیكم بــەرز كــرد، گۆرانیبێــژێك بــە هــاوارێكی پڕ لە هەست خەریكبوو هێڵی تەلەفۆنەكە بپچڕێنی..

گــوێم لــە دەنگێــك بــوو بــە نــەرمی و ناســكیەوە گــوتی: ئــەڵڵا تووخوا لێیگەڕێ.

مــن خەندەیــەك بــە ســینەی شــەپۆلی پرســیارە كپبــووە، پڕووكاوەكــانم هــەڵژنا.. ئاســۆییێ خــۆی كــردە هــەتوان و

هاتــە نێــو تاریکــایی بێتاقەتییــەکانم.. ئۆخەیــەکم هەڵمــژی و سوپاســی خــوام کــرد، کــە لــە کۆتایــدا ئــەو هــەموو دوان و قسە کردنەم بە فیڕۆ و بە خۆڕایی نەچوو.

لێم پرسی: خۆشبوو..؟

گوتی: زۆر.

گوتم: باش بوو قسەت کرد.

گوتی: قسەکانت خۆشبوون.. ئەگەرنا قەپاتم دەکرد.

لێم پرسی: ژمارە تەلەفۆنی منت لە کوێ هێناوە؟

گوتی: لای شانس..

گوتم: ناوت چییە؟

گوتی: خەندە..

گــــوتم: دەنگــــت خەندەیــــە.. هیــــوادارم ئایندەشــــت خەندەیەکی ئەفسووناوی بێت.

زۆر بە نەرمییەوە گوتی: هیوادارم.

گوتم: ژمارەی تەلەفۆنتم بدێ.

گوتی: ناوێرم.. دوایێ خۆ هێشتا ناشتناسم.

پـێم گـوت: ئـەی لـە تـەنیاییێکی ئێسـتا ئاسـا، کـێ یـان چ بکەمـە دالـدە بـۆ رێگـرتن لـە هەرەسـی شـاخی سـەهۆلاوی گیان و دڵ؟

گــوتی: بــۆ وا شــاعیرانە دەدوێــی؟ دەتــەوێ بــەو زمانــە نێچیروانە تێنووە دەستەمۆم کەیت؟

گــوتم: نــا.. بــەلاّم هەســت دەکــەم لەمێــژە دەتناســم و خۆشمدەوێی.

گوتی: بۆ وا زوو.. خۆ هێشتا نەتناسیوم!؟

گــوتم: ببــوورە، مــن هــەموو ژنێکــی ئــەو دنیایــەم خۆشدەوێ..

دەمویســت هێشــتا لــە دۆڵێکــی قــووڵتری رۆحــەوە وشــەی رەنگــاوڕەنگ و نهــێنی رەنگــاوڕەنگ و خــەمی رەنگــاوڕەنگ و ســۆزی رەنگــاوڕەنگی بــۆ هەڵــدەم، کەچــی غەڵبــە غــەڵبێك

کەوتــە نێــو هێڵــی تەلەفۆنەکــە و پەیوەندییەکــە پچــڕا.. کــەمێ بێــدەنگ بــووم.. هەنــدێ هــزریم.. خێراتــر لــە بروسکە لـە دورگـەی نەستەوە، پەڕیمـەوە جیهـانی واقیـع.. ئیــدی مــن ترســێك شــاڵاوی بــۆ هێنــام.. زەڵــەوزەنای پرسیارێکی ئەرژەنگ ئامێزی بۆم باز کرد..

بـە سەرسـوڕمانیەوە لـە خـۆمم پرسـی: دەبـێ لـەو رسـتەیە پڕوپوچـە زویـر نـەبووبێ؟ "هـەموو ژنێکـی ئـەو دنیایـەم خۆشـدەوێ" بـەخوا بێعـەقڵم، کـێ بـەو شـێوەیە دەدوێ؟ مـن لـەنێو تـۆڕێ پرسی ترسـەوە بـووم کـە زەنگـی تەلـەفۆن بە ئاگای هێنامەوە..

- بەڵێ.. فەرموو..

یـەکێك بـە دەنگێکـی لـەرزۆکی ترسـناکەوە گـوتی: چـۆنی، خەندەمە، برام هاتەوە، دواتر پەیوەندیت پێوە دەکەم.

زۆر جـاران کـە لافـاوی هەڵچـوی جەنگـەڵی نـاخ هێرشـم بـۆ دێــنێ، یــان تەنیاییــەکان دەبنــە گــەواڵ گــەواڵی هــەوری قــەترانیی و دەبنــە ئاسمــانی مــارس بــۆ ئەســرین و خەونــەکانیش بێکــەس و گۆشــەگیر و بــێ پــەنا و داڵــدە

رادەکشێن.. من هزرین لە خەندە و ریتمی دەنگە نەرمە تێنووەکەی زێتر دەمپڕووکێنێ.. گەر ئەو شەوە پەیوەندی بکا، پێی دەڵێم: دەمەوێ بت بینم، دەمەوێ لەپەکانمت بۆ بکەم بە ئاسمانی یاقوت.. دەمەوێ بمخەیتە ژێر هەوری حەزەکانت و بە دووشی زەمزەمی ئیروتێك و رۆمانسییەت بمشۆیتەوە.

ئەو شەوە پەیوەندی بکا، پێی دەڵێم: خەندە گیان، لێدەگەڕێم پەنجەکانت لە قژی هەستەکانم لوولدەیت و لەناو بازنەیێ ئاگری لەززەت و ئازار فاتیحەی سەفام بۆ بخوێنی..

پێیدەڵێم: باجەکەی هەرچییەکبێ من حەزمە وەك رەگ و خاك و لاولاوە لێك بئاڵێین.. من ئێستا حەز دەکەم ئاوێتەی گیانی یەکتر بین.

شەو هات.. من بە خەوندۆستی و مەراقدۆستی گەڕامەوە ماڵ.. زەنگ لێدرا...

پێم گوت: حەزمە بەدیدارت شادبم.

**گوتی: منیش.**

**گـــوتم: رەنگـــە دیـــتن بـــە تـــەنیا نـــەتوانێ ئـــەو رووبـــاری تێنوویەتییە بشکێنی**

**گـــوتی: ئـــــەو ســــنووری بیابانـــــە دەبـــــەزێنین.. تەماشـــــاکە منیش فێری رەوانبێژیی بوویمە.**

**گـــوتم : دەتـــەوێ لـــە تەلـــەفۆن کـــەش و ئەتمۆســـفێرێك بـــۆ ئیرۆتیـــــك و لـــــەززەت و ئـــــارامی دڵ و دەروون و گیـــــان بخولقێنین؟**

**گوتی: ئەوە مانای چییە؟**

**مـــن هێشـــتا بـــەدەم روونکردنـــەوەی ئـــەو رســـتەی ســـەرەوە بـــووم، کـــە خـــۆم دیـــت وام لـــەنێو تەکیـــەی حـــاڵ و لـــەززەت و کـــوفر.. وەك دەروێشـــکی رەقسدۆســـت لـــە هـــاژە و هـــەژانی جەســـــتە و روح زیکـــــر دەکـــــەم.. دەنگـــــی دەڤ گیـــــان خـــەریکبوو دەگەیشـــتە ئاســـمـان، مـــن وام لـــە حـــاڵ و ئیلحـــاد.. ســـەما بـــۆ روح و ســـامبا بـــۆ جەســـتە لـــە رووپـــەڕی ئـــەو شـــەوە کپـــەدا دەنووسمـــەوە.. ئێســـتە مـــن ئـــاه و ئـــۆف و هانکـــە**

هانـــك و هەڵچـــون و ڕۆچـــونم بومەلـــەرزەی کایـــەکانی دڵ و دەروونە.

کـە لـە هیکـرِا شـەپۆلەکانی ئـەو دەریـای شـڵەژان و زیکـری ناو ئەو خانەقایە خاو بۆوە و دامرکا..

ئـەو بـە بزەیـەکی سەرسـوڕهێنەرەوە گـوتی: تـەواو؟ هـا خەڵاس؟

مـن بـە شـەرمێکەوە: هـا.. چییە؟ ئـا.. حەزدەکـەی بمبـینی؟ یان باشتر وایە بڵێم کەنگی یەکدی ببینین؟

- شەوی پێنج شەممە پەیوەندیت پێوە دەکەم.

- بـەڵام بـە ژمـارە تەلـەفۆنی 22602 چـونکە لـە ماڵـەوە نیم.

شـەوی پێنجشـەممە لەسـەر هـەینی هەوەسـی مەسـتی تـا ترۆپـك هـەڵزنابوو تـا ئـەو رۆژەی بیسـت و شـەش رۆژی رەمـەزان تێپـەڕیبوو، ئێمـەیش فـڕێ کحـول مەسـتی نـەکردبووین، چـەند رۆژێ بـەر لـە ئێسـتا بـەڵێنی دانیشـتنمان دابـوو.. شـەوی پێنجشـەم لەسـەر هـەینی

وابـــزانم شـــەوی لەیەلەتولقـــەدر بـــوو.. شـــەوی دابـــەزینی فریشـــتە و روحـــەكان شـــەوی ســـڕینەوەی گونـــاح و شـــەوێك كـــە پانتـــایی تۆمـــاركردنی خێـــر تێیـــدا زیـــاترە لـــە هـــەزار مانگ..

لـەو شـەوە پـیرۆزەدا لـە كـونجێكی شارۆچـكەی - عـەینكاوە- لـــە مـــاڵێكی تایبـــەت بـــە ئێمـــە، دامانكووتـــا.. لـــەو شـــەوە پـــــیرۆزەدا كحـــــول ئاتەشـــــگای پڕوكانـــــدنی جەســـــتە تێنووەكانمـــان بـــوو.. ئێمـــە یـــەكترمان دەخـــواردەوە، بـــەدەم هەڵـدانی پێـك ماچـی مەحەببـەت و ڤـین و بەختـەوەریمان دەگۆڕییەوە.

ئـەو كاتـەی ((هـورمز))- كـە كـوڕە مەسـیحییێكی رەقەڵـە و لاواز و روومـــەت تێكقۆپـــاوی پـــرچ درێـــژ بـــوو- پێكـــی ئـــەو عەرەقـــەی بڵنـــد كـــرد كـــە خـــۆی دروســـتی كردبـــوو، ((رەوەنـد))ی هاوڕێمـان هـاواری كـرد: لـە سـحەتی دەسـت و پەنجـە زێڕینەكـەت.. لـە سـحەتی ئـەو هـەموو خێـرەی كـە رۆژانـــە بـــە نرخێكـــی هـــەرزان پێشكێشـــی نـــامورادان و بێـــدارانی دەكـــەیت.. لـــە ســـحەتی ئـــەو كارگـــە جوانـــەی عەرەق و ئەو وەستایە عاقڵە.

دوای ئـەوەی کـە پێکـی یەکـەم فڕکـرا، بـۆ پێکـی دووەم ئـەو جارەیـان ((یووسـف حـەننا))- ئـەویش برادەرێکـی تـری عـەینکاوەیی بـوو- کـە پێکـە عەرەقەکـەی دەسـتی بـەرز کـردەوە رێهـات بـە دەنگێکـی سـەرخۆش گاسـی کـرد: لـە سـحەتی مەسـیح.. ئـا مەسـیح تەماشـایێکی ناوەڕاسـتی گڵاسـە فوولەکـەی نـاو دەسـتی کـرد.. بەڕاسـتی مەسـیح.. مەسـیحی پـیرۆز.. ئـەو مەسـیحەی لـە سـەبەتەیەکی بچـووك نـانی گـەلێکی دەدا.. ئـەو مەسـیحەی کـوێری بـە پەنجـە پیرۆزەکـانی چـاك دەکـردەوە و بـە دوعـایێ لافـاوی رادەگـرت و کڕنۆشیشـی بـۆ خـودای مـەزن دەبـرد لەوانـە ببورێ کە لە خاچی دەدەن..

بەرلـە فڕکردنـی ئـەو پێکـە، ((هـورمز)) لەبـەر خۆییـەوە: ئەدی بە رەحمەتبێ مەسیح دکتۆرێکی زۆر چاك بوو..

پێکەکـەی بڵنـد کـرد و هـەموومان بەیـەك دەنـگ لـە سحەتی خاچ، لە سحەتی ئەو شەوە جوانەی عەینکاوە.

پێکی دووەم.. سێیەم.. چوارەم...

مەستی خۆی کردە بەهەشتێك لەو بستە خاکەی ڤیانە.. ئێمە روحی یەکترمان دەدایە بەر شنەبای ئێستێتیك.

راستیی و رۆشەنی دڵمان بۆ یەك دەخستە نێو رووپەڕی خوێندنەوە..من بە هێوری لە گۆشەیێکی باخچە جوانە پڕ لە گوڵەکە وەستابووم، لە قووڵای کەڤاڵی ئەستێرە و ئاسمان رامابووم، رێهات قورسایی باسکەکانی خستە سەر شانم و بەسەر خۆشییەوە: ها کوڕم بیرلە چ دەکەیەوە؟

بە ((هیچ)) وەڵامیم دایەوە.

گوتی: هیچ.. هیچ.. بابەتێکی گرنگە.. جا کوڕم کێ هەیە بتوانێ بەو شێوەی تۆ بیر لە هیچ بکاتەوە.. هیچ گرنگترین تێمەیە کە لە تەمەنی ئێمەدا بتوانی بیری لێ بکەیتەوە..

گوتم: دەتەوێ محازەرە بدەی؟ رێهات سووڕ بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێ بێتە ناو بیرکردنە و فەنتازیاکانم.. هەمدیس و هەمدیس پرسیارەکەی دووبارە و چەند بارە دەکردەوە، بۆ دوایین جار گوتی: سوێندم بەو پێکەی دەستت، پێم بڵێی بیر لە چی دەکەیتەوە.

ئـــــەو کاتـــــە مـــــن ناچـــاربووم وێنـــــەی ئەندێشـــــە و فـەنتازیاکانمی بـۆ بخەمـە بەرچـاو.. دەسـتێکم خسـتە سـەر شـانیی و فـڕێکم لـە پێکەکـەدا و گـوتم: بـیر لـە هـیچ ناکەمەوە.

ڕێهات: بەشـەرەفم دەبـی پـێم بڕێـی.. بـیر لـە چ دەکەیـەوە.. خـۆ قـاتی لـەو بەڕەڵایـە ناکەیـەوە.. نـاوی چـییە؟ ئـا خەندە..

گوتم: نا کاکە.. بە کورتی دەزانی بیر لە چ دەکەمەوە؟

گوتی: لە چ؟

گوتم: لە هیچ.

گوتی: خۆت بێتام مەکە پێم بڕێ

گـوتم: چـەند سـاڵێك بـەر لـە ئێسـتا.. لـە شـەوێکی ڕەمـەزانی وەك ئـەو شـەوە زۆرم لـە دایـك و بـاوکم کـرد ڕێگامبـدەن بچـم لەیلەتوقـەدر لـە مزگـەفت بکـەم. ئـەو کاتـە تەمـەنم نزیکـەی شـەش حـەفت سـاڵان بـوو.. کەچـی ڕێگایـان نـەدام.. ئەوەنـدەی گریـام و ئەوەنـدەی هەوڵمـدا، بێسـوود بـوو.. لـە

کۆتایی بڕیارمدا بە دزییەوە بچم.. کە بابم بەوەی زانی ئیدی لە مزگەوتەوە بەشەق گەڕاندمییەوە ماڵ.

ڕێهات: ئەوجا بە ئیمانت ئەوە مەوزوعە خۆتی پێ خەریك بکەی..؟

- دەزانی چیم هاتۆتە بیر؟

- نازانم

- ئەو شەوەی کە باوکم لێنەگەڕا بچمە مزگەفت.

- ئێ چ ڕوویداوە لەو شەوەی کە باوکت لێنەگەڕا بچیتە مزگەوت؟

- لەو شەوەدا کۆمەڵێك ئەمن و پیاوی بەعس ڕوو دەکەنە مزگەوت بۆ دەستگیرکردنی مامۆستا عیماد کە گوایە گرووپێکی سیاسی لە مزگەوت دروستکردووە، هەموو شوێنەکانیان بە دوایدا پشکنی بوو، کەچی نەیاندۆزیبۆوە، تا لە کۆتاییدا دەچن دەرگای حوجرەکە دەشکێنن و دەبینن، فەرهەنگ (کە یەکێ بوو لە

فـەقێکانی) بـە رووتـی لـە ئـامێز گرتـووە و خـەریکی مـاچ و مژینیەتی..

- مناسەبە چییە، ئەوەت هاتۆتەوە بیر؟

- دوو مناسـەبە هەیـە، یەکـەمیان: ئـەو شـەو وەك ئـەو کاتـە لەیلەتولقـــەدرە. دووەمیشـــیان: دەمـــەوێ ئەوشـــۆ رۆڵـــی مامۆســـتا عیمـــاد ببیـــنم و تـــۆش ببیـــت بـــە فەرهـــەنگ و راپێچی حوجرەت بکەم.

- دەی، منیش حەزدەکەم..

لەو دەمە زەنگی تەلەفۆن سەرنجی راکێشام.

من بەپەلە پەلێکەوە پەلاماری تەلەفۆنەکەمدا و: بەڵێ

دەنگێکی نەرم: مەرحەبا..

ئـاهێکم هەڵکێشـاو گـوتم: گیـانی مـن.. چـاکبوو نەتهێشـت زیاتـر چاوەڕێبم..

خەندە: پەیمان بدەم دەیگەیەنمە سەر.

گوتم: ئامادەی بۆ بەیانی؟

گوتی: غەریبیم دەکەی

گوتم: زۆر

یەك هێڵی تەلەفۆن هەبوو بەلاّم بە دوو ئامێری تەلەفۆن، لە تەلەفۆنەکەی ئەودیو پڕمەی پێکەنین قسەی پێ بڕین..

گوتم: یەك دەقە گیان، ئێستا دێمەوە.

کە چوومە ژووری میوان دەبینم هەموویان بەدیار تەلەفۆن بازنەیان گرتوە و دەیانەوێ گوێبیستمان بن.

گوتم: کەر لە ئەژدادتان با.. دایخەن..

گەڕامەوە ژووری نووستن و بە خەندەم گوت: گوڵەکەی من کە سبەی هاتی بە درێژی قسە دەکەین.. ئێستا ئومێدی شەوێکی شادت بۆ دەخوازم، هیوادارم خەونی شیرین ببینیت، دیارە برادەران رێنادەن بە ئازادی قسە بکەین.

گوتی: باشە، بەیانی لەبەرامبەر خەستەخانە چاوەڕێتم.. شەوێکی شاد و ئاگاداری خۆشت بە، زیاتر نەخۆیتەوە..

رۆژی هەینی.

بەیانییەکەی من بە دووچاوی خوێن تێزاوە، هیلاك و خومار، بەسەر و سیماییێکی تورە و غەمگینەوە.. سواری تاکسیەك بووم: کاکە هەتا لای نەخۆشخانەی لە دایکبوونم ببە.

کە لەبەرامبەر نەخۆشخانەی لە دایکبوون دابەزیم، تەماشاییێکی هەموو لاکانم کرد، کەسێکم بەدی نەکرد بێجگە لەو چەند ئۆتۆمبێلەی کە یەکێکیان دارەبازەیەکی بەسەرەوە بوو، هەندێ پیاوی دەمامکدار بە چواردەوری دارەبازەکە سەریان دانواندبوو.. شین و شەپۆرە و فیغانیش باڵی بەسەر ئەو ناوچەیەدا کێشابوو، کە ئەوان تیپەڕین یەکڕاست نیگام کەوتە سەر باڵەخانەی نەخۆشخانەی منداڵبوون، لەبەرخۆمەوە: لە دایکبوون و مردن..

مـــردن و لـــه دایکبـــوون.. هاوکێشـــەیەکی شـــەختەبەندی بێتەفسیر و سەمەرەیە!

ژنێـــك زنجـــیرەی بیرکردنـــەوەی پـــێ پچـــڕاندم.. کـــەمێ لێوەکـــانم بزوانـــد و زۆر زۆر بەنزمیـــەوە: وەرە ئەســـپەژن، سەرشـــێتانە لێـــیم روانـــی تـــا لچـــێکی لـــێم هـــەڵێناو بـــە هەڵچـــوون و قیـــژە قیژێکـــەوە: چـــییە خـــوێڕی لـــۆ ئـــەوها تەماشـــام دەکـــەی؟ دەرێـــی وەحشـــیی، چـــییە دەمناســـی دەتناسم...؟

مـــن ســـەرم شـــۆڕ کـــرد و لێـــی دوورکەوتمـــەوە.. هـــم.. لـــە دایکبوون و ریسووا بوون و مردن..

مـــن خـــەریکبوو کاتـــژمێرێکم لـــەو هێڤییـــە گوماناوییـــە دڵســـارد و رۆح ســـەهۆڵبەندانە بەســـەر دەبـــرد، گومـــانم لـــە هـاتنی خەنـدە هـەبوو.. هـەموو رێبـوارێکی مێینـە سـەرنجی رادەکێشام، یەکتر ناسین بە وەسف؟ ها..

لـەناو دەیـان پرسـیار و وەڵامـدا هەڵمـدەکرد کـە دوو مێینـە بـە تەنیشـتمدا تێپـەڕین، یـەکێکیان لـە ئەوەیـدی پرسـی

ئـــەوەیان هـــەوە؟ تەماشـــاییێکی منیـــان کـــرد و بزەیـــەکیان کرد.

گوتم: ئا.. ئا..

گوتیان: زوو با بڕۆین..

ئێمـــە چـــەند چـــرکەیەك لـــە چـــاوەڕوانی تاکســـیدا بـــووین، مـــن بـــە تیغـــی چـــاوانم لـــە تـــەلاری نەخۆشـــخانەی لـــە دایکبـــوونم روانـــی و بـــە دڵخۆشـــییێکی بێهاوتـــا و بەوپـــەڕی شـــانازییەوە بـــەخۆمم گـــوت: ئـــاه.. لـــە دایکبـــوون! لـــە دایکبوون و ژن و مردن هەمەم

نەبوونی تاکسی کەمێکیدی دوایخستین.

مـــن لـــە ترســـی لـــە دەســـتدانی شـــەرەف، بۆشـــاییێکی چـــەند مـــەتریم لـــە نێـــوانی خـــۆم و خەنـــدە و برادەرەکـــەی جێهێشـــتبوو.. گـــەلێك بـــە پەرۆشـــییەوە بـــەدوای تاکســـیدا چـــاوەکانم نیگاکانیـــان بـــەو شـــەقامە ســـەرەکییە پەرشـــکردبوو کـــە هاوینەهـــەواری پیرمـــام بـــە هـــەولێرەوە گرێـــدەدا.. لـــەو کاتـــەدا کـــەڤاڵی دوو گروپـــی چـــەکدار دژ بـــە

یەك- پێنج بە شەش، شەش بە حەفت- نازانم چەند بە چەند بوون! لە تەنیشت دیواری نەخۆشخانەی لەدایکبوون، کە دووری نێوانمان لە پەنجا مەتر رەتی نەدەدا سەرنجی راکێشام.. کە باشتر لەو تابلۆیە رامام، دیتم لوولەی تفەنگەکانیان روو لە سینگی یەکترە، دەمویستم هێشتا باشتر ئەو دیمەنە هەزم بکەم.. کەچی دەنگی دەستڕێژەکان پێڵوەکانی پێداخستم.

نەمتوانی لە شوێنی خۆم ببزوێم، دەنگی گوللەی بن پێیەکانم و قیژە و دوعای خەندە و هاوڕێکەی ئاوێتە ببوون، لە دڵەوە شەهادەیەکی بە حەقم هێنا، داوام لە خوا کرد لێم ببووریٚ، کە دەنگی دەستڕێژ نەما و پێڵوەکانم لێکترازاند، هەندیٚ بە وردی لە خۆم رامام.. کە نیگام گرتە کەڤاڵی چەکدارەکان، هەر باگڕاوەندی سوور و تەرمی مرۆڤ بوو بەرامبەر یەکدی راکشابوون... یەکێکیش کە بریندار بوو، دەستێکی نابوو بە برینەکەی و بەرەو ناو نەخۆشخانەی لەدایکبوون رایدەکرد.

مــن لــەناو رووداوە خێراکــانی ئــەو درامایــە دۆشــدامابووم کــە هــاتنی لادەیــەکی تاکســی مۆدێــل حــەفتاکان واگــای هێنامەوە.. دەستێکم بۆی بەرز کردەوە

- مام حاجی هەتا عەینکاوەمان دەبەی؟

- فەرمون.

کـەمێك رۆیشـتین، حـاجی بـە پرسـیارێك ئـەو بێدەنگییـەی شکاند و گوتی: ئەو قەرەبارغیە چییە؟

گـوتم: چـەند چـەکدارێك بـەناو یـەك وەربـوون و یەکـدیان خەڵاس کرد.

گــوتی: لا حولــە ولا قــوە الا باللــە، دەســتێکی بــە ردێنــە بەفراوایەکــەی داهێنــا، دەی ئــەوەی خــوا حــەزی لێنــەبی نــابی، بــەو رۆژی جمعەیــە.. بــە دەوی بــەڕۆژی، ئینشــاڵڵا جێیان بەهەشت دەبی..

مــن لــە ئاوێنــەی پێشــەوە لــە هــەردوو کچــەکەی پشــتەوەم روانی و گوتم: خەندە چۆنی؟

کچە پرچ رەشە رەق و لاواز و سیما تێکقۆپاوەکە بەبزەیەکەوە: خۆشبی، تەماشایێکی کچەکەی تەنیشتە خۆی کرد و بە پرسیارێك ورژاندمی- ئەوەشیان شیرینی هاوڕێمە- خۆ ئاساییە لەگەڵ خۆمم هێناوە؟

تەماشایێکی شیرینم کرد، پرچی سەرحی کایی بەسەر مەمکە قیت و خڕەکانی پەخشان کردبوو، خەندەیەکی رۆمانسی پانتایی لێوەکانی قۆرخکردبوو، چاوەکانی یان باشتر بڵێم، رۆشنایی ناو گلێنەکانی لە ئەستێرەی رۆشەنی بەرەبەیانی دەکرد، ئەو فریشتەیێکی سپی و بەفرین و گەرمبوو، لەو سەرزەمینە رەش و دووکەڵاوییەی ئێمەدا.

جارێکیدی لە خەندە ورد بوومەوە، ئەوەندە ورد بوومەوە، کەچی هێشتا هەر هیچ بەرزی و نزمیێکم لە سینە رەق و تەقەکەیدا بەدی نەکرد، رەشئەسمەرێکی چورچ و گۆنا پڕ لە زیبکە.. لەبەر زۆری موو کوونەکانی لووتی رەش دەچوونەوە.. هەر بۆ بەراورد کردن لە شیرینم روانییەوە، بە خۆمم گوت: ڤینۆس.. ئیرۆس.. کامەیانە؟

نا نا.. به شەرەف ئاسمان بە هەڵە هەڵیداوە.. لە دڵەوە زۆر خۆشحاڵ بووم.. دواتر کەمێ بیرم کردەوە، ها، لە خۆمم پرسی: ئەی پیاوە بێعەقڵەکە بۆچی ئەوەندە دڵخۆشی؟ سەیرێکی خەندە بکە و بزانە دەتوانیت بۆ تەنیا چەند چرکەییێکیش لەگەڵیدا لە ژوورێك بمینێتەوە..

من نەمدەویست باوەڕ بە خۆم بێنم کە خەندە درۆزنێکی ئەوەندە گەورەیە، قسەکانیم بیرکەوتەوە کە لە تەلەفۆن بۆمی دەکرد- من پرچم سەرحە، کاییە، بالآم بەرزە، تێکسمڕاوم- وەکو بڵێی وەسفی شیرینی بۆ کردبم.. لەناو کایەکانی زاکیرەدا زۆر لە درۆکانی پەستبووم، ویستم بە شوفێر بڵێم: راگرە، دادەبەزین، بەڵام جوانیی شیرین پەشیمانی کردمەوە..

من کەمێك کەوتمە دڕدۆنگی و گومانەوە، بێدەنگیم کردە سەروەر، بیرم لە دەنگی خەندە دەکردەوە، ئا خەندەی راستەقینە، ئەو خەندەیەی کە لە تەلەفۆن ئۆخژنی بە رۆح دەبەخشی، دەمنادەمێ بە پرسیارێك

بێــدەنگیم دەشــکاند و دەموروژانــدن، تــا لــە وەڵامەکانــدا هەست بەو دەنگە بکەم کە لە تەلەفۆن لەگەڵم دەدوا.

نەگەیشــتمە ئــەنجام، بۆیــە ئــەو جارەیــان بــە دەموچــاوێکی گــرژ و لۆچــینەوە گــوتم: ئێســتا راســتی بڵــێن کامــەتان خەندەیە؟

هــەردووکیان لــە یــەکرامان و لــە پرمــەی پێکەنینانــدا و بەیەك دەنگ گوتیانك خەندە کێیە؟

بە پیاوە پیرەکەم گوت: راگرە..

ئەوان زوو هاتنە وەڵام: نا.. نا مام حاجی برۆ..

کچــە پــرچ ســەرحە، کاییــە، چــاو رەنگاڵەییــە، تێکســمراوە، باڵابەرزەکــە، بــە خەندەیەکــەوە گــوتی: جــەنابت ئەگــەر پــاش ئــەو ماوەیــە دوور و درێــژە هەســت بــە دەنگــم نەکــەی، مســتەحەقی ئــەو فیلمــەی.. مــن خەنــدەم.. ئــەوەی بــۆی دەسوتێی..

هەناســـەیەکی گـــەرمم بـــۆ نێـــو قـــووڵایی ســـییەکانم هەڵمــژی.. ســوپاس بــۆ تــۆ خــوای گــەورە.. مــن شــادمان

شادمان له ئاوێنەکەوە لێیم روانی و بزە کەوتبووە سەر لێوانم..

خەندە دەستێکی لە شانم دا و گوتی: خۆ ئەو ماڵەی کە ئێستا دەچین، کەسی لێ نیە..

گوتم: نا

چەند چرکەیەك خەون بردمیەوە و بێدەنگ ماین، لە پڕ دەنگێکی گەورە واگای هێنایەوە (هەستە وەرە خواریٚ هەی قوندەری ژنانی، وە دەزانی هەموو عالەم گەوادە؟ زوو زوو هەستە وەرە خواریٚ عەیب نەبی هەنوکە سەد بۆریت لە مێشکی سەری دەدەم..)

پرسیم: چیە مامە خێرە؟ لۆ وا تورە بووی؟

گوتی: وەرە خواریٚ قوندەر، دیارە ئەمن گەوادم بەو رۆژی رەمەزانە پیرۆزە، بەو رۆژی جمعەیە، قەحپان سواری سەیارەی من دەکەی!؟

گوتم: مامە ئەوانە قەحپە نینە..

قسەی پێ بڕیم و گوتی: گووی زیاتر نەخۆی، بە قورعانی قەدیم، بەو رەمەزانەی سوند دەخۆم بۆڕیەکت لە تەپڵی سەری دەدەم نێیە خوارێ.. سەر سەیانی..

بە ناچاری لە فلکەی عەینکاوە هاتینە خوارێ، بە تاکسییێکی دیکە چووینە عەینکاوە، کە لە شوێنی دیاری کراو نزیك کەوتینەوە برادەرەکانمم دیت، دیار بوو بەڵێنەکەیان بەجێ دەگەیاند، ماڵەکەیان جێدەهێشت.. بۆ ئەوەی من و مێوانەکانم بە ئارامی و هێوری ئەو کاتە بەسەر ببین.

بە سەلامەتی گەیشتینە ماڵ و لەوێش بۆ ژووری مێوان.. چووم هەندێ ئاوم بۆ هێنان، کە پێشکەشم کردن، شیرین گوتی: خۆ دەرمانی تێدا نییە!؟ بەو پرسیارە منی توشی سەرسوڕمانییێکی زۆر کرد.. هەستم بە زۆر ئازمایشیی مێوانەکانم کرد.. هێشتا چەند خولەکێك بەسەر گەیشتنمان تێنەپەڕیبوو، رووی پرسیارم ئاراستەی شیرین کرد: یارمەتی هەیە لەگەڵ خەندە بچینە ژووری ئەودیو؟ دەمەوێ بە تەنیا لەگەڵی بدوێم.

شرين بە زەردەخەنەیەکەوە: بۆ نا، فەرمووون...

خەنــــدەم بــــردە ژووری نووســــتن، بـــێ ئـــەوەی دەرفـــەتی بیرکردنـــەوە بـــەخۆم بـــدەم، بـــە هەڵچـــوون و شـــڵەژان و کـــەمێك لەرزینـــەوە، وەك ئـــەوەی نـــەتوانم بـــاوەڕ بـــە چرکەســاتی نــاو ئــەو وێنەیــە بێــنم، پێڵوەکــانم داخســتن و کەوتمــە ماچــکردنی گــەردن و لاملــی بــەفرینی.. ئــەو بــێ ئــەوەی جارێــك بڵــێ نــا، خــۆی بــەبێ هۆشــی خســتە بــەر شـــالاوی حـــەزەکانم.. ئیـــدی تێکئـــالاین، کەوتینـــە لێســـتنەوەی جەســـتەکانمان، فریشـــتەیەك لـــە باوەشمـــدا هــەڵکورمابوو، بــە ژیلــەمۆی جەســتەی لووســی، مــەمکی قیتی، خەریك بوو دەبوورامەوە..

ئێمــە لــە زەمــەنی گۆڕینــەوەی زمانەکانــدا بــووین.. لــە زەمــەنی گوشــینی مەمکــە ســیحراویەکاندا هــەڵمان دەکــرد.. کــە قیــژەو هــاواری شــیرین رایچــەڵەکاندین... نــەمام.. نەمام.. نەمام... کچێ نەمام..

بـه خێرایـی چـووینه ژووری مێـوان دەبیـنین، برادەرەکـانم جگــــه لـــــه - بـــــرادەرە مەســــیحییەکان- خـــــەریکی رووتکردنەوەی شیرینن.

شـیرین دەیقیژانـد: وەرە نـەمام (مەبەسـتی خەنـدە بـوو) بـا بـــڕۆین ئەوانـــە سەرخۆشـــن تەماشـــایانکە گـــوتم: چـــییە؟ چیتان دەوێ؟ عەیبە، خۆ ئەو کارە بە زۆری نابێ..

رەوەنــد لــە جیــاتی ئەوانیــدیش وەڵامــی دامــەوە: بــەخۆت هـیچ مشـکیلەییێکت نییـه، بـه هـیچ شـێوەیەکیش بـیر لـه ئێمه ناکەیتەوە..

ناخۆشــــی و تێکنەگەیشـــتن لـــەنێوان مـــن و برادەرەکـــان روویــدا.. نــەمام ئــەوەی کــە لای مــن نــاوی خــۆی نــابوو خەنــدە، لەگــەڵ شــرینی هــاوڕێی رۆیشـــتن و ئیـــدی بـــۆ جارێکی دی نەمدیتنەوە..

(کـوڕم بازنــه، بازنــه.. بـا بـژی ئـەو بازنــه زێڕینـەی کلیلـی دەرگاکـانی بەهەشـتی لایـه.. ئـەو بازنەیـەی بناغـەی تـەلاری کەسـایەتی هـەر مرۆڤێکـە.. ئــەو بازنەیــەی مــرۆڤ دەکاتــه

خوداوەنـــدێك كـــە هـــەموو عێـــڵ و عەشـــیرەت ســـوێندی بەسەر بخۆن)

مــن زرینگــە زرینگــی زەنگــی ئــەو گوتــارە پــیرۆزەی دایکــم جارێکیـــدی لـــە مێشـــکمدا زرنگایـــەوە.. ئـــاخر رووخـــان و خـــاپووربوونی باڵاخانـــەی کەســـایەتی و ژاکـــاوبوونی کرۆکـــی رێـــز و رێســـپێکت لـــە نێـــوان هاوڕێکـــان و هـــەژان و لـــەرزینی ســـەرزەمینی پەیوەندییـــە جوانـــەکان، هـــەموویان پەیوەســـتن بە ئاکامی نێگەتیڤی دەرچوون لە بازنە..

چـــیم داوە لـــە خەنـــدە؟ لـــە موچـــڕکی حـــەرام و لـــە مـــاچ و مووچـــی حـــەرام و لەسەرکێشـــیی؟ خـــۆ ئەگـــەر خـــەونی ئاژاشـــکەیەکی حـــەرامی ئـــەودیو ســـنووری نەخشـــەی بازنـــە نەبووایـــە، مـــن هـــەرگیز بـــە خۆویســـت و نەرگســـی و تووڕەهات نەدەناسرام لای هاوڕێکان.

ئـــەوەم بیرکەوتـــەوە کـــە رەوەنـــد دەیگـــوت: تـــۆ زۆر ئـــەنانی.. گـــەرنا لێدەگـــەڕای ئیشـــی خۆمـــان لەگـــەڵ ئـــەو دوو بەرەڵایـــە دەکرد و بە رێمان دەکردن.

کەوتمە بیرکردنەوە: (رامبە.. دەستەمۆبوون بۆ بازنە گەورەییە، دەشکرێ مرۆڤ دیلێکی بەختەوەربێ).

بەسە بەس، پەیمان دەدەم.. ئیدی تخونی سنووری کۆماری ژن نەکەوم، ئیدی پەنجەکانم بە ئاگری جگەرەی زاکیرە داغ دەکەم و ناهێڵم ژن ببێتە بروسکە بۆ سووتانی درەختەکانی جەنگەڵی پەیوەندییەکانی ڤیان و جوانی. ئیدی وازی لەو دەرسانە دێنم کە فێری دارشتنی پلانی نێچیروانیم دەکەن.

لێرە بەدواوە دەبێ کارێ بدۆزمەوە جێ بە بیرۆکەی (دەرچوون لە بازنە) لە مێشکم لەق بکا.. دەبێ بەدوای ئەو شتانەدا بگەرێم کە بۆشاییەکانی موچرك و نەرماتی لە روحدا پڕ دەکەنەوە..

(خوێندنی مەنهەجی کۆلێژ و خوێندنەوە و نووسین و رۆژنامە و هەندێ خۆ گلاندن لە پۆلەتیك و ئەلکحول و یانە و...هتد)... دەبێ نەتوانن ببن بە زەمەنێ بۆ سەما و سەفای رزگاربوون لە بازنەی ژن؟

مــن و ڕێهــات وەك دوو هاوســێ و دوو هــاوپۆلی ســەردەمی قۆنــاغی ناوەنــدی، قــەدەری تێگەیشــتن و برادەرایــەتی کۆیکردبووینــەوە.. هــەر لــە پــۆلی چــواری ئامادەییــەوە لــە ڕیزەکــانی کۆتــایی ڕۆدەنیشــتین تــاکو قۆنــاغی زانکــۆ.. لــە مامۆســتاکان زیــاتر دەدوایــن.. ئەگــەر لەگــەڵ مامۆســتا و هاوپۆلانمــان لــە دیــالۆگ نــەبووواین، ئــەوا لــە نێــوانی خۆمــان- مــن و ڕێهــات و ئەســکۆ- بــە نهــێنی نامــەی بچــووك بچــووکمان دەگۆڕییــەوە.. لەبــەر زۆربرێــی لای هەنــدێك لــە برادەرانمــان لــە پاشملــە بەچــاوی خــراپ ســەیر دەکــراین.. هەنــدێکیش بــۆ گاڵتــە پێکــردن و لەبــەر زۆرڕەوی نازنــاوی ((ســوکرات و ئەرســتۆ و ئافلاتون))یــان پــێ دابــووین، هەنــدێکی دیکــە بــە قاقــاوە پێیــان دەگــوتین سێکوچــکەی بابــان.. کچــەکانیش لایــان وابــوو کــە ئێمــە لــەخۆباییین.. جگــە لــەوەی لــەناو پــۆل ڕێگــای قســە کــردن بــە کــەس نــادەین.. لــە دەرەوەیــش هــەر بــە ڕوح گــەورەیی هەڵسوکەوت دەکەین و مەرحەبای کەسیش ناکەین.

زۆرجــار کــە لــە دەرس تــەواو دەبــووین، لــە گۆڕەپــانی کۆلێــژ هەنــدێ خۆمــان نمــایش دەکــرد و بــەدەم پیاســە کردنــەوە

گروپـی کچـه پیاسـەکەرەکانمان بـۆ دوو یـان سـێ بـەش شـەق دەکـرد.. بـێ ئـەوەی بـەیانی باشێکیشـیان لـێ بکـەین.. لـەو دەمانــەدا ئەسـکۆ پـڕ بـەدڵی پێدەکـەنی و دەیگـوت: تەماشـا هــەتیم، ئێســتا وادەزانـــن ئێمــە زۆر مــوهیمین.. منــەتمان بەکیـــژان نییـــە.. ناشـــزانن وا لـــە نـــاوەوە دەســـوتێین و دەکوڵێین.

ڕێهـات دەیگـوت: کـو زنـدەقمان چـووە! نـاوێرین بـەهیچ شێوەیەك تخوونی سنووری مەملەکەتی ژنان بکەوین..

ئێمـە سـێ شـەرمن و ترسـنۆکەکە باشمـان لـێ دیـار بـوو کـە گـەنجانی دی، کـون بـە کـون وەك ڕێـوی بـەدوای دۆزینـەوەی ڕێگایـــەك بـــوون بـــۆ دانـــانی پێوەندییـــە نهێنییـــە ئێرۆتیکییـەکان.. کەچـی ئێمـە بڕیارمـان دابـوو هـەر بـە تـــەنیا زێـــدەڕۆ بـــین لـــە دوان.. نـــەختێ بەخوێندنـــەوە خـــەریك بـــین و ئەگـــەر بکـــرێ هەنـــدێ (قســـەمان لـــە جەریـــدان بکـــەین) و ئێـــوارانیش وەك خەوندۆســـت و وەك هەنـدێ مـەڕی تێنـوو شـۆڕ بینـەوە نـاو ماڵێـك لـە ئـەلکحول و فیردەوسـێك لـە ئەویندۆسـتی و دواتـریش لـە درەنگـایی شــەو بــە پێــدزکێ و نهێنییــەوە بەســەر دیوارەکــانی مــاڵ

ئاوابینــه حەوشــەو لــە کۆتایشــدا بــۆ نــاو ئــەو نوینانــەی کــە داپیرە دڵسۆزەکان بۆیان راخستبووین.

لەبـــەر نـــەوێرانی دەرچـــوون لـــە بازنـــە و پاراســـتنی سنوورەکانی بازنــە، خــۆم لــەناو کــوخی چــکۆڵانەی عــورف و عـــادەت مـــەلاس و مـــات کردبـــوو خـــەریك بـــوو ((هەســـتکردن)) بــە جوانییــەکانی مێینــە بــە تــەواوی لــە مێشـــکم رەش دەبـــۆوە.. ژن نـــەك لـــە واقیـــع و دەروون و رۆح دەرکــی پــێ نــەدەکرا، بــەڵکو لــە خەونــەکانیش هەســتی پـــێ نـــەدەکرا.. دوو ســـێ مانگمـــان بـــە شـــەرمنی و غەریبییــەوە لــە کۆلێــژ بەســەر بــرد، لــە تەماشــاکردنی بــە دزییــەوە هیچــیدیمان بــۆ نــەدەکرا.. تــا ئــەو کاتــەی هەســتم کــرد لــە یــەکێ لــە باڵکۆنــەکانی بەشــی کۆمەڵناســی کۆلێــژی ئــاداب کــە دەیڕوانییــە ســەر ئــەو گۆڕەپانــەی کــە ئێمــە هەمیشـــە پیاســـەمان لێـــی دەکـــرد.. جـــووت چـــاوێ وەك چـــاوانی ئاســـك.. وەك دوو ئەســـتێرە درەوشـــاوە.. وەك دوو دەریـــای پرتـــەقاڵی خـــەریکن غـــەرقی پـــایزێکی تـــری ســـەرەڕۆیم دەکـــەن.. ئـــەو چـــاوانە پێدەکـــەنین.. هەنـــدێجار ناکـــام و خـــەماوی دەیاننوانـــد.. جـــار وابـــوو دەبوونـــە

زمـــانێکی رۆمانســـی و بـــە هێـــوری بانگیـــان دەکـــردم. چـــاوەکان جووتێـــك تۆپـــەڵی ژیلـــەمۆ بـــوون بـــە زنـــاری بەفراوی رۆحی ماندووم غلۆر دەبوونەوە..

چـــاوەکان پێیـــان دەگـــوتم: گەرمبـــە و بســـووتێ، ســـووتانی رۆح بـــە ئـــاگری چـــاوان رەنگـــە بتکاتـــە شـــاعیرێکی نـــەزیف، نـــەزیفی هەڵـــدانی وشـــە و نـــەزیفی هەڵـــدانی حەقیقـــەت و نـــــەزیفی هەڵـــــدانی دنکـــــە یاقووتـــــەکانی ســـــەرزەمینی ئێستەتیك.

ئـــای چـــاوەکان.. چـــاوەکان بـــانگی بڵنـــدگۆی منارەکـــانی مزگـــەوتی عەشـــق بـــوون و بانگیـــان دەکـــردم بـــۆ ئـــەوەی لـــــەوێوە فێـــــری خوێندنـــــەوەی ئایەتـــــەکانی وەفـــــا بم.. چـاوەکان دەبوونـە دوو کڵێسـە تـا لـە ئەتمۆسـفێری روحـانی ئەویندا بەشـدار بم.. هەنـدێ جـاریش چـاوەکان دەبوونـە باخچەیێ لە کحول و شیعر.

مـــن لـــە چـــاوەکان دەگەیشـــتم و لێشـــیان تێنەدەگەیشـــتم.. بێگومـــان ئـــەوەیان مەتـــەڵ نیـــە.. زۆر بـــە ســـانایی لـــە چـــاوەکان دەگەیشـــتم لـــەو کاتانـــەی کـــە بانگیـــان دەکـــردم و

گوتـــاری نهـــێنی ســـوتانی خۆیانیـــان بـــۆ چـــاوەکانم رادەگەیانـد.. نەشمدەویسـت لـە چـاوەکان تـێ بگـەم کـە بـە ئامــاژە پێیــان دەگــوتم: بازنـــە ببینـــە، تەماشــایێکی ژێــر پێیـــەکانت بکــە، ســنوور ببینـــە، تەماشــایێکی عــەقڵ بکــە نـــەهێڵی بـــێ عـــەقڵیی بازنـــە ببـــەزێنێ.. دەزانـــی ســنووری بازنـــەی ئێمـــەی مێینـــە چـــەند لـــە ســنووری بازنـــەی ئێـــوەی نێرینـــە ســـەخت و دژوار و ئـــەرژەنگترە!؟. ئـــای ئاسمـــانی چـــاوەکان چـــەندە رەنگـــین بـــووی..؟ کەســـك، برۆنـــزی، قـــاوەیی، رەش.. هـــەر لـــە چـــاوانی کۆترتـــان دەکـــرد.. ئەوەنـــدەی لەگـــەڵ رێهـــات هەوڵمانـــدا نـــەمانتوانی لـــە رەنگـــی راســـتەقینەی ئـــەو چـــاوانە تێبگـــەین.. مـــن حـــەزم بـــە قـــــەهرین و زوویربـــــوونی ئـــــەو چـــــاوە رەنگاڵەییانـــــە نـــەدەکرد.. کەچـــی ئـــەو رۆژە کـــە -نـــەرمین- لـــە کۆلێـــژی یاســـاوە بـــە ســـەردان هـــاتبووە لای رێهـــات و نـــازداریش (قوتـــابی بەشـــی سۆســـیۆلۆژیا) لـــە یانـــەی زانکـــۆ لەســـەر کورســـییەکەی تەنیشـــتم رۆیشـــتبوو، لـــە پڕێکـــدا رێهـــات لـــە هـــاتنی رۆنـــاك، رۆنـــاکی خـــاوەنی ئـــەو چـــاوە رەنگاڵەییانـــە ئاگـــاداری کردمـــەوە.. ئێمـــە بـــە چـــاوەکانمان لەگـــەڵ یـــەك

دەدوایـــــن.. چـــــاوەکانم بەوپـــــەڕی تێنوویەتییـــــەوە بـــــۆ چـاوەکانی لـە خەنـدە دابـوون، کەچـی چـاوەکانی ئـەو زۆر بە رکەوە پێیانگوتم: لە رانەکانت بڕوانە.

ئـــەو دەمـــە هەســـتم بـــە نـــەرماتی رانـــەکانی نـــازدار کـــرد لـــەژێر مێزەکـــە، رانـــەکانم کـــەمێ دوور خســـتەوە کەچـــی چـــــاوەکانی رۆنـــــاك لەبـــــەر فرمێســـــك توانـــــای دوانیـــــان نـــــەمابوو، بۆیـــــە بـــــە لێوەکـــــانی زۆر بەنزمیـــــەوە گـــــوتی: بێسـیفەت.. بێوەفـا.. چـۆن رانـت گرتـی خیانـەتی چـاوەکان بکا؟

ئەوەنـــــدەی چـــــاوەکانم کڕنۆشـــــیان بـــــۆ چـــــاوەکانی بـــــرد، پاڕانـــەوە، کەچـــی دەستەکانیشـــی قـــەهرین، بۆیـــە دەســـتی دایـە کتێـب و رۆژنامەکـەی سـەر مێـزی بـەردەمیی و یانـەی کۆلێـــژی جێهێشـــت.. وەك کلـــك کەوتمـــە دوای، هەنـــدێ بـــە شەرم و پەنجە قرتاندو ترسەوە:

- چۆنی؟

+ سوپاس.

- یارمەتی هەیە.....

نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم

+ ببورە، ناتوانم لەگەڵت بدوێم.

بە بێزاری و هەڵچوونەوە گەڕامەوە لای هاوڕێکانم لە یانەی کۆلێژ..

رێهات: چبوو؟

من: هیچ.

بێئەوەی لە ئاوێنەیەکەوە سەیری خۆم بکەم، برۆکانی خۆمم لێدیار بوو، دەمزانی ئێستا سەر و سیمام گرژ و مۆن دەنوێنێ.. کر و کەپ مابووم.. بێدەنگیی باڵی بەسەر مێزەکەماندا کێشابوو.. تا ئەو کاتەی کە نازدار رووی پرسیاری ئاراستەی من کرد: ئەو برادەرانە بە تەنێ جێنێڵین؟

گوتم: لۆ نا!؟

- وەرە بــا پیاســەیێك بكــەین.. حــەزیش دەكــەم چــەند نهێنییەكت بۆ بدركێنم..

- نهێنی..؟ بە چییەوە پەیوەستە؟

- بە تۆوە..

- بە منەوە!؟

- مەبەستم بە من و بە تۆ.

بــەدەم ئاخاوتنــەوە خــۆم لــە هــۆڵێكی چــۆل و هــۆڵ دیتــەوە، ئەو پشتی بە دیوار دادا و لە پڕمەی گریانیدا..

گوتم: چبوو؟ لۆ دەگریێی؟

بــە هەنســك و گریانــەوە گــوتی: پەیوەنــدیت بــە ڕۆناكــەوە چییە؟

بەسەرسوڕمانەوە: ڕۆناك! كا بڵێ بۆچی دەگری؟

- كــەوابی نــازانی! ئــەدی ئــەو هــەموو هــەوڵ و هیلاكییــەم لــە پــای چــی؟ ئــەو ماوەیــە هــەموو كاتــەكانم بــۆ تــۆ تــەرخان

کـردووە.. پـڕ بـە دەنگـی هەمـدیس لـە پڕمـەی گریانیـدا و بێدەنگما..

ئـەو گریانـەی وەك ئـەوە وابـوو پـێم بڵـێ، بێئیحسـاس، بێـدەماغ، وایـن لـە ژوورێکـی چـۆڵ، وام لـەژێر رەحمـەتی لێـوی تێنـووت، ئەوەتەیـە سـینەم دیلـی پەنجەکانتـە، دە گەشـتێ بکـە بـە نێـو دنیـای جەسـتەمدا.. کـە بـە تـەواوی لـە مەبەستی گەیشتم من یەکڕاست د. کۆسارم هاتەوە یاد.

د. کۆسـار ئـەو گەنجـە ئاسـۆ فراوانـە هـەر لێـرە، لـەو کۆلێـژە، بـەر لـە چـەند رۆژێـك لەسـەر ماچـێك فەسـڵ کرا..لـەخۆم پرسـی: لەسـەر ماچـێك لێـرە فەسـڵ بکـرێم! چـۆن وەڵامـی ئـەو هـەموو دەیناسـورەم پـێ دەدرێتـەوە؟ چ.. نـا .. نـا، لـە چـاوە زەردەکـانی نـازدار رامـام، دەسـتێکم بـە قـۆڵی داهێنـا و گوتم: با بڕۆین..

نـازدار هەوڵیـدا فرمێسـکەکانی بسـڕێتەوە، بـە پێشـی کـەوتم تـا گەیشـتینە لای رێهـات، (ئـەو) لـە نـازداری روانـی و بـە نهێنییـەوە بـە گوێچـکەمیدا چـرپاند، ئـەوەی تـۆش دەگرێی؟ بە خوا تووش و چەلب و ئیزعاجن.

دوای بـــەرێکردنی نـــازدار و نـــەرمین، شـــەقێك بـــە شـــانم کـەوت، کـە ئاوڕمدایـەوە ڕێهـات بـوو، بـە پێکەنینـەوە گـوتی: دیـارە کەسـانێکیش هـەن، هەسـت بـە بـوونی ئێمـە دەکـەن لەو گەردوونە زیندانییە! دەی با بڕۆین..

وەك ڕۆژانـــی گـــۆرین لـــە زانکـــۆوە بـــە پـــێ بـــەرەو بـــازاڕ بەڕێکـــەوتین، لـــەوێ یـــەکا و دوو ســـەندەوێژی فـــەلافلمان خـــوارد و دوای هەنـــدێ پیاســـە هـــەر بـــەپێ بـــەرەو یانـــەی مامۆســـتایان.. لـــەوێش دوای فڕکردنـــی بتڵـــێ عـــەرەقی قاچـــاغ بـــە هـــەردووکمان، شـــەو درەنگـــانێ بـــە پێـــدزکێوە بەســـەر دیـــوار ئـــاوا بووینـــە حەوشـــەی ماڵـــەکانمان و لەوێنـدەرێش بـە هێـوری بـۆ نێـو ئـەو جێیانـەی کـە داپـیرە دڵسۆزەکان بۆیان ڕاخستبووین.

شـەو تـا درەنگـانێ بەسـەر پشـت لەسـەر قەرەوێڵـەی خـەیاڵ ڕاکشـــابووم، هەســـتم دەکـــرد شـــتێ هەیـــە دەرگاکـــانی داخســـتووە و نـــاهێڵێ بچـــمە نـــاو ژووری خەوتنـــەوە.. هەسـتم بـە ژانێکـی نـامۆ دەکـرد لـە ناخـەوە، بـاوەڕم وابـوو زووتـــر ئـــەو ژان و ئەشـــکەنجە و ئـــێش و مەراقـــە قـــەد وا

تیــژڕەو تیــژڕەو هــەرگیزا و هــەرگیز رووی لــە مــاڵی روح نەکردووە.

کــە لــەنێو پێخەفەکــەدا خــۆم هــەڵگێڕ و وەرگێــڕ دەکــرد، مــۆمی ژیــان توانســتی دەرەوشــانەوەی روحــی مــنی نــەبوو، دەمویســت لــە رکــان تــاڵ تــاڵی پرچــم بــەو ژووره غەمناکــەدا پەرشــوبڵاو و پەخشــانکەم.. لــە خوداوەنــدم پرســی: بۆچــی ئــەو ژانــە واری بەختــەوەریم وێــران بکــا؟ دە دەســتێکت درێژکە ئەی خودای من..

پــاش ئــەو دوعایــە بــە کــەمێك، هێزێــك بزوانــدمی.. لــەنێو فەنتازیاکانــــدا بــــە شــــڵەژاوی و واقوڕمــــاوی دامــــابووم، دەنگێــك پرســی: کــێ نــاڵێ وێنــەی چــاوەکانی رۆنــاك نییــە رێگــای خــەونت پێــدەگرێ؟ بــاوەڕ ناکــەم کــە هێشــتا لــە بــیرت چــووبێ ئــەو دەمــەی لێوەکــانی رۆنــاك بــە فرمێســکەوە گوتیــان: بــێ ســیفەت.. بــێ وەفــا.. چــۆن رانــت گرتــی خیانــەتی چــاوەکان بکــا؟ جــوان بــیر بکــەوە، بــاش رامــینێ، شــتێ هەیــە لــەو ژیانــە کورتــەی ئێــوەدا زۆر جــوان و دڵــڕفێن و ئــۆقره بەخشــە.. شــتێك هەیــە لــە جیــوە دەکــا، وەك بــەهار رەنگاوڕەنگــە، بــۆنی لــە گــوڵ دەکــا، وەك ئاســمان شــین

و وەکـو بـەفر سـپی و وەك نێرگـزیش زەردە، شـتێك هەیـە بـەژنی بڵنـد، مەسـت، هەنـدێ جـار پـڕ لەسەرکێشـی و هەنـدێ جـاریش بێئاکـام.. جـوان گـوێ بگـرە، شـتێ هەیـە لـەو ژیانـە کورتـەی ئێـوەدا پێـی دەڵـێن: خۆشەویسـتیی، ئـەو وشـە کورتـەی کـە ژیـانی کـورتی ئێـوە بەشـی ناکـا.. ئـەو وشـە سـیحراویەی کـە ژانبـەخش و سـەفادەر و پـڕ لـە ئیلهامی رەنگاوڕەنگە..

گـوێ بگـرە، شـتێ هەیـە لـەو ژیانـە کورتـەی ئێـوەدا، لـە مـۆم و تیشـك و ئاسـۆ دەکـا، لـە شـەپۆل دەچـێ، ئـەو وشـەیە سـیحراویترین بازنـەی سـەفایە بـۆ هـەموو مرۆڤایـەتی.. بـە سـانایی ئـەو شـتە پـیرۆزە، لـە وشـەی خۆشەویسـتیی چـڕکراوەتەوە.. گـەر لای خوداوەنـدیش خۆشەویسـت نـەبیت هـیچ بەشـێکت لێـی بەرناکـەوێ.. ئیـدی مـن دەڕۆم و تـۆیش بیرێـك لـە پیرۆزیـی ئـەو وشـەیە پـیرۆزە بکـەرەوە.. ماڵئاوا.

مـن خـەریك بـوو بەدوایـدا هـەڵفڕم، دەسـتێکم درێـژ کـرد، بوەسـتە، جـێم مەهێڵـە، بەرگـەی ئەشـکەنجە و زامـی زیـاتر نـاگرم، ئـەی فریشـتەی پـیرۆز، پرسـیاری زۆرم سـەبارەت بـە

بـــوون و چـــەمکی زاراوەکـــانی نـــاوەوەی هەیـــە، حـــەزم بـــە زانینی راستییەکانە، دەمەوێ لە زۆر شتی نامۆ تێبگەم..

کـــەمێك بـــە وردی شـــتەکانم خـــورد کـــردەوە، عەشـــق چـــییە؟ عەشـــق.. عەشـــق... عەشـــق... ئـــا عەشـــق بریتییـــە لـــە گفتوگـــۆی نهـــێنی نێـــوان چـــاوەکانی دوو عاشـــق بـــۆ ماوەیـــەکی درێـــژ، دواتـــر جـــووت چـــاوێ بتـــۆرێ و چـــاوەکانی دی وەك سـێبەر دوایانکـەون و بیانـەوێ بیانـدوێنن.. کەچـی چـاوەکانی رۆنـاك پێیـان بڵـێن: نـا.. و.. لـە کۆتاییـدا لـە خـەفتان بچیت نیـو بتـڵ عـەرەقی قاچـاغ بخۆیتـەوە و شـەو لەبـەر ژانـی بتـەوێ خـۆت بکوژیـت و لـە تـەنیایی و گۆشەگیری و بێ دەسەڵاتیدا بگرییێت.

ئـــەو شـــەوە نووســـتم یـــا نەنوســـتم خۆشـــم نـــازانم! هـــەر چـۆنێك بـوو لەژیانـدا مـام تـاکو ئـەو کاتـەی خـۆری رۆژێکـی نـۆژەنم لەسـەر چیای سـەفین کەوتـە بـەر دیـدە.. لـە هـەموو ماڵـەکانی ئـەو گەرەکـەی ئێمـەدا توانسـتی بینـینی چـیای سەفینمان هەبوو.

دوای چێشت چوومە لای ڕێهات، کە سواری تاکسی بووین ڕێهات گوتی: کاکە هەتا کولیەی ئاداب.

شۆفێر: کیهان کولیەی ئادابە؟ ئەوەی کن نەقلیاتی بەغدایێ؟

گوتم: نا کاکە هەتا (باتە)مان ببە..

ڕێهات: لۆ باتە، دەزانی کەمێکی دی محازەرەمان هەیە..؟

من: دەچینە (نزار).

بەو بەیانییە فێنکە، کە لە نزیك - نزار- لە تاکسی هاتینە خوار، ڕێهات گوتی: پێدەچێ لێت گۆڕابێ.. هێشتا ئەوەی شەو بەرینەدای بە نیازی وەجبەی سبەینێشی..؟

باڕی نزار تەواو تاریك بوو، چەند گلۆپێك، شەمالك ئاسا هەڵگیرسابوون، خۆمان کرد بە ژوورەوە، دیار بوو ئەو دوو برادەرە مەسیحیەی لەوێ کاریان دەرکرد بە دەنگی بە جۆش و خرۆشی (فەیرۆز) خۆیان بۆ ڕۆژێکی دیکەی کارکردن ئامادە و گۆش دەکرد..

یەکێ لە کرێکارەکان: برام هێشتا زووە، مەشروب نافرۆشین..

ڕێهات: کاکە گیان، حاڵەتی زەرورە.. بێ خواردنەوە ناڕۆین.

کرێکارەکە: ئاخر هێشتا مەززە حازر نییە..

من: بەس (جن و سێڤن)مان دەوێ، هیچیدی نا..

کرێکار: دەرێی تەلەبەنە..

من: بەڵێ

کرێکار: لە کێندەر دەخینن؟

ڕێهات: لە ئاداب.. بەشی کوردی کۆلێژی ئاداب.

کرێکارەکە بە زەردەخەنەیەکەوە: قسمی دۆر و زوڕنا.. برام تورە نەبن ئەمنیش خەریجی بەشی کوردیمە..

ڕێهات تەماشاییێکی منی کرد و بەکرێکارەکەی گوت: برام دوو جێش لێرە لۆمە بگرە، ئەگەر دەرچووین دێینە ئێرە.

کرێکار: وەرن وەرن دانیشن.. مادەم ئەوها سپۆرتن بەسەرخۆشی دەچنە کولیە، هەموو شتتان عایدی من.

کە کرێکارەکە نیو بتلْ- جن-ی بۆ هێناین و پێکی یەکممان هەڵلووشی، ڕێهات گوتی: دەرێی شێتی کوڕم.. بەو بەیانییە زووە..

- دەزانی چییە؟ بە کورتی عاشقم..

ڕێهات لە پڕمەی پێکەنیندا، چی "جن و سێڤن"ی ناو دەوی هەبوو هەمووی هەڵدایە سەر مێزەکە و گوتی: دوێنێ هەتا سەعات یەکی شەوێ عاشق نەبووی.. یان شەوێ نەرماتی رانی نازدارت هاتیتەوە بیر؟

گوتم: رانی چی؟ من عاشقی چاوە جوانەکانی ڕۆناکم..

ڕێهات: بە ڕەفزەکەی دوێنێ تێر نەبووی؟

داوای نیو قاپ "جن"ی دیمان کرد.

ڕێهات: ئەوە یەکەم جارەمە لێرە بخۆمەوە.. دیارە ئەتو چ جاریدی هاتی؟

- یەکـەم جـار کـە لـە ژیانمـدا خواردمـەوە لـەو (نزار)ـە بـوو. رۆژێـك مــن و دژوار و هــادی لــە پــۆلی ســێیەمی ناوەنــدی چــووینە پــێش ســینەما ســیروان، لــەوێ هەنــدێ پارەمــان لــەلای (مســتۆ ســینگ) لــە لیگــاو دۆڕانــد، دژوار و رۆیشــت و مــن و هــادیش دوای کــەوتین.. پــێش ئــەوەی بێینــە ئێــرە، پارەکانمان ژمارد بەشی سێ بیرەی دەکرد.

ســەرەتا لەبــەر تەمــەنمان رێگایــان نــەدا بچــینە ژووری.. بــەڵام زەلامێکــی کورتــە بــاڵای خــرپن و سمێــڵ گــەورە، تەنکـە ردێنێکـی بـەردابۆوە، قـوڵ و باسـك هـەڵکراو، بەڵغـە بابـەی کـەوتبووە سـەر سـینگی.. شـەرواڵێکی خۆڵەمێشـی و کراســـێکی رەشـــی لەبـــەردابوو، قۆچـــپەکانی ســـینگی کردبۆوە.

سـەرمێزی بـەردەمی بـە جۆرەهـا مـەزە و بـەفر و پاکـەت و گـوڵ و بتڵـێ عـەرەق رازابـۆوە.. بـە دەسـت ئاماژەیـەکی بـۆ کرێکارەکـان کـرد و گـوتی: لێگـەڕێن بـا ئـەو گەنجانـە بێنـە ژووری.

سێ بیرەمان داوا کرد و خواردمانەوە.

بیرمــان لــە رۆیشــتن دەکــردەوە، کــە کرێکارێــك ســێ پێکــی سـپی سـپی دانایـە سـەر مێزەکـەمان و گـوتی: هەدیـەی کـاك فەتاح کەمالیاتە.

هادی: کاك فەتاح کەمالیات کێیە؟

کرێکارەکــە بەدەســت ئامــاژەی بــۆ پیــاوە خرپنەکــە کــرد و گوتی: فەتاح کەمالیاتی ئامۆزاتان.

دژوار کــەمێك ســەری هەژانــد و گــوتی: ئــێ.. ئــێ.. فــەتاحی ئامۆزامان.

هادی: ئەمن عەرەقی ناخۆمەوە..

دژوار: بۆ منی لێگەڕێ.

فــەتاح کــەمالیات بــە بزەیەکــەوە رووی لــە کرێکارەکــە کــرد گـوتی: بیرەیـان لـۆ بینـە.. نیگـای لەسـەر کرێکارەکـە بـەلای ئێمــەدا وەرگێــڕا و بــە پرســیارێك نیگــای چــاوەکانی ئێمــەی بۆ خۆی راکێشا.. گەنجینە لۆ نایێنە سەر مێزی من؟

دژوار: لۆ ئەتوو نایێی؟ فەرموو.. فەرموو..

ئـــەو بێـــدرپدۆنگی پێکـــی ســـەر مێزەکـــەی هـــەڵگرت و بـــەرەو مێزەکـــەی ئێمـــە بـــوو، ئـــاوڕێکی پشـــتەوەی دایـــەوە: گارســـۆن ئەو شتانە بگوازەوە.

فـــەتاح کـــەمالیات زۆر بـــە مۆنییـــەوە و بـــە تیغـــی چـــاوانی لـــە بێئاگـــایی ئێمـــە تیـــژڕەو تیـــژڕەو لـــە قـــۆڵی لـــووس و پـــڕ و ســـــپی دژواری دەڕوانـــــی و پێکـــــی عـــــەرەقی بـــــە تـــــەواوی دەهێنایـــە خـــوار.. نـــاوە نـــاوە لـــە چـــاوەکانی مـــن و هادیشـــی دەڕوانـــی، چـــاوەکانی وەك چـــاوانی سمـــۆرە وابـــوون کـــەیف خۆشـــییان پێـــوە دیـــار بـــوو، وەك ئـــەوە وابـــوون لـــە جیـــاتی دڵ بـــدوێن و بڵـــێن: ئێســـتا زۆر زۆر خۆشـــحاڵم، بەرامبـــەر ئـــەو تـــاس و لووســـانە پێـــك لێـــدەدەم.. ئـــەو پەنیرانـــە لـــە کـــێ هـــاتن خودایە؟

فـــەتاح کـــەمالیات ویســـتی بـــێ دەنگیـــی بشـــکێنێ، بۆیـــە بـــە دڵخۆشـــییەکەوە گـــوتی: بخۆنـــەوە بـــرام ئـــەنگۆ مێـــوانی مـــنن، هەســـت دەکـــەم لـــە مێـــژە دەتانناســـم.. رووی لـــە کرێکارەکـــەی ســـێرفس کـــرد و گـــوتی: گارســـۆن بتڵـــەك عـــەرەقی لـــۆ ئـــەو ئامۆزایانەم بینە؟

من: نا، با سێ بیرەی بینی..

کــــەمالیات رووی لــــە دژوار کــــردەوە و لــــە قســــەکردنیدا بــــەردەوام بــــوو: چــــیتان دەوێ لۆتــــان جێبــــەجێ دەکــــەم.. دەمانچــــەکەی بــــەر پشــــتی دەرێنــــا.. هــــا.. راتــــان چــــییە؟ جوانــــە؟ ئــــەوە چــــاردە خــــۆرە، لــــە بەغــــدایێ لــــۆم هاتییــــە.. یــــەکی تریشــــم لــــە مــــالێ هەیــــە، ئەگــــەر حــــەزت لــــێبی وەرە دەتدەمێ..

دەمانــــدەمێك رووی پرســــیاری ئاراســــتەی ئێمــــە دەکــــرد: عەجەلــــەتان نییــــە.. کــــەنگێ دەڕۆن؟ ئــــەو جارەیــــان کــــە ئــــەو پرســــیارەی دووبــــارە کــــردەوە، یەکڕاســــت گــــوتی: "زەیــــی ناس".

ئێمــــە هــــیچ وەڵامێکیمــــان نەدایــــەوە، چــــونکە تــــا ئــــەو کاتــــە هــــیچ شــــتێکمان لــــە بــــارەی ئوســــوڵەکانی ئەتمۆســــفێری کحولخانە و ئەلکحول و خواردنەوە نەدەزانی.

ئــــەو لەبــــەر خۆیــــەوە پێکــــەنی گــــوتی: هــــەتا ئاودەســــت دەچــــم و ئێستا دێمەوە.

کــه فــەتاح کــەمالیات لامــان نــەما.. دژوار فــڕی کۆتــایی پێنجەمین بیرە و دوو پێك عەرەقی لێدا..

گوتم: گەواد باب بەسە.. حەیامان نەبەی..

هــادی: ســەگباب ئــەو جــارە بێتــەوە لەگــەڵ خــۆی دەتباتــە ئاودەست..

من: زووبە.. ئەگەرنا.. بەتەنێ بەجێتدێڵین..

دژوار: راوەســـتن قووندەرینـــە راوەســـتن.. بـــا نانەکـــەش بخــۆین.. ئینجــا دەڕۆیــن.. عەیبــە خیانــەتم لــێ نەکــەن، بەجێمنــەهێڵن، گــەرنا لەبــەر دەســتی ئــەو خوشــك حیــزە، قوتە خرە، قوتار نابم.

من: دەترسێم وەکی "شوان زەنگەزۆرە"ت بەسەر بێ.

دژوار: شوان زەنگەزۆرە کێیە؟

- جیرانمــان بــوو، هەنــدێ بــرادەری لــۆتی و سەرســەری فێربــوون ئێــواران تــا هــیلاك دەبــوون عــەرەقیان دەدایــێ، دواتــر مەبەســتی خۆیانیــان بەجێــدەهێنا و بــە گــرووپ

کاری خۆیانیان لەگەڵ دەکرد.. کە بەیانی شوان لە خەو هەڵدەستا لێیان دەپرسی: عەرەق خۆشە؟

دەیگۆت: زۆر خۆشە، بەس سبەینان قوونم دەزورێنێتەوە.

دژوار دەیویست وەڵامم بداتەوە کە فەتاح کەمالیات گەڕایەوە، پاش کەمێ بێدەنگی، دژوار رووی لە کەمالیات کرد و گوتی: کاك فەتاح چ دەخۆی بۆت داوا کەم؟

فەتاح کەمالیات: هێشتا زوو نییە برام؟

دژوار: تازە یەکترمان ناسی و بووینە ئامۆزای یەکتری، لەمەو دوا زوو زوو یەکتر دەبینین.

من: دەتانین مەوعید لۆ جارێکی دی دانێین.

هادی: ئا.. ئا.. رۆژی جمعە باشە، مەکتەبیشمان نیە.

فەتاح کەمالیات: زۆر باشە، کەوابێ سەعات دوو، پاش ئەوەی خوتبە و نوێژی جومعە دەکەم، هەر لە مزگەفتێڕا دێمە ئێرە، ئەنگۆش ئێرەتان پێ باشە، ها؟

**ئێمــــه بـــه هەژانـــــدنی ســــەرەکانمان هێمـــــای رازیبــــوونی خۆمانمــان پێڕاگەیانــد.. ئــەو دەســتی بــەرزکرد: گارســۆن.. هێی، گارسۆن، وەرە.. بزانە ئەو ئامۆزایانە چ دەخۆن..**

**دژوار: نەفەرەك کەباب**

**من: ئەمنیش..**

**فەتاح کەمالیات: کاکە شەش نەفەر کەبابی بینە.**

**دوای نــانخواردن کــەمالیات داوای کــرد چــایە بخۆینــەوە، مــن و هــادی پێمــان لەســەر رۆیشــتن داگــرت.. دیــار بــوو فــەتاح کــەمالیات بــە پێچــەوانەی دژوار زۆر ئــەو داویــەی ئێمــەی پێخـۆش بـوو.. بۆیــە رووی لــە مــن و هــادی کــرد و گــوتی: باشــە ئەگــەر ئــەنگۆ درەنگتانــە دەتــانن بــڕۆن، ئــەمن و دژواریش چایەك دەخۆینەوە و دەڕۆین.**

**دژوار چـــاوی لێمـــان دەنووقانـــد: دەی بـــا چـــایەکیش بخۆینەوە، ئینجا بە یەکەوە دەڕۆین.**

**دوای چــایە خواردنــەوە، بــە مەســتی و تێــری- مــن و هــادی - یــەکا و دۆقــەی گــەرممان لەگــەڵ فــەتاح کــەمالیات کــرد..**

دژواریشــی خســته ئــامێزی وەك ئــەوەی شــاکیرە یــا کلاودیــا شــیفەری لــە بــاوەش گــرتبێ چــوار ماچــی لــە رووەمەتــەکانی کرد و لێکدابڕاین..

رێهــات هەناســەیەکی هەڵکێشــا، وەك بڵێــی چــیرۆکەکەی پــێ خــۆش بــێ و بــە نەرمییــەوە گــوتی: غــەدرتان لێــی کردیــە یــەکا یــەکتان نــەدایتێ.. بەســە کــوڕم بــا بــڕۆین، بێجگــە لــە محازەرە ئەوڕۆ جەنابت دەبێ شیعریش بخوێنییەوە.

- راوەستە شتێ دەنووسین و دەڕۆین.

دوای تــەواو بــوونی تێکســتەکە، داوای دوو چــارێك- جــن-ی دیمان کرد و بەرەو کۆلێژ بەڕێکەوتین..

لــە کۆلێــژ چــاوەکانم وێــڵ و شــێت و مەســت و تێنــو لــە باڵکۆنیــان روانــی، نــەمتوانی زێــتر لــە هێڤیــدا بم.. بــە مەســتی بــەرەو بەشــی کۆمەڵناســی بەڕێکــەوتین.. تــەواوی هــــۆڵ و مەمــــەڕ و ژوور و گۆشــــەکانی ئــــەو ئیتاژەمــــان پشــکنی کەچــی چــاوە برۆنــزی و رەگاڵەییــەکانی رۆنــاکم نەدۆزییــەوە.. چــاوە جوانــەکانی فریشــتە، ئــەو چــاوانەی وەك شــەپۆلەکانی دەریــاییێکی کحــول وابــوون، ســەرخۆش و

خومارییان دەکردم.. ئەوەندەی چاوم گێڕا ڕۆناکم نەدیتەوە، لە بەشی کۆمەڵناسی کۆلیژی ئاداب هەموو کەسێکم دیت تەنیا چاوەکانی ڕۆناك نەبێ..

له فەڕاشەکەم پرسی: مامە چاوەکانت نەدیتییە؟

ڕێهات باسکمی گرت و گوتی: کوڕم عەیبە، حەیامان دەچێ.

یەك ئیتاژ هاتینە خوارێ بۆ بەشی کوردی، لەوێ غەڵبە غەڵبێك سەرنجی ڕاکێشاین..

ڕێهات: دیسان ئەو دکتۆرەیە، لافمان لەسەر لێدەدا.. وا هەست دەکا هەر ئەو لە ئەوروپا خوێندنی تەواو کردیە، باشە دامانناا دکتۆرە و گەنجە و دنیا دیتەیە بەس خۆ هەموو شتێکیش بە ئارەزووی ئەو نابێ.. (کفرمان نەکرد گوتمان پشیلە گووت دەرمانە).

- بێ دەنگ بە.. بزانین ئەو قڕە قڕ و غەڵبە غەڵبە چییە؟

دکتــۆری ئــەوروپا دیتــە کاغــەزێکی بــە دەســتەوە بــوو بــە ســەرۆکی بەشــی کــوردی گــوت: دەمــەوێ ئــەو ئاگادارییــە هەڵواسم، زۆر گەڕام هیچمان نییە لە بیرۆیەکە.

ســەرۆکی بــەش: هیچــمان نییــە، ئەگــەر راشــت لێــی نیــە، ئەوە بازاڕ.

دکتــۆر لــە پــڕ هەڵچــوو، وەك ئــەوەی زۆری لــە دڵ بــێ و ئــەو کاتەشــی پــێ باشــترین هــەل بــێ بــۆ تەقاندنــەوەی هــەموو راســتییە خەفــە کراوەکــانی نێــو دەروونــی، بۆیــە بــە ڕوویــدا تەقییــەوە و بــە دەنگێکــی بــەرز کــە هــەموو خوێنــدکارانی مەمەڕەکــە دەیــانتوانی بــە ســانایی لێیــان تێبگــەن گــوتی: ئــاخر لــە هــیچ جێیــەکی دنیــا زانکــۆی ئــەوها پــەڕپوتو پــیس و بــێ ئاســتم نەدیتیــە، وەرە پــێم بڵــێ ئــەو ئاگادارییــە بەچــی هەڵواســم، بــە قــوونم، هــا؟ کــا دە بڵــێ، کــە دەمبــوز نــەبێ ئــەو وەرەقــە بــە قــوونم لــە دیــواری دەم؟ کــا تــابلۆی ســەر دیــوار؟ لــە ئــەوروپا ئاودەستیشــیان بــە تــابلۆ رازاندیتــەوە.. هــەمووتان دەوری پــۆلیس دەبیــنن، کــا دار و درەخــت و گــوڵ و باخچــەی زانکــۆ و گۆڕەپــانی پیاســە؟ کــا

گۆڤـار و زمانحـاڵی سـەنتەری رۆشـنبیری و فکرتـان، جـڕت، کولیەی ئاداب..؟ تڕحێو ئەگەر کورد چاوەڕێی ئێرە بکا.

بە رێهاتم گوت: "بەڕێکی داوێمە مزگەفت".

رێهات: وەرە واز بێنە.

سـەرم لـە دەرگـای بیرۆیـە پـیس و پۆخڵەکـە بـردە ژوورەوە گـوتم: دکتـۆر باسـی ئاودەسـتت لـە بـیر چـوو، بـڕۆن تەماشاکەن دەرێی مەسبەحە..

سەرۆکی بەش قیڕاندی: بڕۆ دەرێ، لێرە نەمێنیی.

رێهـات هەمـدیس پەلکێشـی کـردم بـۆ نـاو گۆڕەپانەکـە.. کـات نزیـك دەبـۆوە لـە کـاتی بەسـتنی کـۆڕی شـیعری.. چـووین سـەردانێکی هـۆڵی دیـاری کراومـان کـرد.. هەنـدێ لـە قوتابیـان خـەریکی پرۆڤـە بـوون لێیـان پرسـیم: خـۆت ئامادە کردیە؟

من: ئامادەم.

یەکێ پرۆڤەی پێشکەشکردنی شاعیرە خوێندکارەکانی دەکرد، لە پشت مایکرۆفۆنەوە وەستابوو، یەك دوو جارێك هەولێدا، هەلۆ.. هەلۆ.. میوانانی بەڕێز، شیعردۆستان، ئەو کاتەتان باش..

(شیعر گەردوونی بەرجەستەکردنی خەونە برۆنزییەکانی مارکس و پێکەنین و گریانی رۆحی زیندووی لینین و بەردەکەی سیزیف و خودی پشیلەیەکی زیندەبەچاڵ کراو و مەخرەجی مشکە راکردووەکانی نێو ئازاری ژیان و شتی پڕوپووچە.. شیعر چایخانەیەکی رەنگ زەرد و سیس و خەزاندۆستە، هەر کەسێك دەتوانێ تیایدا چایەی بخواتەوە، پارەش نەدا).

کە منی دیت قسەکانی بڕی و گوتی: ببوورە، هەر بەگاڵتە لە جوانیی شیعرم کەم کردەوە.. ئەگەر نا منیش پێم وایە شیعر پیرۆزە، خۆ لێم تووڕە نەبووی؟

من لەبەر سەرخۆشیی هیچی لێتێنەگەیشتبووم.

لەگەڵ رێهات چووینە دەرەوە، خۆمان نایە هۆڵێکی چۆڵ، دوای خواردنەوەی ئەو مەشروبەی کە لەگەڵ

خۆمـــان هێنابوومـــان كـــات نزیـــك بـــۆوە لـــە كـــاتی دەســـتپێكردنی كـــۆڕە شـــیعرییەكە.. بـــەرەو هۆڵەكـــە بەڕێكـەوتین، شـوێنی وەسـتانیش نـەمابوو لـە هۆڵەكـە.. گـوێم لـە دەنگـە دەنـگ و غەڵبـە غـەڵبێك بـوو، یـەكێك دەدوا، ئێستایش نازانم باسی چیدەكرد.

مـن لۆخـۆم سەرمەسـت و روح خـۆش و دەم بـە خەنـدە، بـە دەروونێكـی پرسـیارئامێز و عاتیفەیـەكی فرمێسكدۆسـت لـەنێو ئـاپۆرەی كەسـەكاندا واقـم وڕمـابوو، لـە خـۆم دەپرسی: كانێ رۆناك؟

"موئەیـەد" پێشكەشـكاری كۆڕەكـە هـەر بـەردەوام بـوو لـە باسـكردنی مـن و شـیعرەكانم.. تـا ئـەو كاتـەی رێهـات نووقرچـكەیەكی لێـدام و زنجـیرەی هـزرین لـە رۆنـاكی پـێ پچڕاندم و گوتی: برۆ كوڕم..

مـن زۆرم لـە خـۆم كـرد بـەلادانێم.. لـە دڵـەوە بـەخۆمم گـوت: نـابێ فەشـەل بێـنم.. كـوا رۆنـاك؟ بـە رەوانـی رۆیشـتم تـا گەیشـتمە پشـت مایكەكـە.. چـەند چـركەیەك وەسـتام: تەم باڵی بەسەر كەسەكانی بەرامبەرمدا كێشابوو..

چـــاوەکانم زۆر بـــە غێمـــی ئـــەو کەڤاڵـــەی بەرامبـــەرمی دەخوێنـــــدەوە.. کاژەڵـــەم قـــورس قـــورس و پێڵوەکـــانم تەمبـەڵ تەمبـەڵ دەیانوانـد.. دەسـتی راسـتەم بـردە بـەرکی پشـتەوەی پانتۆرەکـەم و کاغـەزێکم دەرێنـا و گـوتم: ئـەو شـــیعرە بـــۆ جـــووتێ چـــاوی برۆنـــزی و ئاڵتوونـــاوی و بەهەشتدۆســـت هاتۆتـــە نووســـین.. هـــەر بۆیـــەش بـــە چاوەکان پێشکەشە..

دەســتم کــرد بــە خوێندنــەوەی شــیعرەکە.. بــەڵام چــاوە رەنگاڵییــەکانی رۆنــاك رایــانگرتم.. کــە وێنــەی ئــەو گوڵــە کەوتــە پــێش چــاوم، بەرچــاوانم رۆژی لێهــەڵات.. تــەمتومان بەرامبـەر کـەڤاڵی ئـەو لەبـەر چـاوەکانمدا نـەما، بەرامبـەرم وەســـــتابوو، بـــــە زەردەخەنەیـــــەکی ژیاندۆســـــتەوە لەچاوەکانمی دەڕوانی..

کـــە لەخوێندنـــــەوەی شـــــیعرەکە بوومـــــەوە، بـــــە چــەپڵەڕێزانەوە بــەڕێیان کــردنم.. لــە چــاوەکانی رۆنــاکم روانییـــەوە، کـــە نیگاکـــانم گرتـــە دەســـتەکانی، دەســـتەکانی وشـــکەڵاتوو، رەقـــەڵاتوو، نەیانـــدەتوانی خـــاوەنی هـــیچ بزۆزییـك بـن.. لـە نـاوەوەی خۆمـدا هـزریم، رەنگـە چـەپڵە

دادی ئـەو موشـتاقیەی نێوانمـان نـەدا! مـن گەڕامـەوە تـەك ڕێهـات.. ڕێهـاتم لەگـەڵ خۆمـدا بەکێشـکرد، شـوێنێکم لـە هۆڵەکـــەدا دۆزییـــەوە، لـــەوێ چـــاوەکانم بەرامبـــەر بـــە چـاوەکانی ڕۆنـاك بـوو.. بـە ڕێهـاتم گـوت: ئـا ئێـرە تـەواوە. ناو گلێنەکانی دەبینم.

پاشـە مـن، یـەکێ لـە قوتابیـەکانی بەشـی ئینگلیـزی چـووە پشـــت مایکرۆفۆنەکـــە بـــۆ خوێندنـــەوەی شـــیعرەکەی..من لەبـــەر ئـــەو ئـــەنتیك و فـــیردەوس و گوڵـــەی بەرامبـــەرم گوێیـــەکانم توانســـتی بیســـتنیتن نـــەمابوو، چـــاوەکانم مەست..مەســـــت.. مەســـــت.. خـــــەریکبوون وەك شـــــێت ڕاســـتییەکان بـــۆ ژیـــان بـــدرکێنن.. تـــیری چـــاوانم گرتـــە چاوانی ڕۆناك..

چـرکەیەك.. دەقەیـەك.. دە.. هـەر بـە چـاو گـوتم: بـڕۆ دەرێ.

وا لێمـی ڕوانـی کـە ئـەو بـیر دەکاتـەوە، چـەند دەقەیـەکی کـەم بـەو شـێوەیە مـا، لـە پـڕ بڕیـاری کۆتـایی خۆیـدا و پێشنیازەکەی منی جێبەجێ کرد و هۆڵەکەی جێهێشت.

**من دوای کەوتم.**

**ڕێهات: کێوە؟**

**- ئێستا دێمەوە.**

**لەبەر دەروازەی هۆڵەکە نازدار رایگرتم و گوتی: دەستخۆش بۆ ئەو شیعرە جوانە..**

**- سوپاس.**

**-کێوە؟**

**- تەوالیت..**

**کە چوومە گۆڕەپانەکە، بە وردی و هەڵچوونەوە لە پانتایی ئەو گۆڕەپانە ورد بوومەوە.. رۆناکم لەژێر درەختە تاقانەکەی کۆلێژ کەوتمە بەر دیدە.. گەیشتمە لای.**

**پێمگوت: دەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم.**

**بەزەردەخەنەوە گوتی: ببوورە حەزناکەم کەس بە یەکەوەمان ببینێ.**

گـــوتم: کـــەس؟ چ عەلاقـــەمان بـــە خـــەڵکی هەیـــە؟ خۆشمـــــدەوێی.. خۆشمـــــدەوێی.. هــــەتا هــــــەتایێ خۆشمدەوێی..

عاشـقتم.. دەتپەرسـتم.. خەنـدە لـە چـاوانی رۆنـاك دەبـاری لەگـــەڵ ئـــەوەش گـــوتی: ببـــوورە، نـــاتوانم زیـــاتر لێـــرە بمینێمـــەوە.. ســـەیرێکی چـــاوەکانمی کـــرد و بـــن نســـێی درەختەکــەی جــێهڵاو بــە تــەنیا بــە جێیهێشــتم و بــەرەو هۆڵی کۆڕەکە بە ڕێکەوت.

مـــن رۆیشـــتم و پشـــتم بـــەو درەختـــە تاقانەیـــەدا.. بـــە دۆشـــداماوی و رەشـــبینییەوە بـــە شـــەمەندەفەری فـــەنتازیا گەڕامـەوە نێـو کایـەکانی بیرگـە (کـورم بازنـە، بازنـە، بازنـە، بەزانـــدنی ســـنووری زێـــڕینی بازنـــە تـــاوەری کەســـایەتی تـــەفروتونا دەکـا، جوانییـــەکان ناشـیرین و ســەرە بــەرزەکان نەوی دەکا، تەونی پەیوەندییەکان لەت لەت دەکا)..

- راست دەکەی دایکی ئازیزم راست دەکەی..

مــن هێــدی هێــدی غلۆربوومــەوە نێــو گەڕەکــە مانــدووەکانی زاکـیرە.. لــەو کاتــەدا لــەناو ئــاپۆرەی هــزرین و ئەندێشــە و

مــــــەراق و فـــــەنتازیا و خەونەکانمـــــدا خولـــــدەخوارد.. دەمویسـت بـۆ چـرکە زیباکـانی نێـو زاکـیرەدا بگـرییێم.. یـان بـیرم لــە چــەند یــادەوەرییێکی نــۆژەن دەکــردەوە کــە تــازە روویانــدابوو (ئــەو دەمــەی شـیعرم خوێنــدوە لــە بەرامبــەرم وەســـــتابوو، لەگـــــەڵم پێدەکـــــەنی، هەســـــتم دەکـــــرد خۆشـیدەوێم، ئـاخر ئـەو خـۆی وا نیشـاندام کـە بـە منـەوە پەیوەستە).

مـن هـەر لـە بیرکردنـەوە و رەشـبینی و توانـەوە و تلانـەوە بــەردەوام بــووم.. کاســەی ســەرم تونــد تونــد وەك تــۆپ، وەکــو گــۆی زەوی لــەنێو لەپــەکانم وازی پــێ دەکــرد کــە رێهــات رایچــڵەکاندم، دەســتێکی بــۆ درێــژ کــردم و گــوتی: چـییە دەرێـی بەرینـەدای؟ یـان دیسـان بـەزم و فیلمەکەیـە؟ دەی بەوە دڵگیر مەبە تۆ فێری رەفزبووی.. پێی راهاتی.

گــوتم: خەریکــە ســـەرم دەتـــەقێ.. زۆر نـــەماوە لەپێســـتی خۆم دەرچم..

رێهـــات پەلکێشـــی کـــردم.. چـــووینە یانـــەی کۆلێـــژ، هەسـتمکرد زیـاد لـە پێویسـت سەرخۆشـم، بـە رێهـاتم گـوت:

گــەوادی گــەورە، دەبیـــنم ئـــەو هــەموو جنـــە سەرخۆشـــی نەکردی؟

گــوتی: منـــیش سەرخۆشـــم، بـــەس هـــی تـــۆ کاریگـــەری عەشـــقە.. ئـــا، هاتـــەوە بـــیرم، لێـــرە نـــەبزوێی دەچـــم دوو _سێڤن_ی دەینم..

رێهات و ئەحمەد رانیەیی بەیەکەوە گەڕانەوە..

ئەحمــەد بــە پێکەنینــەوە گـوتی: ئـەوا لێرەیـت؟ دنیامـان لـە دواتـــا کـــردوە.. پیرۆزیشـــە، بەڕاســـتی مـــن زۆر رام لـــە شیعرەکەت بوو.

رێهات: لۆ ئەویدی پێناریێی؟

ئەحمــەد: کــورە وازیــان لێبێنــە.. بــا هــەر بــۆ خۆیــان وەکــو سەگ بحەپن.

من: چ بووە؟

ئەحمــەد: کــورە هەنــدێ حەســود و موفلیســی رۆشــەنبیری و شیعرن و هیچیتر نا..

- بـزانم چ بـووە؟ کـێن ئـەو لات و پاتانـەی لـە رۆشـەنبیری هەژاران.

ئەحمـــەد: کاکـــە گیـــان ئـــەوە نـــەبوو هـــەر مامۆســـتا و شـیعرێکی هەڵسـەنگاند، خـۆت دەزانـی ئـەوەی شـیعرەکانی تـۆی هەڵسـەنگاند، ئـا نـازانم چـۆنی بڵـێم- ئـا.. ئـا نـەختێ موباڵەغـەی تیـا کـرد، بـە تایبـەتیش کـە گـوتی: لێـرە بـەدواوە، دوای ئـەو شیعرەی کـە ئـەمڕۆ گوێمـان لێیبـوو، تـۆ قـۆرخی گۆڕەپانەکـە ئەکـەیت و ئـەوانی بـەر لـە خۆشـت بـەرەو دۆزەخ رەوانـــە کـــردووە.. خـــۆت ئاگـــات لێبـــوو چـەنێکی پیـا هەڵـدای.. ئـێ لـە پـاش ئەمـە بۆتـە مقۆمقـۆ لـەنێو خوێنـدکارانا، هەنـدێ ئـەڵێن: دەعـوەتی کـردووە، هەندێ ئەڵێن: پارەی داوەتێ و ...تاد.

فیتەیێکم لێدا..

رێهات: تڕحێو لەو شاعیرەی..!؟

گـوتم: ئـەو کاتـەی مامۆسـتا بـە باشـە باسـی شـیعری مـنی کـرد، مـن لـە ئاودەسـت بـووم، بەڕاسـت ئـەو کـات رۆنـاك لەوێ بوو؟

ئەحمەد: بەدەردی ئێوە ئەڵێن (هاتینەوە سەر مەسەلەی یاسینی گۆلکێ)..

-ئەحمەد گیان، راستیی ئەورۆ هەر بۆ رۆناك ئەو شیعرەم لە بارەکەی نزار نووسی، هەر بۆ خاتری ئەویش بوو کە شیعرم خوێندوە..من هەموو شتێکی وەك خەیاڵ و خەون و ئەندێشە و زام و فەنتازیا و سۆز و پێکەنین و ئێستەتیك و..هتد بێترس و بەو پەڕی بوێرییەوە لەپێناو رۆناك دەنووسمەوە.

لە یادمە بەخۆمم دەگوت: ئەگەر ژیان پڕ بێ لە یاسا و پۆلیس و رێسا و عورف و سنوور و دەستوور و بازنە و چەکوشی بەرزکراوە و شیشەی زیندان و حەیا، با من لە شعیردا هەموو پیرۆزییە ناخۆڕسك و هەموو کفر و گوناحە دەستکردەکان گڕتێبەردەم و تاوەری حەرامە دەستکردەکانیش هەپڕوون بە هەپڕوونکەم، دەزانم ناتوانم بە شیعر، بستێکی چارەنووس لە جوگرافیای واقیع بگۆڕم، وەلێ بە لایەنی کەم شیعر بۆ من دکارێ ببێتە هالاو و ژیلەمۆی زەمەنێکی گەرم و روحێکی گەرم بە دەروونێکی سەهۆلاوی ببەخشێتەوە..

شـــەونخوونیم کـــرد.. خوێندمـــەوە.. عاشـــقی وشـــە بـــووم.. -ڕۆنـــاك- هەنـــدێجار دڵتـــەنگی دەکـــردم.. جارناجارێـــك هێـــزی پێدەبەخشـــیم.. دەیگریانـــدم.. منـــیش گریانـــەکان و ئەشـــك و ئومێـــد و هەســـت و نەســـتم دەنووســـییەوە تـــا ئـــەو کاتـــەی بوونە نامیلکەیێکی بچووك، چاپ و بڵاومکردنەوە.

لـــە یانـــەی کۆلێـــژ- ڕۆنـــاك- لەســـەر مێزەکـــەی بەرامبـــەرم ڕۆنیشـــتبوو، کتێبـــی شـــیعرەکانمی لـــە نێـــو دەســـتدابوو، لەگـــەڵ خوێندنـــەوەی هـــەر دێرێـــك گروپێـــك وردە نیگـــای شـــەرمنی ئاراســـتەی چـــاوەکانم دەکـــرد.. مـــن بـــە دیـــالۆگی چـــاوەکانی و تێگەیشـــتن لـــە چـــاوەکانی ڕاهـــاتبووم.. بۆیـــە کـــە ئـــەو جارەیـــان لێمـــی ڕوانـــی مـــن تێگەیشـــتم کـــە چـــاوەکانی دەڵـێن: ئەگـەر مـن ببـێ بـەو هێشـتا هـەر بـەو ڕۆمانسـییەتە جوانـــە دەملاوێنیتـــەوە؟ ئایـــا مـــەودای بڕکردنـــی ئـــەو وشـــانەی کـــە بـــۆ منـــت نووســـیوە تـــا کـــوێن؟ لاواندنـــەوەی ئەبـــەدین یانـــەخۆ گەمـــەی زمـــان و دەســـتەمۆ کردنـــە؟ ئـــەو کاتـــەی کـــە دێمـــە باوەشـــت هـــاڵاوی ســـینە و ڕوحـــم لـــە ڕوح و ســـینەت مۆمیـــا دەکـــەی، یـــانیش وەك هـــەر پیـــاوێکی دیکـــەی ئـــەو دەڤـــەرە لـــە کـــاتی گەمـــەی ســـارد و ســـڕ و ســـەهۆڵاوی

شەوانە فەنتازیا بە ژنێکیدی دەکەیت و دوای ئارامی و ڕەحەتبوونیش، ڕووت وەردەگێڕێت و بە نادڵی و بێزاییەوە شەوشادم لێدەکەیت؟

من بە چاوەکانم وەڵامیم دەدایەوە: نا گیانی من نا..جیام لەو پیاوانەی کە لە عەشق تێناگەن..

پاش چەند هەفتەییێك.

هەمدیس بەرامبەر بە یەك ڕۆنیشتبووین.. وەکو ئەوەی یوگا بکەین بەرامبەر یەك لە کۆنسنتراتسیوندا بووین.. لە قووڵایی چەند میلێك لە ڕامان و ڕۆچووندا هەڵمانەدەکرد، خەیاڵ هەردووکمانی بردبوو، بەرەو کوێ؟ بەرەو چ؟ نازانم..

ڕێهات گەیشتە لام، دەستەکانی پانکردەوە و شانەکانی نەختێ بزواند و گوتی: پێمبڵێ کوڕم، ئەتو تێکچووی یان ئەو؟

گوتم: نازانم.. لۆ؟

- عەیبە کوڕم کەس نییە نەتانبینی..

- ئا ئێستا تێگەیشتم.. ڕەنگە هەردووکمان شێت بین..

- لەعنەتی خوای لێدا.. یان تەماشات نەکا، یانیش با ڕەفزت نەکا!

- قسەکانت مەعقولن.

- خۆت کۆکەوە بچینە هۆڵی میدیا..

من: بۆ؟

ڕێهات: ئێ زۆر باشە، من زەوقم هەستایە بخۆمەوە، ئەتۆش شیعر ناخوێنیەوە بێ خواردنەوە، کەوابی با بچینە - تاوەر -.

- خوا بکا زەوقت هەر بە تەنیا بۆ خواردنەوە هەستابێ.

چووینە بارەکەی هوتێلی تاوەر.. دوای مەستییێکی تەواو بۆ هۆڵی میدیا.. بڕیابوو دە شاعیر شیعر بخوێننەوە، لە شاعیرێکی تەمەن سەرووی شەستساڵی تا نۆزدە ساڵییێك کە من بووم.. مەزندە دەکرا بۆ کۆڕێکی وا گەورە بە لایەنی کەم هەزار کەسێك ئامادەبێ، کەچی لە

هۆڵەکـەدا زیـاتر لـە بیسـت کـەس نـەدەبینرا! وا دیـار بـوو هەر شاعیرە و کەسێکی لەگەڵ خۆی هێنابێ.

کـە نـۆرەی مـن هـات، مـن بـە خوێندنـەوەی نیـو دەق وازم هێنا.. گەڕامەوە لای ڕێهات.

مـن هـەر لـۆ خـۆم لـە ژیانمـدا خـووم بـە ئاوڕدانـەوە و چـاوگێڕانەوە گرتـووە.. لـەناو هۆڵەکـەدا دەمنادەمێـک ئـاوڕێکی پشـتەوەم دەدایـەوە، کـە ئـەو جارەیـان سـەیرێکی کورسـییە بەتاڵـەکانی لای پشـتەوەی هۆڵەکـەم کـرد، تارمـاییێ لـە نێـو تاریکـایی سـەرنجی ڕاکێشـام.. ویسـتم لـە ڕاسـتی مەزنـدەی چـاوەکانم تێبگـەم، ویسـتم پەرۆشـی و فـەنتازیا و تێنوویـەتی و مـەراق چەواشـەم نەکـەن و لـە ڕاستیی ئەو کەڤاڵە سەرنجڕاکێشە تێبگەم

-ڕێهات.. ڕێهات، ئەوە ڕۆناك نییە؟

ڕێهـات تەماشـیێکی کـرد و نـەختێ ڕامـا و گـوتی: لـۆ هـەو نییە؟ هەستە غاردە با ببیتە ڕەفزی سێیەم.

- باش بێ دڵێت ناکەم.. هەتا قسەی توو دەشکێنم، سەد جار ملی شەیتان دەشکێنم..

بە ترس و بوێرییەوە چوومە لای، زەردەخەنەیەکی پرسیارئامێزی بۆم کرد، من بێدرۆنگی و سۆربوونەوە چوومە سەر کورسییەکەی تەنیشتیی و بێ ئەوەی تەماشای ئەو بکەم کەوتمە دوان: بە خێر بێی بۆ نێو دنیای تاریکیی و شیعر و حەقیقەت.. بەخێر بێی ئەی شازادەی ئەوین. ئەی سەیادی دەستەمۆ.

بە تیغی چاوانم لە رۆناکم روانی بۆ ئەوەی وەڵامێکی لێوەرگرم، کەچی لە زەردەخەنەیەکی راستەقینە بەولاوە نەمتوانی هیچ ئایەتێ لە رووخسارە نوورانییە، وەحشەتئامێزەکەی بخوێنمەوە..

من رێگام بەخۆمامدا لە پەیڤین بەردەوام بم: هۆ گوڵە شکارزادەکە بۆ نابێ ئەو زەمەنە کورت کورتەی وجودمان بە کار بێنین بۆ ئەوەی بتوانین شادمان شادمان تێیدا هەڵبکەین؟ گیانە دەزانی رۆژێ دادێ بێئەوەی پێڕابگەین جەنتای سەفەرمان تێک نێین،

شـەمەندەفەری تەمـەن لـە وێسـتگەکانی فـەنا هەڵمانـدەدا.. بێئـەوەی کەسـێ بشـێ نهـێنی ژوانـەکانمان بـۆ بـدرکێنێ ئێمـە لـە لـۆژیکی رۆژێکـی هـەورین و غـەمگین دەبـێ سـەفەر بکـەین بـەرەو خـۆڵ.. بـەرەو نادیـارییێکی ئەبـەدی.. ئێمـەی لات و پـەڕپووت و بـێ دەسـەڵات سـەفەر دەکـەین بـەرەو بازنـەکانی عـەدەم، ئیـدی توانسـتی گەڕانـەوەی نـاو کایـە تێنووەکـانی ئـەو شـتە تەمـەن کورتـەمان نییـە کـە پێـی دەڵـێن (ژیـان)، ئـاوڕدەوە و بزانـە چـاوەکانم.. پەنجـەکانم.. لێوەکـانم.. سـۆز و خـەون و مـەراق و دڵ و رۆحـم چـییان داوایـە.. واز لـە بازنـە بێنـە.. واز بێنـە لـەو چوارگۆشـە پڕوپووچـە و سێگۆشـە بێقیمەتـەی دارسـتان و کۆمەڵ..

بـەدەم ئاخاوتنـەوە دەسـتی راسـتەییم خسـتە نێـو هـەردوو دەسـتەکانم و لـەو دوانـە یەکلایەنیـەدا بـەردەوامبووم: تەماشـاکە رۆنـاکیی رۆحـم، گـەرمایی ئـەو دەسـتە گـەرم و نەرمـەت چۆن رۆحـم پـڕ لـە عەشـق و سـەما و سـەفا دەکـا!؟ هـاڵاوی ئاڵتونـاوی ئـەو دەسـتە خواییـە، خوداوەنـدی موچڕك و ئاژاشکەن بۆ هێنانە ئافەریدەی بەختەوەری..

ڕۆنـــاك گیـــان، ڕێگـــام دەدەی پـــڕ بـــە قـــوڕگم هاوارکـــەم خۆشمــدەویێی؟ بــڕوا بکــە.. ئــا ســوێندم بــە عەشــق، لــەو چرکەســاتەدا پێکــەنینم بــە مــەرگ دێ.. هەســـت ناکـــەم عـومر دەدەم بــە -بــا-.. لێگــەڕێ بــا بــژین. بــا لێوەکــانم بــە خوێنــاوی لێوەکانــت تێــر و بــا بیابــان و ســارای عاتیفــەش بــە هــەوری نــاخی زێڕینــت تێــر ئــاوبێ.. چــیمان هەیــە لــەو ژیانـــە تـــاڵ و خێرایـــە لـــە دەســـتی دەیـــن؟ چـــیمان هەیـــە بیــدۆڕێنین؟ ئێمــە خۆمــان هــەر لەگــەڵ لــە دایکبوونــەوە کۆمــەڵێك وردە قوماربــازی دۆڕاویــن.. ئێمــە هــەمووومان بــێ جیـاوازی بـۆ دۆڕان لـە دایکـدەبین.. جـا دەرگـای ڕۆحـت بـۆم ئاوەڵاکە..

ئەو بە پرسیارێك هاتە گۆ: ئامادەی بمخوازی؟

- نـــەك خواســـتن، دەتخـــوازم و وەك کەعبـــەش بـــە دەوری گلێنەکانتــدا تــەواف دەکــەم.. دەمــەوێ بتکەمــە ســاباتێك، یــان چرســتانێك تــا لــەو تەمەنــە کورتــەدا، لــەژێر ســایە و نسـێتدا بحەسـێمەوە.. مـن هەسـت دەکـەم تـۆ تاکـە سـێبەری بـــۆ حەســـانەوەی ڕۆحـــی مانـــدووم.. زۆر بـــە ســـانایی

پێتدەڵێم: تۆ گەردوون و تۆ ژیان و تۆ دادوەر و بڕیاردەری چارەنووسی دڵی منی.

بەدەم دوانەوە بووین کە کۆڕەکە کۆتایی پێهات.. ڕۆناك بە نیمچە شەرمێکەوە گوتی: نامەوێ لە کۆلێژ بێیتە لام.

- ئەی چارە؟

- نازانم!

چرکە چرکی چرکەکانی زەمەنمان ژمارد تا ئەو بەیانییەی ڕۆناك بە ترس و لەرزەوە خۆی کوتایە نێو ئەو ئۆتۆمبێلەی کە بۆ ماوەی نیو ڕۆژ لە باوکمم وەرگرتبوو.

گەیشتینە سەر شەقامێکی سەرەکی.. بێدەنگیی سوڵتانی ئەو دنیایە بچووکەی ئێمە بوو، ئەو ئەتمۆسفێرەی ئێمەی تیابوو لە شانۆگەرییێکی بێدەنگی دەکرد، نەماندەویست بەو دیمەنە سیمبۆلاوییە باوەڕبێنین..

جارێــك بــە بێــدەنگیی بــە چــوار دەوری شــاردا ســوڕاینەوە، ڕۆناك بە ڕستەیەك ئەو بێدەنگیەی شكاند

-زۆر دەترسێم.

- لە چی؟

ڕۆنــاك نەیویســت وەڵامــم بداتــەوە، بــەڵام مــن تێگەیشــتم مەبەســتی ئــەو بازنــە تەســكانەیە كــە هــەر یــەك لــە ئێمــە بەشــبەحاڵی خــۆی لێــی دەترســا.. لــە دڵــەوە گــوتم: ئاســتی تــرس و ئــەرژەنگی ڕۆحــەكان لــە بازنــە لــە یــەكێك بــۆ یەكێكیــدی جیــاوازە.. ئێمــە لــە شــكانی شووشــەی حــەیا و ڕژانــی ئــاوی نــاموس و بــە هــەڵم بــوونی دەراوی شــەرەف دەترسێین، بــەڵام تــۆ.. ئــا، ڕۆنــاك گیــان تــۆ، مــن بێگومــانم تــۆ لەگــەڵ هــەموو ئــەو شــتانەیش لــەو بازنەیــە نامۆیــە دەترســی كــە بــە قەڵــەمی ســەیر و ســەمەرەی دەســتی- جەعــە خەتــەر- ـەوە كێشــراوە، مــن لــە زۆر كەســەوە ناوبــانگی جەعــە خەتــەر یــان جەعــە مــاتۆڕم بیســتووە، دەڵــێن چــاوەكانی وەك بــرین دڵــۆپ دڵــۆپ خــوێنی لێــدەتكێ، باســكەكانی لەبــەر ڕەســمــی دووپشــك و مــار و كەللەســەری

شـێر و دەوی کـراوەی پڵـنگ و چـاوانی بـاز، هـیچ شـوێنێکی نـــەماوە.. لای ئـــەو هـــیچ جیاوازییێـــك نییـــە لـــە نێـــوانی کوشـــتن و هەڵقورانـــدنی مشـــتێك ئـــاوی بەلووعـــە، یـــان گلاّسـێك ئـاوی سرووشـتی.. گـوێم لێبـوو دەیـانگوت هـەر ئـــەو جەعـــە خەتـــەرە بـــوو لـــە یـــەکێ لـــە شـــەوەکانی-بەلاشـاوە- کـامۆ چارەسـەری بردبـووە ئاقـار و لـەوێ دوای ئـــەتك کردنـــی بـــە حەربەیـــەك ســـەری پەلـــدابوو.. دوای چـــەند ســـاڵێك زینـــدانی کـــە ئـــازادکرا یەکراســـت کرایـــە ئەفسـەر لـە ئاسایشـی گشـتی.. ئێسـتاش هـەر بەردەوامـە و-تەقلە بە کەرکەدەن لێدەدا-.

رووی پرسـیارم ئاراسـتەی رۆنـاك کـرد و گـوتم: لـە کـاك جەعفەری برات دەترسێی؟

- نا، بەس ئەوە یەکەمجارە لەگەڵ غەریبێك دەردەچم..

- مـن بـە غـەریب دەزانـی؟ مـن ئـەو کەسـەم کـە بـۆ تـا هـەتایی دەبم بـە بەشـێکی دانـەبڕاوی جەسـتەی شـیرین و دڵی شیرین و رۆحی شیرینت.

کەشـــێکی ســـۆزاوی ڤیاندۆســـت و ژیاندۆســـت، ســـەقفی خێـوەتی دیالۆگمـان بـوو، کـە ئێمـە خۆمـان لەسـەر ڕێگـای هەولێر- پیرمام دۆزییەوە..

ڕۆنــاك گــوتی: نــابێ بچــینە شــەقڵاوە، جــەلالی بــرام لــە ئاسایشـــی ئـــەوێ دەوام دەکـــا.. جەعفـــەری براشـــم بـــرادەری زۆری لەوێندەر هەیە.

لە ترسی "جەلۆ وایەرمەن"ی برای، چوومە- هەنارە-.

"هـــەنارە" لـــە تـــابلۆییێکی جـــوان و ناســـکی بێخزمـــەتی دەکـرد، ڕەنگـی سـەوز باگڕاوەنـدی ئـەو کەڤاڵـە بـوو، لەوبـەر شـــەقامی ســـەرەکی هەنـــدێ درەخـــت پـــەلوپۆ و گـــەڵاکانیان تێکئاڵانـــدبوو.. ئەوەنـــدەی لـــە پەنجـــەرەی ئۆتۆمبێلەکـــەوە لـــەو دیمەنـــەم ڕوانـــی کەســـێکم بـــەدی نـــەکرد.. بۆیـــە بـــە هێواشـــی لـــەلای ڕاســـتی شـــەقامی ســـەرەکی ئۆتۆمبێلەکـــەم پارك کرد..

ئێمـــە دانەبـــەزین، هـــەر لـــەناو ئۆتۆمبێلەکـــەدا قســـەمان دەکــرد.. باســی ڕابردوومــان کرد..باســی ئێســتا.. هەوڵمانــدا ئاینــدە بخوێنینــەوە.. باســی خــوا و زەمینمــان کــرد.. باسمــان

لــە ئەندێشــە و خــەون و برینــەکانی دوو عاشــقی موشــتاق دەکـرد و داخـی خۆمـان سـەبارەت بـە شـەقار شـەقار بـوونی رۆحـی ئـەو عاشـقانە دەردەبـڕی کـە ئێمـە ئاسـا نـاتوانن شـادمان شـادمان بـە بـەختیاریی لەگـەڵ یـەك و دوو بـەدەم بزەیـەکی ئـازاد و گۆڕینـەوەی هەسـتی جـوانیی و وەفـاوە، ژیـان بگـوزەرێنن.. دەمانویسـت لاف و گـەزافیش بەسـەر ئـەو دڵـدارە نـامۆ و غەوارانـە لێبـدەین کـە نـاتوانن وەك ئێمـە بـە بـوێری، بۆتـەی تـەواوی بازنـەکانی ئـەو مێـژووە تێك و پێك بشکێنن.

مـن ملوانکەیـەکی زێـرم لـەنێو گیرفـانم دەرێنـا دڵێکـی پێـوە بـوو، خەناوکەکـەم بـەرز کـردەوە دڵەکـەم هێنایـە ئاسـتی چـاوانم و لێگـەڕام هـەر خـۆی ئەمسـەر و ئەوسـەر بکـا.. بـەدەم روانـینی دڵەکـە، بـە رۆنـاکم گـوت: گوڵـە جوانەکـە هەسـت بـە ئـازادییێکی بێسـنوور دەکـەم، هەسـت دەکـەم مـن بەختـەوەرترین عاشـقی ئـەو مەملەکەتـە سەرلێشـێواوەم.. ئێسـتا هەسـت دەکـەم لـە نێـو خـەرمانێ ئـەڵماس و ئـاوەدانیی گـۆرانی بـۆ سـەرزەمین دەچـڕم.. بـە کـورتی ئێسـتا هەسـت بـە بـوون و بـەها و ئێسـتەتیك دەکـەم..

تەماشــا.. تەماشــاکە چــەند خۆشــە بــەر لــە فــەنابوون و ماڵئــاوایی و عــەدەم دەســتی دڵان تێــك بئــاڵێن، نهــێنی چــاوان و رازی پــەنجان بــە بــەر ســۆمای جــەللادەکانی ئەوین بانگەشە بکرێ..

رۆنــاك بــە رووخســارێکی گــەش قســەکانمی بــڕی و گــوتی: ئــەو کاتــە هــەموو گــوڵ و گیابەنــد و باخچــەکانی رۆحــی منــت دەســت دەکــەوێ کــە بــە جلــی ســپی بــە تــەك خۆتــەوە بمبینی.

گوتم: واتا زوو بێمە داخوازیت..

بزەیەکی کرد و گوتی: ئارەزووی خۆتە..

مــن خەناوکەکــەم لــە گــەردەنی کــرد و گــوتم: بــۆ ئــەوەی هــەموو کــات بــە گەردەنتــەوە هەڵواســراوبم.. ئــەی ســەڵیبی من.

گوتی: تۆ لە دڵمدای.

دەســتم بــۆ پرچــی بــرد، ویســتم ئــەو پەپوولەیــە بگــرم کــە خــەریك بــوو لانــەی لــەنێو قژیــدا چێدەکرد.. پەپوولەکــە

هـەڵفڕی.. بـەڵام مـن دەسـتم هـەر لـەناو تـاڵ تـاڵی پرچـی مـابوو.. حــەزم بــە یــاریکردن بــوو لەگــەڵ تاڤگــەی حــەریراوی قــژی، هــەر بۆیــە ویســتم بــە دەربــڕینی حەقیقــەت و گوزارشــت کــردن لــە بۆچــوونەکانم غــافڵی بکــەم، قامکــەکانم لــە پرچــی ســەرح و درێــژ و ئاڵتونــاوی لوولــدا و گــوتم: دەبــینی؟ کــە نــاوی گــوڵم لێنــاوی زێــدەڕۆییم نــەکردوە.. ئەوەتەیــە پەپوولــەش نــاتوانێ بــە گوڵــت تێنــەگا.. مــن بێگومــانم پەپوولــەش لــە هەڵبــژاردنی لانەی لە نێو پرچی زێڕینتدا هەڵەی نەکردوە.

مــن خــەریکبووم هێشــتا لــە دونــد و ترۆپکــی چــیایێك راســـتگۆییەوە، لـــە حەلحەلـــە و کەشـــکەلانی زەمـــەنی بەختەوەرییـــەوە، کـــۆلارەی پـــەنهان و نهێنییـــەکانی بـــۆ هەڵدەمـــە ئاسمـــانی عەشـــقەوە کـــە لاندرۆڤـــەرێکی عەســکەری تــەریبی ئۆتۆمبێلەکــەی ئێمــە وەســتا.. زوو زوو چــوار دەرگاکــەی خرایــە سەرپشــت و چــوار بــەراز و گوریلەیــەکی لێهاتــە خــوار، بــووە هــەلای راکێشــانی کلاشـینیکۆڤ و - ئـار بـی جـی- خسـتنە سەرشـان.. دوو لـە بــەرازەکان لــەپێش ئۆتۆمبێلەکــەمان وەســتان، دوو

بەرازەکەیدی لە پشتەوە.. گوریلەکە لێمان هاتە پێش.. رۆناك بە حەپەساوی و سەرسوڕمانییەوە بە دەنگێکی نیو بڵند چریکاندی.. من دەستەکانیم توند گرت و گوتم: نەترسی دڵم، هەموو شتێ بەرەو ئاسایی بوونەوە دەڕوا.

کە لە گوریلەکەم روانی باوەڕم نەکرد.. هەندێ لێی وردبوومەوە، چاوەکانمم هەڵگلۆفی و کەللەی سەرمم کەمێك راهەژاند، ئەی خودا ئەو گوریلە گەورەیە چییە؟ گوریلەکە هێدی هێدی نزیك دەبۆوە، رانك و چۆغەرێکی خاکی لەبەردابوو، نیوەی دەمانچەیەکی تۆپلی رەشیشی لە ژێر پشدێنە رەشەکەی وەدەرنابوو.. هێندە رامام، چاوەکانم ئەبڵەق ئەبڵەق بە سەرسوڕمانییەوە دەیانڕوانی، لە خۆمم پرسی: کوا..؟ بڕوا ناکەم گوریلەی لەو بابەتە لە هیچ شوێنێکی سەرزەویدا مابێ.. ئەی خودایە ئەوەیان گوریلەیە یان دەیناسوور؟ بەژن بڵند، تورە و مووین، تەماشاییێکی بەرازەکانیشم کرد: ئای لەو رووخسارە هاوشێوانە، دەڵێی جمکن! هەموویان لێك دەکەن.. زۆرم لە خۆم کرد بەو

دیمەنــە بــاوەڕ بێــنم کەچــی هــەر لام ســەیر بــوو گوریلــە و بــەرازەکان ســەیارە بــاژۆن و وەك ئێمــە بتــوانن جلــی کــوردی لەبــەر بکــەن و وەك مــرۆڤ جگــەرە بکێشــن و چــەکداریش بــن.. لــە هــەموو ئەوانــەش نــامۆ و غــەریبتر ئەوەیــە کــە بــە زمانی ئێمە قسە بکەن.

بــەرازێك بــە کــوردی هــاواری کــرد: پــێش ئــەوەی جوولەیــەك بکەن شەهادەیەك لەسەر رۆحی خۆتان بخوێنن.

گوریلەکــە باســکی مــووینی هاوێشــتە ســەر پەنجــەرەی لای من و بە پێکەنینەوە گوتی: منیش دەکەم؟

مــن هەنــدێ هــزریم، بــاوەڕم بــە خــۆم هێنــا کــە مــردن وێســتگەیێکە هــــەمووومان پێیدەگــــەین ئینجــــا زوو یــــا درەنــگ، بۆیــە بڕیارمــدا بــێترس هــەموو شــتێ لەگــەڵ ئــەو گوریلەیەدا بڕێنمەوە..

گــوتم: چ دەکــەی؟ واز لــەو قســە ســەخیفە بێنــە.. مەگــەر بەسەر تەرمی مندا پاز بدەی.

بــەرازێك وا دیــاربوو لەوانیــدی زیــاتر دەســتی دەڕۆیشــت لای گوریلەکـە، قـوومێکی قـووڵی لـە هاڤانەکـەی لالێویـدا و لـــە پەنجـــەرەی ســـەکنەوە باســـکە کـــورت و تـــورت و گۆشـــتینەکەی بـــۆ گۆنـــای رۆنـــاك درێـــژ کـــرد.. رۆنـــاك قیژانـدی، مـن هاتمـە خـوار و بـە غـارە غـار تـا گەیشـتمە لای بەرازەکـە و پـاڵێکم پێوەنـا و گـوتم: بڕۆنــە دەرێ لــە وڵاتــی ئێمـە، ئێـوە کـێن؟ مـن هـەرگیز هەسـتم بـە بـوونی بـەراز و گوریلــەی وەك ئێــوە دڕنــدە نــەکردووە لــەو وڵاتــە جوانــەی ئێمەدا..

بـەرازێك لـەو لاوە هاتـە پـێش، - ئـار بـی جـی-ـەکەی خسـتە سەرشـان و بەرامبــەر مــنی راگــرت، بــە کینــە و تــووڕەییێکی لـە رادەبـەدەرەوە رووی لـە گوریلەکـە کـرد و گـوتی: گـەورەم رەشـــیکەمەوە؟ گوریلەکـــە دەســـتێکی بـــەرز کـــردەوە: لێیگەڕێ هێشتا نامانناسێ بۆیە فشە فش دەکا..

گـوتم: ئێـوە کـێن؟ بۆچـی لـە قسـە و پۆشـاك لاسـای ئێمـە دەکەنەوە؟ ئێوە لە کامە حیکایەت پەڕیونەتە ئێرە؟

گوتم: دەبێ ببوورن، لە شوێنێکی هەڵەن، ئێرە شوێنێکی ڕاست نییە بۆ ئێوە.. دواتر بۆچی یەخەی ئێمەتان گرتووە؟

گوریلەکە پڕ بە قوڕگی پێکەنی و گوتی: هەی کەر، وا دەزانی کە خۆت گێل دەکەی ئێمەیش گێل دەبین؟ کا پێمبڵێ لەو چۆلەوانییە چ دەکەیت لەگەڵ ئەو پەرییە جوانە؟

گوتم: عەشق.. خۆشەویستیی.. دەمانەوێ لە جوانییدا بژین، دواتر ئەوە ژیانی ئێمەیە خۆمان لێی بەرپرسین.

بەرازێك قسەی پێ بڕیم و ڕووی تیری تانەی لە ڕۆناك کرد و گوتی: ها خانم هەنارە خۆشە؟

ڕۆناك: چتان دەوێ..؟ ڕێگاتان بگرن.

گوریلە: دەتانەوێ بە تەنیا لێرە جێتان بێڵین؟ حەقی خۆتانە، منیش بم هەر وەك ئێوە بیر دەکەمەوە.. بەڵام وەك گوتم.. یان بە خۆشیی ڕێگا بە ئێمەش دەدەن کاری خۆمان لەگەڵ ئەو پەرییە بکەین یان دەتانگرم..

مـن یەکڕاسـت بـیرم بـۆ حیکایەتـەکانی "پلـە ئامـان" چـوو، ئـا ئـەو حیکایەتانـەی بـاس لـە ورچ و مـرۆڤ دەکـەن.. ورچـی نێـر بـۆ خۆیـان ژن و ورچـی مـێش پیـاو دەبەنـە ئەشـکەوت و دەسبەسـەری دەکـەن.. ئیـدی ورچـەکان ئەتمۆسـفێرێکی ئیرۆتیکـی بـۆ مـرۆڤ دەهێننـە ئافەریـدە و خـەم لـە پـەیاکردنی خـۆراك دەخـۆن بـۆ مـرۆڤ.. مـن کـاتم نـەما لـەناو یادگـەدا زێـتر هەڵبکـەم بۆیـە بـە گوریلەکـەم گـوت: بـۆ دەمانگریـت؟ بـە حـوکمی لێپرسـاویت خـۆ دەبـێ تـۆ هەنـدێ جیاوازیت لەگەڵ بەرازدا هەبێت..

گوریلـە: بـۆ نـەتانگرم، دەزانـی ئێـوە چ سەرپێچـییەکی گـەورەی دژ بـە یاسـاتان ئەنجامـداوە!؟ کـەس بـووە بـە رۆژی روونـاك لـە هـەنارە عەشـق بکـا؟ چ جـار گوێـت لێبـووە کـوڕ و کـچ بـە تـەنیا لـە چـۆڵەوانیدا مـاچ بگۆڕنـەوە.. ئەوانـەش هـەمووی لـە لایـەك ئـەی کـە داوای حـەقی خۆمـان دەکـەین بۆچی رازی نابن..

گوتم: گووی بخۆ لەگەڵ حەقەکەت..

بـــەرازێك هـــاواری كـــرد: گـــەورەم بـــا تـــەخت و تـــاراجی بسووتێنم..

بەرازێكیدی: بۆ منی لێگەڕێن، خۆم تەختی دەكەم.

ڕۆنـــاك گـــوتی: بتەقێنـــە بـــۆ وەســـتاوی ئەگـــەر پیـــاو بـــن دەســـتتان نالـــەرزێ و دەیتـــەقێنن..؟ دەزانم هـــیچ یاســـاییێك بـۆ ئێـوە نییـە، كەسـێك نییـە بتانوەسـتێنێ.. كـوا یاسـا و كـوا ئازادی؟

گوریلـــە: یاســـا!؟ هێشـــتا ئێـــوە باســـی یاســـا دەكـــەن.. گـــــــەورەترین دوو تاوانبـــــــار و گوناهبـــــــار و دوو سەرپێچیكەری ئەو زەمەنە ئێوەن..

گوتم: ئێستا چیتان دەوێ.. دەتوانن راشكاوانە بیڵێن؟

گوریلـە: دەمـەوێ ئـەو پەرییـە دابـەش كـەین لـە نێـوانی مـن و تۆدا..

ڕۆنـــاك لـــە وەڵامدانـــەوە پـــێش مـــن كـــەوت و بـــە رووی گوریلـەدا تەقییـەوە و گـوتی: بێشـەرەفینە.. بـێ ئـەخلاق و

بـــێ ویژدانینـــه.. بـــەڵام کـــوا ئـــاژەڵ لـــە مانـــای حەققـــە تایبەتییەکانی مرۆڤ تێدەگا! مردن بۆ ئێوە باشترە..

گوریلـه: کـەوابێ بـا بـڕۆین بـۆ ئاسایشـی گشـتیی.. بـزانن تـا لـــە ژیانـــدا مـــاون جارێکیـــدی خـــۆر بـــە چـــاوەکانتانەوە دەبیــــــنن؟ زەلیلــــــی و ئەشــــــکەنجە و کڵــــــۆڵی دەکەمـــــــە هاودەمتـــان.. لێناگـــەڕێم جارێکیـــدی مـــانگ لـــەو ئاسمانـــە شینەدا بە چاوی خۆتان ببیننەوە..

گـــوتم: بـــۆ کـــوێ؟ ئاسایشـــی گشـــتیی! بـــۆ دیـــارە هـــیچ پەیوەنـــــدییێك لــــە نێــــوانی ئێــــوە و مرۆڤــــەکانی ئــــەو مەملەکەتەدا هەیە..؟

رۆنـاك باسـکمی گـرت و بـه دزییـەوە گـوتی: بەسـه نـەك زیاتـر تووڕە بن..

مـن چـاوەکانم سـەر لـە نـوێ هـەڵگلۆفی، ویسـتم لـەو کایـەدا دەربـازمبێ کـە دەمێکـە تێیـدام.. کەللـەی سـەرمم راهەژانـد، دەنگێـك سـەرنجی راکێشـام و گـوتی: بـەرازی بـۆرە وەرە، بـا ئێمە لەگەڵیان بین و ئەوانیدیش دوامانکەون..

بەرەو ئاسایشی گشتیی پایتەخت بەڕێکەوتین.. لە نزیك ئاسایش ڕۆناك گوتی: لەوانەیە ئێستا عەمید جەعفەریش لەوێ بێ..

گوریلە: عەمید جەعفەر کێیە؟

گوتم: کاك جەعە خەتەر.

پرسی: چی ئێوەیە؟

ڕۆناك: برامە..

لە ئاوێنەکەوە لە پشتەوەم ڕوانی.. ئەوان بە بێدەنگی لە یەکیان دەڕوانی.. دوای چەند چرکەیەك بێدەنگیی، گوریلەکە پێی گوتم: لادە.. زوو زوو.. لادە.. فەرمانی وەستانت پێ دەکەم، لێرە بوەستە..

گوتم: لۆ؟

گوتی: ئەدی دوو سعاتە لۆ نالێن کە ئێوە خزمی کاك عەمید جەعفەرە خەتەرن.. بەس ئەگەر دەزانن چەند برادەرمە، باوەڕ ناکەن.. دوایێ نابێ ئێوە بۆ پیاسە بچنە

ئـەو چـۆڵەوانییە، چـونکە خۆتـان دەزانـن ئێسـتا دنیـا پـڕە لــە خــەڵکی خــراپ کــە دەتــانن ئازارتــان پێبگەیــەنن.. دوو گــەنجی جــوانی وەك ئێــوەش پێویســتە زۆربــەی کاتــەکانیان لە عەنکاوە بەسەر بەرن..

داوای بـوردن دەکـەین کـە قسـەیەکی خراپمـان بەرامبـەر بـە ئێــوە کردبــێ.. دەبــێ ئێــوەش ئــەوە بــزانن کــە ئێمــە بەرپرســـین لـــە ریشەکێشـــکردنی فەســـاد و کـــاری بەدئـەخلاقی لـەو ناوچـەیەدا.. راگـرە راگـرە.. راگـرە، ئێمـە لێرە دادەبەزین.

کــە ئــەوان دابــەزین مــن رۆنــاکم گەیانــدەوە گــەڕەکی رووناکیی.

دواتـر بـە تـەنیا بـەرەو مـاڵ بوومـەوە لـە رێگـادا لـە خـۆمم پرسـی: واز بێـنم چـاکە، گوریلـە و بـەراز ئەوەنـدە لـە جەعـە خەتـەر بترسێن، دەبـێ چ کارەسـاتێ بەسـەر منـدا بێنێ؟

لـەو بسـتە خاکـە زاڵمـەدا، مـەرگێکی حـەتمی، تـژی زۆرداری و زەبـر چـاوەڕێمانە، ئایـا ژیـان بەشـی ئـەوە دەکـا رێگـای

سەفاکردن بە تەمەن بدا؟ ئایا کڵۆمکردنی قفڵەکانی سندوقی گوزەر و جانتا تێکنان و غاردان بەرەو کونج و قوژبنێکی دیکەی ئەو جوگرافیا غەمبارەی زەمینە، واتادانێك نییە بەو وشە سیحراویەی کە ئێمە ناومان ناوە سەرزەمین؟

تاکەی ئەو پەپوولەی کە دەیەوێ هێلانەیەك لەنێو پرچی زێڕینی ئەو گوڵە بەهەشتاوییە چێبکا بە ئاگری ترس و سیمای شەقار شەقار و کابوساوی گوریلە و بەرازان بپڕوکێنرێ؟ تاکەی سیمای ژیان لە زنجیر و کۆت و پێوەند بکا؟ تاکەی ئەکت و مسوەددەی پیرۆزی ڤیان بەختەتی تۆفان و هەڵدێر و خەرەند و ئەشك تۆمار بکرێ؟

بۆ دەبێ هەر بە تەنیا بازنە رێبەری رێگاکانی ئایندە و سوڵتانی سەرزەمینی هەنووکە و مێژوو و سبەینێم بێ؟

بۆ دەبێ بازنە قەفەزی پەنجەکانم بێ و منیش لە ئاست بێخوداوەندی ئەو زەمین و زەمەنە دۆڕاوە، بە راکشاوی دەستەوەستان بوەستم؟ مادەم ناتوانم لەو دەربەند و

چاڵی زەلیل بوونی روحە لە حەقانییەت و حەقدۆستی خوداوەند تێبگەم، دەبێ سەرشێت سەرشێت بەپێی خواس و سینەی باز و چاوی خومارەوە رووەو ئەو دورگەی ژیانە رێگا بگرمە بەر، کە پڕن لە فریشتەی عاقڵ و پەری ئازاد و پیاوی بێگوناه و خوداوەوەنی پاکیزە و یەکسان.

یان چاکترە کە بە ئاشکرا و بە راشکاوییەوە بانگەشە بکەم (مردن جوانترە لە عەقلانییەتی ئەو بازنە ئەزەلیانەی کە خوداوەندەکان بەر لە وجود نەخشاندیان.. مەرگ جوانترە لە گەرەدەلوول و کێشمە کێشمی گێژەلوکە و ئەو بستە خاکەی لە زمانی خەونەکان تێناگا).

شەو درەنگانێ پێڵوەکانم وەك باڵی باڵندەیەکی بریندار لێکدەدا.. شەقە شەقی پێڵوەکان لە نێو تاریکایی ژوورەکەدا دەنگی دەدایەوە، لەگەڵ سەدا و غەڵبە غەڵبیش خەو راپیێچام.. بەدەم نووستنەوە مەخەر و مەیدانی شەڕم دیت، جەنگ هەڵایسا، من بە تەنیا تەماشاکەر بووم.. پیاوێکی ریش سپی تەمیز بەسەر

کورسـیێك لـە ئـەڵماس و یـاقوت و مـرواری رۆنیشـتبوو.. گۆناکـانی پەمبـە و چـاوەکانی سـەوز سـەوز دەبریسـکانەوە، جلێکـی سـپی لەبـەردابوو، مـن نـەمتوانی لەبـەر نـوور لـە چـاوانی بـڕوانم.. ئـەو خـۆی بـانگی کـردم و گـوتی: لـەو شـەڕە بڕوانـە.. بزانـە ئـەو کچـە جوانـە بـە نسیبی کامـەیان دەبێ..؟

کچـەکە بـە نیـوە رووتـی و چـاوانی بـە فرمێسـکەوە وەسـتابوو، لەسـەر سـینگی بـە خـەتی فارسـی کووتـابووی-حەوا-.

تەماشـام کـردن هـەردوو جەنگاوەرەکـە وەك یـەك بـەهێزبوون، یـەکێکیان کـە لـە ئێمـە دەچـوو لەسـەر سـینگی نووسـرابوو (ئـادەم) ئەویـدی کـە هاوشـێوەی سـاحیرێك بـوو لەسـەر باسـکی چـەپەی وێنـەی و مـار و ئاگرێـك کووترابـوو، لەسـەر هـی راسـتەیش نووسـرابوو (ئیبلـیس).. چـەندین جەولـەوی لێکـدان تـەواوبوو هێشـتا کەسـیان نەبـەزیبوون.. لەکۆتاییـدا پیـاوە پـیرە ریـش سـپییە، چـاو سـەوز و بـەرگ سـپییە نوورانییەکـە کـەمێك قـەهری و هـەمووماني هەڵدایـە خـوار، مـن لـە ئاسمانـەوەڕا بـەنێو

هـەور و تـەم و زوقمـدا کەوتمـە نێـو رووبـارێ.. کـە رزگـارم بـوو بـە قونـە خشکێ گەیشـتمە سـەر- ئـاوتۆ بانێـك- لـەوێوە لــە تابلۆیــەك نووســرابوو (- هــەولێر- یــەك کیلــۆ مــەتر).. چـەند مـەترێك رۆیشـتم ئیبلیسـم دیـت ئـەویش هـەر لێـرە کــەوتبووە خــوار.. پــاش یەکترناســینەوە لێمپرســی: ئــەو شەڕەتان لە پای چی؟

بـە کینــەوە و نارەزاییــەوە گــوتی: خــۆت دەزانــی مــن لــە ئـاگرم و ئـەو پیـاوە رەزاگرانـەیتریش لـە قـوڕ، تـۆ ببـە حـاکم ئەو ژنە حەقی کاممانی بەسەرەوەیە..؟

گـوتم: تـازە هـەموو شـتەکان کۆتـایی پێهـات.. خـوا بزانــێ لەسەر چ پارچە ئەرزێك کەوتوونەتە خوار!

ئـەو پەنجـەکانی هەڵشـەقاند و گـوتی: شـەرتبێ یـان بـۆ منـە، یـانیش نـابێ خێـر و خۆشـی لـە خۆیـانن ببیـنن.. چـاوەکانی سـۆر سـۆر، تنـۆك تنـۆك فرمێسـکی رەشـی لێدەهاتـە خـوار، دوو قۆچــی ســەوزی لێــڕوا، ماســولکەکانی خــەریکبوو دەتــەقین.. ئێسـك لــە هەنـدێ شـوێنی دەسـتی دەرچـوو، نینۆکـەکانی درێـژبوون، بـەرەو رووم هـات و دەسـتی نایـە

خنخنۆکـەم.. مـن یەکڕاسـت لـەو خەونـە ناخۆشـە خەبـەرم بـۆوە، جەسـتەم یەکپارچـە ئارەقـەبوو.. بسـم اللـە.. بسـم اللـە.. بسـم اللـە، (قُـلْ أَعُـوذُ بِـرَبِّ النَّـاسِ. مَلِـكِ النَّـاسِ. إِلَـهِ النَّـاسِ. مِـن شَـرِّ الْوَسْـوَاسِ الْخَنَّـاسِ. الَّـذِي يُوَسْـوِسُ فِـي صُـدُورِ النَّـاسِ. مِـنَ الْجِنَّـةِ وَالنَّـاسِ)بـە نەعلـەتبێ شـەیتان، فـوویێکم لـە جەسـتەم کـرد. لا الـە الا اللـە محمـد رسـول اللـە.. تەماشـاییێکی چـواردەرەممدا، ڕێکۆردەکـە هـەر لـە شـوێنی خـۆی مـابوو، تەلـەڤزیۆن، کاسـێت و کتێـب و مێـز و تابلۆکـەی مـیرۆ لـە لای راسـتەی دیـوار و کاتـژمێرە تواوەکـانی سـلڤادۆر دالـی لـەلای چـەپی دیوارەکـە و وێنـەی بـاپیرم لـەناو مێگـەلێ بـەرخ، هـەموو شـتەکان هـەر لـە شـوێنی خۆیـان مـابوون، دەسـتێکم بـە کۆتـەڵی خۆمـدا هێنـا.. الحمـد اللـە.. سـوپاس.. زەردەخەنـەییێکم کـرد و هەنـدێ سـەرم بـادا و بـە خـۆمم گـوت: ئـەو خەونـە زۆر بـە راسـتی دەچـوو.. کـێ نـاڵی راستیشـە لـەکاتی هەڵـدانی ئیبلـیس بـۆ سـەرزەوی ئـەو لـە کوردسـتان کەوتبێتـە خـوار.. وەڵا بـاوەڕ بـەو خەونـە دەکـەم.. گـەرنا بۆچـی لـە یەکـەمین رۆژی مێـژووەوە دانیشـتوانی پەرتـەوازەی ئـەو دەڤـەرە هـەر لـە کلـۆڵی و

نــــامورادی و بەدبـــەختی و جـــەنگ و ژێـــر دەســـــتەییدا هەڵدەکەن؟

بــــە خـــۆمم گـــوت ئــــەه قـــوڕ و چـــڵپاو و ســـیانی ئــــەو گەردوونـــەت بەســـەری.. مـــن لـــە کێنـــدەر لـــە دایکبوویمـــە؟ لــە پارچـــە خاکێـــك کـــە شـــەیتانی لـــێ بـــە عـــەرد کـــەوتبێ! ئـــەو بستە عــەردەیش تــا ئێســتا هــەر لــە ژێــر دەســەڵاتی عێراقــدا بـــێ.. لــــە کوردســـــتانی ژێـــر دەســـــەڵاتی عێـــراق! لـــەوێش لـــە هــەولێر، لــە هــەولێریش لــە مزگــەوتی ســپی، لــە مزگــەوتی سـپیش لــە جـادەی سورچـییان، لــە جـادەی سورچـیانیش لــە خـــانوویێکی ســـەر زێـــراب و کەنـــد و گوفەکەکـــەی بەرامبـــەر مەکتـــەبی فـــورات.. جـــا منێکـــی کڵـــۆڵ و بەدشـــانس چـــۆن دەشـێم لــە بۆتــەی ئاسـنینی بازنــەی قــەدەرەوە دەربــازمبێ و ســــەمای سەرخۆشــــی روحــــم لــــەنێو شـــــینایی ئاسمـــانێکی ئازاددا بنووسمەوە!؟

لـــــــە گۆشــــــەیەکی دڵگوشــــــراوی ئـــــــەو ژووره تاریــــــك و غەوارەیـــەدا خـــۆم گرمۆڵـــە کـــرد، رامـــام، بـــیرم لـــە کراســـی قـــەترانیی مێـــژوو کـــردەوە، گـــوتم: دەبـــێ دڵـــی ئاینـــدەش

وەکـــی کراســـی مێـــژوو هـــەر ئەبەنووســـی بـــێ یانـــەخۆ بەهاردۆست دەبێ؟

کـە بـە جـددی بـیرم کـردەوە زۆر لام سـەیر بـوو (پشـیلە لـە ئێمـە ئـازا و بـوێرترە) وەخـتێ کـە منـداڵ بـووم نەمـدەزانی شـەوانی هـاوین بۆچـی میـاوە میـاوی پشـیلەکان، ئـەو ژن و مێـــردە ترســـنۆکانەی ژێـــر کوللـــە و ژێـــر پـــەردەی ســـەربانەکانیان کـــاس دەکـــرد و پلانـــە سێکســـییە نائیرۆتیکیەکانیان لێ هەڵدەوەشاندنەوە..

دوای چـــەند ســـاڵێك کـــە بـــە نهـــێنی پشـــیلانم زانـــی، تێگەیشـــتم پشـــیلەکان لـــەو کاتانـــەدا بـــەدەم هـــاوارەوە بانگەشـتەی زەمـین دەکـەن و دەڵـێن: ئـەی مرۆڤـە لـەرزۆك و ترســـنۆك و دۆڕاوەکـــان، مەترســـێن، وەکـــو ئێمـــە تێکبئـاڵێن، بـە وێنـەی ئێمـە شـانازی بـە تێکئـاڵانی زمـان و تێکئـاڵانی هـاوار و تێکئـاڵانی پەنجـە و تێکئـاڵانی جەسـتە و تێکئـــاڵانی روح بکـــەن.. بـــاوەکو ئێمـــە لای نوحـــەوەش فێـری زمـانی قیـژان بـووبین لـە چرکەسـاتی سێکسـاندن، بـەڵام بـڕوا بکـەن شـتێك هەیـە لـە ژیانـدا پێـی دەڵـێن

((بەختـــــەوەریی)) و بەشـــــتێکیش دەڵـــێن ((ســــــەفا)) پێویستە ئێوە بیانناسن..

دە ئێـــوەش مانەنـــدی ئێمـــە بـــا شـــەپۆلی قاقـــا هـــەڵتانگرێ و بـــە شـــەمەندەفەری بـــوێری روو لـــە وێســـتگەی بـــەختیاریی کـــەن.. چـــونکە تەمـــەن.. ئـــا.. تەمـــەنی کـــورت و پڕوپـــووچ بەشی سەفا و بەختەوەری ناکا..

هـــەر بـــەهزرین و خـــەیاڵ و گیرۆدەیـــی پـــەڕ بـــە پـــەڕی شـــەوم ژمارد، تا کتێبی بەیانیم بە چاوانی خەواڵوەوە کردەوە..

لـــە یانـــەی کۆلێـــژ، لەســـەر مێزێکـــی بەرامبـــەر بـــەو مێـــزەی کـــە رۆنـــاکی لەســـەر دانیشـــتبوو بـــە ((رێهـــات))م گـــوت: دەمـــەوێ بـــڕۆم.. بـــەرەو دنیـــای خوداوەنـــدەکانی یەکســـانی.. بـــــەرەو جیهـــانێکی ئـــازاد، بـــــەرەو گـــــەردوونێکی رووت.. بـــەرەو کیشـــوەرێك تێیـــدا گـــوڵ بـــە پێخواســـی ســـەما بکـــەن و پەپوولـــەش بـــە سەربەســـتی بـــیرە فـــڕە کـــەن و گـــۆرانی بـــۆ گـــوڵاڵان بچـــڕن.. مـــن نامـــەوێ ئیـــدی لـــە خاکێکیـــدا بـــژیم شـــیعر بـــۆ مـــەرگ بڵـــێم.. دەمـــەوێ بـــڕۆم بـــەرەو ئاوەدانییـــەك تێیـــدا بتـــوانم ببمـــە مشـــتەری بـــانکی ژیـــان و دەیـــنی

ئێستەتیکی لێوەرگرم و تێر تێر لەسەر لمی کەنار دەریا و ناو گەرمایی ساونە و مەلەوانگەکاندا سورەتی مەمکە بەهەشتاوییەکان بە ئاشکرایی و بەبێ باج بدزم..

دەمەوێ بڕۆم بەرەو پەرستگەیێك کە تێیدا بەهاکانی مرۆڤایەتی لێ بێتە پەرستن.. دەمەوێ بڕۆم بەرەو خەون و بەرەو حەقیقەت و بەرەو خاچی نێو مەمکە تورت و توندەکەکانی ئاسکە مەسیحیەکان.

بە (رێهات)م گوت: دەمەوێ کارەکتەرێکی کارامە و کازێوەئاسای کامەرانبم... دەمەوێ بە ئازادیی راموسێم.. بە ئازادیی هەناسە هەڵمژم و بە ئازادیی هەنگاوەکانم بۆ دەرەوەی ئەو بازنەیە بهاوێژم کە خوا لێرە بۆی نووسیوم.. دەمەوێ بە ئازادیی بژیێم و بە ئازادیش بمرم. بە (رێهات)م گوت: بە کورتی دەمەوێ.. دەمەوێ بڕۆم تا گرێنتی بە مەرگ بدەم، لە کاتی هاتنیدا دەست لەسەر دڵ لە پێشوازیدام..

ڕێهـــات گـــوتی: بـــڕۆ کـــوڕم بـــڕۆ.. منـــیش وام خـــۆم و جانتـــایێکی حـــازر، منـــیش بـــەر لـــە تـــۆ یـــان نـــەختێ دوای تـــۆ لەوێندەرم.

جانتاکانمان بەرەو نادیاریی تێکنا..

بـــەڵام بـــەر لـــە بەڕێکـــەوتنم چـــەند ســـەرنجێکی خێـــرام لـــە دەفتەری بیرەوەرییەکانمدا نووسی..

تێبینی یەکەم:

کوردستان شاری شیرینم

شاری فەرهاد و شیرینم هههههه

شـــــوێنزا و خـــــاکی بـــــاب و بـــــاپیرانم بڕیامـــــدا ئـــــەوڕۆ بەڕێبکەوم و بەجێتبێڵم لەبەر چەند هۆیەك..

- من دەتوانم بیر بکەمەوە کەواتە دەبێ بەجێتبێڵم.

- بـــە گـــوێرەی خەونەکـــە (کـــە پێدەچـــێ ڕاســـتیش بـــێ) ئیبلـــیس بـــۆ یەکـــەمجار، لێـــرە، لـــەو بســـتە خاکـــە کەوتۆتـــە خوار.

- لە دووبارەبوونەوە و هەزار بارەبوونەوەی گەمارۆ و هێرشی گوریلا و بەرازدا بێگومانم..

- تا دەشمرم لێرە ناتوانم بە ئازادیی لە وێستگەی شەمەندەفەر دەو بنێمە نێو دەوی پەپوولەیێ.

- هەست دەکەم ئێوارەیەك لە چاوەڕوانی ئاسکێك، پێش ئەوەی تامی گۆپکە و لێو و نەرمایی ران و جوانییەکانی عەشق بکەم گوللەیەکی دوو گرووپی دوژمنکار، یان دوو حزب، دێت و بەر سینگم دەکەوێ، جوانەمەرگ دەبم..

- شەوێکیان لە خەونمدا، یازدە ئەستێرە و مانگ و خۆرێکم دیت کڕنووشیان بۆ دەبردم، کە بەیانی لە خەو رابووم زانیم ئایندە بیری بۆ لێداوم.

- چوومە سەر ترۆپکی منارەی زەمەن و لە داهاتووم روانی گلاسێکی بچووکی بۆشم لێدیاربوو.

- چاندنی دەرزی و هێڤیکردن بۆ ئەوەی ببێ بە ستون بەهادارترە لە خەریکبوون بە رۆشەنبیری.

- چـــيدی نـــاتوانم قـــەبووڵم بـــێ، لـــە بێســـتانەکانی بـــاوکم میوەجاتی ژیان و حەسانەوە هەڵلووشم.

- بازنە دەستی ناوەتە قوڕگم و دەمکوژێ.

- هەست بە نامۆبوونێکی بێسنوور دەکەم.

- ســـەرەتا رەفـــزی کۆمـــەڵگام دەکـــردەوە، دواتـــر تێگەیشـــتم ئەوەی کە دەبێ رەفز بکرێ خۆمم.

- لـــەناو ئـــاپۆرە و حەشـــامەتی کەســـەکاندا، مـــومکین نییـــە رێگا بدەن لە گۆشەیەکدا ژیانت بە ئارامی بگوزەرێنی.

- "بـــێ شـــوێنیی" بـــە کێشـــەی هـــەرە گـــەورە دەژمێـــردرێ.. نازانی برادەرە کچەکەت ببەیتە کوێ.

- کـــە دەچـــمە یـــەکێ لـــە فەرمانگـــەکان، "عەنتـــەر و هەرقەل"م دێتەوە یاد.

- حەزمـــە جارێـــك بـــە شـــەمەندەفەرێکی ئێکســـپرێس بـــە تونێلێکدا لە "فەڕەنسا"وە بچمە "یونایتد کینگ".

- دەمەوێ جارێك سواری سەر پشتی کەشتییێك بم، لە دەریای ناوەڕاست و لە "ئەزمیر" دابەزم.

- لەبەر کچە جوانەکانی سێرفس حەزمە جارێك ببمە پەساجییێك و خولێك بەسەر کیشوەری ئەفریقیا لێدەم.

- دوو سالْی باخچەی ساوایان+ شەش سالْ خوێندنی سەرەتای + سێ سالْی ناوەندی+ سێ سالْی ئامادەیی+ چوار سالْ لە زانکۆ+ دوو سالْی ماجستێر + دوو سالْیش دکتۆرا= 22 سالْ خوێندن.. پاش ئەوەی وەك مامۆستای زانکۆ تەعین کرا شانازی بەخۆیەوە دەکرد.. کەچی پاش چەند هەیڤێك لەسەر ماچێك بە تەواوی لە زانکۆ فەسلْ کرا.

- دەمەوێ بڕۆمە ناو باغ و باغاتی سینەفرۆشان و لە بێزاریدا بە هەندێ مەستی روو لە یەکێ لە جامخانەکان بکەم، یان سەردانێکی ئازاد بۆ "سەنتەری ئیرۆس" لەو مەملەکەتە ئازادانەی وجود بکەم.

- لەوەتــەی دێتــەوە بــیرم لــەو شــارە، باخچــەکم نەدیتییــە دوو گـــوڵی لـــێبێ و بـــە چواردەوریشـــی مەلوانگەیـــەکی تێکەڵ.

- بــۆ ئــەوەی بێیتــە ڕێــزی پیــاوان، دەبــێ لــەژێر خێــوەتی سیاسەتدا قاوەی ماستاوچییەتی ببەشیەوە..

- پــڕ بــە دڵــم حــەز دەکــەم جارێــك لــە باخچــەکانی چـــواردەوری "ئیڤـــڵ" بەســـەر پشـــت و ڕوو لـــە ئاسمـــان ڕابکشـێم و پـڕ بـە سـییەکانم بقیـژێنم و بچـریکێنم: ئـەی فریشـتە زیندانییەکـە، ئـەی کـەوی نێـو قەفـەزی عـورف، ئـــەی گـــوڵی باخچەســـز، ڕۆنـــاك گیـــان خۆشمـــدەوێی.. خۆشمدەوێی.. دەتپەرستم.

- ((بژی ڕووناکیی- بمری تاریکیی)).

- حەزم بە کرانەوەی دەرگا داخراوەکانە.

- کـە نـاتوانم هـەموو دیـوارە بـەرز و عاسـێ و دژوارەکـانی ئەمئێرەیـە وێـران و خـاپورە ببـەزێنم.. کـە نـاتوانم لـە دڕکســـتانی بازنـــە پیرۆزەکـــانی بـــاوك و لـــەو دۆزەخـــە

ئاشکرایانەی ترادیتسیۆن و مەلوانگە تیزاباوییەکانی شەرەف و حەیا رزگارم بێ.. دەبێ جانتاکەم بخەمە شانم و بەرەو دوورگە جوانەکانی بەها رێگا بگرم.. دەبێ جانتاکەم بخەمە شانم و بەرەو دوورگە دوورەکان، بەرەو رزگاربوون رێگا بگرم.

بە کورتی لەبەر ئەو خاڵانە و هەندێکی دیکەش کە نامەوێ ئێستا بیاندرکێنم گەیشتمە ئەو بڕیارە.. کەوابێ کوردستان.. کوردستان.. ئەی بەهەشتی پیرۆزی ناموراديی و حیرمانی جوان و گڕی جوان و ئافاتی جوان و فرمێسك و گریانی جوان.. ماڵئاوا.

تێبینی دووەم:

بۆ دایکم.. دایکی بەڕێز: من تەنها لەبەر دوو هۆی سەرەکی بەجێتان دەهێڵم کە بریتین لە مانەی خوارەوە:

1- پەیوەندی بە هەموو هۆکارەکانی سەرەوە هەیە. پەیوەندی بەو بازنەیەوە هەیە کە لە منداڵییەوە تێیدا پەنگ دەخۆم و خولدەخۆم تێیدا دەمرم.

2- ئەگــەر حــەز بكــەی باوكیشــمی لێئاگــادار بكــەرەوە.. دەبووایــە چــەند چرکەیەك بــەر لــە نــۆ مــانگ و نــۆ رۆژ و نــۆ كاتــژمێر و نــۆ خولــەك و نــۆ چــركەی بــەر لــە 1976/7/1 بــیری ئــەورۆتان بكردایــەوە، چــونكە لــەو كاتــەوە، ئێــوە بــوون بــە ناهــەق بڕیــاری جیابوونــەوەی منتانــدا.. بێئــەوەی مــن حــەزی جیابوونــەوم لا تێمەیــەك بووبێ!

ئێســـتەیش مـــەتۆرێن.. دوو دڵ و دڵتـــەنگ و رەشـــبین مـــەبن، وای دانـــێن كوڕەكـــەتان لـــە پشـــیلەیەكی بێوەفـــا دەچێ..

پشــیلەییێك كــە هەمیشــە بــەدوای میــاوە میــاوی ئــازاد و هەناسەی سەربەستیدا لە گەڕاندایە.. ئیدی ماڵئاوا.

لەگــەڵ رێهــات كاتــژمێرەكانمان هەڵدایــە نێــو ئــەو گۆمــەی كــە دەكەوێتــە ناوەڕاســتی گوفەكەكــەی پشــت مزگــەوتی سپی..

قەمسەڵەکانمان گۆڕییەوە.. دوای گۆڕینەوەی چەند ماچێك لە دڵەوە لە خوا پاڕامەوە کە بیپارێزێ و لە کاتێکی نزیك بەیەکتر بگەینەوە.

چەند دێرێکیشم بۆ "رۆناك" بەو شێوەی خوارەوە نووسی..

رۆناك گیان: ئەی دڵۆڤانیترین و میهرەبانیترین دۆست و هەتاو و ڤیان.. بمبوورە دەبێ بێماڵئاوایی سەفەر بکەم.. سەفەر بەرەو کامە رێگا؟ رووەو کیهان پارچە زەوی؟ بەرەو کامە بست لە بۆشایی نێوانی ئاسمان و دەریا؟ نازانم.. من هیچ شتێك نازانم، ئەوە نەبێ کە توانستی پاراستنی تۆم نییە لەو جەنگەڵەستانە رەشپۆشە.

بەر لە چەند رۆژێکیش ((نازدار)) کت و پڕ خۆی کوتابووە لای دایکم و پێی گوتبوو: رێگا مەدە ئەو سەرمەست و سەرکێش و سەرشێتە بڕوا.. من دەزانم ئەو حەزی بەیاخیبوونە، دەیەوێ بڕواتە نێو ئەو وێستگانەی کە پڕن لەو ژن و پیاوانەی وەحشەتی حەشیش و هیرۆین و کحول و دووکەڵن.. دەخیلتم رێگا

مــــەدە بـــڕوا، ئـــەو دەڕوا و نــــاتوانێ ئـــاوڕێ لــــە مێـــژوو بداتــەوە.. دەزانــی مێـژووی مــن و ئــەو چــەند پــڕە لــە شـتی ئاســت نائاســایی..؟ دەزانـــی ئێمـــە خـــاوەنی چ رابردوویێکــی پڕ لە نهێنی ترسناك و داهاتوویێکی پڕ لە تێکئالأنین؟

کــە گەڕامــەوە مــاڵ، قیــژە و ناڵــە و هــاوار و غــەزەبی دایکــم دەگەیشتە دوند و حەلحەلەی ئاسمان..

ئـــەو هەمدیســـــت غەمدۆســــت و وەفادۆســــت چـــریکاندی: بازنـــە.. بازنـــە.. بازنـــە.. بازنـــە.. بازنـــە.. بازنـــە.. بازنـــە.. دیســان وێــرای ئــەو ســنوورە وردوخــاش بکــەیت؟ وێرایــت حەیامان بکەیتە پوشکاغەزێك و هەڵیدەیتە ئاسمان؟

مــن قـــەهریم، باســکی "نـــازدار"م گـــرت و راپێچـــی ژووری نووســـتنم کـــرد و گـــوتم: بازنـــەکانی نـــەبووان، لێندەگـــەڕام مەمکـــەکانت بـــە تێنوویـــەتی وا لاواز لاواز شـــۆڕبنەوە ژێـــر گـــڵ.. چـــیم لێـــت کـــردوە، بـــۆ دایکمـــت وا تێگەیانـــدەوە کـــە ئێســـتا ژنمـــی؟ گـــوتم دایـــە نـــانی ئێوارەمـــان بـــۆ بێنـــە، دوای نانخواردن بۆ تا ئەبەد ماڵئاوایم لێیکرد..

لام باشــتر بــوو  لــه جیــاتی ئــهوەی یــهك یــهك ماڵئاواییــان لێبكــهم، خــۆم ماڵئــاوایی لــهخۆم بكــهم، هــهر واشمكــرد.. جانتاكـهمم كـرده شـان و بـه ڕێكـهوتم.. جـار جـاره ئـاوڕێكی پشــتهوەم دەدایــهوە، ئــاوڕێكی ئهســرین و فیغــان و شــهپۆره و گریـــانم دەدایـــهوە، ئـــاوڕێكی حیرمـــانم دەدایـــهوە، تهماشـاییێكی نـامورادیم دەكـرد، هـهر ئـاوڕم دەدایـهوە، نــهك بــه تــهنیا لهبــهر خــۆم و خــهون و مهراقــهكانم، بــهڵكو ههســـتم دەكـــرد لـــهو ڕۆژەدا ئـــهوان باشـــترین زەبـــونی خۆیانیان له دەستداوە.

تــهپ.. تــهپ.. تــهپ.. (مــۆرگن.. تــهپ.. تــهپ.. گــوتن مۆرگن.. ئاوف شتێهن- بهیانی باش له خهو ههستن)..

كـــه پێڵوەكـــانم ئـــاوەڵاكرد.. خـــۆمم بـــه تهنیشـــت پهنجهرەیــهكی چــكۆڵانهوە بــینی.. لــه پهنجهرەكــهم ڕوانــی لــه هیكــڕا نــهختێ ســهرمم كشــاندەوە دواوە و لــه خــۆمم پرسی: من له كوێم؟

- ئـاو- تـا نیـوەی پهنجهرەكـه بـهرز ببـۆوە، مـن تـا ئێسـتاش هــهر لــه ڕێگــام هــهر لــه خــهونام؟ نــا.. نــا.. چــاوەكانم

هەڵگلوفی، لە دەرگای ئەو ژوورە درا کە منی تیابوو (مۆرگن.. گوتن مۆرگن...).. نەختێ کەنیم، (شاری کۆلۆنیای ئەڵمانیا- کۆڵن-).

هەموو شتەکانم هاتەوە یاد.. دوێنێ هێنامیانە نێو ئەو کەشتییە.. ئەو کشتییە پەککەوتوەی کە کراوەتە کەمپی کاتیی.. هەر کەسێ کە دێتە ئەو ناوچەیە دەبێ چەند رۆژێ لێرە بگوزەرێنێ و برواتە فەرمانگەی پەناهەندان..

هەندێ ئاوم بە رووخسارم داکرد و لەگەڵ تەواوی دانیشتوانی نێو کەشتییەکە بۆ چێشت روومان لە رێستورانتی ناو کەشتییەکە کرد..

لەو ریزەدا سیمای مرۆڤەکان هی چەندین وڵات و کیشوەر بوون، ئەفریقی، خەڵکی ئاسیای ناوەڕاست و باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا، تورك، مەکسیکی، کۆریای باکوور، کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان و...هتد.

پاش نیوەڕۆ بە تەنیایی بەسەر یەکێ لەو پردە دوور و درێژانە پەڕیمەوە کە هەردوو لای رووباری "راین"

دەبەستێتەوە.. پێنگاو پێنگاو بەدەم خەیاڵ کردن و هزرین لەو دیمەنە ناوێزانەدا رێگام بەرەو وێستگەی سەرەکی شەمەندەفەری ئەو شارە و بەرەو (Dom) ئەو کڵێسە بەناوبانگەی کە بۆتە سیمبۆل و زناکی ئەو بازێڕە جوانە دەبڕی.. ئەو دەمەی گەیشتمە بەردەم کڵێسەکە، ئاسان نەبوو چاوانم ئەو دیمەنە بەبێ کێشە بە کێش بکەن،.. رەنگی پۆشاکی جۆراوجۆر، هەموویان ئاوێتە ببوون، بە هەموویان زیبایترین تابلۆی ئەو کەونەیان دروستکردبوو..

گروپێ میوزیکژەنی ئازەری "ئینسترومێنت"ـەکانیان دەژەنی و یەکێ کە کەمێك لە پێشەوەی ئەوان وەستابوو گۆرانی دەچڕی، ناوە ناوەیش یەکێ لە بینەرەکانیان "فنیك"ێکیان دەهاویشتە ناو ئەو کڵاوەی کە بۆ پاداشت دایاننابوو..

لەولاتر پیاوێك خۆی لە برۆنز هەڵکێشابوو، رۆڵی بت و سەنەمی دەبینی، بۆ ماوەیەکی زۆر زۆر دەیتوانی نەجوولێ، دەسەسڕێکی راخستبوو، ئەو کاتەی کە یەکێ لە بینەرەکان هەندێ خوردەی دەهاوێشتە پێشی، خۆی

لار دەکـــرد و خـــۆی دەقوچـــاندەوە و کڵاوەکـــەی ســـەری دەهێنایە خوار..

هـەر لەبـەر دەروازەی ئـەو کڵێسـەیە کـە خـۆی لـە خۆیـدا مۆزەیـــۆمێکی بـــەهادارە و بـــە هونـــەریترین شـــێوازیش هاتۆتـــە ئافەریـــدە، هەنـــدێ "پـــانکی" بـــە جلـــی ڕەش و پۆســـتاڵی ســـەربازیی و چـــاوی ڕەش و بـــیرەی دەســـتیان لەگـەڵ سـەگەکانیان تێکـەڵ ببـوون و قاقایـان بـوو.. هـەر دەیـــانخواردە و پێدەکـــەنین.. لەســـەر دیـــوارە باریکەکـــە کچـێك بڵـێ حۆرییـەك بـە نیـوە ڕووتـی دانیشـتبوو، کوڕێـك سـەری خسـتبووە سـەر ڕانـی ڕاسـتەی و ڕاکشـابوو، دوو عاشـقی دیکـە لـەولاوە وەك کوکـوختی بـە چـوار دەوری یـەکترەوە دەخولانـەوە، مـن چـونکە شـتی لـەو شـێوەیەم هـەر بـە تـەنیا لـە فیلمـە یاسـاغ کراوەکانـدا بینیـوو، بۆیـە کەوتمـە نێـو هاوکێشـەکانی بەراوردکارییـەوە لـە نێـوانی شـوێنزام و ئـەو وڵاتـە سـەوز و سەفابەخشـەی کـە بـە هەزاران کیلۆمەتر لێمانەوە دوورە.

چـووم چـارێگێك "ڤـاین برانـد"م هێنـا و لـە گۆشـەکەیەوە چـاوم لـە ئـاپۆرە و حەشـاماتی کەسـەکاندا نزیکـردەوە، بـۆ

ئــەوەی منــیش وەکــو ئــەو خەڵکــە ســەفا و خۆشــیی بــەو کەڤاڵە پەلکەزێڕیناویە لە رۆحم تۆمار بکەم.

لــە جوولــەی کرمئاســای مرۆڤــەکانم دەڕوانــی، هەســتم بــە دڵخۆشــییەکی بــێ ســنوور و نــەختێ تــەنیایش دەکــرد.. هەســـتم دەکـــرد ئێمـــە زۆر دڵڕەقانـــە و بـــێ ویژدانانـــە کفنمــان لەبــەر تەمــەن کــردوە و زەمــەنمان زیندەبەچــاڵ کــردوە، چــاوی ژیانمــان بەســتوە و بــە رووتــی لەســەر مێــزی خەفــەت نمایشــی پێدەکــەین و نــاوە نــاوەیش پیــاوێکی سیاســی دێــت و دەیباتــە گۆشــەیەك و تــا هــیلاك دەبــێ سواری دەبێ..

مــن لــە گۆشــەیەکی گۆڕەپانەکــەی بــەردەم کڵێســەکەی شــاری کــۆڵن بــە کامــەرانی و تــەنیایی رۆیشــتبووم.. دەمویســت لــە دڵــەوە لێــوی داهــاتووم بمــژم و پێکــێ ڤــاین برانــد بخەمــە سەر لێوی ژیان و بە پێخواسی سەما بکەم..

لــەو چرکەســاتەدا کچێکی بــەژن بڵنــدی ئەسمــەر و شــیرین.. تــا حــەددی (زیبــای رەهــا) رۆمانســی.. لــەش و لارێکــی ماســی ئاســا.. سێکســی و لــووس.. پــرچ رەش و نیگــرۆ، مــەمك

قیــت، فانیلــه عەلاگــه ڕەشــەکەی تــەواو تــەواو قەوســی مەمکــەکانی نمــایش کردبــوو، نێــوانی فانیلــه تــەنك و تــەنوره ڕەشــه کورتەکــەی چــەند ســانتیمەترێك لێــك دووربــوون، بۆیــه بــه ئاشــکرا وێنــەی ئــەو ڕۆژه ســەوزه کــوتراوەی ســەر زگــه ڕاســت و لووســەکەی و چــواردەوری نــاوکی بــه ســانایی دەبینــرا.. دوو چــاوی برۆنــزی "ڕۆناك"یــان بــیر خســتمەوه.. پێڵاوەکــانی بــه دەســتی چــەپه و بتڵێکــی "بیره"شــی بــه دەســتی ڕاســتەیەوه گرتبــوو، بــه پێخواســی لەنجــەولاری دەکــرد.. لەنجــه لەنجــه هــەر بــه لەنجــەوه ڕوو بــەرووم هــات لــه دڵــەوه بــه خــۆمم گــوت: خودایــه، هــەموو ژنــه کوردەکــانی ئــەو دنیایــه کۆکەیتــەوه و لێکیــان دەیــت یــەکێکی لــەو شــێوەی لێدەرناچــێ.. دەبــێ لــه کــوێ هــاتبێ و بــەرەو کێنــدەر لــه ڕێــدابێ؟ ئــەی خــودا دەبــێ چ بــەختیارێك، یــان چ پیــاوێکی ئاســوودەی ئــەو کەونــه بیگرێتــه بــاوەش؟ ئەگــەر بمزانیبووایــه بــه زمانێــك تێیبگەیــەنم حــەزم دەکــرد پێــی بڵــێم (دەمــەوێ تــاوێ بێمــه ژێــر نســێی مەمکــەکانت و

هەنـدێ بـۆنی بخـوری پرچـت بکـەم، ئینجـا بمکـوژە و بـڕۆ.. پەیمان.. من هیچ شتیترم ناوێ لەو تەمەنە).

ئـەو لەنجـە، لەنجـە، بـە لەنجـەولار و بـە زەردەخەنەیەکـەوە بــە رووگــەی منــەوە دەهــات.. مــن لەبــەر کــەمێ مەســتی نەشیام باوەڕ بە راستیی بێنم..

من هیچی لێ تێنەگەیشتم، بۆیە سەری خۆمم بادا..

ئەو گوتی: تورکچە بلیۆر سەن؟

گوتم: هایر.. کوردچە..

ئــەو زەردەخەنەیــەکی کــرد و لــە گلێنــەکانمی روانــی.. هەنـدێ بێـدەنگبوو وام هەسـت کـرد دەیـەوێ بـیر بکاتـەوە، لـە پـڕ بیرەکـەی بـۆ لای مـن درێـژ کـرد و بـە کـوردی گـوتی: بـە یارمـەتیت، دەتـوانی سـەری ئـەو بیرەیـەم بـۆ بکەیتـەوە؟ مــن دەســتی چــەپەمم بــەرز کــردەوە و بــە رووی ئــەوم پــانکردەوە و گــوتم: بــەڵام بوەســتە، تــۆ چــیت گــوت؟ بــە کیهـان زمـان دوایـت!؟ مـن هەسـت دەکـەم تێتگەیشـتم.. لـە دڵــەوە گــوتم :مــن هەســت بــە نائاســایترین رووداوی ئــەو

جیهانـە کۆمێدیـە دەکـەم.. ئـەو بـە هەنـدێ مەسـتییەوە: بـۆ وا سـەرت سـوڕماوە؟ منـیش وەك تـۆ کـوردم.. بـەڵام جیاوازییەکـە ئەوەیـە مـن لێـرە لـە دایکبوویمـە و هـەر لێرەش گەورەبوویمە.. تۆ چەندە هاتویتە ئێرە؟

- دوو رۆژە.

- دەنـا لـە خـەڵکی ئێـرە دەچـیت! یـان باشـتر بڵـێم لـە تـورك دەچیت!

لـە دڵـەوە گـوتم: خودایـە حـەز دەکـەم تـەنیا لـە خـۆم بچـم.. ویسـتم حـەزی رۆحـم بـە زمـان بـدرکێنم، بۆیـە بـەو شـێوەیە درکانـدم: ئـاخر چـەند چـرکەیەك بـەر لـە ئێسـتا بـە خـۆمم گـوت: هـەموو کـورد کۆبکەیتـەوە یـەکێکی وەك تۆی لێناکەوێتەوە.

پێکەنی: نا، نا، تۆ زێدەڕۆیی دەکەیت..

مـن بتڵـی بیرەکـەم لێـی وەرگـرت و بـە چـەرخێك سـەرەکەیم ئـاوەڵا کـرد و گـوتم: فـەرموو لـەززەت بکـە..

خۆشـبەختبە و بـە چـاوانی بـاز لـە کەروێشـکەکانی زیبـا و بەختەوەری و شانس بڕوانە..

بیرەکەی لێم وەرگرت و ڕۆیشت..

گـوتم: بـەڵام... بوەسـتە.. نـاوت چـییە؟ لـە کیـێـدەر دەتـوانم بتبینمەوەنمـــەوە؟ ئـــەوەیان خەونـــە، یـــان حەقیقـــەت؟ دەمـــەوێ لـــە دەســـتت نـــەدەم.. نامـــەوێ ڕوو لـــە فـــەنا بکەیت.. نامەوێ بەرەو نادیاریی کۆچبکەیت..

ئـەو پێکـەنی و گـوتی: بمبـوورە.. کـاتم نـەما.. ناچـارم دەبـێ بڕۆم.

ماوەیەك دواتر.

مـــن لـــە شـــاری (کۆلن)ـــەوە بـــەرەو شـــاری (هێرفـــۆرد) گوازرامـــەوە.. شـــاری (هێرفـــۆرد) دەکەوێتـــە نزیـــك شـــاری (هانۆڤەر)ـەوە، نێـوانی ئـەو دوو شـارە نزیکـەی هەشـتا تـا نۆهەد کیلۆمەترێك دەبێ.

مـن هەوڵمـدا لـەو شـارەدا ئاوێتـەی کەسـانیدی بم.. لەگـەڵ هەنـدێ سـیمای جیـا و هـزر و مەعریفـەی جیـا و کلتـوری

جیــا تێکــەڵ بم.. لەگـــەڵ ئـــازەری و چـــینی و رووس و یوگسـلاڤی و مەکسـیکی و کـینی و ئوسـتوڕالییێك کۆنتـاکتم کـرد.. بـە هێمـا و بـە دەسـت و بـە هەنـدێ وشـەی ئینگلیـزی و هەنـدێك لـە ئـەڵمانی تێکـەڵ بـە وشـەی کـوردی لەگـەڵیان دەدوام..

بـــەڵام تێنـــوویێکی مـــن ئاســـا بـــە چ پەڵـــە هـــەورێکی بـــە ئینســـاف دەتـــوانم قـــوڕگی وشـــکم تێـــراو بکـــەم..؟ کامـــە گلاســـی کریســـتاڵی پـــڕ لـــە ئـــاوی سروشـــتی بخەمـــە نێـــو ســـینەی گڕدۆســـتم..؟ کـــوردێکی رەشـــداگەڕاوی غـــەمباری خەفەتدۆسـتی مانـدووی وەکـو مـن، کـوا دەتـوانم بـەو چـەند وشەیە رەشپۆشە دڵم بە ئارامی بگەیەنم؟

ئێـــوارانێ هـــەنگاو هـــەنگاو شـــەقامە کورتـــەکانی ســـەنتەری شـاری هیرفـۆردم تەیـدەکرد.. خـەیاڵ دەیهێنـام و دەیـبردم، بیرەوەرییـــەکانم لـــە بێـــژینگ دەدان.. دنکـــە بیرەوەرییـــە رەش داگـەڕاو و روخسـار بـەد و قـژ تێکقژقـژاوەکان _بـا_ دەیـبردن و کلـوە بیرەوەرییـە سـپییە جوانـەکانیش بـۆ تـاوێ زاخاوی روحی گەرممیان دەدا و هێوریان دەکردمەوە..

ئـــەو ئێوارەیـــە کـــە مووچـــەی مانگانـــەم وەرگـــرت، بڕیارمـــدا وەك کەســانی ئاســایی روو لــە یــەکێ لــەو کنایپانــە بکــەم کــە تا ئێستا سەرم بە ژوورەوەیان دانەگرتبوو..

کنایپەکــەی "بەرلینــە شتڕاســە" تاریــك و ئارامــە، هێــوریی ســـولْتانی زەمـــین و ئاســمـانی ئـــەو یانـــە بچـــووکەیە.. گلۆپـــە ســـۆرتاریکەکان و مـــوزیکی کلاســـیکی و ئـــارامیی کەســـەکان ئۆخـــژنێ دەداتـــە گیـــان، مـــن هـــەموو جارێـــك کـــە لـــەودیو جامی دەرەوە لە کنایپەکەم دەڕوانی وا دەهزریم.

چـــەند پێکـــێ "ئـــۆزۆ"م لـــە کـــەمپ هەڵقوڕانـــد و وەك تۆپـــەڵی بـــەفری گـــەرم غلۆربوومـــەوە کنایپەکـــەی "بەرلینـــە شتڕاسە".

چـــوومە گۆشـــەیەك و داوای بیرەیـــەك و پێکـــێ عـــەرقم کـــرد.. بـــە هێـــوری لـــە جولـــەکانی نـــاو ئـــەو بـــاڕە بچـــووکەم دەڕوانـــی.. یـــەکێ بـــە لا دادەهـــات و "دارتـــس"ی دەکـــرد، هـــەوڵی دەدا تیرەکـــە لـــە ناوەڕاســـتی بازنـــەکان بـــدا.. ژن و پیاویــك لــەولاتر بــەدەم ســەماییکی هێــورەوە خــەریکبوون یــەکتر بخــۆن و بخۆنــەوە.. یەکێکیــدی لیــنگ لەســەر لیــنگ

بەسـەر كورسـيێكی بـەرز رۆنیشـتبوو، بـە دەسـتی چـەپەی جگـەرەی دەكێشـا و بەدەسـتی راستەشـی پـارەی دەهاوێشـتە نـاو ئـامێری قومـاری ئـەلكترۆنیی.. نـاوە نـاوە مسـتێكی بـە ئامێرەكــە دەكێشــا و قــوومێكی قــوولّ قــوولّی لــە جگەرەكــەی دەســتی دەدا.. لــەولاتر پیــاوێكی درێــژ و رەقەڵــە و لاواز و سمێــڵ رەش، ســەر رووت و چــاوێلكە لــە چـاو، لەبـەر سەرخۆشـی نەیـدەتوانی لەسـەر كورسـییەكەی خـۆی هەڵسـێ، هـەوڵی دەدا شـوێن پێـی خـۆی لـە عـەرد چەسـپ بكـا، كەچـی ترسـی كـەوتن دایـدەگرت و بـە ناچـاری پێـی بـەرز دەكـردەوە سـەر كورسـییە بڵندەكـە.. سـەیرێكی ئـەو پیـاوە سەرخۆشـەم كـردەوە كـە دەیویسـت بـە تـیر ناوەڕاسـتی بازنـەكان بپێكـێ، بیڤڵـی چـاوەكانم كەوتـە سـەر بازنــەكان.. بازنەیــەكی بچــووك.. گــەورەتر.. گــەورەتر و گـــەورەترین.. خاڵــە بچــووكەكەی ناوەڕاســتی بازنەكــە گەڕاندمیــەوە ســەر مێــژوویێكی خــەڵتان و ئاوێتــە و ئـاوێزان بـە پـۆلێ لـە بـیرەوەری سـەیر نـامۆ و غـەوارە.. لەوێنــدەرانێ بازنــە گلێنــەكانی دەپڕووكانــدن، دەبــووە پـــۆلیس بەســـەر هەناســـەكانمان.. ئـــاوڕێكی دەرەوەی

کناپیەکـەم دایـەوە، ئـەو کـچ و کـوڕە نیگاکانمیـان رفانـد کـە بەســـەر کورســـییە دوو کەســـییەکە وەك دوو کـــۆتری ســـابوونیی زمانیـــان تێکئالآنـــدبوو بـــە شـــێوەیەك تێکئـــالآبوون کـــە هـــەزاران پیـــاوی وەك منیـــان لـــە چرکەیەکدا خومار دەکرد..

بـــە هـــەردوو لـــەپی دەســـتەکانم رووخســـارمم هەڵســـوی، تیشـکی خــەیاڵڕفاوی چــاوەکانم گەڕانـــدەوە نێــو باڕەکــە، ئــەو ژن و پیــاوەی ســەمایان دەکــرد، ببــوون بەیــەك کــەس.. ئەوەنـــدەی هـــەوڵی ئەوەمـــدا کـــە بیســـەلمێنم ئـــەوان دوو مـــرۆڤن، کەچـــی هەوڵـــەکانم بـــێ ئـــەنجام دەمایـــەوە.. ئـــەوان وەك جـــووتێ پەپوولـــەی گـــیرۆدە هـــۆگری یـــەکتر ببـــوون و وەك جـــووتێ "مـــار"ی عاشـــق و رەســـەن خۆیـــان لەیـــەکتر لوولدابوو..

مــن کاژەڵــەمم هاوێشــتە نــاو لــەپی دەســتی راســتم، بەدەســتی چەپەشـــم پێکـــە عەرەقەکـــەم بـــە جارێـــك هەڵلوشـــی، لەگـــەڵ دانانـــەوەی گلآســـەکە دەنگێکـــی گـــەورە رایچـــەڵەکاندم کـــە روانـــیم دیـــار بـــوو پیـــاوە کەچـــەڵە، لاواز و سمێـــل رەشـــە درێژەکـــە لەســـەر کورســـییەکەی کەوتـــە خـــوارەوە، مـــن

ئۆتۆمـــاتیکی راپـــەڕیم و گەیشـــتمە ســـەری، نـــەختێ شـــانەکانیم هەژانـــد و گـــوتم: هـــەلۆ.. هـــەلۆ.. ئـــەو هـــیچ جولەیەکی لێوە نەهات.

چـونکە هیچـم لـە ئـەڵمانی نـەدەزانی هـەر بـە چـاوەکانم داوای یارمــەتیم لــە کەســەکانی ئــەوێ کــرد، کــەس وەڵامــی نەدامــەوە، دوو ســەماکەرەکە هــەر لــە باوەشــی یەکتریــدا خــەریکی کوشــینی کۆتــەڵ و مــژینی لاملــی یــەکتری بــوون.. کرێکـارە ژنەکـە بـە تەلـەفۆن پەیوەنـدی بـە "ئـەمبۆلانس" دەکـــرد.. مـــن بـــە ناچـــاری باســـکی رقـــەڵاتووی پیـــاوە چـەلاکەکەم گـرت و خسـتمە سـەر پشـت، لـە ناکـاو کەوتمـە ژێـــر فـــەرمانی بڕیارێـــك کـــە دەبـــێ تەماشـــاییێکی باســـکی چـەپەی ئـەو پیـاوە زەردهـەڵاتووە بکەمـەوە.. کـە بـاش لـە باســـکی وردبوومـــەوە بـــە پـــیتی عـــەرەبی و بـــە هێڵێکـــی خــواروخێچ و ڕێنووســێکی تێکــەڵاو لەســەری کوترابــوو (اخ دنیـــای بـــێ وەفـــا).. لـــە باســـکەکەی دی نووســـرابوو "عمـــر عاشـق" هـەر لـەژێر ئـەو نـاوەش وشـەیەك هـەبوو کـە لەبـەر رەشـــکردنەوە نـــەدەتوانرا بـــەجوانی بخوێندرێتـــەوە، بـــەڵام لە "فاتیمە" دەچوو.

مـــن بـــه جـــۆش و خرۆشـــێكی زیـــاتر، بـــه ســـۆزێكی لـــه ڕادەبـــەدەر هەوڵمـــدا ڕاســـتی كەمـــەوە.. كـــه كەوتـــه ســـەر پێیـــەكانی، مـــن قـــۆڵێكیم خســـته ســـەر شـــانەكانم و بـــەرەو دەرەوەی كنایپەكـــه بـــووین.. لـــەو كاتـــەدا كرێكارەكـــه هاتـــه لام و كاغـــەزێكی بچـــووكی پێـــدام، كـــه ســـەیری كاغەزەكـــەم كرد لێی نووسرابوو "10" مارك..

پارەكـــەم دایـــێ و چـــووینه بـــەر دەرگـــای بارەكـــه.. لـــه چـــاوه بـــه چـــاوێلكەكانی ئـــەو پیـــاوەم ڕوانییـــەوه و گـــوتم: ماڵتـــان لەكوێیه؟

ئـــــەو وەك ئـــــەوەی پێمبڵـــــێ: هێشـــــتا سەرخۆشـــــیم نەگەیشـــتۆته ئـــەو حاڵەتـــەی لای مـــن پـــەرجوو بێنێتـــه ئافەریـــده.. بۆیـــه ئـــاوڕێكی لەســـەرخۆی دایـــەوە، چـــاوەكانی لـــەژێر چـــاوێلكەدا كزتـــر كـــردەوە، بـــه ئـــەڵمانی قســـەیەكی كـــرد.. مـــن تینەگەیشـــتم، دووبـــارە لـــێم پرســـییەوە: ماڵتـــان له كوێیه؟ دەمەوێ بتگەیەنمەوه ماڵێ.

ئـــەو بـــه دەنگێكـــی گـــڕی مەســـت كۆمـــەڵێ وشـــەی تێكئـــاڵاوەوە گـــوتی: نـــا.. نـــا، مـــن بـــاوەڕ ناكـــەم.. تـــۆ كێـــی؟ چـــی دەكـــەی لـــه

ناو ئەو کنایپە چکۆلانەیە.. ئەوەتەی من لەم شارەم بێجگە لە "نەشمیل" هێشتا کوردێکی دیکەم لێرە نەدیتییە..

گوتم: دەچییە کوێ تا بتگەیەنم..؟

گوتی: من دەتگەیەنم.. سویچی دەرهێنا.. خۆی لە بن باڵەکانم راپرووسکاند و بەردەوام بوو.. تۆ "کوردی"؟ هەی بەخێر بێی.. شارەکەت ئاوەدان کردەوە..

دەمنادەمێ پێش ئەوەی بکەوێ پرم دەدایێ و لە کەوتن رزگارم دەکرد.. ئەو وەك بڵێی ئەو هەڵوێستەی پێ عەیب بێ، هەوڵی دەدا ئەتمۆسفێرەکە بگۆڕێ و لە پڕێکدا بەسەر پشت روو لە ئاسمان خۆی خستە سەر بۆنیتی مارسیدیسێکی ئاخیر مۆدێل، لەناو پارکەکە..

تاوێ بێدەنگما.. من بە هەندێ مەستی سەیرێکی ئەو دیمەنە کۆمێدییە فەلسەفیەمدا.. لە ئەستێرەکانم روانی، بریسك بریسك دەبریسکانەوە..

بە خۆمم گوت: ئەی خودا ئەوە چ شەوێکی لاڵە؟ دەنگی هیچ چۆلەکەیەك نابیستم.. گوێم لێ نییە هیچ کەرێك بزەڕێنێ.. هیچ ماینێك بحیلێنێ.. دەنگی دەستڕێژ و تۆپ و "ئار بی جی" نابیستم، گوێم لێ نییە، گوێم لە دەنگی هیچ شتێك نییە لەو دەڤەرە لاڵە.. من لە کوێم؟ ئایە ئێرە کێندەرە؟ ئەو پیاوە سەر رووتە کێیە؟ دەمویست لەنێو سەبەتەیێ پرسیاری گران، مەلە بە هزر بکەم، کەچی لە پڕ قاقاییێك زنجیرەی رووداوەکانی نێو فیلمی زاکیرەیی پچڕاند، ها ها ها ها ها ها ها ها هامە هە هە هە.. ها ها هامە هە ها هە ها ها... ها ها ها ها ها ها... ها ها ها هە هە هە هە هە... من بە سەرسوڕمانییێك لێیم دەڕوانی، بەڵام نا نەکەی تخونی دنیای مەست و خوماران بکەوی.. منیش خودا بەهرەی ئەوەی پێداوم کە سنووری ئازادیی هیچ کەسێ نەبەزێنم.. بۆیە مت و کڕ و دۆشداماو، رەق راوەستام.. بە خۆمم گوت با لێی بڕوانم، سەریخۆشە..

ها هە ها ها ها هە هاه هاه ئای هەی ئۆف ئای زاڵم ئایی.... لە ناکاو لە پڕمەی گریانیدا..

وەك منـــداڵێكی ســـاوا پـــڕ بـــە قـــوڕگی هـــاواری دەكـــرد و دەگریـــا، چـــاوێلكەی لەچـــاو داكەنـــد و هـــەوڵی ســـڕینەوەی فرمێســـكەكانی دەدا.. بـــەدەم هەنســـك و گریانـــەوە ئـــەو كریســـتاڵی بێدەنگیـــەی وردوخاشـــكرد و گـــوتی: گونـــاحی مـــن چییە؟ مـن چـیم دەرهـەق بـە راسـتیی و ئاسمان كـردووە تـا بـــەو شـــێوەیە چارەنووســـم روو لـــە رمـــان و رووخـــان و كـاولبوون بكـا.. مـن كـێم؟ لـە كـوێ دەژیـم؟ لـەنێوانی ئـەو دەشـتە كـاكی بـە كاكییـەی قـەراج ئـەو شـارە بچـكۆلانەیە و ئـەو "هێرفـۆردە" كحولاویـە، مـن گـەورەترین پیـاوی شـێت و وێـــتم، مســـتێكی بـــە هـــەموو هێـــزی خـــۆی لـــە بـــۆنیتی مارسیدیســـەكەدا.. لێـــی نزیـــك كەوتمـــەوە، باســـكیم گـــرت و گـــوتم: لـــە هـــەموو شـــتێ لەگەڵتـــدام و ئامـــادەم.. بـــەڵام پـــەلاماردانی خـــەڵك بـــەبێ هـــۆ، كـــارێكی بـــاش نییـــە و رازی نابم.

ئـــەو مســـتێكی بـــەهێزتری لـــە بـــۆنیتی ســـەیارەكەدا و بـــە مەســـتییێكی زیـاتر لـە جـاران هاتـەگۆ: كاكـە گیـان پـەلاماری كەسم نەدایە..

گـوتم: ئـەی ئـەوە نییـە، بـۆنیتی ئـەو سـەیارەیەت هـەموو خواروخێچ کردووە؟

ئـەو قـۆڵی لـەنێو لەپـەکانم دەرهێنـا و دەسـتمی تونـد گـرت و گـوتی: وەرە تەماشـاکە.. هـەتا توانسـتی هـەبوو شـاپێکی لـە ویـل و تایـەی ئۆتۆمبێلەکـەدا، سویچـەکەی دایـە دەسـتم و لـــە دوان و ئاخـــاوتن بـــەردەوام بـــوو.. هـــا .. بیکـــەوە، ئـەوەیان هـەر هـی گـەوادێکی وەك منـە.. پێکـە پێکـە ئـەو کاسـێتەی پێکـە و دەنگـی بەرزکـەوە، هـەر بەتـەنیا ئەگـەر گـۆرانی بتـوانی ئـەو دڵـە مـردووەی مـن زینـدوو بکاتـەوە.. کـە کاسـێتەکەم پاڵـدا دەنگێکـی نـەرم و نیـان و پـڕ لـە سـۆز قاســپاندی (حــەیران لــە پــەنا ســەرگینی، ئــەوجا ئــەمن دەرێـم: وەرە خۆمـان مـات کـەین کـەس نـەمانبینی، ئـەتۆ سـینگێ خـۆت لـۆ مـن واراکـە مـەمکت لـە بـۆم بکـە بـالیف، هــەتا ســبەینێ دەوت لــەناو دەوی نــێم و بگــرم مــەمکێ دیکـەت، ئۆخـەی دەرێـی هەرمییـە لەسـەر ئـەوێ سـینگێ تــوو بــە جــووت خــەومان لــێ بکــەوی کــەس هــەرمان نەسـتینی.. حـەیران دەرێـم ئـای یـای یـای چـەندی گاسـدەکەم و گاسـدەکەم، دەرێـم هـەولێر هـەولێرە لەسـەری

قەراتــە لــەبنی بــاژێڕە، وەڵــڵا ســینگ و مــەمکی نــازدر حــەیرانێ قەیســەری و دوکانــە، دەرێ وەرە لــۆ خــۆت تێــر دەستان تێبگێڕە).

گوتم: ئەوە حەیرانە یا فیلمی پۆڕنۆیە؟

ئــەو لــەناو قوڵــپ و هەنســك و گریانــدا زەردەخەنەیــەکی کــرد، لێوەکــانی گەشــتر بــوون، هەنــدێ زەردەخەنەکــەی بــرەو پێــدا و لــە هێکــڕا لــە قاقــای پێکەنینیــدا و گــوتی: هەردووکیانە..

کــەمێ بــەلا داهــات، سویچــەکەی لــێم وەرگــرت و هەمــدیس گــوتی: فــەرموو بــا بتگەیــەنم.. لــە کــوێ دەژی؟ لــە کەمپەکەی "بتهۆڤن ستراشە"..؟

- بەڵێ.

لەگــەڵی ســواری ئۆتۆمبێلەکــە بــووم، گێڕەکــەی خســتە ســەر دوو، پێــی لەســەر بــەنزین داگــرت و دەرپــەڕی.. بــە پێچــەوانەی رووگــەی کەمپەکــەی "بتهــۆڤن ستراشــە" رۆیشــت.. نــاوە نــاوە زۆر خێــرا و هەنــدێ جــاریش زۆر

لەســـەرخۆ دەیهاژۆشـــت.. پـــاش دە خولـــەك لـــە گـــەڕەكێکی دەرەوەی شـــاری هێرفـــۆرد، لـــە نزیـــك دارســـتانێکی چـــڕ، لـــەناو ئۆقیانووســـێ بێـــدەنگیی و لـــەژێر پـــەلوپۆی ریـــزێ دارگـــێلاس و لـــەناو پـــاك و خـــاوێنییێکی بێســـنوور داوای دابەزینی لێکردم..

لـە تەنیشـتی رۆیشـتم، بـەرەو ڤیلاییـك رێبەرایـەتی كـردم.. ئـەو ڤیلایـە باخچـەیەکی دوور و درێـژی هـەبوو، هـەمووی بـە گـوڵ و درەخـت و پەیکـەر و رازابـۆوە.. چـەند سـویچ و کلیلێکی تاقیکردەوە..

-فەرموو بۆ نێو ماڵی خۆت..

کـە هـەنگاوێکم بـەرەو ژوورەوە نـا.. هـەموو شـتێکی جـوانم کەوتـە پـێش چـاو، دیکـۆری جـوان، قەنەفـەی جـوان.. نـاو مـاڵی جـوان.. کـەڤاڵی جـوان.. ئینـارە و کریسـتاڵی جـوان و هەموو شتێکی جوان..

پیـــاوە ســـەر رووتـــاوە چوارچـــاوە رەقهـــەڵاتووە پەناهەنـــدە و سەرخۆشـــــەکە، دەرگـــــای ژوورێکـــــی بـــــۆ واڵا کـــــردم و بەدەســـتەکانی ئامـــاژەی کـــرد و گـــوتی: فـــەرموو، بخـــەوە،

هـــیچ شـــەرم نەکـــەی، ئـــەوە مـــاڵی خۆتـــە، خـــەونی خـــۆش ببینی.

بـــەیانی لـــە خـــەو رابـــووم، کـــە لـــە هـــەموو کـــونج و گۆشـــەکانی ئـــەو ژوورە بەهەشـــتاوییەم روانـــی، یەکـــەمینجار بـــاوەڕم نـــەکرد، وام هەســـتدەکرد هێشـــتا وام لـــەنێو خـــەون و زەمـــەنی خـــەیاڵ.. دواتـــر یەکڕاســـت راپـــەڕیم و هەســـتامەوە سەرپێ.. هەموو شتەکانم هاتەوە یاد.

دەرگـــای ژوورەکـــەم ئـــاوەڵا کـــرد و چـــوومە نێـــو ســـاڵۆنەکە.. تەلـــەڤزیۆنی پێکـــراو ســـەرنجی راکێشـــام، کـــە چـــاوەکانم هـــەڵگلۆفی، قـــژی ئافرەتێـــك لـــە رۆخـــی پشـــتەوەڕا، کەوتـــە بەردیـــدەم، ناچـــار بـــووم بـــەیانی باشـــێکی لێبکـــەم.. لەبـــەری پشـــتەوە لێـــی نزیـــك کەوتمـــەوە و گـــوتم: بـــەیانی بـــاش خوشـــك.. پـــێش ئـــەوەی مـــن (ڕانـــاوی لکـــاوی تەمـــەلوك) بـــەو نـــاوە بێـــنم ئـــەو ئـــاوڕێکی دایـــەوە، مـــن زمـــانم شـــکا.. بـــە لاڵـــی و بـــەبێ دەنگـــی لـــە چـــاوەکانیم روانـــی.. ئـــەو وەڵامـــی نەدامەوە، بەڵام بەخەندەیەکەوە لێمی ڕوانی..

پەنجەی شەهادەم بۆی درێژ کرد و گوتی: تۆ.. تۆ.. کچی کاك عومەری؟

گوتی: لێرە چ دەکەی؟

گوتم: باوەڕ ناکەم.. ئەوە چ ڕووداوێکی سەیرە.. دەڵێی سریالی مەکسیکییە! لەولاتر دەنگێك رایچەڵەکاندم، بەیانی باش "کوڕی باش"..

- بەیانی باش کاك عومەر..

- ئەوە "ڕۆژین"ی کیژمە..

بزەیەکی دەستکردم بۆی کرد و لە دڵەوە گوتم: خوا ئێمەی کۆکردەوە.. ئەو ڕۆژە خۆ زۆر لەمێژ نییە کە لە "کۆڵن" کچێکی بەژن بڵندی ئەسمەر و شیرین.. تا حەدی (زیبای رەها) ڕۆمانسی.. لەش و لارێکی ماسی ئاسا.. سێکسی و لووس.. پرچ ڕەش و نیگرۆ، مەمك قیت. فانیلە عەلاگە ڕەشەکەی تەواو قەوسی مەمکەکانی نمایشکردبوو، نێوانی فانیلە تەنك و تەنورە ڕەشە کورتەکەی چەند سانتیمەترێك لێك دووربوون

بۆیــە بــە ئاشــکرا وێنــەی ئــەو ڕۆژە ســەوزە کــوتراوەی زگــە ڕاســـت و لووســـەکەی چـــوار دەوری نـــاوکی بـــە ســـانایی دەبینــرا.. لــێم پرســی نــاوت چــیە؟ تــۆ کێــی؟ دەتبینمــەوە؟ لــە یەکــەمین چــاو ترووکانــا عاشــقت بــووم.. نــەڕۆی، ســەری هــەموو بتلــە "بیرە"کــانی ئــەو دنیایــەت بــە ددان و چــەرخ و دڵــم بــۆ واڵادەکــەم، نــەڕۆی.. کەچــی ڕۆیشــت.. ئەوەتەیــە.. تــۆ لێــرەی! لێــرە لــە هێرفــۆرد.. لــە نێــو لەپــەکانی ئــەو ســـەیادە مۆنـــە، لـــەژێر دەســـتی ئـــەو بازنەبەزێنـــە، لـــەو چرکەساتەدا ڕووخساری دایکمم بیر کەوتەوە..

پێدەکەنی و دەگریا "ئاخر کوڕی خۆم فاڵچییەکە گوتی:

- فاڵچییەکە چی گوت دایکی شیرین؟

- کــوڕم فاڵچــییەکە گــوتی: کوڕەکــەت دەڕوا.. ئــەو خــاوەنی جانتـــاییەکی سەرکێشـــە لـــە پرســـیار و گومـــان و بـــۆن بەرامــەی زیبــا.. ئــەو ملپێچــی سەربەســتی دەخاتــە مــل و بوێرانــە بــە کۆڵانــەکانی زەمەنــدا پەرشــدەبێ.. کوڕەکــەت دەڕوا، هــەر دەڕواو هــەر دەڕوا.. هــەڵوادای ماچــی حــەرام و جەستەی حەرام و ئایندەی حەرام دەبێ.

لــە بولێڵــدا لای راســتەی رووخســاری ئاسمــانی "هێرفــۆرد" هێنـــدە بـــەبێ ئەســـتێرە و مـــانگ و بـــاقوبریقی نـــەیزەك دەینوانــد، کــە کەســێك توانــای بــاوەڕکردنی نــەبوو.. چــاو زەق و ڕەق و تـــەق وەك گـــورگێکی برســـی دەیلورانـــد.. لای چــەپەی رووخساریشــی قــژی خــۆی بــە قردێلــەی هێڤــی و ئومێــد گرێــدابوو، گــەش گــەش دەگەشــایەوە، پێــی وابــوو لــەو رۆژانــەدا دەتــوانێ وەك فریشــتەیەکی ئەفســوناوی لــە ئامێزیدا هەموو جوانییەکان بنوسێتەوە.

مــن لــە بــن لێفــە ئەســتوورەکە لــە نێــوانی بیرکردنــەوە لــە ســیمای رەشــی ئێســتا و چــاوانی ســەوزی ئاینــدە خــۆم هــەڵگێڕ و وەرگێــڕ دەکــرد.. ئەوەنــدەی هەوڵمــدەدا شــەماڵی خــەو نەیدەخســتمە نێــو نامــەی بێئاگــایی و بــەرەو خــەو و خەون راپێچی نەدەکردم.

بۆیـــە رابـــردووم، وەك سەرشـــێتێ رایچـــڵەکاندم.. دوای خـــۆ مەســت کــردن، ســەرەتا ویســتم بچــم لــە ســەربانە ســتارە نەویەکــە لــە پــۆڕ و مــەمکی بــەڕەڵای ژنــە موحتەرەمــەکانی گـــــەڕك بـــــڕوانم.. ویســـــتم دوای تورهەڵـــــدانی کتـــێبی پــەروەردەی ئــاینیی چــی ئــاوی کــافری جەســتەی خامۆشــم

هەیە بە سەربانەکەدا پەخش بکەم.. ویستم لە سینەی فیردەوساوی "چیمەن" بڕوانم و هەموو ژەهرە ژاناوییەکانی روحمی بۆ هەڵڕێژم.. ئای هەی چاوە سەوزوکانی "چیمەن" ئای هەی مەمکە قیتەکانی چیمەن!

یەکڕاست راپەریم، کە کەمێ رامام.. هەندێ وردبوومەوە، تێگەیشتم من وام لە حەوشەی کەمپەکەی "بتهۆڤن ستراشە" نەك گەڕکە شەرمن و رووت ئالۆزەکەی شەقامی "سورچییان" لە هەولێر.. لە هێکڕا رستەیەك کەوتە بەر دیدەم.. من لێرەدا رستەی سینتاکسی و رستەی رێزمانی گراماتیکم مەبەست نییە، بەڵکو ئەوەی کە من دەمەوێ ئاماژەی بۆ بکەم ئەو تەنافەیە کە جل و پۆشاکی لەسەر هەڵدەواسن.. ستیانی "سونگول"ی یوسف ئۆگلوی دراوسێی کەمپی لەسەر هەڵواسرابوو، من نامەوێ لە جوانیی و زیبایی ئەو تاوسە خواییە بدوێم، چونکە ئەو کەوە جگەرەکێشە شازدە ساڵییە ئەستەنبۆڵییە.. خۆی مێژووی جوانییە بۆ

مێــژووی نمایشــکارانی وجود..ئــەو دراوســێی بارانــە بــۆ زیندووبوونەوەی پێدەشتی وشکی زەمەن..

تەماشــاییێکی هــەموو لاکــانم کــرد، بــە تــرس و چــاو نەترسییەوە ستیانەکەیم لەنێو باغەڵم وەشارد.. چوومە ژووری کــەمپ.. هەنــدێ لــەناو هــزردا وەکــو پۆلیســی سەرشــەقامان وەســتام.. دواتــر بــە ناچــاری کەوتمــە نێــو دنیای وەشاردنی حەیا و حەیاچوون.

ســتیانە رشــەکەییم لــەنێو لــەپی راســتیم تونــد لولــدا.. بـۆنیم کـرد، پـڕ بـە سـییەکانم بـۆنیم کـرد، لـە قـووڵایی ســینەمەوە هەناســەی پــڕ لــە چــێژ و لــەززەتم لێــی هەڵدەســویی.. بــە لێوەکــانم دواتــرەمین ترۆپــك و دونــدی هــەردوو لاکــانیم هەڵدەمــژی، زمــانم بــە قولاییەکــەدا دادەهێنا و بەبێ هۆشی - ئاو- لە گشت گیانم دادەچۆڕا..

بـەیانی کـە رۆژێکـی نـوێ تیشـکی تـاڤی هێنایـە ژووری، مـن لەبــەر تیشــکی ئــەو خــۆرە نەمــدەتوانی دەروازەی چــاوانم تــەواو والآ بکــەم، هێشــتا هــەر خومــار بــووم.. ســووکە ژانــێ لـە کاژڵەمـدا هامشۆی دەکـردم.. هەسـتم بـە نەفـەس تـەنگی

خــۆم کــرد.. کــە دەســتم لــە هــەوکم هەڵســویی ســتیانە ڕەشــەکەی ســونگول لـــە قـــوڕگم ئـــاڵابوو.. بـــە دزی و خێراییــەوە چــووم ئەمانەتەکــەم خســتەوە ســەر ڕســتەکە و گەڕامــەوە ژوورەکــەم.. چــەند ســەعاتێك دواتــر، لــە دەرگــای ژوورەکەم درا.. کە دەرگاکەم ئاوەڵاکرد کاك عومەر بوو..

- کــا هێشــتا ئامــادە نیــت؟ لێــرە بــەدواوە ڕۆژی شــەممە نیوەڕۆیەکەی لای منی..

ئــەوە بــۆ چــەند هەفتەیــەك دەچــێ مــن هــەموو نیــوەڕۆییێکی شــەممە وەك پرۆگرامێکــی جــێگیر لەگــەڵ خێزانــی کــاك عومــەر و نــەشمیل لــە باخچــە و گوڵزارەکــەی ئەوانــدا بەســەر دەبــەم.. بــۆنی (گریــل- تکــە) و گوڵــە نەســرین و گوڵــە پشــیلە و بــەیبوون و شــەوبۆ و جــوانیی ڕۆژیــن و ســینگ و مــەمکی ڕووتــی نــەشمیل و تــامی بــیرەی ســارد و نەختێ مەستی هەمووی ئاوێتەی یەکدی دەبوون..

ئــەو شــەممەیە کــە تــەواو مەســت بــووم لــە کــاك عومــەرم پرســی: نــەشمیل کێیــە؟ مەبەســتمە بڵــێم دەبێتــە چــی جەنابتان؟

وەك ئــەوەی ئــەو پرســیارەی پــێ ســەیر بــێ، بــە نــەختێ مەســـتیی و بزەیـــەكی پرســـیارئامێزەوە گـــوتی: ژنـــەكی پـــەڕپوت و نالـــەواز و دەربـــەدەر، هـــەژارەی بـــە تـــەنێ لێرەیـــە، مێـــردی لـــە توركیایـــە، هـــەوڵی هـــاتن دەدا.. لێـــرە لـــەو ئاوارەییـــە و تاراوگەیـــە بـــە تەنیایـــە، گـــەر ئێمـــە یارمـــەتی نـــەدەین چـــی پێـــدەكرێ، ئـــەوا خـــەریكم یارمـــەتی دەدەم تا لەگەڵ مێردەكەی بە یەكدی شاد ببنەوە.

گوتم: خوا خێرت بنووسی!

"نـــــەشمیل" بـــــەژن مامناوەنـــــدییێكی ڕەش ئەسمـــــەری تێكســـمڕاو بـــوو، هـــەر لـــە سوپەرســـتارێكی جـــوانی فیلمـــی پۆڕنـــۆ دەچـــوو.. (زۆربـــەی ئـــەو جارانـــەی كـــە مـــن دەمـــدیت) ســـینەی بـــەرەڵا دەكـــرد، بـــە تایبـــەتیش لـــەو كاتانـــەی خـــۆی بـــۆ هـــەلگرتنی شـــتێك دادەهێنایـــەوە.. خـــەتی ناوەڕاســـتی مەمكـــەكانی ئـــازاری دەدام.. بـــەڵام ئـــەو زۆر بـــە دەگمـــەن لـــە كـــاتی ئاخاوتینیـــدا تـــیری بكـــوژی گلێنـــەكانی ئاراســـتەی ســـێرەی چـــاوانی مـــن دەكـــرد، یـــان وەخـــتێ كـــە مـــن دەدوام، خەندەیـــەكی دەســـتكردی دەكـــرد و مـــنی تێدەگەیانـــد كـــە بـــە گرینگییەوە لە قسەكانم ناڕوانێ.

بەلام "رۆژین" تەواو بە پێچەوانەی ئەو ژنە روح زلە، بە بێ هیچ حیساب وەك تۆپەڵێ ژیلەمۆی فێنك و وەفادۆست خۆی دەخزاندە تەكم.. هەندێجار بە چەند قسەیەكی نەنگ بە ئەتمۆسفێری كوردەواری راگیری دەكردم و لە شەرمی رادەكردم.. دایكی یان باوكی بە ئاماژەیەك پێیانڕادەگەیاند كە ئەو قسانە شەرم و نەنگییە..

من و نەشمیل دەمانویست كەشەكە هەر ئارامبێ، بۆیە لە حریتەی پێكنینێكی راستیمان دەدا و دەمانگوت: ژیانی ئێرە و كوردستان زۆری جیاوازە.

دوا بەدوای مەستی و كەشێكی بەرز، بەرز بە مانای پڕ لە ئێستیتێك و سەفا و بەختیاریی.. رۆژین هاتە لای باوكی و گوتی: دێد نەتگۆت ئەورۆ دەچینە "هانۆڤەر" بۆ "كیڕمز".

عومەر: با.. بەس دەبێ جەماعەتیش رازی بن..

رۆژین: دێد ئەوانیش دێن.

عومـــەر رووی پرســـیاری ئاراســـتەی "نـــەشمیل" کـــرد و پرسی: چ دەڵێن، حەزتان لە شاری یارییە؟

نەســرینی ژنــی کــاك عومــەر: لــۆ نــا.. دەچــین.. ئەوانــەش نەیاندیتیە، بچین باشترە.

بە رێکەوتین.. گەیشتینە شوێنی مەبەست.

نـــەختێ بـــەنێو دنیـــای پەلکـــەزێڕیناوی ئـــەو شـــارە رەنگالاویـــەی "یارییـــە" پەرتـــەوازە و پەخشـــان بـــووین.. مـــن هەمیشـــە (مەبەســـتمە بڵـــێم لـــە منداڵییـــەوە) حـــەزم بـــە شـــاری یـــاری و ئـــەو شـــتە منالکارانـــە نـــەبووە کەچـــی ئەوەتەیـــە دەبینـــم جـــووت جـــووت بـــە تـــەك یەکـــەوە لـــە حاڵـــەتی گۆڕینـــەوەی زمـــان و گوشـــینی جەســـتەی یـــەکترن.. دوو دوو ئاســـك و جـــووت جـــووت پەپوولـــە لـــەژێر بـــاڵ و لـــە ئـــامێزی یـــەکترەوە گـــۆرانی نیـــاز و ئۆخـــژن بـــۆ یـــەکتری دەچـــڕن.. لێـــرە هـــەموو شـــتەکان جـــوانن، جـــوان وەك مـــانگ.. وەك عەشـــق.. ئێـــرە بۆرســـەی گۆڕینـــەوەی لێـــو و مـــاچ و راســـتییەکانە، ئـــەو نێـــرو مێیـــە جوانانـــە و ئـــەو دیـــاردەی دەم لـــە نێـــو دەمنانـــە کـــەڤاڵێکی نـــاموێ بـــۆم

نەخشـاندبوو.. هەسـتم بـە ئـارامییێکی تـەواو دەکـرد، لـە چـواردەوری خـۆمم دەڕوانـی بـۆ ئـەوەی هێڵـی بازنـەکان ببیـنم.. بـە دووربـینی شـەرەف و پیـاوەتیی و ئـایین لـە چـواردەوری ئـەو ماچـکارە ئاسـاییانەم دەڕوانـی هـیچ سنوورێکم لێ دیار نـەبوو.. تێـر خولاینـەوە، تـا ئـەو کاتـەی عومـەر بـە قـوڕگێکی نـەختێ مەسـت گـوتی: چ دەڵـێن.. پایدۆسی لێنەکەین؟

ڕۆژیـن: دێـد هێشـتا زووە! ڕووی پرسـیاری ئاراسـتەی مـن کرد وا نییە؟

من: ئارەزووی ئێوەیە.

دایکـی ڕۆژیـن تەنوورەیـەکی ڕەش ڕەنـگ و کـورتی تـا پشـت چـۆکی لەبـەر کردبـوو، ئـەو بەلەکانـەی سـپی سـپی وەك بـەفری بێگـەرد دەبریسـکانەوە، کەمـەرێکی باریـك و سـینەیەکی پـان و بـەرین، کراسـێکی سـپی تەسـکی پۆشـیبوو، سـتیانە ڕەشـەکەی دوور بـە دووری هـاواری دەکـرد.. قـژی حـەریریی سـۆرتاریکی بـە سـەر شـانەکانی پەخشـان کردبـوو، لـەوە نەدەچـوو ڕۆژێـك لـە هـەولێر

ژیـــابێ.. بـــۆ دەربـــڕینی بۆچـــوونی لـــەو رووەوە زۆر بـــە دلێریـــی و بالادەســـتیەوە هاتـــە گـــۆ: ئـــەیرۆ عومـــەر داخـــی کـوو دلـت دەهێلـی رۆژیـن و ئـەو کـوڕە جوانـە لـەو خۆشـییە بـــێ بـــەش بکـــەیت؟ لێیـــان گـــەڕێ بـــا لـــۆ خۆیـــان لێـــرە بمینێنەوە..

عومەر تەماشایەکی منی کرد و گوتی: چ دەڵێی؟

گوتم: ئێوە چۆنتان پێ باشە با وابێ.

رۆژیــن بــە زەردەخەنەیەکــەوە گــوتی: تــۆ مێــوانی مــنی.. تــا نــاو کافتریاکــە رێبەرایــەتی مــنی کــرد.. ئــەو کاتــەی کچــە مــەمك بەرەلاکــەی ســێرڤس هاتــە لامــان رۆژیــن پرســی: چ دەخۆیەوە؟

مـن چـونکە گلێنـەکانم لـە هـەموو لاکـان بـە ئـاگر و بورکـانی جوانــان دەشــەوتا، ویســتم گــڕی زیــاتر لــە ناخمــدا هەلکــەم، بۆیە گوتم: ڤۆدکا.

رۆژین داوای ڤۆدکا و "ناوێکی دیکەی" کرد بە ئەلمانی..

لەگەڵ کچە مەمك رووتەکەی سێرڤس نەختێ پێکەنین و دیالۆگێکی چەند چرکەیی لەنێوانیاندا دروست بوو.. کرێکارە سینە کراوەکە رۆیشت.

من هەندێ لە چاوە خواییەکانی رۆژین رامام و گوتم: داوای چیت کرد؟ بیرە؟ پێیان بڵێ سەرەکەی نەشکێنن، چونکە من بەددان و بەرۆحم بۆتی ئاوەڵا دەکەم..

گوتی: داوای "ئۆرگازموزم" کردیە.. لە قاقای پێکەنیندا..

گوتم: ئۆرگازموز چییە؟

ئەو هێشتا هەر پێدەکەنی، بە پشتە دەستە ناسکەکەی فرمێسکی خۆشیی لە چاوەکانی رەشکردەوە و پرسی: کو تێتبگەیەنم؟

فەرهەنگە چکۆلانەکەی "لانگنشایدتس"م دەرێنا و بەبێ منەتی لەسەر مێزەکەم دانا و گوتم: چۆن دەنووسرێ؟

گوتی: وازبێنە..

گوتم: بڵێ.

گوتی: O- r -g- a - s - m - u - s

گەڕام.. گەڕام.. ئا OR - ORD - ORG

Organ : ئەندام.

Organistion : ڕێکخراو

Orgasmus : " ڕەحەتبوون"!

گوتم: تۆ داوای ئەو شتەت لە کێ کردووە!

ئەو هەر پێدەکەنی، بە وێنەی دڵۆپ دڵۆپی تەرزە لە بەهاران، دنکە فرمێسکی شادمانی لە چاوانی دادەبارین.. بە دەنگێکی نیو پچڕاوەوە گوتی: گوناحی من نییە، ئەوە ناوی خۆشترین شەربەتە لێرە.

گوتم: نۆشی گیانت بێ..

هەوڵیدا پێکەنینەکەی بە زۆر بوەستێنێ، نەختێ لە نینۆکەکانی ڕوانی پرسیاری کرد: چۆنە تۆ ڤۆدکا، یان

بە شێوەیەکی گشتی ئەلکحول دەخۆیتەوە؟ ئەدی حەرام نییە؟

گوتم: چییە دەتەوێ پێکەنینت بوەستێ؟ بەڵێ حەرامە.. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەیخۆمەوە.. ئا بەڕاست خۆتت نایەتەوە یاد لە "کۆڵن"؟

هەمدیس لە حریتەی دایەوە، قاقا پێدەکەنی.

لە دڵەوە گوتم: پێبکەنە.. سوێندم بە خوا و سوێندم بە ئیستێتیك و سوێندم بە ژیان، راوت دەکەم.. دواتر لە پێستی ئاسکێکت دەنووسمەوە و دەتکەمە بیرەوەری.

کە چرۆچاوی ئاسمانە خۆڵەمێشییەکەی شاری "هانۆڤەر"، بە پەنجەکانی تەنیی، وەستیان و هیلاکیی لە خۆی هەڵسویی، ئێمە رابووین تا بگەڕێینەوە شاری "هێرفۆرد"..

من هەمدیس لە دڵەوە پێکەنیم و گوتم: بێبکەنە.. سوێندم بە ئێستێتیك و سوێندم بە ژیان، راوت دەکەم.. لە پێستی ئاسکێکت دەنووسمەوە و دەتکەمە بیرەوەری..

دواتــر هــەر خــۆم بــیرم لــەو باشــەکارییانە کــردەوە کــە کــاك عومــەر و ژنــە جوانەکــەی بۆیــان کردبــووم، بۆیــە بڕیارمــدا هـــیچ هـــەنگاوێ بـــۆ بەزانـــدنی ســـنووری ئـــەو بازنەیـــە نەهاوێــژم کــە تــا ئــەو لەحزەیــە چەکوشــی بکــوژی رۆح و گیانمــە.. لەگــەڵ ئــەوەش لــە خــۆمم پرســی: پیــاوەتی کــاك عومــەر و ژنــە جوانەکــەی چ پەیوەنــدییان بــە ماچــکردنی "رۆژێن"ەوە هەیە؟

چــەند خولــەکێك رۆژیــن ئۆتۆمبێلەکــەی هاژۆشــت.. مــن لــە دەرەوەی هەســـتدا، لـــە نـــاو نەســـت و لەســـەر ترۆپکێکـــی گـــەرم و گـــوڕی ســـوپەر ئیگـــۆ رۆنیشـــتبووم، کەچـــی نـــەمتوانی هـــیچ هـــەنگاوێ بـــۆ بەزانـــدنی ســـنوورە دەستکردەکان بهاوێژم.. لام سەیر بوو..؟

بێـــدەنگیی و کپیـــی جـــەللادی فەرهـــەنگ و لێکســـیکۆنی دەروون و نـــاخ بـــوون.. "رۆژیـــن" بـــە پەنجـــەی گـــەورەی دەســـتی راســـتەی کاســـێتەکەی پاڵـــدا.. گۆرانیبێـــژیك بـــوو دەیگوت:

((ئـامینێ تاقانــەی دایــێ.. ســەد شــێخ و مــەلای دنیــایێ.. هــەمووم بــۆ هێنــا ڕەجایێ...هتــد)).. ئـەو دەنگـە قــووڵ و ســۆزاوییە لەگــەڵ پــەلوپۆی پــڕ لــە شــانازی درەختــەکانی لێــوار شــەقام و تــاریکیی ئاسمــان و لالّــی ئێمــە هــەمووی ئاویّتە بوو..

دەمنــادەمێ بــە تیغــی چــاوە مــۆن و حیزەکــانم لــە قەوســیی و قــیتی و خڕیــی و تونــدی مەمکــەکانیم کــە قایشــی ئــەمان لێکــی جیاکردبوونــەوە دەڕوانــی.. خــەریك بــوو بانگەشــتەی دۆڕانــی خــۆم بکــەم و بــاوەڕ بــەخۆم بێــنم کــە مــن لێــرە بــەدواوە ژیــان بــە کــوێری بەســەر دەبــەم. دوا بــە دوای بیرکردنەوەیـەکی تـەواو، ئـەو دەسـتی بـۆ ڕیکۆردەرەکـە بـرد و هەنـدێ نرمـی کـرد و بـە جددیـەتێکی زۆرەوە گـوتی: مـن زۆر ڕام لێتــە.. تــۆ تاکــە کــوردێکی کــە بتــوانم کۆنتــاکتی لەگــەڵ بکــەم.. بــەڵام تــۆش بــە شــێوەیەك لــە شــێوەکان "NAIV"ی.. نــازانم ئــەوەیان بــە کــوردی چــی پێــدەڵێن، بــەڵام دیســان دەتــوانی لــەو فەرهەنگــەی گیرفانــت ئــەو وشەیە ببینیتەوە..

مــن وەکــو ئــەوەی بــەدوای مــەرجان و یاقوتــدا بگــەڕێم هێنــدە بــە پەرۆشــییەوە پــڕم دایــە فەرهەنگەکــە.. بــۆ ئــەوەی وا بــەو رووکەشــیی و ســادە و ســاکارییە بۆچــوونی یــەکێکی دی ســەبارەت بــە خۆمــەوە بــزانم، گــەڕام تــا وشەکەم دۆزییەوە.. ((naiv - ساویلکە)).

- ها.. من ئەو وشەیەم!؟ لۆۆ؟

- .......

بــێ دوو دڵــی و دڵــەڕاوکێ و خــۆ خســتنە بــەردەم تــەوژمی سەرســەختی پرســیارەوە، دەســتم خســتە ســەر دەســتە چکۆلانە گەرمەکانی لەسەر گێڕەکە..

مــن یەکڕاســت بــاوکمم بــیر کەوتــەوە.. ((کــوڕی خــۆم نەکــەی رۆژێ لــە رۆژان عاشــقی - بــا - بیــت، - بــا - دەڕوا، ئــەورۆ لــە ئــامێزت لانــە دەکــا، بــەیانی لــە باوەشــی پێدەشــت و مەملکەکــەتێکی تــرە)) دەســتم کێشــایەوە.. هەنــدێ هــزریم و لە روحەوە گوتم: بابە گیان ئەوەشیان - خزمی بایە-؟

لــەو چــرکەیە دەنگــە ناســکەکەی رۆژیــن واگــای هێنامــەوە:
خۆ نەمگوت بەو شێوەیە پەلاماری دەستم بدە!

- ویستم هەست بە گەرمایی لەشت بکەم.

- خۆش بوو؟

- بمرم.

هێشــتا لــە نیــوەی رێــدا بــووین، "رۆژیــن" لــە شــەقامی ســەرەکی لایــدا، بــە قــولایی تــاریکیی جەنگــەڵێکی چــڕدا شــۆڕبۆوە، دارســـتانێکی هێــور، هــێمن وەك مـــانگ لـــە چواردەدا هـێمن، درەختـەکانی ئـەو چڕسـتانە وەك ئـەوەی زۆر عــەودالی یــەکتر بــن پەنجــەکانیان تێــك هەڵکێشــابوو، لێوەکانیـان بەیەکـەوە نووسـاندبوو تـا ئاسـتێ کـە سـەقفێکی وەفادۆســتیان بــۆ ئــەو کەســانە هێنــابووە ئافەریــدە، کــە دەیانەوێ ئیرۆتیك و سێکس لە ناتۆردا بئەزموونێنن.

مـــن جارێکیـــدی لـــە خراپیـــی و نـــەرمایی و تونـــدوتۆڵی مەمکــەکانی رۆژیــنم روانییــەوە.. خــەریك بــوو دەرگــای ئۆتۆمبێلەکە والا بکەم و بەو دارستانەدا پەرش ببم.

ئــەو لــە ناوەڕاســتی کوێرەڕێیــەکی دارســتانە تاریکەکــەدا وەســتا.. مــن لــە پەنجەرەکــەوە ســەرم بــەرەو ئاسمــان خــوار کــردەوە، ئاسمــانی ســەر دارســتان نــەدەبینرا.. لــەو ســەوز و تاریکییــەدا نــە ئاسمــان و نــە خوداوەنــد و نــە ئاســۆ و نــە درەوشانەوەش بەدی نەدەکرا..

ئــەوەی کــە مــن دەمــدی تــەنیا جــووتێ مــەمکی هەناراســای شــێت و غەجــەریبوون لەگــەڵ لــەش و لارێــك کــە لــە حۆرییەکانی لێواری رووباری بەهەشتیان دەکرد.

ئــەو بــە ســتایلێکی ئاســایتر لــە ئاســایی و بــە شــانازییێکەوە، وەك تــەوار لــە چــاوەکانمی روانــی و گــوتی: لــۆ ناپرســی ئێمە چ دەکەین لەناو ئەو "ڤالد- دارستان"ەدا؟

- دەست لە کاری خودا نادەم.

- تۆ زۆر ئاقڵی..

بــە هێــوری ســەری بــۆ هێنــام و دەوی خســتە نێــو دەوم.. پــاش کــەمێ بــە ئاســتەم پێڵوەکــانم لێــك ترازانــد، دەروازەی چــاوەکانی ئــەو تــەواو داخرابــوون دەســتم خســتە ســەر

مەمکـــەکانی و تێـــك و پـــێکم قۆپاندنـــەوە.. هەڵمگۆشـــین.. نەخشـــەی دەســـت و شـــوێن شـــانەی پەنجـــەکانم و ڕەسمـــی دەمـارى لێوەکـانم تێیـدا تۆمـار کـرد.. خانـە خانـەی زمـانم لـــە گۆپەکانیـــدا حـــەفر کـــرد.. بـــەرەو ســـەر هەڵـــدەزنام لێوەکـــانیم دەکرۆشـــت، وەك لاولاوە زمانـــەکانمان تێـــك دەئـالآن، لـە یـەك کاتـدا حـەزم لـە پێکـەنین و حەزیشـم لـە گریان بوو..

ئـــەو ســـەری کێشـــایەوە.. زەردەخەنەیـــەکی کـــرد.. ئۆتۆمبێلەکـــەی هـــەڵکرد.. بـــە شـــوێنی خۆمـــان بـــە کوێرەڕێیەکـــەی نـــاو دارســـتاندا گەڕایـــەوە ســـەر شـــەقامی ســـەرەکی.. لەوێنـــدەرێش بێئـــەوەی وشـــەیەك لـــە کـــانیی زارمانـەوە بڕژێتـە نـاو پێدەشـتی بێـدەنگیی، بەڕێکـەوتین.. تـــا مـــنی گەیانـــدەوە بـــەر دەرگـــای کەمپەکـــەی شـــەقامی بیتهۆڤن.

مـن دابـەزیم، زۆر بـە مەسـتیی و سـەیری لێـیم ڕوانیـی و گوتم: خواحافیز.

- وا بە سانایی بەجێمدێڵی؟

- چیت دەوێ گیانی من؟

ئـەو خـۆی بـۆ لای سـەکن درێـژ کـرد و یەخـەمی راکێشـا و ماچـێکی لـەنێو دەوم کـرد و گـوتی: سـبەی پـاش نیـوەڕۆ وەرە ماڵێ.

بچـم.. نەچـم!؟ بچـم.. نەچـم!؟ بچـم.. نەچـم!؟ بچـم.. نەچـم!؟ بچـم.. نەچـم!؟ بچـم.. نەچـم!؟ بچـم.. نەچـم!؟ بچـم.. نەچـم!؟ بچـم.. نەچـم!؟ بچـم.. نەچـم!؟ بچـم.. نەچـم!؟ بچـم.. نەچـم!؟ بچـم.. نەچـم!؟. مـن بـەو شـێوەیە دانەی پەڕە ناسکەکانی گوڵەکەم تەواو کرد..

ئـێ خـۆ "مـەلا عەبـدوڵڵا"یش هـەموو جارێـك لـە وەعـزی پــاش نیوەڕۆیــانی رۆژانــی رەمــەزان و خوتبــەی رۆژانــی هــەینی لــە "مزگــەوت" هــەموو هــەوڵ و تەقــەلا و تێکۆشـانەکانی یـەك دەخسـت بـۆ ئـەوەی فێرمـان بکـا، کـە هەمیشــە ئــۆقرەگر و دوور لــە هەڵپــە هــەڵپ و ســەر لێشـێواوی بـین و بـبین بـە دولبـەری دلۆڤـان و وەفـاداری سەبر.

دێتــەوە بــیرم جارێکیــان لــە میحرابــە زەخرەفاوییەکــەدا.. لـە ناوەڕاسـتی ئـەو هـەموو "بسـم اللـه و اللـه اكبر و محمـد و علی"یــەدا کــە بــە خــەتی کــوفی لەســەر دیــوار و لــەنێو چوارچــێوەکان نووســرابوو، شــەقێکی بەچــۆکی راســتەیدا کێشــا و ئــاخێکی قــووڵ و راســتەقینەی لــە ناوەڕاســتی ســییەکانیدا هەڵکێشــا و بــە زمــانێکی خەفــەتبار و پــڕ لــە غەریبییــەوە گــوتی: جارێکیــان.. ئــەی برایــانی دیــنی جارێکیـان شـەیتانی لـەعین زۆر لـە سـەروەری ئـۆقرەوگر و سـابیران، شـای عـاقلان "ئـەیوب" پێغەمبـەر ((ئێمـە هــەمووومان بەیەکــەوە بەیــەك دەنــگ گوتمــان: درووی خـوای لـێبێ)) دڵگـیر و تـووڕە و زویـر دەبـێ، بۆیـە دەچـێتە لای خــوای تــەبارەك و تــەعالا و پێــی دەڵــێ: ئــەی خــالیقی کـەون و بـوون.. ئـەی داهێنـەری ئـەرز و ئاسمـان.. "ئـەیوب پێغەمبـەر" زەنگینـە و هـەموو مـاڵی دونیـا هـی ئـەوە، بۆیـە وا بەبێ وچان عیبادەتت بۆ دەکات و دەتپەرستێ..

شــەیتانی ناکەسبەچــە هــەر بــەردەوام بــوو.. ئــەی خــودای گـەورە بـۆ خـاتری گـەورەیی خـۆت رێگـام بـدە بـا ئـەزموونی نـەداری و بەلـەنگازی و هـەژاری نیشـاندەم، جـا بزانـە تـەنیا

دەقەیەکیش ئاگای لە پەرستنی عەزەمەتی هەموو کەون دەمێنێ؟

خوای گەورە و جەللە و جەلال، پێی گوت: بڕۆ ئەی "ئیبلیس"ی لەعین بڕۆ، ئەوە ڕێگامدای بڕۆ هەموو ماڵ و سامان و سەروەتی لێبسەنەوە.

"ئیبلیس" دەچێ چی تاووس و مەڕ و مالات و گا و گۆلک و بزن و نێری و مریشک و کەڵەباب هەیە تەفروتونایان دەکا.. مەحرەقە و ڕەشبکوژییێک دروستدەکا هەر مەپرسن! خەرمان و پەرێز و تەواوی سەروسامانی گڕ تێبەردەدا.

کە تەواو دەبێ دەچێتە لای "شای سابیران، ئەیوب پێغەمبەر" و پێی دەڵێ: تۆ ئێستا هەژاری، خوا تۆی بە شایانی هیچ نەزانی.. هەموو شتەکانی لێستاندی.

لە تەنیشتم پیرەمێردێک تۆپەڵێ بەڵغەمی زەردی خستە ناو دەسەسڕێك و لەسەرخۆ و لەبەر خۆیەوە گوتی: ئای لەو مەلعونەی!

ئـێ برایـانی دیـنی، بـه بـیری ئێـوه دەبـێ وەڵامـی ئـەو پیـاوە پـڕ شـانازییە چـیبێ؟ برایـانی موسـڵمان.. ئـەیوب پێغەمبـەر زۆر پادشـایانە وەڵامـی شـەیتانی لـەعینی دایـەوە و گـوتی: چـقەیدییە، پادشـای کـەون و کائینـات داویـەتی و هـەر ئەویش دەیباتەوە.

دوای ماوەیـەکیتر "ئیبلـیس" دەقـەهرێ، شـێت و هـار و دامـاو، دەفکـرێ.. بـەدوای فێڵێکـی دیکـەدا دەگـەڕا و سـەرگەردان بـوو.. ئـەو جارەیـان دەچـێتە لای "رب العـالمین" و پێـی دەڵـێ: ئـەیوب بـە کوڕەکـانی دەنـازێ، هـەر بـەهۆی کوڕەکـان و شـانازی کـردن بـە کوڕەکانیـەتی بـیری تۆ دەکاتەوە و تۆی لەبیرە و عیبادەت بۆ دەکا...

پیرەمێردەکـەی تەنیشـتم هەمـدیس لـە گیرفـانی نـاوەوەی کورتەکەکـەی (لەسـەر دڵـی) دەسەسـڕەکەی دەرهێنـا و بەڵغـەمێکی زەردی پیـاکرد و گـوتی: وای هـەی لـەو لـەعین بابەی!

خـوای مـەزن پێیگـۆت: بـڕۆ ئـەی جاهیـل بـڕۆ.. ڕێمـدای کوڕەکانیشی لێبستێنیتەوە.

"ئیبلیس" ڕۆژێك خۆی داوێته سەر شێوەی پیاو چاكێك و هەموو كوڕەكانی دەعوەت دەكا.. دواتر لەناكاو خانووەكەیان بەسەر دادەڕوخێنێ.

حاجییێكی كەشیدە زەرد لەوسەر بە دەنگێكی نیو بڵند (لا حول ولا قوه الا باللە) دواتر "ئیبلیس"ی شەڕ و ناموراديی دەچێتە لای "سەرورەی ئۆقرەگران" و پێی دەڵێ: كوڕەكانت مردن.. هەموویان مردن.. خانوویان بەسەر داڕووخا.. سەقفیان بەسەر داڕوخا و مردن.

دروودی خوای لێبێ "ئەیوب پێغەمبەر" دوو تنۆكە فرمێسكان دادەبارێنێ و بە چاوی بە فرمێسكەوە، وەڵامی جوامێرانەی خۆی دەداتەوە و دەڵێ: ئەو كوڕانەم ئەمانەتێك بوون، خوا پێی دابووم، ئێستا ئەوانی بۆ لای خۆی بردەوە.

دەروێش ڕەمەزان ئاگری لێهەڵسا و پڕ بە قوببەی مزگەوتەكە هاواری كرد: نووری پاك محەمەد سەڵەوات.

هەمووومان بە یەك دەنگ وەك كۆرسی ئۆركسترا (اللهم صل علی محمد وال محمد.. امین).

لــه کۆتاییــدا هــیچ شــتێك نــامێنی ئــەوە نــەبێ کــە زەفــەر بــەخۆی ببــا.. بۆیــە دیســان دەچــێتەوە بــەردەم قــاپیی رب العــالمین و داوای لێــدەکا کــە ڕێگــای پێبــدا ئــەو "نــووره ڕووناکە" تووشی نەخۆشییێکی درێژخایەن بکا..

مــەلا عەبــدوڵڵا پــڕ بــە قــوڕگی قیژانــدی و هــاواری لــێ بــەرز بـــــۆوە: تەماشــــاکەن تەماشــــا.. ئــــەوە چ مــــەلعونێکی حەقیقیــــە! دەســەســــڕێکی ســــپی دەرهێنــــا، بــــەڵام ئــــەو لــەجیاتی ئــەوەی بەڵغــەمی تێبکــا، بــە تــەوێڵی خــۆی داهێنــا و ئارەقەکــەی پێســڕیەوە و گەڕایــەوە ســەر تێمەکــەی ئــەو دوا نیوەڕۆیــەی ڕۆژی ڕەمەزانــە و گــوتی: خــودای عــالم و زانــا و دلۆڤــان.. برایــانی دیــنی ئــەو خودایــە مــەزن و دلۆڤانە دیسان ڕێگای بەو نەفرەت لێکراوەدا..

پێغەمبــەری خــوا نــەخۆش کــەوت.. کرمــی لێدەرکــەوت.. بەشــەری لــێ دوور کەوتــەوە.. خــوێنی لێهــات.. لەبــەر ژان نەدەحەوایــەوە.. بێکــەس و بــێ هــاودەم و لات و بێنــەوا و بێ لانە و هێلان مایەوە..

مـەلا عەبـدوڵڵا ئـەو جارەیـان تـەواو تـەواو، پـڕ بـە سـینە و سییەکانی قیڕانـدی.. ئـەو نـازدارە لـە ئاقـار و چـۆڵەوانیی و لـەناو تـاریکیی و لـە مـەنفادا کـەوتبوو.. بـەڵام.. بـەڵام.. گـوێبگرن.. بـەڵام سـەبری گـرت ئـەیوب.. بەرامبـەر ئـەو هـەموو ئـێش و کـرم و خـوێن و تـەنیایی و فـەنا و مردنـەدا تێکۆشـا و سـەبری گـرت.. مـەلا قیڕانـدی: ئـەی برایـانی دینیـی.. قـازانج ئـەزموون لـەو سـابیرە وەرگـرن و سـەبر بگرن..

ئـەو بیرەوەرییـە، سـووکە ژانێکـی خەفـەتئامێزی لـەلای چـەپەی کاژەڵەمـدا هێنایـە بـوون، بۆیـە بڕیارمـدا چـیدی بیر لە رابردوو نەکەمەوە..

بـەخۆم گـوت: باشـە، زانیمـان، سـەبر گـرتن کـارێکی بـاش و دروسـتە و.. بـەڵام پێغەمبـەری ئـاخیر زەمـان دروودی خوای لەسەر بێ دەڵێ: (کاری ئەمڕۆ مەخەرە سبەی).

هەربۆیـە خـۆم بـۆ نـەگیرا، لـە جیـاتی ژوانەکـەی پـاش نیـوەڕۆ، پـێش نیـوەڕۆ رووەو ڤـێلا سـەوزەکەی عومـەر بەڕێکەوتم.

بــەدەم ڕێگــاوە لــە پیــاوەتی و ئــەو هــەموو هاریکــاری و هەرەوزییــە ڕێکپۆشــانە دەهــزریم کــە عومــەر و نەســرین پێشکەشــیان کردبــووم.. چــۆن دڵــم دەهێڵــێ خیانــەتیان لێبکــەم..؟ بــەڵام کــێ دەڵــێ مــاچ و مــووچ و هەڵمــژینی لامــل و هەنــدێ یــاریکردن بــە شــتە ناســك و نەســواوەکان دەکەوێتــە نــاو بۆتــە و چوارچــێوە و خانــەی خیانەتــەوە..؟ هــەر خــۆم پرســیارێکم کــرد: باشــە بــۆ خیانەتــە.. خــۆ خــوا نــەکا خــوورتییێگی ناکــەم..؟ ئێســتاش بــە ڕەزامەنــدی هــەردووکمان نــەبێ ئــەو پرۆســەی ئیرۆتێکاندنــە نایەتــە ئافەریــدە.. دەزانم دەزانم بــەڵام دڵــی بــاوك وا نــاڵێ.. دوایــێ عومەر و نەسرین هێشتا هەر ڕۆژهەڵاتی و موسڵمانن..

کــە گەیشــتمە بــەر دەرگــای ڤێلاکــە، هەناســەیەکی قــووڵ و هێمــنم هەڵکێشــا، خــۆم هێنایــە بــار و کەشــێکی ســەد دەر ســەد ئاســایی و پێنگــاو پێنگــاو، بــەناو گــوڵ و گــوڵزار و درەخــت و ســەوزایی ئــەو باخچــە ناوێزەیــە بــەرەو ژووری هــەنگاوەکانم نــا.. گوڵــە بــەیبونێکم لێکــردەوە و لــە لەپــەکانم هەڵسویی.. کــە گەیشــتمە ژووری نەســرین خــان: ئەیرۆ ئەوە ئەتووی؟ فەرموو فەرموو بەخێربێی؟

مــن بــە شــەرم و رووخســارێکی ســوورهەڵگەڕاوەوە، دەســتی لــەرزۆکم بــردە نــاو بــەرگی پانتۆرەکــە و بــە زمــانێکی نــەختێ تێکقژقــژاوە و بــە هەنــدێ تەتەڵــەوە: وەڵــڵا ئــەو کاغـەزەم لـە دادگـای باڵنـد لـە شـاری "کۆلن"ـەوە بـۆ هـاتووە، هێناومە، بەڵکو "رۆژین" بۆم تەرجەمە بکا.

نەســرین لــە عێراقــدا هــەرگیز نەچــووبووە قوتابخانــە، بــەلاّم خوێندنــەوە و نووســین و قســەکردنی بــە زمــانی ئــەڵمانی ســەدجار لــە عومــەر باشــتر بــوو، کاغەزەکــەی لــێم وەرگــــرت و ســــەیرێکی خێــــرای دێرەکانیــــدا و بــــە ڕوو گەشــیێکەوە گــوتی: پــیرۆزە.. پــیرۆزە.. بــە گــوێرەی یاســای پــەرەگرافی 61 بــە پەناهەنــدە قبــووڵ کــرای.. ئــەوەی کــە ئێــوە پێــی دەڵــێن "سیاســی".. ئــەمن ســەد لەســەد یــەقین نیمــە، بــەس بــە گــوێرەی تێگەیشــتنی مــن وایــە.. بــا رۆژینیش لۆتی بخوێنێتەوە.

ئێمــە لــە گوڕینــەوەی بیروڕاکانمــان بــووین ســەبارەت بــەو کاغــەزە کــە "نــەشمیل" بــەخێرهاتنی لێکــردم، لــە دڵــەوە فیکــەییێکم لێــدا، ئــەی خــودا ئــەو قەیرەیــە چ ئەســپەژنێکی کــافرە!؟ هــەر دەکــوژێ و ناشــارێتەوە.. بــەتیغی چــاوانم لــە

بنی پێی تا تۆقی سەری لێرامام.. چ چ چ.. ئەوە چ تۆفان و کارەساتێکە!؟

دوا بە دوای نیو کاتژمێر لە ونبوونی نەسرین، کە گەڕایەوە ڕێکپۆش و چوست چالاك و ئامادە، بە تەنکە میکیاجێکەوە ڕووی ئاخاوتنی لێکردم گوتی: من دەڕۆم تۆ بمێنێوە، با ڕۆژینیش کاغەزەکە بخوێنێتەوە.. بۆ نیوەڕۆش نابێ بڕۆی، ئەوا "نەشمیل" خواردن لێدەنێ.

کە "نەسرین" لەبەر چاواندا ونبوو، ئەوکاتە "ڕۆژین" ڕۆژی سالۆنەکەی هەڵێنا، بە پانتۆڕێکی ڕەش و فانیلەیەکی عەلاگەی ڕەش هاتە لام.. وەك ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە گلێنەکانمدا دەدرەوشایەوە.. منی بەرەو ژوورەکەی خۆی بە کێشکرد.. کە لەسەر کورسی ژێر مێزی کۆمپیوتەرەکە ڕۆنیشتم.. بەسەرسوڕمانێکەوە گوتی: جەناب نەمگوت پاش نیوەڕۆ وەرە؟

- "ئەیوب"یش وایگوت، بەڵام من نەمتوانی!

- "ئەیوب" کێیە؟

- پێشکەشـــکاری پڕۆگرامێکـــی تەلەفزیۆنییـــە.. هەمیشـــە ئازمایش سەبارەت بە سەبر و ئۆقرەگرتن نیشاندەدا.

"رۆژیـن" بـوێرتر لـە مـن و لـە بـاوکم، بێپـرس و قسـە هاتـە سـەر رانم و خـۆی خزانـدە باوەشـی کـەرم.. لـە ئامێزمـدا مـت و بێـدەنگ دامرکـا.. ئـەو دەسـتی خسـتە نێـو پرچـم و کەوتـە نـاو پـەرێزی وازیکـردن بـەو گێتییـە سەرلێشـێواو و چـکۆلانەی نێـو تبلـەکانی.. تـاڵ تـاڵ پرچـمی هەڵدایـەوە و بـەدەم مەسـاج کردنـی کاژەڵـەی سـەرم هێـدی هێـدی پێڵـوە زیوینییەکانی لێك نزیك کردەوە..

لـەو چرکەسـاتەدا، مێـژوو شـەپازڵلەیەکی پیـادا کێشـام و گەڕاندمییـەوە نـاو باخچـە سـیحراوییەکانی ئـەو چیرۆکە راسـتییانەی کـە "شـکار"ی هـاوڕێم بـۆی دەگێڕامـەوە.. مـن بـاوەڕم پێینـەدەکرد، ئـەو رەخنـەی کـە دەیگـوت: مـن لـە نیوەڕۆیـانی هـاوین سـەندەویجێك لـە "گەسـی زیـرەك" دەخـۆم و دەچـمە سـینەما "حـەمرا" بـۆ دیـتنی فیلمێکـی پۆرنـۆ.. دواتـر لەگـەڵ "ئـاوازی" کیـژی "ئامینـە شـێت" مەوعیـدێك لـە وێسـتگەکەی مزگـەوتی سـپی دادەنـێین، بـە پاسـەکەی شەسـت مـەتری خولێـك بـە چـواردەوری هـەولێر

لێــدەدەین، دواتــر لــە خــولی دووەم، لــە کورســییەکانی پشــتەوەی پــاس ڕۆدەنیشــین، ئــەو کاتــەی کــە پاســەکە بــە تــەنها چــەند کەســێکی تیــا دەمــێنێ، مــن قامکــەکانم دەخەمــە نێــو تــەك تــەکی پرچــی "ئــاواز" و دەکەومــە نێــو دنیــای نــتم کــردن و هێورکردنــەوەی بومەلــەرزەکان.. بــە دەســتی راســتم خــەریك و بــە هــی چــەپەیش پشــتە ســەری مەســاج دەکــەم، نــاوە نــاوەیش بــەرەو گــرتنی ســتیانەکەی دەســتم شــۆڕدەکەمەوە.. خۆشــم نــازانم چــی دەکــەم!؟ ئــەو بــە چــاوانی برســی و مۆنــەوە ئــاوڕێکی پشــتەوە دەداتــەوە و بــە ئامــاژە داوای بــەردەوامبوونم لێــدەکا.. مــن بــە چــاوێك تەماشــای ئۆتۆمبێلــەکانی دەســتی راســتەم دەکــەم و بــە هــی چــەپەیش لــە شــۆفێری پاســەکە دەڕوانم، لەســەر تــەڵی ئــێش و لەززەتــدا یــاری دەکــەم.. تــا ئــەو کاتــەی ئــاوپرژێنی کورســیێك دەکــەم و هێــور هێــور دادەمــرکێم.. مــن ئــاهێکم هەڵکێشــا و گەڕامــەوە نــاو راســتییە هەنووکەییەکــە، لــە چــاوەکانی رۆژیــنم روانــی، لــە دەرەزی پێڵوەکــانی، گلێنەکانی بە نەرمی بانگمیان دەکرد..

منــيش چــی حــەز و شــەهوەت و زیبــا و هەســت هەیــە لــە رانـــەکانم و لـــە ســـینەمدا کۆمکردبوونـــەوە.. لێوەکـــانم خوێناویـــان لێدەچـــۆڕا چاوەکانیشـــم مـــەراق و خولیـــا.. لەپـــەکانم قیـــژە و هـــاوار و نزایـــان لـــێ هەڵدەســـتا.. ئـــەوە چ شۆڕشێکی هەڵایساوی جەستە بوو؟

لێوەکانی هێنا.. منیش.

کەوتینـــە نـــاو درامـــای داخســـتنی پـــەردەی ســـیحراوی پێڵوەکـان.. بیقڵـی چـاو نـەدەبینرا، زەمـەن و خـوا خـامۆش بـــــوون.. روح وەك گـــــەردەلوول و هاوکێشـــــەکانی رەشـــەبایەکی رووکـــەش و دڵـــیش وەك نهـــێف هـــێمن بـــوو.. زۆر بــە هێــوریی مــاچ و کوشــین و عەشــق و ئێســتەتیك و خوداوەنـــدەکانمان گۆڕییـــەوە.. دەســـتێکم درێـــژ کـــرد.. درێـــژ درێـــژ.. بـــڕوام پێبکـــەن بەقـــەد "رایـــن" و "دانـــووب" درێـــژ.. بــۆ ئــەوەی لــەناو زەریاکــانی ئیرۆتیــك، لــەززەتێکی تایبــەت بێـنم و ئـەو کێڵگـەی نـەرمایی و گۆپکـە و لووسـیەتیەی پـێ ئـــاودەم.. شـــەهێنی مەمکـــە ئەرخەوانییـــەکانم دەســـتەمۆ کـــرد.. دەمـــارە رووباراوییـــەکانیم راوکـــرد.. بـــە جـــۆش و خرۆشــێکی ئەفســووناوی، دوور لــەژێر دەســەڵاتی هــەموو

عـادەتێکی دەسـتکرد ڕۆیشـتم، سـەفەرم بـە نێـو نـەرماتیی و تـامی جەسـتە تەلیسـماویەکەیدا کـرد.. لێوەکـانی دەکرۆشـتم.. مـن لێوەکـانیم هەڵدەمـژی.. پرچـمی تونـد تونـد ڕادەکێشـا.. پرچـیم لـە باسـکم لوولـدەدا.. دواتـر بـە هـەموو هێـزم لـە ئامێزمـدا هەڵمگوشـی.. پێڵوەکـانم کـەمێك لێکترازاند، ئەو خەوتبوو یان بوورابۆوە.. نازانم!؟

لـەو پەنجـەرەی کـە دەکەوتـە بەرامبـەر پشـتی "ڕۆژین"ـەوە لـە سـاڵۆنەکەم ڕوانـی، یەکـەمین جـار بـاوەڕم نـەکرد.. دوواتـر کـە هەنـدێ بـە چـاوانی حەقیقەتـەوە لـەو دیمەنـە ڕیالیسـتییەم ڕوانییـەوە، "نـەشمیل"م دیـت وەك دزێکـی مـۆن لـە گۆشـە و پەنایێکـەوە دەیـەوێ ئـەو کەڤاڵـە ئیرۆتیکییـە بـدزێ.. ئـەو لـە کـونجێکی قاچـاغەوە هـەوڵی دزیـنی ئـەو نیگـار و نەقشـەی دەدا.. یـا لـە بـێ ئاگـایی ئێمـە خـەریکی مەلـە بـوو لـە نـاو دەراوی لـەززەت و شـەهوەت.. هەوڵیـدەدا ئـەو کەڤاڵـە ئەبسـتراکتەی کـە بەدەسـتی ئـیرۆس هـاتبووە بـوون لـە دۆسـییێکی نـاو پانتاییـەکانی یادگـەدا تۆمـار بکـا.. مەمکـە تیرۆرسـتەکانی لەگـەڵ فەخفوورییـە پـڕ لـە زەخرەفەکـەی دیـواری نانـدین جـووت کردبـوو،

چاوەکانی کز و نز کردبوو، تا بڵێی بە مۆنییەوە هەوڵی هەزم کردنی ئەو حەقیقەتە سەرخۆشەی دەدا.. پێڵوەکانم وەك هەردوو بەرگی کتێبێك داخستنەوە، لێوەکانیم هەڵمژی، لێوەکانمی هەڵمژی، لێوەکانمی هەڵمژی، لێوەکانیم هەڵمژی، لیکی دەریاچە چکۆلانەکەی دەمیم بە تەواوی هەڵمژی، ناو دەوی بوو بە سارا، جۆگەلەیەکی لە ئاوی کانیاوی سەر لێوە ئەستوورەکەم بۆ بیابانی دەوی راکێشا.. لەولاتر، لێگەڕام "نەشمیل" فێری ئاواز و نەزمێکی تری چێژ و لەززەت و شەهوەت بێ لەو شەقامە کورتەی تەمەندا.. لێگەڕام "نەشمیل" مەقامێکی چیایی پڕ بە سییەکانی بۆ مەمکەکانی بخوێنێ.. رۆژین لێوەکانی خۆی کشاندەوە، پێڵوەکانی نەرم لێکترازاندن و تیری جەللادی گلێنەکانی ئاراستەی گلێنە راوچییەکانی من کرد و زۆر بەهێواشی و بە دەنگێکی پڕ لە موزیکەوە گوتی:

لە کێندەر هاتی؟

گوتم: قەرەجم.. بێ ئاوڕدانەوە لە رێگادام.. وەك منداڵ و وەك شێت، لەو رێگا دوور و درێژانەدا، زەمزەمە بۆ

پـەڕپووتیی مـــرۆڤ دەچـــڕم.. هــەوڵی دیتنـــەوەی ئـــەڵماس دەدەم لەســـەر زێرابـــان، لـــەناو گۆمانـــدا رەنـــگ لـــە خـــۆر و مـانگ دەدزم.. مـن جیـا لـە زۆربـەی زۆری بـرادەرانم قـەبر ماڵمـــە، (تـــۆ پرســـیت لـــە کـــوێ هـــاتووم؟) مـــن لـــەناو بازنەیـەکی ئاگرینـدا بەسـەر روحـی خۆمـدا پازمـدا، مـن بـە پێخواسـییەوە هـاتم.. هـاتم، بـۆ ئـەوەی لـە باخچـەیەکی بـێ سنووردا ماچـت بکـەم.. ئـا.. بـا لـەبیرمان نەچـێ.. مـن هـاتم و دەشــڕۆم چــونکە خزمێکــی نزیکــی قــەرەجانم، بــاپیرە چـاو کاڵـە سـپییەکەم فێـری کـردم، لـە دنیـا و وڵاتـی ژنانـدا کوێستان و گەرمیان بکەم.

"رۆژین" لێوەکانی هێنا، منیش.

مـــن هەمـــدیس بـــە دزییـــەوە لـــەو دزیکـــارە گەورەیـــەم روانییــەوە.. "نــەشمیل" چــرکە چــرکە و خانــە بــە خانــەی ئــەو دیمەنــەی دەدزی.. لــە نــاو ئــەو هــاش و هــوش و ورشــە ورشـــی تاڤگـــەی گیانـــەدا، لـــەناو ئـــەو مەرقـــەدی ســـەفایەدا بــووین و خـــەریکی نوێـــژی شـــەهوەت و ئێســـتەتیك بـــووین کـــە خشـــپە خشـــپی دەرکـــە و جـــیڕە و جـــیڕی پـــێڵاو رایچـــەڵەکاندین.. "رۆژیـــن" راپـــەڕیی و ســـەر رانـــەکانمی

جێهێشت.. عومەر دەرکەوت، کە منی لە ناکاو کەوتە بەرچاو، رەنگی سیما و رووخساری سوورهەڵگەڕا و لەگەڵ ئەوەش بەخێرهاتنی لێکردم..

گوتم: پیرۆزباییم لێبکە.. بە پەناهەندە قبووڵ کرام.

بە زەردەخەنەیەکی دەستکردەوە ویستی پیرۆزباییم لێبکا، بەڵام لەو کاتەی کە "نەشمیل"ی دیت لە ماڵەکەیدا، زەردەخەنە دەستکردەکەی وەرگێڕایە سەر راستی و گوتی: لە دڵەوە پیرۆزبایی خۆم و نەسرین و رۆژین و نەشمیلت ئاراستە دەکەم.

هەفتەیەك دواتر...

لەسەر یەکێ لە کورسییە مەرمەڕییەکانی ناو سەنتەری شاری هێرفۆرد رۆیشتبووم، "نەشمیل" لەبەرامبەر وەستابوو، بە رووخسارێکی گەش و ناوە ناوەیش بە قاقای پێکەنینەوە، ئەو کەرنەڤاڵە هێمنیەی هێورتر

دەکــردەوە.. کراســێکی تەســك و تریســکی لەبــەر بــوو، ســێ قۆپچــەی یەکــەمی کردبــۆوە، بــەو ســینگە موفەخەخــە هــەزارانی وەك مــنی زوێــڵ دەکــرد و هــەر تەرمەکانیشــمان نەدەبینرایەوە.

ئــەو نــەختێ خــۆی داهێنایــەوە، نــاو مەمــەکانی وەك تــەوژمی گــڕی ئــاگر نــاو چــاوانمی هەڵپڕووکانــد و بــە دەنگێکی مامناوەندییــەوە گــوتی: هــا چــیت گــوت؟ دێــی یــان نا؟

- نازانم.. بەڵام بۆ دەچیتە "تریر"؟

- خوشکم لەوێ لە کەمپە.

- با بزانم بیر دەکەمەوە.

دوو رۆژ دواتر.

لــه کەمپەکــەی "بتهـۆڤن شتراســه" بــه نیــوه رووتیــی لەســەر قەرەوێڵەکــــە و بەســــەر زگــــەوە راکشــابووم، هێـــدی هێـــدی لاپـــەڕەکانی کتـــێبی (ژیـــان کورتـــە)ی "یۆســـتاین گـــاردەر"م هەڵدەدایــەوە.. بــە هێــوری بــە خــۆمم گــوت: دەبــێ جــارێکی دیــش ئــەو چــەند رســتەیە بخوێنمــەوە "ئــەپیکور" (341-270پ.ز) فەیلەســـوفی یۆنـــانی کـــە لـــە ئەســـینا دەژیـــا، بـــاوەڕی وابـــوو فەلســـەفەی مـــەتریالی دەتـــوانێ ئـــەو کەسـانەی کــە لــە مــردن و ســزای خوداوەنــدەکان دەترســن، فێـــری رەتکردنـــەوەی ئـــەو ترســـانە بکـــات.. ئـــەپیکور دەپرســـێ: بۆچـــی پێویســـتە مـــرۆڤ لـــە مـــەرگ بترســـێ؟ چــونکە ئــەو مــاوەی کــە ئێمــە هــەین، مــردن نییــە و ئــەو کاتــەیش کــە مــردن هــەبێ، ئێمــە نــین.. ئێمــە پێویســتە لــە خوداوەنــدەکان نەترســین، پێویســتە لەســەر ئێمــە هــیچ کاتێــك غــەم لــە مــردن و غــەم لــە کــاتی هــاتنی مــەرگ نــەخۆین، کتێبەکــەم داخســت، رۆیشــتمە نــاو هــۆڵی یادداشــت لـەناو هـزر، ئـێ خـۆ سـوکراتیش لـە کـاتی دادگاییکردنەکـەی لــە ســاڵی (470-400پ.ز) لــە ئەســینا بــڕوای وابــوو کــە ئـەو نـازانێ مـردن باشـە یـان خراپـە! بۆیـە پێویسـتە مـرۆڤ

بە هیچ شێوەیەك لە مردن نەترسێ، گەڕامەوە سەر خوێندنەوەی پەرتووکەکە.. چووبوومە ناو قووڵایی وشەکانی ئەو کتێبە، کە دەستێکی سارد و نەرم، ئاژاشکە و موچڕکەیەکی بە تەواوی جەستەمدا هێنا، کە ئاوڕێکی خێرام دایەوە گوتی:

-سوپرایزە.. ها..!؟

بەبێ دەنگیی و لە دڵەوە وەڵامیم دایەوە: دەزانم دەخوازی بێیتە ناو ئەو جەنگەڵی تەمەننایە و راوم بکەیت.

بە دەنگ فکریم و گوتم: دیاریی خوا!؟

- دیاریی چی؟

- هاتنت.

- لۆ ئەوە هاتووم، رۆژی شەممە بچینە "ترير"

- باشە، منیش دێمە لای مەلا عوسمان.. بەڵام حەز دەکەم "رۆژین"یش ببەین..

- نا نا باوەڕ ناکەم، لە کەمپ هێندە جێیان هەبێ.

ڕۆژی شـــەممە، لەبـــەر دەروازەی (بـــانهۆف- وێســـتگەی شەمەندەفەر)ـــەوە ســـەیرێکی کاتژمێرەکـــەم کـــرد و لـــە چـوارچەوری خـۆمم روانـی، لەوسـەر ماینـەژنێکی ئەسمـەری ڕەشـپۆش و جـەنتای ڕەشـی شـانی سـەرنجی ڕاکێشـام.. کـە نزیکبـۆوە بـە مەمکـەکانی ناسـیمەوە "نـەشمیل" بـوو، لێوەکـانی بـە قـاوەییێکی تـۆخ ڕەنگڕێـژ کردبـوو، پێیـە خـرپن و پاژنـە خـڕ و قەشـەنگەکەکانی لـەناو جـووتێ پـێڵاوی شووشـەیی و ئـاویی وەك دوو چـەپکە گـوڵی نێرگـز وابـوون لـەنێو بـەفردا.. مـن هـەرگیز "نـەشمیل"م بـەو کۆسـتوومە ڕەشـە سێکسـییەوە نـەمبینیبوو، لـە بـنی کۆسـتوومەکە دەرەزێـك بـە وێنـەی رووبـاری - نیـل - تـا سـەر رانـە تێکسـمڕاوەکەی هـەڵزنابوو.. چـاوێلکە ڕەشـە مۆدێرنەکـەی لەگـەڵ ئـەو هـەموو جوانییـەی رووخسـاری و ئـەو بەلـەك و رانـە سـپییە لـەناو ڕەشـاتی شـتەکاندا هارمۆنییەتێکی ئەفسووناوییان هێنابووە وجود.

کە جانتاکەم لێی وەرگرت، گوتم: سەرەتا نەمناسیتەوە.

- ئێمە بە تایەفە جوانین.

ئـەو کاتـەی لـە پەیـژەکانی ئـەو شـەمەندەفەرە سـەرکەوتین کــە بــەرەو شــاری "کــۆڵن" بەڕێدەکــەوت ئــەو لای مــن دانەنیشــت، نــەختێ خــۆی دوور گــرت و لەســەر یــەکێ لــەو کورســییانە رۆنیشــت کــە چــەند مــەترێك لێمــەوە دوور بوون؟

پرسیم: بۆ نایێیتە ئێرە؟

- ئێــرە خۆشــترە، مــن عــادەتم نییــە لــە تــەك پیــاوی غەریبــەوە دانیشــم.. مــن لــە بەهەشــتیش نــاتوانم لــە نزیــك پیــاوی غــــەریب دانیشــــم.. پیــــاو شــــتێکی ســــەیر و سەمەرەیە.. هاهاها هاهاها

- چـۆن پیـاو سـەیر و سـەمەرەیە؟ یـانی قەشمـەرە؟ ئـەی تـۆ ژنــی پیــاو نــی؟ ئــەی تــۆ ناچــیتە ژێــر کــۆنترۆڵی حــەزەکانی پیـاو لـە نیوەشـەودا..؟ ئـەی هـەر پیـاو نییـە لەنیوەشـەواندا دەبێتە حاکمی مەملەکەتی جەستەت..؟

- توخوا ئەگەر واز لەو قسە سەخیفانە نەهێنی.. ها ها ها ها ها

هەندێ لە شەرمی بردمەوە و هەوڵمدا بابەتەکە بگۆڕم، پرسیم: کو کاك عومەر دەناسی؟

گوتی: لە هەولێرەوە دەیانناسم..

داوام لێکرد هەندێ زانیاریم لەبارەی سەردەمی هەولێری خێزانی عومەر پێبڵێت..

گوتی: لە هەشتاکاندا نەسرین بۆ ئاهەگێکی بووك گواستنەوە دەعوەت دەکرێ، لەبەر نەداریی و دەست کورتی دەچێتە لای دراوسێیەکیان بۆ ئەوەی هەندێ زێڕی هەر بۆ ئاهەنگەکە لێوەرگرێ و دواتر بیداتەوە، دوای کۆتایی هاتنی ئاهەنگەکە، زێڕەکان ناگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی، لەگەڵ ئەوەش پێدادەگرێ کە ئەو ئەمانەتەکەی بە منالێکی تەمەن شەش ساڵاندا ڕەوانە کردۆتەوە.. بینە و بەردە، دەبێتە غەڵبە غەڵب و دەمەقاڵێ و مەحکەمە و مەحکەمەکاری.. لە کۆتاییدا نەسرین (بەس توخوا باسی مەکە) دزییەکەی لەسەر

ئاشکرا دەبێت، سەری سفر دەکرێ و زیندانی دەکرێ.. کە لە سجن بەردەبێ چاووڕویان نایێ لە کوردستان بمێننەوە، بۆیە هەر ئەو کاتی بە یەکجاری هاتوونەتە دەرەوە.

ئێمە لەناو ئەو باسانەدا بووین کە شەمەندەفەرەکە لە (وێستگەی سەرەکی شەمەندەفەر- بانهۆف-ی شاری دۆرتموند) رایگرت.. دەبووایە دابەزین و بە شەمەندەفەرێکی دیکە بەرەو "تریر" بە رێبکەوین.. لە دوکانێکی ناو بانهۆفەکەی دۆرتموند هەندێ بیرەم کڕی و هەنگاو بە پەیژەکانی شەمەندەفەرێکی دیکە سەرکەوتین.. ئەو جارەیان "نەشمیل"م بە تەك خۆمەوە بینی، لێم پرسی: رێگای خواردنەوەم پێ دەدەی؟

- بەڵێ.. زۆر ئاساییە.

دوای فڕکردنی سێ بیرە، ویستم ئەو بێدەنگییەی نێوانمان بە پرسیاران وردوخاش بکەم و هاتمە دوان.

- مێردت لە کێندەرە؟

- لە یۆنانە.

- لۆ ئەتوو زووتر هاتی؟

- فرسەت باشتر لۆمن رێککەوت.

- ئەو هەڵکەوت و رێککەوتە باشە چ بوو؟

- ئەو خوشکەم کە ئێستا دەچینە کنی، یارمەتی منیدا..

- کو توانیتی یارمەتیت بدا، ئەدی هێشتا هەر لە کەمپ نییە؟

- ئەو بە خۆی لە مێژە لە "سوید"ە بەڵام هاتیە لێرە (تەقدیمی لجوئی) کردیە..

- لۆ؟

- چت لێ بشارمەوە، ئەستەغفیروڵڵا خۆی کردیتە ژنی برامان تا لە کوردستانەوە بیهێنێ.

- خۆ ئەتوشی نەکردبووە کیژی خۆی..

- ها ها ها.. نا نا ئەو هەر چار پێنج ساڵ لە من گەورەترە.

- ئەتو کو هاتی؟

- مێردم لە "زاخۆ" بە ئەمانەت تەسلیمی "لوقمان لۆقێ"ی کردم، ئەو منی هێنایە تورکیا.. لە تورکیا بە پێ بەڕێکەوتین.. بە ناو غابات و نەفەق و قوڕ و لم و گۆم و دەراوی دابردم، باوەڕ بکە سێ شەو و سێ رۆژ لەگەڵ لوقمان لۆقێ لە دارستانەك ماینەوە، بێجگە لە خودا، هیچ شتێکی دیکەمان لێ دیار نەبوو.. ئەو بە پیاوانە منی گەیاندە یۆنان، لەوێندەرێش منی تەسلیمی (هەندێ بەدەنگ پێکەنی) "فتۆ کۆسە" و "سەرۆ سەرەتان" کرد..

"نەشمیل" هەوڵیدا رانە تێکسمڕاو و لووس و راست و ئەندازەییەکەی لەبەر چاوانم بشارێتەوە، بۆیە لەچکە قوماشە رەشە بریقەدارەکەی کۆستومی لەسەر عەردی شەمەندەفەرەکە هەڵگرتەوە و رانی پێ داپۆشی و بە خەندەیەکی ئەنقەستەوە گلێنەکانی ئاراستەی گلێنەکانم

کـرد و بــەردەوام بــوو، ئێــی بــە بــرای خــۆم بڵــێم، "کــامۆ ژوژکــیش" وەکــی شــێران ئــەمنی گەیانــدە "ئیتاڵیــا".. لــە ئیتاڵیــاش خــوا خێریــان بنووســی "مــەغریب"یێك هــەتا پاریس و "نێجیری"یکی رەشیش هەتا دوسلدۆرف..

مـن خـۆم وانیشـاندا کـە مەسـت و سەرخۆشـم، پـڕ بـەدەنگم لــە قاقــای پێکەنینمــدا و دەســتێکم خســتە ســەر رانــی نیــانیی و بــەدەم قاقــاوە گــوتم: لوقمــان لــۆقێ و ســەرۆ ســەرەتان و غابــات و کــامۆ ژوژك و فتــۆ کۆســە و لم و قــوڕاو و نــێجیری و مەغریبی..ئــەویش لەگــەڵ مــن لــە قاقــای پێکەنینــدا و بــە نــەرمی دەســتی مــنی لەســەر رانــەکانی خــۆی لادا و دەســتی خــۆی خســتە ســەر مەمکـەکانیی و گـوتی: ئـەرێ وەڵـلا خوشـکت بـەناو فـەوجی گورگاندا تێپەڕییە..

-ئەی چۆن رزگارت بوو؟

- تێناگەم؟

- نەیانخواردووی؟

- هاهاهـا ژنــی شــەریف لــە نــاو معەســکەریش بــژیێ پیــاو نـــاوێرێ تخـــونی بکـــەوێ.. قووتییـــە بیرەکـــەی دەســـتمم هەنـدێ راهەژانـد، زانـیم هێشـتا هـەر نیـوە پـڕە، بەسـەر دەومـــم وەکـــرد، دوا بـــەدوای چـــەند چـــرکەیەکی زۆر، قووتییەکـە ڤـالا بـوو.. کـە قووتییـە بیرەکـەم لەسـەر دەوم وەلانـا، بـە پشـتە دەسـتم هـەوڵی سـڕینەوەی لێوەکانمـدا و گوتم: حەز دەکەی شتێکی زۆر جددیت پێ بڵێم؟

- ئا..

- هەسـت دەکـەی رۆژێ دادێ تـۆ بـەو هـەموو جوانییەتـەوە، قەرەجانــە کــۆچ دەکــەیت؟ بــەڵام کــۆچ چ کۆچــێك؟ بــەرەو کامـە خـاڵ..؟ کامـە شـار و کامـە دنیـا؟ تـۆ بـەو هـەموو لاف و گـــەزاف و جوانییەتـــەوە کۆچـــێکی ناوەختـــەی ئەبـــەدی بـەرەو خـۆڵ و تـاریکیی دەکـەیت.. سـەفەر دەکـەیت، جـوانی تـۆ مـوڵکی - بـا- یـە.. ئـەو دەیبـا، ئیـدی گەڕانـەوەی بـۆ نییـە، تــۆ دەڕۆیــت و مــوڵکی هــیچ کەســێك نیــت، وەك ئــەوەی کــە منــیش دەڕۆم و مــوڵکی هــیچ ژنێــك نــیم لــەو گەردوونــە نادادپـــەروەرەدا.. ئـــۆۆه دڵەکـــە، تـــۆ بـــەو ســـینگە ســیحراوییەت چــەندە نــازداری!؟ چــەند لەمێــژە دەمــەوێ

بـە شـتێکی بـێ کۆتاییـت بچـوێنم کـە لەناوچـوونی نـەبێ، کەچـی نـاتوانم.. سـەرەتا لەبـەر سـەوزیت بـە بـەهارم چـواندی، بـەڵام ژیـان لـە مردنێکـی هەمیشـەیی دایـە.. ئـەی شـاژن.. کەحێڵـە ژنـی سـینگ بوومەلـەرزە.. کـەوابێ وەرە بـا هـەموو شـتێ بکـەین، لـە پێنـاوی ئـەوەی زەمـەن لـە گۆڕەپانـەکانی پێکـەنین و ئازادیـدا راگـرین.. تەمـەنی ئێمـە کورتـە، چـیرۆکەکانی ژیـانی ئێمـە زۆر زۆر کـورتتر.. وەرە بـا ئێمـە لـە چـاوانی یـەکترەوە بـڕوانین و بـە بڵنـدی گـۆرانی بـۆ زەمـەن بچـڕین و بـە باڵـەکانی چـەند نەورسـێکی شـاعیر بـەرەو کـەنارەکانی تێکـەڵبوون رەو بکـەین.. وەرە بـا لەسـەر لـی ئـەو کـەنار زەریایـە بـە تیشـکی خـۆر رەسمـی لـەززەت بکـەین و چـێژ و خۆشەویسـتی لەسـەر جەسـتەی رووت و بەرەڵامانـدا بکێشـین.. وەرە بـا، بـا دەنگـەکانمان بکەینـە یـەك و بـە گریـان و ئـاه و ناڵـە بڵـێین: ئـەوەتانێ تێکـەڵبوونی جەسـتە، ئەوەتەیـە گەمـە کـردن لـەناو ئیرۆتیـك و ئـەوەتانێ موچـڕك و تـەزین و لـەرزین و ئاژاشـکە و گونـاحی خـۆش، دە وەرە بـا خێـرا بکـەین و بەژیان بڵێین: ئەوەتەیە حەقیقەت و سەفا و ئازادیی..

من هەمدیس دەستێکم خستە سەر رانە ئاسماناوییەکەیی و گوتم: با بە وێنەی دوو نەورەسی ئاقڵ و شێت، کتێبی مەستیی جەستە و ران و نیانیی سینەمان بۆ یەك بە ئازادیی بخوێنینەوە.

ئەو جارەیان دەستمی گرت و فڕێیدایە سەر رانەکانم و گوتی: رەنگە قسەکانت راستبن لۆ قەحپان، بەڵام ژنی شەریف لەناو دارستانیش کوڵ نادات و بەرپەرچی هەموو ئەو هەڵمەت و هێرشانە دەداتەوە کە رووبەرووی دەبنەوە.. من سێ شەو و سێ رۆژ لەگەڵ لوقمان لۆقێ بەتەنیا لە دارستان مامەوە ئینجا حەدد و حەقی نەبوو یەك شەقاو سنوور ببەزێنێ.

گوتم: ببورە، مەبەستم لەو قسانە ئەوە نییە کە تۆ (خوا نەکا) وا تێگەیشتبیت کە من، تۆ بە سۆزانی تێگەیشتبم.. بەڵام خۆ ئەگەر دوو جەستە و دوو رۆح.. دوو دڵ و دوو هەست.. دوو تەوەری پۆزەتیف و نێگەتیف، خواستی تێکەڵبوون لەسەریاندا کەڵکەڵەی کرد با تێکەڵبن..

- چــییه ئــەو تێکــەڵبوون و نــا تێکــەڵبوون و ڕۆح و گیانــە.. ئەوەندە مامۆستایانە مەدوێ..

- مــن تەڵەبــەی ئەشــق و ڤیــانم.. دڵ و چــاوم، پەنجــەکانم، روح و بــەژن و هــەر خانەیــەکی جەســتەم پێویســتییان بــە چــاو و پەنجــە و دڵ و روح و هــەر خانەیــەکی جەســتەی مێنیەکن.. بۆیە با ئێمە خۆمان لە جوانیدا بشۆرین.

بەســەرو ســیمایەکی هەنــدێ غەمگینــەوە گــوتی: ببــوورە.. من ئەو کەسە نیم.

- تۆ پێویستیت بە - ئاو- دانی جەستەتەوە نییە!؟

- چ؟

- خەونەکانت بێنمە دی؟

- تۆ..ههههههههههـ !؟ تام شیری خاوت لە دەوی دێ.

گوتم: بکەین..

گوتی: چ چ چ!؟

گوتم: حەزم لێیە لەگەرت رابوێرم، دەوەرە سەر کۆشم.. دەمەوێ رووت و قووتت بکەمەوە.

ئەو پڕ بە دڵ لە قاقای پێکەنیندا و گوتی: بەخوای خوڕی و تورهات و کەمی.. نەمدەزانی ئەوها بێ کەلکی ئەگەر نا کو لەگەڵت دەهاتم.

منیش لەگەڵ ئەو لە قاقای پێکەنینمدا و پاش دەمێکی زۆر لە دوانی ئاسایی، لە بانهۆفە سەرەکییەکەی شاری "ترير" لە شەمەندەفەر دابەزین.

تاکسییێك ئێمەی گەیاندە نزیك کەمپ.. کە دابەزین ئەو بستە خاکە یەکپارچە سەوز دەچۆوە، دارستانێکی چڕ باڵاخانەی ئەو سەربازگەی داپۆشیبوو، کە ئێستا کراوەتە کەمپی پەناهەندان، درەختەکان بڵند بڵند، سەریان لە ئاسمان دەدا و کرۆکیشیان بەدەیان مەتر درێژ ببۆوە ناخی زەوی، بۆن و گوڵاوی گەڵاکانی ئەو درەختانە ئەو ناوچەیەی تەنیبوو..

"نەشمیل" گوتی: نابێ بە دەروازەکەدا بچینە ژووری، چونکە مانەوەی مێوان بە شەو لێرە قەدەغەیە..

- چارە؟

- دەبێ بە ژێر تەڵبەند و ئەو پەرژینەی ناو دارستاندا بچینە ژوورێ.

ڕێبەرایەتی منی کرد ڕووەو ناو قوولایی جەنگەڵە چڕەکە.. پێنگاوەکانمان نەرم نەرم وەك دوو کیسەڵی ماندوو بەرەو ئەو تاریکستانە دەنا.. لە پڕێکدا پڕمدایێ و ماچێکم لێیکرد.. دەستی خستە سەر مەمکەکانی و گوتی: زەندەقت بردم، ئەی خودا زەندەق و زراوت ببا.. بە خوای جاریکیدی ئەوها بکەیت لێت تووڕە دەبم.

لە دڵەوە بە خۆمم گوت: دیارە هێشتا زویر نەبووە، شەرتبێ بەختەوەرت کەم.. بەختەوەرتر لەو مێرد و قاچاغچییانەی کە عاجز بوون بەرامبەر بە شادمان کردنی تۆ، سوێندم بە کینەم بەرامبەر بە بازنە، فێری تامی شیرینی خیانەتی خۆشت بکەم.

چەند پێنگاوی پرسیاردۆستی دیکەمان هاوێشت، دەست و باسکم خستە سەر شانەکانیی و ماچێکیدیم لێیکرد..

بـە زەردەخەنەیەکـەوە گـوتی: ئـەوە لـۆ ئەوەنـدە خـۆڕی..؟! بـەخوا ئـەو جارە دووبـارەی بکەیتـەوە، لای کـاك عومـەر و لێـرەش لـە کـن عوسمـان باسـی دەکـەم.. حـەیات دەکەمـە ئـاو و بێرەی دادەڕێژم..

ئێمـە گەیشـتینە کـن تەڵەبەندەکـە، دەمانویسـت بـەو کونـە چـکۆلانەیە بچـینە نـاو گۆڕەپـانی لای پشـتەوەی کەمپەکـە، کـە حەپـە حـەپی رەوە سـەگی کیرمینـال لێمـان نزیـك و نـزیکتر بـۆوە تـا راویـان نـاین.. گەڕاینـەوە سـەر تولەڕێکـەی نـاو چڕسـتانەکە، مـن هەمـدیس بازگـە و کـۆنترۆڵ و هـەموو پێوەنـدەکانی گیـانم وردوخـاش کـرد، وەك پڵنگێکـی برسـی و مانـدوو، پـەلاماری ئـەو قـەیرە ئاسـکەمدا و بـە وێنـەی کاشـانێك لەگـەڵ خاکـدا تـەختم کـرد و خۆشـم بـە وێنـەی زەخرەفـەیێکی زۆردار بەسـەری راکشـام.. هـەردوو دەسـتم و هـەردوو لێوەکـانم و هـەر دە پەنجـە و زمـان و هـەموو ئەندامـەکانی جەسـتەی تێنـووم خسـتبووە گـەڕ، ئـەو هـاواری دەکـرد: قونـدەر.. بێشـەڕەف.. دەسـت لـە شـەڕەفم دەدەی؟ بـەو خوایـە حـەیات دەبـەم، سـەرت شـۆڕ دەکـەم، بـە نینۆکـە درێژەکانیشـی وەکـو شـێرێکی گـەنج

جینجرۆکـی لــه گۆناکــانم دەگــرت.. کــه لێــی بــێ ئومێــد بــووم، هەســتامەوە.. تەماشــاییێکی بــەر دەرگــای کەمپەکــەم کــرد، لــه دوورەوە کیــژێکی ناســك و بــاڵا بــەرز بــه رووگــەی ئێمەوە دەهات.

"نـــــــەشمیل" دوای داوەشـــــــاندن و پاككردنـــــــــەوەی کۆســتومەکەی، بـــه رووخســارێکی گــەش و خەنــدەئامێز و پــڕ لــه ئارامییــەوە ئــامێزی بــۆ کچــه باڵابەرزەکــه ئــاوەڵا کــرد و گوتی: ئەتو لانەی وانییه؟

کچــەکە: بـــەڵێ.. دەمێکـــه لێـــرەن؟ ئـــەوا "فەهیمـــه"ی خوشــکت بــەدوای تۆیــەوە ناردوومیــەتی، مــن دەمێکــه بــه دواتانا ئەگەڕێم، کوا ئێوە له کوێ بوون؟

"لانــه" وەکــو باڵــەکانی پەپوولــەیێ ناســك بــوو، کــه بــەو دیالێکتــه لووســەش دەدوا پــۆل پــۆل لــەززەت لــه لێوەکــانی هەڵــدەڕژان.. ئـــەو رێبەرایـــەتی ئێمـــەی کـــرد تـــا لای "فەهیمـــه".. کـــه چـــووینه ژووریٚ منداڵـــه بچـــووکەکەی فەهیمــه خــەریکی مــژینی مــەمکی دایکــی بــوو، لــەو کاتــەی هــەردوو خوشــکەکە چــاویان بــه یــەکتری کــەوت، فەهیمــه

یەکسەر هەستایە سەر پێ و منداڵەکەی دایە "لانە" و بە مەمك بەرەڵاییەوە کەوتنە ماچکردنی یەکتریەوە.. دوای تێر بوون لە ماچوو مووچ، کە ئاوڕێکی دایەوە و منی بینی ئینجا هاتەوە یادی، بۆیە شێوە و فیگۆری مەمکێکی دایە دەستی راستەیی و خستیە سەر مەمکی چەپەیی و هەڵیگرتەوە ناو باغەڵیی و بەروو خۆشییێکەوە گوتی: بەخێربێی.

بەژن و باڵای "لانە" سەرنجی راکێشام.. رەنگی چاوەکانم گۆڕان، گوێیەکانم درێژ و قیت بوونەوە، چەند داوە سمێڵێك لەملا و ئەولای لێوەکانم بە دەرکەوتن.. رووخسارم شێوەی پشیلەی وەرگرت، تا بڵێی بە قووڵیی لە قاچ و قوونی "لانە" ورد بوومەوە، بە دزی ژنەکانیدییەوە چاوێکم لێیداگرت.. ئەو سەرەتا باوەڕی نەکرد، دەمنادەمێك بە تیغی چاوانی نیگاییێکی تێدەگرتم، من هەمدیس وەك گۆڕین چاوێکی ترم لێی دادەگرتەوە، بۆ ئەوەی باوەڕی تەواو بە راستیی رووداوەکە بهێنێ، لە نۆژنەوە نیگای چاوانی روو لە

چـاوانم کــردەوە، منــیش بــۆ ئــەوەی گوتــاری دڵمــی بــە ئاشکرا بۆ بخەمە روو، چاوێکی ترم لێی نووقاند..

مــن لــەنێو ئــەو پرۆسێســی چــاو نووقاندنــە دابــووم کــە نــــەشمیل بــــە خەبــــەری هێنامــــەوە و گــــوتی: هەســــتە دەموچـاوت بشـۆ.. ئـەوە چـیت بەسـەر هـاتووە؟ دەموچـاوت هەمووی بە خوێن داهاتووە.

"فەهیمــە": لانــە گیــان توخــوا حەمامەکــە نیشــانی ئــەو کوڕە قۆزە بدە..

"لانــە" بــە خۆشــحاڵییەوە بــەر لــە مــن دەرگــای ژوورەکــەی ئاوەڵا کرد و گوتی: فەرموو.

لەبـەر دەرگـا، کـە تـەواو لـە "لانـە" رامـام، گـوتم: بـە تـەنیا لە کەمپی؟

- بەڵێ..

- دەمەوێ بە تەنیا بتبینم.

- چۆۆن؟ ئاخر ئێستا نابێ، مەگەر شەو..

- شەو!؟ باشتریش..

- سـەعات (11)ی شـەو لێـرە، لەبـەردەم حـەمامی ژنانـەوە چاوەڕێتم.

کـە گەڕامـەوە ژوورەکـە، پرسـیاری "مـەلا عوسمـان"م کـرد، "فەهیمـــە" لـــە قاقـــای پێکەنینیـــدا و گـــوتی: مـــەلا هیتلەر...!؟

لـــەو دەمـــە "مـــەلا عوسمـــان" بـــە خـــۆیی و جگـــەرەی لالێویـەوە بـە دەرکـەوت.. هـەنگاوە کیسـەڵ ئاسـاکانی خـۆی دەنـــا، کراســـێکی ســـۆری قولکـــورت و پـــانتۆڕیکی نیلیـــی لەبـەردابوو، ئـەو بـڕە سمێڵـەی کـە هـەیبوو وەك فەهیمـە شـــوبهاندبووی لـــە سمێڵـــی "هیتلـــەر" یـــا هـــی "چـــارلی چـــاپلن"ی دەکـــرد، مـــەلا عوسمـــان ڕەشـــەسمەرێکی بـــەژن مامناوەنـدی پووتـە و لاواز بـوو، کـوڕی مەلایـەکی یـەکێ لـە گونـــدەکانی دەشـــتی هـــەولێر بـــوو، بـــەڵام لـــە حزبـــی کۆمەنیســـتدا کـــاری سیاســـی کردبـــوو.. لـــە ناوەڕاســـتی شەسـتەکان، کـە لـە گونـد زانیبوویـان ئـەو پیـاوە کتێبـەکانی "ئـــەنگلس و مـــارکس و لیـــنین" دەخوێنێتـــەوە و بۆتـــە

شـــيوعی، ببـــووە مقـــۆ مقـــۆ لـــە نـــاو گوندنشـــینەکان و پیرەژنـــان روومەتـــەکانیان پچـــڕیبۆوە و گوتبوویـــان: ئـــەی کوێرایمـان دایـێ، کـوڕی مـەلای گونـدی لـە دیـن وەرگەڕایـە و چـوویتە سـەر دیـنی جوولەکـە و کـافران، بـە خـوای ئـەوە عەلامـەتی ئـاخیر زەمانیـە.. هـەر بۆیـە پـۆل پـۆل پـیرەژن، بـــۆ دڵدانـــەوەی مـــەلاژن و گـــروپ گروپـــی گـــەنج و پیرەمێـــردانیش بـــۆ دڵدانـــەوەی مـــەلا روویـــان لـــە ماڵیـــان کردبوو.

کـە گەیشـتە نزیکـی مـن، لەگـەڵ مـەلا عوسمـانی هاوتەمـەن و دۆسـتی بـاوکم یـەکترمان لـە ئـامێز گـرت و چـوار ماچـی بـە حـەقم لـە روومەتـە تێکقۆپاوەکـەی کـرد.. مـەلا مـنی بـــردە ژوورەکـــەی خـــۆی.. هەمیشـــە جگـــەرەی هـــەر بـــە لالێویـــەوە بـــوو، بـــێ ئاگـــا لـــە جگـــەرە و بـــێ ئاگـــا لـــە پەنجـەکانی، شـۆڕ دەبـووە ژێـری ژێـرەوەی باسـەکان، تـا ئـەو کاتـەی سـۆتەکەی جگـەرە دەگەیشـتە فلتـەر و کـە تەماشـای دەکـرد لای سـەیر دەبـوو! بۆیـە دەیخسـتە نێـو تەبڵەکـە و لـە نۆژەنـــەوە جگەرەیـــەکیتری دادەگیرســـاند.. بـــەدەنگێکی زۆر نـزم (مـن بـە زۆر دەمتـوانی تێبگـەم) و گـەلێك بـە هێواشـی

و ئـارامی هاتــه گــۆ و وتـــی: دەزانـــی بـــە چ موعاناتێکـــەوە گەیشـتمە ئێـرە!؟ ئـەوەی مـن لـەو ڕێگایـەوە بیـنم دەکـرێ بکرێتـە فیلمێکـی دۆکـومێنتی.. شـار نـەما.. سـنوور نـەما، وڵات نـــەما بـــە ڕەش و قاچـــاغ نەیبـــەزێنین.. کەوتینـــە دەســتی پــۆلیس، ئــەتك کــراین، شــەرەفمان چــوو، پــارە و ســەر و مــاڵ و کــار و هــەموو شــتەکانمان لــە دەســتدا.. خــۆ دەبــینی بــەرەو چ مــەنفاییێك پەڕاگەنــدە و ئــاوارە کــراوین.. هــەی خــودا شــەرەفی ســەبەبکار ببــا.. مــن بــە پرســیارێك قســـەکانیم پـــێ بـــڕی و گـــوتم: ئـــەو هـــەموو ڕێگایـــە خۆشــییێکی تێــدا نــەبوو، بــۆمی باســکەی..؟ چــونکە زۆرم لــە چــیرۆکی ئــێش و ئــازار و مــردن و غــەریبی و زام و برینــدا گــوێ لێبــووە.. ئــەو لەســەرخۆ وەڵامــی دامــەوە و گــوتی: بــەڵێ.. بــەڵێ، مــن خــۆم ویســتم باســی ئــەوەت بــۆ بکــەم.. ئــەوەی کــە لــەززەتی پێــدام لــەو هــەموو ڕێگایــە بــە تــەنها شــارێك بــوو، تــەواو ئــارامی کــردم، هێــزی پــێ بەخشــیم، بەڕاســتی جــوان بــوو، پــڕ بــوو لــە شــادمانی.. ڕەنگــە گوێبیســتی ئــەو شــارە بووبیــت، (ڤینیســیا) ئــا، لــە کتێبــەکانی شەکســپیر و تۆمــاس مــان دایــە، ئــا خــۆ بەڕاســت

جارێك باوكت باسی كرد تۆ له "كۆلێژی ئاداب" بوویت، پێدەچی زانیاریت لەو لایەنەوە هەبێت.. ئەوەی بچێتە ئەو شارە دەبێ سەرەتا خەون بە خۆشەویستی و رۆمانتیكیەوە ببینێ، سەفەر بۆ ئەو شارە وەك سەفەر كردن بۆ نێو مانگ وایە، بە دەگمەن شار هەیە هێندەی ئەو شارە هەستت بە لای عەشق و جوانی و ئازادیدا ببزوێنێ..

لەوێ مرۆڤ دەتوانێ ئەتمۆسفیرێكی سیحراوی هەبێ.. ئەو شارە بە درێژایی مێژووی كۆن كێشمەكێش و كێشە و شەڕ و جەنگی لەسەر كراوە.. جارێك قەیسەری بێزەنتییەكان "یوستیان" لە ساڵی (553ز) دەیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، پاشان لە (568ز) ئەڵمانەكان دەیبەن.. لەو سەردەمانە بنكەیەكی گەورەی بازرگانی بوو، بەڵام لە ساڵی 1498 ئەو كاتەی كریستۆف كۆڵۆمبۆس ئەمریكای دۆزییەوە دەسەڵاتی بازرگانی كەوتە دەستی ئیسپانیا و بەریتانیا و پرتوگال و فرەنسا، لەو دەمەوە بۆ ماوەیەك گرینگییەكەی وەك پێشتر نەما..

پرسیم: لە رووی بیناسازییەوە چۆنە؟

مـژێکی لـە جگەرەکەیـدا و گـوتی: وتەیـەکی دێـرین هەیـە لـەو شـارە دەڵـێ: (یـەکێ وێنـە دەکێشـێ و ئـەویتر دروسـت دەکـا) ئــەوە کــاتی خــۆی "پــالادیۆ" (1508- 1580) خــەڵکی "پــادوا" دەبــێ، دوای ئــەوەی فێــری بیناســازی دەبــێ، روو دەکاتــە ڤینیســیا، دواتــر لەگــەڵ "جــاکۆپۆ تینتۆرێتــۆ" (1518-1594)ی ئەنــدازیار و وێنــەکێش رێـك دەکـەون، یـەکێ نەخشـە دەکێشـی و ئەویـدی بینـا دەکـا.. بـە دەیـان جـۆرە نەخشـیان لەسـەر بالاخانەکانـدا هەیە، بڕوا بکە ئەو شارە هەر لە مۆزەخانە دەچێ.

جگەرەکــەی لالێــوی لەســەر تەبڵەکــە دانــا و هەنــدێ پانتۆڕەکــەی هەڵکێشــا و بــەرەو لای کــەنتۆڕە بچــووکەکە بــوو، کــە گەڕایــەوە جگەرەکــەی خســتەوە لالێویــەوە و گـوتی: تەماشـاکە ئـەو کتێبـە بچـووکەم لەوێنـدەر کڕییـە، ئـەو زانیارانـەی تێدایـە، فـەرموو فـەرموو تەماشـای ئـەو جۆرە نەخشانە بکە..

ئەگـەر سـەبارەت بـە کڵێسـە و شـوێنە دینییـەکان پرسـیارم لێبکـەیت، مــن دەتــوانم جیــاوازی نێــوانی رۆژهــەڵات و رۆژئـاوات بـۆ دەستنیشـان بکـەم.. لـە کتێبێـك خوێندمـەوە،

لــه رســتەیەك وا نووســرابوو، خــوا مــاڵی لــە ڤینیســیایە.. ئــەوان قســەیەكی دیكــەیان هەیــە دەڵــێن: (ڤینیســیا پــۆی كریســتیانی- ئێمــە ڤێنیســین، ئینجــا مەســیحی).. چــەند كڵێســەیەكی جــوان و بــەناوبانگیان هەیــە، لەوانــە "ســان جۆرجیــۆ مــاگیۆرە" و "ســانتی گیۆڤــانی ئــێ پــاولۆ" و "ســان مــاركۆ" و "ســان مــاركوولا" و .. مــن لــە دڵــەوە لێــی بێزاربــووم، بــەخۆمم گــوت: بەشــەرەف ئــاوا بــڕوا "لانــە"م لەدەســت دەچــێ، مــەلا هــەر نــاوی كڵێســەكانی دەژمــارد، مــن لــە بیركردنــەوەدا بــووم، ئەگــەر بــەو شــێوەیە بــڕوا، ئــەو پیاوە تا بەیانیش لەباسكردنی ئەو شارە نابێتەوە..

ئــەو پەنجــەی گــەورەی دەســتی راســتەی بــە زمــان تــەڕ كــرد و لاپەڕەیــەكی كتێبەكــەی هەڵدایــەوە و گــوتی: كــەش و هەواییــەكی خۆشــیان هەیــە.. بیربكــەوە، لــەولاتر یــەك لاپــەڕەی لــە نێــوانی بــەرگی كتێبەكــە و لاپــەڕەی كۆتــایی دەرهێنــا.. ئــەها ئــەوا خشــتەیەكە لــە كتێبێكــی ئــەڵمانی دەرمهێنــاوە كــە ســەبارەت بــە كــەش و هــەوای ڤینیســیا دەدوێ.

تەماشـــاییێکی کاتژمێرەکـــەم کـــرد و گـــوتم: بەڕاســـتی کەشـــێکی خۆشـــیان هەیـــە.. مـــن هەمـــدیس ســـەیرێکی کاتژمێرەکـەم کـردەوە و گـوتم: کـاتیش درەنـگ بـوو، دەبـێ بەیانی بگەڕێینەوە.

گـوتی: ئـەوەی زۆر سـەرنجی مـنی راکێشـا، کۆڵانـەکانی ئـەو شـارە بـوو، کۆڵانـەکانیان لـە -ئـاو-ە، کـە لـە دەرگـای حەوشـە دێیتـە دەرەوە دەبـێ سـواری بەلـەم بیـت، یـان لـە جیـاتی وێسـتگەی پـاس، وێسـتگەی بەلـەم هەیـە.. دانیشـتوان و تۆیرسـت لـەو شـارەدا بـە بەلـەم دەچـن پێویسـتیەکانیان دەکڕن و هەر بە بەلەمیش دەگەڕێنەوە ماڵ..

گوتم: کاك مەلا، سبەینی دەبێ زوو هەستین..

گـوتی: سـەعات دادەنێینـەوە.. ئـێ بـا رای خـۆم بـڕێم، ڤینیســیا وڵاتێکــە لــە کەشــتیی و- ئــاو- مــەدالیا و دیاریـیـەکانیان هـــەمووی پەیوەســـتە بـــە دەریـــا و جوانییـەکانی دەریـا.. ئـەو هـەر بـەردەوام بـوو، کـات نزیـك دەبـۆوە لـە یـازدە، لـە دڵـەوە گـوتم: بـەخوای ئـەو سـەگبابە هەتا هەمووی نەڵێ واز ناهێنێ.

ئـــەو جارەیـــان لـــەناکاو و بـــەدەنگێکی خێـــرا و بڵنـــد گـــوتم: کاك مەلا زۆر زۆر تەنگاوم، دەچمە تەوالێت..

- باشـە لەگـەڵت دێـم بـۆ ئـەوەی پـێتی نیشـاندەم، لـە ڕێگـاش بابەتەکە باس دەکەین؟

- سوپاست دەکەم، پێدەزانم.

کـــە بەپەلـــە پـــەل و بـــە تێنوویـــەتییێکی لـــە ڕادەبـــەدەرەوە گەیشـــتمە لای حـــەمام و تـــەوالێتی ژنانـــەوە، "لانـــە"م دیـــت لـــەوێ وەســـتا بـــوو.. بـــێ دوان تەماشـــاییێکی ئـــەملا و ئەولامـــدا، ســـەیرێکی هـــەردوو حەمامەکـــەم کـــرد لـــە خـــۆمم پرســـی: کامـــە حـــەمام چـــێژدارتر و ئـــەمانترە؟ هـــی ژنـــان یـــان هـــی پیـــاو؟ بـــێ بیرکردنـــەوە باســـکیم گـــرت و ڕاپێچـــی حـــەمامی ژنـــانم کـــرد.. ئـــەو وەك ئـــەوەی لـــە شـــێتێك بڕوانـــێ لێمـــی ڕوانـــی و بـــە خەندەیەکـــەوە گـــوتی: پیـــاوی وەکـــو تـــۆم نەبینیوە!

مـــن چـــاوانم پـــڕ بـــوو لـــە تنـــۆکی خـــوێنین، لێـــوم شـــەهوەتی لێدەچـــۆڕا، سەراســـەری جەســـتەم هـــاڵاوی لـــێ هەڵدەســـتا، ئـــــەوە چ گڕکـــــانێ بـــــوو لـــــەو جەســـــتەیە فێنکـــــەدا!؟

هەناسەسوار و خێرا، بە ماچ وە پێشە خۆممدا تا "WC"ەکە.. لەوێ هەتا من تیشێردەکەم هەڵدایە ژێر پێکانم، "لانە" بە ریسی و بەبێ پۆشاك لە باوەشمدا وەستابوو، کە بەو شێوەیەم بینی، بە هەناسە بڕکێوە پێم گوت: ژنی وەك تۆم نەبینیوە..

ئەو دەستەکانی دانایە سەر مەغسەلەکە و لە ئاوێنەکەی بەرامبەری سەیرێکی منی کرد لە کە لە پشتییەوە وەستابووم، پێڵوەکانی کەوتبوون، نازانم مەست بوو، یان لە وەنەوز و خەیاڵدا بوو، من لەو مەستتر، وەکو تیمساحێك لە بیاباندا زمانم بۆ ئەو "یەکپارچە نەرمەکە" بەختیارە درێژ کرد و خستمە سەر زمانم، چی ئاوی کارێزی لاملی هەبوو، وشکم کرد.. بێ ئاگا و وێڵ و سەرگەردان و بەختیار بە شاڕێگەی بڕبڕە شووشەییەکەی شۆڕبوومەوە.. لە لاپاڵ و هەڵزنان رووەو بەرزاییەکان و دابەزین لە ترۆپك و تا گەیشتن بە بنار، هەر بەلای بنەوەی زمان هەوڵی ئاوپڕژێن کردنی ئەو رێگایەم دەدا.. شۆڕبوومەوە بۆ نێو ئەو چاڵە تاریکانەی کە خالیقی مێژوون.. ئەو چاڵانەی رێڕەوی ئاینده و

مێــژوویان بەدەســتە، ئــەو بــیرە فێنکانــەی زەمــەن و تەمــەن و ژیــان و مــەرگ دەنووســنەوە... دڵــۆپ دڵــۆپی ئارەقــە، تــك تــك لــە تەوێڵمــەوە دەكەوتنــە ســەر گۆناكــانم و لــەوێش بــۆ ســەر چــەنەگە و دواتــر دادەبەزینــە ســەر ســینگی مــووینم.. ئەوەنــدەی لــەو ئۆقیانۆســی بخــوور و مــەرجان و ئــەڵماس و دوورە، ئــاوم خــواردەوە تێــری نــەكردم.. مــن ویســتم ئــەو رووبــاری توحفەیــە ئــاو بــدەم.. هەســتامەوە، پێیــەكانم لەگـــەڵ كاشـــیدا جـــووتكرد و چـــۆكەكانم نـــەختێ نووشــتاندەوە، باســكم لــە قــژی قــەترانی لوولــدا و بــۆ لای خــۆمم راكێشــا، پــڕ بــە "WC"ەكــە ئاهانــدی.. پــڕ بــەهێزم پرچــیم بــۆ پشــتەوە رادەكێشــا تــا بــە تــەواوی گــەردنی ببینــم.. كــە ئــەو گەردنــە ســاماڵ و بێگــەردە دەكەوتــە بــەر دیــدەم مــن توانســتی روانیــنم نــەدەما، تەماشــای ئاوێنەكــەی بەرامبــەرمم دەكــرد، ئــەو جارەیــان كــە هــەردوو لوتكــەی قوببــەكانی ســـینەی نـــووری ســـیحراوی خۆیانیـــان لـــە چــاوەكانمدا، مــن توندتــر لــە جــاران پرچــیم كێشــاندەوە و بــە هەناســە بڕكــێ و نیــو مردنــەوە، بــە دەنگێكــی نزمــی بچڕاوەوە گوتم:

بۆ مەمك "نالی" چ منداڵانە وەی وەی كردووە

گەرچی مووی وەك شیرە، بەو شیرە شكۆفەی كردووە

خــۆش بــە هــەردوو دەســت... گرتویــە... ئۆۆۆۆخــەی كردووووووەەە

ئاهـ- كیـزب و توهمـەت... ئـیفترا... و ... بـوهـ، بـوهـ، بـوهـ، بوهتان، كە تۆبەی كردوووووووە...

لانــە بــەدەم داخســتنی ســتیانەكەی، هەوڵیــدا هەناســەی ئاسـایی بكاتـەوە: لـەم كاتـە چـۆن ئـەو شـیعرە خیلاعیـەت هاتەوە یاد..؟ ئەمە هی ((نالی))یە..؟

- ئا..

- دیارە ئەم پیرمێردەش ساختەچی بووە..

- هەتا كەس نەیبینیوین، با بڕۆین.

لەگـەڵ "لانـە" لەیـەك دابـڕاین.. پەیمانمانـدا بـە تەلـەفۆن پەیوەندی بكەین.

نـــەختێ بـــە تـــووڕەیی و قەهرینـــەوە بـــە خـــۆمم گـــوت: "دایمـون"ێکی سـۆکراتیانە لـە کـوێ بێـنم.. کـا دەپـێم بڵـێ ئـەو دایمۆنــە لــە کــوێ بێــنم کــە ڕێگــا بــە هــاتنی هــەوری خراپەکارییــەکان نــەدا لــە ئاسمــانی هــزر و ڕوح.. کــەی دێ مـــن ڕێڕەوێکـــی ڕاســـت و دوور لـــە بیرۆکـــەی بەزانـــدنی سنووری بازنە بۆ خۆم بنەخشێنم؟

کــە چــوومە ژوورێ، مــەلا عوسمــان گــوتی: چــیت بەســەر هات؟ لە دوات هاتم کەچی لە ئاودەست نەبووی..؟

گوتم: چووم هەندێ هەوای پاکژ و تەمیزم هەڵمژی..

لەســەر قەروێڵەکــە بەســەر پشــت ڕاکشــام.. خــۆم وەرگێڕایــە ســـەر تەنیشـــتی ڕاســـتەم و دەســـتی چـــەپەم خســـتە ژێـــر ڕوومـــەتی پـــڕ لـــە جینجـــڕۆك و شـــوخت و ڕووم لـــە مـــەلا کرد..

مــەلا لــە غیــابی مــن خــۆی گۆڕیبــوو، (چــاکەت و بێجامــەکی عــەرد بێجیــی، خــەت خــەتی ســۆری پێــداهاتبوو) لەبــەر کردبــوو، جگەرەیــەکی نیــوە ســۆتەکەی بەلالێوەیــەوە بــوو،

لەسـەر خـۆو بـە نزمييـەوە هاتـە دوان: ئـێ کاکـە مـن لـە کێندەر بووم لە باسکردنی "ڤینیسیا"..؟

لـە دڵـەوە گـوتم: بـەخوای هیتلـەری گـەواد ئـەو شـەوە خەفـەت خـانم دەکات..هـەر خـۆی وەڵامـی خـۆی دايـەوە، ئـا.. ئـا.. لەوێنـدەر بـووم، ڤینیسـیا وڵاتێکـە لـە ئـاو.. مـەداليا و دیارییـەکانیان هـەمووی پەیوەسـتە بـە دەریـا و بـە جوانییـەکانی دەریـا.. ماسـی، بـەرد، غەواسـی بچـووك، بەلـەم، کەشـتی لـە دار، کەشـتی لـە کریسـتاڵ، لەبـەر دەرگـای هـەموو دوکانەکانـدا دانـراون، کـەڤاڵ و تابلۆکانیـان بـریتین لـە خانوییـك تـا نیـوەی لـە ئـاودا نقوومبـووە.. خـۆر لـە دەریـا دەدا لـە کـاتی خۆرنشـین و زەردەپـەڕ.. هەنـدێ کرێکـاری رەشـوورووت بەسـەر پشـتی کەشـتییەکەوەن، کـابتنێکی چاوبەسـتراوە فـەرمانیان پێـدەکا.. تۆڕەوانێـك ماسـی راودەکـا.. تۆیرسـتێکی ژن بـە رووتـی خـۆی داوەتـە بـەر تیشـکی خـۆر.. شـەپۆلێکی تـووڕە... دەریـاییێکی هـێمن.. کەرنـەڤاڵ لـە نزیـك ئـاودا.. بەڕاسـتی شـارێکی خەوناوییـە.. تـۆ وەرە تەماشـای ئـەو باڵاخانـە قـایم و رەنگـین و نەخشـینانە بکـە.. نیگـایێ ئاراسـتەی تـاوەری

کاتژمێرەکــــە بکـــە.. شــــوێنی مــــارکۆ پـــڕە لــــە کــــۆتری دەســـتەمۆ.. یـــان باڵاخانەکـــەی دۆگـــن پالاســـت.. تەماشـــای شـــێرە زێڕینەکـــەی مـــارکۆس بکـــە، ئـــەوەیان ســـیمبۆلی شـارەکەیە.. ڤێلـەیێکیان هەیـە بـەناوی پسـانی ئـین سـترێ... ئـەو هێشـتا ناوەکـانی دەژمـارد کـە مـن بـای خـەو رفانـدمی و ئاگـام نـەك هـەر بـە تـەنها لـەو شـارە سـیحراویە نـەما، بـەڵکو دنیـــا و زەمـــەن و زەمنـــیش لـــەناو هـــزر و لەبـــەر چـــاوانمدا رەشبۆوە..

کـە پێڵوەکـانم لێکترازانـد و قەپـەنگی دوکـانی گوێچـکەکانم هەڵکێشـا.. بالیفـە پەمۆینەکـەم لـەنێو رانـەکانم دەرهێنـا و نیگـــاییێکم گرتـــە ئـــەو کاتـــژمێرەی کـــە خـــەریك بـــوو بـــە جرِوهۆرِەکـەی سـەرمی کـاس دەکـرد.. بۆشـایی بیلبیلـەکانم ئاراسـتەی مـەلا کـرد، بـە دەسـت خـۆم نـەبوو لـە پرِمـەی پێکەنینمـــدا.. لــــە بــــن لێوەکانمــــەوە زۆر بــــە نهــــێنی و نزمییـــەوە درکانـــدم: بـــەخوای دیمـــەنێکی ســـەیرە.. ئـــەو پیــــاوە تەمــــەن بــــە ساڵاچــــووە قاچــــەکانی بــــە دیــــوار هەڵواسـیوە، بـەو نامیلکەیـەی کـە بـاس لـە شـاری ڤینیسـیا دەکـــا، روخســـاری خـــۆی داپۆشـــیوە، هـــەردوو دەســـتەکانی

وەكو وەرزشكارانی هێڵی بەرگری لە تۆپی پێدا لە كاتی دروستكردنی دیوار بۆ رەتكردنەوەی فاولی دایرێكت هاوێشتبووە ناو رانەكانی و سەر گونی.. لەسەرخۆ چەشنی رۆبۆتێكی سەردەمی كۆن، هەستایەوە، زەنگەكەی تەمراند، بەیانی باشێكی لێم كرد و وەكو منداڵێك نەعلەكانی بە پێچەوانە لە پێ كرد و چووە دەرێ..

فەهیمە گوتی: دەچینە سەر دەریاچەكە و دواتر دەتانگەیەنینە "بانهۆف".. مەلا عوسمان بە دەم پاڵدانی عارەبانەی كچە چكۆلانەی فەهیمە گوتی: دەیانبەینە ماڵەكەی "كارل ماركس" و لەوێش دەچین، سەردانێكی ئەو تەلارە دەكەین كە بۆ جاری كۆتایی "هیتلەر"ی تێدا بینرایە..

فەهیمە: چییە دەرێی غەریبی "هیتلەر"ی هاوڕێتت كردوە؟

دوای چارەگە سەعاتێك رۆیشتن بە پێ..

نـەشميل: ئـەو منداڵـە بـۆنی لێـدێ.. پێدەچـێ خـۆی پـیس کردبێ!؟

فەهیمـــە: ئەیـــەڕۆ، خـــۆی پـــیس کـــرد؟ بـــەخوای "پەمپێرس"ی ئەو کیژەم لەبیر کردیە.. مەلا، مەلا..

"مــەلا عوسمــان" هــەر خــەریکی پاڵـدانی عارەبانەکـە بـوو، جگەرەیـەکی بەلالێوەیـەوە بـوو، لەسـەرخۆ ئـاوڕێکی دایـەوە و گوتی: ها بەڵێ..

فەهیمـە دەسـتی خـرپن و گۆشـتینی پـڕ لـە بازنەکـەی درێـژ کـرد و گـوتی: هـا ئـەو کلیلـە بـە قوربـان، بـڕۆ لـەناو دۆڵاب پەمپێرسی ئەو منداڵەم بۆ بێنە.

مــەلا بــێ هــیچ پرســینێك کلیلەکــەی وەرگــرت و بــەو شوێنەدا گەڕایەوە کە لێیەوە هاتبووین..

نــەشمیل رووی ئاخــاوتنی لــە خوشــکی گــەورەی کــرد و گوتی: ئەدی ئەوە نییە پەمپێرسێکمان پێیە..!؟

فەهیمـە: ئـەوەیان رەنگـە بـەش نـەکا.. دوایـێ مـەلا هیتلـەر زۆر باشــە بــۆ ئــەو جــۆرە کارانــە.. هــەر پێمخۆشــە ئــەو

بێکـــار نـــەبێ.. ماشـــەڵڵا دەڵێـــی خـــوا بـــۆ ئـــەو ئیشـــانەی درووست کردیە.

لانە: ئای کە گوناحە.. دەڵێی لە ڕەچەڵەکی مەڕە..

مـن چـونکە عاشـقێکی گـەورەی دنیـای بـێ سـنوور و دنیـای پـڕ لـە سـیحری منـداڵم، کچـە جوانەکـەی فەهیمـەم (پـاش گـۆڕینی) لەسـەر شـانەکانم دانـابوو.. هەنـدێ لـەو نەورەسـە بەختەوەرانــەی کــەنار دەریاچــەکەم نزیــك کــردەوە کــە بــۆ ژیـان لـە پێکەنینـدابوون.. ئـەو منداڵـە ناسـك و ژیکەلانەیـە بزەیـەکی بـۆ نەورەسـەکان دەکـرد و دەیویسـت وەکـو ئـەوان باسـکەکانی لێکبـدا و هـەڵفڕێ.. مـن لەسـەر دەسـتەکانی خـۆمم دادەنـا و بڵنـدم دەکـرد، ئـەو حریـت حریـت پێدەکـەنی.. لـەو چرکەسـاتەدا لـە دوورەوە پۆشـاك گۆڕینـەوەی نـەشمیل و فەهیمـە سـەرنجی ڕاکێشـام.. نـەشمیل کۆسـتوومە سـینگ ڕووتەکـەی لەبـەر کـردەوە و دایـە فەهیمـە.. فەهیمـە تیشـێرد و پانتۆڕەکـەی داکەنـد و دایـە نـەشمیل، مـن نەمـدەزانی لـە جەسـتەی کامیـان بـڕوانم، ئـەی خـودا ئـەو پۆشـاك گۆڕینەوەیـە چـەند خۆشـبوو؟ ئـەو کەرنـەڤاڵی ڕووتبوونەوەیـە چـەندە

خۆشبوو ئەی خودا؟ تەز بە وێنەی شەپۆلی فێنك لە تۆقی سەرمەوە تا بنی پێم لە پیاسەدابوون.. تۆپەڵی خڕ و تورتی سینگیان وەك تۆپەڵی ئاگر بۆم دەبریسکانەوە، لە ناکاو قاقایی بێسنوور بڵندی گرووپی ئەو پۆلە فریشتەیە واگای هێنامەوە، کە کۆنستراتسیۆنم لەسەر چاوەکانیاندا کرد، بینیم لە من دەڕوانن.. بۆیە رووگەی بۆشایی بیلبیلەکانم ئاراستەی ئاسمانی ساماڵ و شەقەی باڵی نەورەسە پاکیزەکان کردەوە..

ژنەکان وێنەیان دەگرت، نەشمیل دەستەکانی لە ناوقەدی درەختێکدا لوولدا و وێنەی گرت.. لە وێنەیێکی دیکەدا پانتۆڕەکەی تا چۆکی هەڵکرد و پێیەکانی خستە ناو دەریاچەکەوە.. لەگەڵ لانە دەستەکانیان خستە سەرشانی یەکتر و روومەتەکانیان بەیەکەوە نووساند و رەسمیان گرت.. "لانە" بەسەر پشت و روو لە ئاسمان بەسەر کەڤرێکەوە راکشا و وێنەی گرت.. "نەشمیل" دەستی خستە سەر ملی سەگێك و وێنەی گرت.. ئەوان هێشتا هەر سەرقاڵی وێنەگرتن بوون، کە لەو

چرکەساتەدا مەلا بەخوێ و جگەرەی لالێویەوە دەرکەوت..

فەهیمە: دە زووبە مەلا زووبە، دەڵێی کیسەڵی.. هەش بەسەری ئەو ژنەی کە هەموو ژیانی خۆی لەگەڵ تۆدا بەسەر بردووە.. ئەوانە خەریکە بڕۆن..

مەلا عوسمان: نا.. نا.. نابێ بڕۆن، دەیانبەینە ماڵی کارل مارکس و ئەو باڵاخانەیش کە بۆ دوایین جار هیتلەری لێبینرایە..

نەشمیل: مەلا با ئەوەیان بۆ جاریدی بێ، بڕوا بکە ڕێمان گەلەك دوورە..

بە پێ بەڕیکەوتین تا بانهۆڤ سەرەکی شاری "تریر".. ئەوانمان جێهیشت و ئێمە لەناو فارگۆنێکی چۆلی شەمەندەفەرەکە، بە تەك یەکەوە وەك دوو کەروێشکی چاو بەخەون و هیلاك و داماو ڕۆنیشتین.. سەرەتا من بە مڕومۆچیی و تێکچڕژانی هێڵەکانی تەوێڵ و بە وەستیاوی و غەمدۆستی و خەزەڵدۆستییەوە، باوەشێ پرووشکە نیگام گرتە "نەشمیل" و بە لاڵی گیرسامەوە..

کەچـی ئـەو تـەواو بـە پێچـەوانەی منـەوە، بـە سـیما و رووخسـارێکی ماکیـاجکراو و لێـوی پـڕ لـە زەردەخەنـە و پۆشـاکێکی تـەمیز و رۆحێکـی شـکۆدار و ڤیندۆسـتییەوە لێمـی روانـی.. سـەرلەنوێ زەردەخەنەیـەکی بـۆ کـردم، دەسـتی درێـژ کـرد بـۆ ژێـر سـتیانەکەی و (پلـیتی کۆتـایی هەفتـەی شـەمەندەفەر) و یـەك شـەددە (کـرۆن)ی سـویدی پێدام..

مـن شـتەکانم لێـی وەرگـرت و کەوتمـە نێـو کیشـوەرەکانی هـزرین، بـە حـەفت جـۆر بـیرم کـردەوە و بێـدەنگ مـام.. هەسـتم بـە سـانایی هاوکێشـەکە و دژواری شـیکارکردنەکەی دەکـرد، نەمویسـت زیـاتر ئەندێشـەی رەش قـۆرخی دڵـی سـەوزم بکـا.. بۆیـە بڕیارمـدا وەتـەری دەنگـم بخەمـە گـەڕ، بـە پەنجـەکانی عـەقڵ تـاری گـەرووم ژەند و پرسیم: دەتوانم پرسیارێکت لێ بکەم؟

بە نامۆییەوە لێمی روانی و گوتی: فەرموو.

گوتم: گریمان، دانێ ئەو فارگۆنە دنیایە..

- ئێ ێ ێ!

- وا دانێ ئەو چەند دەقەیە، یان ئەو چەند سەعاتەی ئێمە لێرەدا بەسەری دەبەین، تەمەنە..

- باشە...

پرسیم: لەو جیهانە و لەو ماوە کورتەی تەمەنەدا هەر مرۆڤێك پێویستی بەچی هەیە؟

- خۆشیی، ژیان، لەززەت، پێکەنین..

- بەسە.. سوپاست دەکەم بۆ ئەو وەڵامە رێکوپێکە.. گریمان ئەو فارگۆنە دنیایە، ئەو چەند دەقیقەیەی ئێمە لێرەدا بەسەری دەبەین تەمەنە.. لەو شوێنکاتەدا بە گوێرەی وەڵامەکەی تۆ، ئێمە پێویستمان بە سەفا و لەززەت هەیە، لێرەدا دەمەوێ بپرسم، بۆچی ئێمە ئەو سەفاو جوانیی و بەختەوەرییە بۆ خۆمان لە لاپەڕەیەکی مێژوودا تۆمار نەکەین؟

گوتی: شەرت نییە بەختەوەریی هەر بە تەنیا لە سێکسدا دەستەبەر ببێت.. دوایی من مێردم هەیە.

گوتم: من نامەوێ بە هیچ شێوەیەك گوڵدانی بەختەوەری خێزانێکی بەختیار و شادمان بشکێنم، حەز دەکەم تۆ، مێردەکەت لە جاران خۆشتر بوێت، نامەوێ ژمارەی تەلەفۆنەکانمان بگۆڕینەوە و لە بەرامبەر مێردەکەت بێدەسەڵاتت کەم.. ئەوەی کە من داوامە سوود وەرگرتنە لەو فرستەی کە ئێمە تێداین... رەنگە من ئیدی نەتبینمەوە، ئا بەڵێ من توانستی ساحیرانەی ئەوەم هەیە، گرێنتی ئەوەت بدەمێ کە پاش ئاتلاییێکی درێژ یان کورت ئیدی بۆ ئەبەد یەکدی نەبینینەوە.. دەوەرە با هەست بە سۆز و گەرمایی دەستی نەرمت بکەم.

گوتی: من ناتوانم دەست لەناو دەستی یەکێك بنێم کە خۆشمنەوێت..

گوتم: مەرج نییە تێکەڵ بوون بە عەشقەوە پەیوەست بێ.. یان وا دانێ کە بەیەکەوە پەیوەستن، ئایا تۆ باوەڕت وا نییە هەموومان دەتوانین بۆ چەند ساتێك یەکترمان خۆشبوێ؟

گوتی: بەڵێ بەڵام ئێمە هەر کوردین...

گوتم: رێبدە بژین..

مـن چـارێگە- ڤـاین برانـد-ەکـەم لـەنێو بـەرکی پانتۆڕەکـەم دەرهێنـا و بـە یـەك قـووم هـەموویم خـواردەوە.. چـەند خولـەكێك وەسـتام.. لـە بـەرکی چـەپەی کراسـەکەم نیـو چـارێگ- ڤـاین رانـد-ی دیـم دەرهێنـا و ئەویشـم بـە جارێـك هەڵلووشـی.. چـەند خولـەكێك بـە بێـدەنگی چـاوەرێم کـرد.. کـە مەسـت بـووم، لـە "نـەشمیل"م پرسـی: چـەند دەبێ پیاوەکەی خۆتت نەدیتییە؟

گـوتی: هـیچ ئیشـم پێـی نییـە و (فیتـەی حـەرامزادەش دیـارە).. دوایـێ جـەنابت چ پەیوەنـدێیکت بـەو کـارەوە هەیە؟

- لـەو مـاوە دوور و درێـژەی بـێ مێردیـدا کـو خـۆت بـۆ گیراوە؟

ئـەو سـەرەتا هەنـدێ بـە بێـدەنگی لێمـی روانـی، دواتـر کـەمێك سـەری راهەژانـد و گـوتی: دەرێـی تێناگـەی!؟ ئێسـتا

بـه تـەواوی لێـت ڕەشـبینم.. گەیشـتمە ڕاسـتییێك كـە تـۆ بـە هـیچ شـێوەیەك توانـای تێگەیشـتنت نییـە.. تەماشـای ئـەو شـوختانەی دەموچـاوی خـۆت بكـە عەینـەن لەگـەڵ پشـیلە بەشەڕ هاتی..

لـەناو بـەڕكی جەنتاكـەم نیـو چـارێگ- ڤـاین بڕانـد-ی دیكـەم دەرهێنـا و بـە چـاو چـوقانێكەوە هـەموویم بەیـەك هەناسـە هەڵلوشـی.. هێـدی هێـدی لێوەكـانم سـڕ دەبـوون، گـوێم لێبـووە دەڵـێن بـەنجی دكتـۆرانیش هـەر وایـە، كـە تـەواو سـڕبووم هەوڵمـدا بـە پەنجـەكانی نەسـتی لـە نـاو خانـەقای مێشـك تەڵـەكانی گیتـاری زمـان بـژەنم: تەماشـاكە دوو كەسـین بـە تـەنێ، بـەنزین و ئـاگر، دڵ و ترپـە، خـوا و زەمـین.. هـەر بـەدەم دوانـەوە پـەلاماری دەسـتەكانیمدا و بـەردەوام بـووم: بـەس لێگـەڕێ هەسـت بـە نـەرمیی و سـۆز و گەرمیی جەستەت بكەم، من هیچم ناوێ لەو دنیایە..

- دەزانـی چـی؟ ئەوەنـدە لـە جولەكەیـەك پاڕابایـەوە، لەمێژبوو ببووە ئیسلام.

- چیبکەم؟ حەزم لێیە.. بەدەست خۆم نییە، خوداوەند منی وا بە لاوازی و بێهێزیی درووست کردیە.. ئەوەیان لە دەرەوەی دەسەڵاتی من دایە.. دەوەرە دەی توخوا دەوەرە کنم..

- ئەی قوڕت بە چاوی..

- باشە من دەچمە فارگۆنەکەیدی، چونکە بەڕاستی بەرگەی هیچم نەماوە.

- کەیفی خۆتە...

من هەستامەوە و ویستم بڕۆم..

بە گۆرانی گوتن کە هیچ لێی نەدەهات گوتی: نا نا مەڕۆ.. مەڕۆ مەڕۆ.. جێم مەهێڵە..

- ماچم بدێ..

- دەزانی ئەتوو زۆر بێ عەقڵی.. ئەوەی تۆ دەتەوێ لە هەموو ژیانت بە چاوت ناکەوێ.

- مادەم لێناگەڕێی بچمە ئەودیو، یا بێمە تەنیشتە تۆ..

ئەو بێدەنگ بوو.

لـە دڵـەوە بـەخۆم گـوت: ئەوەشـیان هـەر باشـە - بێـدەنگیی نیشـانەی رازیبوونــە- چــوومە تەنیشــتی، دەســتێکم خســتە نــاو قــژی.. بێــدەنگ بــوو، باشــە- بێــدەنگیی نیشــانەی رازیبوونــە- دەســتەکانم پــڕ کــردن لــە هەســت و چــێژ و هێــزی موگنــاتیزی و کەوتمــە ماســاجکردنی لای پشــتەوەی کەللــەی ســەری.. لــە چــاوەکانی وردبوومــەوە، پرســیارێکم لــە ئاسمــان کــرد، ئــەی خــودا کــەنگی پێڵوەکــانی دادەخــا؟ پــەردەی شـانۆی چـاوەکانی بـە هێـوری بـۆ یـەك خشـاند، مـن دەســتی راســتەمم خســتە ســەر رانــی راســتەی.. ئــەو وەك شــێت یەکســـەر لـــەو فیردەوســـی خەیاڵـــە راچـــەڵەکی و خەبـەری بـۆوە و گـوتی: نەکـەی.. ئـەوە شـێت بـووی؟ چـت لــەمن دەوێ؟ هــەی ســندان لەچــاوتدا.. دەســتی چــەپەمی لـەنێو پرچـی دەرهێنـا و خـۆی تـەواو دوورخسـتەوە.. ئێمـە بــە نامــەی بێــدەنگیی، خۆمــان بــۆ نــاو گــەردوونی کپــی و نتمــی و زمــان شــکاویەوە پۆســتکرد، هــەردووکمان بــە لاڵیـــەوە بەرامبـــەر بەیـــەك رۆنیشـــتبووین، کـــە بیســـت

خولــەك تــەواو بــوو، مــن هەمــدیس چــوومەوە تــەکی و دانیشتم.. ئەو بێدەنگ بوو...

لــە دڵــەوە بــەخۆم گــوت: ئەوەشــیان هــەر باشــە- بێــدەنگیی نیشـانەی رازیبوونــە - چــوومە تەنیشــتی، دەســتێکم خســتە نــاو قــژی.. بێــدەنگ بــوو، باشـــە- بێـــدەنگیی نیشـــانەی رازیبوونــە- دەســتەکانم پــڕ کــرد لــە هەســت و چێــژ و هێــزی موگنــاتیزی و کەوتمــە ماســاجکردنی لای پشــتەوەی کەللــەی ســەری.. لــە چــاوەکانی وردبوومــەوە، پرســیارێکم لــە ئاســمان کــرد، ئــەی خــودا کــەنگی پێڵوەکــانی دادەخــا؟ پــەردەی شانۆی چاوەکانی بــە هێــوری بــۆ یــەك خشــاند، مــن دەســتی راســتەمم خســتە ســەر رانــی راســتەی.. بێــدەنگ بــوو- باشــە- بێـــدەنگیی نیشـــانەی رازیبوونـــە- کـــە بـــە دزییـــەوە لـــە چـــاوەکانیم روانـــی، پێڵوەکـــانی وەك پـــەردەی ســـۆرتاریکی پەنجــەرەی جامخانەیــەکی پــڕ لــە ســۆزانی ئــەو وڵاتــە وابـــوون، پێڵوەکـــانی وەك پـــەردەی شـــانۆییێکی ئیرۆتیکـــی وابــوون، دەســتم خســتە ســەر هــەردوو تۆپــەڵی ژیلــەمۆیی ســەر ســینەی، وشــە هەڵچــووەکانی نــاو ســینگیم خــامۆش

کـــردەوە و بێـــدەنگ بـــوو، باشـــە - بێـــدەنگیی نیشـــانەی ڕازیبوونە-.

ئێمــە چــەند کاتــژمێرێکمان بــەو شــێوەیە لــەناو کایــەکانی لاڵیــی و ئۆقیانوســی ئیرۆتێکــدا بەســەر بــرد، لــە کــەناری ســارایێکی تــەڕ و لەســـەر قەرەوێڵەیــەکی نێــوانی گریــان و پێکەنینــدا ڕۆشــتبووین.. شــەتڵ و نــەمامی ماچــمان لــە باخچەکانی لێوی یەکترەوە دەچاند...

کاتێــك کــە لــە شــاری هیرفــۆرد نزیــك کەوتینــەوە ئــەو بــە ددان و لێـــو وەك ڕووبـــارێکی تێنـــوو پـــەلاماری زنجـــیری پانتۆڕمیــدا، مــن لــە هــەموو کورســییەکانی قــاتی دووەمــی فـــارگۆنی شـــەمەندەفەرەکەم ڕوانـــی، وەك دونیـــاییێکی چـــکۆلانەی تایبـــەت و ئامـــادە بـــە ئارەزووەکـــانی ئێمـــە ڕێکپــۆش و چــۆلکرابوو.. ئــەو تــەڵ تــەڵی پرچــی خــودایی بەســـەر ڕانەکانمـــدا پەخشـــان کردبـــوو، کاژەڵـــەی لـــە هەڵبـــەزین و دابـــەزینێکی ســـۆفیانە دابـــوو، لەگـــەڵ قوومـــەکان هەســـتم دەکـــرد دەیـــەوێ زێـــڕ و ئـــەڵماس دەربـــێنێ نـــەك ســـپێرم.. دەســـتێکم خســـتە نـــاو پرچـــی و یـــەکێکیش لەســـەر قوببـــەی خـــڕی پـــڕ لـــە شـــەهوەتی..

شـــالاّوی موچـــڕك و تۆفـــانی ئاژاشـــكه و بومەلـــەرزەی لـەززەت و خۆشـیی، قـورخ و داگـیری هـەموو كۆلاّنـەكانی گـەڕەكی جەسـتەمیان كردبـوو.. ئێمـە هێشـتا لـەناو پـاركی گەمـــە نامۆكـــانی ژیـــان و مەرگـــدا بـــووین، كـــە لـــە مایكرۆفۆنەكـــەدا ئاگادارییـــەك هاتـــە بـــەر گوێمـــان (موسـافیره خۆشەویسـتەكان: شـاری هێرفـۆرد دواتـرەمین وێسـتگەی ئـەو شـەمەندەفەرەیە، ئیـدی ئـەو شـەمەندەفەره نـاڕوا و دەوەسـتێ بۆیـە تكـا دەكـەین كـە لێـره دابـەزن، بەهیوای سەفەرێكی خۆش و رۆژێكی خۆش).

ئیمـە بـە هـەردووكمان لـەو كـارێزەدا ژەهـری حـەرامان رەشـــت.. ئێمـــە كەوســـەری كـــانیی دڵ و روح و ژیانمـــان رێشـــت.. كلێنســـەكەم بـــە لێوەكـــانی داهێنـــا.. گۆنـــاییم ســـڕییەوە، دواتـــر كلێنســـەكەم خســـتە ســـەر عـــەردی شـەمەندەفەرەكە و بـە كـەعبی پێلاّوەكـەم بازنەیـەكم لـەو ئـاوە بـە خەسارچـووە هێنایـە نەخشـاندن و بـەرەو نـاو بانهۆفەكـە بـووین.. قاقـا.. قاقـا.. قاقـا.. قاقـا.. خـەریكبوو بـــە قاقـــای پێكـــەنینمان گوێچـــكەی هـــەموو بازنـــە تراژیدییەكانی وجود كەڕ بكەین..

ئێمــــه حریــــت.. حریــــت.. بـــه ئـــازادیی لـــه روحــــەوە پێدەکـەنین، بـە ئـازادیی دەسـتم خسـتە سـەر شـانی و هـەر بە ئازادیش لە لەززەت و شادمانیدا خەنی ببووین..

گـوتم: راوەسـتە.. بابچـینە نـاو ئـەو سـەگ و پـانکی و ئـەو ژن و پیـاوە بەڕەڵایانــە.. وەرە بـا بچـینە نـاو ئـەو بیرەخـۆر و حەشـیش کـێش و هیرۆیندۆسـتانە و وێنەیـەك بگـرین.. دواتـر چـووینە وێسـتگەی پاسـەکان، مـن بـە پاسـی ژمـارە (76) بـۆ کەمپەکـەی "بتهـۆڤن شتراسـە" بەڕێکـەوتم و ئـەویش بەپاسـی ژمـارە (69) بـەرەو شـەقامی "بسـمارك" رێگای گرتەبەر...

شـەو خەیاڵانـدن خـەومی تارانـد، پـڕ بـەدڵم حـەزی تێکئـاڵانی پێڵوەکـانم دەکـرد، کەچـی بـیرەوەری ئـەو چیرۆکەی ئـەورۆ وازی نـەدەهێنا.. دواتـر کـە بـە تـەنیایی لەســەر قەروێڵــەی هێوریيــەوە راکشــام، مــن تــاجی بـەختیاری و شـادمانی و دڵخۆشـیم کـردە سـەر و چـوومە نـاو ئـامێزی ئـارامی و خەوتنـەوە.. بـەیانی کـە لـە خـەو هەسـتام، هاتـەوە بـیرم کـە شـەوی رابـردوو، مـن لـە خەونمـدا (کـــەوێ و ســـەڵتەیەکم لەبـــەر کردبـــوو، مەنـــدیلێکی

سـۆرتاریکم لەسـەر کردبـوو، دەنگـم بێسـنوور خـۆش بـوو بـۆ گـۆرانی گـوتن، دەمتـوانی لەگـەڵ باڵنـدان دیـالۆگ بکـەم، ببـووم بـە پاشـا و لەسـەر کورسـییێکی گـەورە دانیشـتبووم.. 99 ژنم هــەبوو، بــە ئــارەزووی خــۆم لــە باوەشــێکەوە بــۆ باوەشـێك پـازم دەدا، هـەر شـەوە و چـەند ژنـێکم بـە رووتـی بەســەر یەکــەوە کــۆ دەکردنــەوەو دەمکردنــە قەرەوێڵــە و لەســـەریان رادەکشـــام، خوداوەنـــد کتێبـــەکی بـــۆ پۆســـت کردبـــووم بـــەناوی "زەبـــوور".. لـــەو خەونەمـــدا مـــن دەمتـــوانی ئاســـن بـــەبێ گـــەرمکردن وەك دارمێـــو خـــوار بکەمــــەوە و کەرەســــتەی جــــەنگی لێدروســــت بکــــەم.. خــــەریکی ئیشــــی پــــارێزەری و حــــاکمیی بــــووم.. بــــەڵام زۆربـــەی کاتـــەکانم بـــۆ 99 حۆرییەکـــە تـــەرخان کردبـــوو، خــاوەنی توانــاییێکی خــودایی بــووم بەیــەك شــەو بــە هــەموویان رادەگەیشــتم.. کەســم مەغــدوور نــەدەکرد، بــە یەکســانی هــەڵس و کــەوتم لەگــەڵ هەســت و نەســتیان دەکـرد لـە جـەمی سێکسـاندن.. ئـای هـەی لـەو خەونـەدا چ پاڵەوانێکی راستەقینە بووم!

کەمێك سەرم راهەژاند و گوتم: بە خوای خەون بینینیش شتێکی سەیرە.. من وازم لە بیرکردنەوەی زیاتر لە خەونەکە هێنا.. بەڵام وەك کلیپێکی خێرا هەوڵمدا لە هەموو ئەو جوانییە زەنگیانەییانەدا رابمینێم کە کلیلی دەروازەکانی ژیانیان پێ بەخشیووم، لە خۆم پرسی: چۆن دەشێم وەك پاڵەوانی خەونەکە، هەموو ئەو پەیوەندییە نهێنیانە بە یەکسانی رابگرم؟

وەڵامی خۆمم دایەوە: تۆش زۆری، بەشی دەیانیتریش دەکەی.. هەوڵدە، بەرامبەر بە دنیای ژن پەل مەبە، هێوربە و هەڵمەچوو.. لێیان گەڕێ ئەگەر ئەوان وەك شەپۆل هەڵچوون، چونکە دەریا بە شەپۆلەوە جوانە.. وەك سێبەر دوایان مەکەوە، چونکە ئەوان وەك سێبەر و منداڵ وان ئەگەر بەدوایان کەویت لەبەرت رادەکەن، خۆ ئەگەر لەبەریشیان را بکەیت بە دوات دەکەون.. ئەوان دڵیان لە کریستاڵە رێگا بەخۆت مەدە وردوخاشیان کەیت.. ژن ئەنتیکێکی نایابە، بۆ سەفا و جوانیی و کامەرانی هاتۆتە بوون.. ئەوان رەحمی ژیانن.. دڵی

وجـودن..من سـەرم لـەناو کۆشـی بـیرەوەری و تێهـزرین بـوو کە زەنگی تەلەفۆن گوێچەکانمی بەکێش کرد..

- هەڵۆ..

گـوێم لـە سـەدای پێکـەنینێکی سـەوز بـوو گـوتی: هـا کـوڕم چۆنی؟

- لە کێندەری؟

- لە ئەسینا.

- کەنگی بەڕێدەکەوی.. هەست بە غەریبی دەکەم لێرە؟

- پـارە خـەڵاس بـوو.. هێڵەکـە دەپچـڕێ، مـن نامەیـەکی زۆر گـرینگم بـە بـرادەرێم بـۆ رەوانـە کـردووی، ئـەوڕۆ کاتـژمێر 3ی دوای نیـوەڕۆ بـڕو لـە وێسـتگەی شـەمەندەفەری هێرفـۆرد لێیـوەرگرە.. بـەڵام هـەر بچـیت.. تـووت تـووت تـووت تـووت تـووت تـووت... تەماشـاییێکی تەلەفۆنەکەم کرد و دامخست.

پاش نیوەڕۆ سەرەتا وا تێگەیشتبووم کە پاس هەر دە خولێك جارێك هەیە، کەچی دواتر کە لە خشتەی کاتەکانی پاسم روانی هەر سێ خولەك جارێك پاس لە وێستگەکەی "بتهۆڤن شتراسە" بۆ بانهۆف بەڕێدەکەوێ.. من بۆیە بە پەلە پەل، سەرەتا قۆڵی راستەم لە قۆڵی کراسەکە هەڵکێشا و ئینجا لاقی چەپەم لە پانتۆڕەکەدا شۆڕ کردەوە و دواتر پێڵاوی چەپەم لە پێ کرد و سەر لە نوێ قۆڵی چەپەم لە قۆڵی چەپەی کراسەکە و... هتد بە راکە راکە چوومە دەرێ و تا وێستگەی پاسەکان نەگیرسامەوە.. کە گەیشتم، دەمویست سواری پاسەکەم بم کە (BMW)یێکی کابریۆ، رەش وەك چاوی مار، لەبەر تیشکی خۆر بریسك بریسکە و بریقە بریقەی دەدایەوە، تەریبی تەك شۆستەی کرد و کچە چاوێلکە رەشەکە هەر بەدەست بانگی کردم، کە دەرکەی تەنیشت هاژوام کردەوە، رۆژین گوتی: سواربە با بتگەیەنم.. دەچیە کێندەر؟

- بانهۆف.

بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی: لۆ؟ خۆ دیسان لەگەڵ نەشمیل ناچیتە "تریر"؟

-نا، هەرە ئازیزترین دۆستی ژیانم نامەیەکی بە هاوڕێیکی خۆی بۆ رەوانە کردووم، دەبێ بچم لە بانهۆفەوە وەریگرم.. بەڕاستی پەرۆش و عەودالی هەواڵیمە.. دەزانی زۆرم خۆشدەوێ و تا ئاستی ئێسقانیش بیری دەکەم.

هەمدیس کۆترئاسا بزەیەکی کرد و گوتی: لە منیش زیاتر؟

- تۆ! با بڕوا ئەو توریخانەیە، خولی بەری پێشت ناشکێنێ..

- توریخانە چییە؟

- لە بنەڕەتدا یەك تۆڕی دەیان خۆڕی لەژێر دەستدایە، یانی هۆڵێکی پڕ لە تۆڕی، کەوابێ، هەموو خۆڕییەکانی ئەو دنیایە لەژێر دەستی ئەودان..

ئێمـه بـەدەم ئاخـاوتن و خـەنین و ئیرۆتیکانـدن لـەژێرەوە، گەیشـتینە وێسـتگەی شـەمەندەفەر.. کـە لـەوێ دابـەزین دەبووایـە بـە چـاوێلکەی جددیەتـەوە بـەدوای سـەر رەشـێکدا بگـەڕێم.. بـۆ ئـەوەی راکەمـە لای و داوای کاغەزەکـەی "رێهـات"ی لێبکـەم.. کەچـی کەسـێکم شـك نـەبرد، لـە دانـە دانـەی کەسـەکانم دەڕوانـی، ئاسـۆی چـاوم ئاراسـتەی چـاوانی پەناهەنـدەکان دەکـرد، لـەنێو حەشـامەتی موسـافیرانـدا لـە هـاتن و چـووندا بـووم.. کەچـی ئەو کۆترە نامە هێنەرەم نەبینیەوە..

رۆژیـن: مـادەم نایناسـی دەبووایـە ناوەکـەی لەسـەر کاغەزێکی گەورە بنووسێت..

- بڕۆ تۆ لە کافتریاکەی ئەوێ لە چاوەڕوانمبە..

مـن برپیامـدا رەشـبین نـەبم لـە دیتنـەوەی ئـەو قاسـیدە، کـە کاژەڵـەمم وەرسـوڕاند لـە پـڕ کەسـێکی غـەوارە و سەررەشـی منئاسـا کەوتـە بەردیـدەم، لـە چـاوەکانمی روانـی و بزەیـەکی کـرد.. لـە بـن لێوەکانمـەوە زۆر بـە نزمـی و هێوریـیەوە چرپاندم: وەرە پێش ئەی برادەر.

ئەو نزیك كەوتەوە، بە سەر سڵاوی كرد و بە توركی گوتی: پلیتی شەمەندەفەرت هەیە بۆ فرۆشتن؟

(پلەی گەرمی)ی گەرمایی دڵمی خستە ژێر سفر.. پێستێكی لە سەهۆڵ و شەختە لەبەر كردم بۆیە منیش هەر بەسەر و بە (نا) وەڵامیم دایەوە.. لەو كاتەوە دەستێكی ئاوریشمی بەر پشتم كەوت.. كە ئاوڕم دایەوە دەستە نەرم و بچكۆڵە و ناسكەكانی "رۆژین" بوو.. لێم پرسی: بۆ هاتی؟

گوتی: لەناو كافتریاكە توڕیخانەیەك واز ناهێنێ، وەك موجریمێك تەماشای ناو چاوم دەكا.

- وەرە با بچین بزانم چ قۆندەرەییێكە..

- واز بێنە..

- دەچین كەمێك دەحەسێینەوە..

كە چووینە ژووری، بەنێو چەوانێكی گرژ و تووڕە و پڕ لە كینەوە گوتم: كامەیانە..؟

رۆژیـن بـە پەنجـەی ئامـاژەی پشـتی کـوڕێکی بـۆ کـردم، کـە چـــووینە ســـەر مێزەکـــەی بەرامبـــەری، بـــە چـــاوانی دۆزەخییـەوە و بـە نـاوی شـەڕەوە لـە چاوەکانیم روانـی، لـە هێکـڕا بەیەکـەوە راپـەڕین، لـە چـاو تروکانێکـدا دەروازەی ئامێزەکانمـــان بـــۆ یـــەك ئـــاوەڵا کـــرد و کەوتینـــە نێـــو ئەتمۆســفێری ئامبــاز و دەســت لــە ملانێــی و گۆڕینــەوەی ماچـی رۆحپـاکیی، مـاچ مـاچ مـاچ.. دە مـاچ زیـاتر، کـاروانی دڵۆپـە فرمێسـك لـە گـەروودا تـا نـاو بینـایی، لـە نێـوانی پێکـەنین و گریانـدا لـە رێـدابوون.. تنـۆك و ئەسـرینیش لـە گولگـــوڵینی چرکەســـات و دۆشـــداماوی ئێمـــە بـــە سەرســـوڕمانی داگیرســـابوون.. لـــەولا "رۆژیـــن" وەك پەیکـــەرێکی برۆنـــزی نـــاخ تـــژی پرســـیار و بـــە واقوڕماوییـەوە لێمـانی دەڕوانـی.. دیـاربوو دڵ و دەروون و سینەی پەنیرئاسـای پـڕ بـوو لـە هەناسـەی پرسـیار، بـەڵام تـا ئـەو کاتـەی دەرفـەتی گـەڕان بـەدوای وەڵامـی بـۆ رێـك نەکـەوتبوو.. ئێمـە هێشـتا هـەر لـە فـەزا و گـێتی مـاچ و مووچـدا هەڵمانـدەکرد کـە "رۆژیـن" باسـکمی چـەند جارێك راشەقاند و بە نەرمیی و نزمییەوە گوتی:

ئەوە کێیە؟

- ڕێهات.. ئەو تۆڕیخانەی کە پێشتر باسمان کرد..

"ڕۆژین" بە دەنگێکی مامناوەندی هاتە گۆ: پێم نەگوتی تۆڕییێك لە کافتریاکەیە.

ڕێهات نەختێ سەری لار کردەوە و بە شەرم و نەختێ خەجاڵەتییەوە: ئەو خانمە جوانە کێیە؟

- خێزانمە..

- خۆشحاڵم بە ناسینت، بەڵام ناوەکەیت نەگوت؟

- ڕۆژین...

- ئا ناسیمەوە، ئەوەیە کە لە تەلەفۆن باسیت دەکرد؟

-با بڕۆین، دەبێ دەعوەتی ئێمە بن..

پاش مقۆ مقۆ و کێشمە کێشمێکی درێژخایەن لەسەر هاتن و نەهاتن، ڕۆژین فەرمانی بەسەرمان داکرد کە دەبێ ئەو ڕۆژە بچینەماڵیان.. ڕێهات لە نزیك گوێچکەکانمدا بە نهێنی و ئاگادارییەوە هاتە دوان و

گــوتی: هــەی گــوڵ.. هــەی گــوڵ، تەماشــا دەڵێــی بووکــە، قوربــانی پــێڵاوی ئــەو کەســەم لەگــەڵت جووتــە، هــەی گــوڵ.. هــەی گوڵ، سـێنگت یەکپارچـە ئەڵماسـی رووتـە.. هـەی گـوڵ هەی گوڵ..

- دەوەرە هی من بخۆ.

"رۆژیــــن" ئێمــــەی بــــردەوە ڤــــیلا ســــەوز و نەخشــــینەکە.. شــــــەربەتی ئــــــەناناس و دواتــــــر شــــــوتی و میوەجاتمــــــان خــــواردەوە و خــــوارد، "رێهــــات" هەنــــدێ بــــەتیغی چــــاوانی لــــەناو مــــەمکی "نەســــرین"ی روانــــی و "رۆژیــــن" ئێمــــەی گەیاندەوە کەمپەکەی شەقامی بتهۆڤن..

لـە کـەمپ بـە چاوی پرسـیار و گومـان و رادەی راسـتیی ئـەو ویسـاڵە ئەبلـەق ئەبلـەق لـە یـەکترمان دەڕوانـی، پـاش دامـان و رامــانێکی بێســنوور، بــە پێکــەنین و قاقــاییێکی بڵنــد، سـتوونی خێـوەتی ئـەو بێدەنگییـەمان لادەدا و شـەقێکم لـە شــانی دەدا و بێــدەنگیی داگــیری دەکردینــەوە.. نــەختێ خۆمــان هێــور کــردەوە و لــە دەروازە گــەورەکانی خــەیاڵ

هاتینـــە دەرێ و چـــووینە نـــاو دەڤـــەرەکانی واقیع..بۆیـــە داوم لێیکرد کە چیرۆکی ڕێگام بۆ بگێڕێتەوە..

گوتم: ئـا هاتـەوە یـادم، بـۆمی باسـکە.. لـە یەکـەم خاڵەوە تـا دمـــاهیترین وێســـتگە.. لـــە کـــاتی گۆڕینـــەوەی چـــاکەت و کاتـــژمێرەکانمان تـــا ئـــەوڕۆ، تـــا ئـــەو کاتـــەی بـــە چـــاوە حیزەکانت لە دۆستە ئازیزەکەمت روانی.

- کـورم درامـاییێکی زۆر دوور و دریـژی پـڕ لـە تراژیدیایـە.. بـەڵام بـە کـورتی بـۆتی بـاس دەکـەم، کـە لێکـدابڕاین بـۆ بەیانییەکـەی گەیشـتینە ئـەو سێکۆچـکە ترسـناکەی کـە دەکەوێتـــە نێـــوانی هـــەر ســـێ پارچـــەکانی کوردســـتان.. لەوێنـــدەر حەشـــیش کێشـــێکی موتـــەدەین ڕێبەرایـــەتی کـــردین تـــا کوردســـتانی بـــن دەســـەڵاتی تورکـــە فاشســـتەکان، چـــەندێك لـــە برادەرانمـــان جێمـــان و کەوتنـــە ژێـــر بـــەفر، یـــەکێکیان پێـــی لێکرایـــەوە.. بـــە یاختێـــك ویســـتمان بـــە وێنـــەی "موســـا پێغەمبـــەر" دەریاچـــەی "وان" شـــەق و دووکـــەرت بکـــەین، کەچـــی لـــە ناوەڕاســـتی دەریاچـــەکەدا مـاتۆڕی یاختەکـە لـە کارکـەوت، شـەش کاتـژمێر لـەژێر ئـەو ئاسمانـە بـەفرین شـەختەبەند و سـەهۆڵبەندانە هەناسـەی

سارد و هەناسەی بێئومێدیمان هەڵمژی، کە بە واستەی خوداوەند گەیشتینە کەنار و سەر وشکانی، لەوێش هەمدیس لەبن دەسەڵاتی شاڵاوی کەڵواز و رەهێڵە و تۆف مەحکوم بە مەرگ لە چاوەڕوانی قاچاغچیدا چەند کاتێکمان بە نیوە مەرگی گوزەراند.. تا سپێدە بێجگە لە سەدای دەنگی هەڵلەرزین و قرچە قرچی ددانەکانمان و گڤەی - با- و ناڵە و هاوار و نوزە نوز و نزای خۆمان گوێمان لە شتێکی تر نەبوو، چاوەکانمان لە بەژنی چیا دژوار و بەرزەکان و کەڤر و لێژایی و ئاو شتێکی تریان لێدیار نەبوو..

بۆ من ناخۆشترین شاری جیهان "ئەستەمبۆل" بوو، چل رۆژ مردنی بەردەوام لە ژێرزەمینێکی تاریك و لێڵدا لەو چاخە مۆدێرنە، ئای کە دنیا پێشکەوتووە...!! لە ژێرزەمینێك لەگەڵ جورج و داپیرۆچکە و دووپشك و سیسرکە و قالۆچە و پێشکە و مێرووله و چل حەیوانی دی وەك خۆم چل شەوی رەبەقمان لەوێدا بە چەند پارچە نانێکی رەق و تەقدا بەسەر برد..

لــە توركیــا دیســان بــە یاخــت بــەرەو یۆنــان بەڕێكــەوتین، لــەناو خــاكی گریكــەكان شــوانێكی گــەواد بــە تەلــەفۆن پەیوەنــدی بــە پــۆلیس كــرد و دەســتگیر كــراین.. بــۆ دراڤ و دۆلار و هێــرۆین و كوكــاین و مــاددە بێهۆشــكەرەكان لــە ڕێگــای كۆمــەوە دەســتەكانیان تــا نــاو گــەدەمان درێــژ كــرد، پــاش چــەند ڕۆژێــك زینــدانی لــە "ئەســینا" ئــازاد كــراین.. لەوێ كارم كرد.. قسەكانم پێی بڕی و گوتم: فڕن؟

- نــا كــوڕم، لــەوێ ببوومــە فیتــەر.. هەنــدێ پــارەم ئــیش كــرد و هاتمــە ئیتاڵیــا و لــەوێ بــۆ نەماســا و لەكۆتایشــدا بــۆ لای حەیوانێكی وەكی تۆ لە هێرفۆرد..

"ڕێهــات" كــەمێك ڕەقەڵــە و لاواز و ڕەش بــوو، لەبــەر لاوازی كــەمێ گۆناكــانی تێكقۆپــابوو، لــووتی زیــاتر درێــژی پێــوە دیــار بــوو، بــەڵام هێشــتا جــوانی و ڕێكپۆشــی و خــوێن شیرینی خۆی لە دەست نەدابوو...

(ڕاوەستە من جاجكەكەی درووست دەكەم).

ڕێهــات ئــەو ڕســتەیەی بــە دەنگێكــی خــورت و تیــژ و لــەجێوە دركانــد.. كــە دەســتی دایــە چــەقۆكە و خیــارێكی

بــازاڕی تورکــانی خســته ســەر قیمەکێشــەکە و کەوتــە لــەت لــەتکردنی، بــە دەنگێکــی پــڕ لــە غەریبییــەوە گــوتی: لــە بیرتــە لە"هــەولێر" بــە پێخواســی چــوویتە ســەر مێزەکــە و لــەژێر ڕۆشــنایی ئەســتێرەکان و لــەناو ســەوزاتی باخچــە و بەرامبــەر بــە تاووســە فیردەوســاویەکە و پشــیلە خرپنەکــە و هــــەموو سەرخۆشــــەکانی ئــــەوێ ســــەوڵی باســــکەکانت لێکراکشــاند و هــاوارت کــرد: هێــی خــەڵکی ئــەو شــارە نــامورادە.. هــۆ سەرخۆشــە فریشــتاوییەکان، ئــەی ڕاکــی پەرســتان.. لــەو کاتــەدا ئــەو پیــاوە سەرخۆشــەش کــە پــڕ بــە قــوڕگی گــۆرانی "مــاملی"ی دەچــڕی ئــاوڕێکی دایــە و بــێ دەنگیــــی پاراســــت، وەزیــــری پــــەروەردە و مێوانەکــــەی و چــەکدارەکانی پشــتی بــە تــووڕەیی ئاوڕیــان دایــەوە، تــۆ وەك عــادەتی هەمیشــەیت بــەردەوام بوویــت و گوتــت: ئــەی لات و پــــات و تێهەڵــــدراوەکان.. ئــــەی وێڵبــــووانی گــــەردوونی حەقیقــەت و خۆشــبەختی، دەزانــــن جاجــك و "ڕاکــــی" دەبــێ لای هــەموو کحولدۆســتێك وەکــو ژن و مێردێکــی تــەبا وابــن.. یــان گــوڵ و هــەنگ.. یــان نــوح و کەشــتی.. یــان کەعبــە و تــەواف.. هێشــتا بــەردەوام بوویــت و گوتــت: شــار

بـــۆ ئـــەوەی نـــاوی شـــاری لێبنـــرێ پێویســـتە لـــە شـــەودا سـەرخۆش بـێ.. پێویسـتە نـەك هـەر بـە تـەنیا شـار سـەرخۆش بـێ و بـەس، بـەڵكو لەسـەر ئێمەمانانـدا پێویسـتە كـە ژیـان بخەینـە بۆتـە و چوارچـێوەی سەرخۆشییەوە..

مـن و ڕێهـات بەیەكـەوە پێكـەكانمان بڵنـد كـرد و لەگـەڵ زرنگانـەوەی گلاسـەكانمان گوتمـان: لـە سـحەتی هـەموو ئەوانـەی تـامی كحـول، درەوشـانەوەیان پـێ دەبەخشـێ.. كـە پێكـی یەكـەمی "شـیری شـێران- وەكـو ئـەوەی كـە تـورك ناویـان نـاوە" بـە گەرووكانمانـدا چـۆڕایە نێـو دەمـار و هەسـت و لـە كۆتایشـدا سـەنتەری گـەدە و شـوێنی خـۆی تێـدا كـردەوە، مـن بـە نهـێنی بـۆ خـۆم وا هـزریم: ئـەی خـودای مـەزن، ئـەی داهێنـەری پێشـكە و داپیرۆچـكە و شـێر و مـەیمون و ڕێـوی و میكـرۆب و دەیناسـور و نـەیزەك و ئەسـتێرە و فەلـەك، ئـەی داهێنـەری شـێر، وەك "ڕێهـات" دەڵـێ مـن لەمێـژە گوتومـە (ئـەو شـیرە سـپییە بـۆ شـێرە).. مـن بـاوەڕ ناكـەم ئـەو عەرەقـە ژیـان و ئاخیرەتدۆسـتە ئەگـەر بـۆ مەبەسـتی خێـر بـەكار بهێنـرێ لـە مـرۆڤ حـەرام

کرابێ و بکرێ.. لەمێژە پێشینان گوتویانە (گۆشت قابیلی بازە). شێری سپیش "راکی" قابیلی شێری سەرکێشە.. ئەوەندەی من لێی شارەزابم "بیرە"ش بۆ ئەو رێویی و ناخانەدانانە حەرامە کە لە چەمکی ئێستەتیك تێناگەن.. ئا بەڵێ حەقی خۆیانە بانگەشتە و بڕیاری حەرام کردنی ئەو لافای جوانییە دەرکەن، ئەی نابینی ئەو نائەشرافانە کە دەخۆنەوە چۆن وەك کلۆ پەلاماری دەغڵ و دانی ئاغاواتی عەشق و وەك پێشکەش پەلاماری کوللەی ژن و مێردە سێکسییەکان دەدەن.. ئای ئەوانەی لە مەستبوون تێناگەن چەند لەو مێشوولانە دەچن کە دەچنە سەر خوانی هەموو ئەو سەپان و وەرزێرانەی زیبا و ژیاندۆستی..

"ریهات: بە قووڵییەوە لێمی دەڕوانی و گوتی: کوڕم دەڵێی هەموو پاپۆڕەکانت غەرق بووینە! بیر لە چی دەکەیتەوە؟

- لەخوا و زەمین.

- هــەواڵی ئەســینا و فەلســەفە چــییە؟ کــا توخــوا باســی دیالۆگەکـەی نێـوانی یـوتیفرۆن و سـۆکراتم بـۆ بکـە، منـیش زۆر حــەزم لــەو زۆرڕەویەیــە.. لــەوە دەچــێ ئــەو پێکــە بەرەو لوتکەکانی مەستی هەڵیکێشابێت..

- ئەورۆ رۆژینت دیت؟

- ئـا ئـا دیــتم.. نــەك هــەر ئــەوم دیــت، بــەڵکو نەســرینی دایکیشیم دیت.. لۆ؟

- زۆر لە بەرۆك و سینە و فنجانی سەر سینگیت روانی؟

- کـورِم عەیبـە نمـەکی ماڵیـانم کـردووە، گوناحـە چـاوەکانی پیـاو خیانــەتی کەسـانی ناسـیاو بکـا.. بـەڵام تـۆ ئـاه لـە تـۆ.. کا بگێڕەوە بزانم چیت کردووە لەو تەنیاییەدا..؟

- کامە چیرۆك؟ رۆژین یان نەشمیل؟

- نەشمیل کێیە؟

- نێچــیرێکی غــەریبی مــەمك تــورت و خــڕ و پــڕ لــە شــەهوەتی هەولێرییــە، لــە دەســتی هــەموو سەرســەریی و

قاچاغچییەکانی ئەو دەڤەرانەی سەرکێشی و نێچیروانییەدا رایکردوە و هاتۆتە ناو دنیا بچووکە ئەلماساویەکەی بەندە..

- پخ خ خ خ خ..

- چ پخە پختە؟

- ئێ مادەم وایە با نەسرین یان رۆژین یەکێکیان لۆ من بێ؟

- گوو بخۆ دەیانهێنم..

- هەرسێکیان؟ کچ و دایک بەیەکەوە؟

- زیاتریش.

- ئی باشە.. بەلام هەولدە خۆت فێری کاری ژمێریاری بکەیت و کورسییێکی گەورەش بکڕە..

من بە جددیەوە: بۆ؟

- تاکو لە کاتی هاتنی مشتەری حیسابەکان باش بکەیت..

- تێگەیشتم.. تەماشا، من لە هەموو ئەو شتانە هێشتا لەوە دەترسم کە بەشم نەکەن و بمرم..

دەنگێکی مەست و سەرخۆش و وێڵ و شەیدا بەدوای سەفا، زنجیرەی تێهزرینمی پچڕاند، کە تەماشاییێکی دیمەنەکەی بەرامبەری خۆمدا، ڕێهات گوتی: دیسان پاپۆڕە دانسقەکان نقوومی عەدەم بوون؟ دیسان دەتەوێ وەك جارانی رابردوو رووگە و ڕێڕەوەی مرۆڤایەتی بگۆڕیت؟ یان دەتەوێ شێت بیت؟ کوڕم بەسە وا بیرمەکەوە، ئەگەر نا بە بیلا بە دەردی "مەحمودە شێت" دەچیت! دێتەوە بیرت ئەو رۆژەی لە بن سێبەری دیواری مەکتەبی "فورات" دەستی لە کێندەر بوو؟ چی دەکرد؟

-سەعات چەندە؟

- لۆ؟

- هەستە، هەستە، زوو..

- لۆ؟

- دەچینە کن "نەشمیل"..

بە سیمایێکی رەنگ گۆڕاوەوە گوتی: ئەتو لۆ خۆشی خۆت دەچی، من لۆ بێم؟

- کەرە، هەوڵی ئەوە دەدەم بەشی تۆشی لێبدەم..

- خۆت دەزانی هەموو هەورێك بارانی پێوە نییە! ئەگەر نەبوو؟

- بە خواە هەوڵدەدەم.. ئەگەر نەشیدا من هیچ گوناحێکم نامێنێ..

- باشە، ئەگەر ئەو بارانە هەر نەهات، ئەو کاتە لە تووم دەوێ؟

بێ تەلەفۆن کردن و زەنگلێدان، کاتژمێر یازدە و نیوی شەو، بە سەرخۆشی بەرەو لای نەشمیل بەرێکەوتین.. کە گەیشتینە ناو ئەو کەمپەی کە نەشمیلی لێبوو، یەکەمین دیمەنی کە دیتمان، دیمەنی پیاوێکی وەرزشەوانی لەشجوانی ئەفریکی بوو، پەشتەماڵێکی لە نێو قەدی قەترانی لوولدابوو، سینەی فراوان و رانی

تێکسـمڕاو و ماسـولکەکانی قـۆڵ و باسـکی هـەمووی دیـار بـوو، لـە قارەمـانێکی ئەفسـانەیی یـان ئەکتـەرێکی ئـەفریکی هۆلییـوۆدی دەکـرد، لـە گەرماوەکـەدا دەهاتـە دەرێ، دڵـۆپ دڵۆپ ئاو لەسەر ماسولکەکانی وەستابوون..

رێهـات لـە بـنی پێـی تـا تـۆقی سـەری لێـی روانـی و گـوتی: ئـەی هـەش بەسـەرت "نـەشمیل" دەبـێ چـۆن خـۆت بـۆ بگیرێ؟

کـە ئێمـە لـە دەرگـای ژمـارە 1997مانـدا، بـێ پرسـین "نـەشمیل" دەرگاکـەی ئـاوەڵا کـرد، خـەو کراسـێکی حـەریراوی و رەش و بریقـەداری ئاوریشـمی لەبـەردابوو، تەنکـە ماکیـاجێکی کردبـوو.. بـە خاولییـە لوولدراوەکـەی پرچـی و تنـۆك تنـۆك ئـاوی وەسـتاوی سـەر تـەوێڵی زانـیم کە ئەویش تازە لە حەمام هاتۆتە دەر..

ئـەو کاتـەی "رێهـات"ی دیـت، دەسـتە خـرپن و گۆشـتین و تێکسـمڕاوەکەی خسـتە سـەر سـینەیی و گـوتی: دەقـەیێك.. راوەستن..

پاش ئەوەی گڵۆپی سەوزی بۆ داگیرساندین، ئێمە ترافیێکی دەروازەمان بەزاند و چووینە ژوورە چکۆلانەکەی.. لەو ژوورەدا درەختێکی سەوزی بۆ یادی سلڤستەر دانابوو، بە گڵۆپی رەنگاورەنگ رازاندبوویەوە.

نەشمیل و رێهاتم بە یەکتر ناساند.. دوای کەمێ دانیشتن نەشمیل وەك ئەوەی لەگەڵ دوو ژن یان خۆی پێ پیاوێکبێ و لەگەڵ دوو پیاویتر دانیشتبێ بەدەم قاقاوە گوتی: بۆنی ئارەق هێڕی کردم، دەرێی خواردیتتانەوە؟

- بەڵێ.. هەواڵی مێردت چییە؟

- وا نابینی خۆم بۆی ئامادە دەکەم، پێش سعاتەك لە "نەمسا"وە تەلەفۆنی بۆم کرد..

پاش ماوەیەك بە "رێهات"م گوت: کاتی تەلەفۆن کردنەکەت نەهاتیە..

گوتی: با، بەس کابینە لە کێندەرە؟

نەشمیل تاریفی کابینەی تەلەفۆنی بۆ "رێهات" کرد..

کــە "ڕێهــات" هــەنگاوی یەکــەمی بــەرەو دەرەوە نــا، مــن پـــەلاماری ئـــەو پارچـــە ئەڵماســـە ڕەشـــەسمەرەمدا.. لێوەکـانیم کرۆشـت.. کرۆشـتم و خـەریك بـوو ئـەو دەریایـە تێــرە ســووربـاوەی لێوەکــانی تەرجەمــەی ســارا بکــەم.. لــە چـەند چـرکەیەکی کەمـدا لـە ژێـرم وەك کاشـان یـانیش بـە شـێوەی قەروێڵـەکی هەناسـە سـوار و بەهشتدۆسـت ڕاکشـا.. بـەو ئـەتلا بروسـکاوییە خەوناوییـە یـەکترمان سـڕ کـرد.. بـــەدەم هوتـــاف و هەوڵـــدان و هەڵچـــوون و هـــەڵزنان و هـەژانی هـەموو هێـزە شـەهوەتاویەکانی هـزر و دەروون بـە "نەشمیل" گوت: دەڵێی بۆ من وا خۆت ئارایشکردووە؟

چـاوم لێبـوو لـەناو ڕەز و گـوڵزار و باخچـەی لێوەکانییـەوە هەنـــدێ وشـــەی زێـــڕین هەڵفڕینـــە بـــەر گوێچـــکەکانم و وا چـــرپاندیان: هەســـتە.. هەســـتە.. هـــەی ڕۆح و هەناســـەکانی نەشمیل، ئەو دەرگایە قفڵدە.

کـــە گەڕامـــەوە، هـــاودەم لەگـــەڵ لەبـــەر کردنـــەوەی تیشێردەکەم لە نەشمیلم پرسی: ئەویش حەزی لێیە؟

نــەشمیل کــەمێ خــۆی قیــت کــردووە و گــوتی: ئــەو کێیــە و حەزی لە چییە؟

گوتم: ئەو ڕێهاتە، حەزی لە.... (خۆت لە گێلی دەدەی)؟

ئـــەو بـــە تـــەواوی لەســـەر قەرەوێڵەکـــەی ڕۆنیشـــت و بـــە زەردەخەنەیەکـــەوە وا وەڵامـــی دامـــەوە: لـــە دزان وابـــێ هەموو عالەم دزە.. چییە قوندەر قەحپەخانەت داناوە؟

مـــن وەك بـــەفری ئـــاگرین، وەك بـــاران، وەك تـــەرزە، وەك برووســك و تیشــك بــۆی دابــەزیم، مــن بــۆی دابــەزیم.. وەك نیگــا پرژامــە ســەر قەروێڵــەی جەســتەیی و کەوتمــە نێــو کـــەون و گـــێتی و ســـەرزەمینی هەژانـــدن و زیبـــایترین پرۆسێســی هێنــان و بــردن.. ئــای هــەی، ئــەی ئــیرۆس.. ئــەی ڤینـــۆس و خوداوەنـــدە جوانـــەکانی چـــاخ، مـــن وا بـــۆی دابــەزیم، بــە هــەردوو دەســت و بــە هــەموو قامکــەکانم تونــد تونـــد تونـــد جـــووت هـــەناری مێخۆشـــی سەرســـینگیم تێکدەقوپانـــــدەوە و هەڵمدەمـــــژی.. بـــــە ددانـــــەکانم گۆپکــەکانم فێــری گەمــە و وازیــی ســۆربوونەوە دەکــرد، لــە ســــەمایێکی شــــێتانە و سەرخۆشــــانەدا هەڵمانــــدەکرد،

مانگمـــان دەهێنایـــە ســـەر ئاسمـــانی تایبـــەتی خۆمـــان و حـــەیرانمان بـــۆ وجـــود دەچـــڕی.. وەك عـــادەتی هەمیشـــەییم پرچـــیم لـــە باســـکەکانم لوولـــدا و تـــاو نـــا تاوێـــك بـــۆ خـــۆمم بـــەکێش دەکـــرد.. لـــەو کاتـــەوە مـــن بـــە تـــەواوی زانـــیم ڕاکێشـــانی قـــژ وەك دۆزینـــەوەی کلیلـــی بەهەشـــت وایـــە.. ئـــەو کاتـــەی کـــە بـــەبێ ڕەحمییـــەوە تـــاڵ تـــاڵی پرچـــی حـــەریراویم بـــۆ خـــۆم بـــەکێش دەکـــرد، ئـــەو بەهەناســـە ســـواریی و دەنگێکـــی تـــا بلێـــی سەرلێشـــیوا و نزمـــەوە دەیگـــوت: چـــییە دەتەوێ بمکوژیت؟

مـــن بـــەرەو لوتکـــە و ترۆپـــك و دونـــدی عاســـێ و بـــەرز و پـــیرۆز و ئێســـتەتیکیی هەڵـــدەزنام، چـــەند چـــرکەیەکی کـــەم بـــــەر لـــــە گەیشـــــتنم بـــــە ئارمـــــانج و خـــــەون.. تەپ..تەپ..تەپ..تەپ..تەپ..تەپ..

ویستم هەستم.. نەشمیل دەستمی توند گرت.

هاوارم کرد: ڕێهات، دەقەیەك بوەستە..

تەپ.. تەپ..تەپ..تەپ..تەپ..

بــه هەناســه برِكــێ و ئاهــه ئاهێكــەوه هــاوارم كــردەوه: كــورِم راوەسته زۆرت راناگرم.. بەس چەند چركەيەك..

تەپ.. تەپ..تەپ..تەپ..تەپ..تەپ..

چــەند بــارەم كــردووه: رێهــاتی بــرا راوەســته.. رێگــا بــده بــا برادەره خۆشەويستەكەت بەهەشت ببينێ..

تـــــــــــــەپ.. تەپ..تەپ..تەپ..تەپ..تـــــــــــــەپ..
تەپ..تەپ..تەپ..تـــــــــــــــــــــــــــەپ..
تەپ..تەپ..تەپ..تەپ..تـــــــــــــــــــــــەپ..
تەپ..تەپ..تەپ..تەپ..تەپ..تـــــــــــــــــــەپ..
تەپ..تەپ..تەپ..تـــــــــــــــــــــــــــەپ..
تەپ..تەپ..تەپ..تەپ..تەپ..تـــــــــــــــــــەپ..
تەپ..تەپ..تەپ..تەپ..تەپ..

(لا حــول ولا قــوه الا باللــه).. مــن گــوتم: كــوره هــەی كــەر، دەمێ بوەسته، ئێستا دێم.. بەس يەك دەقه..

تـــــــــــــەپ.. تەپ..تەپ..تەپ..تەپ..تـــــــــــــەپ..
تەپ..تەپ..تەپ..تـــــــــــــــــــــــــــەپ..

تەپ..تەپ..تەپ..تەپ..تـــــــــــــــــــــــەپ..

تەپ..تەپ..تەپ..تەپ..تـــــــــــــــــــــــەپ..

تەپ..تەپ..تەپ..تەپ..تـــــــــــــــــــــــەپ..

تەپ..تەپ..تەپ..تەپ..تـــــــــــــــــــــــەپ..

تەپ..تەپ..تەپ..تەپ..تەپ..

چـارم نـــەما، پەشـێو و وێـڵ، وەك فەیلەسـووفێکی قەشمــەر بـــەدوای پرســـیاری گێلـــدا، ورد ورد بوومـــەوە، هەســـتام.. بــەخێرایی پانتۆڕەکــەم هەڵکێشــا و دەرگاکــەم ئــاوەڵا کــرد، زۆر بــە هێواشــی و سەرســامی و واقوڕماییــەوە هــەنگاوێك کشــامەوە دواوە و راوەســـتام.. پــانتۆرێکی قۆچــپە ئــاوەڵا و ســـینگێکی رووت و جەســـتەیەکی پـــڕ لـــە ئارەقـــە.. مـــن بەکزییـــەوە رووبـــەڕووی پیـــاوێکی رەقەڵـــە و چـــەلاك و بنێسـی بـەژن بڵنـد و سـەر رووتـی کەچـەڵی چـاوێلکە بـە چاوەوە وەستام.

چـرکەیەك.. دوو.. سـی و پێـنج.. پـەنجاو نـۆ چـرکە.. یـەك خولــەك، ئێمــە هیشــتا بــە دنیــایێ دۆژەن و ئەندێشــە و خەفـەتی گـران و پرسـیاری گرانـەوە رووبـەڕووی یـەکترەوە لــە گلێنـــەکانی یـــەکترمان دەڕوانـــی.. هەوڵمـــدا لـــەناو

بێدەنگیـدا دانــە دانــە قۆچــپەکانم داخــەم، پیـاوە کەچــەڵە چــاوێلکە لــە چـاوەکە دەســـتەکانی هەڵدەللــەرزین و بــەو دەســــتە لەرزۆکانەشـــی ئارەقـــەی لێوانلێـــوی تـــەوێڵی دەســــڕییەوە.. مـــن خەندەیـــەکم بـــۆی کـــرد و گـــوتم: فــەرموو.. فــەرموو کــاك عومــەر.. بــەخێربێی.. خــۆ هــیچ روویندایە بەو نیوەشەوە..

ئـەو بـەلا داهـات و خـۆی کوتایـە ژووریْ و گـوتی: فـەرموو و مــــەرمووی پــــیْ نــــاویْ، رووی ئاخــــاوتنی ئاراســــتەی "نـــەشمیل" کـــرد و بـــەردەوام بـــوو.. ئـــەوها هـــەی قەحپـــە ژن.. عــەیب ناکــەی، لەبــەر هەنــدیْ، تەلــەفۆن و مەلــەفۆنت قـــەپات کردیـــە؟ لـــە حـــەیاتم قەحپـــەی وەکـــی تـــووم نەدیتیــە.. وەڵڵاهــی گەلــەك عەجایبــە.. ژن ئــەتوو مێــردت هــەبیْ و رۆژیْ بیســتیش ســواری خــۆت بکــەیت.. لــەو چــرکە ســـاتە "رێهـــات"یش گەیشـــتەوە ژوورەکـــە، هـــەر بۆیـــە هەلەکــە بــۆ "عومــەر" زیــاتر رەخســا، برووســکە نیگــاییێکی ئاراســـتەی رێهـــات کـــرد و رووگـــەی نیگایـــەکی گەڕانـــدەوە ســـەر نـــەشمیل و بـــە هەڵپـــە هـــەڵپ و هەڵچـــوونێکی لـــە رادەبـــەدەرەوە گـــوتی: بزانـــە.. بزانـــە.. ئـــەریْ بـــرادەر

کەسیدیش ریزی نەگرتییە.. برۆ بانگی ئەو ئەفریقیانە بکەو پێیان بڵێ ئەو ئێوارەیە بەلاشە، با بێن ریز بگرن..

"نەشمیل" نەیتوانی زیاتر بەرگەی ئەو هێرش و شاڵاوە ناوەختەی جوێنی پیس و حەیا بردنە بگرێ، بۆیە وەك شێرەژنێك بە رووە گرنج گرنج و سیما سەرخۆشەکەی عومەردا هەڵخشا و گوتی: گووی زیاتر نەخۆی، پیرە کەرەکی وەکی توو، بەو نیوە شەوە لێرە چ دەکا..؟ ئەگەر بە حیسابی خەونەکانی پێشتر هاتووی ئەو زەمانە بەسەر چوو.. (پیرەسە) ئەتوو چت لەو ئیشانەی؟ برۆ ئاگات لە کیژ و ژنت بی، بەقەدەر "مەلا پیرداودی گونفرۆش" گونی تورکانیان دیتیە..

لەگەڵ هاتنە دەرەوەی وشەی (دیتیە) لە دەوی "نەشمیل"، شرقەی زللەیەك ژوورەکەی پڕ کرد.. من و رێهات یەکاو یەك باسکی عومەرمان گرت و دوورمان خستەوە، من بە تووڕییەوە لە عومەرم روانی و گوتم: پیاو ئەگەر پیاو بێ لە ژن نادا.. ئەو هەڵسوکەوتە عەیبە.. ئێمە باشتر لە یەکتری تێدەگەین..

عومـــەر: كـاكی مـــن ئـــەتوو هـــیچ عیلاقـــەت نـــەبی.. ئـــەمن بڕیارمدایە هەردوو چاوی ئەو ژنە خائینە دەربێنم..

وەك بـازاڕێكی گۆڕینـــەوەی كـەل و پـەل، ئـەوان لـە مامەڵـە و سەوداســـــەریی و گۆڕینـــــەوەی جـــــوێن و گونـــــاە و تاوانبـــاركردنی یـــەكتردا بـــوون.. "عومـــــەر" دەیویســـت پـــەلاماری بـــدا.. "نـــەشمیل" لـــە هەڵـــدان و بـــەرەڵاكردنی هەناســـەی پـــڕ لـــە جـــوێن بـــاجی لەســـەر هـــیچ وشـــەیەك دانەدەنا..

مـــن "عومـــەر"م لەســـەر قەروێڵەكـــەدا دانیشـــاند و گـــوتم: توخـــوا بـــا كـــەمێك بـــە هێـــوری بـــاس لـــەو كێشـــە بكـــەین، بـــزانین چـــیبووە!؟ چـــیت دەوێ؟ ئـــەو شـــەڕ و هەڵچـــوون و ئاژاوە نانەوە لەپای چی؟

عومــــەر لـــــەناو ئەوپـــــەڕی تورەییـــــەوە بزەیـــــەكی كـــــرد و دەســـــتی بـــــۆ گیرفـــــانی بـــــرد، جگەرەیـــــەكی WESTی داگیرساندو گوتی: دەزانی كێشەی من چییە لەگەڵ..

"نـــەشمیل" قســـەكەی پـــێ بـــڕی و گـــوتی: ئـــەو جگەرەیـــە بكوژێنەوە، باش دەزانی جگەرەكێشان لێرە قەدەغەیە..

عومەر- سێ، چوار- قوومی قووڵی لە جگەرەکەدا، هیچ گرنگییەکی بۆ قسەکەی نەشمیل دانەنا و گوتی: دەزانی ئەتوو زۆر بێ شەرەف و بێ ئەخلاقیی، هەر یەکێکی دیکە لە شوێنی تۆ بووایە ئێستا کڕنۆشی بۆ دەبردم.. بەڵام قەحپە لە پشیلەش بێ وەفاترە.. دەزانن من چیم لۆ ئەو ناکەس بەچەیە کردیە؟ ئەوەی من لۆم کردی کێ لۆت دەکا؟ یان ئەوانە (تەماشاییێکی ئێمەی کرد و نیگا تووڕەکانی خستەوە سەر نەشمیل و دووبارەی کردەوە) یان ئەوانە گەنجن و باشتر.....!؟ بەڕاستی بێوەفا و بێبەهای..

نەشمیل وەك شێت ناڵە و هاواری لێبەرزبۆوە و چریکاندی: بڕۆ دەرێ سەی لە سەی.. لەبەر چاوم نەمێنیی، دوو هەزار مارکت قەردارم سبەینێ مێردم دەگات و دەتدەمەوە، چیت لۆ من کردیە؟ زەلامت کوشتییە، یان سەری شات پەڕاندیە؟ تووڕەم بکەی یەك فنیکیشت نادەمەوە و خەبەری پۆلیسیشت لێدەدەم..

ئەوان وەك دوو ئاگر یان دوو شەپۆلی دژ تێکهەڵچوونەوە..

عومەر: دەزانی ئەتوو زۆر قەحپەی..

نەشمیل: ژن و کیژت قەحپەنە..

عومەر: ...........

نەشمیل: ...........

مـــن و ڕێهـــات بەخۆشـــحاڵی و زەردەخەنـــەوە لـــەو دیالۆگـــە کۆمیـــــدی و نامۆیـــــەمان دەڕوانـــــی و چـــــێژمان لێـــــی وەردەگــرت، لـــە کۆتاییەکانـــدا پیلـــی "عومـــەر"مان گـــرت و چـوینە دەرێ.. دەســتەکانی عومــەر وەك زســتان لــە گــەمارۆ و شـــاڵاوی ســـەرمادا هەڵدەلـــەرزین، ڕۆنـــدك لـــە چـــاوانیدا قـــەتیس مـــابوون، کەســـــەر و دۆژەن و ئـــێش لەخۆیانـــــدا گرێیـــان دابـــوو، چـــاوێلکەکەی لـــە لوتکـــەی لووتـــە درێـــژ و باریکەڵەکـــەی نزیـــك کـــەوتبۆوە.. نـــاوە نـــاوە هەنســـکێکی دەکـــرد، لـــەوە دەچـــوو حـــەز نـــەکا ئـــەو کەمپـــە جێبێڵـــێ.. قـــەهر و ڕك و کینـــە لـــە نێوچـــەوانە لۆچـــاوییەکەی لێزمـــە لێزمـــە و لێشـــاو لێشـــاو دادەبـــارین، مـــن گومـــانم نـــەبوو لـــە دەســـــتی بهاتایـــــە "مـــــن و ڕێهـــــات"ی دەکـــــردە قیمـــــە و دەیکردینە جەمی ئێوارەیەك..

مـن دەسـتێکم خسـتە سـەر باسـکیی و بەهێوریـیـەوە گـوتم: هەرچـەندە تـا ئێسـتا بـە راسـتی نـازانم کێشـەکە چـییە، بـەڵام هیـوادارم تـۆ دڵـی خـۆت تـەنگ نەکـەیت و بـە زووتـرین کـاتیش بـە یـەکتر ئاشـنا ببنـەوە و بنـەبڕی ئـەو تێکنەگەیشـتنە بکـەن.. دواتـر جـەنابتان مرۆیـەکی پێگەیشـتوون، هـیچ پێویسـتییێك بـەو هـەموو رك و کینەیـە ناکـا.. مـن زۆر دڵخـۆش دەبم کـە قسـەی ئـەو فەیلەسـوفە چـەند بارەکەمـەوە کـە دەڵێ: (ئـەو ژیانـە کورتـە بـە تـەنیا بەشـی خۆشەویسـتی ناکـا، جـا چـۆن دەتـوانین ئێمـە رك بەرامبەر بەیەکتری هەڵگرین؟)..

عومـەر لـەژێر چـاوێلکەکەوە گلێنـەکانی بـۆ لای مـن وەرگێـڕا و گـوتی: بـێ ئومێـدتان کـردم، غـەدری گـەورەتان لێکـردم، ئـەو ماوەیـە هەسـتم بـە خۆشەویسـتی و جـوانی ژیـان کردیـە، کەچـی رێگاتـان نـەدا تـامی ئـەو چـێژ و لەززەتـە بکـەم.. عەیبـە بـۆ ئێـوە، خزمـەتی زۆرم کـردن کەچـی ئەوەیـە پاداشـتی پیاوەتییـەکان؟ حـەز ناکـەم لێـرە بـەدواوە دوور بـە دووریـش مـەرحبام بکـەن.. وردە وردە هـەنگاوە خـوار و خێچـەکانی رووەو دەرەوە نـا و

بێئاوڕدانـــەوە ســـواری ئۆتۆمبێلەکـــە بـــوو، تـــۆزی تایـــەی ئۆتۆمبێلەکـەی روو لــە ئاسمــان بــەرز بــۆوە و بــە چــەند چـرکەیەك لەبـەر چـاواندا ونبـوو.. مـن و رێهـات هەنـدێ لـە یـــەکمان روانـــی و بـــە زەردەخەنەیەکـــەوە چـــووینە لای "نەشمیل"..

ئـەو سـەری خسـتبووە نێـوانی ئـەژنۆ ئەفسـوناویەکانی، کـە گوهـــداری چـــرپە چـــرپ و ترپـــە تـــرپ و خشـــپە خشـــپی پێیــەکانمان بــوو، ســەری لەســەر چــۆکە نەرمــە لۆکەییەکــەی نــەختێ بــەرز کــردەوە و بــە غەمگینییــەوە لێمــانی روانــی.. ژوورەکـــەی لـــە خـــەزەڵ و پـــایزێکی لاڵـــی دەکـــرد، وەك پارچــەیێ خــەونی برینــدار دۆشــدامابوو، هــەموو ژینــەژان و زامــەکانی ژیــانی لەســـەر شــانەکانیدا کۆکردبــۆوە.. لــێم دیــار بــوو ئەســرین و فرمێســك بەچــاوانییەوە وەك مــرواری دڵــۆپ دڵــۆپ بــە رێچــکە وەك کــاروانێکی هــیلاك دەهاتنــە خـــوارێ، لـــە دڵـــەوە گـــوتم: چـــۆن دەبـــێ گـــوڵ، خونـــاوی خوێنین داببارێنن؟

"نـــەشمیل" بـــە دەنگێکـــی لـــەرزۆکی ســـەمفۆنییەوە، بـــە نیـــو بەرزییـــەوە هاتـــە گـــۆ: هـــەمووی خـــەتای ئـــەو "جەواد"ـــە

گەوادەی مێردمە.. ئەگەر پیاوێك گەواد نەبێ كوو ژنی تەسلیمی سەرە ئێسك و لۆقە لۆق درێژ و فەرە فیرعەون و هەموو ئەوانیدی دەكا.. ئەو گەوادە خۆشی هەموو جارێ كە لە خوێندنەوەی كتابەكان دەبۆوە دەیگوت كێشەی هەرە سەرەكی ئینسان، كێشەی چێژ و حەزەكانی جەستەیە، جەستە وەك بیابانێكی تێنوو پێویستی بە بارانی ئارامییەوە هەیە جەستە كارێزی هەموو كێشمە كێشم و گڤە گڤی گەردەلوولی ناكۆكییەكانە.. ئای كە مێردم بە گەوادێكی حەقیقی كردوە.. ئاخر ئەگەر ئەو ملشۆڕێكی راستەقینە نەبێ و من نەخاتە هەلۆێستێكی وا نزم، من چۆن ئەو لەش و لارەم دەخەمە ژێر بارانی رەحمەتی ئەو كەچەرە دز و حیزە؟ ئاخر ئەمن باشتر دەزانم، ژن و كیژی چ یارییێكی هەوەس شكێنن بە دەست توركان..

لەگەڵ ئەو قسانەدا، چاوەكانی "رێهات" ئەسرینیان تێزا.. هەر دەتگوت بەدیار زنجیرەیەكی تەلەڤزیۆنی مەكسیكی رۆنیشتوە و دڵی سەهۆڵئاسای بە تیری خۆری رووداوەكاندا دەتوێتەوە..

بــه وێنــەی هــەرزەکارێکی عاشــق یــان یــەتیمێکی دنیــای ئێســتەتیك دەســتی خســتە ملــی حەســرەت و چــەند هەنسکێکی کـرد و بـه قـوولپی گریـانێکی منالانـەوە گـوتی: ئەگـەر ڕێگـا هـەبێ مـن دەچـمه دەرەوە، چـونکه بـه سـانایی، سـاکارێکی وەك مـن نـاتوانێ بەرگـەی ئـەو هـەموو چیرۆکه خەفەتئامێز و گریاندۆسته بگرێ..

"نـەشمیل" بـەردەوام بـوو، ئـاخر ئـەو جـەوادە بـێ شـەڕەفه لەمێـژە حـەز دەکـا بـەو شـێوەیه ریسـواو مـاڵوێران بم.. ئەوەنـدەی هەوڵمـدا لای دایـك و بـاوکم بمێنمـەوە، ئـەو سـەرەتا بێتـه دەرێ، کەچـی رازی نـەبوو، ئـەو خـۆی حـەزی لەو گێرمه و کێشەیه بوو..

کلێنســەکەم دەرێنــا و کەوتمــه ســڕینەوەی ئەســرینه ترێییــەکانی و بــه پەنجــەی گــەورەی دەســتم کەوتمــه مەسـاجکردنی بـن بژۆڵـەکانی، نـاوە نـاوە و دەمانادەمێـك برووسـکه ماچـێکم لـه لێـوە پڕەکـانی دەکـرد و دەکەوتمـه نـاو جیهانێـك لـه دڵدانـەوە و داڵـدە، هـەردووکمان بـێ هێـزو دڵ پــڕ لــه مــەراق و ئەفســووس و وردە یــاقوتی شــەرمنی چـێژ و لـەززەت بـه مۆنییـەوە لێکامـان دەڕوانـی، دەسـتێکم

خستە سەر شانی و گوتم: خەتا و گوناه هەر بە تەنها لە مێردەکەتە و بەس.. بڕوا بکە، فریشتەیێکیش بێ لە شوێنی تۆ تووشی ئەو گرفتانە دێ کە تۆ رووبەڕووی هاتووی..

دەستم توند توند راگوشی و هێدی هێدی زمانێکی بە لێوەکانم داهێنا و دەوی خستە ناو دەوم.. بە بێهۆشی کەوتینە ناو بازنەی هەژاندنی شتە حەرامەکان.. بە رێکەوتین تا گەیشتینە دوندی لەززەت و سەفا و ئۆرگازم.. لەوێندەر نەشمیل بە غەمدۆستی و تێریی و پێکەنینەوە گوتی: ئەگەر سبەینێ منت لەگەڵ جەوادی مێردم دیت، وەك ئەو کوڕەی ئێستا هەڵسوکەوتم لەگەڵ نەکەیت..

- بەسەرچاوان.

ماڵئاوایم لێیکرد و چوومە دەرێ.

لە خۆرنشین و بۆلێڵدا، ئەو کاتەی ژیان باوێشکی ددەدا، زەمەن لە قیژە قیژ و هات و هاوارێکی پرسیارئامێزی کۆمیدی دەکرد.. ئەو سپێدەی رابرد من شوێنی

پەناهەنـــدانم بـــە "ڕێهـــات" نیشـــاندا و بـــە تـــەنیایی گەڕامەوە کەمپەکەی "بتهۆڤن شتراسە".

لـەو ئێـوارە درەنـگ کاتـەدا، لـۆ مـن، مـردن و ژیـان هاوسـیما و دووانەیـــەکی هاوشـــێوە و شـــێواز بـــوون.. منـــداڵیی و پیریـــی، خۆشەویســـتیی و کینـــە، گریـــان و پێکـــەنین، تـــەنیایی و ئـــاوەدانیی، گـــوڵ و دڕك و باخچـــە و گوفـــەك.. ئەوانـــە هـــەموویان ئاقـــارێکی کـــاکی بـــە کـــاکی بـــوون بیرکردنەوەمیان لەناو بلەوەڕێنم..

بـە خـۆم گـوت: ئـەی باشـە ئەگـەر مـن لـە ئێسـتاوە رووی چارەنووســـی خـــۆم وەرســـوڕێنم و بچـــم لـــە گۆشـــەکانی تـــەنیایی و بێئومێـــدی و بەدبـــەختی ژیـــان بگـــوزەرێنم و لەگـەڵ رەشـبینی و گریـان و مـەرگێکی بەردەوامـدا پـەیمان ببەســـتم و دواتـــر لـــەناو دەریاچـــەیێ بێکەســـیدا بمـــرم چیدەبێ..؟

دەمویسـت بـە پێـوەری هـزر ئـەو دوو تـەوەرە بخەمـە نێـو بۆتـــەی پێوانـــەکردن و بەراوردکارییـــەوە.. بـــە دەمـــی بـــە پێکەنینـــەوە بمریـــت یـــا بـــە چـــاوی بـــە گریانـــەوە، لـــە

ئاوەدانییـەوە پێشـوازی لـە عیزڕائیـل بکـەیت یا لـە تـەنیایی و گۆشـــەگیریدا؟ بڕیارمـــدا کـــەمێك بـــە دەم بفکـــرم، چـــۆلەکەی وشـــە لـــە قوڕگمـــەوە بـــێ سانســـۆری عـــەقڵ هەڵفڕینـــە نـــاو یـــەکێ لـــە ژوورەکـــانی کەمپەکـــەی "بتهـــۆڤن شتراســـە": جـــا مـــردن هـــەر مردنـــە.. تـــۆ چ جیاوازییێـــك دەبـــینی لـــە نێـــوانی مردنـــی ســـوڵتانێك و مراوییێـــك، یـــان لـەنێوانی مردنـی مـن و سـەگێك؟ یـان لـە نێـوانی سـەرۆك کۆماری چین و پۆلیسێك لە نیپاڵ؟

مـن لـەو کاتـەدا شـیعرێکی "برێڤـەر"م کەوتـەوە یـاد کـە دەڵێ:

ڕۆژێ دادێ

هەرسێکمان دەمرین

پاشا و

کەر و

من

پاشا لە قینە و

کەریش لە هیلاکی و

منیش لە خۆشەویستیی تۆ.

بەرپرسی کەمپەکەی "بتهۆڤن شتراسە" لە پڕێکدا هاتە ژووروکەم...من زانیم کە ئەو هەستی کرد - من لەگەڵ خۆمدا دەپەیڤم- نەختێ لە شەرم راچووم، بەڵام لە کۆتاییدا خۆم وا نیشاندا کە خەریکی زەنام لەبەر خۆمەوە..

بەرپرسی کەمپەکە نامەیەکی پێبوو کە بۆ منی هێنابوو، دەستی راستەی بۆ درێژ کردم و گوتی: فەرموو ئەو نامەیە بۆ تۆ هاتوە، ئەورۆ بەیانییەکەی بۆم هێنابووی، بەڵام لێرە نەبوویت. کە نامەکەم لێی وەرگرت، لەسەر بەرگی زەرفەکە بەپیتی ئەڵمانی ئەدرێسەکەمی لێ نوسرابوو، کە زەرفەکەم دڕاند و کاغەزەکەم دەرێنا، بەر لە دەستپێك، لە شوێنی مانشێت و لە جیاتی - بسم الله.. لێی نووسرابوو:

تەبعی (نالی) توندە ئەمڕۆ، یا بە نەشئەی نیم نیگاه

مەستی رەحڕاح و مەی و راح و قەراح و قەرقەفە؟!

بە دەستخەتە شاش و شێوازە مەستەکەی زانیم کە نامەی برادەرێکی خۆشەویستی شاعیرە.. کاغەزەکەم خستەوە ناو زەرفەکە و هەڵمدایە سەر سەلاجەکە..

دەرکەی سەلاجەکەم ئاوەڵاکرد و بتڵە "میکیۆس"ـەکەم دەرێنا و گوتم: ئۆزۆی پیرۆز، شاژنی بەختەوەری و کچە جوانەکەی ئیرۆس.. ببە داڵدە و پەناگەم زوو مەستمکە.. حامزێکم دەرێنا و هەر بە ددان لای ژێرەوەی، یان سەرەوەییم پەلدا، کەوتمە گێتی هەڵقوڕاندنی عەرەق.. پێکێك ئۆزۆی خەست بە یەك فڕ.. پێکی دووەم هەمدیس بەیەك هەناسە.. هی سێیەمیش بە شێوازی گۆڕین.. هی چوارەم هەستم بە شێوانی کۆنستراتسیۆن کرد، بۆیە نیوەیم لێی خواردەوە.. نامەکەم دەرهێنا و بە سێ چارێگ مەستیی کەوتمە ناو سەرزەمینی خوێندنەوە:

تەبعی (نالی) توندە ئەمڕۆ، یا بە نەشئەی نیم نیگاه

مەستی رەحڕاح و مەی و راح و قەراح و قەرقەفە؟!

ئەی برای هەمیشە خۆشەویست:

بەختــەوەرە بــووم.. لــە مەلەوانگــە قەشــەنگەکانی ئــەوێ، رۆح و جەســـــتەت لـــــە - ئـــــاو- خوســـــاندووە و لـــــە دژوێنییـــەکانی ئەمئێرەیـــە خـــۆت پاکردۆتـــەوە.. حـــەز دەکـــەم پێـــت بڵـــێم: ئێمـــەی بـــرادەر دەبـــێ هـــەردەم و هەمیشــە هــەوڵی بــەرفراوانکردنی ئەتمۆســفێرەکانی عــەقڵ بـدەین.. تـا بتـوانین لەگـەڵ جۆرەهـا بـەهرە و توانسـت و کـەش و هـەوای جیـاواز بـژین و ئـاڵوگۆڕی هـزری و مەعریفی بسازێنین.

- خـودا - بـەر لـە ئافریـدە کردنـی ئـادەم (زمـان)ی هێنایـە خولْقـــان.. واتـــە ئاخـــاوتن بەشـــێکە لـــە رۆح، ئـــای کـــە یەکــەمین نەغمــەی ســیحراوی هەمیشــە زرینگــاوەی دەم و لێــوە پیرۆزەکــەتم هــەر لــە یــادە "چۆمســکی" ئــەو وشــە دەگمەنـــەی لەبـــەردەم کتێبخانـــەی گشـــتی هـــەولێردا لـــە دەوت هاتــە دەرەوە.. ئەمێســتاکەش ســەدا و نــەوا و ئــاوازی

سیحراوی فۆنەتیکەکەتم هەر لە یادە.. لە هاژەی رووبارەکەی - هیراکلیتس- دەکات و دووبارە بوونەوەی بۆ نییە ((في البدء كانت الكلمه)).

ئیمشەو لە "یانەی ئیعلام" بووین.. هونەرمەندێك شەوێکی ئازەری خۆشی بۆ رەخساندین، چەندین گۆرانی تورکی بۆ گوتین، هەندێ بەرگەیان نەگرت و پایدۆسیان لێکرد، پێویستە ئەتمۆسفێری شیعر و عەقڵ و دەروون و دڵ بەرفراوانتر کەین و هەموو چرکەیەکی خۆشی مۆسیقا و گۆرانی و خەندە و سەفاکانی دڵ، خزمەتی شیعر و دەق بکەن.

ئێمە لەو چرکەساتە ئاتەشپەخشانەدا جوانییە شێواوەکان دەدۆزینەوە.. -راکی- دەنۆشین و سامبا بۆ نهێنییە جوانەکانی پەروەردگار دەکەین و پیرۆزترین مەچەك ماچ دەکەین و فیدای ئەو قامکانە دەبین کە شایستەی گەوهەریترین ئەنگوستیلەن.. ئێمە رادەمووسین، ئەو قامکە بلوورینیانەی دەلالی دایکە ئاور لە دڵەکانن..

ئـــەی بـــرا.. دەزانـــی زایـــزۆن وەڵامـــی زۆر شـــت دەداتـــەوە، دیمانەکـــەی رۆژنامـــەی "میـــدیا"م خوێنـــدەوە، بـــە ڕاســـتی دیـــد و دیـــدگا و بۆچـــوونەکانت جـــوان و بـــاڵان، پێویســـتە ئەمـــەیش بـــاش بـــزانین کـــە بـــەهرە ئاڵئاڵـــەکان خـــۆری خـــۆی پەرشـــدەکا.. ئـــەو کاتـــەی چـــەندین وردە شـــەوی حەســـود بـــەخیلی پـــێ دەبـــەن و هەســـت دەکـــەن لـــە دنیـــای ئەوانـــدا ماهێکی بەدەخشانی خودان روناهی نییە بدرەوشێ..

بـــڕوا ناکـــەم ئـــەو وتـــارە رەخنەییـــەی کـــە ئاراســـتە کتـــێبی رەش - ســـەفای تـــەم- کـــراوە دەروونـــت بریـنـــدار بکـــات.. چـــونکە تـــۆ لـــە "زایزۆنـــدا" ئـــەو تێکەڵاوبوونـــەت یـــەکلا کردۆتـــەوە، ئێمـــە لـــە "زایزۆنـــدا" وەڵامـــی زۆر شـــتمان دایتـــەوە، بـــێ ئـــەوەی کـــە بـــە پـــلان و داڕشـــتنی پلانـــەوە بـــۆی دانیشـــتبین.. هـــەمووی رێکـــەوت و چـــرکەیە، ئـــیتر وڵاتـــە و پڕپـــەتی لـــە بـــەخیلی و حەســـادەت، تـــوو فرمێســـکەکانی "سەفای تەم" نەکەی نا نا نەکەی زویر بی..

ئـــەی بـــرا خۆشەویســـتەکەم، ئـــای قەدیســـی شـــیعر، چـــی وای لەو سەردەمەی ئێرە کردووە؟

شیعر بەو باڵا شەهێنیەوە چاو رووەو ئاسمان و تەبەش بەرەو خۆر و جورئەتەکانی وشە.. بەرەو جوانی و عەدەم.. با بلوزێك هەڵدەین، بلوزێك پڕ لە گەردن و عیشق و بۆن و عەرەق و ئاسمان و سرووش و وەجد و بەخشندەیی.. ئەی مەراسیمی مەوسمی خێڵان، ئەی ئەو گەرماییە رۆحانییە، تاوساوییە، گوڵاوییە، غوربەتاوییە، سەرمەستاویەی عیشق، ئەی تاقانەکەی ماڵە باوانی شیعر و جوانی و خانەدانیی، کێ بەقەدەر ئێمەی نامۆ و بەلەنگاز، دیلانەکانی عیشق دەپەرستێ؟ ئەی خوداوەندی تاڤگەکانی رۆح، ئەی برای شیعرییم، با ئەتمۆسفێری ئەڤین، کارمامزەکانی ئومێد و بارەکەوەکانی ئارمانج و کۆترە باریکەلەکانی غوربەت و هێلینەکانی موجتەهید و فەزای نارنجیی پۆشی شیعر بپارێزێ، ئەی کەژاوەی عەدەمیبوونی ژیان، کێ بەهێکانی عیشق و شیعری بە کۆیلەکانی زناك بەخشی؟

گەر شیعر نەمێنێ نە عیشق و نە چرکەکانی سووتان و نە لەنجەی پۆڕی ئێوارانی تاوسان و نە خانەدانییەکانی

خــێڵان و نـــە نیلۆفـــەڕەکانی گەڕەکـــە ســـپی ســـپییەکانی وجود دەمێنێ..

منـــی "دەقنـــووس" لەســـەر پـــردە بـــەرزە ئەندێشـــاویەکانی زیبـــا ڕۆنیشـــتم.. هێـــدی هێـــدی زاکـــیرە، گلێنـــەکانمی لـــە خوێندنـــەوەی نامـــە جـــوان و پـــڕ لـــە ســـۆزەکە وەرچـــەرخاند، ئـــەو فـــەنتازیا وەنەوشـــەییە مـــنی گەیانـــدە ســـەر لوتکـــەی جـــوانی چـــیاکانی بـــیرەوەری لـــە ئێوارەیـــەکی فێنکـــی هەولێر.. ئا ئێوارەیەك..

هەمـــدیس پێکێکـــی دی نیڤـــاری پـــڕ بـــە روحـــم بـــە تـــەواوی هەڵـــدا و ســـەر لـــە نـــۆژەن لـــە وشـــە شـــاش و سەرخۆشـــەکانی ئـــەو مەســـحەفە ڕەشـــەم ڕوانییـــەوە- نـــەختێ پەلـــەکانم بـــۆ هـــاواری بێـــدەنگیی ڕۆحـــی شـــەقار شـــەقار بـــووم هەڵخســـت و تـــاوێ لـــە قـــووڵایی دڵـــی پـــەژموودەم بـــۆ ئـــەو ژیانـــە عەنتیکەیـــە پێکـــەنیم گـــوتم: شـــیعر ئـــەی ســـیحراویترین بـــاز.. ڕاممانکـــە، تـــۆ دامیـــاری.. تـــۆ شـــێری.. شـــیعر ئـــەی پڵنگی بەختەوەر، مامزی ڕۆحە تاڵەکان دەستەمۆکە..

ئێوارەیەك.. لەنێو لیڤیسکی زانکۆ، شیعرێکم دەرێنا و لە کونجێکی چایخانەکەی "مەچکۆ" تەسلیمی دەستی ئەو شاعیرەم کرد و گوتم: ببوورە، یەکتریش ناناسین، بەڵام من لەگەڵ یەکێ لە رۆژنامەکان کار دەکەم، حەز دەکەم لەگەڵ هەر دەقێك خوێندنەوەیەکی تازە و نۆژەن پێشکەشی خوێنەرانمان بکەم، بۆیە بۆ یەکەمجار من تۆی شاعیر و رۆشنبیرم هەڵبژاردووە کە ئەو تێکستە شیعرییە هەڵسەنگێنیٚ..

گوتی: بەخێر بێی.. بەڵام باوەڕ ناکەم کاتم هەبیٚ..

- من تۆم هەڵبژاردوە.. جا حەز دەکەم تۆ یەکەمین کەس بیت بۆ ئەو پڕۆژە فەرهەنگییە..

گوتی: باشە، دەقەکە دەبەم، بەیانی وەرە خەبەر وەرگرەوە، ئایا دەتوانم لەسەر شتی وا بنووسم، یان نا..؟

شەو من و رێهات، پێنگاڤە قاچاغەکانمان وردە وردە داگیرساند.. بەرەو کوێ؟ ئا، "ئیعلام"، لە نێو بانیۆی کحول و جاجك و خەونەوە، خۆمان بە ئاوری زەمەن شۆری، دواتر کە تەواو زەمەنمان توانستی

خوێندنــــەوەی تێکســـتە جددیـــەکانی خوداوەنـــدی نـــەما بەرێکـەوتین، بـەرەو کێنـدەر؟ بـەرەو ئـەو گەڕەکـە نـاخۆش و پــڕ لــە بازنانــەی کــە رۆحــی ئێمــە تێیــدا قاچــاغ بــوون، دواتــر هــەنگاوەکانمان نایــە ســەر دیــوار و لــە کۆتــایش بــۆ ســـەر ئـــەو دۆشـــەکە بەهشـــتاویەی کـــە داپـــیرە دڵســـۆز و خانەدان و عاقڵەکان بۆیان راخستبووین.

چـاکم لـەیادە، ئێـوارە دوای گەڕانـەوەم لـە کۆلێـژ، لەگـەڵ رێهــات "فــەلافل"مان خــوارد و بــە هەڵپــە و دەوەنــێ پرسـیار و حـەز و فـزوڵ خۆمـان کوتایـە تـەك ئـەو شـاعیرە لە چایخانەکەی "مەچکۆ"دا.

ئـەو بەوپـەڕی راسـتگۆییەوە گـوتی: مـن لەسـەر دەقـی لـەو بابەتە ناتوانم بنووسم.. داوای بوردن دەکەم..

- دەتــوانم شــیعری دیکــەت بــۆ بێــنم؟ لێیــان بڕوانــە و شتێکمان بۆ بنووسە..

- کــێن ئەوانــەی دەتــوانن بــە جورئــەت و بــەهرەداری و خانەدانییەوە بنووسن؟

- ئـەو هـەموو توانایـە لـە شـاعیرێکدا رەنگـە زەحمـەت بـێ، بـەڵام مـن هەنـدێ لـەو تێکسـتانەت بـۆ دێـنم کـە بـۆ رۆژنامەکەمان هاتوون..

- مـن ئاگـاداری زۆربـەی دەنگـە نوێکـانی ئـەو شـارەم، ئەگـەر دەکرێ دەقێکی خۆتم بۆ بێنە.

- هی من؟

- بـەڵێ.. مـن دوو یـا سـێ دەقـی تـۆم لـە رۆژنامەکانـدا خوێندۆتـەوە، هیـوادارم ئـەوەش کـە دەیهێنیـت لـەو ئاستانە دابێت.

لـە رواڵـەت مـت بـووم، کەچـی لەناخـەوە هەسـتم بـە شانازییێکەوە کرد..

ئیـدی ئـەوەیان یەکـەمین چـرکەی ناسـینی ئـەو شـاعیرە باشە بوو.

کـێ بـاوەڕی بـەوە نییـە چـرکە شـتەکان دێنێتـە ئافەریـدە؟ هـەموو بزۆزیـێ لـەو گەردوونـە ناکـام و نـاموراد و

سەرشـــێتە بـــە چـــارەنووس ڕێککەوتـــەوە پەیوەســـتە..یەکتر ناسینی ئێمەش هەر وابوو.

ئێمـە ڕۆژانێـك بـەدیار مێزێکـی شـەکەت و بەسـەر چـەندین کورسـی سـەقەت و بـە بەرچـاوە قاچـاغەکانی دەیـەها بتڵـی عـــەرەقی قاچـــاغدا، لاپـــەڕەکانی ڕۆژمێـــری ڤیانمـــان هەڵدەدایـەوە و بـە عومرمـان دەگـوت: دەڕۆی نـاڕۆی بـەو زڕە کیـــ... (ئەســتەغفیرۆڵلا).. پێمــان دەگــوت: بــڕۆ گــەر دەتـــەوێ.. ئێمـــە بـــە پێچـــەوانەی ســـوکرات و تـــەواو ئەپیکورانـە، لـە قووبـەی کڵێسـە و لـە خاچـەکانی مزگـەوت و لــە حــەرف و عــەرەق و جــوانیی و براکــوژی و هــەموو شتەکان بە تەنها جوانیی ڕام و دەستەمۆ دەکەین..

ئــەو شــاعیرە، ئــەو ڕۆحــە فیردەوســاوییە دەیگــوت: کورتــە، کورتـــە، کورتـــە، بـــاڵای تەمـــەن بەقـــەد بـــاڵای ئـــاوەزی کینەدۆسـت و حەسـوود و بەقـەد بـاڵای قەزەمـەکانی شـیعر و بەقـــەد مـــەودای نێـــوانی خـــۆم و هەناســـەم کورتـــە ڕۆژگارەکـــانی ئـــەو ژیانـــە.. ئـــەو خـــۆی بـــۆ نـــەدەگیرا، هەڵدەسـتا تەبڵـەی پـڕ لـە فلتـەری جگـەرەی ڤـاڵا دەکـرد و

دەگەڕایـەوە و پێکێکـی بڵنـد دەکـرد و دەیگـوت: لـە سـحەتی ئەو شەوە جوانە، لە سحەتی تەمەنی خۆش..

دوای ئـــەوەی روحـــەکانمان ئـــاوێزان بـــوون، لـــە شـــەوانی یانەکانـــدا کـــە مەبەســـت دەبـــووین، لەســـەر کلێـــنس، یـــا قـەپێلکی پـاکێتی جگـەرە، یـا کاغـەزێکی نێـو گیرفـانم یـان گیرفـــانی، دەکەوتینـــە هەڵڕژانـــدنی هەســـت و نەســـت و شـــوێنکات و هـــەموو پەنهانـــە ئێســـتێتیکیەکانی کـــەون و کائینات.

شـتێ سـەرنجی راکێشـام.. لـە خـۆمم پرسـی ئـەوە چـییە بـانگم دەکـا؟ کـە ئـاوڕێکی راسـتەقینەم دایـەوە دیـتم خاکـە بـانگم دەکـا، خـاك و خـاك و خـاك.. لـەوێوە دێـین و بـۆ ئـەوێش دەگەڕێینـەوە، هێـدی هێـدی لـە بیرکردنـەوە بێـزار دەبـووم بۆیـە بڕیارمـدا بزڤڕمەڤـە سـەر خوێندنـەوەی ئـەو نامەیە جوانە..

گـەر شـیعر نـەمێنی  نـە عیشـق و نـە چـرکەکانی سـوتان و نـە لەنجـەی پـۆڕی ئێـوارانی تاوسـان و نـە خانەدانییـەکانی

خـــێڵان و نـــە نیلۆفـــەڕەکانی گەڕەکـــە ســـپی ســـپییەکانی وجود دەمێنێ.

ئـــەی ئـــاژاوە جوانـــەکانی جەڵـــەب و خوداوەنـــدی حـــەرف.. ئـــەی بـــادی خـــۆش مـــرور: فرمێســـکەکانی - ســـەفای تـــەم- بـــەرەو پایتەختـــەکانی عیشـــق و مەحببـــەت ببـــە.. تـــازە قـــەرەبووی زەمەنـــەکانی تـــاوەری عیشـــق و باتـــەکانی مـــانگ و شۆڕشەکانی شەوبۆمان پێ ناکرێتەوە..

ئـــای چـــرکە خـــۆش نوودیـــەکان.. ئـــای چـــەنێ بـــە وەفـــا و بەخشـــندە و شـــازادە و شاهنشـــەهی عیشـــقی شـــیعری ئـــەی خوداوەندی زایزۆن و زناك.

تـــۆ بـــووی ئەڤینـــەکانی خومـــار و دیـــلان لـــەو گەمـــەی فـــەنابوونی مـــەرگ و ژیـــان و جوانییـــە.. ئـــای خـــودای مـــن ئـــەو ئـــاگرە ئەسمەرینـــەی مـــەلاکی شـــیعر بپـــارێزە و بپـــارێزە و بپارێزە..

(هـ.س)

کــە لــە خوێندنــەوەی نامەکــە تــەواو بــووم، نەســیمی خەوێکی قووڵ راپێچی دنیای ئارامی کردم... نووستم.

ئــەوەی کــە مــردن و نووســتن بخاتــە نێــو تــای تــەرازووی بەراوردکارییــەوە دەگاتــە ئاکــامێکی رەهــا و لــۆژیکی، کــە نووســتن پرۆڤەیــە بــۆ مــردن و هیچــیدی نــا.. ئــەوەیش کــە خەوتن لە مەرگ جیا دەکاتەوە خەونە..

(خەون)..!

کــە هێشــتا لــەنێو لانکــی تەمەنــدا، بــە دەســرازەی هەرزەکارییــەوە کــۆت و پێوەنــدکرابووم و لــەناو حــەپس و زینــدانی ســەروەریدا بــە زنجــیری بازنــە و کنــدڕی عــورف گرێــدرابووم..جارێك لــە ســەربانە ســتارە نەویەکــە بــە ئــاوەزی هــەرزەکارێکی پــەڕپووتی گوماندۆســت و تێهەڵــدراو، لــە ژنــە پــیس و پۆخــڵ و مــەمك رووت و ســینگ بــە پلێڵــە و تیــل تیلــەکانی ئێــوارانی گــەڕەکم دەڕوانــی و جــارێکیش دوا بــەدوای خوێندنــەوەی بیۆگرافیــا و یاداشــتانامە و کتــێبی رۆژانــەی هەنــدێ لــە کەســایەتییە ناودارەکــانی دیــرۆك بــە نمونــە (نــاپلیون) کرمــەکانی

هەوەسـی دانـانی پەیوەنـدی عیشـق و ڤیـان لەگـەڵ کچـە لێپرسـراوێك یـان خوشـکی سـەرکردەیەك یـان بێـوەژنێکی خانـەدانی شـەریفی مێـرد شـەهید بـوو، درەخـتی هـزر و سەرمیان کون کون دەکرد و بڕیارمدەدا کاری بۆ بکەم.

مـن پێنـووس و پـەڕاوم هێنـا و کەوتمـە شـوخت کێشـان و پـلانم دارشـت و هاتمـە نـاو گـەردوونی پراکیزەکردنـی ئـەو نەخشـەیە دۆزەخییـە.. بـەردی بناغـەی ئـەو پرۆژەیـەم دانـا و بـە دوور و قـووڵی و پـانی و بـەرینی چـوومە دوایـی و تا نیوەیم هێنا..

لـە نیـوەی ڕێگـادا هەسـتم کـرد چـەمکی "ژیـان" لـە پێکهێنـانی خێـزان و وەزیفەیـەکی مامناوەنـدی و گـوزەران لـە چوارچـێوەی خانوویـەکی چـەند مـەتر دووجـا زۆر زیاتر هەڵدەگرێ..

بـە تیغـی چـاوانمەوە لـە ژیـانم دەڕوانـی کـە بـە دزییـەوە بـە ئازمایشـی دەگـوت فـەرمانم پـێ بکـا و بمنێـرێ تـا بـە برژانگـەکانم وردە ڕووداو و پارچـە پارچـە پەرشـبووەکانی دڵـی زیبـا و کلـو کلـوی بـەفری نـاو ئاسمـانی حیکایـەت و

گـــەلێك ئایـــەتی تـــری پـــڕ لـــە عیشـــق، لـــەو زیندەگییـــەدا کۆبکەمەوە.

خـــۆ هـــەر واشـــم کـــرد.. بۆیـــە ســـەرجەمی پرۆســـەکانی ئـــەو کاتـــەم کـــە گـــەڕان بـــوو بـــە دوای پێکهێنـــانی خێـــزان، وەك چـــەپکە گـــوڵێکی ســـوور لـــەژێر خاکـــدا لـــە ڕەگـــەوە هەڵتەکانـــد و لێیانگەڕام.

مـــن لـــە دەســـتپێکدا بـــە تـــەنیا لـــە خـــەم و ئەندێشـــەی ئـــەوەدا بـــووم کـــە بـــزانم ئایـــا مـــن درووســـت و راســـتم لـــە وەرگـــرتنی بڕیـــار و سیاســـەتی (لـــە ڕەگهەڵتـــەکان) یـــان نـــا؟ بـــەڵام دواتـــر.. زۆر دواتـــر کـــە عەســـرێك لـــە بـــانهۆفی "هـــامبۆرگ" بـــە دۆشـــدامایەوە لەســـەر کورســـییێکی تـــۆڕین کـــە هـــەر لـــە تـــۆڕی ماســـیگرەکانی دەکـــرد، دانیشـــتم و بـــیرم لـــە ئـــاپۆرە و حەشـــاماتی ئـــەو مرۆڤگەلـــە مێروولـــە ئاســـایە دەکـــردەوە، تێگەیشـــتم لـــەوەی کـــە ئەزموونـــدارێکی گەڕیـــدەی تـــاڵ و شـــیرین چەشـــتووی ســـەگباب، هـــەزاران قـــات لـــە زەنگینێکـــی لە قاوغدراوی کەم دیدەی بەناو بەختیار ئاسودەترە..

مـن لـەناو جۆلانـەی شـیکارکردنی بـیردۆزە بێشـیکارەکانی بـوون و عەدەمـدا لـە هـاتن و چـوونێکی بـێ ئومێـددا راکشـا بووم، کە دوو "سەررەش" خەبەریان کردمەوە.

دوای ئامبـاز و ماچوموچـێکی پـڕ لـە خـوێن و بزەیـەکی راستەقینە، یەکێکیان گوتی:

(ئـای هـەی دنیـا..! زەمـانێکی زۆرە یـەکترمان نەدیتیـە) مـن پانتاییـەکانی یادگـە شـەرمەزاری کـردم، نەمناسـییەوە.. بـەڵام ئـەو کـە لـە بـارەی خـۆیی و بیرەوەریـەکانی دوا، تێگەیشتم ئەوەیان "برِوا قوونخوارە".

هاتەوە بیرم.. برِوا قوونخوار......

ئـەو لاوە قـژ قرژنـە لەسـەر کورسـی یەکـەمی رێـزی ناوەڕاسـتی پۆلەکـەدا دادەنیشـت، هەنـدێ لـە قوتابییـەکان ناویـان نـابوو "مـەڕی خـوا".. چـونکە دیـوار زمـانی لێڕوابـا، ئـەو مـۆرفیمی لـە زار نەدەهاتـە دەر.. مامۆسـتا و خوێنـدکاران بـە گـرووپ پێـی فێربـوون، ئـەوەی لـە مـاڵێ لـە چاوچـاوانێی خوشـکی لەگـەڵ کـوڕانی گـەڕەك بقەهریبووایـە، یـان هانکـە هـانکی درەنگـایی شـەوی دایـك و

باوكیـــان خـــەویان لــێ تاراندبووایـــە، بـــۆ بـــەیانی دەهاتنـــە قوتابخانـــە و بـــە هـــەموو هێزیانـــەوە، دوو ســێ شـــاپی پـــڕ بـــە دڵیــــان خۆیانیــــان لــــە قوونــــە خوارەكــــەی بــــڕوا دەدا و دەروونیان پێ ئارامدەكردەوە.

مـــن دوای هەواڵپرســـین و نیشـــاندانی پەرۆشـــی و غـــەریبی كردنێكـی زێـدەڕۆ بـۆ ئـەو، هەوڵمـدا بـە پرسـیارێك هـەوڵی گـوێ لێگـرتنی بـدەم..، پێمگـوت: چ دەكـەی لـە هـامبۆرگ؟ ئـەو بـە رووخسارێكی پـڕ لـە بـزە و بەخەنینـەوە هاتـە گـۆ: ئـەو شـەوە بـە سـەفەر هاتبووینـە هـامبۆرگ، ئێسـتەش بـە نیـــازین بگەڕێینـــەوە شـــاری "گـــوتینگن"، شـــەوی رابـــردوو لەگـــەڵ "ئەســـەد"یەكا و یـــەكمان بـــردەوە هوتێـــل و تـــا سـپێدەی بەیانیـدا لـەو خۆشـبەختییەدا گوزەرانـدمان، هـی مـــن رووس بـــوو، رانـــی لـــووس و ئەنـــدازەیی و ســـینەی قوببـەیی و خـڕ و بچـووك بـوون.. ئـای هـەی بـڕوا بكـە ئـەو ژنە دەتگوت بەهەشتە.

ئـــەو لاوە كـــە پێدەچـــوو لـــە رەچـــەڵەكدا خـــەڵكی میســـر بـــووبێ تەمـــەنی لـــە بیســـت و پێـــنج ساڵیشـــدا رەتـــی دابـــوو كەچـــی تـــا ئـــەو كاتـــە سمێڵـــی هـــەر گـــوگرە بـــوو.. كـــە

دەخەنیــەوە داو داوی سمێڵــی بــە تــەواوی دەردەکــەوتن، یــەکێك دەیتــوانی بــە ئاســانی بیانــژمێرێ... کــۆی ئــەو تەڵانــەی کــە لــە پشــت لێــوە قەرشــتیی و قڵیشــاوەکەی چــەکەرەیان کردبــوو لــە ســەد تــا دوو ســەد تــەڵی رەتنــەدەکرد.. رەنگــی ئــەو داوانــە خــۆڵاویی و بــۆر بــوون، درووســت وەك رەنگــی پێســتی مشــك وابــوون... هــەر بۆیــە جاروبار رێهات پێی دەگوت (بۆرە قوونخوار).

"بــڕوا" لانســی قســەکردنی وەرگرتبــوو دەیویســت هــەموو رووداوەکــانی شــەوی رابــردوو بگێڕێتــەوە.. بۆیــە گــوتی: دوێــنێ شــەو گەیشــتینە هــامبۆرگ مــن دوو بــیرەم خــواردەوە و تــەواو ســەرخۆش بــووم.. کــە ئــەو گوڵــە جوانــەم بــە رووتــی لــە ژوورە چــۆلەکەی هوتێــل لەگــەڵ خۆمــدا دیــت، خــۆم بــۆ نــەگیرا و زمــانی پــڕ لــە لــەزەت و پەرۆشــم بــە لێوارەکــان و دواتــر بــە ناوەڕاســتی (کۆم)یــدا هێنــا.. زۆرم کــۆمی لێســتەوە، ئــەو ســوزانیش بــوو، کەچــی وەك کەروێشــکێکی لات و لــەرزۆك و بەســتەزمان لــە بــن زمــانم مــات و حــەیران بــوو.. چــووبووە نــاو وەنــەوز و دەرگاکــانی خــەون و فــەنتازیای خســتبووە ســەر پشــت.. زمــانم چــەند

درێـــژه ئەوەنـــدەی تریشـــم درێـــژتر کـــرد، وەك ســـەگ کـــە ئێسـك دەلێسـێتەوە ئـاوا جەسـتەی بـەفرینم دەلێسـییەوە.. هەرچـــەندە "لینـــا"ی ســـۆزانی وەك رەیحـــان ناســـك و بۆنخۆشـــبوو، بـــەڵام مـــن لەکۆتاییـــدا زانـــیم کـــە ئـــەو بەسـتەزمانە "مایەسـیری" هـەبوو.. بۆیـە لـە کـاتی مـژین و لێسـتنەوەی قـوونی هەسـتم بـە گـردی گـەورە گـەورە و گۆشـتی زیـادە دەکـرد، کـە بـەیانی لێکـدابڕاین حـەزی دەکـرد لەگـەڵم بـێ، کـە تێگەیشـت مـن ئێسـتا نـاتوانم لەگـەڵ خۆمیدا بێنم، ژمارەی مۆبایلەکەی خۆیی پێدام..

مـن پێکـەنیم و گـوتم کەوایـە راسـتە کـە دەڵـێن: (یـەکی شەلان بە بیستی ساغانە).

هاوڕێکـەی "بـڕوا" کـە نـاوی "ئەسـەد" بـوو، چـاکێتێکی عەسـکەری لەبـەردابوو، ئـاڵای ئەمـەریکا، بـە رۆشـەنی لەسـەر قـۆڵی چـەپەی بەدیـدەکرا.. جەنتایەکـەی سەرپشـتی کـە بـە تـەواوی ئـاڵای ئەمـەریکا بـوو سـەرنجی راکێشـام.. بـە دوو دارشـەقەکەی ژێـر بـاڵ و بـن هـەنگڵی نەبووایـە نەیـدەتوانی بـە پێـوە بوەسـتێ، چـونکە تـەنیا یـەك قاچـی هـەبوو. چـاوەکانی سـەوز سـەوز

دەبریســـکانەوە، دەتگــوت چـــاوی پشـــیلەن.. تـــووڕەیی و میهرەبانییـــان پێـــوە دیـــاربوو.. جگـــە لـــە دوو کـــون کـــە هەناسـەی پێـدەدا، هەسـتت بـە هـیچ بـەرزییێك نـەدەکرد لـە لـوتی چـونکە کـەپووی لەگـەڵ لێویـدا تـەخت کرابـوو، ئـەوە جگـــە لـــەو هـــەموو شـــوخت و شـــوێنەوارەی چـــەقۆ و ئۆپەراتسـیۆن و برینـــە وشـکبووەی رووخسـاری.. کـە باشـتر لێـــی وردبوومـــەوە دەســـتی راســـتەی لەســـەر شـــەقرەکەدا کەوتـە بـەر دیـدەم بـە تـەنیا دوو پەنجـەی پێـوە مـابوو.. لـە کۆتاییـــدا کـــە ئاوڕیدایـــەوە بـــۆ ئـــەوەی لـــە سمـــتی کچـــێك بڕوانـــی، مـــن گوێچـــکەی چـــەپەیم دیـــت لەگـــەڵ روومەتیـــدا لووسکرابوو.

"بـڕوا" بـە چاوە بچووکەکانی ئاماژەیـەکی بـۆ ئەسـەد کـرد و گوتی: (ئەو گەوادە ناناسییەوە؟)

گوتم: غەریب نییە! بەس نازانم...

گـوتی: ئەسـەد چاوپشـیلانی.. لـە سـەقی پێنجـی سـەرەتایی پێکـــەوە بـــووین، مـــن بـــێ ئـــەوەی رووخســـەت لـــە عـــەقڵ

وەرگـــرم یەکڕاســـت راچـــەنیم و لـــە چـــاوەکانی ورد بوومەوە..

گەڕامـــەوە نـــاو بیرەوەرییـــەکانی زەمـــانی (قوتابخانـــەی فـــوراتی ســـەرەتایی کـــوڕان).. ئـــەو کاتـــەی لەگـــەڵ ئەســـەد چاوپشیلانی لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییدا بووین..

"ئەســـەد"... ئـــا.. هـــەوە.. ئـــەوەی کـــە ئێمـــە لـــە ترســـاندا کردبوومانـــە چـــاودێر و بـــرا گـــەورە.. وەك بـــارگینێکی ئـــازا و تـــووڕە بەســـەریدا دەحیلانـــدین.. لـــە پۆلەکـــەی ئێمـــە و لـــە پۆڵـــەکانی تەنیشـــت ئێمـــەش کـــەم کـــەس هـــەبوون کـــە تـــامی دوو ســـێ شـــاپی ئـــەویان نەچێشـــتبێ.. لـــە مـــنی نـــەدابوو، چـــــونکە لـــــە هـــــەموو جـــــەژن و مـــــەولوود و بـــــووك و شـــیوەنێکدا دایکـــم حیســـابی بـــۆ دایکـــی ئەســـەد دەکـــرد و بەشە جەمی خواردنی بۆ دەناردن...

ئـــەو هـــەر پـــۆلێکی بـــە دوو ســـاڵ دەبـــڕی، جگـــە لـــە پـــۆلی سـێیەم کـە سـێ سـاڵی خایانـدبوو، لەگـەڵ پـۆلی پێنجـەمیش کـە ئـەو کاتـە سـاڵی چـوارەمی بـوو تێیـدا.. پـاش سـێزدە سـاڵ خوێنـــدن تـــازە گەیشـــتبووە پـــۆلی پێنجـــەمی ســـەرەتایی.. لـــە

کــاتی پشــووی هاوینـــدا دەچـــوو دەبـــووە "جـــاش".. ســـێ مـــانگ نەدەگەڕایـــەوە لـــەو ماوەیـــەدا ئێمـــە دەمـــانتوانی بـــە ئــــارامی فوتبــــۆڵ بکـــەین و بەیەکـــــەوە بــــە ئـــــارامی هەڵبکــەین.. خــۆ ئــەو کاتانــەی ئــەو لــە گــەڕەك بووایــە دەهــات و گۆڕەپــانی یــاری داگیــر دەکــرد، قووتییــەکی خــاڵیی "ئــاوی تەماتــە"ی دەهێنــا و کــونێکی بچــووکی لــە لایــە کراوەکـــەی قووتیەکـــەدا دەکـــردەوە.. فـــەرمانی بەیـــەکێك دەکــرد بێــت و وەك ســەگ عــەرد هەڵکــەنێ، یــەکێکیتری دەنــاردەوە مــاڵێ بچــێت لــە مەســینەیەکدا دوو لــیتر- ئــاو- بــێنێ و کــەمێکی لێبخاتــە نــاو قۆرتەکــە، خــۆی دەهــات، ئــازا ئــازا وەك مــەلیکی دارســتان، پارچــەیێ کــاربۆنی (کــە بــە خــاوە لــە منداڵــە فیتــەرەکانی دەســت دەکــەوت) دەخســتە نــاو ئــاوی چــاڵە بچــووکەکە و قووتیەکــەی بــە ســەرەوژێری دەخســـتە ســـەر ئـــاوی نـــاو چـــاڵەکە و هـــەموو لاکـــانی هەناســـەبڕ دەکـــرد، ئینجـــا داوای لـــە منداڵـــەکانیش دەکـــرد چـــەپڵە لێـــدەن و گـــۆرانی بچـــڕن، ئـــەویش دەنکـــە شـــخارتەیەکی دادەگیرســـاند و ئاگرەکـــەی بـــە کـــوونی قووتییەکــەوە دەنــا و لــەو دەمــەدا، دەنگێکــی بــەهێز کــە

هــەر لــە دەنگــی تەقینــەوەی مــین دەچــوو، دەهاتــە بــەر گوێچــکەمان و قووتییەکــە تــا ئاســتێکی زۆر بڵنــد روو لــە ئاسمان بەرزدەبووە.

"ئەســەد" لــە دنیــادا رکــی لــە فوتبــۆڵ دەبــۆوە، بۆیــە ئــەو کــارەی چــەند بــارە دەکــردەوە تــا تــاریکیی بــاڵی دەکێشــا و دنیــا دەبــووە مــەغریب، ئــەو دەمــە یــەکێکی دەنــارد نــەوت لــە ماڵــەوە بــدزێ و بــە چاوســوورکردنەوەش ئــەمری بــە یــەکێکی دیکــە دەکــرد بچــێ لــە مــەخزەنی قوتابخانــەی-فــورات- پارچــە دارێکــی رەحلــە بــدزێ، کــە وەك پادشــاییێك هــەموو شــتەکانی دەهاتــە بــەر دەســت، ئــاگرێکی لــە دارەکــە بــەردەدا و دەوی خــۆی پــڕ لــە نــەوت دەکــرد و بــە هــەموو هێزییەوە بە ئاگرەکەیدا دەپڕژاند.

وەخــتێ لــە جاشــایەتیدا دەگەڕایــەوە، ســێ مووچــەکەی بــــەبێ کــــەموکوڕی دەخســــتە نــــاو دەســــتی دایکــــە بێوەژنەکــەی.. چــەند هاوینێــك بــوو ئــەو خــەریکی ئــەو کــارە بــوو، تــا رۆژێــك لــە گەڕەکــدا بــووە تێکقژقــژان و شــین و فیغــان و زایەڵــە و رۆڕۆ، ئێمــە وازمــان لــە فووتبــۆڵ هێنــا و راکــە راکــە خۆمــان گەیانــدە بــەر دەرگــا یــەك مەتریەکــەی،

خانووە سەد مەترییەکەی "جەلیلی دوکاندار" کە دایکی ئەسەد لەگەڵ شلێری کیژیی و "ئەسەد" تێیدا دەژیان.. پیکابێك وەستابوو، تەرمێکی لەناو خوێن گەوزاوی تیا راکشابوو، هیچ شوێنێکی ئەو پیکابە نەمابوو لە خوێندا نەسووورابێ.. من بەو چاوانە دیتم تەرمە راکشاوەکە، لاشەی "ئەسەد" بوو.. لە پشتەوەی پیکابەکە بوقعەی مەییوی خوێن دیار بوو.. پیاوێکی دەمامکدار کە لە تەنیشت ئاژواکە رۆنیشتبوو لەسەرخۆ و بە هێورییەوە دەرگای پیکابەکەی کردەوە و هەندێ مەخزەنە گوللەکانی سەر سینگی رێکخست و مزەلیەکەی لەشانی کردەوە و گوتی: (برێنە داکی ئەو کوڕگەیە بەستەزمانە با بێت و بچینە خەستەخانە).

لە ناو ناڵە ناڵ و رنینەوەی پرچ و لە خۆدان و قیژە و شیندا دایکی "ئەسەد" هاواری دەکرد: (شەرتبێ "حەوا"ی قەحپە لەسەرت نەچێ، بەو خودایە ئەو کوڕە شتێکی لێبێ لێکت هەڵدەزڕێنم)..

"حەوا" بێوەژنێکی پێکرای بوو، ماڵیان لەپشت قوتابخانەی -فورات- بوو، چەند کیژێکی جاحێڵی هەبوو،

دواتــر "نــازدار" و "نــازەنین" کـە هـەردوو کچـی ئـەو بـوون، بوونــە گۆرانیبێــژ.. بـەر لـە چـەند مانگێـك کـە "ئەسـەد" بێــزاری کردبــوون بــە ســەرەدیقانێ و بــەرد تێگــرتن و لــە دەرگــادان بــە فیڵــی کــۆتر هێنانــەوە، ئیــدی "حــەوا" خــۆی بــۆ نــەگیرابوو، هــاتبووە لای دایکــی "ئەســەد" و یەخــەی خــۆی دادڕیبــوو و گوتبــووی: (ئــۆی ڕەبــی لــۆ خــاتری مــەولوودی پێغەمبــەر، چــەند ڕۆژیــدی مــەیتی "ئەســەد چاوپشــیلانیت" لــە پشــتی پیکەبێکــەوە بــۆ بێتــەوە بــەر دەرگا).

بـن هـەنگڵی دایکـی "ئەسـەد"یان بـە زۆر گـرت و خسـتیانە پشـتی پیکابەکـە و سـەری خسـتە سـەر سـینگی خـوێنینی "ئەســـــەد" و کەوتــــە ماچــــکردنی ڕوومــــەتی کــــوڕە تاقانەکەی.

پیکـاب بـۆی دەرچـوو، هەنـدێ لـە پیرەمێردەکـان وەك قـاز بــە قوونــە قــوون و گۆچــانی دەســتیانەوە دوای پیکابەکــە کـەوتن بـۆ ئـەوەی دڵسـۆزی خۆیـان بـۆ گـەڕەك بسـەلمێن و لەگـەڵ لاشـەکە بچـنە خەسـتەخانە.. کەچـی بێسـوود بـوو، چـونکە گـوڕ و تـین و تـاو و هێـزی لاویـەتیان تیـا نـەمابوو..

"عـــەولا چورچـــە" کـــە لـــەو ڕۆژەدا لەبـــەر ڕاکـــردن و بەربوونـەوە، چـاوێلکەکەی شـکابوو، هـەرگیزا و هـەرگیز تـا ئـــەو کاتـــەی لـــە ئاوزینگیشـــدا بـــوو ئـــەو ڕۆژە شـــووم و نەگریســـەی لـــەیاد نەچـــووبۆوە.. هەنـــدێ لاو و گـــەنجی گـەڕەك کـە لـە ئێمـە چۆسـت و چـەلەنگ و چـالاکتر بـوون خۆیـــان هاوێشـــتە پشـــتی پیکابەکـــە و ئێمـــەیش لەگـــەڵ هەنـــدێ پیرەژنـــی عـــەبا بەســـەر کـــە لەبـــەر ئـــەو ڕووداوە، دەسـتیان لـە دەرهێنـانی ئەسـپێ لـە نـاو ئـارددا هـەڵگرتبوو، بـە پێخواسـی و بـەغار بـەرەو "نەخۆشـخانەی جمهـوری" کە دوو کیلۆمەتر لە گەڕەکەکەوە دووربوو بەڕێکەوتین.

پـاش چـەند هەفتەیـەك "ئەسـەد چاوپشـیلانی" هاتـەوە گـەڕەك، بـەڵام قاچـی ڕاسـتەی لـە ڕانییـەوە پێـوە نـەمابوو.. لەگـەڵ ئـەوەش لـە جـاران دڕتـر دەهاتـە بەرچـاوان (چـونکە ئەوەنـدەی چـاندبوو تـا لـە ڕۆژێکـی دژوێـن و شـوومی ئـاوادا بیدورێتەوە).

مـن هەوڵمـدا زنجـیرەی بیرەوەریـەکان بـبڕم و خەیاڵپچـڕی بکـەم.. بۆیـە دوای سـەر لـە نـۆژەن ماچـکردنەوەی، گـوتم:

دەڵێـــی فیلمێکـــی دۆکومێنتـــاری مونتـــاژکراوی.. وا بـــەو شێوەیە لە هەموو لاکانەوە قرتێندراوی..

"بـڕوا قوونخـوار" لـە قاقـای پێکەنینیـدا و گـوتی: لێگـەڕێ بـا وای لـێبێ، ئـەو گـەوادە مسـتەحەقە.. کەسـت دیتیـە بچـێ لە بەرو و مەمکی مامۆژنی بڕوانێ؟

گوتم: چ؟

"بــڕوا" بــۆی گێڕامــەوە کــە چــۆن "ئەســەد چاوپشــیلانی" چـۆتە ئاودەسـتی مـاڵی بـاپیری و بـەو چـاوە سـەوزانەی لـە ناوەڕاسـتی مـەمکی گـەنجترین مـامۆژنی خـۆی روانیـوە لـە کـاتی حەوشـە شوشـتندا.. دیـارە مامۆژنیشـی بـە ئەنقەسـت سینەی خـڕی ئـاوا بـە بـەرەڵایی لێگـەڕاوە، چـونکە جگـە لـە گۆپکـــەکانی ئەویـــدی هـــەموو بـــە رووتـــی بـــۆ بینـــەر جێهێشـــتبوو.. کراســـێکی کـــوردیی تـــەنك تـــەنکی عـــەرد سـۆرتارێکی گوڵگـوڵینی لەسـەر ئەتـەگێکی رەشـی تەسـك و تریســـك کـــە بـــە لەشـــە گۆشـــتینەکەی نووســـابوو لەبـــەردابوو.. لـــەبن ئەتەگـــە رەشـــەکە، خـــەت و لێـــواری سـتیانە سـپیەکەی وەکـو ئـەنگوتکی پـەنیر لەسـەر رەشماڵـدا

دەبینـــرا.. لـــە کـــاتی هێنـــان و بردنـــی گێســـکەکەیدا مەمکـــە گـــەورە و تورتـــەکانی لەســـەر ئـــەو ناوقـــەدە باریکـــەدا وەك ئـــــالآییێکی پـــــیرۆزی چـــــێژ دەشـــــەکایەوە.. بۆیـــــە "چاوپشـــیلانی" دەکەوێتـــە نـــاو گـــێتی دزیـــن و وەرگـــرتنی ئـــەو کەڤاڵـــە پیـــاو بەزێنـــە و هـــەوڵی هـــەزمکردن و قـــازانج بـــینی لـــەو دیمەنـــە دەدا... کەچـــی مـــاڵی وێرانـــی، لـــەو کاتـــەدا مـــامی دەگەڕێتـــەوە مـــاڵ و لەبـــەر تـــەنگاوی بـــە پـــڕە پـــڕ دەرگـــای ئاودەســـتەکە (کـــە کلیـــل نـــەدرابوو) دەکاتـــەوە و هـــەموو شـــتێ ئاشـــکرا دەبـــێ، هـــەر ئـــەو وەختـــە دەرگـــای ئەدەبخانـــــەی لەســـــەر کلـــۆم دەکـــــا، شـــــەو درەنگـــــانێ پیاومـــاقوڵانی خێـــڵ کـــۆ دەکەنـــەوە و بڕیـــاری ســـەربڕینی بـــە کـــۆی دەنگـــەکان دەدەن.. مـــامی خـــۆی هەڵبـــژارد بـــۆ ئـــەوەی ئـــەو بڕیـــارە بەدەســـت خـــۆی جێبـــەجێ بکـــا، چـــونکە زۆر لێـــی بـــە کـــۆڵ بـــوو.. بـــەڵام بـــاپیری پێـــی وابـــوو ســـەربڕین لـــە بەرامبـــەر ئـــەو تاوانـــەدا کەمـــە.. بۆیـــە بڕیارەکـــەی گـــۆڕی بـــۆ بـــڕینی کـــەپووی بـــە تـــەواوی تـــا هـــەموو جارێـــك کـــە ئاوێنـــە لـــە خـــۆی دەڕوانـــێ مردنێکـــی راســـتەقینەی عەزابدۆســـت بەچاوی خۆی ببینێ..

لاقــی بــە مــین لەجاشـایەتی لەدەسـتداوە، لەگـەڵ ئـەو لـووت برینــەش کــەمێك تورەبــوو چــووە "موســڵ" لــەوێ لەســەر ئــەوەی جارێــك لــەناو کۆمــەڵێك پیــاوی حکومــەت بــەرگری لـــە کـــورد کردبـــوو، خســـتیانە زینـــدان، پـــاش دوو ســـاڵ زینــدانی گوێچــکەیان بــڕی و بــەبێ گوێچــکە ئازادیــان کــرد، رقـــی لـــە رژێمـــی بـــەعس هەســـتا بۆیـــە شـــەرمەزاریی کوردســتانی پــێ لــە دیلیــی ژێــر دەســەڵاتی عارەبــان چــاکتر بـــوو.. بـــووە پێشـــمەرگە، بـــە تـــەنیا بـــۆ ئێشـــکگری بـــەر دەرگــای بارەگــا لـــە شــەواندا.. بــرا کــوژی دەســتی پێکــرد گوللەیــەك گــەڕا گــەڕا بەدەســتی کــەوت ســێ پەنجــەی لێکرایەوە و هەڵدرایە سەر گووفەك..

گوتم: ئەی لۆ بە خۆی قسە ناکا..

"بــڕوا" بــە گاڵتــە گــوتی: ســەگبابە حەڵقــەی لــە زمــانی هێخســتووە فســەزمان بــووە، دەزانــی ئــەو شــەوە چ دەردێکــی بـــە کچـــێکی لبنـــانی و یـــەکێکتری تـــورك کـــردووە بـــەو زمانەی؟

ئێمە لە کاتی لێکدابڕان ژمارەی مۆبایل و ئەدرێسی ئیمێلمان گۆڕییەوە و وەختی خواحافیزی زمانی "ئەسعەد"م دیت، بەڕاستی حەڵقەیەکی زیوینی پێوەبوو.

من لە شەمەندەفەرەکەدا سەرکەوتم.. لەسەر کورسییێکی فارگۆنی جگەرکێشان رۆنیشتم، جگەرەیەکم داگیرساند و کەوتمە بیرکردنەوە، ویستی مرۆ بۆ بینینی زێتر و کۆمکردنی ئازمایشی زیاتر، درەختەکانی "مانەوە لە قاوغ و بۆتەیەکدا" چەلاك و بنێس بنێس دەکا و هەق و هێما و هێڤییەکانی هەڵزنان روو لە لوتکە لەو بوارەدا هەپڕوون بە هەپڕوون دەکا...

کە زۆر بچووك و منداڵ بووم، جارێکیان بە خوڕسکی لە باپیرمم پرسی: بابە.. بۆچی پیاو ئەوەندە ژنی جیا جیا و رەنگی جیا جیا و ئەزموونی جیا جیای خۆشدەوێ؟

بە زەردەخەنەیەکەوە وەك ئەوەی سەیری بەو پرسیارە گەورەیە بێ لە نەوە بچووکەکەی خۆی، گوتی: کوڕی خۆم، ژن وەك - ئاو- وایە... تۆ قەت بێی ئەو ناتوانی.. تۆ ناتوانی لێی تێر بخۆیتەوە، خۆ ئەگەر لە

چرکەیەکیشدا لێیت خواردەوە و تێریش بوویت، ئەوا پاش ماوەیەك هەمدیس هەست دەکەی تێنوویت و تێنوویەتی و نەفەس تەنگیشت بەو نەبێ بە هیچ شتێکی دیکە نابێ و ناشکێ...

ئای باپیری من، دەبێ تۆ ئێستا بیر لە چی بکەیتەوە؟

بیرت دەکەم، بیری ئەو چرکەساتەیش دەکەم کە داپیرەم بە چەشنی هەزرەکارێکی غەیور غاریدایە لای دایکم و بە هەڵپە هەڵپێکەوە، وێنەیەکی رەش و سپی کیژە "هەرکی"یێکی پرچ رەشی مەمك رەپی چاو رەشی هێنابوو، بە هات و هاوارێکەوە گوتی: تەماشاکە.. تەماشاکە.. قوومێکی لە جگەرەکەی لالێویدا و گوتییەوە: تەماشاکە.. تەماشاکە.. "خدر" بەو پیرییە چ کارێکی بەدکار ئەنجام دەدا.. کورتەکەکەیم هێناوە بیشۆم کەچی ئەو وێنەیەم لەناو گیرفانیدا دیتەوە.. بەو پیرییە کو پێی عەیب نییە عاشقانی لەگەڵ کیژە هەرکیەکی بیستساڵیدا بکا؟

ئێستەیش تۆ خۆڵی، لە گۆڕستاندا پاژێکی لە پەرتەوازە بوون و پەرتبوون.. من بەدەم ئەو خەیاڵە لە بن نەهاتووە، گەیشتمە کەمپ و نوستم.

وەك گوتم ئەوەی کە لە نووستن بڕوانێ تێدەگا (نووستن پڕۆڤەیەکە بۆ مردن).. من دوای سێ شەو و سێ ڕۆژ نووستن زەنگی تەلەفۆن خەبەری کردمەوە..

هاوڕێیکی نزیکم بوو کاری بۆ دۆزیبوومەوە، داوای لێمکرد شارم بگۆڕم..

بە خۆمم گوت: تۆ لەو ژووره تاریکەی "بتهۆڤن شتراسە" هەموو شەقامە فانی و ڕووناکەکانی ژیان و گەردوونت لێ دیارە، سوپاسی خوا بکە کە بەهرەی ئەو ڕامان و ڕوانینە تیژەی پێداوی، بەڵام خەونەکانی تۆ و قاپ و قاچاغ شۆڕین!؟

تەلەفۆنێکم بۆ "ڕۆدا" لێدایەوە و گوتم: قەینا دێم.

کە تەلەفۆنەکەم داخست.. بەخۆمم گوتەوە: کوڕی خۆم قەیناکە سەفەردۆستبە، لە ئازمایشخانەی بوون و تەمەن

و ژیانــدا خــۆت فێــری دەرســەکانی تــرازان و پێگەیشــتن و هیلاکــی بکــە... بــە نــاو گۆشــەگیری و تــەنیایی و یاخیبوونــە گزنگاوییــەکان گــوزەر بکــە و تێپــەڕە.. بــڕۆ بــەرەو نــاو ئاوەدانییــە تاریکــەکان و بــە پێخواســی لەســەر وردە شووشــە و بزمارەکــانی کۆمــەڵ ســەما بکــە.. بــڕۆ لەســەر بــەرماڵی خۆشەویســـتیی کڕنۆشـــێکی بـــە حـــەق بـــۆ هـــەموو چرکەســـاتێکی زیبادۆســـتی و راســـتگۆیی بـــەرە... تـــۆ لەســـەرت پێویســـتە بڕۆیـــت.. بـــەرەو کـــوێ؟ بـــەرەو چ زەمــەنێ؟ بــەرەو ژێــر ســایەی چ درەخــت و ژێــر ســاباتی چ رۆژگــارێ؟ هــیچ شــتێك گــرنگ نییــە، جــا کــوا ســنوور بــۆ قەرەجێکی وەك تۆ؟

بــڕۆ تــاوێ قــاپ و چــەنگاڵ و مڵاکــی ئــەو کیــژ و کــوڕە عاشــق و بەختیارانـــە بشـــۆ کـــە بـــەر لـــە زاد خـــواردن و دوای زاد خـــواردنیش وەك ئـــەوەی پزیشـــك بـــۆی نووســـیبن مـــاچ دەگۆڕنەوە.

بــەیانی جــەنتام تێکنــا و ســواری "پاســی" ژمــارە 31 بــووم.. لـــە وێســـتگەکەی "شـــەقامی ســـێو" دابـــەزیم.. لـــەوێ "نـــەشمیل" وەك پشــیلەیەکی کێــوی بــە زۆر دەســتەمۆکراو

لــــه باوەشـــــی (وابـــــزانم "جـــەواد"ی مێـــــردی بـــــوو) هـــــەڵکورمابوو.. مـــــاچ و عەشـــــق و وەفـــــا و دڵســـــۆزییان دەگۆڕییــــەوە.. وەك دوو کــــۆتری قــــەللاجی دەنــــووك درێــــژ بــه گمــەگمێکی پــڕ لــه شـانازی و تەحــەددا جەسـتەی خۆیـان له خاچی مەحببەت دەدا..

"نــــەشمیل" مــــنی بـــینی، چـــریکەیەکی بـــه گوێچـــکه کەرانییەکــەی "جــەواد"دا چــرپاند و نــەختێ لــه یــەکتر دوور کەوتنەوە...

مــن ســواری پاسـی ژمــاره 27 بــووم بــەرەو بــانهۆف.. لــه ترافیــك پاســەکه وەســتا.. مــن بــه هیلاکــی ســەرمم لەگــەڵ جامەکــەدا جووتکردبــوو، بــیرم لــه هیچــییەتی گــەردوون دەکـــردەوە.. لــــه تــــەك پاســــەکەدا (BMW)یێکــــی وەك قـــەتران، کـــابریۆ، ویـــل کـــەپ، دەشـــبول ماســـی، گێـــڕ ئۆتۆماتیــك، وەســتا.. دەنگــی "پــۆپ موزیــك" ئۆتۆمێلەکــەی دەهەژانــد و وەك ئــەوەی ســەما بکــا ئــاوا دەلەریــەوە، لــەو چرکەســاتە ســەقفی ئۆتۆمبێلەکــە بــه هێــوری ئــاوەلاکرا.. چــیم دیــت؟ کــافر نــەیبینێ؟ پیــاوێکی ئــەفریقی چوارشــانە، دەســتی لــەنێو دەســتی "رۆژیــن" نــابوو، نــاوە نــاوە بروووســکه

ماچێکی لە لێوەکانی دەکرد.. حریت حریت پێدەکەنین و دەماندەمێکیش لەگەڵ دەنگی موزیك، بە هارمۆنییەتێکی سەد دەر سەد گونجاو، گەنجە ئەفریقیەکە برووسکە کەڤاڵێکی "برێکی" بۆ "رۆژین" دەکرد... بە سستی لە جامەکەمدا تا رۆژین بمبینێ، کەچی رەنگی ترافیك لەسوورەوە گۆڕا بۆ زەرد و لە کۆتایشدا بۆ سەوز.

من هەمدیس بە وێنەی وێڵ و پەرێشانێك لەگەڵ خۆم دوام و گوتم: ئەی شادمان، نوێژێك بۆخوداوەند بکە و پێی بڵێ سوپاس کە هەمیشە رەوت و رێگاکانی بەختیاریت نیشاندەدا و لە کوندەبەبۆ شوومەکانی زەمەنت دەپارێزێ.

فارگۆنی ئەو شەمەندەفەرەی کە من تێیدا دانیشتبووم، لە کوورە و کێبخانە و یانە دەچوو، کیژو کوڕ و گەنج و پیر هەموویان بەیەکەوە بە دەم هەڵمژینی دووکەڵی جگەرە، وەك گروپێك کەمانچەژەن، لە تیپی ئۆرکسترای نەتەوەیی وڵاتێکی پێشکەوتوو بە یەکەوە پەڕی

کتێبەکانیان ئاوا دەکرد و فڕێکی درێژی ئەلکحولیان لێدەدا.

چونکە ماوەیەکی زۆر بوو رۆنیشتبووم، چۆکەکانم بە وێنەی لاشەی مردوویێك سڕ ببوون.. بە مەبەستی پیاسە و راو و لەوانەیش گرینگتر گەڕاندنەوەی خوێن و گەرمایی بۆ ناو قاچەکانم، هەستام.. بە چەشنی مشکێکی گەڕاو لە ناندین ئاوا سەرم بە فارگۆنەکانی ئەو شەمەندەفەرە دوور و درێژە داگرت.. کە لە گەڕانـدا ماندوو بووم لە کونجێکی تەك تەوالێتەکە لەناو فارگۆنێکی چۆل گیرسامەوە.

تەواو لە بەرامبەر دەرگای "WC"یەکە پیاوێکی سەرزلی سۆر و سپی و لە بەرازچوو دانیشتبوو.. یەکێ لەو دوو ددانەی کە بە چەشنی ددانی کەروێشك کەوتبوونە سەر لێوی خوارەوەی لە ناوەڕاستدا شکابوو.. ورگی هێندە گەورە بوو دەتگوت بالۆنێکە و کەوتۆتە سەر رانەکانی، پرچی خۆڵەمێشی بوو، هەندێ تاڵیش کە هێشتا وەك ئەستێرە سپی نەببوون و لە قۆناغی زەردی دابوون.. بە مەزەندەی من دەبووایە خەڵکی "ئەلبانیا"

بووایــــه.. تەمەنیشـــی لـــە دەوروبـــەری شەســـت ســـاڵیدا بووایــه.. كــە سەرخۆشــێك تەوالێتەكــەی ون دەكــرد ئــەو سـوۆر و ســپییە بــێ سمێڵــە بــە فیكەیــەك و بــە ئامــاژەی پەنجــەی شــەهادەی، "WC"یەكــەی نیشــاندەدا.. ئەوەنــدەی كــە مــن ئاگــاداربووم و تــوانیم بیــژمێرم، زیــاتر لــە چــل و دوو جــار ئــــەو كــــردارەی دووبــــارە كــــردەوە.. گۆڤـــارێكی خیلاعـــــی بەدەســــتەوە بــــوو، دوای دەرهێنـــــانی زمـــــانی ئەســتوور و پــان و درێــژی، پەنجــە گــەورەكانی بــۆ تــەڕكردن دەخســتە ســەر زمــانیی و پــەڕەكانی ئــەو گۆڤــارە رووتــەی لــە راســتەوە بــۆ چــەپ هەڵدەدایــەوە.. لەگــەڵ لێبوونــەوە لــە تەماشــاكردنی هــەر لاپەڕەیــەك نیگــاییێكی ئاراســتەی مــن دەكرد و بزەیەكی دەكرد..

بـۆ جـاری سـەدەم مـن ترووسـكە تەماشـاییێكم وەك تـیر لـەو پیـاوە گرتـەوە كەچـی ئـەو جارەیـان زۆرم لا سـەیر بـوو كـە لـــە ناكـــاو گۆڤارەكـــەی داخســـت و بـــە شـــڵەژان و لـــەش ســـووكییێكەوە بـــە وێنـــەی بازرقـــەی ئاســـكێك غاریدایـــە تەوالێتەكە و دەرگای داخست..

مــن لــه پەنجــەرەی دەرگــای نێــوانی فارگۆنــەکان، ئــاورێکی مەمــــەڕی پشـــتەوەم دایـــەوە "جــابی" شـــەمەندەفەرەکە پیــاوێکی کەلــەش گــەورەی بــە قەڵافــەت و قەڵــەو بــوو کەوتــە بــەر دیــدەم، بــە رووخۆشــییەکەوە هاتــە لام و گــوتی: (رۆژ باش، تکایە پلیتی سەفەرم بدێ).

- فەرموو..

- سوپاس..

رۆیشـــت تـــا لای تەوالێتەکـــە.. تەماشـــاییێکی شـــوێن قفڵـــی "WC"ەکـەی کـرد، رەنگـی بۆشـایی بـن کیلۆنەکـە "سـوور" بوو واتە (یەکێك لە ژوورەوەیە).

جـابی بـۆ جـاری چـەندەم دەسـتگەی دەرگـای تەوالێتەکـەی راهەژانـــد و بـــە دەنگێکـــی بـــەرزی چەشـــنی بـــەژن و جەســتەی خــۆی لــە بەرامبــەر دەرگاکــە وەســتا و گــوتی: (رۆژت بــاش، تکایــە پلــیتی ســەفەرم دەوێ).. گــەس وەڵامــی نەدەدایەوە.

ئەوجارەیان بە مست کەوتە لێدانی دەرگا و بە دەنگێکی بەرزتر کە تەواو پەردەی گوێچکەکانمی لەراندەوە، گوتی: (رۆژت باش تکایە پلیتی سەفەرم دەوێ).

ئەو چاوەڕوانییە بێئومێدە زیاتری لە دە خولەك خایاند، کەچی کەس نەبوو لە ئاودەستەکە بێتە دەرەوە، جابی بە هێوری گەڕایەوە دواوە و لە تەك منەوە رۆنیشت.. هەنیشکی لەسەر رانە ئەستوورەکەیی و لەپی خاکەناس ئاساشی خستە ژێر چەنەگەی و چووە ناو بازنەی یوگا و رامان لە دەرگای ئاودەستەکە..

نیو کاتژمێر تێپەڕی.. جابیە زەلامەکە کەوتە پەیوەندیکردن.. کە بووە چل دەقە لە چاوەڕوانی، جابییێکی لەش و لار لەو گەورەتر هات، دیار بوو لەوە دەترسان یەکێك لە تەوالێتەکە بورابێتەوە یان مردبێ.. بڕیاریاندا دەرگاکە بکشێنن، کەچی لەو کاتەدا پیاوە ئەلبانییە، سەر ماشوبرنجییە (بە مەزەندەی من شەست سالییەکە) بەدەم زەمزەمە و توند کردنی قایشی پانتۆڵە فشەکەی و بە شانازییێکەوە هاتە دەرێ.. کە سەری بەرز کردەوە و جابییەکانی وا بە پەشۆکاوییەوە لە بەرامبەر

خۆیدا بینی، هیچ دەرفەتێکی بۆ نەمایەوە.. گەر نا وەك جاری یەکەم غاری دەدایەوە "WC"ەکە و دەرگای لەسەر خۆی کلۆم دەکرد، کەچی جابی گەیشتە سەر سەری و هیچ بۆشاییێکی بۆ گەمە و فێڵ نەهێشتەوە..

جابییەکە وەك پەپەگای کە پێدەچوو بە تەنیا ئەو رستەیە بزانێ (رۆژ باش: تکایە پلیتی سەفەرم بدێ)ی چەند بارەکردەوە.

ئەو پیاوەی کە من لە هزری خۆم دامنابوو ئەلبانی بێ، بە شرە ئەڵمانییێك و بە رووخسارێکی سوورهەڵگەڕاوی وەك قوونی مەیمون و بەدەست و دەم و زناکدان کەوتە ئاخاوتن.. لەناو رستە ئەڵمانییە شڕ و شۆڕ و تێکەڵ و پێکەڵ و کەم واتاکان کە هەر لە شیووی دۆمان دەچوو، چەند وشەیەکی کوردی پەڕین (من... بزر... ئێمە.. فەقیر)..

من لەوەتەی ئەو مەنفایە غەریب و غەمدۆست و جوانەم بە دەستەکانی خۆم هەڵبژاردووە، کەمجار هەبووە وا لەناخەوە پێکەنیبم.. لەو چرکەیەدا لە

دەروون و دڵ و رۆحــەوە پێکــەنیم و گــوتم: مامــە جــەنابت کوردی؟

لەگـەڵ ئـەو پرسـیارە، رەنگـی تەماتـە ئاسـای گۆنـا پـڕ و خـڕ و سـۆر و لووسـەکەی گـۆڕا و وەك ئـەوەی فریشـتەیەکی لـە حـــەفت ئاسمانـــدا بـــۆ هاتبێتـــە خـــوار، ئـــاوا روحـــی کۆچـکردووی هاتـەوە نـاو جەسـتەی.. لێمـی روانـی و گـوتی: ئەدی کوڕم لۆ دوو سەعاتە قسە ناکەی؟

مــن: "پلــیتی کۆتــایی هەفتــە"م کــە بــۆ (ســەفەر کردنــی پێــنج کــەس دەبــوو) بــۆ جابییەکــە بــەرز کــردەوە و گــوتم: ئەویان لەگەڵ مندایە..

ئێمــە بــەدەم رێگــاوە بــەخێرایی لاپــەڕەکانی کتــێبی باســـەکانمان ئـــاوا دەکـــرد، چ بـــاس و خـــواس هـــەبوو، هـەموویمان بـەو گـۆڕەدا پـەرش و بـڵاو کـرد.. ئـەو زۆر لـە خـۆی دوا، بـەڵام ئـەوەی کـە سـەرنجی مـنی راکێشـا ئـەوەبوو گـوتی: (مـن خـاوەنی 281 هـەزار بنـەدار قەیسـی و پێـنج هــەزار دارســێو و چــەند هــەزار دار پرتــەقاڵ و هــەرمێ و...هتـدم.. دەواجـن و ڤـێلا و بێسـتان و هـەزار سـەر مـەڕ و

عـەرد و پـارەی وشکەشـم بـێ ژمـار هەیـە.. بـەس چ دەکـەی لێناگـەڕێن.. خـۆ ئـەوەی دوو عانـەی هـەبێ لێناگـەڕێن لـە کوردستان بە ئارامیی بژێی).

لە شوێنی مەبەست لێکدابڕاین.

مـن گەیشـتمە لای هاوڕێکـانم، شـەو لای "رۆدا" خـەوتم، بـەیانی چـوومە "ریسـتۆرانتێك" بـۆ کـارکردن.. گرێبەستمان ئیمزا کرد...

بەرەبەیانی یەکەم..

لـە رۆژژمێـرم روانـی، هێڵـێکم بـە رۆژی دووشـەممەی 5-5-1997 داهێنـا.. بـە غـارە غارێکـەوە چـوومە ئێسـتگەی پاسـەکان.. لـە پاسـەکەدا سـەرکەوتم تـا ئێسـتگەی سـەرەکی شـەمەندەفەر و دابـەزیم.. لـەوێ لـە میترۆیەکـدا سـەرکەوتم.. پـاش کاتـژمێرێك دابـەزیم، لـە کاتـژمێرم روانـی، دەبووایـە رابکـەم، چـونکە پێویسـت بـوو لـەکاتی خۆیـدا بگەمـە سـەرکار، رامکـرد و رامکـرد، بـە هەناسـە بڕکێوە، باش بوو لە کاتی خۆیدا گەیشتمە سەرکار..

کە ئێوارەیەك بە هیلاکی و شل و شۆقی و بە گۆرەوی و پێڵاوەوە خۆم لەسەر دۆشەکە دڕاوەکەدا درێژکرد، بە خۆمم گوت: سێ ساڵ هاتوچووو.. من ئەوەتەم هەمیشە لەو راکە راکە.. کە ئەندێشە و لافاوی خەیاڵ راپێچی کردم، خۆمم هاتەوە بەرچاو بە پشت کووڕی و قەمبورییەوە هەر هەمان بزۆزی و راکە راکە و هاتوچوونمە..

کاتژمێر "پێنج" لە خەو رابە.. "شەش و نیو" لەسەر کاربە، سەعات "دە" نانێك بخۆ و سێ جگەرە لەسەر یەك پێکە.. "چوار" دەست لە کار هەڵگرە.. "شەش و نیو" ئەگەر تاقەتت بوو نانێك بۆ خۆت ئامادە بکە و بیخۆ، هەندێ لە تەلەفزیۆن بڕوانە و کەناڵەکان بگۆڕە تا فلیمێکی ئیرۆتیکی دەدۆزیتەوە، دیوانە شیعرەکەی "نالی" بەدەست بگرە و خەو دەتبا..

(ئەوەیان بۆ خۆت دووبارە بکەرەوە.. تا ساتەوەختی هاتنی ئیزرائیل، خۆم هاتە بەرچاو گەر لەو بەزمەی نێوانی ژیان و مردندا بەردەوام بم، ئەوا پاش چەند ساڵێکیدی ئەو وێنەیە خیلاعیەی کە لەسەر کار

لەبەرامبــەر خۆمــدا هەڵمواســیوە، تــۆز دەیبــا، پــیر دەبــێ، کــۆن و پــەڕپووت و پــەلاس دەبێــت.. منــیش تەمــەنم دەبێتــە "شەســت" ساڵ... ئــەو کاتــە ئەگــەر خــوا یــار بــێ و شــانس بمگــرێ، توانســتی کــڕینی مەرسیدســێکی مۆدێــل مامناوەنــدیم دەبــێ.. . خــۆ ئەگــەر ژن نــەهێنم و هــیچ کۆسـپێکی دی نەیەتــە سـەر ڕێــم ئــەوا لــە شەســت و حــەوت ســاڵیدا خانووێــك دەکــڕم و لــە شەســت و هەشــت ساڵیشــدا دەمرم..

مــن ئــەو لاپــەڕە ڕەشــانەی ژیــانی خــۆمم هەڵدایــەوە و بڕیارمـــــدا ڕووەو ئاقارەکـــانی بـــەرەلایی، جەســـــتەی ئەسپئاســام فێــری حیلانــدن و بــەڕێکردنی تەمــەن بکــەم.. بڕیارمــدا کەوشــەکانم بخەمــە ژێــر باڵــەکانم و بەســەر گوڵــە پیرۆزەکــانی عیشــق و ئێســـتەتیك شـــەقاوەکانم بنـــێم... بڕیارمــدا ماچــی لێــوانی ڤیــان و ئــەوین لــە گیــانی گونــاح و بێدەرەتانمدا تۆمار بکەم..

دوای رامــان و ڕوانــین و ڕۆچــوونێکی تیــژ و تــژی و تێــر، بــە جەســتە شــەکەتەکەی خــۆمم گــوت: ئــەی جەســتەی داپۆشــراو بــە ڕەشمــاڵی غــروور.. ئــەی سەرلێشــێواوترین و

پەرێشانترین پێك، ئەی چاوە کوێرەکانی مێژوو، هۆ بای فەنادۆست، ئەی کوژراوە بچووکەکەی دەستی ژیانی زاڵم و برادەرە بێ ئاگا و هەمیشەییەکەی خاك.. تۆ مولکێکی سپی و قۆچانێکی رەشی تۆز و _با_یت و لە چرکەیەکدا دەبیتەوە خاك.. تۆ مولکێکی سپی و قۆچانێکی رەشی تۆز و _با_یت و لە چرکەیەکدا زەمەن ئەو گەردوونە گەورەیەت لێ دەکا بە کونی مشك و هەموو شتەکانت لێ دەسەنێتەوە.. تەمەنی پڕ لە لاف و گەزافی جەنابتان هەر لە چاوترووکان و ماوەی هەڵمژینی هەناسەیەك دەچێ..

تۆ..

ئای هەی تۆ..

ئەی جەستەی خەست و بە فڕوفیشاڵ و فشەفش، تۆ وجودێکی گاڵتەجاڕی نێو کایەکانی ئازمایشی ساختەچییەتی زەمەن و ژیانیت و بەس، زەمەن هەڵپە هەڵپێك دەکات و بە وێنەی خێرایی تیشك غارە غارێك دەکا و دەگاتە سەرسەرت... چ دەکەی؟ روو لە کوێ

دەکـەی؟ وەك شـێر و تـیر و رم و مـووس، دەتـبڕێ و سـیمای قلێشـاوت لەتوپـەت و قامـك و قـاچ و قـوون و باسـکەکانت زوێڵ زویڵ دەکا... ئـەی بەلـەنگاززادە، دەبـێ تـۆ وەك نـاوی خـۆت ئەزبـەرت بـێ کـە زەمـەن غـەدداره و بـەبێ دوو دڵیش شێخ و مەشایخت هەڵدەداتەوە نێو پۆڵوی دۆزەخ.

جەسـتە ئـەی مـاڵوێران: روو لـە کـوێ دەکـەی؟ لـە کیهـان کەلەبـەر خـۆت و چـاوە مۆنـەکانت حەشـار دەدەی؟ ئـەی کـۆکتێلی چـڕی جەنگـەڵ ئاسـا بـە خڕۆکـە سـوورەکانی ئومێـد و ئـەزەل.. ئـەی شاهنشـاهی دەستهەلاتسـز، شـەوگارێکی سـپی یـا رۆژگـارێکی رەش دادێ، لافـاوی پـیری وەك ئەسـپێکی حـدود یـان بـوراق دەتخاتـە سـەر باڵـەکانی و نەخشـەی نیشـتمانی گـەنجیت هـەنجڕ هـەنجڕ دەکـات و سوپاگەی شانازی و مەتەرێزی رۆحت کەلوکۆڵ دەکا...

زریـانی پیریـی سـیمای لـووس و رووخسـاری گـەش و کـێش و قافیـەی بـزە و پێکـەنینت شـەق دەکـا و پـەکت دەخـا.. ئـەو کاتـەی شـەمەندەفەری غـروور لای تونێلـە تاریـك و نووتەکـەکانی غـروب و یەڵـدا و دەیجـوور هەڵتـدەدا، لەوێنـدەر لـە نێـو تونێلـە رەش و ئەبەنووسـاوییەکانی

ئــاوابوون و پــیری و کەنەفتیـــدا، ڕەشـــەبا و گێژەلووکـــەی زەمـــەن مەمکــە تونـــد و تـــۆڵ و ڕۆنـــاك و بریقـــەدارەکانت پووچــەڵ پووچــەڵ دەکـا و ماسـولکەی ڕەق و ڕانـی بـەردین و ســـینە و شـــان و شـــەوکەتت وەك گـــەڵای پـــایزان هەڵـــدەوەرێنێ.. جـا ئەوکاتـــە پەنجــە ناســکۆڵەکانی هــیچ کـەوێکی دەنـووك سـووری "چـواردە سـاڵی" چـاو خومـاریش توانســت و هێــزی یاریکردنیـــان پێیانـــەوە نـــامێنێ.. چـــاوە سـیحراویەکانت کـز و کەمدیـدە دەبـن و نـاتوانن لـەززەت لە کەڤاڵی مەمکی ژنان وەرگری.

جەســـتە ئــەی خۆشەویســـترین وەهمــی مرۆڤایــەتی.. لەبــەر دیـــدە و لـــەپێش گلێنـــەی چـــاوەکانم ڕۆشـــەن و دیـــارە، چـــرکەیێ دادێ تـــۆ دەبیتـــە بـــوونێکی ورگـــنی چـــەپەڵ و چـــڵکن و چاوچـــنۆك و پـــەلۆخ، وەك پـــیرە بـــەرازێك بەڵغـــە بابـەت دەکەوێتــە سـەر سـینگ و لەبـەر ئـەو هـەموو بـەز و گۆشــت و ورگــە، ناشـێی بــە سـانایی جوولــە بکـەی.. یـانیش دەبیتـــە چـــیلکە دار و دەعبـــاییێکی چـــورچ و هـــیچ و پـــڕ لـــە لـــۆچ، ئـــەو کاتـــە دەچـــیتە ســـەر شـــێوەی مێشـــوولەیەکی

بچـــووك يـــاخود مـــارميلۆقێكی برســـی و لـــه كـــونی حەمامەكە تفبارانی خۆت دەكەی..

ئـەی جەسـتەی وابەسـتە بـە هەسـتی نـەمریی، دوای چـەند ســـاڵێكی كـــەم كـــە دەگەڕێیتـــەوە لای وار و هێلانـــی هەمیشـــەیت، بـــەكتریا و كـــرم و مـــار و مـــوور و مشـــك و میكـرۆب عاشـقت دەبـن و تێنـوو تێنـوو پـەلامارت دەدەن و لەگەڵتـدا دەكەونـە ئامبـاز، ئـەو كاتـە هـەموو گیانـداره وەفـادار و دلۆڤـان و برسـییەكانی ژێـر خـاك دێـن و بـەبێ جیـاوازی ئـاین و رەگـەز و مەزهـەب دەسـتی یـەك دەگـرن و بازنەیـەكت بـە چـواردەورەدا چـێدەكەن، لـە دەسـتپێكدا بـــەكتریا و میكرۆبـــی بچـــووك كـــە بـــە میكرۆســـكۆبیش نابینـدرێن لەسـەر ترۆپكـی دڵـی ساردت دەوەسـتن و دەسـت دەخەنـە نێـو دەسـتی یـەكتری و گوتـاری گـەورەی بۆگـەن بوونـــت رادەگەیـــەنن.. دووپشـــكێك قـــۆڵ و باســـكی هەڵـدەماڵێ و جلـی نانـدین دەپۆشـێ و دەسـتكێش دەخاتـە دەســـتەكانیی و دەكەوێتـــە لـــەت لـــەت و پارچـــە پارچـــە كردنــت.. ئینجـا مشـكێكی دۆم و مـارێكی قـەرەج دەكەونـە كەیفخۆشـی و دەهـۆڵ و زوڕنـا لێـدان.. ئـەو وەختـە دەبێتـە

دانــس و ســامبا.. میکرۆبــەکان کاســەکانیان پــڕ دەکــەن لــە شــەرابی خــوێنین.. ئیــدی دوای ئاهــەنگ و سەرخۆشــی و قاقـا بـۆ درەنگـانێ دەکەونـە گـازگرتن لـە گۆشـتی چیـڕت، تـۆ لـە یـەك کاتـدا هـەزارەها لەعنـەتت بـۆ دێ، لەگـەڵ ئەوەشـدا تــا خومــار دەبــن لێــت دەخــۆن و لێــت دەخۆنــەوە لــە کۆتایشــدا لــە بــەیانی کــە لــە خــەو رادەبــن، ســەریان ژان دەیگــرێ و دەکەونــە کۆخــە کــۆخ و هۆقــە هــۆق و بــە زۆر پێڕادەگـــەن بگەنـــە ســـەر ئاودەســـتی رووخســـارت و بڕشێنەوە.

جەســتە ئــەی وێڵــی لــە خۆبــایی، رۆژێ دادێ وەك ســەگی تۆپیــو، بۆگــەن بۆگــەن کەشــی پیســی ئــەو ژینگەیــە ئەرژەنگـە پیسوپەرۆسـتر دەکـەیت و شـوێنەواری ئـەو زگـە راســت و رەوان و مەمکــە تونــد و ماســولکە ئیرۆتیکیانەشــت نــامێنێ.. ئیــدی زمانــت دەکەوێتــە تەتەڵــە و نــاتوانێ ئێستائاســا وا بــە کیلــۆ یــان بــە "تــەن" درۆی رۆمانســییەت و عەشـق بـە گوێچـکە گچـکەکەی قـەیرە تاووسـێکی سێکسـی و ئــازاددا بچــرپێنی.. جەســتە ئــەی مــاهی کــوژاوەی نێــو ئاسمــانی ئەفســانەکانی بــوون.. تــۆ نــابێ گومانــدار بێــت

لــەوەی کــە رۆژێکــی چاوســووری تــوورە، یــان شــەوێکی دڵڕەشــی هــەناو پــڕ لــە کینــە و خینــدار دادێ، تێیــدا تــۆی کــەمفام و کــونزەین و ســەرگەردان و دڵبــەژان بــەدوای پــەیا کردنــی ئەدرێســی "ڤیــاگرا" ئــۆقرەت لێــدەبڕێ.. بەهانکــە هانــك و قەڵەمبازییــەوە وەك گڤــە گڤــی -بــا- دەچــیت و ئەدرێســی ئــەو دوکانــە قاچــاغەی کــە ئــەو حەبــەی لێدەفرۆشێ لای پیاوێك دەدۆزیتەوە کە ناوی نهێنییە.

ئــەو دەمــە بــە خــەیاڵی هەنوکــە خوازیــار دەبیــت ئەتمۆســفێرێ بــۆ هەڵکردنــەوەی کلیپــی بیرەوەرییــەکان بڕەخســێنی، چــەندەی دەکــەیت و دەکــەیت و هەوڵــدەدەیت، کەچــی لــە کۆتاییــدا دەگەیتــە ئــەنجامێك کــە گەڕانــەوە بــۆ نێو جیهانی گەنجی مەحاڵ و رەهایە..

وەك گــوتم: ئــەی جەســتەی دواڕۆژ دیــار چــەند ســاڵێك دوای پیریــی تــۆی نابــەڕێز و ناشــیاو و ناهێــژا جانتاکانــت بــەرەو گــڵ و خــۆڵی ئەبــەدی تێکــدەنێت، ئیــدی ئــەو وەختــە رۆحــت وەك مــەیمون لەبــەردەم قــاپی ئاسمانــدا بەســەر خورانــدن و هەڵپەڕینــەوە چــاوەڕوانی بڕیارەکــانی دادگــا دەبێ..

جەستە، ئەی پەلەوەری نامۆ و هەشبەسەر: چونکە تۆ هێندە نالەبار و نالەواز و بێدەرەتان و خوڵ بەسەری، دەبێ وەك پارچە زەمینێك پانتاییەکانی خۆت بۆ عەشیرەتێك کەروێشکی سەفا، خۆش و لەبار بکەیت، تا بەوپەڕی خۆشبەختییەوە پرت بکەن لە کونی لەززەت و موچڕك..

دەبێ رێگا بە هەموو ئەو قامکە غەریبانە بدەی کە دەیانەوێ دووچاری خەنین و تەزین و لەرزینت بکەن.. گەرنا دڵنیام بە دەردی ئەو کچە لەش و لار پەمۆییە دەچیت کە زۆر جەستەکەی خۆی خۆشدەویست و نەیدەویست بیداتە ئەوانەی کە ئارەزووی دەکەن..

ئەگەر شەهوەت و حەز و خولیاکان بیانبزواندبووایە و ئارەزووی سێکسیش تا توونەتر هەڵخشابووایە، ئەو دەچوو لە ژوورێکی تاك و تەرا و تەنیا دەرگاکەی لەسەر خۆی کڵۆم دەکرد، چەند جارێك خۆی و دڵەکەی بە خوار کردنەوەی دەستگەی دەرگاکە یەقین و دڵنیا دەکردەوە و لەبەر ئاوێنەکەدا دەکەوتە خۆرووتکردنەوە و گەمە کردنێکی پڕ لە شەرم و ترسئامێز بە گوپکەی

پەسیرە ئاسای مەمکەکانی.. دەستەکانی دەهێنایە خوار مەمکەکانیی و تاوێ لەسەر ناوکیدا ئۆقرەییێکی پێدەگرت و دواتر دەکەوتە نێو هاشوهوشی نەفەس تەنگی و هەڵسوینی جەستەکەی تا رادەی مەرگ..

ئەو کە دەمرد و لەپڕیش کە وەك ماینەژنێکی خورتیگێ کراو دەهاتەوە نێو زیندەگی، پیاوی لەبەر چاودا دەکەوت، پیاوی لەبەر چاواندا لێ دەبوو بە سەگ و گورگ و دڕندەیەکی بکوژ، بۆیە بۆ هەمیشەیی تا دەمی دوای ئاوزینگیش جارێك لە جاران رێگای بە هیچ پیاوێك نەدا بە ددانە تیژەکانی گەمە بە گۆپکەی رەپی مەمکەکانی بکا... ئەو خانمە لەگەڵ تێپەڕینی زەمەندا مەمکەکانی هێدی هێدی پوچەڵ و دەموچاوی لۆچین و جەستەی چورچی تژی بوون لە دەماری کەسك.. خاڵی لە گۆنا و چەنەگە و نێوچەوانیدا دەرکەوتن، مووی زۆرتری لێ روا و سمێڵی خۆڵەمێشی لە پشت لێوە وشك و برینگەکانی لێ سەوز بوون.. پرچی بەفرین و پشتی قەمبوور، نینۆکەکانی هەڵوەرین و پێستی تفری دەکرد و گەردەن و ژێر چاوەکانیشی وەك شەو تاریك داهاتن..

بـه چەشـنی بـاڵۆنێکی کـون تێکـەوتوو، سمـت و کەفـەڵ و رووم ـەت و مەمکـەکانی فـس بوونـەوە.. پـیر بـوو.. رۆژێـك داهـات، کـە نـەفت و لاواز کـەوت و گرانـەتا داگـیری کـرد و مرد..

لاشـەکەیان بـردە گۆڕسـتان و لـە تەنیشـت دایکیـان ناشـت و روحـــیش تـــا لای قـــاپی دادگـــا گەورەکـــە بـــەبێ چـــێنج رانەوەسـتا.. ئـەو روحـە پاکیزەیـە هێشـتا هـەر لـە بـەردەم دەروازە مەزنەکـەی هـۆڵی گـەورەی دادگـا چـاوەڕوانبوو، تـا لــە هیکــڕا لــە بڵنــد گۆکــەوە بــە دەنگێکــی ئــەرژەنگ و ترسـێنەرەوە بـانگکرا (تکایـە روحـی کیـژە پاکیزەکـە بێتـە ژوورەوە.. دوو کەسـی سـپیپۆش هـاتن و باسـکەکانیان بـە چـەلەنگی خسـتە ژێـر بـاڵی ئـەو روحـەوە لـەناو قەفـەزی لێپرسـینەوەیان دانـا.. کڕنۆشـێکیان بـۆ دادوەرە مەزنەکـە بـرد و وەك دوو سـەرهەنگی سـوپای نیزامـی کشـانەوە دواوە.

ئـەو روحـە پاکیزەیـە، بـە چـاوانی ئەبڵـەق و سەراسـیمەیی و سەرسـوڕمانییەوە نیگـا تیـژەکانی گرتـە ئـەو هۆڵـە رۆشـەن و بریقـەدارە و بـە وردی لـە کریسـتاڵەکانی سـەقف

و تـــەمیزی کورســـی و مێـــز و بتڵـــە ئـــاوە سرووشـــتییەکانی سـەرمێز و عــەردی مەڕمـــەڕین کــە (وردە ئەڵماســـی تێـــدا دەبرووســـــکایەوە) و دیـــــوارە زیوینییـــــەکان و کەڤاڵـــــە ئاوزێڕکراوەنی سەر دیواری روانی...

لــەناو ئــەو هــەموو تابلۆیــەدا ســێ تــابلۆ ســەرنجی ئــەوی راکێشــا، یەکــەمیان، تابلۆکــەی مۆنــالیزا بــوو، بــەڵام لــەو کەڤاڵــەدا دەجــوولا، وردە وردە پۆشــاکەکانی هەڵــدەدا، کــە رووت و قــووت دەبــۆوە هەمــدیس جلــەکانی دەپۆشــییەوە، ئــەو جارەیــان بــە وێنــەی پێشــوو خــۆی رووت دەکــردەوە و بـــە بـــەردەوامی ئـــەو کـــردارەی دووبـــارە دەکـــردەوە.. دووەمیـــان تابلۆیـــەکی "ســـلڤادۆر دالـــی" بـــوو.. دوو پڵـــنگ لـــــەناو دەوی نەهـــــەنگێك هاتبوونـــــە دەرەوە و خۆیـــــان دەهاوێشـــتە ســـەر جەســـتەی ژنێکـــی رووت.. پـــەلاماریان دەدا، یـــەکێکیان لێوەکـــانی بـــە تورەییـــەوە دەلێســـیەوە و ئەویـــدیش وەك تـــەڵی عـــود لـــە کـــاتی ژەنینـــدا، ئـــاوا خـــۆی دەلەرانــدەوە.. فیلێــك کــە پێیــەکانی بوونــە داوی دوورمــان لـــە ئاسمانـــــدا دەڕۆیشـــــت، مێشـــەهەنگوینێك لەســـــەر هەنارێکـــدا دەیویســـت هەڵبنیشـــێ.. دوو پڵنگەکـــە تـــەواو

دەبـــــوون.. دەچـــــوونەوە نــــاو دەوی نەهەنگەکـــــە و دەگەڕانـــەوە و شـــتەکانیان دووبـــارە دەکـــردەوە، ئافرەتـــە رووتەکـــەیش حـــەزی نـــەدەکرد تـــەنها جوولەیـــەکیش چـــییە بیکـــا، چـــونکە ئـــەو بـــەزمی مـــژین و لیســـتنەوەی زۆر پێخۆشبوو..

هـــی ســـێیەم، تابلۆیـــەکی "ڤاســـیلی کاندینســـکی" بـــوو.. کـــەڤاڵی شـــارێکی رەنگـــاوڕەنگ و شـــادمان.. شـــتەکان لـــەو شـــارەدا پێدەکـــەنین، روحـــی کیـــژە پاکژەکـــە بـــە چـــاوەکانی، ئـــەودیوی فـــەزای ئـــەو تابلۆیـــەی لـــێ دیـــار بـــوو، دەیـــدیت ژن و پیاوەکـــان چـــۆن لـــە کامـــەرانی و ئامبـــاز و ســـەمادا ژیـــان دەگوزەرێنن..

روحـــی ئـــەو کیـــژە، کـــە تەماشـــاییێکی ئامـــادەبووانی کـــرد زۆر دڵتـــەنگ بـــوو، قـــەهردار و خەفـــەتبار بـــوو، چـــونکە جگـــە لەو، ئەو هۆڵە بێسنوورە مێینەیەکی دیکەی تیا نەبوو...

ئامـــادەبووانی نـــاو دادگاکـــە کـــە لەبـــەر زۆری ژمارەیـــان لـــە حیســـاب نـــەدەهاتن، هـــەموویان نێرینـــە بـــوون.. ئـــەو گیانـــە پـــیرۆز و پاکیزەیـــە بـــیری کـــردەوە و لـــەبن لێوەکانییـــەوە، بـــە

دزی و نەرمییـــەوە چـــرپاندی (دەڵـــێ ســـەر و ســـیما و چرۆچـاوی ئـەو پیاوانـە غـەریب نـین لەبـەر دیـد و زەیـنی من؟)..

سـەرەتا لـەو پیـاوەی روانـی کـە وەك "بابـە نوئێـل" ریشـی درێـــژ و ســـپی کـــەوتبووە ســـەر مێزەکـــەی بـــەردەمی، پەڵەیـەکی رەشـی بـەنێو چـەوانییەوە هەڵواسـرابوو، لەبـەر خۆیــەوە نــاوە تفێکــی روو دەکــردە نــاو بــانیۆییێکی بچـووك کـە لەسـەرمێزەکەی دانـابوو، نیـوەی بانیۆکـە پـڕ بـوو لـە تـف، ئـەویش لـەبن لێوەکانییـەوە ورتـە ورتێکـی دەکـرد کـە بـە زۆر گوێـت لـێ دەبـوو دەیگـوت: (لەعنـەتت لێـدا ئەهریمـەنی فریـودەر، خـوا بتگـرێ، چـۆن توانیـت وا چەواشـەمان بکـەیت و لـە بەهەشـتی فـانی و بـەرین، مـن و منداڵـەکانم پەڕاگەنـدە بکـەیت؟ خـوا بتکـوژێ، گـەر تـۆ نـــەبووای ئێمـــە چـــیمان دابـــوو، لـــەو هـــەموو دادگـــا و مەحکەمەکاریـەدا؟) ئـەو پـیرە کەنـەفت و پشـت چـەماوەیە لـــە پـــێش هەموویانـــەوە دانیشـــتبوو، لەســـەر پارچـــە تـــابلۆییێکی زێـــڕینی 40بـــە40ی ســـەرمێزەکەی بـــەردەمی نووســـرابوو "بـــاوکی مرۆڤایـــەتی".. لـــە تەنیشـــت ئـــەو،

پیـــاوێکی دی مەکینەیـــەکی دوورمـــانی ئـــەڵمانی مارکـــەی دانـــابوو ســـەرقاڵی دووریـــنی ســـتیانێکی حـــەجم 85 بـــوو، لەســـەر مەکینەکـــە (کـــە پێدەچـــوو تایبـــەت بـــۆ ئـــەو دروســـتکرابێ) بـــە خـــەتێکی جـــوان و بـــەپیتی لاتـــینی نووســـرابوو (یەکـــەمین بەرگـــدرووی مرۆڤایـــەتی)... لـــە تـــەك ئـــەودا پیـــاوێکی دیکـــەی دڕدۆنـــگ دەســـتەکانی هاوێشـتبوو ژێـر چـەنەگەی و لـە سـەمای ئـەو حۆریانـەی دەڕوانـــی کـــە لەســـەر کەشـــتییە بچـــووکەکەی بـــەردەمی لەســـەر شاشـــەیەکی بچـــووك لـــە نمایشـــدا بـــوون، لەســـەر تـاوەری ئـەو کەشـتیەدا ئـاڵاییێکی سـپی هـەڵکرابوو، لەسـەر ئاڵاکـە ڕەسمـی هەنـدێ کـۆتری ڕەش هـەبوون کـە بـەریز بـــوونی خۆیـــان نووســـیبوویان —بـــاوکی ڕزگـــارکردنی مرۆڤایـــەتی-، کـــە شـــەپۆل بـــەرزدەبۆوە ئـــەو کوترانـــە دەڕۆیشـــتن.. شـــەق شـــەق، لـــە شـــەقەی باڵیـــان دەدا و دەگەڕانـەوە، زەیتونیـان دەهێنـا، بـەو دیمەنـە جوانـە روحـی کچـە پاکژەکـە خەنـدە گرتـی، بزەیـەکی نهـێنی کـرد و چـاوی وەرگێڕایـە سـەر پیاوەکـەی تەنیشـت ئـەو.. لەسـەر تـابلۆی بـەردەمی نووسـرابوو (هـود)، ئـەو پیـاوە تەشـتێکی

پــڕ لــە گڵــی لەســـەر مێزەکــە دانـــابوو، دارخورمـــاییێکی بچـــووکی بەدەســـتەوەبوو، دەیخســـتە نـــاو خۆڵەکـــە و بـــە توڕەییــەوە لــە ڕەگــەوە هەڵیدەتەکانــد، دیســان لــە نۆژنــەوە ئـــەو کـــارەی چـــەند بـــارە دەکـــردەوە و لەبـــەر خۆیـــەوە دەیگـــوت: (عـــاد.. عاد..عـــاد.. عـــاد.. خوداوەنـــد ئـــاوا ڕیشەکێشــی کــردن، هەڵیتەکانــدن، ئــاوا بــەو شــێوەیە ڕەگــاژۆ و ســـەرەولێژی کـــردن، چ بـــەراتان بـــوو بۆچـــی ئـــەو هـــەموو مــاچ و ســۆزان و بەختەوەرییــەتان لــە کــیس خۆتانــدا؟ دەك عافیەتتان بێ).

هـــەر لـــە ڕیـــزی پێشـــەوە، پیـــاوێکی دی خەنافســـی درێـــژ کردبـــوو، سەکســـوکەیەکی جـــوانی جێهێشـــتبوو، ڕەنگـــی پرچـــی و ئـــەو چـــەند تەکـــە داوەی سمێـــڵ و ڕیشـــی زەرد کردبـــوو، بزمـــارێکی ســـەرتۆپی لـــەبن لێـــوی خـــوارەوەی ڕەوانـــەی لای ژوورەوەی لێـــوی کردبـــوو، لـــەوێش بـــە واشـــەرێك تونـــد گرێیـــدابوو، هەنـــدێ کاســـێتی ڤیـــدیۆ و "CD" و دی ڤـــــی دی و چـــــەند گۆڤـــــارێکی ڕووت و ڕۆژمێرێکـــی پـــڕ لـــە کیـــژی ڕووتـــی لەســـەر مێزەکـــەی بـــەردەمی لەســـەر یـــەك دانـــابوو.. لەســـەر ئەوانیشـــدا

پەیکـــەری چـــەند کیـــژ و ژن و بێـــوەژن و خـــانمی رووتـــی دانـــــابوو، لەســــــەر کاســـــێتە ڤیدیۆییــــەکان نووســــــرابوو. (ســادیزم.. فرەنســی.. کۆکتیــل..69، گــروپ، ئــەنال، گــەی و نــوێترین کــارە پۆرنۆییـــەکانی هۆلیـــۆد و.. لەگـــەڵ ئـــاژەڵان بــــە نموونـــــە ســــەگ و مــــەیموون و کـــــەر و...) لەســــــەر شـــاراوەترین کاســـێتیش نووســـرابوو (فیلمێکـــی دۆکـــۆمێنتی سەبارەت بەو پیاوەی "99" ژنی هەیە).

لــە تەنیشــت ئەویشــدا، لــەلای دەســتە راســتی کــوڕێکی گــەنج رۆنیشـــتبوو، بـــە بەغاکـــەی نـــاو قەفـــەزی فێـــر دەکـــرد بڵـــێ: (ژیـــان واتـــە ژنـــی خـــۆش).. تووتیەکـــە چـــەند جارێـــك ئـــەو رســــــتەیەی دووبـــــارە دەکـــــردەوەو، نـــــاوە نـــــاوەیش لێـــــی تێکدەچوو دەیگوت (سلێمان.. سلێمان).

لـــەولاتر پیاوێـــك دانیشـــتبوو خـــەیاڵ رفانـــدبووی گـــۆرانی دەگـــوت، لەســــەر مێزەکـــەدا دوو ســـێوی دانـــابوو، کـــەمێك خـــوارتر نـــاوکی ژنێـــك دانرابـــوو، لـــە خـــوار ناوکەکـــەش دۆلکەیـــــەك روو لـــــە خـــــوارەوە دانرابـــــوو، یـــــەك مـــــەتر خـــــواتریش دوو گـــــۆرەوی دانرابـــــوون.. ئـــــەو چـــــەقۆیێکی بەدەســــــــتەوە بــــــوو، لــــــەناو دۆلکەکــــــەی رادەکــــــرد و

دەریــدەهێنا.. بــەدەم ئــەو كــردارەوە، بــیری دەكــردەوە كــە چۆن رۆژێك لەنێو دارسێوێكدا دوولەتیان كردووە.

غەڵبـــە غـــەڵبێكی بێســـنوور بـــاڵی بەســـەر هۆڵەكـــەدا كێشـــابوو، بۆیـــە كـــوتكێكی مـــەزن كـــە بـــە "دە" دێـــویش هەڵنـــەدەگیرا و لـــەداری گـــوێز دروســـتكرابوو، بەوپـــەڕی بەهێزییـــەوە، بـــەر مێـــزە قایمەكـــە كـــەوت.. دەنگێـــك هـــەموو هۆڵەكـــەی وەك بوومەلـــەرزە هەژانـــد، گـــوتی: (بێـــدەنگی جـوانی مرۆڤـــە، تكایـــە بێـــدەنگیی بپـــارێزن بـــا كارەكانمـــان دەست پێ بكەین).

بـانگی دوو كـەس كـرا، یـەكێكیان جلێكـی سـپی لەبـەردابوو، ئەویـدی بــە پۆشـاكێكی رەش تــەنیا و تــەنیا تـاریكیی بــوو، بە رووخسارێكی ماسكدار، هاتە پێشەوە..

یــەكاو یــەك ئــەكتی گــەورەیان لــەبن باڵەكانیــدا بــوو، هــەر یەكــەیان چـــوونە پشـــت كۆمپیوتـــەرێك و ئەكتەكانیشـــیان كــردەوە، داوا لــەو دوو مەخلوقــە كــرا كــە هەریەكــە و بــە گـــوێرەی كـــاتی دیـــاریكراو گـــرینگترین چـــاكەكاری و خراپەكارییەكانی ئەو رۆحە بخوێننەوە.

یەکــەمینجار، سپیپۆشــەکە کــە لــەلای راســتەی رۆحەکــە لەســەر کورســی پشــت مێــز و کۆمپیوتەرەکــە دانیشــتبوو، فــوویێکی لــە مایکەکــە کــرد و هــەلۆییێکی کــرد، گــوتی: ئامــادەبووانی هێــژا، برایــانی بــەڕێز، لــەناو ئــەو ئەکتــەی بەردەســتم کــە هــی زەمــانی منــدالی و ســەردەمی بــەر لــە پێشــکەوتن و بڵاوبوونــەوەی کۆمپیوتــەرە، بــەو شــێوە بــەربڵاوە و لــەناو دۆســێیەکانی کۆمپیوتــەریش هــیچ تاوانێــك نــابینم، ئــەو رۆحــە پاکیزەییــە خــاوەنی رابردوویێکــی ســپییە، ئــەو رۆحــە پاکیزەیــە زاڵبــوو بەســەر جەســتەکەیدا و پیــاوی پــێ وەحــش و دڕنــدە و قۆنــدەرە بــوو.. بۆیــە قســەکانم چــڕو کــورت و پوخــت دەکەمــەوە و دەڵــێم: (مــن پێشــنیازی ئــەوە دەکــەم کــە جێگــای شــوێنکی ئــەمین و خــۆش بــێ، شــوێنك کــە رووبــاری شــیر و هەنگوینی لێیە).

رەشپۆشــەکەی لای دەســتی چــەپەی روحەکــە، بــە تــوڕەیی و زوویربــــوون و هەڵچــــوونێکەوە گــــوتی: لای منــــیش ئەکتەکــەی ڤالایــە.. بــەڵام مــن بــە پێچــەوانەی هاوکارەکــەم، پــێم وایــە دەبــێ جێــی ناوەنــدی ئــاگر بــێ.. چــونکە غــەددری

لــه کۆمــەڵێك پیــاوی شــیاو کــردووە، ئــەو پیاوانــەی کــە هەمیشــە فرمێسـکیان بـۆ دەڕشـت و بـۆی دەپڕووکـان، ئـەو پیاوانــەی کــە بــە ڕاســتی خۆشیاندەویســت، ئــەوە جگــە لــەو هـــەموو ئـــازار و ئەشـــکەنجەو ژان و دۆژەن و دۆشـــدامان و زام و خــەم و گــرین و بــرین و ئافــات و فــەوتان و ئەندێشــە و مردنانــەی کــە رۆژانــە دەیدایــە جەســتەکەی خــۆی، مــن وای دەبینــم کــە ئێــوە بــە هەڵــە ئــەو روحــەتان بــە پــاکیزە ناوزەنــد کــردووە، ئــەو روحــە زۆربــەی زۆری کاتــەکان، خــۆی لــە مرۆڤایــەتی حەشــاردەدا و دەچــووە ژوورێــك و دەرگاکــەی لەســەرخۆی کڵــۆم دەکــرد و لەگــەڵ میوەجاتــدا (عــەیب نــەبێ) دەکەوتــە نێــو گــەردوونی ئەزموونانــدنی فــەنتازیا شــەرمنەکانی ئیرۆتیــك، تــا کــار بــەوە گەیشــت لــە ئێوارەیــەکی تاریکــدا خیارێــك لــە خــۆی بنــێ تــا بــەوە گەیشـت کـە ئـاروو لـەژێر کـۆنترۆڵی ئـەودا دەرچـوو، بۆیـە لـەو کاتـەوە تـا ئێسـتا لەگـەڵ ئـاروو، هـەم ئەویندار و هـەم خینداریشە.. ئێوە بێئاگان لەو کێشەو ململانێیەدا.

پــاش وتوێــژ و تــاوتوێکردن و ورتــە ورت و بۆچــوون و دژە بۆچــوون و گفتوگــۆیێکی درێژخایــەن، لــە لایــەن کەســێکی

قـەبارە گـەورە كـە پێدەچـوو خـاوەنی پلەوپایـەكی گـەورە بێ، بڕیاری كۆتایی خوێندرایەوە..

(ئامـادەبووانی ماندوونـەناس، پیـاوە بـەڕێزەكان، لەبـەر پـاكیزەیی و هێـزی لـەبن نـەهاتووی زاڵبـوون بەسـەر جەسـتەدا، بڕیارمانـدا كـە ئـەو روحـە بـەرەو شـوێنێكی ئەمان بەڕێ بكەین..).

سـەدو چـل چـوار هـەزار پیـاوە ئامادەبووەكـە، كەوتنـە نـاڕەزایی و قایـل نـەبوونی خۆیـان بـە شـەق لـە مێـزدان و تەپـە تـەپ و دەنگـە دەنـگ دەربـڕی، بـووە غەڵبـە غـەڵب و مقـۆ مقـۆ و هـات و هـاوار، لـەو چركەسـاتەدا روحـی كچـە باقژەگـە لـەناو قەفـەزی لێپرسـینەوەدا (كـە هـەر دوو مـەتر دووجـا دەبـوو) كـەوتبووە هەلهەلـە لێـدان و گـۆرانی گـوتن و سەماكردن..

كەچـی هەمدیسـان دەنگـی گـەورە و بڵنـدی ئـەو كوتكـەی كـە لـە داری گـوێز دروسـتكرابوو هێمنییێكـی لاڵـی گەڕانـدەوە، نـاو هۆڵەكـە هێنـدە بێـدەنگ بـوو كـەس هەسـتی بە دەنگی هەناسەی كەسێكی دی نەدەكرد.

دادوەرە گەورەکـــە تەماشـــایەکی روحـــی کیـــژە خاوێنەکـــە کـرد و بـە دەنگێکـی شـیرینی پێکەنیناویـەوە گوتی:تـا ئێـرە کامیرەی شاراوەبوو.

ئیـــدی ســـەد و چـــل و چـــوار هـــەزار پیاوەکـــە، کەوتنـــە چـــەپڵەرێزان و لـــە قاقـــای پێکەنینیانـــدا.. بـــە پێچـــەوانەی ئەوانیشـــەوە، روحـــی کیژەکـــە، چـــڕنووکە حەزینـــەکانی لـــەبنار و زنـــاری گـــردی گـــرین و بـــرین و خەفەتـــە زیوینییـەکان گـیر کـرد و تـا ترۆپکـی چیای ناڵـە و شـین و فیغان هەڵزنا و نەگیرسایەوە.

ئـــای هەشبەســـەر دەزانـــن لـــە کۆتاییـــدا چ ســـزایێکی ئـــەو گیانە درا..؟

بێگومـــان نـــەیانناردە دۆزەخ چـــونکە هـــەناویان بـــۆی ســـووتا.. بـــەڵام تـــا ئێســـتەیش هـــەر بـــە مەمکـــەکانی پاککردنەوەی هۆڵی ئەو دادگایەیە..

مـن زۆر بـەبێ شـەرمانە بـە جەسـتەکەی خـۆمم گـوت: ئـەی غوبـاری کۆچـکردوو، ئـەی گەمـە پلاسـتیکیەکەی نـاو لـەپی چارەنووســـێکی کۆمیـــدی.. حـــەز بکـــەیت و حـــەزیش

نەکـەیت، تـۆ لەسـەرت پێویسـتە بـەرەو ئازادییـە ڕەهاکـان پێنگاوەکانـت لـە لاپـەڕەکانی ئـەو زەمەنـە کورتـەدا تۆمـار بکـەیت.. جەسـتەی سەگسـار.. دەبـێ لێـرە بـە دواوە بچـیت بڕیـارێ لای مـارکێتی ئـەو پیـاوە سەرسـپی و قەشمـەرە بکڕیـت کـە نـاوی- ئەزموونـە-.. لـەوەش گـرنگتر و چارەنووسـاویتر ئەوەیـە، دەبـێ تـۆ خـۆت بکەیتـە ئەنگوسـتیلەیەکی سـیحراوی و بـە پەنجـەی هـەموو مێینـەکانی گـەردوون بکـەیت.. دەبـێ سـەرت کـودی بکـەیت و دوو حەڵقـە بکەیتـە گوێچـکەکانت و ئێلـەگ و شـەرواڵێك لەبـەر کـەیت و بچیتە نـاو فانۆسـی سیحری دەسـتی ژنـان و هـەموو داواکاریـەکانیان لـە چـاوترۆکانێکدا بـۆ جێبـەجێ بکەیت..

دەبـێ لێـرە بـەدواوە پەنجـەرەی داخـراوی دڵـی ژنـان ئـاوەڵا بکـەیت و بـە سەرمەسـتی خـۆت بکـەیت بـە ژووری قاچـاغی ژنـی مێـرددار و بـە هێـوریش لەشـەوانی هاویـنـدا بچـێتە سـەربانی مـاڵی ئـەو کیـژە هـەژدە ساڵیانەی کـە بـە تـەك باوکیانـەوە ڕاکشـاون و شـەوقی ڕانـە ڕووتـەکانیان لەگـەڵ

شــەوقی ئەســتێران لەشــەڕدان و بــە نوێــژی نیوەڕۆیــانیش لە دەرگای ماڵی بێوەژنان بدەیت.

مــن گــوتم: جەســتە.. ئــەی دۆســتی وەفادۆســتی خــاك و خــۆڵ، تــۆ بــەر لــە ئازمایشــی قــوڕ و لم و گڵکــۆ و خــۆڵ و کفــن و ئەلحــەد و تــەم و تــاریکی و غوبــار و ئــەو شــتە پڕوپووچــانە پێویســـتە ببیتـــە بـــوونێکی دەســـتەمۆ و نێچـیرێکی مـاڵیی بـۆ هـەموو ئـەو خانمانـەی کـە پێویسـتیان پێتە..

مــن ماوەیــەکی درێــژ، هــەر خــەریکی بیرکردنــەوە بــووم لــە بێئایـنــدەیی جەســتە.. رۆژێ لەگــەڵ پیرەمێردێکــی یۆنــانی لەناو ترام ئەو باسەمان کردوە، پێیگوتم:

هــیچ شــتێ بــۆ ئــەو جەســتەیە پڕووپووچــەت ئــەنجام نــەدەی، چــونکە جەســتە ماددەیــەکی بێهۆشــکەر و هیچــە و خـــاوەنی دمـــاهییێکی بێئەنجامـــە.. دەســـتێکی بەســـەرمدا هێنــا و بــەردەوامبوو، کــوڕی خــۆم، جەســتە دەبێتــە خــۆڵ و گــڵ، دەبێتـــە خۆڵـــەمێش، دەبێتـــە نموونـــەی بەردەســـتی خوێنـــدکارانی کۆلێـــژی پزیشـــکی، دەبێتـــە بـــەکتریا و

میکـرۆب و دەعبـا.. دەبێتــە خــۆراکی قــەل و نەهــەنگ.. تــۆ ونـــدەبیت و دەبیتـــە پاژێـــك بـــیرەوەری و لـــەبیر دەکرییێــت، خــواش توانــای گەڕاندنــەوەتی نییــە.. تــۆ بــە خواســت و بــە بێخواســـــتیش دەڕۆیـــــت بـــــەرەو ســـــڕانەوە.. بـــــەرەو رەشـــبوونەوەیەکی ئەبـــەدی، لـــەناو لاپـــەڕەکانی زاکیرەشـــدا دەســـڕێیتەوە، ئـــەی هـــاوڕێ ئازیزەکـــەم، بـــە تـــەنیا رۆح دەمێنێ.. ئاخیرەت هەر بۆ ئەوە.

گـــوتم: دەزانم.. منـــیش دەزانم ئـــەو جەســـتەیە مـــوڵکی خۆڵــە.. دەبێتــە خــۆڵ.. مــوڵکی چــەند ددانێکــی تیــژە و هیچـــیدی..بەڵام پێشـــتر پێویســـتە ببێتـــە پشـــیلەیێ بـــۆ باوەشــی هــەموو فریشــتەیەکی ناســك و هــەموو ئەســپەژنە ســینگ رووت و حۆریــە تێنووەکــان.. پێویســتە ببێتــە بــاران بــۆ بیابــان و تێنوویــەتی ژنــان، پێویســتە ببێتــە پــەڕی ســپی و قاڵا بۆ قەڵەمی دەستی ژنان..

ئــەی بــرادەری ئــازیز، مــن بــڕوای تــەواوم بــە تــامی هــەموو چـــێژەکان هەیـــە، دەمـــەوێ هـــەموو جـــۆرە خۆشـــاوێکی لـــەززەت تـــام بکـــەم.. هـــەموو چـــێژێك بئـــەزموونێنم، هـــەموو ئـــەزموونێ بخەمـــە نـــاو گلاســـی گیـــانم.. بـــەڵێ ئـــەی دۆســـتی

مــن، ســەفا و ئۆخــژن و ئــارامی گیــان و شــەهوەت..لەززەت.. لەززەت..لەززەت..لەززەت..لەززەت..لەززەت..لەززەت..لـــــــە ززەت..لــەززەت.. لــەززەت.. لــەززەت.. لــەززەت.. لــەززەت.. لەززەت...

بـەو پیـاوە پـیرەم گـوت: بـرادەر مـن بـڕوام بـە کۆکردنـەوەی زیـاترین چـرکەی ئۆرگـاموزە لـە ژنـی جیـا جیـادا و بـەس... بەڵێ بەڵێ من ئیماندارم بەو چرکانە و تەواو..

لێکدابڕاین.

بڕیارمــدابوو هــەموو شــتێ بکــەم لەگــەڵ هــەموو ژنێــک، بـاوەکو ئـەو ژنـە لاڵـە تەمـەن "سـی و هەشـت" سـاڵیەش بـێ، کـە لـە کـۆڵانی پشـت مـاڵی ئێمـەوە، لـە ژوورێکـی نیـوە قـوڕ و نیــوە ئیســمنتدا دەژیــان، ئــەو ژنــە لاڵ و ســۆر و ســپییە، ســینە و مەمکــەکانی بــە هــۆی ســتیانێکی تەســکەوە خــڕ دەکـرد، مــوو زەرد بــوو لەشــی تێکســمڕاو و نیمچــە گۆشــتن بــوو، منــداڵی نــەبوو، چــونکە بــاوکی لــە مــەلاییێکی تەمــەن شەســت ســاڵی، بــەزۆر مــارەی کردبــوو، پــاش چــەند ســاڵێك بـە یەکـەوە بـوون مـەلا لـە پیریـان کـەمێ نابینـا بـوو، دواتـر

بــه تــەواوی كــوێر بــوو، هــەر بۆیــە وازی لــە گوڵەبــەرۆژە فرۆشــتن هێنــا و زۆربــەی كاتــەكانی لــە ماڵــەوە بــوو، ئــەو ژنــە لاڵــە ئەگــەر حــەزی بــە شــتێك نــەكردبا ئــەوا وەك ماكــەر دەغــەزری و وەك دڕندەیــەكیش مــۆڕەی دەكــرد.. یەكــەمینجار كــە "مەغــە شــەل" گــوێی ســۆری پێــنج دینــارییێكی دەق نەشــكاوی پــێ نیشــاندابوو، ئــاوای بەســەر هــاتبوو، نەڕانــدبووی، بــەهات و هــاوار و "ئانــا، ئەبــە ئەبــە، ئاببــاااا" دنیــای بەســەردا خــەراپكردبوو، بــەڵام كــە ئێوارەیــەك دانیشــت و بــیری كــردەوە، ئــەو لــە هــەموو ژیانیــدا تــەنها ســێ بــەهاری یەكــەم، ئــەویش لــە وەرزێكــدا یــەكجار هەســتی بــە پیــاو كــردووە، بــەیانی زوو بەخەنــدەوە لــە "مەغــە شــەلی" روانــی بــوو، ئــەویش لــە جیــاتی پێــنج دینــاری، گــوێی كەســكی (25) دینــاری پــێ نیشــاندابوو، لــەو رۆژەوە "لاڵــە ژن" تــامی ئــەو چــێژە حەرامــەی كردبــوو، ئیــدی نــەیتوانی وازی لێبــێنێ بۆیــە لــە هــەموو كاتەكانــدا "مەغــە شــەل" و "ئیســە گــۆج" و "خــەلۆ كــەپوو بــە چــرم" گوێچــكەی پێــنج دینــارییێكی ســۆریان نیشــاندەدا و دەچــوونە ژووری، بــەڵام لــە كۆتاییــدا بــۆ "مەغــە شــەل"

بەلاش بوو، چونکە فێری ئەو شتە خۆشەی کردبوو، هەندێ جاریش لەو کاتانەی کە "مەلا کوێرە" خەریکی نوێژ بوو، ئەو ژنە بە ئیشارەت بانگی "مەغە شەلی"ی دەکرد و مەترێك دوور لە مێردەکەی خۆیان رووتدەکردەوە و کاری خۆیانیان دەکرد..

وەك گوتم: من بڕیارمداوە هەنگاوە کوێرە دووربینەکانم بەرەو دنیای جەستە و مەمکی غەریبان بهاوێژم.. تۆیش بوێربە و بەرەو مەنزڵگا پاکیزەکانی گیان پێنگاوە چاوتێرە وێرانەکانت بهاوێژە.

بەیانییەك کە لە خەو هەستام، تیشکی خۆر وەك توولەڕێییێك لە پەنجەرەی ژووری نووستنەوە خۆی کردبوو بەسەر قەرەوێڵەکەدا.. بە تیشکم گوت: دەتەوێ چۆن وەڵامم بدەیتەوە، ئایا دەتوانم پێت هەڵزنێنم؟ ئەو بڕیاری جەستەدانە رووەو دەڤەرە سپییەکانی زیبام دەبا؟ ئەی تیشك لە نهێنییەکانت تێناگەم، هەندێ هەر لە ئەزەلەوە تۆیان وەك کاشان و کومبار بۆ راخستێنراوە، هەندێکیش تا دەمرن هەست بە گەرمایی پەنجەکانت ناکەن.. تیشك.. ئاسۆ.. گزنگ و

درەوشانەوە.. لە مێژە بەدواتانەوەم کەی پێتان دەگەم؟ دەستێ بۆ ئەو چاڵە تاریکە درێژکەن، باسکەکانم توونـد توونـد لەنێو قەدتان گرێدەن و بە خۆتانەوەم بنووسێن..ئەی تیشك لەو دۆڵە رەشە بەرەو لوتکەی بورجێکی سپی هەڵمەکێشە.. خۆم بۆ نەگیرا، بۆیە راچەڵەکیم و چوومە پشت کۆمپیوتەرەکە و ئەدرێسی ئیمێڵی - ئیرۆسیم- دەرهێناو کەوتمە نووسینی ئیمێڵێکی کورت بۆی.

خوداوەندی بەڕێز:

دوای سڵاوێکی گەرم، هیوادارم هەر بە تاقەت بیت بۆ بەخشینی تاوتینی لەززەت بە مەمکی ژنە تێنوەکان، منیش بڕیارمداوە بێمە سەر رێگای دوورو درێژ و بێ کۆتایی بەڕێزتان.. هیواخوازم بە مێروولەیەکی بچووکی ناو دنیا گەورەکەی خۆتم قەبوڵ بکەیت.

لەگەڵ خۆشەویستیم

ئیدی بەرەو خەباتی هەمیشەیی.

من دۆسییەکی نوێم کردەوە و کەوتمە نووسینەوەی گوتاری کۆتایی..

بڕیارمدا جەستەی پڕ لە تین و هێز و پۆلاینم بکەم بە موڵکی هەموو ئەو جوان و مامناوەندی و کرێتانەیش کە مێینەن، هەر بۆیەش بەو بۆنەیەوە پاش عەسرێك من بەچاوانی گوڵگوڵینەوە چوومە سەر سەکۆی روحی خۆم و گوتاری کەویبوونی دڵ و دڵدان و دەستەمۆبوونی جەستەی خۆمم بۆ بیۆگرافیای تەم ئامێزی خۆم خوێندەوە..

دەگەڕام و دەسوڕام، دەمچریکاند و دەمحیلاند، وەك ئەسپێکی مەست و سەرخۆش لە حیلە حیل و حیلکە حیلك دابووم، هەندێ جار عەقڵدۆست و هەندێ جاریش عەبەسدۆست، دەچووم، لە مایکی بڕۆنزی میحرابی کلێسەیەکی "ئێف ئێنگەلیشە" و لەناو سەدای زەنگۆڵ زەنگۆڵی قوببەی مەمك ئاسای مزگەوتێکی سوونی، گۆرانی سەربەستی جەستە و ئازادی روحی خۆمم بۆ تەمەنی مولحید دەچڕی.. من بڕیارمدا بڕۆم و ببم بە سۆزانی..ببم بە سۆزانییێکی جەستەفرۆش بەرامبەر بە

پــوولی لــەززەت.. ئامــادەبووم جارێــك جەســتەكەم بــدەم بەرامبەر بە ئۆخژنێكی راستەقینەی سەراسەر..

كــە مــن ئــەو نامەیــەم بــۆ "رێهــات" لــە لاپەڕەیەكــدا نووســی، دیــاربوو ئــەو لــە چــەند دێرێكــدا بــەو شــێوەیە وەڵامی دامەوە:

(ئـەی بـرادەری سلاو.. خۆشـحاڵم كـە ئـەو بڕیـارە گرینگـەت داوە، بــەڵام خــۆت زۆر دڕدۆنــگ و گــەورە نەكــەیت چــاكە، چـونكە ئـەو بڕیـاری جەسـتەدانە، بڕیـاری هـەموو پیـاوێكی شــەریف و عاقڵــە.. ئــەوەی كــە تــۆزێ دەمــاری پیــاوەتی لــە جەســتەیدا بجــوولێ دەبــێ خــاوەنی ئــەوەبێ كــە هــەمكات جەســتەكەی، وەك شــیرینی و چــوكلێت یــان هــەر شــتێكی تــری لــەو بابەتــە بەســەر ژنانــدا پەخشــان و پەرتــەوازە بكــا.. بۆیــە تكــا دەكــەم بــەردەوام بیــت لــە بەخشــین و هەڵــدانی ئــەو جەســتەیە پــڕ لــە هێــزو توانایــەت.. رێــزم بۆت).

مــن بــەر لــەو نامەیــەش بڕیارمــدابوو، ئیــدی پــلانم دانــا بــڕۆم.. بــڕۆم و بــبم بــە پیــاوێكی ســۆزانی ســەرخۆش و

بێئــۆڵ و ئــازاد و وێــڵ، قەرارمــدا گەشــت بکــەم.. گەشــتی ڕەنگاڵــەیی و ڕەنگــاوڕەنگ، بــەرەو کــوێ؟ کامــە دوورگــە؟ ئــا.. ئــا.. بــەرەو نــاو جیهــانی ژن و شــەراب و سەرخۆشــی و ڕاســـتی و ژیـــان.. بـــەرەو نێـــو جەنگەڵـــەکانی عیشـــق و کــەناری زەریاکــانی لــەززەت.. بــەرەو ســەر تەختــە خــەوی زیبــا و ســەفا.. بڕیارمــدا بــبم بــە پیــاوێکی حەقدۆســت و مەســت و شــێت بــەدوای کامــەرانی و شــادمانی و گەشــبینی.. مــن بڕیارمــدا بــڕۆم، ماچــی لێــوی چارەنووســی سێکســیانەی خـــۆم لـــەو "دوو پێـــنج" ڕۆژەی تەمـــەن لـــە پـــەڕاوی بیرەوەرییەکاندا تۆمار بکەم.

ڕۆیشـــتم.. ورد ورد.. درشـــت درشـــت.. هـــەنگاو هـــەنگاو.. چــەلەنگ چــەلەنگ.. قۆنــاغ بــە قۆنــاغ و بــەبێ قۆنــاغیش تا گەیشتمە ئێرە...

-A-

لـــە شـــاری "میونشـــن"، لـــەناو یـــەکێ لـــە فارگۆنـــەکانی شـــەمەندەفەرێکی ئێکسپرێســـی ســـپیڕەنگ، فریشـــتەیەکی

قــژ زەرد و چاوســەوزی ناســکم ناســکرد، دەتگــوت بــەفر و خوێنە..

کـە بـۆ ئـاواکردنی پـەڕی کتێبەکـە باسـکی دەجوولانـد، مـن سـتیانە رەنـگ گۆشـتییەکەیم دەکەوتـە بـەر دیـدە، بۆیـە نەشـیام زێـدەتر لـەو هـەموو تـەوژمی مەراقـە، ئـۆقرە بگـرم و لـــەناو بێدەنگییـــدا، ســـەرما و ســـۆڵەی ئەندێشـــە بملەرزێنێ..

پێم گوت: تۆ دەمسووتێنی!

ئەننا گوتی: تۆ بۆ سووتان لەناو عەشق دەست نادەیت.

کـە تـاوێ لـەناو مەلەوانگـەی یـەکتر ناسـین و بـێ شـەرمیدا کەوتینـە ئـامێزی یـەکترەوە، ئیـدی لـەناو گەمـە جوانـەکانی ئەزموونـدا جاروبـار دەمـبردە باخچـەی ئـاژەڵان و بـەڕەڵای نـاو تـاووس و مـراوی و مـامزانم دەکـرد، لەوێنـدەر هەنـدێ ئـالیکی لـەززەتم دەدایـێ و بـۆ ئێوارەکـەی دەچـووینە هـۆڵی هونـەر و کـەمێك لـە پەیکـەرە رووتـەکانی "باخوسمـان" دەڕوانـی و پـاش ئـەویش دەچـووینە شـانۆی شـار، ئێمـە بـۆ

بینینـــی "هاملێـــت" دەچـــووین کەچـــی لـــەکاتی هاتنـــە دەرەوەدا، لەبەر ماچ هیچمان نەبینیبوو.

هەنـدێ جـار دەمـبردە "سـینە سـتار" یـان "سـینە مـاکس" بـــۆ ئـــەوەی بـــە چاوچـــوقان و بـــەدەم مرچـــە مرچـــی ماچـمانەوە، لـە فلیمێکـی پـڕ لـە جەفـەنگ و سـیمبۆلی فڕەنسی بڕوانین.

لـەناو مۆزەخانـەی شـاریش، چڕوچـاو و رووخسـاری خـۆمم لۆچـین دەکـرد و باروکەیـەکم لەسـەر دەکـرد، بـە دەسـکە کـەرەوزێك سمـێڵم بـۆ خـۆم چـا دەکـرد، لـە تەنیشـت پەیکەرەکـەی "دۆستۆیڤسـکی" دەوەسـتام و هـەمان شـێوەی ئـەوم لاسـایی دەکـردەوە.. تـاوێ بـەبێ هەناسـە خـۆم راگیڕدەکـرد.. پـاش چـەند خولـەکێك لـە لاڵـی "ئـەننا" خۆی بۆ نەدەگیرا و لە قاقای پێکەنینی دەدا..

بـێ شـەرمانە وەك پـەریێکی مـەکرباز و جادوکـارێکی پیاوخەسـێن رایـدەکرد.. رایـدەکرد و دەهاتـە باوەشـم بـە بەرچـاوی هـەموو تەماشـاکارانی مێـژوو، ماچـی دەکـردم و بـە دەنگێکـی بڵنـد و بـە ئـەڵمانییێکی ئەکچـێنێت رووسـی

دەیگوت: ئەی باڵندە ئازیزەکەم، بۆچی چاوەکانت ئەوەندە لە چاوانی هەڵو دەکەن؟ باسکەکانت ئەوەندە لە پەڕ و باڵی باڵندەیەکی غەجەری دەکەن؟ ئا بەڕاست هاتەوە بیرم تۆ و ژیانی تۆ وەك درەخت و باڵندە وان، ژیان لای تۆ وەك درەختێك وایە، خۆشت وەك کوندە بەبۆییێکی هەڵکوڕما و لەسەر ئەو درەختە، هەموو ساتێ چاوەڕوانی ئەوەیت چۆلەکەیەك بێتە نێو قوڕگت...

ئەو جارەیان لەرۆژانی شەممەدا وەك منداڵێکی ساوا دەکەوتە نزا  و پاڕانەوە و جینگە گرتن.. من دەمگوت: نایێم، چونکە لەبەر موو هەر لە بزن دەکەم، حەزم لێ نییە، تاووسە جوانەکان لەبەرم رابکەن..

ئەو بە تکاییێکەوە دەیگوت: دەی دەی باڵندەکە دەی، وەرە بۆ من تووکی جەستەی تۆ وەك پەڕە رەنگاوڕەنگەکانی تاووس و فەزان و رەنگاڵە وان.. وەرە با بچین لە مەلەوانگەدا سینەی رووت و جەستەی رووت و روحی رووتمان نمایشی وجود بکەین..

ئێمە لە دەستپێکدا لەسەر دەڕابە دارینەکە بە ترسەوە خۆمان هەڵدەدایە ناو ئاوە ساردەکە، دواتر-ئاو-مان بە شانازییەوە دەژەنی (چونکە من بە "ڤیت" هەموو مووەکانی جەستەی خۆم رەش کردبۆوە) و لە ناکاودا هێزێکی موگناتیزی وەك هێزی خاك لە کاتی راکێشانی سێوەکەی "نیوتن" ئاوا دەهاتە باوەشم، یەکترمان هەڵدەمژی، لێوەکانمان بۆ پرسی ئێمە دەکەوتنە هەڵقوڕاندن و توانەوە و یەکدی خواردنەوە.

تێکدەئاڵاین.. وەك دوو ماری شێت، بە ئاوازی شمشاڵی سرووشت، ئاوا زمانمان تێکدەئاڵاند، رووت و قووت بە بەرچاوی ئەو حەشاماتەوە، لەوەیش خراپتر بە بەرچاوی خوداوەندەوە دەکەوتینە ناو وانەکانی مەحببەت و دەرسی قەدەرمان دەدا..

من بەدەست و باسکەکانم خۆم بە لێواری حەوزەکەدا دەگرت، خۆم وەك مەسیح لێدەکرد لەکاتی لە خاچدانی، ئەو هێدی هێدی دەخزایە سەر رانەکانم، وەك مەل لەناو لانەی باوەشم هەڵدەکوڕما، پێڵوەکانی گران دەبوون و دەکەوتن، کە چرکەیەك پێڵوەکانی

لێکدەترازاند، ڕەنگی چاوە کەسکەکانی و ڕەنگی ستیانە زەردەکەیی و ڕەنگی ئاوی شین و ڕەنگی جەستەی لووس و سپی و خاکی کەسکی لێوار مەلەوانگەکە، بە وێنەی پەلکە ڕەنگینەیەکی دڵڕفێن سیحریان لە مرۆڤ دەکرد، ئای خودا ئەوە چ کەڤاڵێکی ساحیر بوو ئەو زەمەنە؟ من لەو چرکەساتەدا خەندە و مۆڕەم لە ژیان دەکرد، نوێژ و لەعنەت، تف و ماچ، من لەو چرکەساتەدا دەژیام و دەمردم بۆ ژیان.. گریان و پێکەنینم دەهات، فێنک دەبوومەوە و دەپڕووکام..

لە مەغریبان شۆڕمان دەکردەوە یەکێ لەو "کنایپە" تاریکانەی کە بە تەنها هەندێ مۆم و گڵۆپی سفری سۆرتاریکی لێ داگیرسابوو..لەو کنایپە سۆرتاریکە جارێك ئارەق و جارێك ڤۆدکا و جارێ تێکیلە و جارێ ڤاین و جارێ ڤاینبڕاند و جارێ وێسکیمان داوا دەکرد، تا موفلیس دەبووین، بە کحولی ئێستەتیك ئەهریمەنەکانی ناوەوەی خۆمان گێژ و سەرخۆش و خەنەبەندان دەکرد... لە کۆتایی و لە ناوەڕاستی شەودا، لەسەر ترۆپکی شاخی لەززەتەوە پڕ بە قوڕگم بۆ

دارســـتان و بـــەفر و ئـــەو بەرزاییـــە و چـــاوە ســـەوزەکانی "ئـــەننا"، لـــە قاقـــام دەدا و خۆمـــان غلـــۆر دەکـــردەوە نـــاو ژووریـّکـــی "دوو بـــە دووی" تاریـــك و لـــەویّوە، مـــن بـــیّ دوان و دیـــالۆگ وەك تەختـــە خـــەویّکی ئـــاویی، بەســـەر پشـــت و روو لـــە خـــوا رادەکشـــام، ئـــەو لەگـــەڵ هەڵـــدانی پۆشـــاکەکانی دەکەوتـــە بـــەرەڵاکردنی پرچـــی دریـّــژ و تـــەڵ تـــەڵی قـــژی نیگرۆی و دەستیدەکرد بە سەفەری هەژاندنی جەستە..

ئـــەو جارەیـــان مـــن ئـــەوم دەکـــردە روحـــی راســـتەقینەی خـــاك و خۆشـــم وەك گـــژ و گیـــا و گیابەنـــد و زەمەنـــد و کـــانییەکی بـــەهاری لـــەناو قـــەدی شـــاخیّك دەردەکـــەوتم و بەســـەریدا دەتەقیمـــەوە، مـــن دەتگـــوت یـــارییەکی ئـــاگرینم لـــە ئاســـمانی شـــەویّکی بەختـــەوەر، وەك دووپشـــك، دەکەوتمـــە گەســـتنی گۆپکـــەکانیی و کرۆشـــتنی لیّـــوی هـــەناراویی و هەڵدەخزامـــە لای هـــەریّمی ســـەربەخۆی نـــاوکی.. چـــی ئـــاوی کانیـــاوی جەســـتەی هـــەبوو، هەڵیمدەمـــژی، کـــە بـــە چەشـــنی ئـــاگر و پۆڵـــوی مانـــدوو، هیّـــدی هیّـــدی دادەمرکاینـــەوە مـــن بەســـەر پشـــت و روو لـــە "TV"ەکـــە، بـــەدەم گـــۆڕینی کەناڵـــەکان،

جگەرەیەکی مارڵبۆرۆم دادەگیرساند و دەکەوتمە ناو کورتە فیلمەکانی خیاڵمەوە..

"ئەننا" سەری ناسك و رroومەتی لۆکەیی دەخستە سەر سینەی لێرەوار ئاسام و دەیدەوانم، ئێمە هەندێ لە (دۆستۆیڤسکی و چایکۆفسکی و چۆمسکی و کاندینسکی) دەدواین و بۆ ئەو رۆژگارە غەجەرییە گرینۆك و گەوادە پێدەکەنین و مژێکی قووڵ قووڵم لە جگەرەکە دەدا و دەمگوت: "ئەننا" ئەی رۆحی من، ئەو ژیانە وەك رووبارێکی بێ رێرەو وایە، ئەگەر چرکەیێ، یا رۆژگار و شەوگارێ خواوەند ئێرەیی هات و دەستەکانی لێك دابچڕاندین و بۆ تا ئەبەد لێکدابڕاین و بووین بە بوونێك لە عەدەم و نەبوونێك لە بووندا؟

ئەو لە پیاوێکی کەمدیدەی من ئاسا زۆر ماقوڵتر وەڵامی دەدایەوە و دەیگوت: ژیان رۆمانێکی نامۆیە، ئێمەیش مولکی قەدەری پێنووسی ئەو رۆمانووسەین، کە مرۆڤ پێی دەڵێ خودا.. ئەی پشیلەکەی خۆم، گرنگ لەززەتە، ئێمە بە تەنها پاژێکین لە بەرژەوەندی، ئەو سوودانەی کە لە تۆم بینیوە، بۆ هەتایی بوونێکی مۆمیاکاوی ناو

یادگـەمن، تـۆ بـۆ هەمیشـەیی هـەیت، خـۆ ئـەو کاتانـەیش کـە لـە قەروێڵـەی باوەشـی پیـاوێکیتردا وەك رووبـارێکی پـڕ لـــە هەناســـە هەڵـــدەکورمێم و ئـــەو چـــرکەیەی ئێســـتام دەکەوێتـەوە یـاد، ئـەوا مـن ئامـادەم وەکـو سـەگەژنێکی بـە وەفـا، بەوپـەڕی راسـتگۆییەوە بـە نهـێنی لـە دڵمـەوە پێـت بڵێم: (یا لوبلو تێبیا) (من تۆم خۆشدەوێ).

-B-

لـــە "ئەمســـترام".. ئەگـــەر هێشـــتا وردتـــر و دروســـتریش بێـــژم، لـــەنێو رووبارێـــك و لـــەوێش لـــە نێـــو یـــاختێکی مـــۆدێرنی رەنگاوڕەنگـــدا.. "نەتاشـــا" مـــانگی بەدەخشـــانی نـاو ئاسمـانی زێـڕینی "مۆسـکۆ"، قوتییـە بیرەکـەی دەسـتمی رفانـد و خسـتیە سـەر لێـوە ئەسـتوور و سـیحراوی و خـوا دۆســـتەکەی و هەڵیقوڕانـــد تـــا ڤـــالاّ بـــوو.. مـــن لـــە "ئەمسـتردام" و لـەناو رەنگـینی ئـەو دنیـا گـوڵ و گـوڵزار و بـاخ و مارکێـت و جامخانـە سـۆرتاریکانەدا و لـەناو هـەموو رووبـارە درێـژەکانی زیبـادا، بـە ئاشـکراو بـە بەرچـاوی خەڵکیـدا کلیلـی جەسـتەی خـۆم تەسـلیمی دەسـتە قەشـەنگ و نەرمەکانی "نەتاشا" کرد..

ئــەو کلیلــی جەســتەمی لـــە ملوانکەیـــەك هەڵکێشـــا و خستییە ناو دۆڵی مەمکە تورتەکانی.

(خۆتـــان دەزانـــن ئێـــرە مەنفایـــە و تـــاریکیی و تـــەنیایی دەتکـوژێ) بۆیـە لـە ئێوارانـدا و لـە کـاتی غـروب، زەنگێکـی خێــرا و پێویســتم لێــدەدا و بــێ ســڵاو بــە پاڕانـــەوە و فەرمانێکەوە دەکەوتمە ئاخاوتنەوە..

- نەتاشــا.. نەتاشــا.. نەتاشــا.. ئــەی کەعبەکــەی خوداوەنــد، ئــەی قیبلــەی کــوڕە دەرۆزەکەرەکــەی ڤیــان و لــەززەت.. لــە مەملەکــەتی ئــەو جەســتە بەهاراویــەم مێــرگ و دەریاچــەی زۆر هەیــە، نەتاشــا.. نەتاشــا.. لێــرە لــە پێدەشــتی ســەوز و لـە شـاخی بـە پـیتی جەسـتەی منـدا، کـارێزی زۆر و دەراوی زۆر و لــە بنــار و زنــار و دونــدی جەســتەی مــن و لــە یــاڵ و لاپـاڵی روحـی منـدا، کـانی و -ئـاو-ی سـازگاری سروشـتی زۆر و زەوەند هەیە..

نەتاشــا.. ئــەی حۆرییــە ئەکادیمیەکــەی نــاو بــاخ و باخــاتی وجـود، وەرە بـە دینـەمۆی زمـان و لێـو، مـژی قـووڵ قـووڵ

لە زمانی ژەهراوی ئەو مارە کپ و مات و هەڵچووەی ناو روحم بدە و ماڵت ئاوا..

نەتاشا لە من پەرۆشتر و لەمن تێنوتر، زوو زوو بە میترۆی پەشێویی و مەراق و دواتر بە شەمەندەفەری خەون و بە کەشتی لەززەت و لە کۆتاییشدا خۆی و ئومێدی ئایندە دەهاتە ناو ماڵی جەستەم و چی قوومی قووڵی ئەو مێژووە هەیە لە ئامێرە سەرخۆش و شێت و هار و بێ ئۆقرەکەی دەدا و تا تێر تێر روحی خۆی ئارام کردەوە، مەمکەکانی خۆی ئاو دەدا..

ئای هەی.. حۆری مۆدێرن و کارمامزی مەمك سفت و سۆڵ، چەند بە هێوری و بوێری لە ئامێزمدا رادەکشایت و چەند بە چاو مۆنیش پێت دەگوتم: (یا خەچۆ تێبیا)(من تۆم دەوێ).

-C-

دارخورمــاییێکی ســینه نــارنجیم لــەناو مــارکێتی قــەدەرێکی ناســیاردا دووبــاره ناســکردەوه.. ئــەو کچــه چــوارده ســاڵییه، درووست وەك پەپووله وابوو، لەناو باخی وەنەوشاندا.

کــه هەنــدێ هــزریم و قــامکی شــەهادەمم خســته ســەر مێشــکم، تێگەیشــتم مــن لــه کــاتی لــه دایکبوونیشــدا دەمناســی، جارێکیــان لــه چــرقەی نیوڕانەیەکــدا ســیحرم لێیکــرد و ئــەوم کــرده ســێبەری خــۆم.. بردمــه نــاو کارگەیەك که تەنیایی بەرهەمدەهێنا و پێم گوت:

مــن بڕیارمــداوه جەســتەی کــەم بــەهام بــه پانتاییــەکانی گــەردوونی مێیانــدا عاشــق و پەرتــەوازه بکــەم.. هەوڵــدەدەم وەکــو پشــیلەیەکی نێرینــەی خــورت بخزێمــه نــاو دەفتــەری ژیــانی ژنــان.. دەمــەوێ بــه هــەموو ماناکــانی چــەمکی پیــاوەتی و جورئــەتی کەڵەشــێریکی پۆپیتــه قیــت بــه چــواردەوری خۆمــدا لێبخــوڕم.. ئــەو چــونکه هێشــتا هــەر پەپوولەیــەکی چــکۆلانەی تەمــەن بچــووك بــوو، هەمیشــه هــەڵفڕ هــەڵفڕ هــەر خــەریکی مــژینی شــیلەی گوڵــه

نێرگزەکانی پرسیار بوو، لە گلێنە زەردەکانی منی روانی و گوتی: من هێشتا لەو دیالێکتە قورسەی تۆ تێناگەم، دوایێ خۆشت دەزانی تەمەنی من نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە دەرسم بگاتە ئەو تێمە گران و شیکار زەحمەتانە!

گوتم: مەکر مەکە، ئەگەر حەزت بە جەستەم بێ، من ئامادەم پاژێکت لێی پێببەخشم..

ئەو ئازا بە تیغی چاوانی لێمی روانی و گوتی: بە پارچەیەکی رازی نابم، ئەگەر هەموویم پێدەدەی؟

پرسیم: هەر جەستە؟

گوتی: نا .. نا.. نەکەویە نەواڵ و چاڵ و تەڵەی هەڵەوە، رۆحیش.

گوتم: کچم حەیرانت بم.. وا بناغەی مەمکتم لێدیارە، چیت داوە لە فەلسەفاندنی ژیان و عیشق و شیکردنەوەی هاوکێشە بێ شیکارەکانی مێژوو؟

گوتی: من پێویستم بەجڵەوی بوراقی رۆحتە..

من حەزم بە گۆڕینی ئەو بابەتی بە قەفەزاندنی جەستە و ئازادییەکانی روح بوو، بۆیە بە راستگۆییەوە گوتم: کچی خۆم، دارخورمای مەمك پرتەقاڵ، کا دە پێم بڵێ (کەی بووە دارخورما پرتەقاڵ بگرێ)؟

ئەو خەندەیەکی شەیتانانەی بۆم کرد و من بەردەوامبووم: دەوەرە لێوەکانت بێنە پێشەوە، لەناو گەردوونی دەوی مندا سنوور نییە، نە سنووری پیر و نە سنووری گەنج هیچ یەکێکیان بوونیان نییە، دەی وەرە پێش، لەناو گەرموگوڕی هەناسەی مندا هیچ کۆت و پێوەند نییە، وەرە وەرە ئەی ڤینۆسی سەدە، ئەی پەریزادەی زمان تراژیدیا وەرە پێش.

بە چاوەکانم جادووم لێ کرد و هێنام.. لەناو حەزانەی باوەشم و لەناو باخچەی ساوایانی لێو و زمانم و لەناو قوتابخانەی سەرەتایی دەست و پەنجەکانم، دەرسی گەورە بوونم پێیدا.. من ئەوم خستە ناو چوارچێوە و قاڵبی مراوییێکی باڵ سفت و سەوز و چاوڕەش، من بە سیحری دڵم، کردمە مراوییێکی رەنگاڵەیی و حەقیقی و خستمە ناو دەریاچەی عیشقەوە.. ئێواران کە برسی دەبوو،

زەنگێکـی بـۆ مۆبایلەکـەم لێـدەدا و دەیگـوت: زووبـە وەرە.. زوو زوو برسیمە..

مـن وەك گـورگێکی بـێ ئـەنوا و وەك گـورگێکی برسـی و بـێ ناونیشـان، جـەنتاییێکم پـڕ دەکـرد لـە وردە نـانی سـەفا و لـە سـریلاکی ڤیـان و لـە یوگـوردی شـەهوەت و تـا دەریاچـەکە راوە نەدەســتام.. وردە وردە ئـەو شـتانەی کـە لەگـەڵ خـۆم هێنابووم دەمخستە ناو قوڕگی زێڕینی...

ئــەو باڵــە رەنگاوڕەنگــە بەختــەوەرەکانی لێکــدەدا و بــە ئاسمــانی ئــەو دەریاچــەی ئەوینــە چــەند فــڕ و خــولێکی تێـری لێـدەدا و بـە پەشـۆکاوی و پەرۆشـییەوە دەگەڕایـەوە سـەر سـەرم و لـەوێ لانـەی چـادەکرد.. ئـەو لـەوە دەترسـا رۆژێ دابـێ خیانـەتی لێبکـەم و لـە تەنیاییـدا بـەجێیبێڵم.. بۆیــە هــەڵفر هــەڵفر خــولێکی دیکــەی لێــدەدا و دەهاتــەوە نـــاو مینـــای ددانـــەکانم، مـــاچ مـــاچ مـــاچ مــاااااچ مـــااااااااااااچ مـــااااااااااااااااچ تـــا شـــل دەبـــووم ماچـــێکم دەکـــرد، دڵم نەدەهات بیخۆم، چونکە لە ناسکیدا بێ هاوتابوو..

رۆژێکیـان لـەناو چڕسـتانێکدا، لێـوم لـە لێوەکـانی کـردەوە و گـوتم: ئـەی مراوییـە مەسـت و دلێـر و سـەرکێش و شـێت و جوانەکـە، هـانێ ئەوەتەیـە چـەند لیترێـك لـە «ئـاو»ی زمـانم، بـڕۆ بـۆ خـۆتی ببـەو بناغـەی مەمکـەکانتی پـێ ئـاودە، هـانێ ئەوەتەیـــە کیمیـــای دڵ و دەروون و بیبـــە، هەیکـــەلی مەمکـەکانتی پـێ قایمترکـە.. بـانگیم کـرد و گـوتم: وەرە و دەســـتەکانت لـــە ســـینگم هەڵســـوێنە و هەنـــدێ پـــەینی لــەززەت ببــە، تــا دارخورمــای بــەژنی زراڤــتی پــێ بڵنــدتر کەیت..

کـــە هـــاریش دەبـــووم، دەملوورانـــد.. هـــوووو.. هـــوووو... هـــوووو لمـــوزی درێـــژوکانیم روو لـــە خوداوەنـــد دەکـــرد و پێـــیم دەگـــوت: وەرە، گۆپکـــەی لـــە خـــەو هەســـتاوی مەمکـــەکانت بـــدرە بـــەر هـــەور و بڕوانـــە ئـــەو ســـپێدەی شـــێتبوونە.. (مـــن پیـــاوێکی بـــێ قـــەدەرم، وەرە تـــۆ ببـــە قـــەدەری ئێســـتام).. بـــانگیم دەکـــرد.. مـــراوی.. مـــراوی بـــاڵ ســـــفت و ســـــەوز.. تـــــاووس بـــــە دەســـــت خـــــۆم نییـــــە جەســـتەکەمت پێدەبەخشـــم و بـــە ســـۆرانییێکی ســـتاندەر و بــە ئەکچــێنتێکی پــاراوی "ابــن المســتوفی" پێــت دەرێــم: تــا

هـــەتایی خۆشمـــدەوێی.. خۆشمـــدەوێی خۆشمـــدەوێێێی... ئـــەی یەکـــەمین و ناســـکترین و دلۆڤـــانیترین و برژاوتـــرین نـــەرمکی ئاســـك، لـــەنێو ددانـــە بـــێ وەفاکـــانی پشـــیلە.. خۆشمدەوێی.. تا کاتی زیندووبوونەوە خۆشمدەوێی.

ئـــەو کـــە بـــە چـــاوەکانی خـــۆی دیـــتی مـــن خیانـــەتم لێـــی کـــردووە و هێشـــتایش پێیـــدەڵێم خۆشمـــدەوێی.. دوو دڵۆپـــە فرمێســـك لەچـــاوانیدا قـــەتیس مـــان.. وردە ڕۆنـــدك و فرمێســـکە درشـــتەکانی، خۆیـــان بـــۆ نـــەگیرا و بەســـەر گۆنـــا جوانەکەیـــدا هاتنـــە خـــوار، ئـــەو هێـــزی نـــەبوو بیانسـڕێتەوە، بـــە دەنگێکـــی گریـنـــاوی گـــوتی: حـــەز ناکـــەم چـــیدی بـــرینی قـــووڵ لەناخمـــدا هـــەڵکۆڵیت، تـــۆ دەڵێـــی گۆڕهەڵکـــەنی وەخـــتێ بـــە حـــەفارەی درۆ دڵـــم چـــاڵ دەکـــەی.. مـــن بەرگـــەی دەرد و ئافات و خەون و ئومێدی زیاتر ناگرم..

مـــن دەمگـــوت: بێنـــە ماچـــێکم لـــەو دوو لێـــوە ئۆرگینالـــە پێبـــدە، لـــەو لێـــو و زمانـــەی کـــە خـــۆم- ئـــاو-م داوە و هـــەر خۆشـــم بـــووم باخـــەوانیم تێیـــدا کـــرد.. ڕێگـــا بـــدە بـــە لێوەکـــانم دوو هـــەناری مێخۆشـــی ســـەر ســـینەت گـــەورەتر

بکـەم.. غـەددر دەکـەی کـە ئـەو هـەموو هیلاکییـەم بـەفیڕۆ دەدەی، ئەو هەموو پاڵە و جوتیارییەم بە -با- دەدەی..

ئـەو دەیگـوت: تـۆ خیانـەتی ئـەو بێسـتانەت کـرد (مەبەسـتی باخـەڵی بـوو)، تـۆ بـووی پێـت گەیانـد، خـۆت بـووی ئێشـکت بـە دیاریانـەوە گـرت، ئـەو بەرهەمـە مـوڵکی تـۆ بـوو، کەچـی هـەر خۆشـت بـووی خیانـەتت لێـی کـرد و بـە بـەهاییێکی کـەم هـەڕاجت کـرد.. تـۆ منـت بـە بەرهـەمی دیکـە سـەودا پێکـرد.. بـڕۆ.. ڕێگـا لەبـەر دەمـم ئاوەڵاکـە، تـۆ عاشـقێکی درۆزنـی یـان پشـیلەیەکی درۆزنـی.. هـەموو دەمـێ لـەززەت لــە ئــازاردانی منــەوە دەبینیــت.. ئــەو کاتانــەی هەســت دەکـەی دڵـی مـن وەك ئاقـارێکی لمـین شـەقار شـەقار دەبـێ، ئەوکاتـە دڵـی تـۆ دەبێتـە درەختێکـی بـەهاری و چـڕۆ دەکـا.. ئەوکاتانــەی ڕۆحــی مــن شــاڵاوی لافــاوی بــۆ دێ و بورکــانی غـەریبی داگـیری دەکـا.. ڕوحـی تـۆ لەگـەڵ ژنێکـی دیکـە لـە ترووپـك و حەلحەلـە و قاقـا و سـەفای دڵشـادی دایـە.. ئـای خۆشەویســتە خائینەکــەم، چــەند بــۆت ســووتام و چــەند بــۆت گریــام؟ چــەند بــۆت لــە گۆشــەکاندا فرمێســکی خوێنینم هەڵدەڕشت؟

گوتم: وەرە ماچێکم بدێ..

گوتی: ناوێرم.. لەبەر تۆ نا.. لەبەر خۆم.. نامەوێ جارێکدی بە شەرابی لێوی پشیلەیێ مەست و حەیران بم.. وازم لێبێنە ناوێرم..

پاش زەمانێکی دوورودرێژ، بەر لەچەند رۆژێك چاوم پێی کەوتەوە، بە خەمگینی و پەرۆشییەوە پێمیگوت: دەڕۆم، منیش وەك تۆ دەچمە باوەش و ئامێزێکیدی.. من تەماشام کرد چی دەرگا و پەنجەرەکانی کەون هەیە، هەمووی داخرابوون.. دڵم کەوتە لەرزین.. تەپە تەپی دڵم وەك دەهۆڵی پاشیوانی دۆم و قەرەجەکانی وڵاتێکی رۆژهەڵاتیی دەنگی دەدایەوە، ئەو گوتی: ئەی پشیلەکەی خۆم دڵتەنگ مەبە، منیش وەك تۆ سەفەر دەکەم.. گوتم: ئەو هەموو رۆژگارە خۆشەت لەبیر چوو..؟

گوتی: من ناتوانم وەك تۆ بێ وەفابم.. بۆیە دەستی دایە قەڵەمێك و دوا پەیامی خۆی بۆ من لەو چەند دێرەدا (کە دڵنیابووم لە کتێبەکاندا خوێندبوویەوە) کورت کردەوە..

- خۆشەویستی من بۆ تۆ ئەو کاتە تەواو دەبێ، کە کەڤاڵڤانێك توانی وێنەی دەنگی گوڵێك بکێشێت لە کاتی کەوتنە خوارەوەیدا..

- ئەگەر بمزانیبووایە بەردانی دەستت هێندە گرانە، من هەرگیز لە ژیانمدا نەمدەگرت..

- ئەگەر من پەیوەندیت پێوە نەکەم، مانای ئەوە نییە من لە یادم کردوویت، من بە تەنیا کاتی ئەوەت دەدەمێ کە غەریبیم بکەی..

- بریا لە شوێنێکی باراناویدا پێمت گوتبووایە کە ئەوە کۆتاییە و ئێمە هی یەکتر نین.. تاکو نەتوانیبووایە فرمێسکەکانی من و دڵۆپی بارانت لەیەکتر جیا کردبووایەوە..

هاوارم کرد کارمامز، کارمامز.. خۆشمدەوێ..

گوتی: پاش چی؟ پاش ئەوەی کە هەموو ڕێگاکان بە وەرینی گەڵاکانی ڕەشبینییەوە ڕەنگرێژ کران..؟ پاش ئەوەی کە هەوری بێ ئومێدیی و ناکامیی بوون بە

حــاكمی ئاسمــانی ژیانمــان..؟ پــاش ئــەوەی کــە مردنێکــی هەمیشـەیی بـوو بـە بـرادەری تەمـەنم؟ پاش چـی؟ تـازە نـە مـن و نــە تــۆ و نــە خوداوەنــدیش، کــەسمان نــاتوانین ئــەو چرکەساتە پاکیزانەی رابردوو بگەڕێنینەوە..

کــە لــە کافتریــا تــەمیز و ڕەونەقدارەکــە لێکــدابڕاین، مــن چـــاوەکانم توانســـتی خوێندنـــەوەی گـــەرد و گـــەردوون و هــیچ شــتێکیان نــەما.. هەمــدیس خــۆم وەك قالۆچــەیەکی ڕەش هاتــە بەرچــاو.. لــە تونێلەکــە دەســتمان بــۆ تەوقــەی فــیراق لەیــەك خشــاند، تــاوێ لــە گلێنــەکانی یــەکترمان روانــی.. تەماشــامان لــە نــووکی رم و لێــواری تیــژی چــەقۆ دەچوو، جەرگی یەکترمان دەبڕی..

گوتم: دەچم دەنووم..

(ئەو هیچ بۆچوونێکی نەبوو).

گـــــوتم: دەڕۆم.. دەمـــــەوێ بچـــــم، خـــــەوێکی ئەبـــــەدیم لێبکــەوێ.. ئــەو زەردەخەنەیــەکی پــڕ لــە مــەعنای کــرد و لــە یــەکتری دابــڕاین... پــاش ســی و ســێ ڕۆژ نوســتن، زەنگــی تەلــەفۆن خەبــەری کردمــەوە، ئــەو بــرادەرە دەنــگ خۆشــەم

بـوو کـە دەیویسـت ببێتـە گۆرانیبێـژ.. داوای لێکـردم کـە لیرکێکی پڕ لە سۆزی بۆ بنووسم.

-D-

لەکـەناری ئۆقیانۆسـی شـەوێکی تـاك و تـەرا و ئەنگوستەچـاودا، قـەیرە کچـێکی پـرچ سـەرحی کـایی و مـەمك فنجـان و بخـوورم ناسـی.. تـاڵ تـاڵ و تـەك تـەکی تاڤگـەی حـەریراوی پرچـی خسـتە سـەر سینەی لـەت لـەت و سیمای قلێش قلیشاوی تێنووم..

چـاونەترس و بـوێر، بێهـۆش و شـێت و پـڕ لـە جـۆش و جەربـەزە و ئاغـاژن.. دەتگـوت هەسـتی لەهییـە لـەکاتی هەڵچـوونیدا.. وەك دەریـا و مینـا و سـارا و بیـان و بـاران وابـوو.. وەك شـەپۆل جارێـك سـەرە دیقـانێی لەگـەڵ "زێوس"دا دەکرد و جارێکیش هێمن..

رۆژێ هێشـتا هـەر لـە ژوورەکـانی "پاڵتـاك" و "مێسـینجەر"دا خـەریکی یـەکتر ناسـین بـووین، وەك خـۆر

لــە تیراســەی ژوورەکەمــدا گزنگیــدا و ســتیانە رەشــەکەی هەڵدایــە ســەر چڕوچــاوم و مــەمکی راســتەی خســتە نــاو دەوم.. لــەوەش ســەیرتر، جارێکیــان لەســەر کورســییێکی دوو نەفــــەری لــــە پــــەنا دار ئاڵوبــــاڵو و دارکاژێــــك و لــــەناو گۆڕەپانەکــــەی قوتابخانــــەی شــــەوان بــــە سەرکێشــــی و سەراســیمەیی کەوتــە نــاو شۆڕشــی ئــازاد کردنــی جەســتەم. مــن لەســەر خیابانــەکانی مردنــدا لــە پیاســەی لەززەتــدا دەمگوزەرانــــــد کــــــە بەرێوەبەرەکــــــەی وەك پۆلیســــــێکی مـۆدێرن و بــەڕێز و بێــزەر، بــە بەردەمانــدا تێپــەڕی، ئێمــە هــــەردووکمان بــــە بزەیەکــــەوە ســــلاوی مرۆڤدۆســــتانەمان ئاراســــــتەی یــــــەکتر کــــــرد و دنیــــــایێ هێمنیــــــی بــــــۆ بەجێهێشــتین.. ئەوکاتــە مــن تێگەیشــتم کــە لــە دەرگــا نــەدانی مــاڵی عاشــقان چــەند گرنگــە.. قــەیرە فریشــتەیش بــە لێــوە ئەســتوورەکانی هــەر خــەریکی دەرهێنــانی -ئــاو- بـوو، لـە -بۆڕی- وجـود، منـیش بـەدەم بیرکردنـەوە لـە ژیـان پرچــیم بــۆن دەکــرد، بــۆنم دەکــرد و لــەناو لەپەکانمــدا هەڵمدەســوی.. پرچــی تاڵێــك قــاوەیی و یــەکێکی دی زەرد یـان کـایی بـوو.. دەسـتەکانمم توونـد توونـد گرمۆڵـە کـرد و

تۆپــەڵی پرچــیم لــەنێو دەســتم کــۆکردەوە، ئــەو مســتە پرچــە حەریراویــە، هــەر لــە تۆپــەڵێك ئاوریشــم و ئــاوی دەکــرد، دەتگــوت رەیحانــە.. لەبــەر توونــد راکێشــانی پرچــی ئــەو ئــاهێکی کــرد، گــوتم: ببــوورە گــوڵ.. دواتــر هــەر خــۆم وەڵامــی خــۆمم دایــەوە و گــوتم: زەقنــە بــووت.. خــوا لاڵــت بکــا.. گــوڵ چ حــەددی هەیــە، دەگاتــە کــەناری دەریــای عەتری!؟

ژیــان هــات و چــوو، منــیش بــۆ هــەمی گاڤــا، ئــەو عەســرە ئەرژەنگــە لــەناو خەزانــەی خەیاڵمــدا زریــنگ زریــنگ، وەك زەنگــی کڵێســەیەك دەزرنگێتــەوە.. خۆشــم نــازانم لەســەر چــیبوو، ئــەو قــەیرە فریشــتەیە بیســت و پێــنج ساڵییە لــێم تۆرا و گوتی: دەڕۆم.

مــن لەســەر ئــەژنۆ بــە شــۆرتێکەوە، ســەرم خســتبووە ناوەنــدی هــەردوو رانــە پڕکــەیی و چــاوانم فرمێســکیان تێــدا قــەتیس مــابوون.. دەســتەکانم وەك -بــا- دەلــەرزین.. دڵــم دەتگــوت تۆپەڵــە گرێکــە لــە جەســتە.. خــودا چ بــوو ئــەو رۆژە شــوومە؟ وەك ژنــی لــەڕ و لاواز و بــێ دەســتهەڵات کەوتبوومــە مرچــە مــرچ و ماچــکردنی دەســتەکانی.. نــاوە

نــاوە دڵۆپــە فرمێســکێك دەکەوتــە ســەر ئــەو متفەڕکــە ڕەنگاوڕەنگــەی کــە بــە دیــاری لــە "لاش"وە بۆیــان هــاوردبوو.. درۆ نییــە گــەر بڵــێم بــە ژمــار یــەك هــەزار تنۆکــە ڕۆنــدك و هێســترم دابارانــدە ســەر قامکــەکانی.. بــە هەنســك و دەنگێکــی لــەرزۆکی ژنانــەوە دەمگــوت: نــەڕۆی.. نــەڕۆی فریشــتەی خــودا، نــەڕۆی گــەرنا "تاووســێ مەلــەك" چــیدی ناتپــارێزێ.. هــەموو ژنــەکان بــە لاییــك و تــۆیش بــە تــەنها بــە لاییــك.. نــەڕۆی چــونکە زۆر دەترســم فــیراق ببێتــە زەریــا و بمخنکــێنێ.. نــەڕۆی نــەڕۆی، مــن چــۆن دەتــوانم ژیــان بــەبێ هەناســە ببــەم بــەڕێوە؟ نــەۆڕی.. نــەڕۆ..... ئــەو بــەدەم توونــدکردنی ســتیانە ڕەشــەکەی مۆڕەیــەکی کۆمێــدی کــرد و بــە پرتــە برتێکــەوە چــووە بەرامبــەر ئاوێنەکــە.. لێوەکــانی بــەو ســووراوەی کــە لــەنێو جەنتاکــەی دەریهێنــا هەنــدێ قــاوەیی یــان ســۆرتاریك کــرد و بۆی دەرچوو، ڕۆیشت، هەر ئاوڕیشی نەدایەوە...

ئــەو قــەیرە تاووســە کــە لــە ئەســڵدا نــاوی "ســوریا" بــوو، زەنگێکیشــی بــۆ لێنــەدام.. وا پێدەچــوو مــنی جــارانی ســفر کردبــێ! مــن زۆر قــەهریبووم.. وام هەســتدەکرد (ژن

کائینێکی بێ دڵە).. یان گەر هەشیان بێ ئەوا لە بەرد و کەڤر و چیمەنتۆیە... ئەوان بە تایبەتیش لەو کاتانەدا دڵەکانیان وا بە رەقی نیشاندەدەن کە پیاوێکی لەڕو لاوازی وەك من لەبەرامبەر خۆیاندا ببینن.. من پێشووتریش گوتومە (ئەوان وەك سێبەر وان، گەر دوایان بکەویت لەبەرت رادەکەن، خۆ ئەگەر لەبەریشیان رابکەیت، ئەوا دەکەونە دوات).

درۆیە ئەوان پەپوولە نین.. فریشتەی خوا نین.. گوڵ و نێرگز و بەختەوەرییش نین... ئەوان لە بری پێکەنین گریانن، لەجیاتی گوڵ، دڕك و لە جیاتی هەتوان برینن.. ئەوان کارێزی لێڵن، کانیی دوگمان، بەفری رەشن، شاری خامۆش و کوندەبەبۆی سوورن.. ئەوان لەسەر قەرەوێڵەکەدا رادەکشێن و تاوێ دەرگای رانەکانیان ئاوەڵا دەکەن، تا دایکی پیاو بگێن و هیچیتر.. ئەی لەعنەتی خواتان لێدا.. ئێوەن نەوەی راستەقینەی شەیتانن..

من لەسەر قەرەوێڵەکەدا راکشابووم، نەمدەویست بیر لە هیچ شتێك بکەمەوە، کەچی سەرینەکەم یەخەی دادڕیبووم و وازی نەدەهێنا.. ئەو سەرینەی کە وازی لێم

نــەدەهێنا، بــۆنی پرچــی "ســوریا"ی گرتبــوو، بــۆنم کــرد.. بــۆنم کــرد.. توونــد بــە لــووتی خۆمــەوە نوســاند و بــۆنیم کــرد، هەمــدیس وەك ژن لــە پڕمــەی گریانمــدا و بالیفەکــەم بــە هــەموو هێــزم لــە دیوارەکــەی بەرامبــەرم گــرت، کــەمێ خــۆم هێــور کــردەوەو گــوتم: داڕزێــی پیــاو، کــەی ژن ئــەوە دەهـــێنێ..؟ هەنـــدێ هـــێمن بوومـــەوە، کەچـــی تەلەفۆنـــە نەفرەتییەکـــە ســـەرنجی راکێشـــام.. ئـــەو دەمانـــەی لێـــرە دەڕۆیشــت و دەگەیشــتە مــاڵ، یەکــەمین شــت کــە دەیکــرد، بەهۆی تۆوە دەهاتەوە ناو گوێچکە و روحی خۆشحاڵم..

رابـــووم.. هێڵەکـــەم لـــەناو دیـــواردا هەڵپچـــڕی و ئـــامێری تەلەفۆنەکــەم خســتە ژێــر پێیــەکانم.. هــەر هەڵپــەڕیم تــا وردوخاشـــم کـــرد.. چـــونکە بەرگـــەی چـــاوەڕوانی زیـــاترم نـــەدەگرت.. گەڕامـــەوە ســـەر تەختـــە خەوەکـــە و بەســـەر پشــت راکشــام... بەتانیەکــەم تــا ســەر کــەپووم هێنــابوو.. پێڵوەکـانم تـروك تـروك، بــە وێنــەی چـرکە چـرکی کاتـژمێر لــەناو ئــەو بێدەنگییــەدا دەنگیــان دەدایــەوە، لــە ناکــاو پــڕ بەســـییەکانم هـــاوارم کـــرد، تـــۆیش؟ تـــۆیش..؟ بەتانییەکـــەم لـــوول لـــوودا و هەڵمـــدا... ئـــەو دوو تاڵـــە مـــووە قـــاوەیی و

کاییـــه (یـــەك مەتریەشـــم) لـــه لێـــوانم کـــردەوه کـــه بەتانییەکه هێنابوویه سەر لێوان..

هێـــدی هێـــدی وەك پیـــاوێکی هزردۆســـتی زەنـــدەق چـــوو، وەك پیـــاوێکی ترســـنۆك و گەمـــژه و زراوچـــوو، دەرگـــای کەنتۆڕەکـــەم کـــردەوه، ســـەرەتا خۆشـــم نەمـــدەزانی بـــەدوای چـیدا دەگـەڕێم..! بـەڵام دواتـر هاتـەوه بـیرم، دەسـتم خسـته نـاو گیرفـانی ئـەو شـۆرتەی کـه دواتـرمین جـاری پێکـەوه بـوونمتن لەگـەڵ "سـوریا" لەبەرمـدا بـوو.. جگەرەیـەکی پێچـڕاوی پـڕ لـه تـوتن و حەشیشـم دەرهێنـا و چـوومه ژێـر رەفـەی کتێبـەکان و لـه گۆشـەیەکدا پشـتم بـه دیـواردادا و سـەرم خسـته نێـو رانـەکانم.. بـه تـرس و لـەرز و لەرزینـەوه جگەرەکـــەم داگیرســـاند و قـــوومێکی قـــووڵی پـــڕ بـــه سـيیەکانمم لێـدا.. سـێ چـار مـژی دیکـەی توونـدم لێـدا و کـەمێ ئـارام و مەسـت بـووم.. سـەرم بـەرز کـردەوه، دیـوانی "نـــالی"م هێنایـــه نـــاو لەپـــەکانم، دیوانەکـــەم کـــردەوه، یەکسـەر ئـەو دوو لاپەڕەیـه بـوو، کـه هەنـدێ رەسـم و گوڵـه وشـکەڵاتووەی کـه "سـوریا" لـه "دیـار بکر"ـەوه بـه دیـاری بـۆی هێنـابووم، تێـدابوو.. ئـەو گوڵـه وشـکه، کـه بـووه

وێنەیـەکی کاغـەزین، لـە دڵ دەچـووە بـە دوو پەنجـە بـەرزم کـردەوە و لـە لـوتمم نزیکـردەوە، هێشـتا بـۆنی خۆشـی خـۆی لەدەســت نــەدابووم.. لەبــەر مەســتی دەتگــوت هــەنگم وا پرژاومەتــە ســەر ئــەو گوڵــە، وێنــەکانم دەرهێنــا و دیســان قــوومێکی دیکــەم لــە جگەرەکــەدا و لــە یەکــەمین وێنــەدا وردبوومــە.. "ســوریا" بــە رووتــی راکشــاوە، لەســەر پشــتی بــە قەڵــــەمێکی خۆشنووســــی نووســــراوە تــــۆ قەدەرتــــە بگەڕێیتـەوە نێـو دارسـتانی سـینگم، تـۆ قەدەرتـە مـن ئایـەت لــە قورئــانی پشــتت زەخرفــە بکــەم و ئیمپراتۆریــەتێك پیتی رۆمانسیش لە رۆحتدا هەڵبکەنم

تۆ قەدرتە بگەڕێیتەوە نێو قەرویڵەی رووناکیی و

نێو جگەرەی هەور و نێو پایتەختی شەونم

تو بە بارین راهاتووی

چۆن دەتوانم لەم وڵاتی لمەدا سەما بکەیت؟

ئەی پرچ پایز تۆ ناتوانی جەنتاکەت بخەیتە ملی

-تۆفان- و ئیتر نەگەڕێیتەوە...

لــه بــن ئــەو شــیعرەدا، لەســەر خــەتی سمــتی، نــاوی مــن نووســرابوو، لــە بنــەوەیش لــەلای چــەپە، لەســەر روومــەتی سمتی ئیمزاییێکی من کرابوو، بە مێژووەوە.

لــە وێنەیــەکی دیکــە، رەسمــی ســەرێکی زل لەســەر مــەمکی چــەپەی کرابــوو، ئــەو ســەر زلــە کــە لــە خــۆم دەچــوو، رەسمێکــی دیکــەی خــۆمی کێشــابوو، تــەواو ســەری مــن بــوو، لە بنەوەش ناوی من بە مێژوو و ئیمزاییێکەوە.

لــە وێنەیــەکی دیکــەدا، هــەردووکمان نیــوە رووتــین، ئــەو پشــتی بــەناو رانەکانمانــدا هێناوەتــە ســەر ســینەم و لــە باوشمــا راکشــاوە و هــەردووکمان بــە دڵخۆشــی پێدەکــەنین.. لــە وێنەیــەکی دیکــەدا ئــەو لەســەر کورســی پشــت مێزەکــەدا دانیشــتووە، ســەری بــۆ خوێندنــەوەی کتێبێــك خــوار کردۆتــەوە کــە ســەبارەت بــە "ئــاییینی زەردەشــتە"، ســتیانێکی رەشــی لەبەردایــە، لەســەریەوە تــا ســەر نــاوکی دەرچــووە.. لــە وێنەیــەکی دیکــەدا، شــیعرێکی کلاســیکی کــە باســی خۆشەویســتی دەکــا، لــەبن مــەمکی راســتەی دەســتپێکراوە و لەســەر گورچــیلەی چــەپەی، بــەروار و ئیمــزا و نــاوی مــن نووســراوە.. مــن بــەدەم هەڵمــژینی ئــەو

دووکەڵــە حەشیشــاویە چــەند جارێــك وێنــەکانم هــەڵگێڕ و وەرگێـــڕ کـــرد و خســـتنمەوە نێـــوانی لاپـــەڕەکانی 430-431ی دیـــوانی "نـــالی"ی مـــەلا عبدالکـــەریمی مـــودەڕس" قـــوومێکی دیکـــەم لـــە جگەرەکـــەدا، ســـەرم تـــەواو مەســـت ببـــوو، خـــەریکبوو پێدەکـــەنیم، دەتگـــوت نیـــو قـــاپ ئـــارەقم خواردۆتـــەوە، بەدەســـت خـــۆم نـــەبوو، بۆیـــە لـــە لاپـــەڕە 431ی دیوانەکـــە رامـــام و لەبـــەر خۆمـــەوە بـــە دەنگێکـــی بەرز کە دەنگی دەدایەوە گوتم:

(ئەی شەمسی مایە پەروەر و ئیکسیری قەلبی خاك!

بنوارە حاڵی هالیکی ئەم خاکە ئەحقەرە)

دیوانەکـــەم لـــە شـــوێنی خـــۆی دانایـــەوە و گەڕامـــەوە ســـەر تەختـــە خەوەکـــە و وەك چـــۆلەکەیەکی تـــەڕ و هەڵڵـــەرزیو خـــۆم وێکهێنایـــەوە و دەســـتەکانم خســـتە ســـەر یـــەك و لـــەناو رانـــەکانمم دانـــان.. گـــەر لەســـەرڕا تەماشـــات بکردبـــووام، دەتگـــوت نیشـــانەی پرســـیارم.. بـــە دەنگێکـــی نـــزم، لـــەناو تـــاریکیی ئـــەو ژوورەدا بـــە خـــۆمم گـــوت: خـــۆ تـــا ئەبـــەد هـــەر وا نابیـــت؟ ئـــەوا زەمـــەنێ تێپـــەڕی، کەچـــی مـــن دەرگـــای

شــوققەکەم نەکردۆتــەوە، نــا.. نــا.. حــەقی خــۆیم پێیــدا بەســە ئیــدی.. تەماشــاییێکی کاتژمێرەکــەم کــرد، ســێ و نیوی شەو لایدابوو.. نووستم.

بــەیانی خــوڕە خــوڕی- ئــاو- و لێزمــە و لێشــاوی بــاران هەراســانیان کردبــووم.. دنیــا تاریــك بــوو، پێڵوەکــانم لێــك ترازانــد و نوســتمەوە، پــاش کــەمێ گــەوارە و برووســکە و تــوڕەیی ئاسمــان لێیدایــەوە.. مــن بــە رووتــی لەســەر زگ راکشــابووم.. بــە لەپــەکانم دەرگــای گوێیــە گــەورەکانم تــەواو داخســتبوو، بــە هــەردوو هەنیشــکم دوو قــووتبی لێکجیــام چــێکردبوو.. رووگــەی رووخســار و پــانیی کــەپووم لەدۆشــەکەکە کردبــوو، لــەو چــرکەیەدا جــووت مــەمکێکی رووت، کەوتــە مەســاجکردنی پشــتم، هەســتم بــە دوو گۆپکــەی رەق کــرد، لــە دەســتپێکدا هەوڵمــدا لــە نوســتنەکەمدا بــەردەوام بم و ئــەو حاڵەتــە بــە خــەون یــا وەهــم بــزانم، چــەند چــرکەیێ لــە شــێتیەتی بــدەم لــە قەڵــەم.. زۆر خــەباتم کــرد ئــەو دۆخــە نائاســاییە بــاوەڕ پێنەکــەم، کەچــی لــە کۆتاییــدا چــارم نــەما، چــونکە لــەززەت و ئۆخــژەن و موچــڕك تــەنگیان پێهەڵچــنیم.. پێڵوەکــانی

هاوشـــێوەی باڵــەکانی پەپوولــە لێکترازانــد و خــۆم خســتە سـەر پشـت و بـە چـاوانی لێـڵ و تەماویـەوە لـەو پەرییـە سەرکێشـەم روانــی، مەمکـەکانی لـەنێو سـتیانە رەشـەکەدا دەرهێنـــابوو، چـــاکێتە پێســـتینیەکەی و بلـــوزە رەشـــەکەی هـەر یەکـەو لـەلاییێك هەڵـدابوو، کـە ئـەو دیمەنـەم دیـت، لـە ئەوەڵـدا باوەڕم نـەکرد "بسـم اللـە" یـێکم کـرد و دواتـر بێـدوان لـە دوو مـەمکی رووتـی سـەر سـینەیم روانـی و لـە پرچـی درێـژ و چاوە حیزەکـانی رامـام.. ویسـتم قسـە بکـەم، کەچـی ئـەو دەرفـەتی دوانـی پێنـەدام، لێـوە ئەسـتوورەکانی ئـەو فیرەدەوسـە سـتیان رەشـە قـۆرخی پانتـایی لێوەکـانمی کــرد.. مــاچ مــاچ مــاچ هەڵیمــژیم.. هەڵیمــژیم.. هەڵیــ.. مـژ... یــ ..م.. مـژ.. ئێسـتاش نـازانم مـن مـاوم یـا نـا..! چـونکە ئـەو بـەناوی کوشـتن پێکـی خەسـتی لـە رۆحـم هەڵــدەدا.. بــە نــاوی خواردنــەوە گــەززەی پەرۆشـــیی لـــە جەســـتەم دەدا... یەکـــەم قســـەی کـــە کـــردی ئـــەوەبوو (قســوریا مــن عــەفوو کــە).. ببــوورە ســاحیری جەســتە فــرۆش، فــوراتی ماســی بــەخش و جەســتە بــەخش و زەمــزەم بــەخش.. ئــەی دیجلــەی زیبــا.. مێزوپۆتامیــای

خەنـدە، سـۆز.. سـۆز.. سـۆز بـە "تاووسـێ مەلـەك" هـەر لـە بـیرم بـووی راسـتە مـن هەڵـەم کـرد، چـوومە باوەشـێکی دی، لـــە ئـــامێزی کـــوڕێکی دی راکشـــام، بـــەڵام خۆشـــتبووێم، چـــونکە خۆشمـــدەوێی دەبـــێ بمبـــووری ئـــەی خوداوەنـــدی ئامادەبـــاش و ئیرۆســـی دڵـــی کـــون کـــونم.. کـــە رۆیشـــتم دەمویسـت فێـری دەرسـەکانی عیشـق و برینـەکانی فیراقـت بکەم..

مـن کـە بـە نهـێنی بـۆ خـۆم کەوتمـە بیرکردنـەوە، دوێـنێ شـــەوم هاتـــەوە یـــاد، ئـــەو کاتـــەی کـــە کەوتبوومـــە دوورگەیـەکی بـێ ئـەدرێس، خـوا نەبووایـە، کەسـێ ئاگـاداری دەرد و ئافـــات و تـــەنیایی و زامـــە قووڵـــەکانی روحـــی مـــن نـــەبوو لـــەو دوورگەیـــەدا.. ئێســـتەیش تـــۆ چـــارۆگەی کەشـتیەکەی خـۆت هـەڵکردووە و هـاتووی لـەو دەربـەدەری و گۆشەگیریەدا رزگارم بکەیت.

بۆیـە بڕیارمـدا بیبـوورم.. مـن ئـەوم خسـتە نـاو پێکـی لێبـووردن، لـەناو مـەززەی لـەززەت و چـێژدا لـەت لـەتم کـرد و قـــووڕ.. قـــووڕ... قـــوووووڕ.. هـــەموویم هەڵقوڕانـــد و یەکڕاست بۆ نێو دڵی قلێشاو و شەقار شەقار بووم..

ئیــدی لێــره بــەدواوه جاروبــار دەمگریانــد، لــەززەتم لــە ئــازاردانی وەردەگــرت.. هــەموو ڕۆژ قەڵــەمێکم لــە بــرین پێشــکەش دەکــرد تــا ژانــەکانی پــێ بنووســێ.. (ئــازار و لــەززەت) ئــەویش لــە کتێبێکــی "چــینی" ئــەو بابەتــەی تــەواو هــەزم کردبــوو، بۆیــە بــاوەڕی بــەو ئاینــە هــەبوو، هــەموو جارێــك دەســتنوێژی بــە-ئــاو-ی لــەززەت هەڵــدەگرت و لـــە ژووره گۆشـــەگیرەکەی تـــەلاری ژمـــاره "441" لـــە شــەقامی "ڤێرتــە"، نوێــژێکی پــوختی چــوار ڕکەعــەتی بــۆ ژیــان دەکــرد.. ئێوارەیــەك، مــن ســەرخۆش ســەرخۆش لــەناو ئۆتۆمبێلەکــە بــە پێکــی ڤۆدکــا و کــۆلا خــۆم سەرخۆشــتر دەکــرد، ســەفەرم دەکــرد، خــۆ ئەگــەر یادگــە بــە هەڵــە ڕووەو نـــــەوالان بــــەرێم نــــەکا، دەڵــــێم: ســــەفەرکە بــــەرەو "ئەســـــکەندەنافیا" و لەوێنـــــدەریش بەشـــــێوەیەکی دیـــــار بــەرەو شــاری "ســتۆکهۆڵم" بــوو.. مــن و هــاوڕییێکی بــەرێزم، لــە بەنزینخانەیــەکی ســەر ڕێگــا بــۆ کــەمێ حەســانەوه لامانــدابوو، لــە پــڕ لــەرزینی مۆبایلەکــەم وەك پێــوەدانی دووپشــك ڕانــی ڕاســتەمی گەســت، دەســتم بــۆ گیرفــانی ڕاســتەی پانتۆڵەکــەم بــرد و ســەیرێکی شاشــەی مۆبایلەکــەم

کــــرد، نووســــرابوو (suria).. چــــوومە بــــەر دەرگــــای بەنزینخانەکــە.. کــەش فێنــك بــوو، بــە زۆر خــوم لەســەر قاچــەکانم رادەگــرت لەبــەر سەرخۆشــیی، پــاش عەســرێکی درەنــگ بــوو، لــە نزیــك شــاری "کۆپنهــانگن" لــەو ئاسمانــە شـین و پـڕ لـە پارچـە هـەورە سـپیەم روانـی و گـوتم: هـەلۆ.. دەنگێکــی تیرۆرســت، دەتگــوت ســەیارەیەکی مینرێــژکراوە، بــەبێ ســەلام و کــەلام هاتــە نێــو دنیــای پــڕ لــە شــێت و شــووری ســەرم و گــوتی: بــەرازی خــۆم چــەوانی.. تــۆ بــۆ هەمیشــەیی پێیــە بــە خرخاڵــەکانی خــەیاڵم دوپــڕووکێنی.. تــۆ دڵــی ســاتەکانم دەشــەوتێنی، تــۆ خەیاڵــەکانی منــت لــەناو قەفــەزی دڵــی خــۆت زینــدانی کــردووە، بــڕوا بکــە بــیرت دەکەم.. بیرت دەکەم..

گوتم: ئەز گۆری تاووسێ مەلەك، ئەزیش ژتە خەریبم..

گوتی: کەی دێیتەوە؟

مــن وەك ئــەوەی، ئــەو چرکەســاتە بــە باشــترین دەرفــەتی چــاخی برادەرایــەتیمان بــزانم، هەلەکــەم قۆزتــەوە و پرسـیم: بـۆ مـن؟ تـۆ دەتـوانی بچیتە باشـترین ئـامێز.. نـەك

ئامێزی لات و سەرخۆشێکی بەلەنگازی وەك من.. تۆ دەتوانی بەو جەستە ژیلەمۆییەت دەیان پیاوی کاپیتالیست بخەسێنی، نەك منێکی بێ کار و کاسبی و موفلیس.. بێ هیچ بەرژەوەندییێك خۆڕی لێی دەسوڕێمەوە، من دەتوانم چی بۆ خوداوەندێکی وەك تۆ بکەم؟ کا بڵێ بۆ منت لەنێو ئەو هەموو پیاوە زۆر و زەوەندەی دنیادا هەڵبژاردووە، بۆ لە ئێوارانـدا وەك ئەوەی من "نەخۆشخانەیەکی ئێشکگر" بم، بە تراکسۆدێکی نیلی نایلۆن و بریقەدار، سواری "گۆلف4"ەکەت دەبیت و دێیت.. بە کلیلێکی کۆپیکراو، دەرگای ژوورە چکۆلانەکەی ناو بالاخانەی ژمارە "441" لە شەقامی "ڤێرتە" دەکەویتەوە و وەك برسییێك دەکەویتە سەر ئەژنۆ و دەست بە پاڕانەوە دەکەیت و تا حەددی مردن ماچم دەکەیت؟

گوتی: چونکە تۆ بەرازێکی شیرینی.. من ناتوانم لە دووریتدا بژیم..

گوتم: بۆ؟

گـوتی: تـۆ وەك منـداڵ وای.. هەمیشـە بـۆ بـۆ بـۆ بـۆ!؟ ئـەی منداڵـە گەورەکـەی خـۆم، ئـەی دەیـدەنیم.. بـڕۆ، بـە سـاغی بـــۆم بگەڕێیتـــەوە، ماچـــت دەکـــەم، (ئـــەز گەلـــەك ژتـــە خـەریبم).. دەزانـی بـۆ تـۆم هەڵبـژاردووە؟ دەزانـی بـۆ بـیرت دەکـەم؟ دەزانـی بـۆ ... تـاوێ وەسـتاو بێـدەنگ بـوو، مـن وام هەسـت کـرد هێڵەکـە قـەت بـوو، یـان (تەلەفۆنەکـە پچـڕا) بۆیە گوتم: هەلۆ..

ئـەو بـەدەنگێکی نـەرمی مۆسـیقییەوە گـوتی: ( I LOVE YOU FOREVER) خـۆی لـە حەقیقەتـدا دەبووایـە، بـە ئەکچـێنتی تاووسـێ مەلـەك بیگوتبووایـە (تـا هـەتایی خۆشمـدەوێ) کەچـی ئـەو بـە ئینگلیـزی گوزارشـتی لـە ناخی کوردانەی خۆی کرد.

-E-

لــه "WC"یــه کریســتالاوییه، ڕەونەقدارەکــەی ژێرزەمینــدا، کــه هــەر لــه باڕێــك دەچــوو، هاتمــه دەرێ.. خــەریکی توونــد کردنـــی قایشـــی پانتۆڵەکـــەم بـــووم، ویســـتم بـــه پەیـــژە مەڕمــەڕی و ڕۆناکەکــەی ســەردابەکەدا ڕووەو نــاو هــوڵی پــڕ لـــــه بـــــاقوبریقی دیســـــکۆتێکه شووشـــــەییەکه هـــــەڵزێنم.. کەچـــی ئاوێنـــه ئەڵماســـاوییەکه ڕایگـــرتم، دوو هـــەنگاو گەڕامـــــەوە دوواوەوە لـــــه ئاوێنەکـــــەدا، لـــــه ڕووخســـــاری تێکچڕژاوی خۆمم ڕوانی و ورد بوومەوە.

وەك ئــەوەی فەیلەســووفێکی ســـەردەمی چـــاخه کۆنـــەکان بم، ئـــاوا وردبوومـــەوە.. بەدەســـتی چـــەپەم گۆناکـــانم تیکقۆپانـــدەوە و هەنـــدێ پرچـــمم دەســـکاری کـــرد و تـــاوێ بــەبێ هەســت و خوســت لــه بەرامبــەر وێنەکــەی خــۆم لــه ئاوێنەکــەدا وەســتام.. لــەولا، لــه ســەرەوە ڕمــب و هــۆڕی "پــوپ و هــاوز" و هــەرا و زەنــا و قیــژە قیــژی ژنــان دنیــای خــراپ دەکــرد، دەتگــوت حەشــرە.. مــن زەدەخەنەیــەکم بــۆ ڕووخســاری پەشــۆکاو و پــەژموردەی خــۆم کــرد، پەنجــەکانم بــه چــاو و لــووت و لێــو و چــەنەگەی خــۆم داهێنــا لــه

ئاوێنەکەوە.. وەك ئەوەی دەست بەسەر پشتی پشیلەیەکدا بهێنم، ئاوا دەستم بە چرۆچاوی خۆمدا دەهێنا و پاش چەند چرکەیێ لە پڕ دەستم کشاندەوە و گرژی و لۆچ و هۆش داگیریان کردم و پڕ بە قورگم کەوتمە کۆمکردنی تف و خوزی و پڕ بە رۆحم قریواندم.. تف ..تف..تف..تف..تف..تف ئەی سەگی سەگ ئەژداد، بەدبەخت، شەمشەمە کوێرە، کرێکاری کارگەی بەرهەمهێنانی خەفەتی رەش، تف.. تف.. تف ئەی شاگردی دوکانی بەدبەختیی.. تف..تف.. تف ئەی پشیلەی لەعنەتیی..

تەواوی نەینۆکە پاگژکەم تفباران کرد و هەر بەردەوامیش بووم.. کە وەك قەلەڕەشێ چاوەکانم بەولاو ئەملادا وەرچەرخاند، گەلێ بە کزی لە گۆشەیەکەوە هەستم کرد یەکێك دەحیلکێنێ، ئاوڕی پشتەوەم دایەوە، کەحێلێکی مەمك تورت و قیت و گەورە، مەمکەکانی دەتگوت دوو "تۆپی دەست"ن و فریشتەی مەمکبەخش لەسەر سینەیدا چەسپی کردوون، حیلك حیلك حیلك لەبەر خۆیەوە ختووکەی دەکرد و دەیقریواند.. من

نیگاکانم خستەوە سەر پەیکەرەکەی خۆم لەئاوێنەکەدا، کەچی هەمدیس رەشۆڵەی تووك ئەبەنووس و ژنی مەمك تۆپ، بە دەنگێکی بەرزتر لە جاری پێشوو کەوتەوە حریتە حریت و قریوە قریو..

ئەو جارەشیان ئاورێکم لێیدایەوە، کەچی زۆر سەراسیمە بووم کە دیتم، لەبەر قاقای پێکەنین ناوقەدی خۆی گرتییە.. بێ سووربوونەوە و بە زوویر بوونێکەوە پرسیم: چ ها ها و قاقا و حریتە حریت و قریوە قریوتە؟

گوتی: بۆچی وا خۆت تفباران دەکەیت؟ تەماشای ئاوێنەکە بکە، دەڵێی شەیتانی رەجم دەکەی!

گوتم: چبکەم، حەزم لە ماچە..

گوتی: ها ها ها ها ها.. هەر لەبەر ئەوە؟ ها،

نازانم سەرخۆش بوو، یا قەحپە بوو! یەکسەر لێوەکانی هێنا.. من سەرم سوڕما..

گوتی: چاوەڕێی چی دەکەی؟ ها ماچکە..

مـــن زەردەخەنەيـــەكم كـــرد، ئـــەويش.. لێوەكـــانمم بـــرد، ئـــەو لێوەكـــانی زيـــاتر هێنايـــە پـــێش.. مـــن كەوتمـــە ســـەر نەيزەيـــەكی راســـتاندنی ئەنديشـــە و فـــەنتازيا.. لـــە ســـەرەتادا بـــاوەڕم وابـــوو مـــنم بـــە "ڤـــاليۆم" و "ســـۆمەدرينی" خـــەون و شـــەهوەتێكی خـــەياڵئاميز، كـــات دەوەهمێـــنم.. دواتـــر كـــە ســـەد دەر ســـەد تێگەيشـــتم مـــن وام لـــەنێو كايـــە راســـتەقينەكانی راســـتيی، كەوتمـــە هەڵمـــژينی، مـــن داوای مـــژينی لاملـــيم لێيكـــرد، كەچـــی ئـــەو هـــەردوو تۆپـــەڵی گۆشتينی سەر سينگی لەناو دەستم دانا..

كـــە ويســـتمان ســـەردابەكە جێبـــێڵين، مـــن بەســـەر دەســـتی كراســـە ســـپيەكەم كەوتمـــە ســـڕينەوەی ئاوێنەكـــە و بـــەرەو مـــاڵ بەڕێكـــەوتين. لەســـەر قەروێڵەكـــە و دواتـــر لـــەناو بانيۆيەكـــە مـــن ســـەرم لێشـــێوا و كـــە ئـــەو نـــاوی- ئـــاو-ی جەســـتەمی نـــا (كەوســـەر و زەمـــزەم).. مـــن وەك پيـــاوێكی مـــاقوڵ و گـــران ئـــەوم خســـتە ســـەر لەپـــەكانم و وەك ســـەگێكی بـــەڕەڵلا و لێـــدراويش كەوتمـــە لێســـتنەوە و مـــژينی گۆپكە و گۆزينگەكانی لەناو بانيۆكەدا.

ئـەو خـۆی بـۆ نـەگیرا و حیل حیـل حیـل حیـل حیلانـدی، دەتگـوت کەحێڵـە خـۆی لـە نێـو رووبـاردا تـاو دەدا.. بـەدەم هەڵڵــەرزین و دابەزینـــەوە لـــەنێو ئـــاو و ئـــاوەدانی، بـــە دیالێکتی"عبدالقادر جزائری" حریتانی: (احبك جدا)..

هێشـــتا بـــەردەوام بـــوو (لەگـــەڵ ئـــەوەش کـــە دەزانم رێگـــا بـــەرەو تـــۆ ســـەخت و موســـتەحیله).. لەگـــەڵ ئـــەوەش هەوڵدەدەم رۆح و جەستەت بەیەکەوە ببێ بە هی من..

گوتم: (ماڵی خۆته بیبه)..

له دڵەوەش گوتم: بەڵام هەر تەنیا بۆ زەمەنێ.

-F-

شـــەوانێکی زۆر بـــوو بـــە لاتـــی لـــەژێر درەوشـــانەوە و رۆشـــنایی گڵۆپـــەکانی شـــوققەی قوتابیـــە غـــەریب و غەوارەکانـــدا رادەکشـــام.. لـــەژێر دارســـێویێکدا ســـفرەیەکی بچـووکم رادەخسـت و لەسـەریدا دوو لیمـۆ و سـوراحییێك -ئـاو- و جاجکێـك و یـەك بتـڵ "راکـی"م دادەنـا و دەکەوتمـە فڕکردنی پێکەکان..

پێکـێکم بـۆ رابـردوو هەڵـدەدا و خـەریکی وەڵامدانـەوەی پرسـیاری (بۆچـی هـاتم؟) دەبـووم.. کـە لـەوە تـەواو دەبـووم پێکێکـی دیکـەم بـۆ ئێسـتا فـڕ دەکـرد و لـە خـۆمم دەپرسـی: (من کێم؟)

پێکـی سـێیەم، دەمپرسـی: (چـیم پێـدەکرد و بـەرەو کـوێ رێگـام گرتـووە؟).. بـۆ پێکـی چـوارەم بـیرم لـە مـردن دەکـردەوە، پێنجـەمین پێکـیش بـە دەنگێکـی تایبـەت کـە دەیتـوانی هـەموو گۆرانییـەکانی دنیـا تێکبـدا، بەوپـەڕی سەربەســتییەوە گــۆرانیم بــۆ خــۆم و قــەدەری خــۆم دەچڕی..

شــەوێك كــە ســەرم بــۆ پێكــی پێنجــەم بــەرز كــردەوە نوێنــەرێكی "ئــێرۆس"م لــێ پــەیا بــوو، ئــەو فریشــتەیە بەدەست ئاماژەی پەنجەرەی شوققەیەكی بۆ كردم.

كـە مـن ئـەو تابلۆیـەم خسـتە ژێـر میكرۆسـكۆبی پرسـیار، لــێم دیــاربوو، پەنجــەرەی ژووری قووتــابییێكی "چــین"یم بــۆ ئــاوەڵا كرابــوو، لــە پێشــدا وەك كــۆترێكی نامەبــەری سەرمەســت لــە شــەقەی بــاڵم دەدا و هــەڵفڕ هــەڵفڕێكی حــــەرامم دەكــــرد و دەچــــووم لەســــەر پەنجەرەكــــەی هەڵدەنیشــتم، تــاو نــا تــاوێ پەڕمووچــە رەش و ســپییە لێوانلێـو سێكسـییەكانم گـیف گـیف دەكـردەوە و بـەدەم گمـە گــم و خــۆ فشــكردنەوە، چــەند خــولێكی خێــرام بــە چـواردەوری خـۆم لێـدەدا و دواتـر كـەمێ دەحەسـامەوە و ئـــەو جارەیـــان دەبوومـــە كەڵەشـــێرێكی هاروهـــاج و دەچــوومە ســەر تــەنووری چــكۆلانەی مەمكــە گچــكەكانی ئـەو خوێنـدكارە چـینیە چـاو چـكۆلانەیە و چـاو نەترسـانە و جەربەزانە بۆ بەهەشتیبوونی زەمەن دەمقوقاند..

كــە جاروبــار دەبوومــە چــۆلەكەیەكی بچــووكی لــەرزۆك لـەناو قەفـەزی شـەهوەتی غـەددار و بـە نـەرمی دەكەوتمـە

دەنووکـــدان لـــە گـــەنمی گۆپکـــەی مەمکـــەکان.. تـــا تێـــر دەبـووم- ئـاو-ی سـازگاری کـانی جەسـتەییم وشـك و بـرینگ دەکـــرد و خۆشـــم پـــەینی ئـــاوەدانییێکی نـــۆژەن و پـــڕ لـــە تەلیســمم لــە جەســتەیدا دەنووســییەوە و باوەشــی ئــارامیم پێدەبەخشـــــی.. ئـــــەو رازی رازی و هێـــــور هێـــــور بـــــە فۆنــەتیکێکی نــامۆ و ســەیر و غەریبــەوە، دوای ماچــکردنی لێوەکـانم دەیگـوت: "وۆ یـۆنگ یـوان ئـای نـی" تـا هـەتایی خۆشمدەوێی.

-G-

(کـچ ژنێـك) بـرێ- مـاینێکی زەردەشـت نـەژاد- هێشـتا هـەر بـە حیسـابی خەونـەکانی زەمـانی- تـاران- لێـرە زەمـەنی دەخەیاڵانـد و دەگوزەرانـد.. کـچ ژنێکـی مـەمك پێچـرا و لـەژێر جوبـەی ئـەخلاقیاتی رۆژهـەڵات، بـەژنی زراڤ و چاوەکانیشـی هەمیشـە لـە پێکـەنینێکی شـەرمانە دابـوون.. بـۆ شـاهێدی دەڵـێم: هـیچ حـەزی بـەدەنگ و گۆرانییـەکانی شـەجەریان نـەبوو.. هەمیشـە گـوێی بـۆ گۆرانبێـژە نوێیـەکانی فـارس دەگـرت کـە مـن هیچیـانم نەدەناسـی، زۆربـەی شـەوە بەهارییـەکان لـە باخچـەکەی تەنیشـت زانکۆ بە "هیتڤۆنگێك" گوێبیستی دەکردم..

کـە بـۆ یەکـەمینجار لـە شـوقەکانی سـەر بـە زانکـۆ چـاومان بـە یـەکتر کـەوت و یـەکترمان ناسـی، ئـەو یەکڕاسـت و بـێ دڵـەڕاوکێ حیجابەکـەی لەسـەر داکەنانـد و لـوول لوولیـدا و خسـتیە نـاو زبڵدانەکـەی بـەر دەرگـا و قـژی درێـژی بـەو گەردوونەدا پەرش و پەخشانکرد..

ئــــەو کـــچ ژنـــە فارســـە رۆژهەڵاتییـــە، کلیلـــی ژووره چـــکۆڵانەکەی خـــۆی بـــۆ کـــۆپی کـــردم و خســـتیە نـــاو دەســـــتەکانم و سەربەســـــتانە گـــوتی: هـــا.. هـــەموو ساتەوەختێك دەتوانی بێیت.

گـوتم: ئـاخر تـۆ پێویسـتە بخوێنیـت، بنووسـیت، کاتـت کەمە.

گوتی: تـۆ خوێنـدن و نووسـینی مـنی، بـۆ ئـەوە دەخـوێنم تـا یەکێکی وەك تۆ بدۆزمەوە.

مــن لــە پێنــاوی ســەلماندنی وەفــاداری خــۆم بــۆ ئــەو، نــەمتوانی ئــاگردانی جەســتەمی پێنەبەخشــم.. ئــەو لــە ئێوارانـدا بـە تەنکـە کراسـێکی رەش کـە تـەواوی جەسـتەی لـــەناو دیـــار بـــوو دادەنیشـــت، وردە وردە گـــەرمایمی لێـــدەخواردەوە، لـــە رۆژانـــی شـــەممە و یەکشـــەممدا، جەســـتەکەی خـــۆمم لەســـەر قەروێڵـــەی ئـــەودا لەبـــەر دەکـــردەوە و پـــێم دەگـــوت: هـــا یـــارۆ یـــاری پێبکـــە.. ئـــەو جەسـتەیە بـۆ گەمـە جوانـەکانی دەسـتی ژن نـەبێ بـۆ هـیچ شتێکی دی دەست نادا..

**ئـەو بەنازێکـەوە دەیگـوت: ئـای یـەزدانی مـەزن، مـن لـەوێ لەو کاولستانەی روحەدا چەنێ مەحروم بووم!**

**هـەر خـۆی وەڵامـی خـۆی دەدایـەوە و دەیگـوت: قـەینا.. هێشـتا درەنـگ نییـە.. سـوپاس.. سـوپاس بـۆ تـۆ ئـەی یەزدانی گەورە و بەدەستهەڵات..**

**بـەدەم فـەرمانێکی نیمچـە پاڕانـاوەوە، نیگـاییێکی تـێم دەگـرت و دەیگـوت: هەرچـەند مـن خـەریکی خوێنـدنی کیمیـا و ماتماتیـك و شـتی لـەو بابەتـەم.. بـەڵام قـەینا ئـەوە بـۆ خـاتری تـۆ، بـە زوبـانی "شـیرازی" و "فروغ"ـەوە پێـت دەڵێم: خۆشمدەوێی.**

-H-

گـەلێکم لا سـەیر بـوو، ژنێکـی پـرچ زێڕینـی چـاو دەریـا، وەك حـۆری کـەنار زەریـا لـە تەکمـەوە، مەمکـەکانی خـۆی خستبووە سەر مێزەکەی پۆل.

مامۆسـتاکەی زمـانی ئـەڵمانی باسـی لـە گراماتیـك و لـە تێکسـت تێگەیشـتن دەکـرد، کەچـی مـن چـاوەکانی دڵ و عاتیفـە و ئـاوەزم خسـتبووە سـەر ئـەو سـتیانە سـپیەی کـە لـەژێر کراسـە شـەفافە ڕەشـەکەیدا وەك مـانگ لـە شـەودا دەدرەوشایەوە..

تەماشـام کـرد، ئەوەنـدە بـە وردی تەماشـایم کـرد، وەك ئـەوەی لـەناو ڕووبـاری ڕۆنـاکی جەسـتەیدا بـەدوای وردە زێـڕدا بگـەڕێم ئـاوا تەماشـایم کرد..نـاوکیم دیـت حەڵقەیـەکی زیـوینی تێهەڵکێشـابوو، حەڵقەیـەکیش هـەردوو لای سـتیانەکەی بەیەکـەوە گرێـدابوو.. مـن هـەر لـە ململانـێ و کێشـمە کێشـمی نـاو بـاوەڕ کـردن و بـاوەڕ نەکردنـدابووم، ئـاخر چـۆن دەبـێ جیـاوازی نێـوانی دوو وڵاتی سەر نەخشەی یەك زەمین بەو قەوارەیە بێ!؟

مامۆستا ئەڵمانە سینگ رووتەکە باسی لە "نۆمینەتیڤ و پرێپۆزیتسیۆن و گێنیتیڤ" ئەو شتە لەعنەتییانە دەکرد، کەچی من هەڵۆی خەیاڵ کردمیە کەروێشکی نێو چڕنووکەکانیی و بەرەو لای ئەو ئێوارە درەنگکاتەی بردم کە لەسەر مێزێکی پڕ لە عەرەقی قاچاغدا لە "عەنکاوە" دانیشتبووین.. دوای چەند پێکێك "کامۆ پێخواس" لەبەر خۆیەوە بزەیەکی دەکرد، "رێهات" رووی لێکرد و گوتی: چییە پێخواسی سەگ، چ قرتە قرتتە لەبەر خۆت؟ بە چ پێدەکەنی؟

کامۆ پێخواس: بە دەو.

رێهات: کورم دەزانم، بەو دەو و ددانە گڕانەت پێدەکەنی، بەس لۆ پێدەکەنی؟

کامۆ پێخواس پێکەکەی تا خاڵیبوونی گلاسە بە هێنایە خوار، بە دەموچاوێکی تێکچڕژاو و ترشاوەوە، کەوچکێك جاجك و یەکێکی نۆکی لێدا و گوتی: ئەورۆ لەکن دکتۆر بووم.

وریا: ئێ.. چیبوو؟

کـامۆ: دکتـۆر داوای سـپێرمی لێکـردم، بـۆ دەستنیشـانکردنی نەخۆشـییەکەم، دیـار بـوو هـەر بـۆ ئـەو کاتـە پێویسـتی پێبوو.. چبکەم؟

چـوومە "WC"ی عیادەکـە.. ئەوەنـدەی هەوڵمـدا کەچـی مێشـکم بـەتاڵ بـوو، شـەرم داگـیری کردم..دەنگـە دەنـگ و هـەرا و زەنـای خـەڵك و غەڵبـە غـەڵب و دەنگـی گـزۆزی ئۆتۆمبێلـەکان هـەموو زنجـیرەی بیرەوەریـەکانی پچـڕاندم هـەر هەوڵمـدا، کەچـی دەسـتەکانم شـل بـوون.. بۆیـە رەشـبین و بێئومێـد بـووم، نـەمتوانی ئـەو بـڕە سـپێرمە بـۆ پشـکنین دابـین بکـەم.. بـە ملشـۆڕی و سـۆربوونەوە چـوومە لای دکتـۆر و پـێم راگەیانـد، کـە پـاش کـەمێکی دیکـە هـەوڵێکی دی دەدەم.. دکتـۆر زەردەخەنەیـەکی گاڵتەجاڕانـەی بـۆ کـردم و گـوتی: باشـە، بـەڵام تـۆ پێویسـتت بەو پشکنینە هەیە..

لـە عیادەکـە چـوومە دەرێ.. بـە "شـەقامی دکتـۆران" بـەرەو "سـینەما کریسـتاڵ" کەوتمـە رێ.. بـەر لـەوەی بگەمـە پـێش سـینەما.. تـاوێ وەسـتام، لـە پەیکەرەکـەی "شـێخ مـەحمود" ورد بوومـەوە، ئەسـپەکەی ژێـری

دەتگوت پشیلەیە، بە خۆی سێ ئەوەندەی ئەسپەکەیە.. تەماشاییێکی دیکەی پەیکەرەکەم کردەوە و گوتم: بە خوا تەنیا بۆ ئەوە دەشێ لە کێڵگەیەکی دانێی و باڵندەی پێبترسێنی.. ئەویم جێهێشت، بە بەر دەرگای سینەمادا تێپەڕیم فیلمی "رسالەی مستەفا عەقاد" پەخش دەکرا، بەلای دەستە راست و بەژێر قەڵاتدا رەتبووم، تا گەیشتمە "باتە".. لەوێوە بەدەم هەنگاوی وردەوە، بە چاوانی کراوە لە هەموو لاکانم دەڕوانی تا بەردەم "ئەسواق سیروان".. لەوێ چوومە ناو "قەیسەری" و هەموو کۆڵانە تەنگەبەرەکانی گەڕام و هاتمە دەرێ.. بیرم بۆ "شێخەڵڵا" چوو، بۆیە چوومە ئەوێندەریش.. من بەوپەڕی جددییەوە، لە بەلەکێك، خەتێکی ستیان، شێوەی سمت و کەفەڵ، دەموچاوێکی دیار، باسکێکی رووت، کاکە ژنێکی بێ عەبا.. بە سەری ئێوە مێینەم نەدیت، بۆ سەری ئێوە هەندێ پیرەژنی بە عەبا داپۆشراوی قەڵەرەش ئاسام دیت، کە ئەوانیش کەڵکی هیچیان پێوە نەمابوو..

وریـــا چـــاوە زەقـــەكانی بڕیبـــووە نـــاو چـــاوەكانی كـــامۆ پێخـــــواس و زۆر بـــــە حەماســــــەتەوە گوهــــــداری ئـــــەو گێڕانـەوەی دەكـرد، بۆیـە نەیهێشـت كـامۆ پێكێكی دیكـە بـە تـــەواوی بخواتـــەوە و گـــوتی: دە بـــڕێ "ســـەی پێخـــواس" دوایێ چیت كرد؟

كامۆ:چـمكرد؟ گەڕامــەوە عیادەكــە، بــەڵام لەســەر پەیــژەی تـەلاری عیادەكـە بەختـەوەریی و شـادمانی وەك بـاران بـۆم دابــــارین، خـــــەنی بــــووم، ژن.. ژن.. ژن.. زۆر نـــــەمابوو بفیكێـنم، مـن ژنم دیتـەوە لـەو شـارە نێرینەیـەدا.. ژنێكـی 35-40 ســـاڵان موحەجەبـــە و جەســـتە داپۆشـــراو، دوای ئـەوەی كـە كـەمێ لێـی رامـام، بـەخۆمم گـوت: ئـەوەش باشـە، تــەواو لــە دشداشــە و جوبــە درێــژ و فشــەكەی وردبوومــەوە، كەچـی لـە دەسـتەكانیی و گۆزینگـەكانی لـەكاتی سـەركەوتن بەسـەر پلیكانەكـدا هـیچ جێییێكـی دیـم لـێ دیـار نـەبوو، تـا گەیشـتمە نـاو عیادەكـە چـاوم لەسـەر گوزینگـەكانی لانـەدا.. هـەر ئـەو كاتـەش لەقەتەیـەكی فیلمێكـی خیلاعـیم هاتـەوە یـاد، كـە لـە كۆتاییـدا ئـاوپڕژێنی گـۆزینگ دەكـا.. بۆیـە ئـەو

جـــاره ســـەرکەوتووانە، پێویســـتییەکەم بـــۆ پشـــکنین پێدابینکرا..

مامۆســتا جوانــە ســینگ رووتــە ئەڵمانەکــە، کــە باســی لــە گراماتیــك دەکــرد بــانگمی کــرد: هــەلۆ.. هــەلۆۆ.. دوێــنێ شەو کەم نووستی؟ یان بیردەکەیتەوە؟

مــن کــەمێك ســەرم راهەژانــد و جارێکیــدی لــە لەشــی رووت و قــووتی ئــەو خانمــەی تــەکم رامــام.. هێشــتا بــاوەڕم نــەکرد.. لەگــەڵ خــۆم دوام و گــوتم: خــانمێ بــە نیــوە رووتــی و بــە رۆژێ نیــوەڕۆ لــە تەنیشــتت دانیشــتووە، بەقــەد یــەك زەڕەش پیاوەتیــت تێــدا نییــە گــەر وا بــە ســانایی رێگــای ونبــوونی پێبــدەی.. ســوێندم خــوارد رێگــای بزربــوونی پێنەدەم.

مــن وەك ژنــە "میســری"ەکانی نــاو فــیلم خــەریکی جــووینی بنیشــت بووم..بـــە مرچـــە مرچـــێکەوە، نـــەختێ خـــۆم راچــەناند و هەنیشــکێکم لێیــدا و گــوتم: بۆچــی وا رووت و قووتی؟

گوتی: بەڵێ..؟ جا تۆ چ پەیوەندییێکت بە منەوە هەیە؟

- چـۆن؟ مـن دەمـەوێ تـاوێ لـە كانيـاوی جەسـتەی خۆمـدا ئاوی لەززەت پێبدەم..

- ئاخر..

- ئاخر و ماخری پێناوێ..

- ئاخر مێردم هەیە..

- كوانێ كێشە؟

- منيش نازانم!

گـوتم: لاسـار مەبـە.. وەرە فەرامۆشـييەكان بخنكێنـە، لەسـەر ئەسـتێرەی جريـوەداری لەپـەكانم بـە مەنـدی رابكشـێ.. چـونكە لەپـەكانم كاروانسـەرای رێبـوارانی پـرچ بەرەڵڵا و مەمك بەڕەڵڵای تۆ ئاسايە..

پـێم گـوت: وەرە "ئـەفرۆدێت" ئـەی خوداوەنـدی ئـەوين، بمكـە گەردانـە نووسـاوەكەی گـەردنی شوشـەييت و شـۆڕمكەوە نـاو خەرەنـدی بريقـەداری مەمكـەكانت.. شـۆڕمكەوە سـەر رۆخ و لاپـاڵی ئـەو دوو خۆخـە خواييـەی

سەر سینەت، شۆڕمکەوە و لە بناغەی ئاڵئاڵی مەمکەکانت بمکە بازنە و خرخاڵێکی کانزایی و لێیم بئاڵێنە..

پێم گوت: وەرە هێڤە "ئاناتۆس" ئەی خوداوەندی مەرگ، بمکە پشیلەیەکی مینرێژکراو و لەسەر چیای بەرزی مەمکەکانت غلورمکەوە ناو بارەگای دڵی کۆت و سنووری پیر.. من لە نزیکەوە بە لەپە کوتیٚ و سەرفرازی و شەیدایی و راوە راویشەوە هاوارم کرد: ئەی ئەهریمەنی بە مێرد، مەڕی بە خاوەن، ماڵۆسی تەڕ.. وەرە، وەرە، من سوێندم خواردوە بە "ئیرۆس" بە خوداوەندی ئیرۆتیك.. لە گۆشەی ژووری یەکیٚ لە چیرۆکەکانی نێو بیۆگرافیای خۆمت بنووسمەوە.

هەر بەو بۆنەیەوە رۆژیٚ بردمە قولینچکێك لە ژوورە پەرپووت و کشومات و بێچاودێر و بێبازنەکەم، لە شەقامی "کارل مای".. لەو ژوورە تاریکەی کە وەك لیمۆ ترش بوو، من ریکۆردەکەم پێکرد گۆرانییەکی کلاسیکی لەسەر بوو، ئەو ئاگرە رووتەم لەسەر دەموچاو و لەسەر

سـك راخسـت.. زۆری نەخایانـد مـن هەسـتم کـرد، دوو دەنگ ئاوێزان و خەڵتانی یەکتر بوون..

دەنگـی گـۆرانی و دەنگـی هەناسـە ڕەنگاوڕەنگـەکانمان.. شـوێنمان گـۆڕی ئـەوجارەیان، مـن لەسـەر کەپسـی عەردەکـە بەسـەر پشـت و ڕوو لەسـەقف ڕاکێشـابووم و ئـەویش وەك خێـوەتێ تـژی حـەز و هـەوەس بـاڵی بەسـەرمدا کێشـابوو، ئێمـە وەك بورکـان و بوومەلـەرزە لـە لەرزینـدا بـووین، کـە مـن هەسـتم بـە سـووکە ژانێـك کـرد، هەسـتم بـە برینێکـی لێـڵ کـرد لـە پشـتم، دەسـتم کـرد بـە گرِوگـاڵێکی مناڵانـە و ئـەوەم کەوتـەوە یـاد کـە دوێـنێ شـەو چـۆن لـەداخی تەنیایـدا، لەگـەڵ "رێهـات" دوای ڤـاڵاکردنی بتڵـی "گرانتسـەکە" و گـەززەی پـڕ بـەهێزی ددانـەکانمان لـە شووشـەی شـکاو دەگـرت.. ئـای خـودا چـەندمان شووشـە خـوارد!؟ سەرخۆشـبووین، وەك بـزن سـەرەتا شووشـەکەمان لـەناو دەمانـدا پارچـە پارچـە کـرد و دواتـر کەوتینـە کاوێـژ کـردن و قووتـدان.. دەتگـوت کاوێـژ بـە پەلکـە گیـا دەکـەین.. لـە هـەموو ئەوانـەش سـەیرتر ئـەوەبوو کـە هـیچ

برینێکـی گـەورە و بچـووکیش نــە لــەلێو و نــە لــە زمــان و تەنانەت لەلای ژوورەوەی روومەتەکانیشمان چێنەبوو..

مــن لــە ژێــر پەلکەزێڕینــەی ئاسمــانی ئــەو جەســتەیەدا، دەســتێکم بــردە بــەر پشــتم و لــە دەســتمم روانییــەوە، لــە خوێنــدا ســوور ببــوو، "بێئاتــە" ویســتی رابــی، نەمهێشــت و داوای بەردەوامیم لێیکرد..

پرسی: ئەو خوێنە چییە؟

گــوتم: شــەرابی شــادییە.. مــەراقی منداڵیمــە بۆتــە کــانی و لە پشتم دەرچووە، کارێزی بەختەوەرییە..

گوتی: ئەوەیان خوێنە..

گــوتم: دوێــنێ بتڵــێ لێــرە شــکاوە، بــاش پارچــەکانیمان کۆنەکردۆتــەوە.. بــە وێنــەی راکێشــانی دڵــۆپێ شــەونم لەســەر گــوڵ ئــاوایی راکشــا.. دەتگــوت خەونــە بەســەر قەنەفەکەدا، دەرگاکانی خۆی بۆم ئاوەڵا کردیە..

بــە هەناســە بڕکــێ و هانکــە هانــك و ژاوە ژاو و ئــاهێکی روحــانی، کــە هــەر لــە حــالگرتن و زیکــر و ســەمای عاریفــان

دەچــوو، بــانگی کــردم و گــوتی: وەرە ســەرم، مــن قەرەوێڵــە ئاوییەکـــــەی تـــــۆم، وەرە وەرە مـــــن پێکـــــەنینی دڵـــــی بریندارتم.. من چووم

شێتی کردم.. "ئاناتۆس"، بیکوژێ.

کوشتمی.. "زێوس"، شێتی بکا.

دوو رۆژ دواتــر، لــە پارکــە فێردەوســاوییەکەی شــار و لــەناو بــاخێ بەختــەوەریی، لەســەر کورســییێکی تــەك دەریاچــەکە، رانــی چــەپەی خســتە ســەر رانــی راســتەم و توونــد توونــد دەســتەکانمی کوشــی.. کەوتــە ماچــکردنی لێوەکــانم و گــوتی: شـــەوی رابـــردوو (بـــڕوا و نەیەتـــەوە) بـــە فـــەنتازیا و ئەندێشە و بیرکردنەوە لە تۆ لەگەڵ مێردەکەم خەوتم..

گوتم: ها؟ لەگەڵ کێ؟

گوتی: مێردم..

دەستەکانمی هەندێ لێکخشاند و بەردەوام بوو..

ئێمــه دەمانسێکسـاند، (تــووڕە نــەبی).. مــن وەك ڕۆبۆتێــك لـە ژێریـدا ڕاکشابووم.. لـە پـڕ پیاوەکـەم خـۆی کشـاندەوە و بـە نائومێـدییەکی بێسـنوور و قەهرینێکـەوە هاتـە گـۆ: تـۆ بـە تـەنیا لـە جەسـتەیەکی بـێ گیـانی مـردوو دەچـیت.. وەك شـێرێکی چـاو خوێنـاوی بـە چـڕنووکەکانی قـۆڵی رووتمـی تونـد گوشـی و دەمارەکـانی هـەموو بەیەکـەوە نووسـاند و هـاواری لێهەسـتا: بـۆ پێڵوەکانـت لێـك ناترازێنیـت؟ ئازابـە، دلێرانـە نیگاکانـت ببڕە نیگاکـانم، مـن دەزانم قەحپەیـەکی وەك تـۆ هـەر بـە جەسـتە لای منیـت.. هـۆش و دڵ و خـەیاڵ و فەنتازیاکانیشـت لای یـەکێکیتر.. مێردەکـەم زیـاتر خـۆی کشـاندەوە و رووی لـە گڵۆپـە سـوورە سـۆرتاریکەکە کـرد و هەمـدیس گەڕایـەوە نـاو دەربـڕینی وشـە و هەسـتە پـەنگخواردوەکانی نـاو دەروونیـی و گـوتی: مـن هەسـت دەکـەم تـۆ ئێسـتا لـە ژێـر غـەریبێك ڕاکشـا بوویـت نـەك مـن.. نـەك منێکـی دامـاوی هـیلاك بـۆ خۆشـگوزەراندتر کردنـی ژیـانی تـۆ.. ئـەو وەختـەی دەسـتت لـە رووخسـارم هەڵدەسـوی، مـن لـە هەسـتی سـەری قامکەکانتـەوە دەمزانـی و دەرکـم دەکـرد کـە ئـەوەیان

چرۆچاوی گەوادێکی دیکەیە لەژێر پەنجەکانت.. نەك هی من، منێك کە رووخساری خۆم بە دووکەڵی کاروکاسبیدا هەڵپرووکاندوە، بۆ دابینکردنی ژیانێکی خۆش بۆ تۆ.. کە لە لێوەکانتم دەڕوانی، ئەو حەرفانەی کە بە کزییەوە دەرتدەبڕین، حەرفی ناوی من نەبوون.. ئەوە من نەبووم کە دووجار ماچیت کرد و ئەمیشیان من نەبووم کە تۆ دووجار بەو نینۆکە سوورانەتەوە مەمکەکانیت جینجرۆکدا و هەڵتپچڕی.. کا بڵێ تۆ لە ساتی زایەند و سێکساندا لە کێ دەهەزری؟ بیر لە کێ دەکەیتەوە؟ کێیە بە فڕوفێڵی شەیتانییەوە جادووی سەرخۆشی لێکردووی؟

"بێئاتە" ماچێکی دیکەی لە لێوەکانم کرد، من وەك منداڵێکی گەورەی کەم ئەزموون و نەدیوبدی ئەوەندە بە حەماسەتەوە گوێم بۆ قسەکانی قوڵاغ کردبوو، دەتگوت دەرسی سیحرم فێر دەکا..

گوتم: ئێ.. تۆ هەڵوێستت چی بوو؟ چیت گوت؟

"بێئاتـه" گـوتی: مـن چـی بڵـێم؟ هـەموو قسـەکانی راسـت بـوون.. وەڵامـیم نەدایـەوە، هەوڵمـدا کـەمێ لـەو خەفەتـە شـــێدارەی کەمبکەمـــەوە و ســـێبووری دڵـــە کوژراوەکـــەی بدەمـەوە، بۆیـە دەسـتیمگرت و هاویشـتمە سـەر خـۆم، مـن وەك ئـــامێرێکی ئاســـنین و ئـــامرازێکی هەوەسشـــکێن و بـەردێکی راکشـاو و ژنێکـی مـات و مـەلوول و کـز لـە ژێریـدا راکشـام.. بـە سـەد شـەڕە شـەق و دوعـا، پـەردەی ئـەو شـانۆگەرییە بـێ گیانـەمان داخسـت.. ئـەو خـۆی خسـتە سـەر پشـت و جگەرەیـەکی تـووتنی پێچـایەوە و دایگیرسـاند و مـژێکی خەسـتی لێـدا و گـوتی: بـە ڕاسـتی عـەیب و شـوورەییە بـۆ ژنێکـی شـوودار، لـەژێر پیاوەکەیـدا بـیری پیاوێکیـدی بکاتـەوە.. لەسـەر هـەموو ژنـە مێردارەکـانی سـەر رووی ئـەم زەمینـەدا پێویسـتە، لـە چرکەسـاتی ئاوێزانـا وەکـو هـەڵۆ چـاویان بخەنـە نێـو چـاوی مێردەکانیـان و تێکـەڵی روحـی یـەکتر بـن.. ئـاخ، عـەیب و خەجاڵەتیـەکی چـەند گەورەیـە کـە ژنـەکان فـەنتازیا بـە پیاویدی دەکەن!؟

"بێئاتــە" گــوتی: مــن بــۆ ئــەوەی دڵــی مێردەکــەی خــۆم بدەمــەوە، پــێم راگەیانــد کــە مــن هــەر بەتــەنیا لــە تــۆ دەهــزریم لــەو چرکەســاتەدا.. بــڕوام پێبکــە بــیری کەســیترم نەدەکردەوە..

پیاوەکــەم گــوتی: درۆ دەکــەی.. ئــەی ژنــە خۆشەویســتەکەم درۆ دەکــەی.. منــیش لــە دڵــەوە گــوتم: راســت دەکــەی، بــەڵێ تــۆ راســت دەکــەی و منــیش درۆ.. ئــەی مێــردی هــیلاك.. چیت لــێ بکــەم؟ هــەر تــۆ و هــەر تــۆ هــەر تــۆ و.. بــە دەست خــۆم نییــە کــە بــیری پیــاوێکی دی پرۆگرامــی ئــاوەز و ســۆز داگــیر دەکــا.. توانــای تــۆ و ئــەو جەســتە ســواوەی تــۆم نـــەماوە.. بەســـە ئیـــدی نـــاتوانم شـــەوانە خـــۆم بکەمـــە داربازەیــەك بــۆ تــۆی مــردوو.. نــاتوانم چــیدی وەك رۆژانــی یەکــەمی یــەکتر ناســین وێنــەی تەختــە خــەوێکی پــڕ لــە هەست و گەرم و گوڕیی لە ژێرتدا هەڵاژییێم.

"بێئاتــە" بــە زەردەخەنەیەکــەوە کــە تێکــەڵبوو بــە مــەکری ژنێکــی ئــەوروپی بــۆ ســاتەوەختێك لێمــی روانــی و گــوتی: تــۆ... ئەگــەر ئێــوارەیێ لــەو مێــردەم تــۆرام و بڕیارمــدا، بــۆ ئەبــەد لێیڕابکــەم و نەگەڕێمــەوە ئــەوا دەبــێ تــۆ رێگــام

پێبدەی بێمە نێو ژووره چکۆلانەکەت و نێو ڤیلا ئەرخەوانییەکەی دڵ و گیانت.. چونکه من دەتوانم بە هەموو زمانێك پێت بڵێم: خۆشمدەوێی..

من لە وەڵامدا گوتم: ئەی شازادەی کایی و کارێزی چێژ، دنیایە گەر شەوێك لە پیاوەکەت تۆرایت و بیری منت کردەوە، ئەوا بەندە، بۆ هەمیشەیی دەرگای مزگەوتی دڵی ئاوەڵایە و هەموو مێینەیەك بەبێ کڕینی پلیت دەتوانێ سەر بە میحرابی دڵ و سۆز و ژیانیدا بگرێ.

لە دڵەوەش گوتم: باشترە ماڵەکەت بۆ خاتری پشیلەیەکی وەك من وێران نەکەیت ئەی فریشتە.. چونکه من تەنیا بۆ چەند کاتێك دەتگرمە ئامێز..

-ا-

تـامی هـەنگوینی چـاو بچـووکە ئاسـیاییەکان هێشـتا هـەر لـەنێو دەومـدا مـابوو، چـونکە مـن بـەر لـە قووتـدانی دەسـکە رەیحانـەکانی لـەززەتی کچـە چـینیەکە گـەلێك کاوێـژم پێکردبـوو لـەژێر لێوەکانمـدا. مـن وام لێهـاتبوو کـە وەك پشـیلەیەکی تامـەزرۆ بـەدوای تـامی گۆشـتاوی چـاو گچـکەکاندا سـەرگەردان و دەردەدار و خەفـەتبارو مـات و حـەیران بم.. مـن بـە تـامی ئـەو پارچـە گۆشـتە تـاس و لووس و میهرەبان و خەیاڵاویانەوە راهاتبووم..

لـە کۆرسـی فێربـوونی زمـانی ئەزموونـدا، رانـێکم لـە رانـی ئـەو خۆشـخەندەیە ئێرهابییـە کۆرییـەدا و بـە پێکـەنینێکی دەسـتکردی سـاحیرانەوە گـوتم: خـەڵکی کۆریـای بـاکووری یـا باشوور؟

گـوتی: واز لـەو پرسـیارە کـەم بەهایانـە بێنـە.. منـیش وەك تـۆ حـەزم بـە ئەزموونانـدنی جەسـتەیەکی رۆژهـەڵاتی و ئاسـیاییە.. جـا تکـا دەکـەم رێگـام بـدەی زەمـەن لـە تـۆدا بئازمایشێنم..

من به هەڵچوونێکەوە گوتم: هەمووی مولّکی خۆتە.. (گوو بە شەرەفی بابی ئەو جەستەیەی کە بازگە و رکێف بۆ تۆ دادەنێ).. بە ئارەزووی خۆت بە نێو شەقام و مارکێت و وێستگە و سەنتەرە ئیرۆتیکیەکانی ژیاندا پەرشم بکە.. (جەستە.. جەستەی خۆتە).. ئەوەیان، وای دانێ مولّکی باپیرتە، ئا پارچە عەردێکە لە گوندێکی کۆریای باشوور و بە میرات بۆت بەجێ ماوە، برۆ لۆ خۆت برنجی سەفای تیا بچێنە، بیبە بیبە لە زستاندا لە پێتی بکە.. فەرموو.. کا پێیە بچکۆلانەکەت بێنە با جەستەمی تێهەڵکێشم.. ئەو جەستەیە پێلاوێکی جۆکەرە، بەپێی هەموو مێینەکانی ئەو گەردوونە دەکا...

ئەو گوتی: نا .. نا.. ئەگەر رێگام بدەی من جەستەکەی تۆ لە خوار ناوکم بە زەخرەفەیەکی کۆری دەکووتم..

گوتی: باشە کەوابێ منیش فێری نوێژی لەززەت و کڕنۆشی بەختەوەرییێکی کوردیت دەکەم..

ڕۆژێ لــە ناوەنــدی تــەلارێ لــە لالــی و ڕۆژێ لــە ســنەتەرێکی قەرەباڵغــدا.. شــەوێکیان لــەناو پــارکێکی وشــکەڵاتوو، لــەناو گوڵســـتانێکی ڕەقهـــەڵاتوو، نیوەڕۆییێـــك لەبـــەر بـــاران و عەســـرێك لەســـەر دونـــد و ترۆپکـــی ژیـــان، بـــە هێـــوری و بەچـاوی پــڕ لــە شــەرم و فرمێســکەوە گــوتی: کــوڕە کــوردە باشــوورییەکە.. قــەرەجی بــێ مــاڵ و شــوێن و هەرچــی و پەرچییەکە..

گوتم: بەڵێ گیانی ئەو قەرەجە..

گوتی: (نانو روو سا لانك های)

وابزانم دەیویست بڵێ: تا هەتایی خۆشمدەوێی.

-ل-

ماینەژنێکی ڕەشەسمەری پرچ قەترانی هەبوو، ڕەسمێکی "بودا"ی لەسەر قۆڵە ئەستوور و گۆشتینەکەی زەخرەفاندبوو.. لەسەر مەمکی ڕاستەی ڕەسمی "مووسا" هەبوو، لە کاتی شەقبوونی دەریادا.. لەسەر زگی بە گەورەیی وێنەی "عیسا"ی کووتابوو لە کاتی لە خاچدانی..

لە گۆزینگی قاچی ڕاستەیەوە تا سەر ڕانی وێنەی گۆچانێکی درێژی کووتابوو، لەسەر حەوزی، سەری ئەو گۆچانە ببووە سەری مارێکی ڕەش و هەمیشە زمانی دەجولاند، لە بن زمانی مارەکە بە خەتی عیبری کە بە زۆر دەمتوانی بیخوێنمەوە نووسرابوو (گۆچانەکەی مووسا).

لە ژێر مەمکی چەپەی وێنەی "سلێمان" کرابوو، باڵندەیەکی ڕەنگاوڕەنگی لەسەر دەستی ڕاگرتبوو، دەنووکی باڵندەکە تا سەر گۆپکەی درێژ کرابۆوە.. سەرە "گا"یێکی گەورەی لەسەر قوونی کووتابوو، لەژێر

ئەویشدا پیاوێکی هیندی بخووری پێبوو، سوژدەی بۆ گایەکە دەکرد..

کە یەکەمجار جەستەیم وا بە رووتی دیت و لەگەڵی چوومە سەر تەختە خەوەکە، وام هەست کرد کە من لەگەڵ "دەفتەری رەسمدا" خەوتووم.. ئەو ماینەژنە، لە کاتەکانی تەنیایدا مەمکە گەورەکانی بە زەمبیلەی چێژ، لە نهۆمی سێیەمی تەلارەکەدا شۆڕ دەکردەوە سەر گژوگیای تیراسەکەم.. منیش بێهزرین لە شیکارکردنی هاوکێشەکان، هەمدیسان بە وێنەی گۆرین جەستەکەی خۆمم دادەکەناند و هەر بە زەمبیلەکەوە بۆیم رەوانەی نهۆمی سێیەمی بالاخانەکەدا دەکردوە.

زۆرجار بەر لە کاتەکانی تێکئالان و گەمەکانی ئاوێزان و ئاوێتە بووندا، ئەو قەیرە ماینە کحولخۆرە هەردوو پشتە دەستەکانمی بە مۆمی تواوە داخ کرد و بە خەنەش وێنەی جەستەی دوو پشکێکی لەسەر دڵم دروست کرد.. دواتر سەری دوو پشکەکەی دەسڕیەوە و رەسمی سەری مەسیحی لە جیاتی دادەنا..

یەکـــەمینجار کـــە ئـــەو کەڤاڵـــە دڵڕفێنـــە ســـوریالیەم لەســـەر پەراســـووەکانی خۆمـــدا دیـــت لێـــیم پرســـی: (جەســـتەی دووپشـــك بـــە کەللـــە ســـەری مەســـیحەوە؟) ئـــای کـــە جوانـــە، چۆن ئەو بیرۆکەیەت لا گەلاڵە بوو؟

ئـــەو قەیرەژنـــە چـــل و پێـــنج ســـاڵییە، وەك فاڵچـــییەکان نـــەختێ ســـەری راهەژانـــد و گـــوتی: کـــوڕی خـــۆم ئـــەوە تـــۆی.. بـــەڵێ ئـــەوەیان وێنـــەی تۆیـــە.. تـــۆ دوو بەشـــی، جەســـتەت دووپشکە و کەللەی سەریشت عیسا..

ئـــەو کـــە روحـــی دەحەســـایەوە و جەســـتەی ئـــارام دەبـــۆوە، جەســـتەی مـــنی دەخســـتەوە نـــاو زەمبیلەکـــە و شـــۆڕی دەکـــردەوە نـــاو گـــژوگیای تیراســـەکەم.. شـــەوێکی درەنـــگ جگەرەیـــەکی بـــە پشـــتە دەســـتی چـــەپەمدا کوژانـــدەوە و خـــۆی رووت و قـــووت کـــردەوە.. لەبـــەر ئـــەو هـــەموو رەنگـــە تێکـــەڵاو و ئـــەو هـــەموو کەڤاڵـــە رەنگـــاوڕەنگ و پـــڕ لـــە ئۆخـــژن و شـــەهوەتە دەتگـــوت تاووســـی خودایـــە، هـــیچ بۆشـــاییێك نـــەمابوو لـــە جەســـتەکەیدا، لەبـــەر وێنـــە جیاجیاکـــانی ئـــاین و ئەتمۆســـفێری پەرســـتگا و کەللـــە ســـەری پێغەمبـــەران.. لـــەو شـــەوەدا ئـــەو (فـــوول ســـەرخۆش

بــوو)، چــوو لــەناو دولآبێکــدا ئــامێر و پێویســتییەکانی کــووتینی هێنــا.. دەرزییێکــی دایــە دەســتم و لــە خــۆی روانــی.. هــیچ شــوێنێکی بــەتاڵی نــەمابوو.. بــەڵام بــە پەرۆشــی و خۆشــحاڵییەوە، گــەردەنی بــەفرین و پــەنیر ئاســای هێنایــە پــێش و گــوتی: هــا.. فــەرموو، وێنــەی پێغەمبەری کوردانم بۆ بکە..

مــن بزەیــەکم کــرد، دەرزیەکــەم لێــی وەرگــرت.. پاشــان کــەمێك رامــام، هەڵوەســتەیەکم کــرد و بیرمکــردەوە، هەنــدێ دڕدۆنــگ بــووم و بــاهۆزی پرســیار هــەڵیگرتم و گــەردەلوولی شــەرم لوولیــدام.. رابــووم، لەســەر ئــەژنۆکانم دانیشــتم و گــوتم: گــەورەی مــن، ئــاخر کــورد هــیچ خوداوەنــد و پێغەمبــەرێکی نییــە مــن وێنــەی کێــت بــۆ بکێشم؟

گــوتی: قســەی قــۆڕ، کــەس هەیــە خوداوەنــد و پێغەمبــەری نەبێ!؟

گــوتم: بــۆ؟ دەنــا مــن جارێــك لــەژێر پردێکــی تەنیشــت بــانهۆف پیــاوێکم دیــت، بــە پــەڕەکانی تــاووس سمێڵــی بــۆ

خـۆی دروسـتکردبوو، زۆرم لا سـەیر بـوو کـە ئـەڵمان بـەو شـێوەیە داهێنـەر بـێ، ئـەو پیـاوە چـاکێتێکی دڕاوی لەبـەر دابـوو، هەنـدێ دەیـانگوت: (لەبـەر زۆر هـزرین گێـل بـووە).. بـیرەی دەخـواردەوە و دەینووسـی.. چـوومە لای، فڕێکـی لەبیرەکـەی خـۆی پێـدام، منـیش جگەرەیـەکم دایێ..

گوتم: چی دەنووسی؟

گوتی: سەبارەت بە خوداوەند..

مـن پەڕەکـەی دەسـتییم رفانـد و لـە رێگـادا وردە وردە کەوتمـە خوێندنـەوەی .. (ئـەو شـتەی کـە مـەردووم کڕنۆشـی بـۆ دەبـا، زادەی ئەندێشـە و تـرس و سکێچـی "بـوونێکی پـیرۆزی" لـە هۆشـی خۆیـدا هێناوەتـەوە ئافەریـدە.. کـەوابێ ئـەو پەیکـەرەی کـە مـرۆڤ بەدەسـت رەنگـینی خـۆی لـەنێو عـەقڵی خۆیـدا چەسـپی کـردووە، بوونێکـە لـە دەسـتکردی مـەردووم، نـەك بـە پێچـەوانەوە مرۆڤ داهێنەری دەستی ((ئەو)) بێ).

ژنەکە هیچ وەڵامێکی نەدامەوە.

مـــن-بـــا-ی هـــۆش راپێچـــی کـــەنارەکانی دەریاچـــەی یادگـــەی کـردم، بـەڵام هـەر زوو خـۆم لـە هـەموو ئـەو شـتانە دەربـاز کـرد و گـوتم: ئـەی فریشـتەی جەسـتە ئـەلبووم، مـن حـازرم بـــــۆ دروســـــتکردنی وێنــــــە و جێبـــــەجێ کردنــــــی داواکاریەکـەت.. کـا بێنـە گـەردنت بێنـە.. دەسـتم کـرد بـە دروسـت کردنـی چـەنەگە و چـاوو لـووت و بـرۆ و بـرژانگ و پــرچ و کەوتمــە هێڵکێشــان و وێنەکــەم لەســەر گــەردنی بـەفرینی تـەواو کـرد.. وێنـەی گـەنجێك کـە کڕنۆشـی بـۆ جگەرە و ژن و کحول و شیعر بردووە.

ژنەکـە چـووە بـەر ئاوێنە..گەڕایـەوە، ماچـێکی لـە لێوەکـانم کـرد و گـوتی: منـاڵێکی بـەختیار و شـادمانە و بـەردەوام بوو:

وەرە گیـــانم وەرە، ئێســـتا نـــۆرەی منـــە.. وەرە کوڕەکـــەی خــۆم بــا منــیش وێنەیــەکت لەســەر ئــەو لــەش و لارە بــۆ بکێشـم.. سـەرەتا سکێچـی پیـاوێکی دروسـت کـرد و رەنگـی کـرد، وێنەکـەی لەسـەر سـینگم نەخشـاند، (وێنـەی مەسـیح تـا نـاو قـەدی.. بـەرخێکی لـە بـاوەش کردبـوو).. وێنەکـە تەواو بوو.

پرسیم: نهێنیەکانی ئەو دەسترەنگینی و ئەو کەڤاڵە جوانە لەچی دایە؟ یان بە واتایێکی دی ئەو تابلۆیە دەیەوێ چیبڵێ؟

گوتی: ئای هەی کورە هێڕەکەی خۆم، لەوەش تێناگەی؟ دەستی خستە سەر ردێنی مەسیح و سەر پرچە درێژ و سەر رووخساری نوورانی مەسیح و بەردەوامبوو: (ئەوەیان خوایە).. ئەو بەرخە قوربەسەرەیش مرۆڤ.. واتە ئەگەر مرۆڤ خوای خۆی خۆشبوێت و بێ دڵی ئەو نەکات، ئەوا ئەویش پاداشتی خێرەکانی ئەو عیشقە دەداتەوە و بە وێنەی ئەو بەرخە دەیخاتە ئامێزی لۆکەیی و گەرم و گوڕی..

بە بۆچوونی منیش رازیکردنی دڵی یەزدانی گەورە زۆر ساناترە لەوەی کە مەردووم بیری لێدەکاتەوە.. لە هەموو ژیان و چیرۆکەکانی نێو ژیانی ئێمەدا کۆمەڵێ وشە دژ بەیەك هەن، بە نموونە (چاکە و خەراپە.. درۆ و راستگۆیی.. دزی و دەستپاکی.. خیانەت و دڵسۆزی.. دادوەری و نایەکسانی...هتد) لەسەر مرۆڤ پێویستە

باشــەکان بکـات و چــەوتێکیش بەســەر خراپەکانــدا بهـێنێ و لە لێکسیکۆنی ژیانی خۆیدا بیانسڕێتەوە.

مـن زۆر هەوڵمـدا و زۆر تێکۆشـام، بـە فۆنەتیـەکی یـەکێ لـە خێڵـە غەجەرییـەکانی (یوگوسـلافیای کـۆن) لـەو ماینەژنــە رەنگاڵەییـە فێـری وشـەی "خۆشەویسـتی" بم.. کەچـی تـاك ئێسـتایش نـەمتوانیوە بـە ئەکچـێنتێکی تـەواو زەبـتی ئـەو وشــەیە ئەفسـووناوییە بکـەم.. چـونکە ئـەو زۆربــەی زۆری کاتــەکان بــە کــوتینی کــەڤاڵێك لەســەر جەســتەم پێــی دەگوتم: خۆشمدەوێی.

-K-

من لەناو گژوگیای باخچە بچووکەکەی- هێربێرد هینن دال شتراسە- بەرامبەر بە هۆڵی شار، کە هەمیشە تێیدا کۆنسێرت و هات و هاوار بوو، بە سەرخۆشی وەك گامێشێکی هێڕ و دەو بەکەف و چوار پەل شل و شۆق، بەسەر پشت راکشابووم.. لەبەر چاوەکانم ئەستێرەکان دەستی یەکیان گرتبوو، بازنەیەکیان لە مەحەببەت چێکردبوو، لەبەر چاوەکانم دەتگوت پەروانە و قەقنەسن بە چوار دەوری چرا دیلان دەکەن.. هەندێ لە ئاسارەکان لە ژنی رووت دەچوون.. هەندێکیشیان وەك پیاوی وەحشی خۆیان لەبەر دیدەمدا دەنواند.. باقوبریقی درەوشانەوەی گڵۆپە رەنگاوڕەنگەکانی وێستگەی سەرەکی شەمەندەفەریش، دەتگوت گڵۆپی رەنگاوڕەنگی سەر رەشماڵە هەڵدراوەکانن، لە کاتی ئاهەنگی بووك گواستنەوەی خێڵەکان..

خودایە چی بوو ئەو شەوە سەرنج راکێشە؟

من به متی و مەلوولی و لاساری و بە سەرخۆشییەکی زۆر لەناو پارکەکەدا راکشابووم.. نەمزانی ئەوە منم بە چواردەوری فەلەکدا دەسوڕێمەوە، یانەخۆ ئەوەیان گەردوونە منی کردۆتە چەق و بەسەر سەری مندا خول لێدەدا..!

لەناو حەسانەوەدا، بەسەر پەلکە گیا خوناو گرتووکاندا و لەسەر پشت، هێشتا چاوم لەناو چاوی تاریکی و رەنگی سەوزی ئەستێرە و هەموو نەیزەك و ماددەکانی گەردووندا بوو، کە لە پڕ هەوەسی ئیرۆتیك و هەوەسی چیرۆکێکی لە دایك نەبووی ئەوین و هەوەسی راپەڕینی ژەهر لە لەشمدا وەك کرم بزواندمی.. هەستام.

لاقەکانم لارە لاریان بوو، من وەك پژوپۆی درەختەکان دەشنامەوە، دەستێکم بە تیژی خستە سەر نێوچەوانم و نیگاکانم بە قووڵی پەرش و بڵاوی ناو شەقامەکەی- هێر بێرد هینن دال شتراسە- کرد.. ئۆ هۆۆ.. ئافرەتێکی شەپقە لەسەری رەشپۆشم کەوتە بەرچاوان، ئەویش وەك من بەلا دادەهات و بە وێنە و هاوچەشنی ساواییێك

کە دەیەوێ تازە پێ بگرێ ئاوا ئەو شەقامەی تەی دەکرد.. من هاوارێکم لێ هەستا..

هێی.. هێی.. تۆ.. ئەی فریشتەی شەپقە لەسەر، دەتوانی بێیتە ئێرە!؟ ئەو پەنجەی شەهادەی دانایە سەر هۆشی و دوور بە دووری هاواری کرد: تۆ شێتی؟ ئەقڵی خۆتت لە دەست داوە؟ بەرازی سەگ چیت دەوێ؟

من بە دەنگێکی بەرزتر هاوار کرد:

Es ist Nacht,
und mein Herz kommt zu dir ...,
hält's nicht aus,
hält's nicht aus mehr bei mir.

(ئەو شەوە و دڵم بۆ لای تۆ دێ، ئەو خۆی بۆ ناگیرێ، ئەو خۆی بۆ ناگیرێ زیاتر لەلای من)..

من بەردەوام بووم لە قسەکردندا، ئەگەرچی دەشمزانی هەموو کەسەکانی ئەو ئۆقیانووسە بچووکەی کە ئێمەی تیابوو، هەست بە سەرخۆشی و لەرە لەرو شنانەوەی نۆتەکانی دەنگم دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا من بەدەنگێکی

بەرزتریش لە جاری پێشوو نەڕاندم و ئەو دێرە شیعرەی "شەکسپیر"م بۆی خوێندەوە:

تۆ گەلێ لەوە جوانتر و لەبارتری

کە بە رۆژێك لە رۆژانی هاوینت بشوبهێنم

ژنە وەك ئەوەی جلّەوی گیرابێ وەستا..

هاوارێکی دیم کردەوە: هێی.. هێی تۆ.. ئەی ئەو کەسەی کە دەتوانم شەرابی بەختەوەریت دەرخواردەم و بارانی عەشق و لەززەتت بەسەردا بپرژێنم و بە بەفری موچڕك و ئارامی سڕت بکەم.. هێی تۆ.. ئەی ئەو ژنەی کە دەتوانم پەلکەزێڕینە بکەمە کراسێکی حەریر و دوو مانگیش بە ستیان بۆ باخەڵی نەرمت.. ئەی فریشتەی خانەدان، وەرە ئێرە و تامی گۆشت و ئێسك و پڕووسکی من ئەزموون بکە..

ئەو لەبەر چاوەکانمدا لە تارماییێکی لار دەچوو، هێشتا هەروەك پارچە حەریرێکی سەر تەناف لە لارە لار و جولاندابوو، لە پڕ رووگەی رووی رۆیشتنی خۆی گۆڕی،

پـــازێکی بەســـەر شۆســـتەکەدا و هاتـــە نـــاو گـــژوگیای پارکەکـە.. هێـدی هێـدی بـۆ لای مـن دەهـات، کـە گەیشـتە لام، دەستکێشـە تەنکەکـەی داکەنانـد و دەسـتی راسـتەی بـۆ درێـژکردم و بـە دەسـتی چەپەشـی شـەپقەکەی سـەری بـەرز کـردەوە و نـەختێ خـۆی نوشـتاندەوە و بـە دەنگێکـی تاریـك و نیـو خـەوتوو گـوتی: جۆلێیـت.. جۆلێیـت.. جـۆلێتی دۆستت..

مـــن وەك ئەکتـــەریکی هۆشـــیار و زیـــرەك، هـــەنگاوێ بـــۆ دوواوە زڤڕیمـەوە و سـەرم تـەواو نـەوی کـرد و ماچـێکم لـە پشـتە دەسـتی کـرد و گـوتم: رۆمیـۆ.. رۆمیـۆی بەنـدەت.. ئـەو بـە مەسـتی و سەراسـیمەیی و بـە بزەیـەکی پـڕ لـە ئـەزموون، گـوتی: فـەرموو بـەڕێز رۆمیـۆ، داواکاریەکـەت بێژە..

مـن کـە تـەواو لێـی وردبوومـەوە "هورتـانس" خـانمی نـاو رۆمـانی زۆربـام کەوتـەوە یـاد، نیگاکـانم تیـژ تیـژ لـە شـیکی و رێکپۆشـی ئـەو پیرەژنـە تـەڕە گـرت، سـەرم سـوڕا، روومـەتی لووسـی سـەرنجی راکێشـام، دیـدەم وردە وردە بـەرەو خـوارەوە راپـێچ کـرد، لـە ئاسـتی سـینەیدا

هەڵوەستەیەکم کرد، جووت مەمکی بە ستیانێکی تەسك و تریسك خڕ کردبوو، هەردوو گۆپکەکانی، وەك دوو دنکی گەورەی ترێ لەسەر جووت مەمکە خڕەکانی لە دوورڕا هاواریان دەکرد..

لەبەر خۆمەوە گوتم: ئای "بوبولینا"ی دەسەڵاتدار، باغەڵی پڕ لە مەمکت دەپەرستم.. دەنگم هەندێ بەرز کردەوە، بە زمانێکی گیراو و پڕ لە تەتەڵەوە گوتم: زۆر ناخۆشە پیاو پرسیاری تەمەنی ژن بکا.. بەلام من پیاوێکی بەڕەلام و دەوێرم لێت بپرسم (تەمەنت چەندە؟).

ئەو قسەکەی منی پێخۆشبوو، بۆیە لە قاقای پێکەنینیدا و گوتی: راست دەکەی.. بەلام منیش لەبەر سەرخۆشی دەتوانم بەڕاستی وەلامت بدەمەوە، بەیانی ساڵرۆژی لەدایك بوونمە و دەکەومە ناو پەنجا و سێ ساڵی.. ئەی تۆ عومرت چەندە؟ رۆمیۆی بەڕێز؟

من پەلاماریمدا و کەوتمە ماچکردنی ئەولاوئەملای گۆناکانیی و بە دەنگێکی بەرز، کە هەموو

پیاسەکەرەکانی ئەویٚ دەیانتوانی تێبگەن گوتم: ئۆ (هەپی پێرت توو یو جۆلییێت خانم).. هەپی پێرت توو یو..

من هەوڵمدا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی، هەندێ تەمەنی خۆم گەورە بکەم، بەڵام بێ سوود بوو، چونکە نەمدەتوانی بیست ساڵ بخەمە سەر تەمەنی خۆم، بۆیە راستیەکەم بۆ "هورتانس خانم" درکاند و گوتم: تەمەنم بیست و پێنج ساڵی رێکە..

ئەو پیرەژنە سالارە حیلکە حیلکێکی کرد و گوتی: تۆ لە تەمەنی کچە بچووکەکەمی..

گوتم: بۆ چەند منداڵت هەیە؟

گوتی: دوو کچ.. بەداخەوە گەورەکە شووی کردووە و گچکەکەش برادەری هەیە.

من بەدەستی راستەم، کەوتمە خوراندنی پرچم و گوتم: خانمەکەم.. جۆلییێت خانم، رێگا بە رۆمیۆی هاورێت دەدەی، بەسەر پشت و روو لە ئاسمان، لەناو ئەو

گژوگیایەی کە هەر لەژیان دەچێ رابکشێ؟ دەمەوێ تاوێ لەو ئاسمانە بڕوانم و هەندێ پرسیارت ئاراستە بکەم.. رێگەم نەدا بە خۆم، وەڵامێك لەو خانمە وەرگرمەوە، خۆم بەسەر پشت هەڵاژیاند و باسکەکانم لێك راکشاند..

گوتی: فەرموو.. من گوێگرێکی باشم، کاتیشم هەیە.. جگەرەیەکی داگیرساند، ئەو ناوەی پڕ کرد لە بۆن و بەرامەی "گراس" و کەوتە مژ لێدانی..

پرسیم: هەر گراس دەکێشیت یا تلیاك و شتیتریش..

گوتی: تەنیا گراس

پرسیم: تۆ بە گراس سەرخۆشیت یا بە ئەلکحول؟

گوتی: ئەو پرسیارانە بکە کە بۆی راکشاویت؟

پرسیم: تۆ ئەزموندارتری لە من.. وایە؟

گوتی: بە گوێرەی تەمەن، دەبێ وابێ.

گـوتم: چـۆن پرسـیاری مـن وەڵام دەدەیتــەوە ئەگـەر پرسـیم (چـــۆن پێناســـەی ئـــەو شـــەوە ئێســـتێتیکە رۆمانســـی و شـاعیرییە دەکـەیت؟) دوو سـەرخۆش، دوو مەسـتی تەمـەن جیـا، بـەڵام هـاو روح و هـاو ئامـانج، لـەناو پـارکێکی تاریـك و سـەوز و لـە ژێـر رەحمـەتی باوەشـێ ئەسـتێرەی درەوشـاوە دانیشـتوون و قسـە دەکـەن.. لـەو کاتـەدا کوڕەکـە حـەزی دەچـێتە جەسـتەی پـڕ لـەناز و نیعمـەتی خانمـە جوانەکـە و دەیـەوێ ماچـی بکـا.. ئـا بەڕاسـت تـۆ لـە کـاتی گەنجێتیـدا چـــەند کەســـت وێـــڵ و ســـەرگەردان کردیـــە..؟ شـــازادەی جوانی کامە هەرێم بووی؟

گوتی: من ئەڵمان نیم..

گوتم: چۆن؟ ئەی خەڵکی کوێیت؟

گـوتی: ئۆکراینـــا.. ئـــای هـــەی ئۆکراینـــای زێـــڕین.. وڵاتـــی مـــرۆڤ و رۆحـــی جـــوان.. ئـــاخ.. ژیـــان.. تـــۆ باســـی گـــەنجی و شـێتبوون و جـوانی و ئـەو شـتانەت کـرد.. بـەو پرسـیارەی تـۆ خـۆمم بیرکەوتـەوە لـەو کاتانـەی کـە هـەژدە سـاڵان بـووم.. لـە گونـدێکی تەنیشـت شـاری "کیـیڤ" دەژیـاین..

کــــورێکم خۆشدەویســــت بەقـــەد عارەبانەیـــەکی تراکتـــۆر شـــیعری خۆشەویســـتی بـــۆ نووســـیبووم.. زۆر حـــەز لـــە شـیعری خۆشەویستی دەکـەم بـەهۆی ئەمـەوە، ئـەو کـوڕە تـا سـپێدەی بـەیانی لـەناو کـادا و لـە تەنیشـت ئەسـپەکەی بـاپیرم لـە ئـامێزی دەگـرتم، منـیش وەك کەروێشـکێکی سـپی و خـرپن هەڵـدەکوڕمام.. ئـاخ دنیـا خۆزگـەم بـەو کاتـە.. قـات و قـڕی و برسـییەتی زۆری لێکـردم، بـە دوای "نـان"دا هاتمـە ئـەڵمانیا.. لێـرە ڕێگـای مانـەوەیان پـێ نـەدەدام.. بۆیـە شـووم بـە پیـاوێکی پـیری زەنگـین کـرد.. مـن وام دانـابوو بلـەز کاغـەزەکانم بـۆ چـێبکا و بێـی ئـەویش توانـای مانـەوەم هـەبێ لێـرە.. کەچـی ئـەو پـیرە ڕێوییـە لەعنەتییـە، هیچـی بـۆ نـەکردبووم.. دامنـابوو زوو بمـرێ، کەچـی نـەمرد و نـەمرد، ڕۆژ هـات و چـوو، دوو کیـژمان بـوو، چاکبوو بـەو کۆتاییانـە گـۆڕ بـە گـۆڕ چـوو.. تـۆپی.. منـیش لـەو زیندانـە ئەبەدییـە ئـازادم بـووم، بـەڵام پـاش چـی؟ چـاوەکانم تـژی بـوون لـە ڕۆنـدکی خـەم.. بـە توڕەییێکـەوە گـوتی: هـەی لەعنـەتی خـودای لێبـدا.. جێـی دۆزەخ و ئـاگر بـێ.. دەسـتێکی بـە پرچـی داهێنـا و بـە

نــــەختێ شـــانازییەوە بـــەردەوام بـــوو: هـــەموو جـــوانی و ڕێكپۆشـیم بـۆ ئـەو لەعنەتییـە بـوو، دەزانـی چـەند جـوان بـــووم.. شـــەوێك لـــە "كنايپە"يـــەكی گونـــد، بـــە بۆنـــەی جـــەژنی ســـەری ســـاڵ لەوێـــدا كۆبووینـــەوە هێشـــتا حەڤـــدە ســـاڵان بـــووم، بتلێـــك "ڤاین"یـــان بـــە دیـــاری پێبەخشـــیم، چونكە پیاوەكان بە جوانترین ژنی گوند هەڵیان بژاردم.

مـــن بـــە پەنجـــەی گـــەورەی دەســـتە ڕاســـتەم، فرمێسكەكانیم ڕەشكردەوە

گـــوتم: واز لـــە ڕابـــردوو بێنـــە، ئێمـــە منـــداڵی ئـــەوڕۆین.. پەنجەیەكم بە لێوەكانی داهێنا..

ئـــەو دەســـتمی دوورخســـتەوە و بـــە بزەیەكـــەوە گـــوتی: مەبەستت چییە؟

گـوتم: خـودای مـن "هورتـانس" خـانم، ئێمـە بـۆ ئـەوە لـە دایـك بـووین تـا لـەو شـانۆگەرییە كورتـەدا هـەموو جولـە و شـــنانەوەیەك بـــە جەســـتەكانمان بكـــەین.. تـــا تێكبئـــاڵێن و پێبكـــەنین.. تـــا بـــەو دەســـت و عـــەقڵ و بـــێ هۆشـــییەی خۆمـــان هەنـــدێ دارخورمـــا لـــە كـــەنارەكانی ژیـــان بچـــێنین و

شـــەراب و جگـــەرە و جـــوانیی تێکـــەڵ بەهەشـــتێ لـــەو پارچـــە هـــەردەدا دروســـت بکـــەین.. گـــەر ڕێگـــام بـــدەی مـــن دەتـــوانم بەهەشـــت دروووســـت بکـــەم.. لێـــرە گوڵمـــان هەیـــە، ڕووبارمـــان هەیـــە، حـــۆری زۆر و زەوەنـــدمان هەیـــە، مارمـــان هەیـــە، شـــەیتانمان هەیـــە، باڵنـــدە و باخمـــان هەیـــە، ئێمـــە هـــەموو پێداویســـتیەکانی دروســـتکردنی فێردەوسمـــان هەیـــە.. پێبکەنـــە خانمەکـــەی مـــن پێبکەنـــە تـــا خوداوەنـــد و زەمـــین لەگـــەڵمان پێبکـــەنێ.. چـــەنێ لەززەتبەخشـــە کـــە ئێمـــەی مـــرۆڤ بتـــوانین دڵـــی گـــەورەی خوداوەنـــد بـــە هەنـــدێ کـــاری بچـــووك شـــادمان و بـــەختیار بکـــەین.. پێبکەنـــە خانمەکـــەی ڕۆمیـــۆ پێبکەنـــە تـــا ئاســـمان و زەمـــین لەگـــەڵت پێبکـــەنێ.. جەســـتەی ئێمـــە مـــولکی گڵـــە.. ئـــەو قســـەکانی پێـــبڕیم و گـــوتی: قســـەکانت هـــەمووی ڕاســـت و دروووســـتن، بـــەڵام هەست ناکەی تۆ شتەکان هەمووی تێکەڵ دەکەیت؟

گـــوتم: مـــن خـــۆم لـــە کـــاتی لـــە دایـــك بوونمـــەوە تـــا ئێســـتا مرۆڤێکـــی تێکـــەڵ و پێکـــەڵم.. بـــەڵام ڕێگـــام بـــدە مـــن قســـە بـــێ ســـەروبەرەکانی خۆمـــت بـــۆ تـــەواو بکـــەم.. وەك گـــوتم (ئێمـــە مـــولکی خـــۆڵین).. گـــەر خـــوا شانســـێکی زێڕینـــت

پێیدا ئەوا بستێ خاکت بەر دەکەوێ لەو زەمینە.. خۆ ئەگەر پارەی کڕینی ئەو دوو مەتر عەردەشت نەبێ، ئەوا تۆ یان دەدرێیتە نەشتەرگەرەکان، یان وەکو هیندۆسەکان دەبیت بە خۆڵەمێش، یان دەکرێیتە کلێنسی ئاودەستەکان، یان چوزانم چیت بەسەر دێ..

بەڵام من گومانم نییە لە دوا وێستگە و ئاکامی جەستەی خۆم، یان ئەوەتەیە لێرە دەمرم، هەندێ لە دۆست و خزم و برادەرانم پارەی پلیتی تەرمێك کۆدەکەنەوە و دەمگەڕێننەوە شوێنزام، لەوێش تا ئێستا خاك بەلاشە بۆ مردووان، یانیش ئەوەتەیە لەوێ بە ئارامی رادەکشێم و پێویست بە کۆکردنەوەی پارەی پلیتیش ناکا.. ئەوکاتە لە "شێخەحمەد" لە تەنیشت باپیرم یان لە ئاقارێکی دوورتر بە خاکم دەسپێرن.. ئەو دەمە منیش دەبمە خاوەنی ئیمپراتۆریەتێکی چکۆلانەی دوو مەتری، لەوێ ئارامیی هەیە و هیلاکی نییە، لەوێ کاتی زۆرمان هەیە بۆ خەوتن، لەوێ نە دەوڵەمەند و نە هەژار کەسیان باڵادەست نین.. هیچ حاکمێك بوونی نییە، لەوێ پارە و زێڕ و کاسبی بوونی نییە، لەوێ

جگەرەکێشــان قەدەغەیــە، ئــەلکحول حەرامــە، هــەمووومان وەك یــەك، بــە یــەك جــل و بــەرگ، لەســەر یــەك جــۆر قەروێڵە رادەکشێین، ئای چەند خۆشی ئەوێندەر!؟

مەترسـی هـەرە گـەورەی ئـەوێ مشـك و مـارە، مـن حـەز بـەو چیرۆکە ناکـەم، چـونکە لەوێنـدەر مشـك و دەعبـا دەکەونـە لــەززەت کــردن بــە هێلکــەکانی گــونی پیــاو و کــرمیش مەمکــەکانی ژن دەکەنــە گۆشــتاوێکی تێــر و تــا تێــر دەبــن دەمانخۆن و دەمانخۆنەوە..

گوتی: ئەوانەشت راستن، بەڵام دیسان تێکەڵت کردن..

گـوتم: کـە ژیـان مردنـی تێـدا بـێ، دەبـێ ئێمـە لـەو مـاوە کورتـــەی تەمەنمانـــدا بـــە خۆشـــبەختی و ســـەفا و بەختەوەری بگوزەرێنین.. وایە؟ لەگەڵمای؟

گــوتی: لەگــەڵت دام، راســتە.. قســەکانت.. ئــەی رۆمیــۆی گەنج.

گوتم: جەستە پێویستی بە لەززەت و چێژە، راستە؟

گوتی: راستە، ئەوەشیان راستە..

گـوتم: ئێسـتا ئێمـه لـەناو ئـەو دۆزەخـی بەختەوەرییـە دوو تێهەڵـدراوی گـەردوون و قیامـەتین، دوو باوەڕسـزی بـوون و نەبوون و دوو ژیاندۆست و دوو مەرگدۆستین..

گـوتی: تـۆ گـەنجێکی سـەیری، لەگـەڵ ئـەوەش کـە زۆر تێکـەڵ دەکـەیت بـەڵام بەڕاسـتی گـەنجێکی گـەورەتری لـە تەمەنی راستەقینەت..

مـن بـەو قسـەیە، پێشـەکی یەکـەمین دیـوانی شـیعری بلاوکـراوەی خـۆمم بیرکەوتـەوە، کـە پرۆفیسـۆرێکی پـیر و شـارەزای ئـەدەبیات بـۆی نووسـیبووم، ئـەو لـە سـەرەتای پێشـەکیەکە وای نووسـیبووی (ئـەو شـاعیرە تەمـەنی لـە بیسـت سـاڵ کـەمترە، رووی رێـزم لێنـام، ئـەم کۆمەڵـە شـیعرەی پێشـکەش کـردم بیخوێنمـەوە، ئەگـەر بـەدڵم بـوو دوو وشـەی بـۆ بنووسـم، کـە شـیعرەکانم خوێنـدەوە تەمـەنی شـاعیرم لـە بـیرە چـۆوە، بـە کـابرایێکی خـاوەن تاقیکردنەوەیـەکی زۆرو فـراوان هاتـە بەرچـاوم، گـەورەتر لە تەمەنی راستەقینەی خۆی...هتد)

گوتم: دەکرێ ئەو رستەیە دووبارە بکەیتەوە؟

گوتی: تۆ گەنجێکی سەیری، بەڕاستی گەنجێکی بە ئەزموونتری لە تەمەنی راستەقینەی خۆت..

گوتم: کەوایە دە بێنە ماچێکم بدێ لەو دەو و لێوە ناسکەت..

گوتی: دەزانی تۆ کوڕێکی زۆر زۆر بێعەقڵی!؟ تۆ کەرێکی یەکجار گەورەی، من چۆن ماچ دەدەمە منداڵێك کە هاوتەمەنی کچە بچووکەکەم بێ؟

من شەرمم لە خۆم کردەوە، بەڵام خۆم نەخستە بۆتە و قاڵبی ئەو رەنگە و بە رووخسارێکی جدییەوە گوتم: لە هەموو ژیانمدا بە دوای خانمێکی جوانی وەك تۆ لە هەڵپە هەڵپەدام.. دەمەوێ لەو ماوەیەدا کە هەم، هەموو شتێکی گەورە لەو گەردوونە بچووکەدا بئازمایشێنم.. حەزم بە تامی جیای ژنی جیا و تەمەنی جیا و سیمای جیا و جیهانی جیا و کەش و هەوای جیا و جێگای جیا و گەردوونی جیا هەیە..

حەز بە هەموو شتێکی جیاواز دەکەم.. حەزم بە جیاوازی نێوانی فیردەوس و فیردەوسێکی دیکەیە، حەزم

بــە جیــاوازی نێــوانی دۆزەخ و دۆزەخێکــی دیکەیــە، حــەزم بــە جیــاوازی نێــوانی خوداوەنــد و خوداوەنــدێکی دیکەیــە، حـــەزم بـــە جیـــاوازی نێـــوانی جیـــاوازیی و جیـــاوازییێکی دیکەیە..

ئــەو، لیکــاوی لــەززەتی لــە دەوە ســوورەکەیدا دەپــڕژا، بــە هـــەردوو دەســـتە ناســـکەکەی هـــەردوو گنـــدۆرەی ســـەر ســـینەی راهەژانـــدو گـــوتی: بەڕاســـتی سەرســـەری و ساختەچی، تۆ لە کوێ بوویت؟

گوتم: کەنگێ؟

گــوتی: کــە بــە گــەنجی دیلــی نێــو زیندانــە ئەبەدییەکــەی ئەو ئەڵمانە لەعنەتییە بووم..

گــوتم: نــەمزانی، چــاوی قــەدەر کــوێرە بــێ.. بــەڵام وەرە تــۆ ئێستەیش هەر چواردەی..

لــە خەباتــدا هــیلاك بــووم تــا رازیــم کــرد بمــژێ.. ئەلحــەق هەڵیمــژیم، بەڕاســتی هەڵیمــژیم.. ئــەو تــا ئاســتی مــەرگ هەڵیلووشـــیم، مـــن لـــە ئـــاوزینگ و ســـەرەمەرگدا بـــووم،

هـاوارێکم لـێ هەسـتا: (جولیێـت جولیێـت، ئـەی داپـیرەی عیشـق، بـە ژەهـری شـەهوەت و لـەززەت رۆمیۆکـەی خـۆت بکـوژە.. ئـەی بێـوەژنی بـە گـراس حـەیران و مەسـت، ئەوەتەیـە کـوڕێکی گەریـدە لـەنێو کوێسـتان و گـەرمیانی مەملەکەتی ژن، دەتکاتە قیبلە و کڕنۆشت بۆ دەبا..)

بەڕاسـتیش کڕنۆشـم بـۆی بـرد.. مـن ئـەوم خسـتە نـاو پۆشاکێکی بودایی و کەوتمە پەرستنی..

کـە لـەو گەمـە خەتەرناکـەی پەرسـتن و چـێژ و لەززەتـە دەربـازم بـوو، ئـەو پیرەژنـە بـەد بەختـەی کـە دەیگـوت نـاوم "جولیێت"ـە.. بـە دەوێکـی بـێ ددان و دەموچـاوێکی لۆچـین و پـڕ لـە دەمـار، دەتگـوت مـردووە و زینـدوو بۆتـەوە، بـە پێکـەنینێکی ناشـیرین هـاواری کـرد و گـوتی: رۆمیـۆ.. رۆمیۆکـەی خـۆم.. ئـەی غەجەرییەکـە خۆشمدەوێ..

مـن کـە بـاش لـە ئـەدگار و جەسـتەی ورد بوومـەوە، لەبـەر ئـەو خەندەیـەکم کـرد.. دواتـر لـە قاقـای پێکەنینمـدا و پـڕ بە قوڕگم هاوارم لێهەستا: ها ها ها ها ها..

بۆ ئەوەی شەرم لە خۆی نەکا.. خۆم لەبەر چاوانی ونکرد، چوومە پەنادارێك و هێڵنجم هاتێ و کردمە هۆقە هۆق.. من دەڕشامەوە و دەڕشامەوە کە لە دووررا بانگی دەکرد: رۆمیۆ.. رۆمیۆ.. رۆمیۆ.. بۆ راتکرد..؟ وەرە لای جولیێت.. رۆمیۆ.. رۆمیۆ..

-L-

شەوێکیان لەگەڵ "رێهات"ی برادەرم، زۆرمان "Mirios" خواردبۆوە، بە سەربەستی و سەرکەشی و سەرمەستییێکی ئالۆوالا، لە ژێر پژوپۆی دارسنەوبەر و دارکاژەکاندا، وردە وردە هەنگاوی لات و کوێر و لاملمان دەنا و بەدەم پیاسە کردنەوە لە خوا و زەمین دەدواین..

کە تیشك و رەونەقی چرا رەنگاڵییەکان، لەناو گەڵای لق و پۆپی درەختەکانەوە لە رووخسار و جەستەکانی ئێمەی دەدا، هێندەی دیکە کامەران دەبووین.

مـــن وام هەســـت دەكـــرد، ئێمـــە لـــە بەهەشـــتێكی فێنـــك و گەشـــبیندا، لـــەناو پەلكەزێڕینـــەی ئاسمانـــەوە هەڵدەكـــەین.. دڵمـــان خـــۆش بـــوو.. خۆشـــتر لـــەوەی كـــە كەســـێك بتـــوانێ باوەڕی پێبكا..

دەمنـــادەمێ شـــەقێكم لـــە لاشـــانی ڕێهـــات دەدا و دەمگـــوت: ئـــەوە دەورانـــە یـــارۆ.. ڕۆژ ڕۆژی ئێمەیـــە.. دەســـتپێبكە.. ئەی ڕۆح و دڵ و دەروونی برات دەستپێبكە..

ئـــەو بێـــدڕدۆنگی و دوو دڵـــی و بیركردنـــەوە، بـــە دەنگێكـــی گـــڕ كـــە هـــەر لـــە زەڕیـــن دەچـــوو، بـــە گوێچـــكەی هـــەموو درەخـــت و شـــەقام و گـــەڵا و تـــەلارو مـــرۆڤ جوانییـــەكانی ئـــەو شـــەقامانەیدا دەیقیڕانـــد: (لـــە پـــاش مـــەرگم لـــە پـــاش مـــەرگم.. چ فایدەیـــە بێیـــە ســـەر قـــەبرم لـــە بـــۆ شـــیوەن.. دەخیلـــتم گـــەر عـــەفووم نەكـــەی تـــۆ گـــەورەی خـــۆم غولامم...هتد).

مـــن دەمگـــوت: بەســـە.. بـــەس.. دیـــنی مـــەگێ، بەڕاســـتی پسپۆڕی لە تێكدانی گۆرانی..

دەیگوت: (کورڕم، کەرم پیدەگێی و شەهادەشم پێ دەهێنی).. لەو شەوەدا، ئێمە مانەندی سەگ، بە هەموو شتێ دەحەپین.. تا لە کۆتاییدا "رێهات" هەردوو دەستەکانی جووت کردن و سڵاوێکی هیندیانەی بۆ دوو کیژ کرد و پێی گوتن: جوانەکان، گەر کاتتان هەبێ، حەزمانە بۆ ساتێ بچین لە بلیاردخانەیەکدا گەمە بکەین..

گوتیان: ببوورن.. کاتێ ئەوەمان نییە..

رێهات وەك ئەکتەرێکی ساحیر و بزەبەخش کەوتە سەرئەژنۆکانی، شێوەی رووخساری خۆی وەرگێڕایە سەر وێنەیەك لە تراژیدیا و گوتی: ئێمە دەمانەوێ ئەو شەوە ببین بە خزمەتکاری ئێوە.. وەرن بۆ تاوێ لاپەڕەکانی کتێبی جەستە و رۆحمان هەڵدەنەوە.. وەرن بە لایەنی کەم بۆ تاوێ لەناو ئەو کافتریا شووشەییاندا لە پێمانکەن..

ئەوان لە قاقای پێکەنینیاندا و گوتیان: کەوابێ دەفەرموون.. رۆیشتین..

لەسەر مێزێکی شووشەیی و لەسەر چوار کورسی گرانبەهای ئەبەنوسیی، لە گۆشەیەکی کافتریاییێک کە ناوی "نیو ئۆرلاین" بوو دانیشتین..

ئێمە هەر زوو بە ئەکچێنتەکەیان زانیمان، کە ئەوانیش دوو ئاوارە و بێدەرەتان و پەناهەندەی وەك ئێمەن.

پرسیم: خەڵکی کێندەرن؟

پرچ زەردە باڵا بەرزەکە، کە کراسێکی سپی لەبەردابوو قۆپچەیەکی تری کردەوە و تا نزیك ناوکی بەدەرکەوت، گوتی: من رۆمانیم.

کچە باڵا مامناوەندیەکە، کە پرچێکی رەش و کورتی هەبوو، چاوێلکەیەکی لە چاودا بوو، گوتی: من خەڵکی ئیسپانیام.. ئەی ئێوە؟

رێهات: ئێمە یۆنانین.. خەڵکی وڵاتەکەی سۆکرات و ئەرستۆ و ئەفلاتونین خەڵکی نیشتمانەکەی سۆفیست و ئەرستۆڤان و ئەپیکۆرین.. ئێمە.. من لە بن مێزەکەدا پێیەکم لەپێیەکانیدا و گوتم: بەسە کوڕم..

رۆمانییەکـە دەسـتی بـە قسـەکردن کـرد و هـەزاران حـەرفی یۆنـانی و وشـەی یۆنـانی و رسـتەی یۆنـانی لـە دەو هاتـە دەرەوە.. ئـەو بـە یۆنـانی دەدوا.. لـەناکاو بێـدەنگ وەسـتا و چاوەڕێی وەڵامی ئێمەی دەکرد..

رێهـات، لەسـەرخۆ گـوتی: ئـەغاپیمۆ.. ئـەغاپیمۆ.. رۆمانییەکـە سـینە جوانەکـە، کـە ئێمـەی بـەو شـێوەیە دیـت، پێکـەنی، هەنـدێ سـەری بـە نـەرمیی راهەژانـد و گوتی: بەرازینە.. درۆ دەکەن ها..؟ ئێوە یۆنانی نین.

"رێهـات": نـا.. ئێمـە درۆ ناکـەین، ئێمـە بـە رەچـەڵەك یۆنـانین، لەسـەردەمی "ئەسـکەندەری مەکـەدۆنی" بـاپیرە گـەورەمان کۆچـی کـردووە بـۆ "بابـل" دواتـر لـە "کوردستان" ماوەتەوە..

ئیسپانییەکە: کێندەر؟ پاکستان؟

رێهات: نا.. ئەفغانستان.. کابول..

لەگـەڵ "رێهـات" نیـو کاتـژمێر، تـەواو دەرسـی ناسـینی ئـەو پارچـە عـەردەمان بۆیانـدا، باسـی قـاتوقڕی و بـەد

شانسیەکانی کوردمان کرد و پەنجەی تاوانمان بۆ قەدەر و خوداوەند و خۆشمان درێژ کرد.. زۆربەی زۆری گوناهەکانی ئەو نەتەوەیەمان خستە ئەستۆی کورد خۆی و هەندێکیشمان بە مل خوداوەندەوە داهێنا.

رۆمانییەکە پرسی: ئەی کاری ئێوە چییە؟ بۆچی ناچن لەوێندەر خەبات بکەن و بەشداربن لە پرۆسەی شۆڕشی هۆشیاری و رزگارکردندا؟

گوتم: ئێمە هەر بۆ ئەوە هاتووین، تا لێرە خۆمان پێبگەیەنین و بگەڕێینەوە ولات و لەوێش هەولەکانمان بخەینە ناو ئەو پرۆسەیە پیرۆزە، بەلام هێشتا زووە، ئێمە خۆشمان تا عاقل دەبین تەنیا چل سالی یەکەممان زەحمەتە..

کیژە ئیسپانیەکە گوتی: ئێوە چ کارەن؟

رێهات بە پەنجەی ئاماژەی بۆ من کرد و گوتی: ئەو شاعیرە، منیش برادەری شاعیرم.

گوتم: ئەویش برادەری شاعیرە و ئەفسەرێکی بە پلەو پایەی سەربازیشە.

پەرییە رۆمانییەکە: من شاعیرم نەدیتیە ئەوەندە "جێڵی" لە پرچی بدا، دوایی تۆش، بەس بە ئەفسەر ناچیت..

من بە کوردی: رێهات بۆیان بگێڕەوە..

رێهات: کوڕم عەیبە..

رۆمانییەکە وەك توتی ئەو چەند وشە کوردیەی ئێمەی دووبارە کردەوە (کوڕم عەیبە .. کوڕم عەیبە...) و گوتی: ئێوە چۆن خەبات دەکەن؟

من کە لە بزۆزی لێوی سیحرئامێزی وردبوومەوە، باوەڕم بە خۆم نەدەکرد کە بەرامبەر پەرییێکی وا خوایی رۆنیشتووم، ئەو جارەیان من بە بزەیەك و بە دەنگێکی بڵندی رۆژهەڵاتییانەوە گوتم: ئێمە ئەو کاتانەی ئەلکحول وەك دایکێکی بە رەحم لە نێو لانکی پیرۆزی خۆی دەمانلاوێنێتەوە، هەوڵی بینینی خەون

دەدەیـــن.. دەمانـــەوێ بچـــین بـــبین بـــە هێزێـــك بـــۆ ئـــەوەی بەرگری لە خاك و نیشتیمان بکەین.

ڕێهـات قسـەی پێـبڕیم و گـوتی: مـن دەمـەوێ بـۆ فڕۆکـەوانی و ئـەویش بـۆ دەریـاوانی بخـوێنین.. ئـەو شـاعیرە حـەزی لـە دەریـا و مـانگ و ئەسـتێرە و ئـەو جـۆرە شـتانەیە.. بـەڵام بەداخـەوە ئـەو "ئەفسـەرە سـەگبابە" چـرۆی خەونـەکانی هەڵوەراندین..

مـن چـاوێکم لـە "ڕێهـات" داگـرت و گـوتم: هێـدی هێـدی.. بـــرادەران وا پێدەچـــێ ئـــەو بـــرادەرەی مـــن ئـــەوڕۆ زۆر توڕەبێ، چونکە ئەفسەرێك "گونی" گرتییە.

ئەوان هەرسێکیان لە قاقای پێکەنینیاندا..

ئیسپانییەکە بەدەم پێکەنینەوە پرسی: بۆچی؟

ڕێهـات: ئـەوڕۆ چـووم نـاوم بـۆ خوێنـدنی سـەربازیی لـە "کۆلێـژی سـەربازیی"دا تۆمـار بکـەم.. ژوانم بـۆ کاتژمێـژ "17" وەرگرتبـــوو، کـــە گەیشـــتم دوای پڕکردنـــەوەی

فۆرمێـك، داوای تێسـتی جەسـتەی لێکـردم و گـوتی: شـناو لێدە..

مـن دەسـتم کـرد بـە شـناو لێـدان.. گەیشـتمە شـناوی چـلەم.. ئـەو کڵاوەکـەی سـەری داکەنـد، بـە خـۆی و پرچـی خۆڵەمێشـی لەسـەر کورسـی پشـت مێـز و کۆمپیوتەرەکـە هەسـتا و بـەرەو لایمـن هـات.. دەسـتێکی دانایـە سـەر پشـتم و گوتی: تۆ هەڵە شناوەکانت لێدەدەی..

مـن هەوڵمـدا شـناوەکان باشـتر لێبـدەم، کەچـی ئـەو دەسـتێکی هێـدی هێـدی هێنایـە "عـەیب نـەبێ" سـەر گونم.

مـن یەکراسـت راچـەڵەکیم و بـە سـووك و چـرووکی لێـیم روانی و بە دەنگێکی توورە گوتم: خوا حافیز.

ئـەو دەسـتێکی بـەهێزی خسـتە سـەر شـانم و بەدەسـتەکەیدی کـارتێکی دەرهێنـا و دایـە دەسـتم.. بـە نارەحەتییەکـەوە گـوتی: واز لـە بیرۆکـەی کـاری سـەربازیی بێنـە، هـەمووی ژان و خەفـەت و بـێ کـاتیی و پـڕ لـە کـۆت و پێوەنـدە.. وەرە تـۆ لـە مـن بپرسـە، مەسـەلەیەك هەیـە

دەڵێ: (لە ئەزموونـدار بپرسە نەك لە دكتۆر).. ئەو كارتە ئەدرێس و ژمارەی تەلەفۆنی ماڵ و مۆبایلیشی تێدایە، ئەگەر حەز بكەی (هیواخوازیشم حەز بكەی) هەفتەی سێ رۆژ، شەممە و سێ شەممە و پێنج شەممە، دوای كاتژمێر (20) تەلەفۆنێكم بۆ بكە، پاش دوو كاتژمێر مانەوەت لەلای من (30) ماركی خۆت وەرگرە و ماڵمانئاوا..

من گوتم: باشە بیری لێدەكەمەوە..

كە وردە وردە ئەوێندەرم جێهێشت، بەدەم تەماشا كردنی كارتەكە بیرم دەكردەوە.. (ئەفسەرێكی پیری سەرشان پڕ لە ئەستێرە و نەیزەك و ئالا و شمشێر و باز و شێر، پانتۆڵە عەسكەریەكەی دادەكەنێ و خۆی قووچ دەكاتەوە و هاوار و فەرمانم بەسەردا دەكا "رێهات" هەمووی، با هەمووی بێتن، هەمووی بخە ناوی، ئەو حاڵەتە چێژێكی ئەبەدیم پێدەبەخشێ.. هاوار دەكا دەی دەی من حەزمە چیرۆكی "هەزار و یەك شەوەت" لەگەڵدا لە یادداشتی خۆم تۆمار بكەم.. من كە لە رەنگی خۆڵەمیشی پرچی دەڕوانم، وزەم تێدا نامێنێ، ئەو

دەستی بۆ سەر رانەکانم درێژ دەکا و داوای زیاترم لێ دەکا.. من بە قەهرینێکەوە دەستەکانی لا دەبەم، خۆم و ترسی لۆتییەکانم دێتەوە یاد، بۆیە ئازا ئازا بەوپەڕی تووڕەییەوە خۆم دەهەژێنم و فەنتازیا بە فریشتەیەکی مەمك خڕ دەکەم.. دواتر کە تەواو دەبم (30) مارکەکەی خۆم وەردەگرم و دەڕۆم).

من کارتەکەم هەنجڕ هەنجڕ کرد و ئەوەندەم زانی وام لەناو شەپۆلی جنێودان تف رووکردن، پڕ بە دەنگم هاوارم دەکرد: ئەی بەرازی لەعنەتی، ئەی خوای عادل قوون و پاشەڵت لێکهەڵزڕێنێ.. وەك شێتێك هاوارم دەکرد: قەحپە پیاو تف لە خۆت و باوکت.. تف هەی لەعنەتی خوا بتکوژێ، ئاخر بۆیە خوا غەزەب لە مرۆڤ دەگرێ چونکە نەگبەت و نەفرەتیی وەك تۆ لە زەمیندا هەن..

رێهات زیاتر هەڵچوو، بانگی کوڕەکەی سێرڤسی کرد و گوتی: کاکە هەشت پێك ئۆزۆ لەسەر حیسابی من..

درەنگـانێ خزمەتکارەکـە هاتـە لامـان و گـوتی: ببـوورن کـات گەیشتۆتە چواری بەیانی ئێرە دادەخرێ.

لەگــەڵ ڕێهــات پــارەی مێزەکــەمان لــە ژێــر مێزەکــە کــۆکردەوە و بــە پــێ بــەرەو بالأخانــەی ژمــارە (32)لــە شــەقامی بــانهۆف بەڕێکــەوتین، بــە پلیکانــەکان ســەرکەوتین و دوای تاقیکردنــەوەی هــەموو کلیلــەکان ڕێهــات تــوانی دەرگاکــــە بکاتەوە..بــــە سەرخۆشــــی بــــەرەو ژووری نووســتنەکە چــووین و هــەر چــوارمان لەســەر قەرویڵــە دوو کەسییەکە ڕاکشاین..

کــەس خــەوی لێنەدەکــەت و کەســیش هیچــی نــەدەگوت، بــیرم بــۆ زۆر شــت دەچــوو کــە کارێــك بکــەم ئــەو دۆخــە بگـۆڕم، کەچـی فەشـەلم دەهێنـا، تـا ئـەو کاتـەی پیـاوی نـاو ڕۆمـانێکم کەوتــەوە یـاد، ئـەو پیـاوە تـا شـل دەبـوو پێکـی عــەرەقی لــەنێو دەمیــدا غەرغــەرە پێــدەکرد ئینجــا ئــاوای دەکــرد، جارێکیــان پەنجەیــەکی بــە تــەورێك ســەر بڕیبــوو چــونکە دەبــووە ڕێگــری ئافەریــدەکردنی جــوانیی لــە دروووســتکردنی گـۆزەدا، ئـەو بـەناو باوەشـی زێڕینـی ژنانـدا ســەفەری زۆری کردبــوو، دێتــەوە بــیرم لــە ئێوارەیــەکی

درەنگدا بە نهێنی بە گوێچکەکانی مندا چرپاندی: کوڕی خۆم ژنان وەك کانیی سەر ڕێگا وان، هەر کێی بەوێدا تێپەڕێ لێیان دەخواتەوە، ئەو پیاوانە ئازا و جەربەزەن کە بەر لە هەر کەسێکی دیکە دەچێ قوڕگی وشکی بەو کانییە تەڕ دەکات..

من چیدی نەمویست بیر لەو پیاوە بکەمەوە..بۆیە بێ بیرکردنەوە لەسەر قەرویڵە دوو کەسییەکە کە ئێمە چوار کەس لەسەری راکشاییووین، لەناو ئەوپەڕی بێدەنگیدا قایش و زنجیری پانتۆڵەکەمم کردەوە و تیشتێردەکەم هەڵدا و کچە ڕۆمانییەکەم لە باوەش کرد، ئێمە بە وێنەی لاولاوە تێکئالاین، تەنها دەرهێنەرێکی سینەماییمان پێویست بوو..ڕێهاتیش کچەکەی دیکەی خستە باوەش..دواتر وردە وردە هەموو شتەکان دەگۆڕان تا کار بەوە گەیشت من و ڕێهات وەکو دوو برای دڵسۆز و ماڵنەکردە ژنەکانمان دەگۆڕیەوە، ئەوان ئێمەیان دەگۆڕییەوە، دەتگوت دەمانەوێ یەکسانی کۆمەڵایەتی لەو ژوورەدا پراکتیزە بکەین..

کە سپێدەی بەیانیدا و لە خەوا رابووین.. کەسمان نە باسك و نە قاچ و نە سینە و نە مەمك و نە دڵەکانی خۆمان نەدەناسیەوە، رێهات قریوە قریوێکی کرد و بە دڵخۆشییەکەوە لە منی روانی و گوتی: ئەی برادەری ئازیز، ئێمە ئاوا خەبات دەکەین و بۆ رزگارکردنی گەل و نیشتیمان.

-M-

لە شەوێکی سپی و کپ و بێ ئەستێرەدا، ئێمە تەواو تەواو بە پێچەوانەی کلوە بەفرە گەورەکان، پێنگاوی ورد و زەنگیانەییمان دەنا.. بە دڵێکی رۆشەن و درەوشاوە و بە تەوەری دژ، بە گڕ تاریکیی زەمەندا دەچووین و بە پێچەوانەی سەهۆڵبەندان و سڕبوونیش بە ناو شەقامە ئەرخەوانییەکانی فێنکی ژیان گوزەرمان دەکرد..

تیشك و ترووسکە ترووسك و بریسکانەوەی لایتی ئۆتۆمبێلەکان بە وێنەی باهۆزی هێزدار و نەیزەکی کلکدار دەهاتن و لێمانەوە تێپەڕ دەبوون ئێمەیش وردە

وردە مانەنـــدی جـــووتێ کیســـەڵی لات و کـــەیف خـــۆش بـــە رووگـــەی پێچـــەوانە و بەرامبـــەر بـــە تـــەوژمی بـــەردەوامی رونـــاهی لایتـــەکان، لەســـەر شۆســـتەی شـــەقامە خێراکـــە هەنگاوەکانمان دەهاوێشت..

لـــەو شـــەوە ســـپی و (بـــۆ مـــن) فێنکـــەدا، "بـــەرلین" لـــە بـــووکێکی روو ســـپی و پـــاکیزە و تـــارا زیـــوینی دەکـــرد.. بـەرلین، لـەو شـەوە بـێ مانگـەدا دەتگـوت ژنێکـی پێخواسـە و بـــە خەوکراســـێکی بـــەفرینی رەونەقـــدارەوە لـــە ژێـــر بـــەفرانباردا ســـەما دەکـــا.. ســـەر پـــەڕی گـــوڵ و رەیحـــان و گوڵزارەکـــــان و ســـــەر گـــــەڵا و پـــــژوپۆی درەختـــــە سەوزپۆشـــەکان و ســـەر گڵـــۆپ و ســـەر ئینـــارەی ناونیشـــانی مارکێـــت و ســـەر شوســـتەم و شـــەقام و ســـەر ســـەوزاتی ئـــەو عەردە پاگژ و خاوێنە یەکپارچە سپی دەچۆوە.

"بـــــەرلین" بەهەشـــــتی نـــــاو خەونـــــەکانی ســـــاتەوەختی هـەرزەکاریم لـەو شـەوەدا هێنـدە خـان و مـان و هێـور بـوو، بـە چاوە کەژاڵـەکانی نـازی بەسـەر هـەموو کەونـدا دەکـرد.. مــن هــەردوو دەســتەکانم هــەر لــەناو گیرفــانی چاکێتەکەدا بـــوو، کـــە شـــاپێکم لـــە رووەکێکـــدا و هـــەموو بەفرەکـــەی

سـەریم رامـاڵی.. بـە دڵخۆشـییێکەوە بـە هـاوڕێ ئازیزەکـەی خـۆمم گـوت: تەماشـاکە بـرادەر، بـەرلین چـەند لـە جـووتێ مـەمکی خـڕ دەچـێ..؟ ئـەها تەماشـا چـەند بـە میهرەبـانی دەیەوێ ئارامیی بەسەر ڕۆڵەکانیدا ببەشێتەوە؟

ئـەو گـوتی: "بـەرلین" بـە درێـژایی ژیـانی هـەروا ڕێکپـۆش و سـەرخۆش و سەرمەسـت و میهرەبانـە.. بێگومـان بێجگـە لـەو چـەند سـاڵەی سـەردەمی "نازی"یـە گـۆڕ بـە گـۆڕ چووەکان.

ئێمـە کـە لـە "ئووبان"ەکـە دابـەزین و بـە پایـە پایـەی قاڵدرمـــە ئەلکترۆنیەکـــەدا ڕوو لـــە دەرەوەی تۆنێڵەکـــە ڕێگامـان گرتـە بـەر، لەبـەر دەروازەی ئێسـتگەکەدا ژنێکـی جـاحێڵی جەسـتە تێکسـمڕاو وەسـتابوو، لـەبن پـاڵتۆ درێـژە سـوفینیەکەش، بازنـەیی و تونـد و تـۆڵی سمـت و کەفـەڵ و مەمکەکانی دەرك پێ دەکرا..

ئـەو ژنـە جاحێڵـە دەنگـی ڤۆلینەکـەی ئاوێتـەی بـەفر و سـپیەتی و بـەرلین و ئێسـتەتیك و مرۆڤـە سیسـرکە

ئاســـاكان و دەنگـــی ئۆكۆردیـــۆنی رێكۆردەكـــەی بـــەر پێیەكانی كردبوو.

مـن چـونكە لەمـەو پـێش گـەلێك جاریـدی لای "سـڤێتلانا" لـــە ژووره هـــێمن و دڵـــڕفێن و رۆمانســـیەكەدا، بـــەدەم فڕكردنـــی پێكـــی كۆنیـــاك و شـــەراب گـــوێم بـــۆ گـــۆرانی رووســـی قـــولاغ كردبـــوو، هـــەر زوو لـــەو ئـــەنجام و ئاكامـــە تێگەیشـــتم، كـــە ئـــەو میلۆدیـــە غـــەمبار و دامیـــارەش هـــەڵقولاوی گیـــان و جیهـــانی پـــڕ لـــە جـــوانیی فریشـــتە جوانـــەكانی رووســـیایە.. ژنێكـــی بـــەژن بڵنـــد پێســـت ســـپی بـــوو، لـــووتێكی درێـــژ و بـــاریكی هـــەبوو، لێوەكـــانی تـــەواو ئەســـتوور بـــوون.. چـەند تـاڵێكی پرچـی خـاوی لـەژێر كـلاوە رەشـــەكەیدا بـــە ئاســـتەم بەدیـــدەكرا و قـــاوەیی رەنـــگ بـــوو.. هەوڵمـــدا بـــزانم چـــاوەكانی چ رەنگـــن.. كەچـــی نـــەمتوانی، چـــونكە بـــەدەم ژەنـــینی ڤیۆلینەكـــەوە، چـــاوەكانی تـــەواو نووقاندبوون..

كـــە بـــە پەنجـــە كریســـتالاویەكانی وازیییێكـــی ئـــاورینی بـــە تەڵـــەكانی ئـــەو ئینســـترومێنتە دەكـــرد، هەناســـەیەكی بـــەتینی هەڵدەكێشـــا و دواتـــر لەســـەرخۆ، بـــە دەنگێكـــی مـــام

ماوەنـــدی کۆپلەیـــەکی لـــەو ســـترانە روح و میلـــۆدی خـــاوە دەچـــڕی، مـــن دڵـــم بلـــەز وەك ئـــەوەی بوومەلـــەرزەیێ بـــە ڕێـــژەی (50) پلـــە بـــە پێوانـــەی ڕێختـــەر لێیـــدابێ، ئـــاوایی دەهاتە لەرزین..

ئێمـە لـە شـوێنی خۆمانـدا وەك دوو پەیکـەر و بـت، بـەدیار ئـــەو پەرییـــە ژەنیـــارە راوەســـتاین.. لـــە جوولـــە جـــوول و ســـەما و بـــزۆزی و جێگـــۆڕکێی قامکـــە باریـــك و درێـــژەکانی رامـــــاین.. بـــــە حەپەســـــاوی و چـــــاوی حیـــــز و زەقـــــەوە تەماشـامان کـرد کـە چـۆن تبلـەکانی لـە تـەڵێك بـۆ تـەڵێکی دیکــە دەگوازێتــەوە و بــەو هــەموو هەســتە قووڵــەی نــاو ئــامێرە روحلەبــەرە، روحــی هــەموو مــرۆڤ و هــەموو بــەرد و گەردەکانیش دێنێتە سەما..

کـــە ژنـــە جاحێڵەکـــە لـــەو گۆرانییـــە دۆژەنپەرســـت و خەفەتدۆســـتە تـــەواو بـــوو، پەنجـــەرەی چـــاوەکانی ئـــاوەڵا کـــرد، ئـــەو کاتـــە مـــن زانـــیم کـــە رەنگـــی گلێنـــەکانی وەك بوژانــەوە و بــەهار کەســك کەســك بــۆ وەریــن و پــایزە بــێ کوتاییەکانی بێئومێدی و بوون دەبریسکێنەوە.

ئـەو ژنـە ژەنیـارە بزەیـەکی دەسـتکردی بـۆ ئێمـە کـرد و نـەختێ سـەری دانوانـد.. مـن و هاوڕێکـەم کـە بـە تـەنیا بـە دیاریـەوە وەسـتا بـووین، کەتینـە چـەپڵەرێزان.. مـن دەسـتم بـۆ دەوم بـرد و ویسـتم دوو پەنجـە بخەمـە ژێـر زمـانم و پـڕ بـە سـییەکانم بفیکێـنم.. کەچـی چـاوە کەسـکەکانی ئـەو خانمـــەم لـــێ دیـــار کـــەوت چـــەند دڵۆپـــە ئەســـرینی بەدبـەختیی لەسـەر گۆنـا گوڵگوڵینیەکـەی وەسـتا بـوون و چـەندێکیش هێشـتا هـەر لـەناو پێدەشـتی گلێنـەکانی بـە وێنـەی کۆمـەڵێ کەروێشـکی ئـاوس بـە مڕومۆچـی قـەتیس مابوون..

ئــەو هەمــدیس خــۆی نوشــتاندەوە و بــە خەندەیــەکی ڕۆنـدك ئـامێزەوە لـە چـاوەکانی ئێمـەی ڕوانـی.. مـن و هـاوڕێکم لەبـەر عەیبـە و شـەرم یـەکا و چـەند مارکێکمـان هەڵدایە نێو جەنتای ڤیۆلینەکە و پایدۆسمان لێیکرد..

مـن کـە بـۆ هەمیشـەیی شـێرپەنجەی پرسـیاری قـورس و تـاعوونی بـێ وەڵامیـی سەراسـەری جەسـتە و ڕۆحـی کـۆڵیی کـردووم لـە ژیانـدا، نەمویسـت ئـەو چرکەسـاتە ناسـکەی کـە تێیـدا دەژیـاین بـە بـارانی ئەندێشـە و لافـاوی وردبوونـەوە

و زریـانی خەفـەت بـەو خانمـە نایابـە رووسـە سـەودا پـێ بکەم..

دەمخواســت و هێڤیــداریش بــووم کــە تــەواوی کەســەر و ئەفســووس و ئازارەکــان لــەبیر خــۆم بەرمــەوە.. کەچــی بێدەســەڵات بــووم لــە ئاســت ئــەنجامی ئــەو خواســتەم، رۆچــوومە نــاو هــەموو کــون و قــوژبن و کەلەبــەرەکانی مـاڵی وجـود، بـە هاورێکـەمم گـوت: تـۆ دەمێکـە خـەریکی ئـەوەیت مـۆمی گیـانی خـۆت لەسـەر پێچـرای فەلسـەفەدا وردە وردە دەتوێنیتــەوە.. هەمیشــە چــرای ئاشــکرا کردنــی جیاوازەکــانی نێــوانی ژیــان و مــردن و بــوون و نــەبوون و مـان و نـەمان و بـاوەڕ و بـێ بـاوەڕیی و ئـاین و ئاینێکیـدی لـە بەهەشـتی هۆشـی تـۆدا داگیرسـاوە.. تـۆ بـاش لـە چـەمکی ئــەو هــەموو وشــانەدا تێگەیشــتن هەڵــدەکرێنی.. تــۆ بــە تــــەواوی رۆچــــوویتە قــــووڵایی ئــــەو دۆڵ و خەرەنــــد و چـاڵانەی کـە پـڕن لـە نهێنییـەکانی ئـاین و خـوا و بـوون و نــەبوون.. دەمــەوێ پرســیارێکی کــورت و پوختــت ئاراســتە بکەم.. حەز دەکەم بە ئا یان نا وەڵامم بدەیتەوە.

گوتی: فەرمووو.. تۆ ئێستا لە بەرلینی.. "جۆن کەنەدی" گوتەنی ئێستا تۆ وەك بەرلین ئازادی..

گوتم: خوا هەیە، یان نییە؟

ئەو تەماشاییێکی منی کرد و دەیویست درێژی بکاتەوە و پێم رابگەیەنێ کە چۆن سەلماندوویەتی ئەو خوایەی خۆی مەبەستیەتی خاوەنی بوونێکی نەگۆڕە.. لە کۆتاییدا جورئەتی دایە بەر خۆیی و گوتی: بەڵێ هەیە.. بەڵێ من گومانم لە بوونی ئەو خودایە نییە کە من باوەڕم پێی هەیە.

پرسیم: ئەی ئایا چەند دادوەری و یەکسانی و حەقانییەت بوونی هەیە، لەنێو پانتاییەکانی بووندا؟

وەك ئەوەی باسی کیڕێکی چاك بکا، گوتی: ئەوەیان بابەتێکی ئەستوور و درێژە.. یەکسانی و دادوەری لەنێوانی بوونەوەرەکاندا بەگەلێك بار و بوار و خاسییەت و...هتد وە پەیوەستە.. من تێدەگەم، تۆ قسە لە لایەنێکی میتافیزیکی رووت و کەمبەها لەو رووەوە دەکەیت و دەتەوێ هەموو لایەنە مەتریالی و

ئەپستمۆلۆژییەکان بەلاوە بنێیت.. تۆ باس لە کامە یەکسانی دەکەیت؟ یەکسانی کۆمەڵایەتی؟ دادوەری نێوانی مرۆڤەکان لە چ رووییێکەوە؟ ئابووری؟ رامیاری؟ کۆمەڵایەتی؟ یان فسیۆلۆجی؟

لە هەر رووییێکەوە بیگریت، تۆ خۆت لەبەردەم گروپێك هاوکێشەدا دەدۆزێتەوە و بەرپرسیاریت لە شیکردنەوەیان بۆ گەیشتن بە وەڵام..

(خوا خێری بنووسێ) زۆری باسکرد و گەلێکی راڤە کرد.. بەڵام من بە تەنیا ئەوەم لێیکرِی کە لە کۆتاییدا گوتی: باوەڕ ناکەم بۆ هەژاران و سیاسییە شەریفەکان و مرۆڤە راستگۆ و دڵساف و دەستپاك و ناشیرینەکان، عەدالەت و یەکسانی بوونی هەبێ لەو پانتاییەی کە مرۆڤ ناوی ناوە ژیان.

من زۆر لەمێژ بوو قسەکانم لە ناخمدا بە زۆر گینگڵ پێخواردبوو، بۆیە رێگام بە وشەکانی ناخمدا وەك پۆلێ بلبل قەفەزی سینە و پەراسووەکانم جێبێڵن، بۆیە قسەکانی ئەوم بڕی و بە کوردییێکی پاراو و کورت پێم

گـوت: دکتـۆر گیـان.. مـن بـه هـیـچ جـۆر و شـێوازێك نـاتوانم بـاوەڕ بـه بـوونی بـوونێکی دادوەر بێـنم.. خـۆ ئەگـەر ئـەو بوونـــه یـــەك تۆزقـــاڵ وردە نـــانی یەکســـانی بـــۆ بوونـــەوەرەکانی ئـــەو گەردوونـــه تاریـــك و کاولـــەدا ببەشـیبووایەوە، ئـەوا نـەدەبوو ئـەو کـۆترە جاحێڵـه چـاو بەهاراویــه بــۆ چــەند "فنیکێــك" لێــرە وا بــه خامۆشــی ڤیۆلـۆنی بـۆ ئـەو هـەموو گـا و گولـك و کـەر و چێڵ و بـەراز و سیسرکەیە بژەنیبووایە..

بــەڵێ دکتــۆر گیــان منــیش یــەکێکم لەوانــە، منــیش دەزانم جیــاوازی نێــوانی مــن و کــەر یــان بــەراز وەك جیــاوازی نێــوانی "پیپســی و کــۆلا" وایــە، لەگــەڵ گۆلکــدا دوو رووی یــەك دراویــن، بــەڵام ئــەوەی کــە مــن لــە هــەموو ئــەو ئاژەڵانــە جیـــا دەکاتـــەوە هەســـتی منـــە بـــۆ مێینـــە.. خوداوەنـــد بەهرەیـــەکی غـــەریبی پێـــداوم لـــەو رووەوە، مـــن بـــە پێچـەوانەی ئەوانـەوە دەتـوانم ئێسـتا لێـرە دانیشـم و چـی ئـاوی جەسـتەم هەیـه بیکەمــه رۆنــدك و بــۆ ئــەو گوڵــه ڤیۆلۆنژەنـەی دابـارێنم.. دەتـوانم بکەمـه بابـەڕۆ و شـین و فیغان و له خۆدانێکی بێدماهی..

بە سەراحەت دەڵێم، ئەو دولفینە ئاوری لە جەرگم بەردا، ئاخر ئەوە بە تەنیا شیاوی ئەوەیە بیبەیت لەناو بخوور و ئەڵماس و رازاوەترین قەرویڵەدا، بن کراسێکی بریقەداری نیلی لەبەر بکەیت و بە باشترین روونەکانی مەساج تا ئەو کاتەی نازانی ماویت یا نەماویت پشتی لووسی مەساج بکەیت.

ئەگەر یەك دڵۆپ یەکسانی بوونی هەبووایە و من سەرمایەدارێکی پێکرای بوومایە، بڕوا بکە ئەو ڤیۆلۆنژەنەم دەکردە سوڵتانەی روحم، لە نێو ڤیلایەکی ژیلەمۆیی پڕ لە خۆشبەختیی و زیبا و دلگەشی، خۆشم دەبووم بە بەندە و غولامی ئاواز و نەوا و دەنگی ناسکی هەناسەی موزیك و گیانی کحول.. لە شەوانیشدا دەستم دەدایە بەرداخێك و تا دەمردم شەراب و شەربەتی ئەناناسم دەخستە سەر مەمکەکانی و لەژێری ژێرەوەش دەوم وەك دەوی شێرێك دەکردەوە.

هاوڕێکەم گوتی: جا کوا مرۆڤی جوانیدۆست و لەززەتپەرست دەگاتە ئاستی پارەداری؟ بڕۆ هەموو دیرۆك بە درێژایی و پانایی تەی بکە، لە چەند

مرۆڤێکی بە پەنجە ژمێردراو زیاتر کەسێکی دیکەی لەو بابەتەت ناکەوێتە بەرچاو.

گوتم: باشە کەوابێ ئەی هاوڕێی ئازیزم بۆچی پێویستە من کڕنۆش بۆ بەناو "بوون"ێك ببەم کە لە چەمکەکانی دادوەری و یەکسانی تێنەگا..!؟ یاخود نەزۆك بێ لە هێنانی چەپکێ شەونم و شەوبۆی هاوسەنگی بۆ ژیان و هێندە تەمبەڵیش بێ لە گراماتیك و بە هیچ شێوەیەك نەتوانێ وشەی "یەکسانی" بەبێ کەموکوڕییێکی گەورە ئەکچێنت بکا و بیخاتە رستەوە لەناو پۆلەکانی قوتابخانەی ژیاندا.

من چۆن دەشێم نوێژ بۆ بەناو "بوونێك" بکەم، کە هەموو بیر و حیسابە ماتماتیکیەکانی لای ژماردنی ئەو بتڵە ئارەقە سەفابەخشانەبێ کە من و چەند مەلعونێکی وەك من لە ئێوارانـدا بۆ دۆزینەوەی "چوونە دەرەوەیەك" فڕی دەکەین؟

من چۆن دەتوانم لە میحرابی بێهۆشیدا کڕنۆش بۆ خوداوەندێك بەرم کە هەموو ئاوەز و هۆشی بریتییێ لە

چاودێری کردنی ئەو جۆبڕکە و سیسرکە و هەزارپێیانەی کە لەژێر خاك و هەندێ جاریش لەسەر عەرد و لە کونی ژوورەوەی ئاودەستە رۆژهەڵاتییەکانەوە، لە ئاقارە کاکی بە کاکیەکاندا بە نهێنی لەگەڵ دلبەرەکانیان لە چرکەساتێکی هەڤدۆستدا دەسێکسێنن؟

ئەوان هەر بە تەنیا چەقۆی چاوەکانیان بۆ چاودێری کردنی ئەو بوونەوەرە ئەویندارانە تیژ دەکەنەوە کە دەیانەوێ جەمێکی ماچ بە دزییەوە لەسەربانە حەرامەکاندا بەوپەڕی ترس و شادمانی و لەززەتەوە بمرچێنن..

تەماشا دەکەن، قەڵەمەکانیشیان بۆ نووسینی گوناح بە حوبری ئێشك پڕ دەکەنەوە و دادەبەزن.. ئەو فریشتانە دێنە خوارێ بۆ نووسینی تاوانەکان، تاوانی ئەو عاشقانەی کە دەچن لەسەر دیواری ئەدەبخانەکانی مزگەوت، وێنەی دڵ و تیر و لێو و گلاس و چاوێك دەکێشن، کە تنۆك تنۆك رۆندکی خوێنینی لێدەکەوێتە ناو گلاسەکە.. ئەو عاشقە پەرۆشانە لە دەستپێکی

تیرەکـــە پـــیتی یەکـــەمی نـــاوی خۆشەویســـتەکانیان بـــە ئینگلیـزی دەنووسـن و دواتـریش بـە کـوردی و بـە خـەتێکی خـــواروخێچ کـــە زۆربـــەی جارەکـــان خوێندنـــەوەیان زۆرت مانـــدوو دەکـــەن تـــا تێبگـــەی، دەنووســـن (خۆشمـــدەوێی ئازیزەکـــــەم) یـــــان رۆشـــــەنبیرەکان دەنووســـــن: ئەگـــــەر فرمێسـکی چـاو بـە پـارە بووایـە مـن ملیۆنێربـووم، یـان ئەگەر گوڵ نیت دڕکیش مەبە.

ئـەو فریشـتە دابەزیوانـە دەگـەڕێن.. بـاش بـاش بـەدوای ئـەو رووەکانـــەدا دەگـــەڕێن کـــە خۆیـــان بـــۆ یـــەك لار کردۆتـــەوە، تــــاوەکو لــــە حەشــــردا بــــە تۆمــــەتی (هەوڵــــدان بــــۆ خۆشەویســـتیی) تاوانباریـــان بکـــەن.. مـــن زیـــاتر قـــەهریم، برۆیـەکانم بـۆ یـەك هاتبوونـەوە، لـە کـاتی دوانـدا ددانـەکانم جـیڕە جیڕیـــان دەهـــات، دەنگـــم لـــە ئاســـتی ئاســـایدا بـــەرز کـــــردەوە و گـــــوتم: کـــــورە دکتـــــۆر، چ بـــــاوەڕێکم بـــــە خوداوەنـــــدێك هـــــەبێ کـــــە هەمیشـــــە و هـــــەمکات لـــــەناو گێـــــژەلووکی کێشـــــمە کێشـــــم و ململانێیـــــەکی قووڵدایـــــە لەگــەڵ مــرۆڤ و مشــکیلەکەی ئەوەیــە کــە "گــونی بــەراز" حەرامە و نابێ کەس بیخوا؟

مـن وەك ئـەوەی لـە هـەموو ژیانمـدا تـەواوی مەراقـەکانم لـە دڵ و دەروونمـــدا کردبێتـــە گـــرێ کۆرەیـــەك و ئێســـتا خـەریکی کردنـەوەی بم ئـاوا دەدوام.. (ئـاخر دکتـۆر چـۆن دەتـــوانم بـــڕوام بـــە خوداوەنـــدێك هـــەبێ کـــە.. ) لـــەو چرکەســاتە پیرەژنێکــی بــە ساڵاچــووی پشــت چــەماوە، دەتگـــوت تەرمێکـــە و بـــە پێـــوە وەســـتاوە، کەوتـــە بەرچـاوەکمان و قسـەکانی پێـبڕیم.. وەك کاغـەزێکی سـپی و بــەفر ســپی دەچــۆوە، پێدەچــوو دڵۆپێــك خــوێنی تیــا نــەمابێ، لەبــەر چورچــی و لۆچــی پێســتی و بنێســی و لــەڕولاوازی جەســتەی دەتگــوت مــارمیلۆقێکی پــیرە و لەسەر دوو پێ وەستاوە و لاسایی مرۆڤ دەکاتەوە..

ئـەو پیرەژنـە رەنگـی مـردن وەك قڕنـە و ئەسـپێ بـە رووخســارییەوە نووســابوو.. مــن لێــی نزیــك کەوتمــەوە تراکســـودێکی ســـۆرتاریکی لەبـــەردابوو، ســـەری بـــە چــەفیەیەکی نــایلۆن داپۆشــیبوو، هەنــدێ کلــوە بــەفر لەســـەر نایلۆنەکـــەی ســـەری کـــەوتبوون کـــە هێشـــتا نەتوابوونـــەوە.. خاکەناســـێکی بەدەســـتەوە بـــوو، وەك ئـەوەی هـەموو هێـز و تـین و تـاوی لاویـەتی بـۆ گەڕابێتـەوە

ئـــاوا خـــەریکی رامـــاڵینی بـــەفر و چـــۆڵکردنی ئـــەو تووڵـــە ڕێیـــــەبوو کـــــە دەچـــــۆوە بـــــەر دەرگـــــای باڵاخانەکـــــە.. بێپشـــوودان دەیانجـــار خاکەناســـەکەی بـــە هـــەموو هێـــزی لـــە بەفرەکــــە گـــــیر دەکـــــرد و هەڵیدەدایـــــە ســـــەر گـــــژوگیا ســـــەوزەکەی نـــــاو باخچـــــەکە. مـــــن خـــــۆم لـــــەو کارەشـــــدا هەڵقورتاند و پرسیم: پێویستت بە یارمەتی نییە؟

پـــیرەژن بـــە بزەیەکـــەوە وەڵامـــی دامـــەوە: نـــەخێر سوپاســـت دەکەم (کار لەززەت دەبەخشێ)..

کـــە تووڵەڕێیەکـــەی پـــاك و خـــاوێن کـــردەوە، پـــەقرەجێکی هـــانی و بەوپـــەڕی چـــالاکیی و ئازاییـــەوە، لەپـــەکانی پـــڕ دەکـــردن لـــە وردە بـــەرد و خـــوێ و بـــە چەشـــنی تـــۆوکردنی خـــاك ئـــاوا وردە بـــەرد و مســـتە خوێیـــەکانی بـــەو شـــەقام و تولەڕێیـــەدا پـــەرش و پەرتـــەوازە دەکـــردن.. تـــا هـــەزاران پیاوی وەك ئێمە لە هەڵخلیسکان بپارێزی.

مـــن بـــەخۆمم گـــوت: بـــا بڕۆمـــە پێشـــتر و بـــاش لـــەو دامـــاوە بەســـتەزمانە بـــڕوانم کـــە وا دەزانـــێ بـــەو کـــردارەی خـــۆی لـــە مـــەرگ دوور دەخاتـــەوە، کـــە بـــە تـــەواوی لێـــی وردبوومـــەوە،

لــــه قاقـــای پێكـــەنینم دا گـــوتم: دكتــــۆر.. دكتــــۆر وەرە، تەماشـــای لێوەكـــانی بكـــە چـــەند ســـووری كـــردوون؟! گوارەكـانی گـوارە! تەماشـــای ماكیـاج و شـــیكی و پۆشـاك و رووخساری بكە..

دكتــۆر باسـكمی گــرت و وەك كلـك بەخۆیــەوە نوسـاندمی.. مــن خــۆم بــۆ نــەگیرا و هــەموو تێمــەكانیترم بیرچــۆوە.. لــە هاوڕێكـەمم پرسـی: بـە بۆچـوونی تـۆ تەمـەنی ئـەو پیرەژنـە چەندە؟

گوتی: 85-90

كــەمێ رۆیشــتین پیرەژنێكــی لــەو پیرتــر بــە پایسـكیلێك لێمانــــەوە رەتبــــوو هێنــــدە خێـــرا دەیهاژۆشـــت دەتگـــوت پێشـــــبڕكێ دەكـــــا.. دوو پیرەژنـــــی دی بـــــە شــــۆرتەوە هیتقۆنگیـــان لـــە گوێیـــان خســـتبوو بـــەناو ئـــەو بـــەفرەدا غاریـان دەدا.. پیرەژنێكـی دی بیرەیـەكی لـە دەسـت گرتبـوو دەسـتەكەی تریشـی بـۆ گـرتنی قایشـی سـەگەكەی تـەرخان كردبـــوو، لـــەولاتر لەســـەر كورســـیێكی تـــەك شـــەقامەكە پیرەژنێـك لەسـەر كۆشـی "پانكیێـك" دانیشـتبوو جگـەرەی

دەکێشـا.. پیرەژنێکـی دی کـارتی حیسـابی بـانقی دەخسـتە نـاو ئـامێرە ئەلکترۆنیەکـە و پـارەی دەردەهێنـا.. مـن لەبـەر خۆمـەوە گـوتم: (هـەزار ڕەحمـەت لـە گـۆڕت "داپـیرە گەورە"..)

- ئەو کێیە؟

گـوتم: ئـەویش وەك ئـەو پیرەژنـە داماوانـە، ڕێگایـەکی دوورودرێـژی لـە ژیانـدا بڕیبـوو، پیرەژنێکـی داڕزاوی سـەد سـاڵان بـوو، وەك ئۆتـۆمبێلێکی لێـدراو بـە سـەختی، چـووبۆوە نـاو یـەك و هێنـدەی چـنگێکی لێهـاتبوو.. داپـیری بـاوکم بـوو.. بـە گـوێرەی ناسـنامەی یـەکێ لـە کوڕەکـانی دەبـووا لـە سـاڵی (1991) ئـەو بەسـتەزمانە تەمـەنی لـەنێوان 85-90 سـاڵ بووایـە، چـونکە لـە ناسـنامەی کوڕەکەیـدا لەبەرامبـەر سـاڵی لـە دایـك بـوون نووسـرابوو 1925 خۆشـی جاروبـار دەیگـوت: (مـن شـەڕی گـەورەم لـەبیرە، ئـەو وەختـە پارچـەلە بـووم). خـەڵکی گـەڕەك باوەڕیـان بـەو قسـەیەی ئـەو نـەدەکرد، چـونکە هـەر کەسـێك کـە تەمـەنی لـە سـەرووی چـل ساڵیدا بـوو، پێـی وابـوو (جـەنگی یەکـەمی جیهـانی) دووسـەد تـا سێسـەد ساڵ

بەر لە ئێستا روویداوە، خەڵکی گەڕەك هەر مقۆ مقۆی زانینی تەمەنی ئەو پیرەژنەیان بوو، تا مەلاییێکی خەڵکی گەڕەك پاش (8) ساڵ دیلی لە ئێران گەڕایەوە و لە راپەڕینی 1991یش پیاوێك کە کاتی خۆی لەسەر قەحپایەتی، دایکی خۆی کوشتبوو، چووبوو ببووە پەناهەندە لە ئێران و لەوێ هەندێ شت لە پێشمەرگەکان فێرببوو گەڕایەوە گەڕەك، ئەوان دەستیان خستە ناو دەستی یەك و وردە وردە خەڵکەکەیان هۆشیار کردەوە کە "جەنگی یەکەمی جیهانی " لەنێوانی ساڵانی (1914- 1918) روویداوە، نەك دووسەد تا سێسەد ساڵ بەر لە ئێستا.

ئێوارەیەك هەندێ لە ژنە بێکارەکانی بەردەرگا، بەدەم جووینی بنیشی کوردی و قرتاندنی گوڵەبەرۆژە بانگیان کردبوو، پێیان گوتبوو: سەید ئەمە زانیتمان هەنوکە ئەتو عومرت 90 سارە.

ئەو سەرەتا هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو، دواتر پاش هەڵوەستەیەك و نەختێ هەزرین پرسیبووی: نۆهەد دەکاتە چەند 10؟

له وەڵامدا گوتبوویان: نۆهەد، نۆ دەیە.

سـەید هـار و دیـن و کـافر بـوو، هـاواری لێهەسـتابوو، گوتبـووی: گـوی بخـۆن بـە داك و بابـەوە، کەمـەك لـە خـوای بترسێن، ئـەمن کـەنگی ئـەوها پیرم؟ بـەس خـەم و خەفـەت ئـەوهای لێکردیمـە.. ئـەنگۆ هـەمووتان لـە شـایی داکـم تـا دڕۆپ دڕۆپ ئارەقـە بـەناو رانتـان هاتیتـە خـوارێ هەرپـەڕیون.. بـەو خودایـەی ئـەمن لـە "سـێ 10" گەورەتر نیمە..

زۆربـەی کاتـەکان داپیرە گـەورە کـە لـە خۆیـەوە خـۆی کردبـووە سـەید تەمـەنی خـۆی بـە تەمـەنی دایکـم بـەراورد دەکـرد، ئـەو بەدبەختـە هیچـی سـەبارەت بـە چیرۆك و ئەفسانەوە حیکایـەت و گێڕانـەوە نـەدەزانی.. مـن لـۆ خـۆم لـە ژیانمـدا جارێـك لـەدەمی ئـەوەوە گـوێم لـە حیکایـەتێك نەببوو..

بێجگـە لـەو دوو ددانـە زێـڕەی کـە وەك ددانـی سمـۆرە لـە پـدوی سـەرەوە بریقـەیان دەدایـەوە هـیچ ددانێکـی دیکـەی لـە دەودا نـەمابوو، زۆربـەی کاتـەکانی کراسـێکی گوڵگـوڵێنی

کـوردی هـەزار ڕەنگـی کەشـخەی لەبـەر دەکـرد.. حـەزی بـە جـل و پۆشـاکی ڕەنگـاوڕەنگ بـوو، نـەك هـەر ئـارەزوو، بـەڵکو دوژمنایـەتییێکی گەورەشـی لەگـەڵ ڕەنگـی ڕەشـدا هـەبوو.. ئـەو دامـاوە بـە چـوار پێـنج پشـت خـۆی دەگەڕانـدەوە سـەر پێغەمبـەری ئـاخیر زەمـان.. هـەر بۆیـە کـەوێییێکی سـەوز سـەوزی تـۆخی لەبـەر دەکـرد و نـاو گیرفانەکانیشـی پـڕ دەکـرد لـە پـەڕۆی کەسـك و دەیدایـە نەخۆش و لاسار و بێدەرتان و هەژاران..

ئامۆزاییێکمـان هـەبوو، بـە پێکەنینێکـەوە پێـنج دینـاری دەهاویشـتە نـاو لەپـەکانی و دەیگـوت: سـەید هـەرگرە بـا بەرەکـەتی نـەڕوا.. بـڕۆ کەوێیـەکی سـۆری پـێ بکـڕە، بـە خـودای زۆرم خۆشـدەوێی و حـەزم لێنییـە هیچـت بەسـەربێ.. خـۆ ئەگـەر تـۆ بـەو کەوێیـە کەسـکە بـە تەنیشـت کەرێکـدا بڕۆیـت بـە گـژوگیا و سـەوزاتی و داروبارت تێدەگا و دەتاتە بەر گەززە و قەمپاران.

سـەید لەخـەنی خۆشـی پارەکـە ئاگـای لـەخۆیی و لـە قسـەکان دەبـڕا، بـە تـەنیا لـە کۆتاییـدا ماچـێکی لـە سـەری دەکرد و دەیگوت: کوڕا من ئەتوو زۆر کەری.

ئـەو پیرەژنــە لـە گەردنییـەوە تـا دواتــرەمین ئـەو خاڵـەی کـە لــە ســینگیەوە دەبینـــرا یەکپارچــە تـــاتۆ بـــوو، وێنـــەی پڵنگێکـی گـەورەی لەسـەر سـینەی کوتـابوو، بـەڵام لەبـەر پووچـــبوونەوە و چورچـــی ســـینەی، پڵنگەکـــە ببـــووە پشـــیلەیەکی لـــەڕولاواز و نـــەخۆش و مـــات.. کەللەســـەری ئـەو پڵنگـە لـە قـووڵایی گەردنییـەوە دەسـتی پێـدەکرد و بـەرەو خـوارەوە بـۆ سـەر سـینەیی و لـەوێش هێشـتا بـەرەو خـوار کـە نـەدەبینرا.. لـە قـووڵایی قـۆرتی گەردنییـەوە تـا چـاڵی چـەنەگەی جەفـەنگی دابەشـێکی درێـژ هـەبوو.. خـەتێکی درێـژ، هـەردوو لای بـە خـاڵ گـەمارۆ درابـوون، لـە پشتە دەستەکانی دوو رۆژی گەورەی سەوز هەبوون..

سـەید عاشـقێکی گـەورەی پـارە بـوو، عەسـرێك کـە بـۆ جـاری دووەم لەسـەر ئـەو سـەکۆیەی کـە بـۆ نوێـژ کـردن دروسـتکرابوو، لــە حاڵــەتی کڕنۆشــدا گــوتی: (ســبحان رب الاعلـی و بحمـده) و هەسـتاوە بـۆ ئـەوەی فاتیحەیـەکی نـوێ بـۆ رکەعــەتی دووەم بخـوێنێ.. دەسـتی پێکـرد (بسـم اللـە الـــرحمن الـــرحیم.. الحمـــد اللـــە رب العـــالمین.. لـــەو چرکەسـاتەدا لێـزەری نیگاکـانی کەوتـە سـەر ئـەو دوو سـێ

قله قشپلەی کە بزنەکانی مام "حامیدە کوڕ" لە کاتی بە قاچاغ هاتنە ناو حەوشەکەدا لەوێیان روو کردبوو، هەر لە تەنیشت ئەویش لەسەر تاشە بەردەکە "25دیناریێکی سەدامیی کەسك کەسك" بریقەی دەدایەوە.

سەرەتا "سەید" بە شەیتانی و بەتیغی چاوانی لە چواردەوری خۆی نۆڕیبوو.. ئەو دەمەی کە دڵئارام بوو لە چۆلی حەوشەکە، یەکسەر بێ سەلامدانەوە و بە دزییەوە لە کاتی گوتنی (سبحان رب الاعلی..) بە دەنگێکی بەرز و بەر لە "و بحمدە" بیست و پێنج دیناریەکەی خستبووە ناو گیرفانی کورتەکەکەی و بە دەنگێکی هێندە بەرز کە هەموو حەوشەکەی لەراندبۆوە گوتبووی (و بحمدە).

پاش چەند کاتژمێرێك رابواردن و قسەی خۆش 25 دینارەکەیان بە زۆر لە گیرفانی دەرهێنابوو، کەچی ئەو هەر سوور و بێگومان بوو کە خوا بە فریشتەکانیی و لە پێش هەمووشیان بە "میکائیل" ئەو پارەی بۆ هەناردووە.. ئەو هەشبەسەرە و چەند پیرەژنێکی دی

ئیمانـــداری گـــەڕەك تـــا كـــاتی مـــردنیش، هـــەر باوەڕیـــان بەوەبوو كە خوا بۆی هەناردووە.

ئـەو بەدبەختـە وای بـۆ چـووبوو ئەگـەر جێگـۆڕكێ بكـات و لـــە شـــوێنێكدا نەحەســـێتەوە و ئەدرێســـێكی دیـــاریكراوی نـەبێ، ئـەوا "عیزرائیـل" پێـی نـازانێ و توانـای دۆزینـەوەی ئـەوی نـابێ.. بۆیـە بێووچـان و بێئەنـدازە بـە چووسـت و گـورجی مـالگۆڕكێی دەكـرد و لـە هـیچ شـوێنێكدا قـوون تۆتكـەی نـەدەگرت.. هـەزاران جـوێن و تـف و لەعنـەتی لـە خـــاوەن مـــاڵ دەكـــرد، ئەگـــەر لـــەو ســـەردانەیدا پـــارەی پێنـــەدرابووا.. ئـــەو هـــیچ پەیوەنـــدیێكی بـــە بـــوون و نـەبوونی پـارە و هـەژاری و دەوڵەمەنـدی نـەبوو.. دەهاتـە ماڵـت دەبـووا پـارەی بـدەیێ.. خـۆ ئـەو كاتـەیش كـە بـە دەسـتی چـەپەی پـارەی لـە سـەرۆك خێزانەكـە وەردەگـرت، هـەر ئـەو دەمـەیش بەدەسـتی راسـتەی پارەكـەی بەسـەر منداڵـەكانی سـەرەك خێزانەكـەدا دەبەشـییەوە و دەكەوتـە هەڵـدانی قـەپێلكی شـقارتە.. گـەلێ لـەو پیـاو و ژنانـەی سـەیدیان بـە نـەوەی پێغەمبـەر دەزانـی، چـاوەكانیان تیـژ دەكـرد و بەوپـەڕی جددییـەوە، بەوپـەڕی حەپەسـاوییەوە

لـــه چرکەســـاتی دوای هەڵـــدانی قـــەپێڵکی شـــقارتەکەیان دەڕوانی..

ئەگـــەر شـــقارتەکە بـــە پێـــوە وەســـتابووایە، ئـــەوا مـــرازی کەســـی پـــارەدەر و خێرکارەکـــە دەهاتـــە دی، خـــۆ ئەگـــەر زۆریشـــی هـــەوڵ بدابووایـــە و شـــقارتەکە هـــەر بـــە لاو نیـــوی نەگیرســـابووایە، ئـــەوا بـــە دەســـتی راســـتەی بـــە دوو بســـت باســـکی ســـپی و پـــڕ لـــە دەمـــاری ســـەوزی قـــۆڵی چـــەپەی دەپێـــوا و هـــەر بـــە دوو بســـتیش پەنجـــەی بچـــووکی لای راســـتەی دەگەڕانـــدەوە ســـەر پەنجـــەی درێـــژی دەســـتی چـــەپەی.. ئەگـــەر بۆچـــوون و هەڵوێســـتی لەســـەر یـــەکێک بـــاش بووایـــە، ئـــەوا پێوانەکـــەی تـــەواو دەردەچـــوواند و دەیگـــوت: کـــوڕا مـــن، هـــەموو چـــاکە و خێـــر و بێـــری ئـــەو دنیایەت بە نسیب دەبێ..

خـــۆ ئەگـــەر یـــەکێکیش پـــارەی نەدابووایـــەتێ و داوای بســـت گرتنـــەوەی لێکردبووایـــە، ئـــەوا بـــە پـــەح هەڵێنانێکـــەوە و بـــە تەماشـــاکردنێکی خراپـــەوە بســـتێکی بـــۆ دەگرتـــەوە و هەوڵیـــدەدا بســـتەکە کـــەمبێنێ.. چـــەند جارێـــک بـــەو شـــێوەیە کارەکـــەی دووبـــارە دەکـــردەوە و دەیگـــوت: خـــۆ بەدەســـت مـــن

نییــــه، خـــودا بەشـــەری رەزیـــل و قرچـــۆکی وەکـــی تـــۆی خۆشناوێ.

ئــەو قورِبەســەرە وای هەســت دەکــرد ئەگــەر دەموچــاوی بــێ مــوو بــێ ئــەوا تــاعوونی پیریــی و شــێرپەنجەی مــردن وازی لێــدێنن و لــە کــۆڵی دەبنــەوە، بۆیــە هــەموو دەم مــووکێش و نــەینۆکێکی خــڕی لەگیرفانــدا بــوو، هەنــدێجار کــە هەســتی بــە درێــژی سمێــڵ و روومــەت و چــەنەگە و ســەر خاڵــەکانی رووخســـاری دەکـــرد، لـــەناو دیـــوان و دیوەخـــان و لـــەناو ئــاپۆرە و حەشــاماتی هــەزاران کەســیش بووایــە، پشــتی لــە خەڵکەکــە دەکــرد و وەك "نەعامــە" ســەری دەخســتە نــاو لمــی هۆشــی خــۆی و بــە چــەماوەیی و پشــت قەمبوورییــەوە دەکەوتـــە نـــاو بەهەشـــتی پـــڕ لـــە ســـەفای لووســـکردنی رووخســــاری و بنبڕکــــردن و رەگــــازۆکردنی تــــووك و مووەکانی.

لــە رەمــەزانێکی گەرمــدا کــە رۆژ وەك ســاڵ درێــژ بــوو، مــن لەســـەربانی مـــاڵی بـــاپیرم دەمخوێنـــد.. بـــەو چـــاوانەی خـــۆم چــاوم لێبــوو، کــە ئــەو پیرەژنــە دامــاوە بــە دزییــەوە لــە حەوشـــەکەی پشـــتەوەدا ئـــاو و بـــەفراوی دەخـــواردەوە..

ئێـــوارەیش بـــۆ کـــاتی "ئیفتـــار" لـــەلای ســـەرەوەی خوانەکـــە دانیشـــتبوو، باســـی لـــە درێـــژی رۆژ و گـــەرمی هـــاوین و ناخۆشـــی ئـــەو رەمەزانـــە و بـــەهێزی خـــۆی دژ بـــە تێنوویەتی و گەرمایی دەکرد.

هـــەموو جارێـــك کـــە لـــە تەلەفزیۆنـــدا چـــەند لایـــەنێکی تراژیـــدی لـــە جـــەنگی درێـــژ خایـــەنی نێـــوانی عێـــراق و ئێـــران نیشـــان دەدا، ئـــەو چـــاوە کزەکـــانی بـــە دیـــار ئـــەو دیمەنـــە ئەرژەنگانـــەدا نـــز دەکـــردەوە.. زۆربـــەی جارەکـــان لاشـــەی ســـــەرباز و ســـــەرهەنگە کوژراوەکـــــان لەســـــەر یـــــەك کۆدەکرانـــەوە، ئـــەو هـــەموو لاشـــەیە کـــۆکراوە و لەســـەر یـــەك دانـــــراوە دەتگـــوت "هـــەرەم"ن و ســـەری خۆیـــان بـــۆ لای خوداوەنـــــد بـــــەرز کردۆتـــــەوە.. زۆربـــــەی زۆری لاشـــــە و تەرمـــەکان بـــەبێ کەللەســـەر بـــوون.. هەنـــدێ لـــە کەللـــە ســـەرەکان بـــەبێ لـــووت و هەنـــدێکی دیکـــە بـــەبێ گوێچـــکە بـــوون.. هەنـــدێکیان چـــاوەکانیان یـــان لـــە لایـــەن ســـوپاکەی دیکـــەوە دەرهێنرابـــوو، یـــانیش باڵنـــدە و تـــەیر و تـــار خواردبوویـــانن.. هەنـــدێ لـــە تەرمـــەکان ئـــەتك کرابـــوون، گـــون و کێریـــان لێکرابـــۆوە و لەســـەر دەوەکانیـــان دانرابـــوون..

بەشێك لـە لاشـەكان بـێ قـاچ و بەشـێكی دیكـە بـەبێ دەسـت و هەنـــدێ لەدەســـت و قاچـــەكانیش بـــەبێ پەنجـــە بـــوون هەنـدێ لەلاشـەكان بـە تـەنیا پەراسـووەكانیان مابوونـەوە بـەبێ دڵ.. لـە هـەموو ئەوانـەیش خـەراپتر كـە بەشـێكی زۆریـان وابـوون، بـە تـەنیا دڵێـك لـە وێنـدەرانێ فرێـدرابوو، وەك بێـژینگ كـون كـون كرابـوو، نـاو كونـەكانیش پـڕ كرابـوون لـە تـف.. كـەس تـەرمی كەسـی نەدەناسـییەوە، هـەبوو بـە گوللەبەنـد، هـەبوو بـە زنجیـری ملـی، هەشـبوو بـە جۆری پۆشاكەكانیان دەناسرانەوە.

"سـەیدی بەسـتەزمان" كـە لـەو چـیای خـوێن و پارچـە گۆشـت و ئێسـك و پرووسـكی مردووەكـان و ئـەو كارەسـاتەی دەڕوانـی، نەیـدەتوانی بەرگـەی زیـاتر بگـرێ و لـە قـووڵایی گەدەیـەوە هێڵنجـی دەهـاتێ و دەكەوتـە هۆقـە هـۆق و زۆری نـەدەما بڕشـێتەوە.. توونـد توونـد كـەپووی خـۆی دەگـرت و بـە دەنگێكـی تێكـەڵ بـە هێڵـنج هـاواری دەكـرد: وەرە كـوڕا مـن ئـەو قەناتـە لابـە.. بـۆنی خـین و بـۆن بۆگـەنی هێـڕی كـردم.. مـردم لەبـەر بـۆنی مردیـان

ئەی چاوت کوێرە بی "خومەینی جادووکار" بۆنی کرم و خین و مێش و مەگەز هێڕیان کردم..

تا هێزی لە پەنجەکانیدا هەبوو ئەملا و ئەولای کونە لووتەکانی بۆ یەك دەهێنا و دایدەخستن..بە کەپووی گیراویی و بە دەنگێکی گنەوە دەیگوت: ئای شێخی گەورە، شێخ مەحموودی بەرزنجی، لە کێندەری؟ بۆ ئەوەی بییێت ئەو گوللە تۆپانە بە دەستە پیرۆزەکانت بگریتەوە و بۆ ئەو ردێن بە گوانەی فورس و مەجوسی بهاوێژیتەوە..

ئەو پیرەژنە پرچ سۆرتاریکە داڕزاوە کە نازناوی "سەید"ی بۆ خۆی دانابوو، هەر لەخۆییەوە بەبێ هیچ هۆکارێك ئێرەیی بە پیرەژن و پیرەمێردە تەندروستەکانی گەڕەکدا دەهات.. یەخەی پیرەژنێکی روومەت لووس و جەستە تێکسمڕاو و تێکچەقاو و پڕ لە تاووتین و هۆش لەسەرخۆی گرتبوو، رۆژێك چووبوو لە یەکە یەکەی دەرگاکانی ماڵی گەڕەکی دابوو، لە هەر ماڵێك کۆمبوونێکی پێکردبوون.. خۆیشی هەستابۆوە بە پێوە و بەدەم راشەقاندنی پەنجەکانی وا هاتبووە گۆ:

ئـــەها بـــە قورعـــانی قـــەدیم، کیژۆڵەیـــەك لـــۆی گێڕامـــەوە نـــاوی نـــارێم چـــونکە خـــوا پێـــی ناخۆشـــە، بـــە چـــاوی خـــۆی دیتبـــووی ئـــەو "بەســـێ"یە فەلەیـــە، ئـــەو قـــوون نەشـــۆرە ئـــارەقخۆرە بـــێ دەســـتنوێژە، جارێـــك لـــە بـــاتی قشـــپل و ریـــخ، چـــووبوو گـــووی ســـەگی کۆکردبـــووە و ئـــاگری لـــەبن ســـێردا پـــێ کردبـــۆوە، تـــا نـــانی تـــیری پـــێ دروســـت بکـــا.. بـــڕۆن پێـــی بـــرێن بـــا لـــەجیاتی حـــەفت جـــار "دە جـــار حـــەفتی و حـــەفت جـــار" دەســـتی بـــەقوڕی ســـۆر بشـــووا.. کـــە جـــوان دەســـتەکانی شووشـــت ئـــەوجا دوو پێـــنج دینـــاری بداتـــە مـــن، ئەگـــەر نـــا بـــەو خودایـــەی لەســـەر ســـەرانە، نـــە ئـــەمن عـــەفووی دەکـــەم، نـــە ئـــەو خودایـــەش، ئـــەو وەختـــە ئـــەویش وەك گـــووی ســـەگ بـــە رووڕەشـــی و ریســـوایی و ئـــاوەگری دەچـــێتە نـــاو ئـــاگری بن سێری گەورەی "رب العالمین".

مـــــن هێشـــــتا هـــــەروەك داپیرۆچـــــکەیەکی بـــــێ ئەنـــــدازە ئەنـــدازیار خـــەریکی چـــاکردنی تـــەونی ژیـــانی ئـــەو پیرەژنـــە دامـــاوە کۆچـــکردووە بـــووم، کـــە دوو کیژۆڵـــەی کارمـــامز ئاســـا لەســـەر کورســـییێکی رۆخ رووبارەکـــە ســـەرنجیان راکێشـــام.. ئەبڵـــەق ئەبڵـــەق بـــە حەپەســـاوییەوە رمـــی نیگـــا تێنووەکـــانم

گرتــە نیشــانەی ئــەو کــەنارە فێردەوســاوی و ڕۆشــەنە.. دوو کیــژە قــاچ ڕووت و باڵنــدە ئاســاکە، لــە باوەشــی یــەکتردا بــوون.. دەســتی برادەرەکــەمم گــرت و گــوتم: قوربانــت بم حەزم لێیە، وەرە با لێیان نزیك ببینەوە.

چووینە تەنیشتیان.

بێشــەرم بێشــەرم، پێمگــوتن: ئێــوە زۆر لــەو شــەوە ســپییە بەدەخشــانە ناســکتر و ڕۆمانســیترن.. وێنــەی ئێــوە لــە نێــو ئــەو شــەوەدا لــە کــەڤاڵێك دەچــێ کــە خوداوەنــدی مــەزن کەڤاڵڤانەکــەی بــێ.. ئێــوە جــووتێ مــانگی درەوشــاوە و میهرەبــانی نــاو ئاسمــانی ئــەو شــەوە تاریــك و بەفراویــەن.. دەکرێ بۆ تاوێ لای ئێوە بحەسێینەوە؟

گوتیــان: ســـوپاس بـــۆ ئـــەو وەســـف و پیاهەڵـــدان و زێدەڕەوییــە دڵخۆشــکەرە.. دەبــێ ببــوورن، ئێمــە هەنــدێ کاری تایبەتی خۆمان هەیە..

گــوتم: ئێمــە ئــەو پیــاوە بوێرانــەین دەتــوانین لــە مردنــی هەمیشــەیی ســەرزەمیندا دەربازتــان بکــەین.. دەتــوانین ڕووبارێکتــان لــە پێکــەنین و ڕەحــەتی بــۆ دروســت بکــەین،

وەرن سواری بەلەمی ئازادیی رۆحمان بن.. ئەی باڵیۆزەکانی خوا بۆ بەخشینی پاسپۆرتی جوانیی..

گوتیان: دەبێ بمانبوورن کاتی ئێوەمان نییە..

گوتم: لەوە دەچێ سەرماتان بێ.. من و ئەو هاوڕێیەم، توانایێکی چاکی گەرم کردنەوەی ژنانمان هەیە، بە تایبەتیش ئەگەر ئەو ژنانە وەك ئێوە هێشتا لە قۆناغی کارمامزایەتیدان.. هاوڕێکەم قسەی پێبڕیم و گوتی: کوڕە عەیبە عەیب.. بەسە.. تۆ شەرم لەخۆت ناکەیتەوە؟

رووم لە کچە قاچ رووتەکان کردەوە و گوتم: بانگتان دەکەم پڕ بە دەنگم بە گوێچکەی هەموو شتەکانی ناو ئەو شەوەدا دەچرپێنم و پێتان دەڵێم کە ئێوە لە هەموو شتێ رەزیلترن.. هۆ رەزیلەکانی ژیان، ئێمە هاتووین تا دەرۆزەی سەفاتان لێبکەین.. تا دەرۆزەی لەززەت لێبکەین.. تا...

ئـەوان دەسـتیان خسـتە نـاو پرچـی یـەکتری و سـەرەکانیان لەیـەکتری نزیـك کـردەوە، بـەهێوری چـاوەکانیان نوقانـد و بەوپەڕی هێواشییەوە کەوتنە مژینی لێوەکانی یەکتری..

لـەنێو ئـەو کەشـە بەفراوییـەدا، ئـەوان هێـور هێـور و هـێمن هـێمن مەشـخەڵ و پشـکۆ و پۆڵـوی دڵ و روح و جەسـتەیان، ئـاگر و ژیلـەمۆی لێبـەرز دەبـۆوە، زۆری نەخایانـد کـە ئـەوانمان دیـت وەك دوو لافـاوی شـێت لـە هەڵبـەزین و دابـەزینی مـژین و لێسـتنەوەی چرپوچـاوی پـەری ئاسـای یـەکتر دابـوون.. ئێمـە نەمانـدەتوانی رووخسـارەکانیان لـە یـەکتری جیابکەینـەوە.. (مـن لەشەرمی برادەرەکەم نەبووایە دەمزانی چیم دەکرد!).

لەچرکەساتێکدا نـەختێ حەسـانەوەیەکیان دایـە خۆیـان و لـە پشـوو کردنەکـە یـەکێکیان بەوپـەڕی شـانازیی و لەخۆبایبوونەوە گوتی: خۆشبوو؟

دەمویسـت بڵـێم: (ئێـوە کـەرن)، بـەڵام چاکبوو خـۆم راگـرت و وشـەی کـەرم بـە (شـێت) گۆڕیـەوە و گـوتم: ئێـوە شـێتن گـەرنا ئێمـە دوو پیـاوی بـێ ئـیش و کـارین، ئیـوە دوو

چەپکە گوڵی ناسک، وەرن لە باغەڵەکانمدا بڕۆین.. وا دیارە خوداوەند بۆ یەکی ناردووین.. وەرن با یەکترمان خۆشبوێ..

کچە ڕووخۆش و ئارامەکە ماچێکی لە لێوەکانی کیژە جوانەکەی دۆستی کرد و بە بزیەکەوە گوتی: چۆن ئەو خۆشەویستە گەورەیەی دڵی خۆم بە هەزاران پیاوی بچووکی وەك ئێوە سەودا پێ دەکەم؟ چاکتر وایە بڕۆن.. ڕێگاتان بگرن باشترە، چونکە ئەگەر لەوە زیاتر بێزارمان بکەن تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکەین..

برادەرەکەم بە ترسێکی زۆرەوە: کورە ئەوە تۆ چ دەکەی؟

ئێمە پشتمان لێیان کرد و ڕۆیشتین.. بەڵام من کەللەی سەرمم بۆ لای کیژەکان سوڕاندبوو.. جەستەم ڕوو لەپێش و ڕووخسارم لە دواوە.. وابزانم ئەو ژانەی کە تا ئێستایش لە ملمدا جاروبار هەراسانم دەکا هی ئاوڕدانەوەی ئەو شەوەیە.

هـاوڕێ بەڕێزەکـەم دوور بـە دووری بـە پەنجـەی شـەهادەی ئامــاژەی "یاخــت"ێکی مــۆدێرنی لــەناو رووبارەکــەدا بــۆ کردم..

ئـەو یاختــە درەوشـاوەیە، بـە وەسـتاوی لـەناو ئـەو رووبـارە ئارامـــــەدا هـــــەر لـــــە درەختێکـــــی تاقانـــــە و رازاوەی "سلڤســـتەر"ی دەکـــرد، ئـــەو یاختـــە جوانـــە درەختـــە بریقەدارەکـەی "نـەشمیل"ی هێنامــەوە یـاد کـە بـۆ سـەری سـاڵی نـوێ لــە ژوورە تاریکەکــەی دانــابوو.. لــە هــەموو لاکانـــەوە رۆشـــنایی و تیشـــکی گلۆپـــە هەمەڕەنگـــەکانی دەبەخشـــییەوە و دەتگـــوت دایکێکـــی بـــە وەفـــای بەختەوەرییـــە و رۆنـــاکیی بـــەخۆڕایی دەداتـــە تـــاریکیی.. یـاختێکی نـامۆ و سـەرنجڕاکێش بـوو، وەك ئەڵماسـێکی بـە زەوق لــەناو- ئـاو-دا بریقــەی دەدایــەوە.. ئــەو چرکەســاتە خــۆی زیــاتریش نمایشــکرد کــە بــەفر وردە وردە بەســـەر بورج وگلۆپ و خانووەکەی ناویدا دەهاتە خوارێ..

گــوتم: دکتــۆر گیــان راســتە دەڵــێن هــەرکلوە بــەفرێك فریشـــتەیەکی لەســـەرە، تـــا لـــەکاتی داربارینـــدا کلوەکـــان یەکدیگیر نەبن، خۆ ئەگەر نا دنیا تێکدەچێ..؟

دکتـــۆری هـــاوڕێم گـــوتی: لـــەو کافتریـــا جوانـــەدا مێوانـــداریت دەکـــەم.. (مەبەســـتی نـــاو یاختەکـــە بـــوو).. لـــە دەرگـــای یاختەکـــەوە چـــووینە ژووریٚ.. چـــەند مێـــز و کورســـییێکی کلاســـیکی دانرابـــوون.. هـــەر مێـــزەو مـــۆمێکی لەســـەر دانرابـــوو کـــە لەشـــێوەی دڵ لـــە قاڵـــب درابـــوون.. گـــوڵ و تەبڵـــە و لیســـتی خـــواردن و خواردنـــەوەی لەســـەر بـــوو.. کـــە ئێمـــە بەوپـــەڕی شـــانازی و دڵگراوەیـــی بەرامبـــەر بـــە ئاگردانـــە چـــواردەورە پـــڕ لـــە زەخرەفەکـــە و قرچـــە قرچـــی ســـووتانی دار و گەمـــەی ژیلـــەمۆی گـــڕەوە دانیشـــتین، کیـــژێکی پارچـــەڵەی پـــرچ کـــایی و مـــەمك هـــەنار هـــات و بـــە زەردەخەنەیەکـــەوە مۆمەکـــەی بـــۆ هـــەڵکردین و داخوازیـــەکانی ئێمـــەی لـــە پارچـــە کاغەزێکـــدا نووســـی و ڕۆیشت..

مـــن بـــە دکتـــۆری هـــاوڕێمم گـــوت: هەســـت دەکـــەم لـــە مۆزەخانەیەکی مۆدێرن دانیشتووم نەك کافێتریا..

دوای خواردنەوەیـــەکی زۆر و بێســـنوور.. مـــن تـــەواو تـــەواو مەســـت ببـــووم.. برادەرەکەشـــم بـــە شـــەراب نـــەختیٚ

پێڵوەکانی گران ببوو، بەرچاوانی کەمێك لە دۆخ و ژیواری ئاسایی ئاست، هێمنتر دەچۆوە..

گوتم: راستە شەیتان هەمیشە لە ململانێ دایە لەگەڵ خوداوەند؟

گوتی: ئەفسانە و مێژوو، خەیاڵ و ئەندێشە ئەو ناوەیان بۆ شەڕ داناوە.. واتە هەر شتێك کە بەلای خراپەدا بشکێتەوە مرۆڤ بە ملی ئەو بەستەزمانەی دادەهێنێ.

دەتوانم بڵێم دکتۆری هاوڕێم ئەگەر زۆر رقیشی لێنەببووایەوە ئەوا بە دڵنیایی زۆر کەیفی بە پێکەنین نەدەهات، بەڵام ئەو جارەیان خۆی دەستیکرد بە پێکەنین و گوتی: با قسەکی خۆشت بۆ بگێڕمەوە، سەبارەت بە زۆڵی مرۆڤ و بێ دەستەڵاتی ئەو شتەی کە مرۆڤ ناوی ناوە "شەیتان"

گوتم: فەرموو..

گوتی: ئەو چیرۆکە لە "هەولێر" روویداوە، جارێك پیاوێك دەرگای خانووە جوانە گرانبەهاکەی ئاوەڵا دەکا

و دەیـــەوێت بچـــێتە ژوورەوە، شـــەیتانی دیـــت بـــە بێـــزاری و قینـــەوە لـــە حەوشـــەکە راکشـــاوە، تەســـبیحێکی بەدەســـتەوە گرتـــووە، لەگـــەڵ ئـــاواکردنی هـــەر دەنکێـــك جنێوێـــك بـــۆ خـــاوەن ماڵەکـــە دەنێـــرێ.. جارێـــك جـــوێن بـــە خوشـــکی و جارێك بە ژنی و جارێك بە کچەکەی دەدا..

کـە خـاوەن ماڵەکـە شـەیتانی بـەو شـێوەیە لـە حەوشـەی ماڵەکـەی خۆیـدا دەبـینێ، زۆر تـوورە دەبـێ و پێیـدەڵێ: هـا پـیس و خـەلیس، شـەیتانی لـەعین، چ دەکـەی لەبـەر دەرگـای مـاڵێکی پـڕ لـە نـوور و پـڕ لـە فریشـتە؟ چ دەکـەی لەبەر دەرگای ماڵی پیاوێکی بەدینی وەك من؟

شـەیتان بـە داخێکـی زۆر و بـە پەشـیمانییەکەوە بـە خـاوەن ماڵەکـە دەڵـێ: هـەی بـێ وەفـا.. کـەم و کـورت.. هـیچ فێـڵ و ساختەچـییەتی نـەما فێرتـی نەکـەم، بـە یـەك ملیـۆن پلانـی رەش و دەسـتبڕی و کـرداری حـەرام گەیشـتیە ئـەو ماڵ و سامانە، چی ما لە خەراپەکاری تا فێرتی نەکەم؟

ئێسـتەیش بـە بێمنـەتی و بـە شـانازی و بـە بێوەفاییـك کـە هـیچ عـەقڵێك بـاوەڕی پـێ ناکـا، دێیـت و بـە خـەتی کـوفی

لەسەر باڵکۆنی خانووەکەتت نووسیوە "الملك لله".. تف، هەی لە من شوومتر و بەدبەختتر.. دەتەوێ وەك چەقەڵ لە مریشکی ئێرە و لە مریشکی ئەوێ بێبەش نەبیت!؟ هەی دوو دەرەکی.

خاوەن ماڵەکە قسەکانی شەیتانی پێ ناخۆش دەبێ، بۆیە بە شاپ تێی هەڵدەدا و ئەو هاوڕێیە ئازیزەم سەری خۆی گرتبوو لەبەر پێکەنین..

راستی لە ژیانمدا هیچ کەسێکم بە قەد ئەو برادەم پسپۆر نەبینیوە کە ئاوا ئەندازیارانە نوکتە بگێ، بۆیە پەڕی ئەو تێمەیەم ئاوا کرد، هاوڕێکەم هاتەوە سەر سکەی ئاسایی خۆیی و بە جدیەتێکی لە رادە بەدەر، داوای لێکردم کە لەو ئەتمۆسفێرە شیعریە، لەناو رووبار و یاخت و ئەو هەموو جوانییەدا شیعرێکی بۆ بخوێنمەوە..

گوتم: هیچ دەقێکم لا نییە.

گوتی: بنووسە.

مـن زووتـر دەمزانـی کـە ئـەو خـۆی یەکێکـە لەوانـەی کـە تـا ئاسـتی ئێسـقان بـە میکرۆسـکۆبی هـزر و ئـاوەز لـە وشـە بـە وشـەی نـاو شـیعرێکدا ورد دەبێتـەوە.. ڕێگـا نـادا خاڵێـك بـە خـــۆڕایی بەســـەریدا تێپـــەڕ بـــێ.. ئـــەو دەیـــەوێ یەکـــەمین مرۆفیمـــی دەســـتپێك بـــە دواتـــرەمین فـــۆنیمی کۆتاییـــەوە پەیوەســـت بـــێ.. دەیـــەوێ شـــیعر ئاســـان بـــێ لـــە دەربـــڕین و گوزارشـــت و بـــە وێنـــەی بیرەکـــەی "یوســـف"یش قـــووڵ بـــی لـــە جەفـــەنگ و چـــەمك و واتـــا و تـــژی بـــێ لـــە گـــزنگ و کـــازیوە و گەشـــبینی.. ئـــەو لـــە چـــەند جێگەیەکـــدا نـــاوی شـــیعری هاوچـــەرخی کـــوردی نـــاوە - شـــیعری گۆڕەکـــان یـــان شـــیعری گۆڕســـتان- مـــن دەمزانـــی ئـــەو دەیـــەوێت شـــیعر لـــە زمـــانی ڕەشـــبینی و داپلۆســـینی گیـــان و ئـــەنفال و داڕمـــانی روح و هەڵەبجـــە و سیســـی ســـیما و خـــەون و پێـــنج هـــەزار گونـــدی خـــاپوور و ئـــەو هـــەموو وشـــەگەلە ســـوواوە دەربـــازی بـــێ کـــە چـــەندین ســـاڵە شـــاعیرانی کـــورد خۆیانیـــان پێـــوە ســـــەرقاڵ کـــــردووە.. ئـــــەو ئومێـــــد دەخـــــوازێ شـــــیعر بـــــە شـــێوەیەکی گشـــتی شـــیعر لـــە هـــەموو جیهانـــدا بـــاس لـــە بابەتـــە خودییـــە تایبـــەتی و ڕۆژانـــەکان بکـــات.. ئەندێشـــە و

فەلسەفە و خەونەکانی رۆژانەی مرۆڤێك لەناو جەنجاڵی و چڕستانی ئەو چەرخە ئاڵۆزکاوە بە شەفافی و رۆنی گوزارشت بکا..لەگەڵ هەموو ئەو شتانەیش کە باسی دەکردن، زۆر درۆزنیش بوو، بە گوێرەی ئەو لەحزەیەی تێیدا دانیشتووە قسەی لەسەر شیعر دەکرد، لەوانە بوو کە لەبەرانبەرت دەڵێ: زۆر جوانت نووسیوە و لە پشتەوەش دەڵێ: بە خوا هیچ نەبوو..

هەمدیس چەند بارەی کردەوە کە شیعرێك بۆ ئەو شەوە جوانەی بەرلین بنووسم..

من دەستم دایە قەڵەم و گوتم: دەچمە "WC"ەکە.

لەوێندەر لەناو ئاودەستی یاختەکە، کلێنسێکی درێژ درێژم راکێشاو شتێکم نووسی..

ئەو نووسینەم بە دەستی چەپەم گرت و بەهی راستەیش وێنەی دوو کیژی رووت و قووتم لەسەر لای ژوورەوەی دەرگای ئاودەستەکەدا کێشا.. لەسەر کورسیێکی رۆخ رووبارێك دانیشتبوون مەمکەکانیان بوونە کانی لەززەت و شەهوەتیان لێدەچۆڕا و دەویان

لــەنێو دەمــی یــەکترەوە نــابوو.. لــەبن وێنەکــە بــە خــەتی فارسی نووسینم:

مەحبوب وەك ستێرە گۆڤەند و عیشقبازی

تێکل بچین سەمایێ هشیار و مەست و سەرخۆش

حەیوان لکو دمینت ئەم مفتی یێ زەمانین

بێتن ژ دەستی ساقی جاما زولالی بی غەش

لــە بــنی بنــەوەش بــە خــەتێکی تێکــەڵاو و گــەورە کــە هــەر لــەئیمزا دەچــوو نووســیم: پەناهەندەیــەکی قــەرەجی بــێ وڵاتی سەخیف و ئاوارە.

کــە هاتمــەوە لای هاوڕێکــەم و تێکســتەم دایــێ.. ئــەو زیــاتر لــە شــەش ســەد و شێســت و شــەش جــار، ئــەو چــەند رســتەیەی خوێنــدەوە و لچــێکی هــەڵێناو گــوتی: یــەعنی.. هــەنگاوێکی پۆزەتیڤــە، بــەڵام ئــەوەش دوا بۆچــوون و خوێندنــەوەی کۆتــایی مــن نییــە لەســەر ئــەو تێکســتە، چــونکە پێویســتە هێشــتا چــەند جارێکیــدی وردتــر بیخوێنمەوە.

گوتم: با هەستین.. رابە یارۆ رابە.. هەستە بچین سەفەرێکی درێژ بەناو ئەو جوانییە کورتەدا بکەین.. دەترسم پێرانەگەین.. چونکە ژیان کورتە و کۆتایش نزیك.

من بە چەشنی گەڵای درەخت دەشنامەوە، عەرد لەژێر پێیەکانمدا دەتگوت لەیلوکە و منیش لە جولانەوەی هەمیشەیدام.. "ئۆزۆ" تا ناو قورگم هاتبوو، من لەوانەم کە دەخۆمەوە تا کەر نەبم واز ناهێنم.. وەك چۆلەکەیەك بۆ ژن لە جریوە بووم.. خەریکبوو پێڵاوەکانم هەڵدەم و بچمە سەر بڵنداییێکی بەرچاوی "بەرلین" و بکەومە قووقاندن.. ئێمە لەو کەنارە درێژەدا بە هێوری و پێگاوی کورت دەڕۆیشتین.. من بە چەشنی زیك زیکەیەکی ناو قامیشەڵانی شەوێکی هاوینی سەر کەندەکەی تەك "مەکتەبی فورات" لە "هەولێر" دەمزیکاند. زیك زیك زیك زیك تا ئەوکاتەی تارماییەك لە دوورەوە کەوتە بەر دیدەم..

نزیك کەوتینەوە.. نزیکتر... نزیکترین...

باش وردبوومەوە، هەوڵمدا، جیڕە جیڕی گلێنەکانم هێور بکەمەوە و بە خەتێکی راست نیگاکان رەوانە بکەم..

ژنێکی وەك قەتران.. رەش رەش.. چاکێتێکی درێژی رەشی هەتا سەر رانەکانی پۆشیبوو.. لە رانییەوە تا پێڵاوەکانی رووت بوو.. مەمکەکانی هاوێشتبووە سەر پەرژینی ئاسنینی کەنار رووبارەکە و بە چاوانی تیژەوە لەو نەوەسانەی دەڕوانی کە لەسەر -ئاو- و لەژێر پارچە بەفرە گەورەکاندا، لە هەڵفڕ هەڵفڕ و بەختەوەریی و سەمادابوون..

لای پشتەوەی ئەو ژنە ئەفریقیایە لە جەستەی لووسی دولفینی دەکرد، لەژێر چاکێتە خوریەکەشیدا هەستم بە گەورەیی و توندی مەمکەکانیی و باریکیی ناوقەد، خڕی و قایمی سمت و کەفەڵ و ئەندازەیی ران و بەلەکی دەکرد..

بە هاوڕێ دلۆڤانەکەی خۆم گوت: کوڕی باش بڕۆ..

ئەو بە سەرسوڕمانییەوە پرسی: بۆ کوێ؟ کورە تۆ زۆر شێی ها..

مـن ئـاوڕێکم دایـەوە، بریقـە بریقـی رونـاهی و برووسـکە و تریسـکەی گڵۆپـەکانی باڵاخانەیـەك کەوتـە بەرچـاوانی عـەقڵی سەرخۆشـم، بـە هاوڕێکـەمم گـوت: بـڕۆ.. لەوێنـدەر، لـەژێر چـەتری ئارامیـدا بحەسـێوە، ئـەو بـرادەرەی خۆشـت بـدەرە دەسـت چـارەنووس.. کامـە چـارەنووس؟ کیهـان دوورگـەی سەرکێشـی؟ گـرنگ نییـە، ئـەی هـاوڕێی میهرەبـانم، گـرنگ هـەر ئەوەیـە کـە مـن بـەر لـە ڕۆیشـتنێکی ئەبـەدی و راسـتەقینە، چـەند جارێـك بـە بێهۆشـی سـەر بـدەم لـە مـاڵی مـردن.. گـرنگ ئەوەیـە بـەر لـەو سـەفەرە بـێ گەڕانەوەیـە بچـم لـە دەرگـای دڵـی ژنـان بـدەم.. پەنجـەرەی روحیـان وردوخـاش کـەم.. تـەلاری بـەژنیان پـڕ کـەم لـە کـونی بـیرەوەری.. تـا نـەتوانن لەسـەر کـەڤری دڵـی خۆیـان بمسڕنەوە..

ئـەو بـزە و قرتـە قرتێکـی کـرد و وا پێدەچـوو شـەراب زاری کردبێتـەوە بۆیـە گـوتی: کـورە ئـاخر ئـەوێ دیسـکۆتێکە، خۆ نامنێرییە ناو دیسکۆ بەو پیرییە؟

گـوتم: ئـێ بـڕۆ ئـەو باڵاخانـەی تەنیشـتی، خـۆ ئـەوەیان جوانتر و درەوشاوەتریشە لەوەی یەکەم..

گوتی: کوره به خۆشت نازانی چی دەڵێی.. ئەوەی ئەوێ چی بڵێم ئەوێ قەحپەخانەیە!

گوتم: دەی برۆ ئەو کافێتریایەی کە کاتی خۆی (برێشت) یا هەر یەکێکی وەك ئەو لێی دادەنیشت.. جێگای رۆشەنبیرانە.. بە گاڵتەیەکەوە لەهجەم گۆڕی و گوتم: دێ هەڕە دکتور..

من بەو رستەیەی خۆم ژنێکم کەوتەوە یاد کە لە شێوە هەر لە پیاوی دەکرد، ناوی (فاتیمە) بوو، پێیان دەگوت: (فاتە رەش)،ماڵی لە گەڕەکی ئێمە بوو، خەڵکی گوندێکی بن چیای "سەفین" بوو، بەیانییێك لە تەمەنی بیست و هەشت ساڵێدا لە خەو هەستابوو، زمان و دیالێکتی قسە کردنی خۆی لەیاد کردبوو.. زۆر هەوڵیدابوو تا زمانی بیر کەوتبووەوە، بەڵام بۆ دیالێکت تا ئێستەیش هەر بە (بادینی)ێکی تێکەڵ و پێکەڵ قسە دەکا.. دکتۆر و شێخ و مەشایخ نەما نەیبەن.. کەچی ئەو تاکو هەنوکە هەر بەو شێوەزارە تایبەتە قسە دەکا..

هاوڕێکەم گوتی: دەچم کافییێك دەخۆمەوە و هەر ئێستا بگەیتە لام..

ئەو وەك باوکێکی دڵسۆز و وەفادۆست بەڵێنی لێ وەرگرتم کە خۆم لە هەموو خراپەکارییەکان بپارێزم.

ئەو ڕۆیشت، من چوومە تەنیشت ژنە ئەفریقیەکە، چەشنی ئەو، سینگم خستە سەر پەرژینە ئاسنینەکە و لەو ئاسمانە بەفرین و بێ ئەستێرەیەم ڕوانی، بە ئاستەمێك لێم دیار بوو، لەناو دەستی چەپەیدا مۆبایلێکی نۆکیای توند گرتبوو، بێئەوەی هیچ حیسابێك بۆ من بکا.. پڕ بە دەنگی هەنگوینیی و ناسکی کەوتە زەمزەمە و دواتر بە دەنگێکی زوڵاڵ و بڵند و بێشەرم، بە گوێچکەی هەموو نەورەس و ئاسمان و پارچە بەفرەکاندا و بە بزەیەکی حەزین و ئەکچێنتێکی ئەفریکییەوە گۆرانییەکەی "ماکس رابە"ی دەگوت:

هیچ بەرازێك پەیوەندیم پێوە ناکا، هیچ ماڵۆسێك گرینگیم پێ نادا بە درێژایی ئەو کاتەی من لێرە

دەسەکنم، وەکو گاڵتەجاڕی وایە کەسێ تەلەفۆن لێنادا هیچ بەرازێك پەیوەندیم پێوە ناکا، هیچ ماڵۆسێك گرینگیم پێ نادا..

من ئاوڕێکی هێورم لێیدایەوە و گوتم: بۆ ناکرێ من ئەو بەرازە بم؟ کە پەیوەندیت پێوە بکەم.. یاخود لە نزیکەوە گەشبینییێکی سپی سپی بەسەر ئەو رووخسارە ئەبونوساوییە خواییەتدا پەخشان بکەم..؟ وەرە بمکە بەرازێکی سۆر و ئاوری ئەو سەرزەمینە کۆکەرەوە و دامگیرسێنە..

ئەو چالاك وەك قەتێ پێنگاوەکانی هەڵێنا و رۆیشت.. من وەك نێچروانێك چەکی هۆشی خۆم هەڵگرت و کەوتمە دوای.. باسکە رەشەکەیم گرت و روویم بۆ لای خۆم وەرچەرخاند و گوتم: چی بتەوێ بۆتی جێبەجێ دەکەم، من بە تەنیا ماچێکم گەرەکە لەو لێوە ئەستوورە سۆرتاریکەت..

گوتی: لە خەڵك حیسابی کەمتر بۆ دەکەم.. (پەنجا مارك) بدە بۆ دەست لێدان و "فەرەنسیش"..

لـه دڵـەوە گـوتم: دەزانـن ئێـوە هـەمووتان کیـژ و نـەوەی ئـەو فریـــوەدەرەن کـــە پیـــاوی لـــە بەهەشـــت وەدەرنـــا.. ئێـــوە هــەمان روحــن لــە کۆمــەڵێ جەســتەی جیــا جیــادا.. یــەك هـــۆش .. وەك یـــەك خـــۆفرۆش.. جەســـتەفرۆش بـــە "پــــارە".. ئێـــــوە رووی رەشـــــی مێـــــژوون.. تۆفـــــانن.. سەرچــاوەی شــەڕ و مــەرگن.. ئــاخ لــە ئێــوە ئــەی کچــانی "حەوا"!

هەنـــدێ دەنگـــم بـــەرز کـــردەوە و گـــوتم: ئـــەی فریشـــتەی رەش، گوناح نییە تۆ جەستەفرۆش و سۆزانی بیت؟

ئــەو وەك ئــەوەی گوێبیســتی قســەکانی نــاخی مــن بــووبێ، گـــوێی بـــۆ رانـــەدێرام و رۆیشـــت.. مـــن دوای کـــەوتم، بـــە پاڕانەوەیەکەوە گوتم: "60 مارك"ت دەدەمێ.

هەرچـۆنێك بـوو رازیـم کـرد بـەر لـە "پـارە" دان، لـە پشـت دارکــاژ و لــەناو گوڵەکانــدا، ســەری بــە درەختێکــی ســنەوبەر بنووســێنێ و سمــتی رەق و خڕیشــی کــە دەتتــوانی گــوێزی لەســـەر بشـــکێنی روو لـــە خـــۆم بکـــەم.. خودایـــە.. ئـــەی

سەروەری عەرد و ئاسمان چیبوو ئەو بەهشتە رەشە لەنێو ئەو دار و درەخت و باخچە سپیانەدا؟

کە ئارام بوومەوە، ویستم جارێك سیاسەتی "دڵۆ مەیموون" بگرمە بەر.. ئەو، هەموو جارێك کە ژنە سەرخۆش و حەشیش کێشەکانی بە پاڵ سەر قاڵدرمەکە دەخستن و دەیهێنایە ژووری نوستنەکەی، رازی دەکردن سەرەتا بچێژێنێ ئینجا "پارەکە" بدا.. کە هەموو شتەکان کۆتایی دەهات، خۆی لە سۆزانییەکان تووڕە دەکرد و ئەو جارەیان پاڵێکی روو لە دەرەوەی پێوە دەنان و شینیان بکردبووایە، بمردبان، ئەوا "دڵە مەیمون" بە پۆلیس زارترەکی دەکردن و وەك شێر بەسەریدا دەنەڕاندن.. هاوارێکی شێتانەی لێ هەڵدەستا و بەچاوی خوێنینەوە پێیدەگوتن: هەر ئێستا تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکەم و بە چەند تاوانێکەوە تاوانبارتان دەکەم..

1- تۆ حەشیش کێشی.. با بێن بتپشکنن.. لەناو گیرفانەکانت چەند گرامێك لە هێرۆین و حەشیش و گراس دەدۆزنەوە.

2- تــــۆ ســــۆزانی.. هــــەموو کــــەس دەتناســــێ.. شاهیدیشــــم هەیــە کــە شــەوانە بەســەر شــەقامەکاندا دەســووڕێیتەوە و بە ڕەش کار دەکەی.

3- بـــۆ دزی هاتویتـــە نـــاو ماڵەکـــەی مـــن.. دەی چ دەکـــەی لەناو ماڵی مندا؟

بۆیــە ســۆزانییەکان بــە پــڕە پــڕ و بلــەز بلــەز و بــە ســوپاس گوزارییێکەوە، ئەوێیان جێدەهێشت..

ئـــەو شـــەوە منـــیش وەك "دلـــە مـــەیمون" پـــاڵێکم بـــەو ئەفریقییـــە ســـۆزانییەوە نـــاو گـــوتم: یـــەك "فنیـــك"ت نـــادەمێ.. ئێســـتە تەلـــەفۆن بـــۆ پـــۆلس دەکـــەم.. (هـــەموو شتەکانی دلە مەیمونم دووبارە کردەوە).

ئـــەو پەرییـــە رەشـــە قەترانییـــە، رەنگـــی ســـیما و رووخســـاری هـــەژا.. بـــزە و لـــەززەت و خەنـــدەی لەســـەر لێـــوان نـــەما.. چـــاوانی وەك چـــاوەکانی پشـــیلەیەکی رەش دەبریســـکانەوە، ددانـــــە ســـــپیەکانی وەك وردە ئەڵماســـــی بچـــــووك لـــــەناو تـــاریکیی رووخســـاریدا دەدرەوشـــانەوە.. دەتگـــوت خـــورتیگێ کـــراوە.. وەك منـــاڵێکی بچـــووك مـــڕ و مـــۆچ بـــوو، لچـــی

هەڵهێنا و لە پرمەی گریانیدا.. بەدەم گریانێکی زێدەڕووە گوتی: بڕۆ، خوایە هاوارە ئەو پارەیەت لێ حەرام بێ.. وشەی "حەرامی" بە عەرەبی ئەکچێنت کرد.. تۆ پیاوی؟ تف.. تف.. خۆت نایاتەوە بیر کە وەك سەگ بۆم دەحەپی؟ لەبەر پێڵاوەکانمدا پاڵکەوتبووی بۆ ئەوەی ئەو خۆشییەت پێبدەم.. دوایێ ئەگەر من ئەوپەڕی پێویستیم بەو پارە نەبێ، ئامادە نیم لەگەڵ درۆزنێکی گەورەی وەك تۆ ئەو کارە ئەنجام بدەم..

ئەو حۆریە قوولە رەشە ئەفریقییە دانیشت، پشتی بەدرەختەکەدا و بە هەردوو دەستە رەشەکانی وەك پەردەی شانۆ رووخساری رەشی خۆی حەشارداو گوتی: ئەی خودای گەورە، بۆ دەبێ چارەنووسی من بەو شێوەیە بێ؟ ئەی خودای مەزن بۆ منت دروستکردووە؟ من غەدرم لە کێ کردووە؟ تا بەو شێوەیە تۆڵەم لێبکەیتەوە.. ئەی یەزدانی گەورە بۆچی وا لەناو زبڵدانی زەمەن وردە شووشەی زام بە زمانەکانم گێسك دەدەی؟ دە پێم بڵێ ئەی خودای گەورە، وشەیەك بەسە

لە تۆوە! تەنها یەك وشە، پێم بڵێ بۆچی من هێندە خاوەنی قەدەرێکی پەڕپووت و شێت و وێتم؟

من دەستێکم گرت و ماچێکم کرد.. ئەو هەر دەگریا.. ویستم قیتی کەمەوە، کەچی ئەو بە وێنەی پاپۆڕێکی شکاو لەناو ئۆقیانۆسی پرسیاری گەورە گەورە لە خودادا غەرق ببوو..

پاڵێکی پێوەنام و گوتی: بڕۆ ئەی شەیتانی لەعین بڕۆ.. تۆی پیاو بووی لە بەهەشت وەدەرت نام.. تۆ بووی فریوت دام.. تۆ بووی رازیت کردم بە قسەکانی شەیتان باوەڕ بکەم.. بڕۆ ئەی لەعنەتی، ئەی کوڕی ئادەم.

من فرمێسك لە چاوانمدا قەتیس مابوون.. دەتگوت کوڕی قەیسەری رۆمم بۆ خوشکەکەی خۆم دەگریم.. سەراسەری گیانم مات و مەلوول و بێتین بوو.. شەیتانی ناوەوەم ئالآی سپی خۆی هەڵکردبوو.. ئەگەر پێم عەیب نەبووایە دەچوومە تەنیشتی و وەك ئەو پشتم بە دارکاژەکە دەدا و لە پڕمەی گریانم دەدا..

دەستم بۆ جزدانە بچووکە رەشڕەنگەکە برد لە گیرفانی پشتەوەی پانتۆڵەکە، تەماشام کرد "150" مارکی تێدا بوو.. هەموویم بە جارێك لەناو دەستی ئەو حۆریە ئەفریقییە ناو بە لێبووردنەوە گوتم: بە خودای گەورە سوێند دەخۆم، یەك "فنیك"یشم لەسەر "کۆنتۆ"کەدا نییە.. گەر نا هێشتا بۆتم دەردەهێنا.. دەستیم گرت و بڵندیم کرد..

ئەو کەوتە سەر پێ و دەستیکرد بە سڕینەوەی فرمێسکەکانی و ئیدی بۆ تا ئەبەد لێکدابڕاین.

بەیانی لە برادەرەکەم دابڕام، ئیدی من بەردەوام بووم، بۆ من فەرقی نەدەکرد، لە باوەشی کارمامز و مراوی و پیرەژن و گەنج و ژنی کرێت و زگ گەورەدا رادەکشام.. زۆربەی زۆری کاتەکان حەشیش کێشەکانم بە حەشیش فریودەدا و سۆزانییەکان بە پارە و عاشقەکان بە عەشق و ئاو لێچۆڕاوەکانیش بە لەززەت و زایەند.

ئەو ژنانە دەتگوت چۆلەکەنە بە دوای دانەوێڵەدا روو لە حەقلی لەگەڵ نووستنمدا دەکەن.. ئەگەر زۆریش

سەرخۆش بووام و هەستم بە تەنیاییێکی بکوژ بکردبووایە ئەوا لەگەڵ "رێهات" سەرێکی ناو جامخانە سۆرتاریکەکانی "ئیرۆس سەنتەر"مان دەدا و ئەفریقی یان لبنانی یان لیتوانی و بولگاری هەر چییەك با.. لە ئامێزمان دەگرتن و هەندێ گرانایی گیرفانەکانمان سووك دەکرد..

ئەی خودایە ئێمە چەند شێت و وێت بووین؟ شەوێك ژنێکمان بردەوە ماڵێ، جەستەی هەمووی وەك بێژنیگ کون کون بوو لەبەر دەرزی هیرۆین.. درووست وەك لاشە وابوو.. کەچی ئێمە بە حەفت کەسان، حەفتا و حەفت جار کەوتینە رژاندنی ژەهر لەگەڵ ئەو تەرمەدا.. کە من لە جاری حەفتا و حەفتەمین چوومە لای ئەو بەدبەختە دەتگوت تازە بە کەفەوە لە گەرماو هاتۆتە دەر، لە تۆقی سەری تا پەنجە بچووکەکانی پێیەکانی یەکپارچە- تۆو- بوو..

بۆ بەیانی کە چووینە ژوورە بێ گڵۆپەکە بۆ ئەوەی لە مان و نەمانی ئەو ژنە کەساسە بەلەنگازە بڕوانین،

تەماشـــامان کـــرد ژوور لـــە خوێنـــدا نقـــووم ببـــوو، مـــن رشانەوەم دەهات..

شـــەوێکی درەنگـــتر، کـــە مـــن بـــە تـــەنیا لەســـەر دۆشـــەکە خوێناوییەکـــــەدا راکشـــــابووم پەپوولـــــەی پێڵوەکـــــانم باڵـــەکانیان لێکـــدەدا و دەیانویســـت بمبەنـــە نـــاو باخچـــە و گوڵچین و گوڵستانەکانی خەون..

مـــن لـــەو زەمەنـــە کورتـــەدا، لـــەو دوو ســـێ رۆژەی ژیانمـــدا، بـــە وێنـــەی "زیـــۆس"ی خوداوەنـــد وەك نێرییێکـــی قەبـــە لـــە خەســـاندنی بزنـــەکانی چـــواردەورم دابـــووم.. لیکـــاو و کـــەف بـــە دەومـــدا دەهاتنـــە خـــوار و کاوێـــژم بـــە لـــەززەت و مـــاچ و موچـــڕك دەکـــرد.. دەمکـــردە کۆخـــە کـــۆخ و خـــۆم و چـــوار پەلـــە لـــەڕ و لاوازەکـــانم پـــێ رانـــەدەگیرا.. کـــە لـــە ئاســـوودە کردنـــــی ژنـــــەکانی ســـــەر عـــــەرد دەبوومـــــەوە، بـــــەرەو حەفتـــەمین ئیتـــاژی ئاسمـــان و بـــەرەو نـــاو ئەســـتێرە و نـــەیزەك و مانگـــەکانی نێـــو گـــەردوونی خـــۆم لـــە شـــەقەی باڵـــەکانم دەدا و لـــەوێ لەســـەر تەختـــە خـــەوە ئارامەکـــە نـــەختێ بـــۆ وێکهاتنـــەوەی پێڵوەکـــانم دەکۆشـــام.. کەچـــی درەوشـــانەوەی گۆپکـــەی مـــەمکێك، بریســـکەی رانێـــك،

لیکــاوی لــەززەتی چــۆڕاوە لــە لێــوی کچــێکی هــەرزەکار، بریقــە بریقــی گۆنــای ژنێکــی پــاکیزە و گەمــە خودییــەکانی بێــوەژنێکی تــاك و دامــاو و غــەمگین و...هتــد زایەڵــە و فیغانیــان لێهەڵدەســتاندم و هەمــدیس بەچــاوی وەنــەوز و خــەواڵووەوە لــە چــاوتروکانێکدا دەگەیشــتمە لایــان لــە ســەرزەمین و ئاســوودەم دەکــردن، بــە ئــازادیی مێینــەکانم بــەختیار و ئاســوودە دەکــردن.. ئــاخر هــەر ئەوەشــە کۆتــایی ئــەو ڕێگایــەی کــە مــن لــەو چــەند ڕۆژەی ژیــانی خــۆم بــۆی خەبتیمــە و  تێکۆشــاوم.. ئــای خــودا چــەند پــیرۆزە مــرۆ بتــوانێ کەســە تێنووەکــان تێــر ئــاو بکــا! برســییەکانی حــەز تێــر نــانی لــەززەت بکــا! ئــای کــە ڕێگــا و ڕێڕەوێکــی پــیرۆزە ئەو خەباتە..

خــــەریکبوو مــــن لــــەناو خــــەوی خۆشــــی ئازادییەکانــــدا دەبوورامــــەوە، بــــەڵام هەمــــدیس تارمــــایی و دێوەزمــــە و ســــێبەری رســــتە ترســــێنەر و ئەرژەنگــــەکانی دایکمــــم کەوتــەوە یــاد (کــوڕم بازنــە.. بازنــە.. نەکــەی ڕۆژێ لــە ڕۆژان هــەنگاوە کێوییــەکانت بــەرەو دەرەوەی ئــەو ســنوورە ڕیــش ســپییە پــیرۆز و بــرا گەورەیــە بهاوێــژیت.. نــا نــا

نەکــــەی دڵــــی ئــــەو شــــەیتانە فریــــودەری ناخــــت بــــە بەدرەوشــتی و سەرپێچــی و پــاژ پــاژ کردنــی هــەموو رێســا جوانــــەکانی عــــورف و عــــەقڵ و ئــــەوین خۆشــــگوزەران کەیت)..

رۆژان هــات و چــوو ئــەو پڕۆتۆکۆڵــەی نێــوانی دایکــم و خــوا هــەر هەڵنەوەشــیایە و جــارێ تــووڕە بــووم و بــە وێنــەی منــداڵێکی قــەهریو چــوومە بەرامبــەر وێنەکــەی دایکــم و گــوتم: شــوورەیە بــۆ تــۆ، پرۆتۆکــۆڵ لەگــەڵ بــوونێکی غــەریب دەبەســتی خــوا خوایــە.. بــەڵام هــیچ حیســابێکت بــۆ باوکم نەکردووە..

ســــەرەتا گوێبیســــتی چــــرپە چــــرپێ بــــووم لــــە وێنــــە هەڵواســــراوەکەی دایکــــم لەســــەر دیــــوار.. بــــاوەڕم نــــەکرد.. دواتــــر وردە وردە لێوەکــــانی کەوتــــە بــــزۆزی و بــــە شــــەرمێکەوە گــــوتی: کــــوڕم ئــــەو خودایــــەی کــــە مــــن پرۆتۆکــــۆڵم ســــەبارەت بــــە تــــۆوە لەگــــەڵی بەســــتیووە (باوکتــە).. باوکــت بــوو بــە نهــێنی فێــری کــردم، دەرســی (بازنــە)ت فێــر بکــەم.. ئــەو بــوو فــەرمانی پێکــردم ســنوورت پێ بناسێنم...

مـــن لـــه وەنـــەوزەدا چـــوومە ســـەر لووتكـــەی چـــیاییّکی دوور لــه ئــاوەدانی.. لەســەر كورســییّك لــەناو بــەفردا دانیشــتم، بــه دیــار ئــاگریّکی فیّنــك و لــەژیّر ترووســکەی ئەســتیّره و لــه بــن ئاسمــانیّکی نزیــك و بــێ كــۆنتڕۆڵ و پاگــژدا هــاوارم كــرد: ئــەی دایكــی شــیرین، ئــەی فریشــتەی بەهەشــت.. ئــەی ئــەو بوونــەوەرەی كــه بەهەشــت لــەژیّر پیّیەكانتــدا بوومەلــەرزه دەیگــرێ.. نــا نــا نــاكرێ سەرپیّچــی ئایەتــه پیرۆزەكــانی ئــەو پیــاوه سمیّــڵ گەورەیــه بكــەین كــه "زەردەشــتی" نووســی.. لیّگــەڕیّن بــا رۆڵــه بــه رەوشــت و ژیــان دۆســتەكانتان لــەززەت لــه گەوهــەر و یــاقووتی نیّــو مۆرفیمــەكانی ئایــەتیّکی ئــەو وەرگــرن.. ئــەو شــیّته خــۆی كردبــووه قاســیدیّکی زەردەشــت و بــه نــاوی ئــەوەوه بــه ئــەڵمانییّکی بــاش دەیچــركاند: (مــن حــەزم لــەو مرۆڤەیــه كــه عــەقڵ و دڵــی ئــازاده، ئەوەنــده ئــازاده بــه ئاســتیّك كــه میّشــکی دەبیّتــه هــەناوی دڵــی.. دڵیشی بەرەو فەنا پاڵی پیّوه دەنێ)..

ئــای دایكــی دڵســۆز، ئــەی پەپوولــەی بەهەشــت، لیّگــەڕێ بــا سەربەســتانه بــه پیّــی پــەتی لــەناو لــی كــەنار دەریــای ئــازادیی، لەگــەڵ میلــۆدی عــود و ســەنتوور و دەف و ڤیلــۆن

سەما بکەین.. سەما بکەین و بمرین و سەما بکەین و بمرین.. تا ئەو کاتەی پیاوە شێتەکانی ناوەوەمان هیلاک دەبێ و باهۆزی وەستیان بەرەو ناو ئەفسانەکانی خەوێکی قووڵەوە راپێچی دەکا..

خۆ ئەگەر هەر فێریش نەبوویت بتوانیت واز بێنیت و حەزت نەکرد بە میاوە میاوی نەپچڕاوی من بۆ کۆمکردنی زۆرترین ژمارەی ئاژاشکە و ئۆرگاموز، ئەوا رێگات دەدەم بە یەکجاری لە یادگەی خۆتدا بە ئیسفەنجی ترۆکردن رەشم بکەیتەوە و خۆ ئەگەر عاتیفە رێگایدا و جورئەتی هەڵدانی منت کرد، ئەوا ئەو کاتە منیش بە ئارامی لەناو زەرفێکدا، ئەو مەسەلە ئینگلیزیەت بۆ پۆست دەکەم کە جارێك بە رێککەوت لەسەر پارچە کاغەزێکی ژێر پێی سەگێك لەناو سەنتەری ئەو شارەدا هەڵمگرتەوە (سەگ ناحەپێنێ گەر بە ئێسکەوە هەڵتدا).

من لەناو دەراو و دەریاچەی یادگەدا لە مەلەوانی دابووم کە خەو هێرشی بۆ هێنام.. چەند چرکەیەك بەر لە نووستن، دەستەکانم بۆ ئاسمان پانکردەوە و گوتم: ئەی

خـــودای گـــەورە.. ئـــەی ســـەروەری فـــێردەوەس و دۆزەخ.. ئـەی حـاکمی بـوون و نـەبوون، هـۆ گـەورە چـاو سـەوزە، نوورانییـــە، سپیپۆشـــەکە.. کڕنـــۆش کڕنـــۆش کڕنـــۆش.. هەشـتا و هەشـت هـەزار جـار هـەر تـۆ و هـەر تـۆ هـەر تـۆ.. تکـا خـوازم لـە سـەحەری دادێ مـن بـوێرترین و ئـازاترین بوونەوەری ئەو گێتیە ترسنۆکە بم..

دیـاربوو رمـی برژانگـەکانم بـۆ یـەك عـەودالْ و پـەرۆش بـوون.. مـن هـەنگاو هـەنگاو بـەرەو نـاو قەرەوێڵـەی دڵـی گـەرمی خـەو ڕێگـام گرتـە بـەر.. سـەرم بڵنـد کـردەوە و گوتم: ئەی بوون شەوت شاد..

شـەو درەنگـانێ دەنگـە دەنـگ و گرمـە گرمـی هـەور و شـــریخەی برووســـکە رایانچـــەڵەکاندم.. کـــە روانـــیم ئاسمـــانێکی تاریـــك.. ئەســـتێرەکان حیجـــابی رەشـــیان پۆشـــیبوو.. ئەســـتێرەیەك دەڕژا.. زەمـــەن گۆڕابـــوو.. حەقیقـەتیش.. ئـەو کاتـە هەسـتێ مـنی جوولانـد، ئـەو هەسـتە لـە هـیچ هەسـتێکی دیکـەی بـەر لـە ئێسـتای نـەدەکرد.. ئـەو شـەوە لـە هـیچ کـات و هـیچ شـوێنێکی دیکـە مـن بینیبـووم نـەدەکرد.. سـیمای ئـەو شـەوە سـیمای

"ئـاخیر زەمـان" بـوو.. ڕەنگـی ڕووخسـاری لـە ڕەنگـی دۆزەخ و چرکە چرکی کاتژمێر دەتگوت دەنگی دێوە..

جریـوە جریـوی باڵنـدان و فرمێسـکی چـاوی گوناهبـارانیش دەبــووە بــاران.. "یــاجووج و مــاجووج" هــەردووکیان بــە ســواری کەرێکــەوە گەیشــتنە لام، یــەکا و شمشــێری ســەر دوو لــەتیان پێبــوو، درووســت وەك شمشــێرەکەی "ئیمــامی عــەلی" وابــوو.. لێیــان پرسـیم: (لەگــەڵ ئێمــەی یـان سـەرت پەلدەین).

گـوتم: ئـارەزووی خۆتانـە.. چـی لـە بەرژەوەنـدی گشـتیدابێ بیکـەن.. لەگـەڵ ئـەو دوو بـرادەرە لێـك دابـڕاین.. مـن لـەبن کەوەنتــەری ناندینەکــە تــەواو رامــابووم.. بــیرم دەکــردەوە.. ڕۆچـوومە نـاو چـاڵە قووڵـەکانی یادگـە.. لـە شـوێنی خۆمـدا دەهـژریم و هەسـتم لـە جەسـتەی خـۆم راگرتبـوو.. زاکـیرەم بــە چــەقۆی پرســیار و بیرەوەریەکانیشــم بــە حەربــەی مــەراق خیشــار خیشــار و زوێــڵ زوێــڵ کــرد.. هــەموو مێـژووم هێنایـە نـاو لەپـەکانم و دواتـر لەسـەر عەردەکـەی بەردەممــــدا رامخســــت.. هەوڵمــــدا چــــاوم بکــــەوێ بــــەو بیۆگرافیایـەی کـە مـن بەدوایـدا دەگـەڕام.. هـەر هەوڵمـدا

کەچی هەوڵەکان بێ ئەنجام بوون.. سەری نەگرت.. ئەو سەحەرەی کە من خۆم لەژێر کەوەنتەرەکەدا دۆزییەوە، بە هیچ شێوەیەك لەو شەوەی نەدەکرد کە من دوعام تێیدا کردبوو.. شتەکان هەمان ئەو شتانە بوون کە پێشتر من دەمناسین.. هەست و هۆش و عەقڵ هەمان ئەو هەست و هۆش و ئاوەزە بوو کە لە شەوە جیاکەدا لەناو کەللەسەری مندا بوون..

خۆم بۆ رانەگیرا و دەرپەڕیمە بەر ئاوێنەکە..

من لەبەر ئاوێنەکەدا وەستا بووم.. چاوەکانم رەشکە و پێشکەیان دەکرد هیچم لێ دیار نەبوو.. دەستێکم بەو سمێڵەدا هانی کە دوێنێ شەو لووسم کردبوو.. ها.. کێڕا؟ ئەو تاڵە مووانە چین؟ لەلای چەپی دەمم یازدە دوازدە داوی قیت، لەلای راستەش هەروا.. دەستم لە روومەتەکانمدا، دواتر کەمێ بۆ لای دواوە، دوو گوێچکەی قیت کەوتنە ناو دەستەکانم، سەرم بۆ بینینی ئاوێنەکە بەرز کردەوە.. ئەو جارەیان بەر چاوەکانم روون و رۆشەن ببوو.. بەڵام هاوارێك لە ناخەوە رایچەڵەکاندم هاوارم کرد و وەك گوللە دەرپەڕیم.. بە هەناسە سواری

و نیــوە مردوویــی خــۆم لــەبن ســینی و قــاپ و قاچــاخی ناندینـــدا دۆزییـــەوە.. پێنگـــاو پێنگـــاو.. قۆنـــاغ قۆنـــاغ.. گەڕامــەوە بــەردەم ئاوێنەکــە.. وەکــو منــداڵێکی یــەك ســاڵان بــاوە بــاو و ســەرە دیقــانێم لەگــەڵ ئاوێنەکــەدا دەکــرد هــەر نــەدەوێرام بــە چــاوانی جورئــەت و راســتییەوە لــەو دیمەنــە بــڕوانم.. تــا ئــەو کاتــەی هێزێکــی خــوایی خســتمیە ســەر مافورێکی سیحری و لەبەردەم ئاوێنەکەدا رایگرتم..

هــەر کــە خــۆم دیــت زەنــدەقم لــێ کــەوت، بــەڵام لــەنیوە رێــدا هەڵمگرتــەوە لــە قاقــای پێکەنینمــدا، بــە هــەموو توانــاییێکم پێدەکــەنیم.. تــووکی پێســتم ســپی ســپی دەبریســکایەوە.. لـــووتێکی بچـــووکی ســـۆر.. نینۆکەکانیشـــی وەك تـــووکی پێســتم ســپی ببــوون، قــەوس و درێــژ بــوون نینۆکــەکانم، ئەوەنــدە درێــژ بــوون دەتگــوت لــە ژیانمــدا نەمقرتانــدوون.. چـــوار ددانـــی تیـــژ و بـــەفرین و درێـــژ دەتگـــوت قۆچـــی کەرکــەدەنن.. بوقعەیــەکی ســوور ســوور لــە زگماکییــەوە بــۆ ناســـینەوە دانرابـــوو.. مـــن لەبـــەر تـــەوژمی زەریـــا ئاســـای پرســـیارەکاندا بێهــۆش مــابووم، واقــم وڕمــابوو.. لــە خــۆم پرســی: چــیت بەســەر هــاتووە؟ پــەنام بــۆ خوداوەنــد بــرد،

ئەی خودای گەورە من چیم بەسەر هاتووە؟ ئاورم دایەوە کلکم لێ روابوو، کلکێکی ئەستوور، رەپ، حەڵقە حەڵقەی زەرد لەسەر سپیاتی کلکەکە هەبوو..

کە وردتر بوومەوە، تێگەیشتم بوومەتە ئاژەڵ.. کە هێشتا وردتر رامام، من تەواو تێگەیشتم بوومەتە ئاژەڵێکی خوێن شیرینی ناو باخچەکانی ژیان، دەستێکم بە داو داوی سمێڵەکەم داهێنا و لە حیلکە حیلکی پێکەنینم دا.. ها ها ها ها ها ها ها ها.. بە هەموو دەنگم پێدەکەنیم، ها ها ها ها.. هاوارم دەکرد، بەسەر پشت رادەکشام و چوار پەلم روو لە ئاسمان دەکردن.. هەر هاوار و هاوارم دەکرد، ها ها ها ها ها ها من بوومەتە پشیلە!

پشیلەیەکی سپی و زەرد.. ئەها قەبارەم چەند لە شەوی رابردوو گچکەتر و کێشیشم چەند سووکتر و..!؟ خودایە من چیم بەسەر هاتووە؟ من هێشتا هەر بە هەموو تین و تاو و هێزەوە لە پێکەنین و هاواردا بووم.. پڕ بە سییە بچووکەکەم پێدەکەنیم، دەستم بە دەوم گرتبوو، ها ها ها ها.. لەبەر قاقا ژانە زگم گرت.. سکم

دەهێشا.. بۆیە ناچار بووم لە نینۆکەکانم بڕوانم تاك کەمێ پێکەنینم بوەستێ..

خۆم هەڵدایە سەر دەستشۆرەکە و هەندێکی دیکە سەرم بەرزکردەوە تا لە رووخساری سەیر و سەمەرە و سەراسیمەی خۆم بڕوانم..

لەپڕ وەك برووسك شتێ هاتەوە ناو یادگەم..

ژنێکی بالا بەرزی پڕ، عەبا لەسەر لەناو قەیسەری شاری هەولێر دەگەڕا، لە دوکانەکانی عەرافی پرسیاری مەوادەکانی فاڵی دەکرد..

من خەنیبووم.. دەرگای یادگە و بیرهاتنەوە ئاوەڵابوو..

ئەو ژنە عەبا لەسەرە چووە سەر قەڵات و هاواری کرد:

ئاخر کورم فاڵچییەکە گوتی:

- فاڵچییەکە چیگۆت ئەی دایکی شیرین؟

کورم فاڵچییەکە گوتی: کوڕەکەت دەڕوا.. ئەو خاوەنی جەنتاییێکی سەرکێشە لە پرسیار و گومان و بۆن و

بەرامــەی زیبــا.. ئــەو ملپێچــی سەربەســتی و سەرمەســتی و ســــەرفەرازی و سەرکێشــــی دەخاتــــە مــــل و بــــوێر و جەربەزانــــە، بــــە کۆلانــــەکانی زەمەنــــدا پــــەرش دەبــــێ.. کوڕەکــــەت دەڕوا، هــــەر دەڕوا و هــــەر دەڕواو هــــەر دەڕوا.. هــەڵوەدای ماچــی حــەرام و جەســتەی حــەرام و ئاینــدەی حــەرام دەبــێ.. ئــەو دەڕوا.. سمێڵــی لێــدەڕۆی و پێســتی تووکین دەبێ و دەبێتە پشیلە.

مــن بــە ئەندێشــە و داڵغەیــەکی پێکــەنین ئــامێزەوە، بــە دوو پــل داوەکــانی سمــێڵم هەڵســوی و گــوتم: راســتە ئــەی دایکــی بــەڕێز و پــڕ شــکۆ راســتە.. ئــەی ژنــی میهرەبــان فاڵچــییەکە راســتی گــۆ.. کوڕەکــەت رۆیشــت و رۆیشــت و رۆیشــت تــا بــوو بــەو بوونــەوەرەی کــە کــەس لــە هاوکێشــەکانی هۆشــی خــۆی حسێبی بۆ نەدەکرد..

من بوومە پشیلە.. ها ها ها ها ها ها ها ها..

هەمــــدیس لــــە نینۆکــــە درێــــژەکانی خــــۆمم روانییــــەوە و گــوتم: راســت دەکــەی ئــەی گوڵــە گەورەکــەی رۆحــی بچــووکی کوڕەکــەی خــۆت راســت دەکــەی.. بــۆ مــن نــەگری.. تــازە

گریـان داد نـادا.. جگـەرەی خەفـەت مەکێشـە چـونکە تـازە خەفـەت کوڕەکـەت ناگەڕێنێتـەوە، شـەرابی گـرین و بـرین مـەخۆوە، چـونکە تـازە بـە تـازە گریـان و زام ناشـێن بیۆگرافیاییێکی نۆژەن بنووسنەوە..

ئـەی دایکـی بـەڕێز ئـەوەیان نووسـراوێکی سـەر پێسـتی مـامزە بەدەسـتی خوداوەنـد، بـڕۆ لەسـەر بەرماڵەکـەت دانیشـەوە و دەسـتەکانت بـۆ سـەقف پانکـەوە و بڵـێ (قـل لـن یصـیبنا الا ماکتـب اللـە لنـا).. دەبـێ ئێمـە گوتـارە پیرۆزەکـانی خـودای بـەڕێز جێبـەجێ بکـەین و بـەس.. لێـرە بـەدواوە مـن هـەموو ئێوارەیـەك دەچـمە باوەشـی ماچـی حـەرام و رووخسـاری حـەرام و جەسـتەی حـەرام و دەچمە ناو هەناوی دڵی حەرام..

لێـرە بـەدواوە "ئاشـکرا" و بـە بەرچـاوی خەڵکـەوە دەچـمە سـەربانی ماڵێـك لەپشـت "مزگـەفتی سـپی" پـڕ بـە گـەرووی برینـدار بـە گوێچـکە چـکۆلانەکەی گەردوونـدا دەمیـاوێنم.. هـەر دەمیـاوێنم تـا ئـەو کاتـەی پیـاوە خێڵەکییـە سمێـڵ گەورەکـە، بـە خـۆیی و دەرپـێ خوتبەکـەی دێـت و لەبـەر نـەبوونی کوچـەکە بـەردێك بـە

لینگـه نـﻪعلێك راوم دەنـێ.. مـن بـه سـەربانەکەدا رادەکـەم، تـا سـینه و مـەمێکی دیکـه دەبیـنم.. هەمـدیس دەسـت دەکەمـەوە بـه میاوانـدن و پاڕانـەوە.. داوا لـه سـەگەکان دەکـەم مـوخبیریم لـێ نەکـەن.. کـه حەپـەی سـەگەکان بـێ دەنـگ دەبـن، مـن بـەبێ جیـاوازیی دەکەومـه نـاو سـەروەت و سامانی مـژینی "کـانی ژیـان".. دەچـمه میحرابـی مزگـەفتی سـپی و دەچـمه پشـت مایکەکـه.. هـاوار دەکـەم.. بـه گوێچـکه کەڕەکانـدا دەچـرێنم.. فێریـان دەکـەم وشـەی لەززەت تێ بگەن..

(500) مـەتر بـەلای دەسـته چـەپ وەردەچـەرخێم و دەچـمه کڵێسـەکەی دیانـان، سـەردەکەوم، بـه ناقوسـەکه میلـۆدێی دێنمـه وجـود کـه بـه مەسـیحییه کـەڕەکان بڵـێ: ئێـوەش وەك ئێمـه لـه بازنـەدا هەڵدەکـەن، راسـته بازنەکـەی ئێـوە فـراوانترە.. بـەڵام واز لـه مەسـیح بێـنن، بڕۆنـه نـاو کاروانەکـەی "داوود".. ئـەو "99" ژنـی هەبوو..

خـۆم هێـور دەکەمـەوە، هـەموو رۆژێ "وتارێـك" بـۆ کوێرەکـان دەنووسـم، تـا فێـری تـامی خوێندنـەوە بـن.. لاق

لـه شـەهوەت درووسـت دەكـەم بـۆ ئـەو بـێ قاچـانەی كـە بـەهۆی مێینـەوە، یـان لـە زگماكییـەوە بـێ لاقـن تـا نـەختێ سـەمای بـەختیاری پـێ بكـەن.. مـن كۆتـاییم بـە بیركردنـەوەكانم هـانی و هاتمـە نـاو راسـتییە نامۆكـان، خـۆم پـێ رانـەگیرا.. هەمـدیس لـە حریتـەی پێكەنینمـدا.. حریـت حریت وەك شێت پێدەكەنیم.. من بوومەتە پشیلە!؟

هـەر خـۆم بـە خـۆمم گـوت: دەك داوەشـێم.. بـۆ وا بـیر دەكەمـەوە؟ ئـەوەیان حاڵـەتێكی زۆر ئاسـاییە، ئـەی ئـەوە نـەبوو جارێكیـان كـە هێشـتا لـە جەسـتەی مـرۆڤ بـووم، لـە پیاوێكـەوە گـوێم لێبـوو دەیگـوت: (دوای مـەرگ گیـانی مـرۆڤ دەچـێتە بـەر جەسـتەی ئـاژەڵان.. ئـەو دابەشـكردنەش بـە گـوێرەی خاسـیەت و هەڵسـوكەوتی مرۆڤـەكان دەبـێ.. بـۆ نموونـە رۆحـی مرۆڤـی درنـدە دەچـێتە بـەر جەسـتەی گـورگ.. هـی سیاسـی دەچـێتە بـەر جەسـتەی رێـوی.. هـی قەحپـە دەچـێتە بـەر جەسـتەی بـەراز.. رۆحـی شـەهید و پیـاوی ئـازا دەچـنە بـەر جەسـتەی شـێر و پڵـنگ.. رۆحـی كچـی جـوان دەچـێتە بـەر جەسـتەی تاووس و مامز).

**من له خۆم پرسی:**

**ئەی روحی شاعیر دەچێته ناو کامه جەسته..؟**

**ئـا هاتـەوه بـیرم، روحـی شـاعیر دەبـێ بچـیته بـەر جەسـتەی کەر..**

**هـا هـا هـا مـن هەمـدیس لـه قاقـای پێکەنینمـدا.. روحـی شـاعیر دەچـێته نـاو بۆتـەی جەسـتەی کـەرەوه.. بـەخوای عەنیکەیه..! بەڵام بۆ؟**

**کـێ نـاڵێ ئـەو بۆچـوونه راسـته..؟ ئـێ مـن دەزانم کـه کـەر لـه هـەموو بوونەوەرەکانیـدی هەسـتیارتر و پیاوانـەتره.. هەر چ کارێکی پێڕاسپێری پێی عەیبه بڵێ نا..**

**ئـێ هـەر وایـه، کـەر شـاعیره و شـاعیرش کـەر.. منـیش کـه کـاتێ مـرۆڤ بـووم و بـه نووسـینی شـیعرەوه سـەرگەردان و پەرێشـان بـووم، نەمـدەزانی بڵـێم: نـا... لەگـەڵ سـەروەت و سەرمایەدا خینداربووم..**

لەخۆم پرسی: ئەی بۆ روحی من نەچۆتە بەر جەستەی کەر؟ ها.. کێ نالێ پەیوەندی بەو خەونەمەوە هەیە کە دەمویست ئازادبم..؟

من ئێستە پشیلەیەکی ئازادم.. ئەی ئەوە خەونی خۆم نەبوو کە ئازادبم..!؟ ئەی هەر بۆ ئەو رۆژە نەبوو، هەمیشە جانتای سەفەرم بە کۆڵەوەبوو؟ ئەی هەر بۆ ئەو رۆژە سپییە نەبوو کە گوتاری رەشم بۆ کەسەکان دەخوێندەوە؟

بۆیە هاوارێکی دڵخۆشانەم لێهەڵسا و لە ناوەندی دڵمەوە قریواندم: ئیدی مەرگ و مرۆڤ و ئاژەڵی خاوەن سنوور.. من لێرە بەدواوە ئاڵای سەربەستی و سەرکەشی و شانازی و بوێری خۆم لەسەر بورجی پاپۆڕەکانی ژیاندا دەشەکێنمەوە..

لە ئێوارانی تاریک و نووتەکەدا لە شەوانی دەیجووری بێ کارەبا و لەناو زرمە زرمی گوللە تۆپ و هاشوهوش و گڕەگڕی گزۆزی ماتۆڕەکانی عورف و دەنگی مەکینەی یاسا و هەموو سنوورە پیر و عەقڵانییەکانی خێڵی بازنە

بێدماهیەکانی بەشەردا گۆرانییێکی لەسەرخۆ و هێمن بۆ ئازادیی دەخوێنم..

من لە باوەشێکەوە بۆ باوەشێکی دیکە لە خۆ هاویشتن و میاواندن دابووم.. هەندێجار گەنجە ترسنۆکەکان بە پێدزکێ و ترس و لەرزەوە دەیانئێروتیکاند، لە میاوە میاوی من بێزار دەبوون و بە کوچکە بەردان دەکەوتنە دوام.. تا چەند جارێک لەسەربانە ستارە نەویەکە و چەند جارێکیش لەسەر دیوارە بڵندەکاندا دەکەوتم چەند روحێکم لە دەستدەدا.. بەڵام هیچ جارێک وا رێکنەکەوت کە هەر حەفت روحم بە جارێک لە دەستدەم.. پاش کەوتنێکی پڕ لە ئازار کە لە خۆمم دەڕوانی هێشتا دەتوانم وەك جاران دەرپەڕم، لە قاقای پێکەنینم دەدا.. پاش چەند ساڵێکی کەم، جارێک رێککەوت کە هەموو روحەکان بە یەکجاری لە جەستەمەوە بەرەو لای ئاسمان بوون.. بەڵام هەر زوو روحەکانمم لەناو جەستەی پشیلەیەکی دیدا ناسینەوە، دەتگوت کانیمە..

مـن دەممیاوانـد.. هـەر و هـەر لـەمیاوە میـاودابووم.. میـاو میـاو میـاو میـاو.. ژن و پیـاوە ترسـنۆکەکانی ژێـر کوللـەی سـەربانە سـتارە نەویـەکانم لـە هاوینـدا بـە میـاوە میـاو دەلەرزانـد و کاسـم دەکـردن.. میـاو میـاو، خوشـك و دایکـی بازنـە و سـنووری پـیرم لەسـەر مێـزم قومـاری قوماربـازە سەرخۆشـەکان رادەخسـت تاك"بیسـت و یـەك" لەسـەر مەمکـەکانیان بکـەن.. بـە پێـی خواسـە و بـەناو کـەوتم.. رەش و سـەوزم بەیەکـەوە دەسـووتاند.. ژنـەکانم رادەخسـتن خۆشـم وەك پەڵەهـەورێکی حـازر و لـەجێ، دەسـتبەجێ دادەبـەزیم.. میـاو میـاو.. لەئێوارانـدا.. لـە نیـوە شـەواندا.. لـە سـەحەراندا.. لـە ناوەنـدی بازاڕەکانـدا.. لـە پـەنای دار ئالۆبـالۆدا.. لـەژێر دارلیمـۆ و لەسـەر پشـتی کەشـتی و بـە بەرچـاوی هـەموو سـەگ و تـەیر و تـار و نوحیشدا.. دەممیاواند.. میاو میاو میاو میاو...

لـە هـەر دەرفەتێکـدا.. لـە هـەموو جێکاتێکـدا.. بـە ئـازایی و جەربـەزەیی بـە چـواردەوری خـۆم خـول دەخـۆم و چـاوە زەق و باقوبریقاویەکـەم دەخەمـە نـاو چـاوی ڤێنوسـەکان و خـۆم نزدەکەمـەوە و هـەنگاوە ورد و درشـتەکانم بـەرەو

باوەشـــی گـــەرمیان دەهاوێـــژم.. "ئـــێرۆس" دەخەســـێنم و دەیســـووتێنم.. لێدەگـــەڕێم وەك بـــاپیرە گـــەورەم، ژنـــە خۆشـــەکان پەنجـــە و دەســـت بـــە پشـــتم دابهێـــنن و تـــا شـــل دەبن جومگە و ماسولکە و بڕبڕەم مەساج بکەن..

لێدەگـەڕێم لانـە و هێلانێکـی ئەبـەدیم بـۆ لـەناو باغـەڵ و مەمکـە درشـت و سـیحراویەکاندا چـا بکـەن.. هـەوڵ دەدەم فێریـان بکـەم هـەموو سـپێدەیەك لـەو مەمکـەوە بـۆ ئـەم و لەمیشـــەوە بـــۆ ئەویـــدی ئیمـــێلم بکـــەن.. یـــان بـــە "SMS"ێك بۆ یەکتری رەوانەم بکەن..

ئێســـتە مـــن بەختـــەوەرم.. هێنـــدە بەختـــەوەرم، وەك بـەختیارێکی شـێت و شـێتێکی شـادمان و شـادمانێکی ئـازاد بـــۆ هـــەموو مێینـــەکانی ئـــەو گەردوونـــە بچـــووکەدا دەمیاوێنم.. میاو میاو..

ئـەی بـرادەری هـیلاك، تـا ئێـرە ئـەوەی کـە گـوترا و ئـەویش کـــە نـــەگوترا، ئـــەو چـــەند دێـــڕەی کـــە نووســـرا و ئـــەو چـیرۆکانەیش کـە نەنووسـراون، هـەمووی بەیەکـەوە قسـەی مـن نـەبوون.. بـەڵکو دوێـنێ شـەو روحـی پشـیلەیەك هاتـە

نــاو خەونــەکانم و ئــەو حیکایەتــەی بــۆ گێڕامــەوە.. بۆیــە منــیش لێــرە لــە پشــت مێزێکــی مانــدوو، لــە ژوورێکــی سـەقەتی باڵاخانـە کۆنەکـەی "OSNING STR 27" لـە شــاری بیلەفێلــد بــەدەم گــوێگرتن لــە میلــۆدێکی خــاوی کوردانــە ناچــارم بڵــێم: ئــەو قســانەی کــە لــەو کتێبــەدا نووســراون قســەی مــن نــەبوون، بــەڵکو پشــیلەیەك بــوو لــە روحی من ئاوای بۆ گێڕانەوە.

3- 5- 2000

8- 1- 2005

بیلەفێلد - ئەڵمانیا

# ئیرەم

له تەنیشت پەنجەرە ئەودیو تاریکەکە بە تاریکیی دانیشتبووم، کە گوێم لێبوو "هەتاو" گوتی: مردوویێك زیندووبۆتەوە، مردوویێك لەنێو برینەکانی ڕاچڵەکیوە، ناڵاندوویەتی، ئاه و هاوار و فیغان و زایەڵەی کەوتۆتە بەر گوێچکەی ڕۆحی گەردوون و زێوانی گۆڕستانەکەی واگا هێناوە. هەندێجار بە سەرسوڕماوییەوە گوێمان لێدەبێ کە مردوویێك زیندوو بۆتەوە.. زریکە و زایەڵە و چریکاندن و ئاهاندنی کەوتۆتە بەر گوێچکەی جیهانی خودا، کەوتۆتە بەر گوێچکەی دوو عاشق کە بە دزییەوە لە گۆڕستانەکە لەگەڵ خاك ئاوێتە بوونە و ماچ دەگۆڕنەوە..

یان مردوویێك هاتۆتە خەونی وەلییێك یا شێخ و مەشایخەکان، ئەوان هەڵپە هەڵپێ دەکەن و کەسە نزیکەکان کۆدەکەنەوە و

دەست دەکەن بە هەڵگرتنی سەری گۆڕەکە و مردووەکە دەردەهێنن.. پاش چەند ڕۆژێ وەك پێشتر بە پێیەکانی خۆی دەڕوا و دەچێتەوە سەر کارەکەی خۆی..

لە تەنیشت پەنجەرە ئەودیو تاریکەکەدا بە تاریکیی ڕۆنیشتبووم کە هەتاو گوتی: مردوویێك دوای چەشتنی ئازارێکی زۆر زیندووبۆتەوە، بە چاوانی خۆی بینیویەتی کە چۆن لە نێو لانکی مردن ڕاکشاوە و جگەرەی کێشاوە و ڕۆژنامەی خوێندۆتەوە و دواتر لە گۆڕەکەدا دەرهێنراوە و وەك پێشتر بە پێیەکانی خۆی ڕۆیشتووە و شاهێدی داوە، ئێ خۆ هەرواشە مردن دەسپێکی جۆرە ژیانێکی دیکەیە.

هەمووومان دەزانین مردوو زیندوو نابێتەوە و نەشمانبینیوە مردوویێك قسە بکا، خۆ ئێمە نەمانبینیوە مردوویێك حیکایەت سەرد بکا، یا چیرۆکێ بگێڕێتەوە، یاخود نۆڤلێتێك بۆ زیندووان بنووسێ.

کێ نالێ حەشرە؟

ڕەنگە ڕۆژی زیندووبوونەوەبێ و من لە حزووری ئێوە و خۆشەویستە ڤیندار و دڵڕەقەکەی خۆم، ئەو شاهێدیانە بدەم کە تا ئێستا نەمداون.. ڕەنگە ئێمە ئێستا لە عەرشی گەورەدا وەستابین و دان بە ڕاستییەکان بنێین.. ئایە منیش مردووم و هاتوومەتە خەونی ئەو دوو عاشقەی کە بە دزییەوە لە گۆڕستانەکەدا بوونەتە خاك؟ شێخ و مەشایخ و وەلییەکان

گوێیان لە ئاھ و نالاَندنم بووە؟ بانگی کاروانچییێکم کردووە؟ ڕێبوارێکی ماندوو گوێی لە قیژە و زەنا و گلییەکانم بووە؟ یاخود لە حەشرم و لەبەردەم عەرشی گەورەدا ئەو شاھێدیانەتان بۆ دەدەم؟ یاخود شاعیرێکی بێکار ھەیە و دەیەوێ بمنووسێتەوە؟

ھەتاو گوتی:"ڕاستیی" ئاگرە و تاریکییش گەمەیەکە بۆ شاردنەوەی.. لە کۆتاییدا ڕۆشنایی لە توانای دایە جێ بە تاریکیی لەق بکا.

من گوللە ساردەکەم دێتەوە یاد کە بە دڵی گەرممدا تێپەڕی. من ھەموو ڕووداوەکانم وەك خۆی دێتەوە یاد.. دەڵێی ئێستایە و تێیدا دەژیم.. دەڵێی ئەوڕۆیە کە گوللە ڕەشەکە دێ و بە دڵی سپیمدا غلۆر دەبێتەوە و کون کونی دەکا..

دێتەوە بیرم کە من دەستم نەبوو لە ھەڵگیرساندنی تۆفانی گەورەدا، من نەبووم بە دوعایێ "ئەرزی معان" سەرەوژێرکەم.. من نەبووم شەڕی نێوان براکانم داھێنا، خۆ من موخبیریم نەکردبوو تا کوڕە تاقانەکەی خودای پێ لە خاچ ھەڵواسن.. من نەبووم نە، داوا بکەم کە ژیان بۆ یاریی و ئەزموون و ئازار ئافەریدە بکرێ..

حا من چیم کردبوو؟

بە تەنیا پەیکەرێکی گەرمبووم و قسەی خۆشەویستە سەرکێش و شێواوەکەی خۆمم جێبەجێ دەکرد.. من چیم کردبوو تا ئاوا بە مردوویەتی چیرۆکی مردوویێکتان بۆ بکەم؟
منیش لە دەستپێکدا وەك ئێوە لە ڕووناکییدا دەژیام.. وەك ئێوە نەمردبووم.. لە کۆلێژەکەدا قسەم دەکرد.. دەمویست تامی هەتاو بکەم.. پێدەکەنیم.. گەردەلوولم دەدیت کە لە ڕۆحی مرۆڤ دەئالاّ.. دەگریام.. دەرسم دەخوێند و عەشق لە ڕۆحمدا بە گەردوون پێدەکەنی..
جار نا جارێ زەمزەمەم دەکرد و بە دەنگێکی نەوی گۆرانی تێپەڕاندنی زەمەن و جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی چارەنووسی خۆمم بۆ خۆم دەخوێند..
هەتاو دەیگوت: مرۆڤ بۆ ئەوە درووست نەبووە هەوڵی گۆڕینی چارەنووسی خۆی بدا.
من نەمدەویست چارەنووسی خۆم بگۆڕم.. وەك هاوپۆلە شەرمنەکانم شەرمم دەکرد لەو گەنجە چاو مۆنانەی کە لای حوجرەکەی ئەهریمەنەوە دەرسی فێڵ و خەڵەتاندنیان خوێندبوو.
شەرمم لە جەستەکەی خۆم دەکرد.. شەرمم دەکرد لە خوێن.. سوور سوور هەڵدەگەڕام و پێدزکێم دەکرد و خۆم بە حەفتا و حەفت ئاو دەشۆری.. لە کاتی خۆشۆریندا نەدەوێرام لە جەستەی ڕووتی خۆم بڕوانم، شەرمم دەکرد لەو

ساتەوەختانەی کە سینەم کەڵکەڵەی خۆ بەدەرخستن و هەڵپە هەڵپی خۆ نمایشکردنی دەکرد..

جار نا جارێ مەمکە تورت و قیتەکانم ئارەزوویان دەکرد دەرکەون و بە هێواشی سەرێ لە دنیای دەرەوە بدەن و تیشك و هەتاو ببینن، پێموابوو ئاسمان هی هەموومانە.. کەچی مانەندی هاوپۆلە سوورهەڵگەڕاوەکانم سوورهەڵدەگەڕام و ڕەنگی خوێنم دەگرت و حەشار حەشارم دەدان.

مەکەکانمم لە نێو قەفەزی پۆشاکەکانم زیندانی کردبوون، دەتگوت جوتێ کۆتری سپی چاو خومارینی پڕ لە فرمێسك و بێباڵن..

هەتاو گوتی: هیچ جیاوازییێك لە نێوان جوانیی حەشاردراو و نەبوونی جوانییدا نییە.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جوانیی هێندە بێدەسەڵات نییە کە تا سەر بتوانێ بە کۆیلەیی بمێنێتەوە.

جار نا جارێ دایکم دەیگوت: بە کراسێکی بەرین بیانشارەوە، ئەوان جووتێ سێوی خودان و لەسەر سینەی تۆ ڕواون.. بیانشارەوە کچەکەی خۆم نەبادا چاووزار و پایزی ئێرەیی سست و سیس و پووچیان بکا، بیانشارەوە، کچەکەی خۆم نەبادا گرووپی گورگەکان بیانڕفێنن و لە چاڵێکیان بئاخنن، ئیدی تا هەین بەدیار بۆنی کراسە خوێناوییەکەت فرمێسك دابارێنین.

ساڵ نا ساڵێ لە مەودای نێوانی قۆپچەکانی کراسە بەرینەکەم، ڕەنگێکی ڕەش، یا سپی، یا گۆشتی، یاخود ئاویی، لە سینگمەوە بە بێ پرسی من و لە نائاگایی مندا بۆ دنیای تاریکی ئەودیو پەنجەرە تاریکەکە دەدرەوشایەوە و تیشکی وەکو تیشکی خۆر و گەشبینی دەدا.. من چاوە مۆنەکانم لێدیاربوو، چاوە برسییەکانم لێدیار بوو کە وەك ئەستێرەیەکی سوور لە تاریکییدا دەدرەوشانەوە.. چاوی ئەو گورگانەم لێدیار بوو کە شالاّویان دەهێنا و ناچار دەبووم وەك هاوپۆلە شەرمن و نامورادەکانم نامورادبم و شەرم دامگرێ و ڕابکەم.. دەستم دەنا بە مەودای نێوانی قۆپچەکانی سینەم و ڕامدەکرد، بۆشاییەکەم دادەخست و ئیدی لێنەدەگەڕام گورگەکان فریوی ئەو ڕۆشنایی ڕەنگانە بدەن و لە چاڵیان بئاخنن..

هەتاو گوتی: ترادتسیۆن پەیوەندی بە ڕاهاتنەوە هەیە.. سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەك ئاسایی نەبوو لە ئەورووپا یەکێ بە ڕووتی ببینرێ و کارێکی سەیربوو.. کەچی ئیستا تەواو ئاساییە.

دایکم دەیگوت: بیانشارەوە و حەشاریاندە، ئەوان هەنگوین و پەنیری خودان لەسەر سینەی تۆ، بیانشارەوە کچی خۆم نەبادا مشك بیانخوا.

منیش وەك هاوپۆلە سوورهەڵگەڕاوەکانم سوور سوور هەڵدەگەڕام و ڕەنگی خوێنم هەڵدەگرت و نەدەوێرام بە لای

گورگەکاندا تێپەڕم.. کە خەونم دەدیت بە گەنجێکەوە لێم دەبوو بە گورگ، تك تك خوێن لە کەڵبەکانی دەکەوتنە سەر مەمکەکانم.. من وەك هاوپۆلە ترسنۆکەکانم دەترسام و ڕامدەکرد.. گورگەکە دوامدەکەوت، من دەبوومە ئاسك و ڕامدەکرد.. گورگەکە دەیگرتم، بە ڕووتی لە ژێریدا ڕادەکشام، داخواز بووم لەتوپەتم بکا، کەچی گورگەکە دەبووە تابلۆییێکی خوێنین و بەسەر جەستەمدا دەتلایەوە، من وەك هاوپۆلە ترسنۆکەکانم ترس دایدەگرتم و خەبەرم دەبۆوە، دایکم لە باوەشی دەگرتم و چەند سەڵاواتێکی لێدەدا و گلاسێك ئاوی سرووشتی پێدەدام..

ئێ خۆ من هیچم نەکردبوو تا گوللە ساردەکە ئاوا بە دڵی گەرممدا تێپەڕێ و زوێڵ زوێڵی بکا.. جا من چیم کردبوو؟ تا ئاوا بە مردوویی چیرۆکتان بۆ بگێڕمەوە؟

من وەك ئێوە نەمردبووم، لە هەتاوم دەڕوانی، لە کۆلێژەکەدا پێدەکەنیم، تەماشای تاریکیی ئەودیو پەنجەرە تاریکەکەم دەکرد، دەگریام، دەرسم دەخوێند و مامۆستاکانیش خۆشیان دەویستم و لەبەر کەڵبەی گورگەکانیش ڕامدەکرد..

هەتاو گوتی: پیاو لە عەنکەبووت دەچێ.

من لە بەلەکەکانی خۆمم دەڕوانی و خەندەیەکم دەکرد، دەستێکم پێدا دەخشاندن و شانازی و نازم دەکرد، سپی بوون وەك پۆشاکی فریشتە، لووس لووس بوون وەك مووس.. من

دەستێكم بە ڕانەكانم دادەخشاد و شانازی و نازم دەكرد، نەرم وەك مەمك، لووس لووس وەك ـ با ـ.. دایكم بێ لە دەرگادان دەهاتە ژوورەوە و من بەلەك و ڕانەكانم دادەپۆشین و بە وێنەی هاوپۆلە سوورهەلگەڕاوەكانم سوورهەڵدەگەڕام و دەبوومە جەستەیەكی خوێنین و دایكم مانەندی خۆشەویستە قین لە دڵەكەی خۆم بە وشە، گوللەیەكی ساردی لە دڵی گەرمم دەدا..

هەتاو گوتی: كارەساتی مرۆڤ لێرەدایە، كە نەتوانێ كتێبی ڕابردووی خۆی و كتێبی ئێستای یەكێكیتر بە هەمان ئیحساس و وردبوونەوە بخوێنێتەوە.

من وەك هاوپۆلە داپۆشراوەكانم خۆم دادەپۆشی و دایكم دەیقیژاند: ئەدەبسز، بێ نامووس، كێڕا فێری ئەو بەڕەڵلاًییە بووی؟

هەتاو گوتی: ئەدەب و نامووس چ پەیوەندییێكیان بە خولقاندی جوانیی و لەززەت كردن لە جوانییەوە هەیە؟

من وەك هاوپۆلە باڵشكاوەكانم ڕەنگی خوێنم هەڵدەگرت و دەبوومە بوقعەیەكی خوێن و باڵم دەشكا و زریانی شەرم ڕایدەپێچام: دایە گیان چیم كردووە؟ بە تەنیا لە خۆمم ڕوانییە.

خۆ نەدەوێرام بڵێم: با ڕووباریش چێژ لە جوانییەكانم ببینێ، ئەی خودا بۆچی جوانیمان پێدەبەخشێ؟ بەلەك و ڕانەكانم

ئارەزوویەکی شێتانەیان هەیە بۆ گوزارشت کردن لە خۆیان، ئەوانیش حەزیانە سەرێ بدەن لە دنیای دەرەوە و  شەقام و چاوەکان ببینن کە چۆن لەززەت لە جوانییەکانیان دەکەن.

نەدەوێرام بڵێم: هەر زیندەوەرێ لەو گەردوونەدا بە دوای پێویستیەکانیدا دەگەڕێ، گورگیش زیندوون، دەبا گورگێکیش لەززەت لە من بکا.

هەتاو گوتی: ئەوەی بزانێ زەمەن بە تەنیا بۆ تێپەڕاندن دروست بووە، دەتوانێ لە ناشرینیەکانیشدا جوانیی بخولقێنێ.

من لە تەنیشت پەنجەرە تاریکەکە ڕۆنیشتووم و دەپرسم: ئایە ئێوە گوێتان بۆ چیرۆکی مردووان ڕادێراوە؟ گوێتان لێبووە مردوویێك قسە بکا؟ نۆڤلێتێك بنووسێ؟ یان کێ ناڵێ حەشرەو من لە بەرامبەر عەرشی گەورەدا ئەو شاهێدیانەتان بۆ دەدەم؟

ئەو کاتەی کە هێشتا گوللە ڕەشەکە دڵی سپیمی نەپێکابوو، دایکم دەیگوت: جوانیی ژن وەك موڵك وایە، تەنیا بە ناوی یەك کەس دەکرێ، وەك گەنجینەیەك وایە، کە کۆدی کرانەوەی بە تەنیا لە دەستی یەك کەس دایە، جوانیی ژن وەکو تابلۆ نییە بۆ هەموو کەسێ هەبێ لێی بڕوانێ و چێژی لێبکا.

هەتاو گوتی: جوانیی ژن شیعرێکە بۆ هەموو کەسێ هەیە بیخوێنێتەوە، تابلۆیەکە هەموو کەسێ حەقی لێوردبوونەوەی هەیە، سیمفۆنیایە، هەرکەس دەتوانێ گوێی لێبگرێ.

من وەك هاوپۆلە سوورهەلگەڕاوەکانم سوورهەڵدەگەڕام و شەرم دەیشۆریم، لە ئابڕووچوون و لە لەکەداربوونی ئەو بەلەکانەم دەترسام کە چەشنی بەفر بوون.. لووس بوون وەك پوولەکەی ماسی، نەدەوێرام داخوازییە ئاسایی و سرووشتییەکانی ڕان و بەلەك و مەمکەکانم جێبەجێ بکەم.
جار نا جارێ حەزی قۆڵ و شانەکانم دەگەیشتنە حەلحەلە و حەزی خۆبەدەرخستنیان دڵی گەرممی کاول دەکرد..
خۆ هێشتا گوللە ساردەکەش دڵی سپیمی نەپێکابوو، پانتۆڵە ڕەشە مۆدێرنەکەم لەبەردابوو، لەبەر ئاوێنەکەدا وەستابووم، ئایە ئەوە ئاوێنەی شانازیی بوو؟
زۆر لە خودا ڕازی بووم کە منی ئاوا خولقاندبوو، گوتم: جوانترین دیارییەك کە خودا بە مرۆڤی ببەخشێ، جوانییە.
لە گلێنەکانی خۆم ورد ورد بوومەوە و پرسیم: ئایە ئەوە گلێنەکانمە کە ئاوا جوانیی کردووم، یان لە توانایی هەموو گلێنەکانی تریشدا هەیە کە ئاوا بە جوانیی بمخوێننەوە؟
لەناو ئاوێنەکەدا دەستم بە لێوەکانمدا دەخشاند، زەردەخەنەیەکم دەکرد، کراسە بەرین و فشەکەم هەڵدەدا کە بە هیچ شێوەیەك ئارەزوویم نەدەکرد.. پانتۆڵێکی ڕەشی مۆدێرن و ستیانێکی ڕەش ڕەش.. قۆڵ و باسکی لووس و سینەی دەرپەڕیوم ئارەزووی نوێژکردنیان دەبزواندم، دەمویست بە ڕووتی نوێژێ بۆ ڕۆحی گەردوون بکەم، تا لە

دەستڕەنگینی خۆی بڕوانێ.. ملوانکە زیوینەکەم، مەدالیایەکی پێوەبوو لێی نووسرابوو ﴿ألله﴾، کەوتبووە نێو دۆڵی تووند و تورتی مەمکەکانم..هێندەی لە خۆمم دەڕوانی وام هەست دەکرد لە بەرامبەر ئاوێنەی شانازییدا نەوەستاوم، یا لەسەر ڕووبارێکم و ئێستا نا چرکەیەکی دیکە دەبمە نێرگز..

هەتاو گوتی: جوانیی پەیکەرێکە بەیانیان باڵندە گۆرانی بۆ دەچڕن، شەوانی هاوین تیشك لە مانگ دەدا و ڕۆشەنی دەکا.. گوڵەکان لە بەهاردا کە دەیبینن، بۆی پێدەکەنن و دەمیان دەکرێتەوە.

لە بەرامبەر ئاوێنەکەدا لە خۆمم دەپرسی: دەبێ هەموو کەسێك وەك من لەززەت لە تەماشاکردن و تەئەمول کردن لە جوانییەکانی ڕووخسار و جەستەی خۆیدا ببینێ؟

من لە بەرامبەر ئاوێنەی شانازیی و ناز دەوەستام و چاوەڕێم دەکرد، ها ئێستا بووم بە نێرگز.. کەچی دایکم بێ لە دەرگادان خۆی دەکرد بە ژوورەوە و دەیقیژاند: چاوت مۆنە، دەزانم، خەونم دیتیە لەسەر بەڕەڵڵایی گوللەیەکی ڕەش دێت و بە دڵی گەرمتدا تێدەپەڕێ و لەت لەتی دەکا.

دەمگوت: ئێ دایە خۆ من هیچم نەکردووە، ئەی ئێمە هەموومان بە ڕووتی لە دایك نەبووینە؟

دایکم هاواری دەکرد: دەزانم هەمووومان بە ڕووتی لە دایك بووینە و بە ڕووتیش دەڕۆینەوە، بەلآم خۆ بە قەحپەیی لە دایك نەبووینە تا بە قەحپەیش بڕۆینەوە؟
هەتاو گوتی: "ڕووتیی" ڕەنگی هەیە، تابلۆی سرووشت و جیهانی خودا و ڕۆحی گەردوون جوانتر دەکا.
من وەك هاوپۆلە خوێناویەکانم ڕەنگی خوێنم دەگرت و سوور سوور هەڵدەگەڕام و پۆشاکێکی بەرینم دەپۆشی کە هیچ هەڵبەزین و دابەزین و هەڵزنانێك شیاوی ڕوودان نەبێ، سینەم و قۆڵە لووس و سپیەکانم دادەپۆشی و بەلەك و ڕانەکانم داپۆشراو، ﴿ ألله ﴾ لە نێو خەرەندی مەمکەکانم شاراوە، دەتگوت لە ترسی ناشرینی ئاوا خۆی مەلآسداوە.. ئێ خۆ من هیچم نەکردبوو تا بەو شێوەیە دەستم هەبێ لە کوشتنی جوانیی و لە بەرامبەر ئاوێنەی خەفەت بوەستم و فرمێسك ببارێنم.. لە بەرامبەر ئاوێنەی ترس و گومان و ناشرینی دەوەستام و تا فرمێسك لە چاوەکانمدا وشك دەبوو، دەگریام و چاوەڕوانم دەکرد ببم بە قەوزە لەو گۆماوەدا..
ئێ خۆ من هیچم نەکردبوو تا گوللە ساردەکە ئاوا بە دڵی گەرممدا تێپەڕ ببێ و کون کونی بکا!
جار نا جارێ لە تەمموز مانگەکانی برادەریدا، لە ژێر تیشکی تاڤدا سەرم دەخورا، نەدەوێرام قژی ڕەش و درێژم وەك هاوپۆلە تێنوو و قژ درێژەکانم بەڕەڵلای ئەو دنیا جوانەی

دەرەوە بکەم، نەدەوێرام پرچم بدەمە دەست ـ با ـ تا نەقشی خودایی لێ ئافەریدە بکا.. قژم لە ژێر حیجابەکەدا کەل کەل هەڵدەگەڕا.. خەریکبوو گڕی دەگرت.. نەدەوێرام قژی درێژ و ڕەشم بدەمە دەست باران تا ڕووتی بکاتەوە.. نەدەوێرام بەسەر شانەکانمدا پەخشانی بکەم..

هەتاو گوتی: کە لە ژێر باراندا، ـ با ـ لە پرچی ڕەش و درێژ دەدا، خوا پێدەکەنێ.

باوکم منی دیت لە ژێر باوبۆراندا بە قژی پەخشان و بە پرچ بەڕەڵڵاییەوە حەوشەم دەشووشت، وەك کەر زەڕاندی: بەس نێرە کەرێکمان کەمە.

ئێ خۆ من هیچم نەکردبوو، کە گوللە ساردەکە هات و ئاوا بە دڵی گەرممدا تێپەڕی.. منیش وێنەی هاوپۆلە لاڵ و دۆشداماو و سوورهەڵگەڕاوەکانم دۆشدادەمام و لاڵ دەبووم و سوورهەڵدەگەڕام و ڕەنگی خوێنم هەڵدەهێنا و هیچ جوانییەکم لە جوانییەکان نەدەدی.. لە کۆلێژەکە دەگریام و دەرسم دەخوێند و مامۆستاکان خۆشیان دەویستم و پێدەکەنیم..

هەتاو گوتی: "پێکەنین" لە بنەڕەتدا بوونی نییە، بەڵام کاتێك کە گریان لەوێ نەبێ، ئەو بۆ تاوێ دەوێرێ سەردەربکا.

ئەو کاتەی کە هێشتا گوللە ڕەشەکە دڵی سپیمی لەت لەت نەکردبوو، من خۆم وەك پەروانەیێ دەهاتە بەرچاو کە

پیاسەی نێو گوڵەکانی لێ حەرام کرابێ.. خۆم وەك ئەو خاکە دەهاتە بەرچاو کە ڕوان و زەمەندی لێ قەدەغە کرابێ.. من خۆم وەك باخچەیەك دەهاتە بەرچاو کە هیچ هەنگێگ بۆی نەبوو بەسەریدا هەڵفڕێ و بکەوێتە مژینی گوڵەکانی.. من و هاوپۆلە داماو و ژاکاوەکانم لەو نەخشەیە دەچووین کە هیچ قەرجێك و هیچ عاشقێك ڤیزەی نێو خاکی ئێمەی پێنەبوو..

هەتاو گوتی: ژن و پیاو وەك دوو برادەر وان، کە نە بەیەکەوە و نە بێ یەکتریش هەڵبکەن.

ئێمە چی بووین خودا؟

گوڵی پەژموردە و ژاکاو و پڕووکاو بووین، _با_ هەڵیوەراندبووین؟ بەرد بووین، بۆ هیچ ئاوێ نەبوو بمانسوێنێ؟ کلووی بەفری تەنك بووین بەر لە کەوتنە خوارەوەمان دەتواینەوە؟ گەنجینە بووین بە کرانەوەمان تەلیسمی خۆمان لە دەست دەدا؟ پەردەی داخراو بووین بە ئاوەڵابوونمان هەموو جۆرە خوێنێکمان دەدیت؟ فنجانی فاڵ بووین، هیچ فاڵچییەك توانستی خوێندنەوەی ئێمەی نەبوو؟ بەفر بووین جوانیی خۆر هەڵیدەوەراندین؟ یانیش خەفەتێکی ئەزەلی و قەدەرێکی نووسراوی سوور بووین و پایز دایڕزاندبووین؟

ئێمە چی بووین بەر لەوەی گوللە ساردەکە بە دڵی گەرممدا غلۆر غلۆر ببێتەوە؟

هەتاو گوتی: کچ شەوێکی تاریکە.

باوکم دەهاتەوە ماڵەوە و پشتێنە سوورەکەی لە پشت دەکردەوە و بەرماڵە سوورەکەی ڕادەخست و بەر لە نییەت هێنان دەیگوت: کچی ئەو سەگبابەیش بە دوو کەوت، بەڵام سوپاس بۆ خوا کوشتیان.. نییەتم هەیە چوار ڕکەعەت نوێژی نیوەڕۆ...

باوکم لە یادی چووبوو کە کاتی خۆی ئەویش دایکمی هەڵگرتبوو، دایکم وەڵامی دەدایەوە و دەیگوت: ئەی نەتبیستووە ماڵەکەی ئەوسەری کۆڵان ژنێکیان لەسەر بێناموسی کووشتوە؟

من لەودیو پەنجەرە تاریکەکەوە دانیشتبووم و گوێم لەو قسانە دەبوو، باوکم وازی لە نییەت هێنانەکە دەهێنا و ئاوڕی لای دایکمی دەدایەوە و بە تیغی چاوانیشی لە منی دەڕوانی و بە دەنگێکی بەرز دەیگوت: ئەوە چارەنووسی دیاری هەموو بێناموسێکە لە دنیادا، ئەی دەستتان خۆش، دەبێ بۆ پیرۆزبایی سەرێکیان لێدەم.

دەستی دەکردەوە بە نییەت هێنان لەسەر بەرماڵە سوورەکەدا: نییەتم هەیە چوار ڕکەعەت نوێژی نیوەڕۆ...

دایکم دەیگوت: دەڵێن کیژی ئەو مەلایەی دراوسێمان گوتویەتی من شوو بە کوڕێك دەکەم کە بە یەکەوە لە کۆلێژن ..

مەلا گومانی دروست کردوە و دەیەوێ بیکوژێ.

باوکم وازی لە نییەت هێنانەکە دەهێنایەوە و بە دەنگێکی بەرزتر لە جاران دەیگوت: تف لەو مەلایە بێ دینە، تا ئێستا نەیکوشتووە؟ ئەی ئەگەر لەسەر خۆشەویستی نەیکوژێ کەی جورئەت دەکا بیکوژێ؟

من لای سەرەوەی دیوانێکی شیعری خۆشەویستیم بە لێومەوە دەنا و پێڵوەکانم دادەخست و بیرم دەکردەوە؟ من بیرم لە چی دەکردەوە؟

-ئێمە چەند ماسییەکی بچووك بچووکین و لە دەرەوەی ئاودا زەمەن بەڕێدەکەین.

لەودیو پەنجەرە تاریکەکە هەتاو بە پرچی زێڕینی دەیگوت:

ژیان شانۆ نییە، ژیان دیالێکتی بەبەغایە.

من وەك هاوپۆلە ترسنۆکەکانم دەترسام و ڕقیشم لەو عاشقە فشەکەرانە دەبۆوە کە درك بوون، لە پێستی گوڵ.. ئیدی دەمزانی ژیان وەرز نییە کە هەر جارەو بە شێوەیەك خۆی نیشاندا، دەمزانی ژیان بەبەغایە و یەك فەرهەنگی هەیە.

حەزم بە گۆڕینی کراسە بەرینەکەم بە تیشێرتێکی تەسك نەدەکرد، یا فانیلەیەکی عەلاگەی سپی تەنك و تەنگ و تریسك کە خڕاتی و قەبارە و فۆرمی ڕاستەقینەی مەمکەکانم ئاشکرا بکا.. نەمدەویست پانتۆڵە مۆدێرنە ڕەش و ستیانە ئاوییەکە بپۆشم و لە تەنیشت ڕووبارەکە لە وێنەی خۆم بڕوانم و تەئەمول بۆ دەستڕەنگینی ڕۆحی گەردون بکەم..

نەدەوێرام لە بەرامبەر ئاوێنەی شانازییەوە پرچی ڕەش و درێژم بەسەر شان و گۆناو مەمکەکانم پەخشان بکەم تا بۆ تاوێ هەناسەی کامەرانی هەڵکێشن و جیهانی خودا ئارام بکەن .. تاڵ تاڵی قژم وەك ڕستەکانی ناخم بێ هەناسەبوون..

لەودیو پەنجەرە تاریکەکە هەتاو بە قژی زێڕینەوە ڕۆنیشتبوو کە گوتی: پیاو هەمیشە هەست دەکەن کە ژن لە پیاوە، زوو زووش ئەوە لە یاد دەکەن کە ئەوانیش لە ژنن.

من لە غیابی گریان پێدەکەنیم و دەگریام و خۆشم لە گورگەکان لادەدا .. هەتاو گوتی: گورگ سنووری هەیە بۆ تێربوون، کەچی مرۆڤ هیچ سنوورێکی نییە بۆ تێربوون.

جار نا جارێ کە هێشتا گوللە ڕەشەکە دڵی سپیمی نەبڕیبوو، گروپی گورگەکان، بڵێ دەستەی کوڕە مەراقدارەکان، دەهاتن.. بزەیەکیان دەکرد، نازانم ڕاستیی بوو یاخود دەستکرد!

ئایە دەیانویست فریوم بدەن؟ ئەوان ئەهریمەن بوون؟ وەك بەندەیەك لە بەرامبەرم دەچەمانەوە و بە شان و باڵیان دا هەڵدەگوتم: تۆ گەشاوەیترین و بۆنخۆشترین گوڵی لەو گوڵستانە.. تۆ تاکە مانگێکی پڕ لە تیشك و تاکە مانگێکی سرووشتیی لەو ئاسمانە.. تۆ حۆرییێکی جیای، لە هیچ حۆرییەکی دیکە ناچی لەو دەریایە..

هەندێ پەنجەکانیان دەقرچاندەوە، دەمزانی ئەوانیش وێنەی من و هاوپۆلە شەرمنەکانم شەرمدەکەن.. تەوێڵیان دەسڕیەوە

و بە دەنگێكی لەرزۆك بەردەوام دەبوون: تۆ.. ئا بەڵێ تۆ، تاكە ئومێد و خەونی ژیانی، تۆ خوداوەندی، باشە؟

هەتاو بە قژی زێڕینیەوە دەیگوت: ژن بەردە و پیاویش ـ با ـ

من دەمگوت: ئێ چیتر؟

گروپی پیاوان یان بڵێ گەلی گورگان دەیانگوت: با پەیوەندی خۆشەویستی ببەستین تا ئایندە بینا بكەین.

هەتاو دەیگوت: پێش ئەوەی پیاو بە ژن بگا، شەراب دەپۆشێ و دەیەوێ ژن مەست بكا، كاتێ پێی دەگا دەچێتەوە نێو بەرگە ئەسڵیەكەی كە ژەهرە.

من هێندەیتر بێزم لە پیاوە كەسایەتی نزمەكان دەبۆوە، ڕووی خۆم وەردەچەرخاند و بێ ئاوڕدانەوە دەڕۆیشتم..

ئێ خۆ منیش وەك ئێوە پێكهاتەیەكی ئاسایی بووم، منیش لە جەستە و ڕۆح پێك هاتبووم، منیش هەر لە خوێن و ئێسك و پێست و دەمار و عەقڵ و عاتیفە و دڵ بووم.. بەڵام منیش وەك هاوپۆلە گوماندارەكانم گومانم هەبوو، گومان لەو كاتەی كە دەبم بە بەرد و ئاو دەمسوێنێ.. گومان لەوەی كە دەبم بە بەرد و كیمیاگەرێ وەرمدەچەرخێنێ.. گومانم هەبوو لەوەی كە دەبم بە بەرد و پەیكەرتاشێ بە ئارەزووی خۆی هەڵمدەوەرێنێ.. گومانم هەبوو لەوەی كە دەبم بە بەرد و گڕكانێ دەمسوتێنێ.. گومان لەوەی كە دەبم بە بەرد و ـباـیێ بە جێمدەهێڵێ.. گومانم هەبوو لە هەموو شتێ لەو

کاتەی کە دەبم بە بەرد.. گومانم هەبوو کە ببم بە بەردێکی نەرم و چارەنووس لەناوم ببا..
دەترسام، زۆر زۆریش لە پلانی گەلی گورگەکانی عەرد و ئاسمان دەترسام.. ڕامدەکرد، نەبادا مەمکەکانم بە دەستی _با_هەڵوەرێن.. لە دەستی هەموو پیاوە باییەکان ڕامدەکرد.. ڕێگام نەدەدا بە هیچ کونج و کەلەبەرێ خۆیان بکەن بە ژووری دڵی گەرمم.. ئەو دڵە گەرمەی کە گوللە ساردەکە هەڵیزڕاند.. ئەو دڵە سپیەی کە گوللە ڕەشەکە هەڵیوەراند..
ئێ خۆ من هیچم نەکردبوو تا گوللەیەکی سووری ئاوا بە دڵی سەوزم تێپەڕێ و لەت و پەت و وێرانی بکا!
من وەك ئێوە زیندوو بووم، لە زانکۆ پێدەکەنیم، دەمخوێند و هاوپۆلەکانمم خۆشدەویست و ڕێزی کەسەکانی بەرامبەرمم دەگرت و لە بازنەی ژیانی خۆم دەخولامەوە و گورگەکانیشم تێهەڵدەدا.. باوکم گوتی: خۆت لە گورگەکان بپارێزە، خۆ ئەگەر ئەوانیش لە چاڵ و بیرت نەئاخنن ئەوا من خوێنت دەڕێژم.
لێنەدەگەڕام گورگەکانی عەرد گەمە بە جوانییەکانی ئاسمان بکەن، لێنەدەگەڕام گورگە بەناو ڕۆحانییەکانی ئاسمان گەمە بە عەردی ڕۆح و دەروون و سۆز و دڵ و جەستەم بکەن.. نەمدەهێشت مەمکەکانم بکەن بە سوپی جەمی برسییەتی..

هەر ڕۆژەو یەکێك، یان لە ڕۆژێکدا چەند یەکێك، ڕووی خۆم وەردەگێڕا و بێ ئاوڕدانەوە دەڕۆیشتم..
پەشیمانی و بیرکردنەوەیش لێیان لای من تێمەیەك نەبوو شیاوی دیالۆگ و گرینگی پێدان بێ..
ئای خودای گەورە چەند دەهاتن و چەند دەچوون، خۆ تۆ خۆت شاهێدی؟
هەتاو لە پشت پەنجەرە تاریکەکەوە بە پرچی زێڕینییەوە دانیشتبوو، گۆرانی دەگوت: ئایا ئێوە گوێتان بۆ قسەی مردووان رادێراوە؟ گوێتان لێبوە مردووەکان چیرۆکێ بگێڕنەوە؟ ڕۆمانێك بنووسن؟ ئایە من لە حەشرم؟ یا لە عەرشی گەورەدا بەرامبەر بە تۆ و خۆشەویستە قیندار و دلڕەقەکەی خۆم ئەو شاهێدانە دەدەم؟
ئەوانەی داوای پەیوەندی ئیرۆتیك و خۆشەویستییان لێدەکردم یەکجار زۆربوون.. هەمووشیان وەك بەرد وابوون کە قسە لەگەڵ ـ با ـ دا بکەن..
درۆ ناکەم، کوڕی وەزیر و دەسەڵاتدارانی وڵات دەهاتن، وەزیرێکی شەت و خوار دەهات، دەوڵەمەند و هەژار، بەناوبانگ و بێ ناوودەنگ، عاقڵ و گێل.. بە ڕەوشت و سەرسەری، ناپیاو و پیاو شەرەفسز و چوزانم..
کوڕە وەزیرەکە گوتی: وڵات مەدالیاییەکی کەمبەهایە بە ملی منەوە، من دەشێم هەڵیدەم و دەشێم لە هەمان کاتیشدا لەبەر

چاوی کەسانیدی دیکەدا بە حەجمێکی گەورە نیشانی بدەم.. ڕقت لە هەر یەکێك دەبێتەوە لەو پارچە زەمینەدا من دەیخەمە چاڵێکی تاریك و تا هەتایە چاوی بە ئاسمانی شین ناکەوێتەوە.. لە جیاتی تەڵ و دیوار چواردەورت بە پیاوی نۆکەر پەرژین دەکەم .. وڵاتیش دەکەم بە جووتێ پێڵاوی بریقەدار و لە پێتی دەکەم.. ڕووی خۆم وەرگێڕا و بێ ئاوڕدانەوە ڕۆیشتم، هەر بیریشم لە قسەکانی نەکردەوە..

وەزیرە خوار و خێچەکە دەتگوت بەبەغایە، تەنیا دەیزانی بڵێ: ها کلیلی ماڵ، ها سویچی سەیارە، ئەوەش مانگانەیەك کە دەتوانی وەك ژنی شای ئێران هەموو بەیانییەك بە شیر خۆت بشۆری، ڕووی خۆم وەرگێڕا و بێ ئاوڕدانەوە ڕۆیشتم، هەر بیریشم لە قسەکانی نەکردەوە..

دەوڵەمەندەکە هات، سەرەتا زەردەخەنەیەکی فریودەرانەی کرد، لە نینۆکی پەنجەی پێیەکانمەوە تا تەوقی سەرم لێی ڕوانیم و گوتی: ئەو جەستەیە هەمووی لە زێڕ و خشڵ و یاقوت و ئەڵماس هەڵدەکێشم، کارەکەر و پاککەرەوەت بۆ دەگرم و ڤیلەت بەناو دەکەم.

ڕووی وەرگێڕا و بێ ئاوڕدانەوە ڕۆیشتم، هەر بیریشم لە قسەکانی نەکردەوە..

هەژار و بێناوبانگ و گێل و سەرسەری و ناپیاوەکان بە چەند ڕستەی یەکەم دەگەڕانەوە دواوە..

کەچی هی شاعیرەکە لە هەموویان سەیرتربوو.. من ئاگاداری هەژاری و کەمدەرامەتی ماددی ئەو بووم، لە بێدەسەلاتی ئەوم دەزانی.. کەچی هی شاعیرەکە لە هەموویان سەیرتربوو..!

سەرەتا هات، دەمزانی بە ناوبانگ و زیرەکیی و ڕۆمانسیەتی خۆی دەنازێ، شەرمی کرد، لەگەڵ ئەوەشدا وای هەست دەکرد خاوەنی گەورەترین سەرمایەیە لەو گەردوونەدا.. هەر باسی لە فەنتازیا و خەیاڵ و پاکییەتی دڵ و دەروون دەکرد و دەیویست بە قسەی دەوڵەمەندی درەوشاوەی بۆش ڕازیم بکا: من.. ئا.. تفی قووت دادەدا و من.. ئا.. من.. مانگ دەکەمە کاشانێکی زیویین و لە ژێر پێییەکانتدا ڕایدەخەم.. لە ڕۆژی ئاهەنگی هاوسەریماندا لە جیاتی ڕێشتنی خوێنی گیانلەبەرێکی هەست ناسك، سەری شیعرت بۆ پەلدەدەم، لە جیاتی بڕینی سەری بەرخ، سەری ئەستێرەکانت لە ژێر پێدا بۆ دەبڕم، ژوورێکی بچووکت لە حەرف و شیعرو گیان و بەختەوەریدا پێدەدەم.. ئامێزم دەکەمە بەهەشت و تۆ دەتوانی ببیت بە حۆری و لەوێدا بۆ هەتایی ژیان بگوزەرێنی.

هی شاعیرەکە لە هەموویان عەنتیکەتر بوو، فشەم پێدەهات، بەلام ڕاشیگرتبووم، نەمدەتوانی وا زوو وەك ئەوانیتر بە ئاسانی پشتی لێبکەم.. شاعیرەکە پێیگوتم: ئیرەم.. نەختێ وەستاو فرمێسك لە چاوانیدا قەتیس مابوون، دواتر بەردەوامبوو.. ئیرەم گیان، ئەوە چ ناوێکە ئەی خودا؟ کا

پێمبڵێ کێ ئەو ناوەی لێناوی؟ دەزانی بەرامبەر بە تۆ، (تا)ی عەشق هەڵمدەلەرزێنێ؟ ئێرەم گیان گەر تۆ لەو عەشقە تێبگەی کە بەرامبەر بە تۆ هەمە هەر ئێستا دێیتە نێو جەننەتی باوەشم.. گەر دەتەوێ لەو عەشقە تێبگەی بڕۆ پرسیاری کحول و مەیخانەکانی شار بکە.. هەموو شەوێ لەنێو گلاسی مەیدا تۆ دەبینم و لەگەڵت دەدوێم، ئایا تۆ ئاگاداری؟ ئاگاداری کە من دەزانم ئەوە مەی نییە کە من سەرخۆش دەکا بەڵکو تۆی لەناو کحولدا تەوژم و شەپۆل دەهێنێ و سەرخۆشم دەکەی..

شاعیرەکە خوێنی شیرین بوو، کە ئاوا بە جددی دەدوا، بەڵام زۆری گوت و بێ ئیحساس بوو، هیچ شعوری نەبوو، دەتگوت یەك دنیا شیعری قۆڕی قووت داوە، بۆیە بە ڕێزەوە ڕووی خۆم وەرگێڕا و بێ ئاوڕدانەوە ڕۆیشتم.. شاعیرەکە چەند شیعرێکی بۆ نووسیبووم و گوتی: بەو شیعرانە منت بێتەوە یاد کە بۆ تۆم نووسیوە.

بەر لەوەی گوللە ڕەشەکە دڵی سپیم هەلا هەلا بکا، زۆر بوون ئەوانەی کە خوازبێنی منیان دەکرد.. من کەسیانم نەدەویست، خۆشم نەمدەزانی لەبەر چی!

جار نا جارێ باوکم بە دایکمی دەگوت: دەیدەمە "شوان"ی برازام، هەر لەناو لانکەوە بۆ ئەوم داناوە.

دایکم وەڵامی باوکمی دەدایەوە: ئاخر پیاوەکە کچەکەت وا دەخوێنێ و لە زانکۆیە، بەیانی دەبێتە دکتۆرە و شوانیش قەسابە.
باوکم دەیزەراند: بۆ قەساب چیتیان؟ قەحپەی لە قەحپە، دیارە یەکێکت بۆ دیاری کردووە؟
دایکم لاڵ دەبوو، منیش دەگریام و هەتاویش دەیگوت: خوێندن لە پای چی؟ بۆ هەمیشەیی "بەختەوەریی" کیژی چارەنووسە، چارەنووسیش لە دەستی دەرەوەی سرووشت دایە.
من هەر دەگریام و هەر دەگریام و هەر دەگریام تا چاوەکانم ڕۆندك و ئەسرینیان تیا نەدەما.. ئێ خۆ من هیچم نەکردبوو تا ئەو گوللە ساردانە دڵی گەرمم ئاوا لەت و پەت بکەن.
مانەندی هاوپۆلە نەخۆشەکانم بە نەخۆشیی دەمخوێند و ڕك و قێز و بێزم لە پیاو دەبۆوە، نەمدەویست گورگەکان فۆرمی مەمکە قیتەکانم وەك خۆی لە ژێر تیشێردێکی تەنگ و تەسك و تەنکدا ببینن.. لەبەر گورگەکان ڕامدەکرد نەبادا فریوی گۆپکەی قیتی مەمکە قیتەکانم بدەن.. بەلەکە لووسەکانم لە ژێر تەنوورە درێژەکە حەشار دەدا و پرچیشم لە ژێر حیجابەکە زیندانی کردبوو.. نەمدەهێشت سەرێ بدەن لە ئاوەدانی و ئازادی.. ئێ خۆ من هیچم نەکردبوو، تەنیا لێنەدەگەڕام پرچە درێژ و ڕەش و بریقەدارەکەم لە ژێر ستونی تیشکی خۆردا ببریقێتەوە..

جار نا جارێ "هەتاو" پێیدەگوتم: ئێرەم گیان، باخچەکەی خوداوەند، هەست دەکەی لە هەمووان جوانتری؟

من لە ناخەوە بزەیەکم دەکرد و دەمویست ببم بە نێرگز، هەتاو بەردەوام دەبوو: دەبێ بۆ هەمیشەیی سوپاسگوزاری ئەو خوداوەندە نیگارکێشە بیت کە تۆی وا بەو شێوەیە هەندەسەییە هێناوەتە ئافەریدە.

من ئۆقرەم نەما، دەمویست بچریکێنم، دەمویست بە هەردوو دەست سینگم هەڵزڕێنم، دەست لە قژم بنێم و یەخەم دادڕم.. دەمویست کراسە بەرینەکەم فڕێبدەم و سینگ و مەمکەکانم بەڕەڵای ئەو دنیایە بکەم و دەست بکەم بە شین.. دەمویست بناڵێنم و فیغان و ڕۆڕۆ بکەم و بە هەموو گەردوون ڕابگەیەنم کە دڵ و گیانم پڕن لە نهێنی کوژراو، دەمەوێ هەناسەیان بدەم و زیندوویان بکەمەوە.. دەمویست لە ئەشکەوتی نامورادی و نهێنییەکانم دەرچم.. ئیدی هێزی ئاشکرا نەکردنی ئایەتەکانم لانەمابوو.. دەمویست سەرەتا ئایەتەکان لای هەتاو بخوێنمەوە. هەتاو بەردەوام بوو: دەبێ چ نیگارکێشێ تۆی درووست کردبێ؟ بەڕاستی تۆ تابلۆییەکی ڕەنگینی پڕ لە جەفەنگ و سیمبۆلی، من خەریکە حەز بە ماچکردنت دەکەم.

من هێندەیتر شێت و شەیدا و ماڵوێران و پەرێشان و سەرگەردان بووم.. دەمویست هەموو پەنهانە باڵبڕاوەکانم بەڕەڵاکەم.. ئەو پەنهانییانەی کە تاکو ئێستا لە من و خودا و

ئەوەی بەرامبەرم زیاتر کەسێکیتر نەیدەزانی.. دەمویست ڕاستییەکان بۆ یەکێ بڵێم کە ڕێگا بە تەقینەوەی دڵم بگرێ.. هێشوو هێشووی ئەسرین لە چاوەکانمدا دەبوون بە شەرابێکی خوێنین و سەرخۆشیان دەکردم.. گریام و هەر دەگریام و زۆر زۆریش دەگریام.. من لە تەنیشت پەنجەرە ئەودیو تاریکەکە دانیشتبووم کە باوکم بە دایکمی گوت: ئیرەم مێرد بە "شوان" نەکا، هەڵە دەکا، هەڵەکەشی تەنیا بە سەربڕین چارە دەکرێ.

من هێشتا دەگریام کە هەتاو گوتی: ئیرەم ئازارم دای؟ بمبوورە ئیرەم، خۆ هەڵەم نەکردووە؟

من لێم دیاربوو کە لێوەکانی هەتاو بە بەردەوامی دەجوولانەوە، بەلأم بێئاگابووم، نەمدەزانی چی دەڵێ.. دەگریام و بیرم کردەوە، بێ ئەوەی بیر بکەمەوە، بیرم دەکردەوە، بیرم لە کێ دەکردەوە؟ بیرم لە چی دەکردەوە؟

ئێ خۆ من نەمدەزانی بیر لە چی و بیر لە کێ دەکەمەوە!

هەتاو گوتی: خۆ هەڵەم نەکردووە؟ دەزانم کارەساتی مرۆڤ لێرەدایە کە هەڵە بکا و نەزانێ هەڵە دەکا.. یا هەڵە بکا و بزانێ هەڵە دەکا و بشیکا.. یا هەڵە بکا، نەزانێ هەڵە دەکا بەلأم کاتێ دەزانێ هەڵەی کردوە، بەدوای ڕێگاچارەدا نەگەڕێ و تەحەمولی ڕاستکردنەوەی نەکا.. بەلأم من هەڵەم نەکردووە، من تەنیا گوتم، دەبێ چ نیگارکێشێ تابلۆی تۆی بەو هەموو جوانییەوە نەخشاندبێ، من ئاوێنە بووام دەمکردی بە نێرگز.

من زیاتر گریام، گریانەکەم لە گریانی کچێکی ئاسایی نەدەچوو.. بۆچی دەگریام؟ کێ بوو منی دەگریاند؟ ئێ خۆ من نەمدەزانی کێیە من دەگریێنێ و بۆچی ئاوا دەگرییێم؟

هەر دەگریام و فرمێسکم دادەڕشت و دەگریام.. لە هەتاویش زیاتر گریام کە ئەو کاتەی زانیبووی تاریکیی پەیمانی لەگەڵ ژیانی ئەودا بەستووە.. لە هەتاویش زیاتر گریام کە ئەو کاتەی زانیبووی تاریکی لەگەڵ ئەودا زەمەنی دابەشکردووە.. من دەگریام و نەشمدەزانی بۆچی دەگرییێم! کێ بوو دەیگریاندم؟ بەڵام دەمزانی کە قسەکانی هەتاوە ئاوریان لە ڕۆح بەرداوە.. قسەکانی هەتاوە بوونەتە بومەلەرزە و ئاوا فرمێسکی خوێنین لە چاوەکانمدا هەڵدەڕێژن..

هەتاو دەستی پڕ لە تیشکی خستە سەر شانەکانم و گوتی: بگریێ، گریان گۆرانییەکە لە شێوەی فرمێسک بەسەر گۆناکان دێتە خوار.. بگریە، گریان ئاوازێکە ڕێگای چوونە دەرەوەمان لە دۆزەخی دەروون پێ نیشان دەدا.. بگریێ چونکە تۆ بە گریانەوە وەك پەپوولەیەك وای لە کاتی خولانەوەی بە چواردەوری شەمعێکدا.. پێویستە لەسەر ئێمەی باڵشکاو و بێباڵ هەمیشە بگرییێن.. چونکە گریان بۆ ئێمەی بێباڵ و باڵشکاو وەك شیعر وایە بۆ شاعیرێکی بێدەسەڵات.. گریان بۆ ئێمە وەك دروستکردنی تابلۆیێ وایە بۆ کەڤاڵڤانێکی بێدەسەڵات.

**من هاوارم کرد:.. نا .. نا ...نا .. نااااااااا .. نیگارکێشەکان بێدەسەلاّت نین، ئا شاعیرەکان بێدەسەلاّتن، دەوڵەمەندەکان بێدەسەلاّتن.. کوڕە وەزیرەکان بێدەسەلاّتن.. هەموو کەسەکان بەبێ جیاوازی بێدەسەلاّتن، نیگارکێش نەبێ!**

**من لە تەنیشت پەنجەرە ئەودیو تاریکەکە بە تاریکی دانیشتبووم و بە دزییەوە گوێم لێبوو باوکم بە دایکمی دەگوت: ئێرەم بە ناوی "شوان"ی برازامە، خۆ ئەگەر وەکو تۆ ڕەفتار بکاو بە نهێنی خۆی بە ناوی یەکێکیتر بکا، کە تۆ کاتی خۆی بە دزییەوە خۆت بە ناوی من کردبوو، ئەوا وەکو بەرخێك سەری پەلدەدەم و لە خوێنی دڵی خۆیدا دەیگەوزێنم.**

**من دەگریام و خەریکبوو شێت دەبووم، هەتاو بە توڕەیی و تۆراویەوە گوتی: چییە ئێرەم گیان دەڵێی شێت بووی؟**

**من لە تەنیشت پەنجەرە ئەودیو تاریکەکە دانیشتبووم و بە تەنیا تاریکیم لێدیار بوو، بە هاوارێکەوە بە هەتاوم گوت: شێت بوون هەوڵێکە بۆ ڕزگاربوون لە ئازاری بەردەوام.. خەونی من ئەوەیە کە لەو ئازارە بەردەوامانە ڕزگارم بێ.. حەزمە ببم بە شێتێکی بەڕەڵلای بێ دایك و دایەن.. تکا دەکەم وازم لێبێنی بۆ ئەوەی بە تەنیا بۆ خۆم و خەفەتەکانی خۆم و تاریکی بگریم.**

هەتاو بە پرچی زێڕینەوە دەستی خستەوە سەرشانەکانم و ئەویش گریا: نا .. نا .. ئێرەم گیان وا بە سانایی بە جێت ناهێڵم.. برادەرایەتی لەو پێکەنینە پاکە دەچێ کە دواتر دەتگرییێنێ.. برادەرایەتی باران نییە، بەڵکو بورکانە و لە قووڵاییەوە دێ، ئایە دەشێ گۆرانی ئاوازی نەبێ و بیابان لمی نەبێ و دەریا بە بێ ئاو بێ و ژیانیش بە بێ خەون؟ نا .. نا ئێرەم قەت وا بە سانایی بە جێت ناهێڵم، تا ئەو کاتەی بە چاوی خۆت گەمەکانی نێوانی تاریکی و ڕووناکی و پێکەنین و گریان و بەختەوەری و بەدبەختی نەبینی.

گوتم: وەرە هەتاو وەرە.. وەرە خۆشەویستە ئەزەلییەکەی من وەرە... خۆشمدەوێی.

ئامێزم بۆی ئاوەڵاکرد و تیشکێك لەودیو پەنجەرە تاریکەکە درەوشایەوە و گوڵێك گەشایەوە و هەتاوم لە ئامێز گرت و تێر تێر گوشیم.

هەتاو گوتی: من تۆم زیاتر خۆشدەوێ.

گوتم: باشە گیان باشە، بەڵام جار وایە زمان زۆر لەو گوللە ساردە ترسناکتر و خەفەتبارترە کە دێت و دڵێکی گەرم لەت لەت دەکا.

هەتاو لە چاوەکانمی ڕوانی و ماچی کردم.. بێدەنگی باڵی کێشا.. لێوەکانی بە گۆنای ڕاستمەوە نوساندبوو، هەر ماچی دەکردم، تەنیشت لێوەکانمی ماچ دەکرد، بێوچان ماچی

دەکردم، ماچەکانی تامێکی تایبەتی و چێژێکی تایبەتی زۆر سەرسامکەریان هەبوو، بیرمان چووبۆوە کە وشەیەك هەیە بە ناوی شەرم یا حەیا.. دەستە خوشکەکەی دایکم، دایکمی ماچ کردبوو، بیری چووبۆوە وشەیەك هەیە بە ناوی شەرم یا حەیا.. من هێور بوومەوە، دایکم هێور ببۆوە..

ئیدی جار نا جارێ هەنسکێکم دەکرد، زەردەخەنەیەك دەکەوتە سەر لێوەکانم، هەتاو گومانی نەما لە باشی حاڵم، ئەویش بزەیەکی کردو گوتی : هەندێ نهێنی هەن هێندە جوانن، وەك یاقوت و زمرووت و مەرجان وان، ئیرەم گیان بیانپارێزە، بەڵام خۆ من داوای بینینی گەنجینەی ناخی تۆم نەکردبوو، بۆچی هێندە گریای؟

من بێدەنگ بووم، لە تەنیشت پەنجەرە ئەودیو تاریکەکە بە تەنیا تاریکیم دەدیت، کە گوێم لێبوو، دایکم بە باوکمی دەگوت: دەبێ شانازی بە ئیرەم و " فیردەوس"ی خوشکی بکەی.

باوکم دەیگوت: ژن هی ئەوە نین پیاو شانازییان پێوە بکات، سەگێکی بەڕەڵلا لە ژنێکی بە ڕەوشت وەفادارترە.

من بێدەنگ بووم، هەتاو گوتی: دەمەوێ بزانم تۆ بۆچی هێندە گریای؟

من بێدەنگ بووم، بێدەنگی باڵی کێشا.. هەتاو ماچێکی توند توندی لە تەنیشت لێوەکانم کرد و گوتی: خۆشەویستی

ڕاستەقینە لە نێوانی دوو کەس، وەك نووسین و دیالۆگێکی بە کۆد وایە، هەموو ئەو کەسانەی کە یەکتریان خۆشدەوێ لە زمانی یەکتر تێدەگەن و کۆدی کردنەوەی قفلی سندوقی ڕۆحی یەکتر دەزانن، تۆ ئاگاداری کە ئێمەیش توانستی قسەکردنمان هەیە لەگەڵ یەك بە زمانی ڕۆح و بە زمانی عاشقان، بەلاّم خۆ من هیچم نەگوتوە کە ئازاری تۆ بدا، من بە تەنیا گوتم، دەبێ چ نیگارکێشێکی خودایی، نیگاری جوانی تۆی ئاوا ئەندازیارانە کێشابێ؟

دەستە خوشکەکەی دایکم بە دایکمی گوتبوو: دەبێ چ قەسابێ ئاوا خوێنی تۆی ڕژاندبێ؟

من لە پڕمەی گریانم داو هاوارم کرد: هەتاو تۆ دەڵێی قەسابی کە ئاوا بە چەقۆی وشە خوێنم دەڕێژی؟

هەتاو بێدەنگ بوو، بێدەنگی باڵی کێشا.. دواتر گوتی: بێدەنگ دەبم، خۆ بێدەنگیش جۆرێکی ترە لە قسە کردن.

هێشتا گوللە ساردەکە دڵی گەرممی نەبڕیبوو، کە من بەسەر هەتاودا چریکاندم، قیژاندم، خوشك ئەو هاوارەی لە خوشك قبوڵ نەدەکرد، برا لە برا و خوشك و ، خوشك لە برا ، باوك لە منداڵەکانی و بە پێچەوانەشەوە، دایك و منداڵەکانیش بە هەمان شێوە.. نازانم چیبوو؟! بۆچی ئەو حەقەم بە خۆمدا کە هێندە دڵڕەقانە و ناشارستانیانە بەسەر هەتاودا بقیژێنم

که بە بەردەوامی تیشکی دەدایە ناوەوەم و جگە لەوەیش بە تەنیا ئاماژەیەك بوو، ڕێگای ڕووناکی نیشاندەدام و هیچیتر نا..
هەتاو گوتی: لێ نەبوردن و کینە و نەزانین لە هاوکێشەی برادەرایەتی دەرکە، شتێکی ڕووت دەمێنێ پێی دەڵێن، تێکگەیشتن و خۆشەویستی.. بۆیە هەموو شتێکت لێ قبوڵ دەکەم چونکە هیچ کینە و نەزانین و باوەڕی تۆڵە لەنێو هاوکێشە و تێکگەیشتن و عیشقی نێوانی ئێمەدا نییە.
دایکم گوتی: دەتدەینە "شوان"ی ئامۆزات، کوڕێکی کاسب و باشە..
من قیژاندم: ناڵێم قەساب خراپن، بەلاّم من ڕقم لە بۆنی خوێن و تامی خوێن و ڕەنگی خوێن دەبێتەوە.. ئێمە دوو دنیای لێکجاین.
باوکم بەسەر داهاتەوە، خەریك بوو بمکوژێ.. دایکم لە ژێر دەستی دەرهێنام و گوتی: بشمری، بە پرچی سپیشتەوە بی، هەر دەبێ ببیت بە ژنی شوان.
گوتم: بابە، دەستت ماچ دەکەم، من ڕکم لە بۆنی خوێن و ڕەنگی خوێن و تامی خوێن دەبێتەوە.
باوکم گوتی: خودا بۆ خاتری دیتنی خوێن ژنی خولقاندوە، ئاخر خۆ هەر ژنیش بوو پیاوی لە بەهەشت بە دەرنا، بۆیە هەر کە فام دەکەن خوێن دەبینن، تا هەموو مانگێك هەفتەیەك سزا بخۆن و بیر لە ڕێگای ڕاست بکەنەوە.

من زۆرم لا سەیربوو، کە هەتاو قبوڵی قیژان و فیغان و جنێوی منی دەکرد.. بە هەتاوم گوت: بمرە، بەڵام جارێکیدی ئەو ناوە دووبارە مەکەرەوە..

دایکم بە دەستە خوشکەکەی خۆی گوتبوو: بمرە، بەڵام ئەو ناوە دووبارە مەکەرەوە.

هەتاو گوتی: جا ئێمە جگە لە زمانی بەبەغا، هیچ زمانێکیدی دەزانین؟ بەڵام پێمبڵێ من چیم گوتوە؟

گوتم: ئەو ڕستەیەی پێشوو.

ڕووی خۆم وەرگێڕا.

هەتاو بێوچان منی ماچ دەکرد و گوتی: باشە گیانی من باشە.. شەرتبێ وشەیەك لە دەوی من نەیەتە دەرەوە و بێدەنگ دەبم، خۆ بێدەنگییش جۆرێکی ترە لە قسەکردن.

هەندێجار بێدەنگیی بێزارییە.. بێدەنگی لە درامایێکی تراژیدی دەچێ، ئێمە بێدەنگ بووین، کڕ و لاڵ.. لە ناخەوە دەمردم و دەژیامەوە، دەشەوتام و فێنك دەبوومەوە.. لە پەنجەرە ئەودیو تاریکەکەم دەڕوانی، بە تەنیا ـ با ـ و تاریکییم لێدیاربوو.. حەزم دەکرد هەمدیس هەتاو ئەو ناوە دووبارە بکاتەوە، کێشەو گرفتێك نەبوو لە چ ڕستەیەك و چۆن لە ڕستەیەکی بە کاردێنێ.. گرینگ ئەوە بوو، دەمویست پڕ بە ڕۆحم بۆ خۆم و هەموو هاوپۆلە نامورادەکانم و تاریکیی ئەودیو پەنجەرە تاریکەکە بگرییێم.. هەتاو هەر ماچی دەکرم،

لەززەتم لە ماچەکانی دەدیت و هێور دەبوومەوەو نەشمدەزانی بۆ!

دەمویست هەتاو ئەو دێوەزمەی بێدەنگییە بڕەوێنێتەوە، تا من هەمدیس لە پڕمەی گریان بدەمەوە، کەچی نەدەدوا..

من لە تەنیشت پەنجەرە ئەودیو تاریکەکە دانیشتبووم، چاوم لێبوو باوکم بە دەنگێکی بەرز تا منیش گوێم لێبێ بە دایکمی دەگوت: ئەگەر ئێرەم مێرد بە "شوان"نەکا، وەك بەرخێك لە ناو خوێندا دەیگەوزێنم و کەوڵی دەکەم و دڵەکەی دەدەمە پشیلەیەك.

من دەگریام و هێور نەدەبوومەوە، هەتاو گوتی: بۆچی دەگری، خۆ من هیچم نەگوتووە؟

من دەمویست نهێنییەکان بدرکێنم، کەچی مانەندی هاوپۆلە ترسنۆکەکانم دەترسام، ترس لە هەموو شتێ، ترس لە تاریکیی ئەودیو پەنجەرە تاریکەکە، ترس لە ڕێگا قفڵدراوەکان، ترس لە خەونە سەرکێشەکان و ترس لە ـ با ـ و ترس لە داهاتوو..

هەتاو گوتی: قەینا بگریە، هەندێ جار گریان دڵتەنگی و ترس دەڕەوێنێتەوە، بگریە ئێرەم گیان بگریە، بەڵام بۆ خاتری ئەو هەموو جوانییەت کە نیگارکێشێکی نەناسراو ئافەریدەی کردووە، حەقیقەتەکانی ناخی خۆتم پێبڵێ.. ئەی نەمانگوت، برادەر سندوقی ڕەشی برادەرەکەیەتی؟

من هەمدیس لە پڕمەی گریانم دایەوە، بەڵام ئەو جارەیان جیاتر لە هەموو جارەکانیتر.. لە دەستم بووایە خۆمم دەکوشت.. گریام و لە ناخەوە گریام و بێئامان و بێوچان دەگریام.

هەتاو گوتی: بگریە، گریان کارەکەری ڕۆحێکە کە بە گەسکی فرمێسك ژان و حەسرەت و کەسەر و مەراق و خەمەکان کۆدەکاتەوە و لە ماڵی ڕۆحیان وەدەردێنێ.. بگریە، خۆشەویستە ناسکەکەی خۆم بگریە.. گریان دوو پێی تەنافبازێکە و لە سیرات دەتپەڕێنێتەوە نزیك کەنارەکانی فیردەوس.. دە بگریە خۆ ئێمە گوتمان، گریان بەتاڵکردنی گلاسی ژانەکانی ڕۆحە و تژی کردنیەتی.. بە ئارامی و پێکەنین بگریە، چونکە گریان شیعرێکە بە زمانی ڕۆح، دەفتەرێك نۆتەیە لە شێوەی فرمێسك، دەڕژێتە سەر گۆناکان، بگریە گیانی من بگریە.

من لە تەنیشت ڕێگا کۆتایی قفڵدراوەکە ڕۆنیشتبووم، هەتاو منی هێور دەکردەوە و دەیگوت: بگریێ، گریان وەفای چاوە بۆ ڕۆح، بەڵام خۆ من هیچم نەگوتووە، پێم ناڵێی بۆچی هێندە دەگری؟

هێزم نەما هێندەی بگریم، فرمێسك نەما هێندەی دایبارێنم و بگریێم.. توانام نەما چیتر نهێنییەکان وا بە پەنگخواردویی و قەتیسماویەوە لەناو دڵ و گیانمدا بهێڵمەوە، چیتر هێزم نەما

**شەرابی بێدەنگی بنۆشم.. من چیدی باوەڕم بە پاراستنی نهێنییەکان نەما، دەبووایە زووتر ئەو نهێنیانە بدرکێنم، بەڵام حەزم لە گریان بوو، ئایە من ئێستا من لە حەشرم، یا لە عەرشی گەورەدا لەبەرامبەر خۆشەویستە قیندار و دڵڕەقەکەی خۆم ئەو شاهێدییانەتان بۆ دەدەم؟**

**هێشتا گوللە ڕووتەکە دڵی ماسکداری منی خاپوور نەکردبوو کە من بە هەتاوم گوت: ناوی "نیگارکێش"نەهێنی، چونکە دەمرم.**

**(نیگارکێش و پەیکەرتاش) کێ بوو؟ چیبوو؟ لە کوێ هاتبوو؟ بۆچی هاتبوو؟ ئایە ئەو سیحر بوو یا ئەفسانە؟ بەختەوەریی یا بەدبەختیی؟ شەو و تاریکیی بوو یا خۆر و ڕووناکیی؟ درۆیێکی گەورە بوو یا ڕاستی؟ خێر بوو یا شەڕ؟ گوناه بوو یا سزا؟ پێکەنین بوو یاخود گریان؟ کێ چوزانێ چیبوو!**

**ئەوە نەبێ کە دەهات و بە نێو کچەکاندا تێپەڕ دەبوو، سەری بەرز نەدەکردەوە، قژێکی درێژی بەسەر شانەکانیدا پەخشانکردبوو، سینەی ئاوەڵا و ملوانکەیەکی زیوین و مەدالیاییەکی دووپشکی بە ملییەوە بوو، ئای خودا چەندە گران بوو ئەو نیگارکێشە؟**

**ئەوە چیبوو ئەو خوداوەندە هێور و نازفرۆش و عیشوە فرۆشە؟ سینەی پانی بە ماسولکە ڕەقەکانی لەگەڵ ماسولکەی بازوویی و ڕوخساری خودایی لە ـ با ـ دەچوو، دەتگوت نەسیمە**

و بە بێمنەتی بە نێو بەردەکاندا گوزەر دەکا.. هەندێ کتێبی لە بن باڵەکانی دادەنا و دەهات و تێپەڕدەبوو.. دەتگوت درەختێکی هەمیشە سەوزی نەمرە و ئێمەیش سێبەری زەرد.. ئەو لە ڕۆح دەچوو ئێمەیش لە جەستە، ئەو غەجەربوو، من و هاوپۆلەکانیشم خاك، لە کوێ بووایە ئێمەیش لە ژێر پێیەکانی ئەو.. ئەو باران بوو من و هاوپۆلەکانیشم خاك، لە کوێ دابباریبووایە ئێمەیش لە ژێر دڵۆپەکانی ئەو.. ئەو بورکان بوو، بورکانی سپی، ئێمەیش تەمەنناى سەوز.. چیبوو ئەی خودا ئەو نیگارکێشە ترسناك و بەختیار و سەرسامە؟ سیحر بوو یا ئەفسانە؟

جگە لە من و هاوپۆلەکانم، هەموو کچەکانی دیکەی زانکۆش دایرێکت و ناڕاستەوخۆش خۆشیاندەویست، یان بە لایەنی کەم شتێکیان لەودا دۆزیبۆوە و کە کەسیتر نەیدەبینی و ئەو شتەیان لەودا خۆشدەویست..

ئەو وەك ـ با ـ دەهات و بەنێو بەردەکاندا تێپەڕ دەبوو، ئایا ئەو زریان بوو، کە ئاوا ئێمەی درەختی هەڵدەوەراند؟ تیشك بوو کە ئاوا ڕۆشنایی دەدایە دەروونمان؟ خۆر بوو، کە لێی نزیك ببووایەنەوە دەیسووتاندین؟

نیگاکانی ڕوو لە خاك، دەتگوت یەقینە کە لە خاکەوە هاتووە! پێدەچوو خاکی لە ژن خۆشتربوێ.. لەوە دەچوو عاشقی قوڕ و

خاك بێ نەك كچە جوانەكانی زانكۆ، ئەو دەهات و وەك _با_ بە نێو بەردەكاندا تێدەپەڕی..

من لە خۆمم پرسی: دەبێ چ نیگاركێشێ وا ئەندازیارانە قامك و قژ و باسك و سینە و گرانایی ئەوی بەو شێوەیە خولقاندبێ؟ ئەو نیگاركێشە كێیە؟ چییە؟ پەیامی چی بۆ هێناوین؟

تابلۆی هێندە نامۆی دەنەخشاند، ئێمە بە دیاریەوە هەڵدەكورماین، وابزانم ڕەنگی تابلۆكانی لە ڕەنگی گلێنەكانی خۆی وەردەگرت، كەس نەیدەزانی ڕەنگی گلێنەكانی چەند ڕەنگن! ڕەش و قاوەیی و برۆنزی و سەوز و سوور و زەرد و..تاد

ڕەنگی گلێنەكانی وەك ڕەنگەكانی پەلكەزێڕینەی ئیتاژی دووەمی ئاسمان وابوون.. هەندێ جار كە بەیانیان دەهات و وەكو نەسیم تێپەڕ دەبوو، ئێمە بە دزییەوە لە گلێنەكانیمان دەڕوانی و دەكەوتینە شەرت كردن، شەرتماندەكرد لەسەر هەڵهێنان و ئاشكراكردنی ڕەنگی گلێنەكانی.. هەبوو دەیگوت: نانی نیوەڕۆ لەسەر من، ئەگەر ڕەنگی گلێنەكانی وەك ڕەنگی گلێنەی كۆتر وانەبوون!

یەكێكیتر دەیگوت: لەسەر ملوانكەیەكی زێڕ مەرج دەكەم، ئەگەر ڕەنگی گلێنەكانی وەك ڕەنگی گلێنەكانی ئاسك وانەبوون..

من دەمگوت: ناتوانم مەرج بکەم، چونکە ناشێم و ناتوانم دەستنیشانی ڕەنگی گلێنەکانی بکەم.. وەك ئاو بێڕەنگن چاوەکانی و هەزاران رەنگیشیان هەیە.
هەتاو گوتی: هەندێ ڕەنگ هەن هێندەی لە سیحر نزیکن، ئەوەندە لە ڕەنگەکانی خودی ڕەنگەوە نزیك نین..
من گوتم: کەوابێ چاوەکانی سیحرن.. پڕن لە پەنهان و پڕن لە ئاینده، کەس ناتوانێ خوێندنەوەیان بۆ بکا! چاوەکانی نهێنی ئەبەدین.
هەتاو گوتی: ئەبەدییەت، درۆیێکی پێکەنیناوییە و لە غیابی ڕاستییە نەگۆڕدراوەکان سەرهەڵدەدا.
جار نا جارێ کە بەیانیان وەك شنەی سەحەر دەهات و تێپەڕ دەبوو، ئێمەیش، من و هاوپۆلە مەراقدارەکانم لە چاوەکانیمان دەڕوانی، سپیاتی چاوەکانی سوور سوور هەڵگەڕابوون.. ئای ئاسمان کە بەو سووراتییەوە ئەوەندەی دیکە جوانتر دەبوون چاوەکانی..!
ئەو دارستان و ڕووبار بوو یا ئۆرفیۆس؟ هەموومان دەمانپرسی بۆچی هێندە خاکی خۆشدەوێ؟ ئایا ئەو دەیزانی و یەقین بوو کە ئەو لە قوڕدا خولقاوە؟ سەرمەستێکی مەغرور و شێت بوو، یاخود عاقڵێکی خودایی کە لە کچەکانی نەدەڕوانی؟ ئای خودا، چەند گران بوو شیکارکردنی ئەو هەموو گریمانە و هاوکێشانە؟

هێشتا گولله هەورینەکه به دڵی سامالمدا تێپەڕ نەببوو، که هەتاو فرمێسکەکانمی دەسڕیەوه و منیش پەنهان و نهێنییەکانی ناخی خۆمم بۆ هەڵدەڕشت..

من گوتم: ئەو دەهات و وەك ـ با ـ تێپەڕ دەبوو، من و هاوپۆله هێڤیدارەکانیشم بەرد بووین.. ئەو خاکی له ئێمه خۆشتر دەویست.. کێ نالێ ئەو دەیزانی و یەقین بوو، که ئەو له خاکەوه خولقاوه؟

جار نا جارێ پێشەنگەییەکی دەکردەوه، تابلۆ و پەیکەرەکانی به دار و دیوار و درەخت و ئاسمان و عەرد هەڵدەواسی و پەرشی دەکردن.. ئەو ڕەنگانەی نیگارکێشەکه به کاری دەهێنان، ڕەنگی گلێنه و ناخی خۆی بوون، هەموو تابلۆ و پەیکەرەکانی سەرنج ڕاکێش بوون.. (تابلۆی دەنگی گریانی کێشابوو).. (تابلۆی بۆنی بخووری کێشابوو).. (تابلۆی حۆرییەکی موحەجەبەی کێشابوو).. (تابلۆی لەرینەوەی پێکەنینی له باوەشی گریاندا کێشابوو).. (تابلۆی "ڕووتیی" کێشابوو جل و بەرگی لەبەردابوو) .. (تابلۆی ژیانی کێشابوو کاتێ لەبەر مردن ڕادەکا).. (تابلۆی گۆرانییەکی کێشابوو کاتێ بۆ عاشقێکی سەرکێش خۆی دەچڕی).. (تابلۆی پەپوولەیەکی کێشابوو، له ڕۆژی خۆشەویستی جیهانیدا به ڕووتی شینی دەکرد).. (تابلۆی بەرخێکی کێشابوو له کاتی سەربڕیندا دەگریا).. (گوڵێکی کوێری دروست کردبوو، له تەلەڤزیۆن

سەیری سەمای پەپوولەیەکی بێباڵی دەکرد).. (تابلۆی دەنگی لێدانی کێشابوو).. (تابلۆی خیانەتی کێشابوو، کراسێکی سووری پۆشیبوو).. (تابلۆی هەتاوی کێشابوو لە کاتی تاریکییدا).. (تابلۆی بەفری دروست کردبوو، حیجابی لەسەر بوو، تەنوورەیەکی فش و کراسێکی بەرینی لەبەردابوو).. (مامزێکی دروست کردبوو، ڕاوی پڵنگێکی دەنا و دەیویست دەستەمۆی بکا).. (وێنەی بەبەغاییێکی کردبوو، بە بێ دڵ لە نێو خوێنی خۆیدا گەوزابوو).. (قووله ڕەشێکی دروست کردبوو، وزەی کارەبایی لە نێو جەستەیدا هاتووچۆی دەکرد).. (تابلۆی ـ با ـ کێشابوو، کاتێ بەناو بەردەکاندا ڕەتدەبێ).. (وێنەی گورگێکی کێشابوو، نۆتەکانی "سۆناتەی تریفە و سەمفۆنیای چارەنووس "ی دادەنا و جگەرەی دەکێشا).. هەموو تابلۆکانی پڕبوون لە پرسیار، بەڵام لە هەموو تابلۆکانی سەیرتر ئەو تابلۆیە بوو (گوللەیەکی ڕەش دێت و بە دڵێکی سپیدا ڕەتدەبێ و مەسیح مات و مەلووله، بە ناخۆشحاڵی و سەرسوڕماویەوە لە خاچدراوە)..

تابلۆییەکی دیکەی دروست کردبوو لە ژێرەوە ناونیشانی تابلۆکە ئاوا نووسرابوو: (سێوێکی موحەجەبە، بە ڕووتی).. کە من بەرامبەر ئەو تابلۆیە وەستام، تەواو تێگەیشتم.. بەڵێ، وێنەی منی بە ڕووتی کێشابوو، من بووم، بەڵێ سەد دەر سەد من بووم بە ڕووتی، ئیدی گومانم نەما.. وەك چۆلەکەییەك لە

خۆشییدا هەڵدەپەڕیم.. وەك سەرما و زریان هەڵدەلەرزیم.. من بووم.. ئیدی پێکەنین لە ناخمدا چرۆی کرد.. دەتگوت وام لە ژێر باران و تاڤی بەختەوەرییدا سەما دەکەم .. لووت و چاو و ڕان و مەمك و بەلەك و لێو و بزە و فرمێسك و ئەودیو پەنجەرە تاریکەکە و ڕێگا کۆتایی قفڵدراوەکە و هەموو وردەکاریەکانی لەو تابلۆیەدا نەخشاندبوونی من بووم، یا بەشێکی ژیانی من بوون.. هەموو شتەکانی بە ڕووتی نەخشاندبوو، (نوح بە ڕووتی بە دوای لافاودا دەگەڕا).. (پەپوولەیەك بە ڕووتی پەیماننامەکەی خۆی لەگەڵ گوڵ دا دەشکاند).. منی بە ڕووتی نەخشاندبوو، خۆ من هێشتا ئەو شوێنانەی خۆمم ئاوا بە ڕووتی نەدیتبوو، کە ئەو هێندە وردبینانە وێنەی کێشابوون!

هەتاو گوتی: ئێرەم گیان ئاگاداربە، پیاو ئاژەڵە و ژنیش ڕووەك.

بۆچی لە نێو ئەو هەموو هاوپۆلە باڵشکاو و مەراقدارەم وێنەی منی کێشابوو؟ ئاخر من چیم کردبوو تا نیگارکێشێك بێت و ئاوا عاری عاری بە ڕەنگە سیحراوییەکانی بمدرەوشێنێ؟ کە زیاتر و زیاتر ڕووەو قووڵایی تەماشا و تەئەمولکردن لەو تابلۆ و پەیکەرانە ڕۆچووم، هەموو تابلۆ و پەیکەرەکانی ئەو نیگارکێشە یەکێ لە ئەندامانی جەستەی منی تێدا بوو، دمی منی لە شوێنی دەنووکی کۆترێك دانابوو، چاوانی منی لە

شوێنی چاوەکانی بازێکی دامیاری کەنداوی دانابوو.. پشیلەیەکی کردبوو دوو مەمکی قیتی بە سینەیەوە نوساندبوو، مەمکەکان هی من بوون، نەك هی هیچ کچێکیتر.. منی لە بەفر درووست کردبوو، بە دیار ئاگرێکەوە خۆم گەرم دەکردەوە.. جەستەی سەگێکی لە بڕۆنز دروست کردبوو، دوو کەللە سەری هەبوو، یەکێکیان من بووم و ئەویتر خۆی، یەکتریان ماچ دەکرد.. ئای کە هەستێکی جوانی لای من خولقاند ئەو پەیکەرە!

ئەی خودا چیبوو ئەو نیگارکێش و پەیکەرتاشەی کە بە قامکە بلوورینییەکانی، کە بە دەستە زێڕینەکانی، کە بە ڕەنگی گلێنەی چاوەکانی، کە بە سینەی پان و ماسولکە ڕەق و گیان ڕفێنەرەکانی، هێرشی هێنایە سەر هەرێمی هیلاك و ترسنۆکی ڕۆحم؟ ئەو بەهرەیە بێ ناونیشان و بێ ولاّت و بێ ئاسمانە چیبوو کە تۆ بەو قژ درێژە غەجەرییە گرانبەها و ئێستەتیکییەت دابوو؟

من و هاوپۆلە مەراقدارەکانم بۆی دەمردین و ئەویش لە هەموو تابلۆ و پەیکەرەکانیدا ئەندامێکی جەستەی منی دەخولقاند..

من دەگریام و هەر دەگریام و بەردەوام دەگریام.. هەتاو فرمێسکەکانی منی دەسڕیەوە و دەستی لەسەر شانەکانم

**دانابوو.. لە گلێنەکانمی ڕوانی و بە خەفەتێکەوە گوتی: کەوابێ یەکتریتان خۆشدەوێ؟**

**هێشتا گوللە ڕەشەکە دڵی سپیمی نەپێکابوو، کە بە هەتاوم گوت: نەك هەر خۆشمدەوێ، بەڵکو بۆی دەمرم.. نا نا مردن نا.. شتێك دوای مردن.. هەموو چرکەیێ جارێ بۆی دەمرم.. پەیمانیشم بە خۆم داوە، هەموو فەرمانەکانی بە بێ بیرکردنەوە جێبەجێ بکەم.**

**زۆر زۆر گریام و هەر گریام و تا لە ناکاوێکدا بەدەم گریانەوە هەتاوم جێهێشت..**

**جار نا جارێ پێشەنگەییەکی دەکردەوە، باڵندەکانی بە ئەندامانی لەشی من دەڕازاندەوە، منی دەکردە کوکوختی و خۆشی دەکردە کیسەڵ.. کیسەڵەکە هێور هێور بەرەو کوکوختییەکە ڕێگای دەگرتە بەر.. کیسەڵەکە ئاورێکی لە کوکوختییەکە دەدایەوە و بزەیەکی خوێنینی بۆ دەکرد..**

**گوێم لێبوو باوکم بە دایکمی دەگوت: دەیدەمە "شوان"ی برازام، بۆ قەساب چیان نییە کە کەسانیدی هەیانبێ؟ دواتر هەمیشە بێگانە وەك کیسەڵ وان و خزمیش وەك باز.**

**من لە پەنای دەرگا بچووکەکەدا، کە لە درزەکەیدا بە تەنیا تاریکیم دەدیت، ڕۆنیشتبووم و دەگریام، هەر دەگریام و هەر دەگریام و نیگارکێشە خۆشەویستەکەی منیش نەدەهات.. نیگارکێشە قەرەجەکەی منیش نەدەهات..**

چاوەکانم شل شل ببوون لە تەماشاکردنی تاریکیی ئەودیو پەنجەرە تاریکەکە، لە ڕامان و تەماشاکردنی قفڵەکانی ڕێگا قفڵدراوەکە، لە هەتاوم دەڕوانی کەچی بە تەنیا سووراتی ئاسمانم لێدیار بوو.. هەر چاوەڕوانی گوڵێکی شین بووم بگات، چاوەڕوانی فریشتەیەکی سەوز بووم بگات، چاوەڕوانی قەرجێك بووم نامەیەکم بە خەتی ئەفسانە بۆ بێنێ کەچی هەر نەهات.. شتەکان نەدەگەیشتن، ئایە چارەنووسبوو ڕێگای نەگەیشتنی شتەکانی لێگرتبووم؟ هەر چاوەڕوان و چاوەڕوان بووم، کەچی خۆشەویستە غەجەرییەکەی من نەدەهات و نەدەهات!

جار نا جارێ بەر لەوەی گوللە ڕەشەکە دڵی سپیم لەت لەت بکا، ئەو پێشەنگەییەکی دەکردەوە، منی دەکردە حۆری و لەسەر بەردێك دانیشتبووم.. دەیان دولفین یاریان بۆ نمایش دەکردم، گەمەیەکی جوان و بێباکانەیان بۆ دەکردم دولفینەکان.. دوو باڵی لە جەستەی من دەڕواند، سپی سپی دەچوومەوە و بەرەو ئاسمان هەڵدەفڕیم و هەڵدەکشام.. کەس نەیدەزانی بۆ کوێ و ڕوو لە کوێ هەڵدەفڕم؟

ئەو دەهات و وەك ـ با ـ بە نێوانی من و هاوپۆلە ڕۆح بریندارەکانم تێپەڕ دەبوو.. چاوەکانی لەسەر خاك هەڵنەدەگرت.. دەتگوت دەزانێ و یەقینە کە ئەو لە خاکەوە هاتووە!

چاوم لێبوو، باوکم بە دایکمی دەگوت: دەیدەمە "شوان"ی برازام، خۆ ئەگەر ڕازیش نەبێ، سەری سفر دەکەم و گوێچکە و لووتی دەبڕم و لە ناو قەفەزێکی دادەنێم، بۆ ئەوەی خەڵك بێنە سەیرانی..

هەتاو دەیگوت: وا مەزانە ئەوانەی سۆزانینە و لەشی خۆیان لە سۆزانیخانەکاندا دەفرۆشن، کەسانی بێڕەوشت بن.. چونکە لە پشت هەر ئاکامێك دنیایێ هۆکار هەن..

من دەگریام و هەتاو دەیگوت: پێشکەیەك دەتوانێ سەرۆکێك تورە بکا و جەنگێك دروست بکا.

من هەر دەگریام و هەر دەگریام و نیگارکێشە غەجەرییەکەی منیش هەرگیز نیگاکانی لەسەر عەرد بەرەو لای من وەرنەدەچەرخاند.. ئەو دەهات و وەك _با_ ی پایزان بە نێو گەڵاکاندا دەیگوزەراند.. وەك وەرین دەهات و بەسەرزەمینێکی پایزییدا تێپەڕ دەبوو ..

منیش لە دوورەوە هۆن هۆن ڕۆندکی خوێنینم هەڵدەوەراند.. ئەو بۆچی منی بۆ تابلۆکانی خۆی هەڵبژاردبوو؟ بۆچی وێنەی حەیا و شەرەف و نامووسی منی ئاوا کێشابوو؟ بۆچی منی ئاوا لە نێو برۆنزدا ڕووتکردبۆوە؟

خۆ من هیچم نەکردبوو ئاسمان، تا ئەو نیگارکێشە ڕۆشناییەکانی ئەودیو پەنجەرە تاریکەکەم نیشانبدا؟ وێنەی منی لەسەر  دار و بەرد و دیوار و بنمیچ و گوڵ و دڕکیشدا

کێشابوو.. جا ئەو نیگارکێشە شێتە، وێنەی منی لەسەر چ شتێ نەکێشابوو؟

هێشتا گوللە ڕەشەکە دڵی گەرممی نەبڕیبوو کە یاخەی ئەو نیگارکێشەم گرت و بە توڕییەکەوە بەسەریمدا قیژاند، هاوارم کرد: عەیب نییە بۆ پیاوێکی کەمبەهای وەك تۆ، ڕەسمی مرۆڤێکی گرانبەهای وەك من بە ڕووتی بکێشێ؟ دیارە تۆ ڕەوشتێکی زۆر نزمت هەیە کە بەرامبەر یەکێکی ڕەوشت بەرزی وەك من بێ ئەدەبی دەنوێنی؟ بۆچی ڕێزی مرۆڤی بەرامبەرت ناگری؟ ئایا تۆ پرسیوتە کە ڕێگات پێدەدەم وێنەی من ئاوا بە ڕووتی بکێشیت؟

ئەو نیگارکێشە دەتگوت کوڕە تاقانەکەی خودایە، وەك نوور دەدرەوشایەوە، دەتگوت لە خاچی دەدەن هێندە بە ناخۆشحاڵییەوە وەستابوو.. هێور هێور بوو، هیچ وەڵامێکی نەدامەوە.. نازانم بۆچی هەر لێشی نەڕوانیم!

من دەگریام و دەدوام، ئەو لە خاکی دەڕوانی، من هاوارم کرد: تۆ ئاژەڵیت و منیش ڕووەك.. ئەو هەر لە خاکی دەڕوانی، من دەگریام و بە دەستی چەپەم یاخەی کراسەکەیم گرتبوو، بەدەم گریانەوە گوتم: نیازت وایە بمخۆیت، دەتەوێ لەناوم بەری، دەخوازیت لە ڕەگەوە هەڵم تەکێنیت؟

ئەو هەر و هەر لە خاکی دەڕوانی.. من دەگریام و خەریك بوو شێت دەبووم و نەشمدەزانی چیم داوایە!!

ئەو لە خاكى دەڕوانى، من هەتا هێزم هەبوو زللەيەكم بە دەستى ڕاستەم لە بناگوێى چەپەيدا.. ئەو ڕوومەتى ڕاستەشى هێنا و هێشتايش هەر لە خاكى دەڕوانى، من بە دەستى چەپەم زللەيەكیترم لە بناگوێى ڕاستەيدا، ئەو هێشتا هەر لە خاكى دەڕوانى .. دەمويست بيكوژم، لەتوپەتى بكەم و خوێنەكەى بخۆم، ئايە من جەللاد بووم؟ يانيش حەزم دەكرد ببێتە خوێن و بە نێو جەسەتەمدا پياسە بكا؟ يانيش ئەوەتەيە من كەروێشكێكى دەسەمۆبووم، بە پێستەوە لە نێو دەوى مارێكى هێور؟ ئێ خۆ من نەمدەزانى چيم و چيم داوايە!

نازانم بۆچى نەدەدوا! ويستم زللەيەكیترى لێدەم، كەچى هەتا هێزى هەبوو زللەيەكى لێدام و بەرچاوم، وەك تاريكيى ئەوديو پەنجەرە تاريكەكە تاريك داهات و حييجابەكەم فڕى و لە پڕمەى گريانمدا.. ئەو هێشتا هەر لە خاكى دەڕوانى، من نەمدەزانى دەبێ چيبكەم!

ماندوو بووم، زۆر زۆريش ماندوو، باوكم گوتى: جارێكيدى بە پرچى بەڕەڵڵاوە بتبينم لە نێو باخچەكەدا دەرس بخوێنى، گوللەيەكى تاريكت لێدەدەم، تا دڵى ڕووناكت لەت لەت بكا و چيدى بە چاوى خۆت شينايى ئاسمان و تاريكيى ئەوديو پەنجەرە تاريكەكە نەبينيەوە.

من دەگريام و نەمدەزانى دەبێ چيبكەم! هێور بوومەوە و وەك پشيلەييەكى خەواڵو خۆم لە ئامێزى نيگاركێشەكەدا

دۆزییەوە.. ئەو منی هەلگوشی.. وەك چۆن ستیانەکانم دوای شۆرین هەڵدەگوشم ئاوا هەڵیگوشیم.. تێنەدەگەیشتم دەیوست چیم بەسەر بێنێ!؟

دەتگوت چۆلەکەیەکە و دەیەوێ دەنکە گوڵەبەڕۆژەیەك بە دەنووکەکانی بقرتێنێ.. هێندەی زیاتر لە ئامێزی خۆیدا گرێیدەدام من هێندەی دیکە دەکرامەوە.. لەودیو پەنجەرە تاریکەکە تیشکێك دەرکەوت.. من نەمدەزانی دەیویست چیم بەسەر بێنێ!

دایکم گوتی: باوکت دوژمنی مرۆڤە کراوەکانە، ئەوانەی بە دزییەوە خۆیان لە باوەشی غەریبان دەکەنەوە.

من لە باوەشی نیگارکێشە خۆشەویستەکەی خۆم کرابوومەوە، خەریکبوو لە خۆشحاڵیدا دەسووتام، دەخنکام، ماچی دەکردم و بێوچان ماچی دەکردم.. من دەگریام لێوەکانیم هەڵدەمژی، بێوچان ماچیم دەکرد.. چیبوون ئەو لێوە شیرینانەی، خودا؟ سیحر یا ئەفسانە؟ ئایا شەراب بوون کە منیان ئاوا سەرخۆش کردبوو؟ من دەگریام و سووراتی لێوەکانیم هەڵدەمژی.. تووند تووند بە قامك و نینۆکە درێژەکانم ماسولکەکانیم تێکدەقۆپاندەوە، ئایا من پشیلە بووم؟

باوکم تاکە نەعلەییەکی لە پشیلە خرپنەکە گرت و هاواری کرد: ژن و پشیلە لەیەك دەچن.

هێشتا گوللە ڕەشەکە دڵی سپیمی زوێڵ زوێڵ نەکردبوو، کە نیگارکێشە خۆشەویستەکەی من، منی بردە ناو ستۆدیۆ تایبەتییەکەی خۆی و  بە بێدەنگیی لێمی ڕوانی و دەستیکرد بە کارکردن..

من کراسە بەرینەکەم فڕێدا و بە پانتۆڵێکی ڕەشی مۆدێرن و فانیلە عەلاگە ڕەشەکەم لەسەر قەنەفەکەی بەرامبەری ڕاکشام و دەستمکرد بە زەردەخەنە.. لە ڕووخساری ورد بوومەوە، لە دەست و پەنجەکانی، لە گلێنە ڕەنگاوڕەنگەکانی، وێنەی خۆمم لەناو ئەودا دەدیت، ئایە ئەو تاکە ئاوێنەی ژیانی من بوو؟

دایکم لەسەر قەنەفەکە بەرامبەر بە باوکم بە زەردەخەنە کردنێکەوە ڕاکشا و لە دەستی خوێنین و پۆشاکی خوێنینی باوکمی ڕوانی.. باوکم دەستی دایە تاکە پێڵاوێکی خوێنین و ئاراستەی دایکمی کردو گوتی: ئەگەر ژنێك، تەنیا جارێکیش بە زەردەخەنەوە لەسەر قەنەفەیەك بەرامبەر بە پیاوێك ڕاکشێ، ئەوا فێر دەبێ بە بێمنەتی لەژێر هەموو پیاوەکانیتریش ڕاکشێ.

هەتاو گوتی: پیاو وا هەست دەکەن کە بە تەنیا ژن لە پیاو لەدایك دەبێ، زوو زوو لە یادیان دەچێ کە ئەوانیش لە ژن لە دایکدەبن!

من هێشتا هەر لەسەر قەنەفەکە ڕاکشابووم، نیگارکێشە خۆشەویستەکەی منیش، هەر بە هێوری کاری خۆی دەکرد،

جگەرەی دەکێشا و بێ بیرکردنەوە کاری خۆی دەکرد.. هەستا، سەری بتڵە وێسکییەکەی کردەوە و دوو گلاسی نیوە تژی کرد.. دوو پارچە بەفری تێکردن و گلاسێکی دایە دەستی من..

من لە گلاسەکەی نێو دەستمم دەڕوانی کە هاتەوە بیرم لەبەر باوکم زۆر ڕکم لە خواردنەوە دەبۆوە، شەوانە کە بە سەرخۆشیی دەهاتەوە ماڵ، گوڵەکانی هێوریی ماڵی دەوەراند، گلاسەکانی کامەرانیی دەشکاند، دەریاچەی بەختەوەریی دەشکاند.. شەوانە کە بەسەرخۆشیی دەگەڕایەوە ماڵ، ئارامیی و هێوریی و بەختەوەریی ماڵی لێتێکدەداین.. خۆ ئەگەر نەیتوانیبووایە شەڕ بە من و بە دایکم و بە فیردەوس بفرۆشێ، ئەوا دەوکەتە جنێودانێکی ڕەمەکی و شەڕی بە خۆیی و بە خودا دەفرۆشت.. بە شتێکی بچووك هەڵدەچوو، گومانی لە هەموو شتێ دروست دەکرد و دەکرد، گومانی لە کرانەوەی دەرگاکەی سەربان دەکرد کە ـ با ـ جیڕە جیڕەی پێدەکرد، گومانی لە پەنجەرە کراوەکەی من دەکرد کە ـ با ـ ئاوەلای کردبوو، گومانی لە گەرمی ـ ئاو ـ دەکرد لە ماڵەکە، گومانی لە دڵخۆشیی و هێوریی و حەسانەوەی ئێمەیش دەکرد.. گومانی لە هەموو شتێ دەکرد، دەیویست هەر چۆن و بە چ شێوازێك بێ ناخی خۆی ڤالا بکا.. ئایە ئێمە شووشە بووین بە شکاندنمان دڵی ئەومان ئارام دەکردەوە؟ کە لە پرتە پرت و بۆڵە بۆڵ دەبۆوە، پەلاماری بەرماڵە سوورەکەی دەدا و

دەستەکانی دەخستە بناگوێیەکانی و دەیگوت: نییەتم هەیە چوار ڕکەعەت نوێژ دەکەم.. ئاخر خودای گەورە، ئەگەر منت بۆ ئەو هەموو گومان و عەزابە دروست کردیە، هەر درووستت نەکردبووام باشتربوو، بسم الله الرحمن الرحیم..

دایکم دەیگوت: قوڕ بەسەرت، نە دەزانی قیبلە لە کامە لایە و نە دەشزانی نوێژی چ کاتێك دەکەی.. ئەی هەش بە سەرت پیاوە سەرخۆشەکە.

باوکم وازی لە نوێژکردن دەهێنا و بە تووڕەییەکەوە کە هەر لە بورکان دەچوو، وشەکانی بە ڕێڕەوە لێکجیاکان پەرشدەبوون، بێگومان سەرخۆشییان پێوە دیار بوو، دەیگوت: بۆ نایەی فێرم بکەی ڕووم لە کامە لا بکەم؟ من دەزانم خودا لە هەموو شوێنێك و لە هەموو کاتێك و لە سەرووی هەموو کاتێك و لەسەرووی هەموو شوێنێکیشدا وجودی هەیە.. دواتر بۆچی پێویستە من ناوی "کاتی نوێژکردن"بهێنم، قابیلە ئەو خودایە گەورەیە نەزانێ کە من نوێژی چ کاتێك دەکەم؟ حەزیش ناکەم جارێکیتر ناوی سەرخۆشیی بهێنی، چونکە نوێژ بە ڕێگای خۆیی و سەرخۆشیش بە ڕێگای خۆی..

هەتاو گوتی: باوەڕ ناکەم شتێکی ئاڵۆزتر هەبێ لە مێشکی مرۆڤ!

من گلاسە وێسکیەکەم لە دەستی نیگارکێشە خۆشەویستەکەی خۆم وەرگرت و ئەویش هێشتا هەر لە تابلۆکە و خاکی

**دەڕوانی.. من نەدەوێرام بخۆمەوە، باوکمم دەهاتەوە یاد.. بەڵام بۆچی نەخۆمەوە؟**
**خۆ من تازە هەر هی ئەوم.. ئالآی سپیم لە ژێر گەردوگۆڵی بن پێی ئەسپی گلێنەکانی ئەودا هەڵکردبوو.. ئەو لەناو کارکردنێکی بەردەوام دابوو، دەتگوت لە جەنگێکی گەورەدایە، جگەرەی دەکێشا و قوم قوم وێسکی دەخواردەوە و بە وردیش خەریکی کامڵ کردنی تابلۆکە بوو..**
**باوکم بە دایکمی گوت: ئەگەر کچێك ئالآی سپی، بە ڕێگاییەکی ناشەرعی بۆ کوڕێك هەڵکا، حەق وایە وەك بەرخێك لە نێو باعە باع و فرمێسك و خوێنی دڵیدا بیگەوزێنن.**
**هەتاو گوتی: مرۆڤ دەتوانن گۆشتی یەکتریش بخۆن، لە هەموو دڕندەکان دڕندەترن، چونکە لەگەڵ ئەوەی کە لە چەمکی دڕندەیش تێدەگەن، کەچی ناتوانن دەستی لێهەڵگرن.**
**نیگارکێشەکە هێشتا هەر بە بێدەنگیی کاری خۆی دەکرد، کە من گلآسە خاڵییەکانم بە وێسکی تژی کردەوە و مەست بووم..**
**تا ئەو دەمە نەمدەزانی "مەستبوون" تیشکێکە لە پێناو ڕۆشەنکردنی تاریکیی دنیای ئەودیو پەنجەرە تاریکەکە.. نەمدەزانی "مەستبوون" کلیلی کردنەوەی ڕێگا قفڵدراوەکانە و نەشمدەزانی "مەستبوون" حەقیقەتە و "ئاگاییش" درۆ!**
**بە هەتاوم گوت: "مەستیی" پردێکە لە نێوانی ژیان و مەرگ..**

هەتاو گوتی: مەستیی و ژیان هەردووکیان کورتن، نامورادیی و مەرگیش هەردووکیان درێژن.

من مەست بووم و چوومە پشت نیگارکێشەکە و بە وردی لە تابلۆکەم ڕوانی، (لەناو هەوردا کورسییێکی کریستاڵیی دانرابوو، شێوەی عەنکەبووتی دەدا.. من لەسەر کورسییەکە دانیشتبووم و شاهێدیم دەدا.. گورگێك لە تەنیشتم وەستابوو، سینەی پڕ بوو لە مەمکی مرۆڤ) خەریکبوو هەندێ فریشتەی بە ڕووتی لە چواردەورەمان دەنەخشاند..

لە دەستی من دانەبوو، باسکە سپی و ڕووتەکانمم خستە سەر شانەکانیی و کەوتمە ماچکردنی لاملی.. نەرمایی گوێچکەکانیم بە لێوەکانم دەگەست.. ماچم دەکرد و دەگریام.. خۆ من نەمدەزانی چی دەکەم و دەبێ چیبکەم؟ ئایە من بۆچی دەگریام؟

مەمکەکانمم بە پشتی بەهێزی نووساندبوو، ماچم دەکرد و دەگریام.. ئەویش هەر بە هێوری و ئارامییەوە بە بێ ئەوەی لێم بڕوانێ، وێنەی فریشتەکانی چواردەوری کورسییەکەی تەواو دەکرد..

هەتاو دەیگوت: زۆرجار هونەر، هونەرمەند دەگەیەنێتە ئۆرگازموزی بالاَ.

من مەست و تووڕە و بێئۆقرە بووم و دەگریام، دەگریام و نەمدەزانی چیم داوایە! نەمدەزانی بۆچی دەگریم!

دەستم دایە قووتییەك ڕەنگی سەوز و بە جارێك هەموویم پێداکرد.. ئەو بە هێوری رووخساری خۆی سڕیەوە و هێشتایش هەر وێنەی فریشتە ڕووتەکانی دەکێشا.. من مەست و تووڕە و بێئۆقرە بووم و دەگریام، دەستم دایە قووتییەك ڕەنگی زەرد و بە جارێك هەموویم پێداکرد.. ئەو بە هێوری رووخساری خۆی سڕیەوە و هێشتایش هەر وێنەی فریشتە ڕووتەکانی دەکێشا.. دەستم دایە قووتییەك ڕەنگی سپی و قووتییەك ڕەنگی سوورم بە جارێك هەموویم پێداکرد.. ئەو بە هێوری رووخساری خۆی سڕیەوە و هێشتایش هەر وێنەی فریشتە ڕووتەکانی دەکێشا.. من مەست و تووڕە و بێئۆقرە بووم و دەگریام، دەگریام و نەمدەزانی چیم داوایە! نەمدەزانی بۆچی دەگریم!

هەتاو گوتی: کاتێك دەروونی مرۆڤ پڕ دەبێ و ناتوانێ بە داهێنانەوە بەتاڵی بکا، خۆی ناچار دەکا شتە پڕەکانی دەرەوەی خۆی بەتاڵ بکا.

من قووتییەك ڕەنگی سپیم پێداکرد، "ئەو" نەبزوا.. قووتییەك ڕەنگی کەسکم پێداکرد "ئەو"نەبزوا.. کە قووتییەك ڕەنگی زەردم پێداکرد "ئەو" هەر نەبزوا.. قووتییەك ڕەنگی سوورم پێداکرد، "ئەو" زەردەخەنەیەکی کرد.. کەچی هێشتایش هەر نەدەدوا.. ئایە بۆچی نەدەدوا؟ ئەو بێدەنگییە چیبوو؟ ئەی ئەو هەموو هێمنییە؟ ئایە ئەو

**دەریاییەکی مەنگ و مەست و پڕ لە مەبەست بوو، یاخود نهێنییەك کە کرانەوەی ئاسان نەبێ؟**

**من قووتییەك ڕەنگی سوورم پێداکرد و ئەو زەردەخەنەیەکی کرد.. تابلۆکە پڕووشك پڕووشکی سووری بەرکەوتبوو.. دیاربوو ئاوا تابلۆکەی پێ جوانتربوو.. ئاوڕێکی دایەوە و لە گلێنە مەستەکانمی ڕوانی.. من گلاسی ڤالآم نیوە تژی کردنەوە بە "گرانتس".. ئایە من حۆری بووم، لەکەنارێکی ڕووباری بەهەشت وێسکیم بۆ نیگارکێشێکی خودایی دەهێنا؟ من گلاسەکەم دایە دەستی، گلاسەکە کەوت و شکا.. ئەو ڕووتی کردمەوە.. ڕووت ڕووت.. یەکەمین جارم بوو لە ژیان، کە ئاوا لە ئاوێنەی جەستەی ڕووتی یەکێکیتر وێنەی جەستەی خۆم بە ڕووتی ببینم..**

**هەتاو گوتی: ڕووت بوونەوە شیعرێکە، لە مێژووی مرۆڤایەتی دەدوێ.**

**باوکم گوتی: ڕووت بوونەوە، واتە: دەرچوون لە پێستی ئەخلاق و چوونە نێو جەستەی ڕیسوابوون.. بۆیە کاتێ کە دەمرین، بە ڕووتی لە ژێر خاکمان دەئاخنن، تا خودا بەزەیی بە ڕووتیی و ڕەجاڵی ئێمە بێتەوە.. بۆیە بە ڕووتیی لە ژێر خاکمان دەنێن تاکو خودا بەزیی پێمان بێتەوە و بزانێ کە ئێمەی مرۆڤ هەمیشە بوونەوەری ڕیسواین.**

هەتاو گوتی: ئادەم و حەواش، هەر بە ڕووتیی پیاسەیان دەکرد.
من وەك کاتەکانی لە دایکبوون و مردن ڕووت و قووت بووم.. مەستبووم، بە ڕووتیی و مەستیی بەرامبەر نیگارکێشەکە وەستابووم.. ئەو خاوەنی هێزێکی ئەفسووناوی بوو.. دەیتوانی بە مستێك بارگینێك لە عەرد بگەوزێنێ.. سەرەتا منی لە عەرد نەگەوزاند، بڵندی کردم و دواتر لە نێو ڕەنگە سوورەکەدا درێژی کردم.. "ئەی خودای گەورە، ئەوا من لە چی دەدوێم؟".. ئایە من خەون دەگێڕمەوە یاخود چیرۆکێك کە لە ڕاستیدا ڕوویدابوو..؟ یانیش ڕووداوێکی ڕاستەقینە کە هەرگیز لە یاد ناکرێ؟
بە ڕووتیی لە نێو ڕەنگە سوورەکەدا ڕاکشابووین.. جەنگ هەڵایسا.. جەنگی مان و نەمان.. خەریکبوو لەبەر مەستیی و ژان و لەززەت و برین و ئەو هەزاران ئۆرگازموزەی کە بە دوای یەکتر دادەهاتن دەمردم..
ئایا من لە نێو مردندا دەژیام؟ یاخود مردن لەناو مندا یاری دەکرد؟ جەنگ کۆتایی هات، کەچی ئێمەیش هێشتا هەر لەنێو ڕەنگی خوێن و ڕەنگە خوێناویە سوورەکەدا ڕۆنیشتبووین.. لە ئامێزیدا هەڵکورمابووم.. من دەگریام و "ئەو" ماچی دەکردم.. لە تەنیشت پەنجەرە ئەودیو تاریکەکە بە تاریکی ڕۆنیشتبووم و لە تاریکییم دەڕوانی و پرسیاری ئەدرێسی ماڵی ڕووناکییم

لێدەکرد، کە دەنگە دەنگ و غەڵبە غەڵبێ سەرنجی ڕاکێشام..
باوکم بوو گوتی: بێنە کوڕم بێنە.
"شوان" بەرخەکەی بە ڕاکێش ڕاکێش و پەلبەستراوییەوە هێنایە حەوشەکە.. کە نزیك کەوتمەوە و تەواو ڕامام و ورد بوومەوە، دیتم بەرخەکە دەگریا.. دەیباعاند.. باع باع باااع باااااااع .. هاواریدەکرد و دەینالاَند.. دوعای سەرەمەرگی بۆ خۆی دەخوێند.. گلەیی لە ژیان دەکرد، من دەمزانی لە بێتاوانی خۆی دەدوا.. زگم بۆی سووتا و منیش گریام.. دەتگوت مەسیحە و بە ناخۆشحاڵییەوە لە خاچی دەدەن.. دەتگوت حوسێنە و دەیانەوێ و سەری بە ناخۆشحاڵییەوە لە جەستەی جیابکەنەوە.. بەرخەکە هەر دەگریا و دەینالاَند..
"شوان" چەقۆ تیژەکەی بە گەرووی داهێنا و خوێی و بەرخەکەی لەنێو خوێندا گەوزاند.. سەری بەرخەکە کەوتە لایێك و جەستەشی لایێکی دیکە.. چاوم لێبوو، چاوەکانی کەللەسەرەکە هێشتا فرمێسکیان هەڵدەوەراند و گلەییان دەکرد.. جەستەی بەرخەکە دەیباعاند.. ڕۆحشی لە شینێکی بێ وێنەدا لە خۆی دەدا.. ئایە عاشورا بوو؟
شوان کەوتە بڕینی پێیەکانی بەرخەکە و دەستی کرد بە _فوو _تێکردنی و وەك باڵۆنێك پڕی کرد لە هەوای خوێنینی سییەکانی.. چەقۆییەکی بە زگی داهێنا و بەرخەکە هاتەوە سەر شێوە ئاساییەکەی، بەلاَم بە زگێکی هەڵزڕاوەوە.. خۆ

هێشتا ڕۆحیشی بە تەواوی دەرنەچووبوو، کە شوان دەستی کرد بە کەوڵکردنی..

هەتاو گوتی: ئەوەی بتوانێ سەری مێروولەیەك ببڕێ، دەتوانێ مرۆڤیش وەك بەرخ کەوڵ بکا.. شوان سەرەتا دڵی بەرخەکەی دەرهێنا و هاوێشتیە بەردەم پشیلەکە.. من هاوارم کرد: هێی من حەزم لە دڵە.. حەزم لە دڵی هەموو ئەوانەیە کە چارەنووسیان لە دەستی خۆیاندا نییە، بۆچی دەیدەنە پشیلە؟

شوان گوتی: مامە گیان، شتی وا سەیرت دیتیە، ئەو بەرخە دڵی نەبوو!

باوکم گوت: کوڕم گرینگ ئەوەیە ئێسکەکانی باش بشکێنیت و نەرمکەکەی بکەیتە قیمە.

هەتاو گوتی: دڵی ژن بە چاوێلکەی پیاو وەك دڵی بەرخ وایە.

باوکم بە دەنگێکی بەرز، هەتا منیش گوێم لێبێ بە دایکمی دەگوت: ئێرەم دەدینە ئەو کوڕە ئازا و چەلەنگە، هەتا هەتایە دەحەسێتەوە، لێی بڕوانە چۆن ئەو ئێسك و پڕووسکانە وردوخاش دەکا..

من بێوچان و بێ پشوو دەگریام و کڕ نەدەبوومەوە، نیگارکێشەکە ماچێکی لە لێوەکانم کرد و گوتی: حەزمە جارێکیتریش بێی، تا لەناو ڕەنگی خوێنی خۆتتدا بگەوزێنم و مەمکەکانت بەو سوورایيە ڕەنگڕێژ بکەم و ـ ئاو ـ یان بدەم..

**من دەگریام و کڕ نەدەبوومەوە.. دەگریام و لە خوێنی خۆمدا گەوزابووم.. خۆ ئەو بەرخە بەستەزمانە هیچی نەکردبوو، لە خوێنی دڵی خۆیان گەوزاند! لەت و پەتیان کردو سارد ساردیان هەڵگەڕاند.. دەتگوت هەرگیز ڕۆحی لەبەر دانەبووە!**

**هەتاو دەیگوت: کە مرۆڤیش مرد، وەك بەرخ دەبێتە چەند پارچە گۆشتێکی سارد، جاروبار زیندووەکان لەناو قاپی بیرەوەریدا دەیخۆن.**

**من دەگریام و باوکم بە دایکمی دەگوت: خودا لە پێناوی شوان ئیرەمی بە ئێمە بەخشیوە.**

**هێشتا گوللە تیژەکە دڵی لووسمی کەوڵ نەکردبوو، کە لە ستۆدیۆکە هەمدیس لەناو سوورێکی تاریکی خوێنین ڕاکشابووین.. قووتییەك بۆیەی ڕەشیشی هانی.. من نەمدەزانی چی دەکا.. نەمدەزانی من دەبێ چیبکەم.. بە پەنجەی شەهادەی و بە بۆیە سوورەکە دەستیکرد بە دروست کردنی پەنجەرەیەکی خوێنین لەسەر سکم.. پشت پەنجەرەکەی بە بۆیاغە ڕەشەکە تەواو تاریك کرد.. لەسەر ڕانەکانم دوو ڕێگای ڤیرتاوی درێژ درێژی تا نزیك پەنجەی پێیەکانم کێشا و کۆتایی ڕێگاکانی بە دیواری بەرز بەرز قفڵدا.. لەسەر مەمکی چەپەم وێنەی ـ با ـ ی کێشا.. لەسەر هی ڕاستەیش وێنەی سەراب.. لەسەر پشتم تابلۆی پێکەنینی کێشا لەو کاتەی کە لەنێو دەوی گریاندایە.. من نەمدەزانی چی دەکا! دەگریام و ئەو ڕاکشا..**

هەمدیس بە وێسکی مەست بووین و جگەرەشم کێشا.. نیگارکێشە خۆشەویستەکەی من، خۆی لەنێو ڕەنگە خوێناویەکەدا گەوزاند و من بەسەریدا ڕاکشام..
هەتاو گوتی: پیاوەکان کە تێنووی تێرکردنی غەریزە و حەزەکانیانن، وەك ئاو وان لە ژێر دەستی ژناندا.. کە تێریش بوون دەیانەوێ لاسایی ـ با ـ بکەنەوە و ژنیش بکەن بە بەرد.
ئێمە لەنێو ڕەنگە سوور و ڕەشەکە ڕۆنیشتبووین کە جگەرەییێکی دایە دەستم و ڕووی خۆی وەرگێڕا.. من ماچم دەکرد و دەگریام.. جگەرەکەی بۆ داگیرساندم و ڕووی خۆی وەرگێڕا و نەدەدوا.. من هەر دەگریام و هەر ماچم دەکرد و ئەویش هەر نەدەدوا.. جار نا جارێ ماچی دەکردم و بە نیگاییەکی خێرا لەو تابلۆیەی دەڕوانی کە گوللەییەکی ڕەش و وشك دێ و دڵێکی سپی و تەڕ دەبڕی و مەسیحیش بە ناخۆشحاڵییەوە لە خاچدراوە.. من ئەوم ماچ دەکرد و شوانم بیرکەوتەوە، کە سەری بەرخەکەی پەلدەدا.. شوانم بیرکەوتەوە کە سەری بەرخەکەی لە لەشی جیاکردەوە.. باعە باع و فرمێسکە هەڵوەریوەکانی بەرخەکەم کەوتەوە یاد.. لە تەنیشت پەنجەرە ئەودیو تاریکەکە بە تاریکی ڕۆنیشتبووم، کە دەنگە دەنگ و ژاوە ژاو و زەڵە و زەناییێك سەرنجی ڕاکێشام.. "شوان" بوو.. چەپکە گوڵێکی سوور سووری بە دەستەوە بوو، بۆنی خوێنی لێدەهات.. پۆشاکێکی نوێشی پۆشیبوو، کەچی هێشتا

بۆنی دوکانی قەسابی و بۆنی خوێنی لێدەهات.. من لە ڕەنگی خوێن و تامی خوێن و بۆنی خوێن و ئەتمۆسفێری ناکۆتای خوێن بێزار ببووم.. بە دایکمم گوت: من لە منداڵییەوە بە دەستی خوێن دەناڵێنم، ڕکم لە بۆن و تام و ڕەنگی خوێنە.. واز لە کۆلێژی پزیشکی دەهێنم.

هەتاو گوتی:  ئەگەر ژان و خەفەت و ئازارەکانی ژن بدەینە پیاو یا بە تەنیا خوێن بینینی مانگانەی ژن بدەینە پیاو ئەوا دوای دوو ڕۆژ ژیان لەسەرزەویدا نامێنێ.

دایکم دەیگوت: ئەدی چ دەخوێنی؟

گوتم: حەزمە ببم بە نیگارکێش و وێنەی گووللەیەکی سۆرتاریك بکەم کە بە لێکی سپیدا تێدەپەڕێ.

گوتی: بۆچی نیگارکێش؟

هەتاو گوتی: نیگارکێش وەك خودا وایە.. دەتوانێ لە هەر تابلۆییەکدا گەردوونێك بخولقێنێ..

گوتم: دەمەوێ بە ڕەنگ گوزارشت لە هەڵوەراندنی فرمێسکەکانی ڕۆحی خۆم بکەم.

باوکم گوێبیستی ئەو قسەیە بوو، خەریکبوو بمکوژێ.. دایکم لە ژێر دەستی دەریهێنام و باوکم بە هەڕەشەوە گوتی: خوێندن و موێندن تەواو، دەیدەمە "شوان"ی برازام، یەك ژنی ماڵێ هەزاران دکتۆرە و نیگارکێش دەهێنێ.

شوان چەپکە گوڵێکی سوور سووری بە دەستەوە بوو، بۆنی خوێنی لێدەهات، من ئۆقرەم نەماو دەستم بە گریان کرد..
حاجی مامم لە لای سەرەوە دانیشتبوو، پێدەکەنی، باوکم دەیگوت: "شوان" کوڕی خۆمە، جا ئیرەم پێشکەشی شوان نەکەم، دەیدەمە چ گەوادێك؟
هەتاو گوتی: شووکردن لە لەناو ئێمەدا، تەسلیم کردنی بوون و چارەنووسی خۆتە بە یەکێکیتر.. شووکردن واتە: نزیکبوونەوە لە ئاگری دۆزەخ، جا بە حەزی خۆت بێ یا حەزی یەکێکیتر.. هەمیشە ئازادیی جوانترە.
من لە نزیکەوە بۆنی خوێنم دەکرد و پۆشاکە نوێیە خوێنینەکە کاسی کردبووم.. من لە نزیکەوە ڕەنگی خوێنم دەدیت و لە نزیکەوە تامی خوێنم دەکرد و خۆشەویستە دوورەکەی منیش دەرنەدەکەوت.. دەهاتەوە یادم کە لە نێو ستۆدیۆکە بەسەر خوێندا ڕایخستبووم.. شوان زەردەخەنەی دەکرد و بۆنی پۆشاك و بۆنی هەناسە و ڕەنگی زەردەخەنە سوورەکەی هێرنجیان پێدەهێنام .. شوان هەر بۆنی خوێنی لێدەهات و منیش دەگریام.
دایکم هات و سینی سەر پڕ لە گلاسی شەربەتی دایە دەستم، شەربەتی ترێ بوو، دەتگوت خوێنی جەرگمە، هێندە سوورتاریك بوو.. من گلاسە خاڵییەکانی نێو ستۆدیۆی نیگارکێشەکەم هاتەوە یاد، دایکم پاڵی پێوە نام و لە دەرگای

ژوورەکەدا چوومە ژووری، دڵم لەرزی و گریام، سینیەکە لە دەستی لەرزۆکم کەوتە خوارەوە و گلاسەکان شکان، من گلاسە شکاوەکانی نێو ستۆدیۆیەکەم کەوتەوە یاد کە لە کاتی تێکئالاندا شکان.. ڕامکردە دەرەوە و گریام..

حاجی مامم گوتی: قەینا مەکتەبلیە.. کە هات با "شوان" فێری بکا.

باوکم هاتە ژوورەوە، من لە تەنیشت پەنجەرە ئەودیو تاریکەکە بە تاریکی ڕۆنیشتبووم، بۆنی ڕەنگێکی سوورم دەکرد و دەگریام.. باوکم دەمێکی درێژ بەڵغەمی نێو سییەکانی بەرەو نێو دەمی هەڵکێشا و تەواو کۆیکردنەوە و تێیگرتم و گوتی: دیارە ناترسی "شوان"ت لە دەست بچێ؟ "ژیان دەرفەتە"، دیارە سەگێکی وەك تۆ، ناتوانێ سوودی لێببینێ؟ دەزانم حەیامان دەبەی.

هەتاو گوتی: لە فەرهەنگی ئێمەدا، وشەی حەیا واتە: دەرهێنانی دڵی ئازادیی لە جەستەی ئازادییدا و فڕێدانە بەردەمی سەگ.

من هەر دەگریام و بۆنی خوێنم لە پۆشاکە نوێیەکانی "شوان" دەکرد..

نیگارکێشە غەجەرییەکە، منی لە نێو خوێندا گەوزاند و گوتی: خۆشمدەوێی.

هەتاو گوتی: بەڕەڵلاکردنی وشەی خۆشەویستیی لە دەم کارێکی سانایە، بەڵام دروستکردنی خۆشەویستی لە نێو ڕۆح و هەستەکاندا پرۆسەیەکە لە دروستکردنی گەردوون دەچێ.
من هەر دەگریام و نیگارکێشە خۆشەویستەکەی خۆمم ماچدەکرد، هەستام بە خاولییێك ڕەنگەکانی جەستەمم سڕیەوە، تابلۆکانی سەر زگ و مەمکەکانم نەبێ، دەمویست نیشانی هەتاویان بدەم، هەتاوم نەدیتەوە و نیشانی فێردەوسم دان..
هەتاو دەیگوت: زۆرجار وایە "دووریی" عەشق بەهێزتر دەکا لە نێوانی دوو عاشقدا.
چەند ڕۆژێك دەبوو خۆمم نەشۆریبوو.. دەترسام لەوەی ـ ئاو ـ هەستەکانی نیگارکێشەکەی خۆم لەسەر زگ و مەمکانم بسڕێتەوە.. هەستم دەکرد ئەوەی سەر سك و مەکەکانم تابلۆی ئاسایی نەبوون، بەڵکو ئەوە خۆی بوو کە لە شێوەی ڕەنگ بەسەر جەستەمدا تلابۆوە و پەخشان ببوو..
لە ستۆدیۆ تایبەتیەکەی بە نازێکەوە، گلاسە خاڵییەکانم تژی کرد لە وێسکی و دوو جگەرەمان داگیرساند.. خۆم ڕووت کردەوە، نیگارکێشە خۆشەویستەکەی من، ماچێکی لە تابلۆکەی سەر زگم کرد و نەختێ لێوی بەو ـ با ـ یە داهێنا کە لەسەر مەمکی ڕاستەم دروستی کردبوو، بە دەستی چەپەشی مەمکی

چەپەمی تەواو گرمۆڵە کردبوو، تەئەمولی بۆ وێنەی سەرابەکە دەکرد..

لێوەکانمی ماچ دەکرد و گوتی: تا ئەو ڕادەیە منت خۆشدەوێ؟

هەتاو گوتی: هەندێ جار یەکێك لەبەر ئیگۆئیستییەتی خۆی هەوڵدەدا هەستەکانی یەکێکی بەرامبەر بە خۆی دەستەمۆ بکا.

من گوتم: نەك هەر خۆشمدەوێی.. بەڵکو بۆت دەمرم، پەیمانم بە خۆم داوە هەتا مابم لە هیچ یەك لە وتەکانت، لە فەرمانەکانت دەرنەچم.

ئێ خۆ من هیچم نەکردبوو بەر لەوەی گوللە ساردەکە دڵی گەرمم خیشار خیشار بکا.. لە تەنیش پەنجەرە ئەودیو تاریکەکە بە تاریکیی دانیشتبووم، دەتگوت کوکوختیم، دەرسم دەخوێندو بیری ئەو ڕۆژەم دەکردەوە کە نیگارکێشەکەی خۆم لەسەر بەردێك ڕایخستم و  وێلانە بە فلچە و بۆیە کەوتە ڕەنگکردنی جەستەم، نازانم وێنەی چی دروست کردبوو؟ بەڵام ڕەنگەکانی هێندە بە جوانی تێکەڵ و ئاوێتە کردبوو دەتگوت کیمیاگەر و ئێکسیرێکە و دەیەوێ لە مرۆڤەوە بمگۆڕێ بۆ تابلۆییێکی ئەفسووناوی..

کە لە نێو ئەو کێوانەدا لە جەستەی ڕووت و ڕەنگاوڕەنگی خۆمم دەڕوانی، لە تابلۆییێکی ئاڵۆزی شەفاف دەچووم کە لە سرووشت دروست کرابم..

بە نیگارکێشە خۆشەویستەکەی خۆمم گوت: باسی ئەو تابلۆیە سیحراویەم بۆ بکە.
هەتاو گوتی: ناشێ کەسێ بۆ یەکێکیتر باس لە تابلۆیێك بکا.. تابلۆ کتێبێکە بە حەرفی ڕەنگ نووسراوە، چاو و هەست دەیانخوێننەوە نەك عەقڵ و لۆژیك.
من لەسەر کەڤرێکی کەنار ڕووبارەکە، لە بناری شاخێکدا بە ڕووتی ڕاکشابووم، لە درەختە پەلوپۆ کەسکەکانم دەڕوانی، نیگارکێشەکەی من بە کامێرا ڕەسمی دەگرتم..
گوتم: سرووشت تابلۆییەکە، لە گورانییێکی بێدەنگ دەچێ.. خودا هەمیشە لە کاتی پشوویدا تەئەمول بۆ جوانییەکانی سرووشت دەکا و لەززەت لە جوانییەکانی دەبا.
من لەسەر کەڤرەکە بەسەر پشت و ڕوو لە ئاسمان ڕاکشابووم و لە قووڵایی شینایی ئاسمانم دەڕوانی و گوتم: ئەو نیگارکێشە سەرکێش و شێتە کێیە کە ئاوا بە بێ پرس خۆی کردووە بە نێو دنیای خەونەکانم؟
ئاوڕێکم لێدایەوە، هێشتا ڕەسمی دەگرتم..
باوکم ڕەسمێکی منی هەڵدایە پێشم و گوتی: باش بوو دانی پیانا کە وێنەی تۆی لە خوشکەکەی دزییە و لای خەڵك باسیکردیە کە حەزت لێدەکا.. خۆ ئەگەرنا وەك بەرخێك کەللەی سەرتم لە لەشت جیادەکردەوە.. تف و لەعنەت لە

دراوسێی ئاوا خوێڕی کە نەتوانێ منداڵەکانی بە شێوەیەکی باش پەروەردە بکا.

حاجی مامم بێ پرس خۆیکرد بە ژوورەوە، "شوان" چەپکە گوڵێکی بە دەستەوە بوو، بۆنی خوێنی لێ دەهات.. بۆنی خوێن لە سمێڵە گەورەکانی دەهات، ڕانك و چۆغەرێکی سۆرتاریکی نوێی لەبەردابوو، پشتێنێکی سووری لە ناوقەدی ئاڵاندبوو، وێنەی چەند بەرخێکی کەوڵکراوی لەسەر بوو.. ورگی کەوتبووە سەر پشدێنە سۆرتاریکەکەی، من لووتی خۆمم توند گرتبوو، کەچی خەریکبوو هێشتا لەبەر بۆنی خوێن کاس دەبووم.

هەتاو گوتی: بۆنی خوێنیش جێگای دیالۆگ و قسە لەسەر کردنە.. کەسانێك هەن بۆنی خوێنیان لە بۆنی ئەلکحول و جگەرە و عیشق پێخۆشترە.

من بیرم لە بۆنی خوێن و بیرم لە بۆنی ڕەنگە سوورەکەی نێو ستۆدیۆکە دەکردەوە..

غەڵبە غەڵبێکم گوێ لێبوو، باوکم بوو دەیگووت: فەرموو مامۆستا فەرموو..

دایکم پاڵی پێوەنام و گوتی: بڕۆ ژووری هەی ناکەس بەچە.

من دەگریام و فرمێسکەکانم دوو ڕووباری سوور بوون و کەسیش نەیدەزانی ڕووگەی ڕۆیشتنیان ڕوو لە کوێیە!

باوکم دەسەسڕە پڕ لە بەڵغەمەکەی هەڵدایە پێشم و گوتی: چاوە مۆنەکانت بسڕە هەی ناکەس بەچە.. بەچاوی فرمێسکینەوە نەت بینم قەحپەی لە قەحپە.

من چوومە ژووری و بە تووڕەییەوە دەستم دایە چەکوشێك و کەوتمە شکاندنی پەیکەرەکان، سەری پەیکەری خوداوەندێکم پەلدا، لوتی یەکێکیانم شکاند، یەکێکم لە خوداوەندەکان لەناو قەدیەوە دوو لەت کرد، شێتانە چەکوشەکەمم ڕادەوەشاند، کەوتمە چەکوش لێدان لە کەللە سەری خودای خوداوەندەکان و هاوارم کرد: دەمبەی یان نا؟ تازە کار لە کار ترازا.

نیگارکێشەکە مەست بوو، لە شوێنی خۆی نەبزوا، هەر لەخاکی دەڕوانی و مژی قووڵی لە جگەرەکە دەدا و بە نەرمییەوە لە بن لێوەکانییەوە گوتی: ئێرەم خۆشمدەوێی.. بەلاَم دەبێ ببووری چونکە ناتوانم بتبەم، دواتر بۆ کوێت ببەم؟

من تووڕە بووم و دەگریام، ئاوڕم دایەوە قووتییەك ڕەنگی سووری خوێناوی دیاربوو، هەموویم بە جارێك پێدا کرد.. ئەو شێتانە ڕابوو، ڕووتی کردمەوە، من ڕوخساریم نەدەدیت لەبەر ڕەنگی سوور.. لە باوەشی کردم و وەکو عەرد ڕایخستم ئاگرێکی گەورەی داگیرساند و منی تیا ئاخنی، ئایا لەبەر شکاندنی پەیکەرەکانی بوو کە منی ئاوا لەو ئاگرەدا ڕاخستبوو؟ من لەنێو ئاگرێکی گەورەدا ڕاخرابووم، ڕاکشابووم، پەڕەسێلکەی لەززەتم لێ دیار بوو فێنکییان دەهێنا.. هانکە

هانكمان بوو، دەسوتاین و هێور بووینەوە، سارد بووینەوە، سارد سارد دەتگوت شەختەین و لە ئامێزی یەكتردا هەڵكورماوین..

هەتاو گوتی: سێكس شیعرێكی تەمەن كورتە.

ئێمە هێورو فێنك بووینەوە، بەلاّم هێشتایش لە نێو ڕەنگە خوێناویەكە ڕاكشابووین.. ماچێكی لە لێوەكانم كرد و سەری نایە سەر مەمكەكانم، من لە چاوی شوان دیمەنی بڕینی سەری بەرخەكەم دەهاتەوە یاد، باعە باع و فرمێسكە كریستالاّویە هەڵوەریوەكانی بەرخەكەم دەكەوتەوە بیر..

مەلا گوتی: ڕازی باوكت وەكیلت بیت؟

من هەر دەگریام و نەمدەزانی دەبێ چی بكەم! چی بڵێم؟ بەسەر ڕاشڵەقاندن و بە نارەزاییێكەوە گوتم: نا

باوكم بە جوولەی دەست و بە ئاماژەی چاو هەڕەشەیەكی كرد، دەستی خستە سەر دەمانچەكەیی و بە توڕەییەكەوە كە بە تەنیا ئاگری دۆزەخ لە چاوەكانیدا دەبینرا تەماشای كردم..

من هەر دەگریام و لە مەلام ڕوانیەوە، بەسەر ڕاهەژاندنێك گوتم: ئا

دەرگای ژوورەكەم بە گریانەوە كردەوە چوومە دەرێ.

دەرگای ستۆدیۆكەم كردەوە و چوومە ژوورێ.. هەموو تابلۆكانم بەسەر یەكدا بەردایەوە، ڕەنگەكانم ڕژاند، ڕەنگی سەوز و ڕەنگی سوور و ڕەنگی زەرد و ڕەنگی سپیم هەڵڕژاند..

نەمدەزانی چیدەکەم! دار و دیوار و تابلۆکانم لە ڕەنگی سووردا هەڵسوی.

من بەرخەکەم دەهاتەوە یاد کە لە ناو خوێندا گەوزا بوو، دایکمم دەهاتەوە یاد کە باوکم لە ناو خوێندا گەوزاندبووی، خۆمم دەهاتەوە یاد کە نیگارکێشەکە منی لە نێو خوێندا گەوزاندبوو.

نیگارکێشەکە قووتییەك ڕەنگی سووری بە ڕوخسارم داکرد، کراسی هەڵزڕاندم، ڕووت و قووتی کردمەوە، بە دیواریەوە نووساندم، بە دیوارێکی سوور سووری نووساندم، جەستەی ڕووتم سوور سوور دەچۆوە، دەتگوت بەرخێکم و لە نێو خوێنی خۆمدا گەوزاوم.. من شوانم بیرکەوتەوە کە بەرخەکەی کەوڵ دەکرد نیگارکێشە بەتینوو هێزدارەکەی من قووتییەکی تری ڕەنگی سووری پێدا کردم، وام هەستدەکرد دەیەوێ کەوڵم بکا.

من هەر دەگریام.. لە سالۆنەکەدا خەریکبوون ئارایشیان دەکردم و دەیانڕازاندمەوە.. شوان ڕانك و چۆغەرێکی سۆرتاریکی لەبەر دابوو، بۆنی خوێنی لێدەهات، هاتە ئارایشگاکە و نانی نیوەڕۆی بۆ هێناین.. گۆشتی بەرخی هێنابوو، من فرمێسك و باعە باعی بەرخەکەم هاتەوە یاد، من گلیێەکانی بەرخەکەم هاتەوە یاد، من دڵی بەرخەکەم هاتەوە

یاد کە فرێدرایە بەردەمی پشیلە ڕەشەکە.. شوان پۆشاکێکی نوێشی پۆشیبوو کەچی هێشتا بۆنی خوێنی لێدەهات.
نەمتوانی گۆشتە بەرخ بخۆم، سەرم دەسوڕا، هۆقە هۆقێکم کرد، خەریك بوو دەڕشامەوە، بە غارە غار خۆمم گەیاندە سەر مەغسەلەکە، ڕشامەوە، دەستم خستە سەر زگم و تێگەیشتم.. لەو چرکەساتەدا خەمی مردن و لەناوچوونی خۆمم نەبوو، بەڵکو لە پەروانە بێگوناهەکەی نێو زگم دەترسام.. نازانم بۆچی هێندە خەمی ئەو پەروانەیە ئازاری دەدام؟ ئێ خۆ ئەو هیچی نەکردبوو تا گوللە تیژەکە بێ و دڵی هێوری لەت و پەت و وێران بکا..
تەماشای کاتژمێرە بازنەییەکەی سەر دیواری ساڵۆنەکەم کرد، ژیانم هاتەوە یاد و گوتم: هەتاو دواکەوت.
هەتاو گوتی: "ڕاکردن" واتە: ڕەتکردنەوەی کۆمەڵگا و ترادتسیۆن و ژیانی لە بۆتە ئاخێنراو.
من لە کاتژمێرە بازنەییەکەم ڕوانییەوە و سنووری عومری خۆمم هاتە بەرچاو و گوتم: هەتاو نەهات!
هەتاو بە ڕەنگ زەردییەکەوە دەرکەوت، دەتگوت پایزێکی ناکۆتایە، گەڵا لە گلێنەکانی هەڵدەوەران، دەرگای ساڵۆنەکەی کردەوە، "ئارەزوو"ی خوشکی "شوان" پڕی دامێ و لە ئامێزی گرتم، لە باوەشی خۆیدا گرێیدام، فرمێسکی کریستاڵی لە چاوەکانیدا هەڵدەوەران، تاریکی لە چاوەکانیدا دەدرەوشایەوە،

هێشتا من لە باوەشی ئارەزوو دابووم کە هەتاو گوتی: ژنەکان باشتر لە زمانی یەکتر تێدەگەن.

ئارەزوو گوتی: بڕۆ خودا لەگەڵتە، خودا لەنێو ڕۆحی تۆ دایە، بڕۆ ئیرەم گیان بڕۆ، با نەکەویە بەردەستی ئەو گورگانەی کە بە تەنیا شەیتان لە نێو خوێنیان دایە.

هاوپۆلە سوورهەڵگەڕاوەکانم یەکە یەکە ماچی سووریان لێکردم.. بە جلی بوکێنی سواری پشتەوەی ئۆتۆمبێلەکە بووم، هەتاو بە خێرایی ئۆتۆمبێلەکەی لێخوڕی..

شوان دەمانچە دەسك سوورەکەی لە ژێر پشتێنە سوورتاریکەکەی دەرهێنا و چەند گوللەیەکی بە ئاسماندا پەخشانکرد.. حاجی مامم گوتی: بەسە چیدی تەقەی خۆشی مەکەن..

من و هەتاو دەگریان، پرچی هەتاو سوور سوور هەڵگەڕابوو، دەمویست بپرسم: هەتاو گیان کوانێ ڕەنگی زێڕینی پرچت؟ بەڵام من و هەتاو هەر دەگریاین، لەبەر گریان نەمدەتوانی پرسیار بکەم، شار بۆنی خوێنی لێدەهات، حەسرەت لە گیانی شاردا حیلەی دەهات، حیلکە حیلکی زریان و لافاوم گوێ لێبوو، ـ با ـ سەرسوڕماو لەو تابلۆیە سوورەی دەڕوانی..

هۆقە هۆقم بوو، دەمویست بڕشێمەوە و نەدەڕشامەوە، دەستم لەسەر پەپوولەکەی نێو زگم دانابوو، بۆخۆم و پەپوولەکە و هاوپۆلە هاوچارەنووسەکانی خۆم دەگریام، هەتاو دەستی بە

پرچی سووری داهێناو نەختێ فرمێسکە سوورەکانی سڕیەوە و بە هەنسکەوە پرسی: ئیرەم گیان، دەبێ جارێکیتر بتبینمەوە؟

من لە پڕمەی گریانمدا.. گریانێك، کە تا ئەو کاتە هەرگیز هەستم پێنەکردبوو.. هەتاو ماچێکی لە ڕوومەتم کرد و گوتی: گیانی من، فیراق شیعرێکە هەمیشە لە چاوەڕوانییدا ژیان دەگوزەرێنێ، خەفەت مەخۆ، چارەنووسی ئێمە وایە، لێرەش نەبێ، جارێك هەر دێ و تابلۆیێ دەخولقێ لە سەرووی زەمەن و شوێندا، ئێمە لەوێدا یەکتر دەبینینەوە، یەکتر بینینەوەیەکی تاهەتایی.

لە دەرگای ستۆدیۆکە چووینە ژوورێ، نیگارکێشە خەفتبارەکەی من، جگەرەیەکی بە لالێویەوە بوو، گرانتسی دەخواردەوە، دەیویست تابلۆییەك تەواو بکا.. (فریشتەیەك لە بیرێك دێتە دەرێ و لە خۆر دەڕوانێ.. پەپوولەیەکی لەنێو زگی دایە، بۆ چارەنووسی خۆی دەگریێ.. فریشتەیەك بەرەو خۆر لە ڕێگا دایە، کەچی گوللەیەکی تاریك دێ و دڵی ڕووناکی پارچە پارچە دەکا).

باوکم بە دەمانچەیەکی دەسك خوێنینەوە و بە چاوانی خوێنینەوە هاواری کرد: دەمزانی قەحپەیە، شەرتبێ نابێ جارێکیتر چاوی بە ئەستێرەکانی ئاسمان بکەوێتەوە.

"شوان" دەماچە دەسك سوورەکە و چەپەچاغێکی بە دەستەوە بوو، بە گریانێکی تێکەڵ بە تووڕەییەوە بە حاجی مامی گوت:

نەمگوت من خوێندەوار ناهێنم؟ ئاخر دەمزانی ئاخیرەتی خوێندەوار قەحپەییە.. شەرتبێ نەهێڵم جارێکیدی تێپەڕینی وەرزەکان بە چاوی خۆییەوە ببینێ.

هەتاو گوتی: "ڕۆشەنبیریی" بۆ مرۆڤ وەك دڵ وایە لە جەستەدا.

نیگارکێشە خۆشەویستەکەی من دەستی دایە جانتاییەك و هەندێ فلچە و ڕەنگی سووری تیا ئاخنی، دەمانچەکەی لە ژێر کراسە سوورەکەیدا جار نا جارێ دەردەکەوت و بزر دەبۆوە.. من هەتاوم ماچ کرد، هەر ماچم دەکرد و دەگریام، فرمێسکە سوورەکانمان ئاوێتە ببوون، هەتاو منی ماچ دەکرد و دەگریا، ماچەکانی سوور سوور بوون، دەتگوت جل و بەرگی خوێنینیان لەبەر کردووە.. یەکترمان ماچ کرد.. ماچی سوور سوور..

هەتاو گوتی: "خودا" دەرهێنەری ئەو فیلمە تراژیدیەیە.. ئەو سینارستە.. ئەو مۆنتێرە.. ئینارەی ئەو فیلمە لە دەستی ئەو دایە.. دەسپێك و کۆتایی لە دەست ئەو دایە، ئێمە تەنیا ئەکتەرین، بە هیچ شێوەیەك ناتوانین لە تێسکت لابدەین.. بەڵام ئاگاداری خۆشتان بن.

هەردووکمان دەگریاین و نەماندەزانی دەبێ چی بکەین و چی چاوەڕوانمان دەکات!؟

هێشتا گوللە ساردەکە دڵی گەرممی نەبڕیبوو کە ئێمە گەیشتینە "ئەمستردام".. لە تەنیشت پەنجەرەکە دانیشبووم، لە هەتاوم دەڕوانی، پێم سەیربوو هێشتا پرچی هەر سوور بوو.. چاوانی پڕ لە فرمێسك، تاریکیی لە نێو گلێنەکانیدا پێدەکەنی، چرۆی دەکرد..

من هێشتا هەر لە تەنیشت پەنجەرەکە دانیشتبووم، کە نیگارکێشە خۆشەویستەکەی خۆم، خۆی لە ڕەنگی سوور ئاخنی بوو، وێسکی دەخواردەوە و جگەرەی دەکێشا و بە بێباکییەوە گوتی: من منداڵم ناوێ.

من دەگریام و دەمویست بڵێم: منیش وەك هەموو کەسێکیتر مرۆڤم، حەز دەکەم منداڵم هەبێ، حەز دەکەم پارچەیەکی ڕۆحی خۆم ببینم.

گوتم: نیگارکێشە ئازیزەکەم، بۆت دەمرم، تۆ چی بڵێی ئاوا دەکەم.. من تۆم هەبێ دنیام هەیە، ژیانم هەیە.

دیارە من بۆ هەمیشەیی بۆ ئەوە دروست ببووم کە بۆنی خوێن بکەم، قەتلم کرد، خوێنم ڕشت.. من کێم کوشت و خوێنی کێم ڕشت؟

پەپوولەکەی خۆمم بەو دەستانەی خۆم لەناو برد.. ماچێکم لە نیگارکێشە خۆشەویستەکەی خۆم کردو گوتم: بۆت دەمرم.. تا لە ژیاندا مابم خۆشمدەوێی.. دوای مەرگیش خۆشمدەوێی.

هەتاو گوتی: پیاوان دەتوانن باشتر لە ژنان بێزاربوونی خۆیان لە هاوسەرییدا نیشان بدەن.
هەتاو گوتی: پیاوان زوو لە ژنەکانیان بێزار دەبن.
هەتاو گوتی: ژن پێکە، پیاو خۆی پێ سەرخۆش دەکا و دواتر توورِ هەڵیدەدا و دەیشکێنێ.
هەتاو گوتی: ژنان گۆرانین، پیاوان دەیانخوێن.
من بە نیگارکێشە خۆشەویستەکەی خۆمم گوت: من ژنم، گۆرانی و پێکم، لە پێناوی تۆدا گرِ لە باخی هەزاران پەپوولەیش بەردەدەم.
نیگارکێشەکەی من تا ئاستی مردن وێسکی دەنۆشی، منیش دەبوایە بەشداری بکەم، چونکە ئەو حەزی دەکرد.. ئاخر خۆ من پەیمانم بە خۆم دابوو، پێی نەڵێم: نەء ... ئێ خۆ من هیچم نەکردبوو تا گوللە ساردەکە ئاوا دڵی گەرمم ببڕێ!
ئەو حەزی دەکرد سەرخۆشبم و جگەرە بکێشم.. سەرخۆشی دەکردم و تەختی دەکردم.. خۆی دەهەژاند و پێڵوەکانی دادەخست..
دەمگوت: پێڵوەکانت ئاوەڵاکە و لە من بروانە.
دەیگوت: تۆیش وەك من پێڵوەکانت دابخە، هەمیشە فەنتازیا جوانترە.
هەتاو گوتی: کە پیاوەکان لە سێکسکردن لەگەڵ ژنەکانیان بێزار دەبن بە خەیاڵ لەگەڵ ژنانی دیکە دەخەون.

من دەمگوت: ئاخر ناتوانم.. من تەنیا ڕەنگی خوێن دەبینم.. باعە باع و هەڵوەرینی فرمێسکەکانی بەرخەکە دەبینم.

زللەیەکی لێدام، من نەمدەزانی ئەو چی دەکا..! زللەیەکیتری لێدام، من نەمدەزانی ئەو دەیەوێ چی بکا..! من بیرم کردەوە، زللەیەکیتری لێدام و بە تووڕەییێکەوە گوتی: بیر لە چی دەکەیتەوە؟

خۆشبوو.. ئیدی تا لە هانکە هانك و قیژە و هاوار دەکەوتین، لێیدەدام، لێیدەدام و لێیدەدام.. هێزی دەکەوتە بەر، توووند دەبوو، پێڵوەکانی دادەخست، ئەو کاتەی کە زللەیەکی بە بناگوێمدا دەشریقاند بە تووڕەییەوە لێمی دەڕوانی، ئاگرم لە گلێنەکانی دەدیت، دەتگوت دەیەوێ بمسووتێنێ.. لێوەکانی بە نەرمییەوە دەجوولاند، بەڵام من نەمدەزانی چی دەڵێ!

لە تەنیشت پەنجەرەکەوە، لە قاتی حەفتەمدا ڕۆنیشتبووم، تاك و تەنیا لە هاتوچوونی کەسەکانی سەرشەقامم دەڕوانی.. بەلەمەکان هێندە بە ڕێکپۆشی و جوانی دەهاتن و دەچوون، دەتگوت تابلۆییەکی جوولەدارن.. ڕەنگەکان هەمووی تێکەڵاوبوون لە ئەمستردام.. ئیدی دەمتوانی پانتۆڕە ڕەشە مۆدێرنەکەم لەگەڵ فانیلە عەلاگە ڕەشەکە بپۆشم.. دەمتوانی مەمکەکانم و (الله)کەی نێو دۆڵی مەمکەکانم هەناسەدەم.. دەمتوانی بەلەکە لووس و ڕانە سپییەکانم بەڕەڵاکەم.. بەڵام بەردەوام بۆنی تاریکیی و خوێن یەخەیان بەرنەدەدام.

ئایە ئێوە گوێتان بۆ قسەی مردووان ڕادێراوە؟ من وا هەست دەکەم دوێنێ بوو، ئەوڕۆ بوو، ئێستابوو، کە گوللە ڕەشەکە بە دڵی سپیمدا گوزەری کرد.. ئایە لە حەشرم، یا لە عەرشی گەورەدا، بەرامبەر بە خودا، شاهێدی لەسەر ڕووداوەکان دەدەم؟ ئایە گلەیی دەکەم یا داوای تۆڵە؟ سکالاّ دەکەم یاخود دەخوازم خۆم لە گوناهەکان پاك بکەمەوە؟

نیگارکێشە خۆشەویستەکەم، هەندێ تووتنی لە دەست دابوو، بە چەرخ ماددەیەکی قاوەیی ڕەنگی نەرم دەکردەوە، بە قامکە درێژەکانی وردە وردە بە نێو تووتنەکەدا پەرتی دەکرد، کاغەزی ژێر تووتنەکەی پێچایەوە و کردی بە جگەرەیەك..

ئەو کردارەی چەند بارە کردەوە.. حەفت جگەرەی دروست کرد.. من لە تەنیشت پەنجەرەکە دانیشتبووم، بە نیگارکێشەکەی خۆمم گوت: ئەوەی دەستت چییە؟

ئاوڕێکی دایەوە، من ترسام و بۆنی تاریکییم کرد، ئەو گوتی: حەشیش باشتر نییە لە وێسکی؟

جگەرەیەکی پڕ لە حەشیشی بۆ خۆی داگیرساند و یەکێکیشی بۆ من.. مژی قووڵ قووڵمان لێدەدا، سەرەتا کۆخیم، بەلاّم دواتر مەست بووم.. زۆر زۆریش مەست بووم.. ئەویش مەست بوو.. لەناو بانیۆ و لە ژێر دووشەکەدا وێلاّنە کەوتە مژینی سەراپای جەستەم.. جێ نەما.. تا ئەو کاتە بەو شێوەیە دوور نەڕۆیشتبوو.. کە ڕایخستم لێیدام.. زللەی بەهێز بەهێز..

دواتر وەستا.. من پێویستم بە لێدان بوو.. نالاَندم: لێمدە.. ئاسمان لێمدە..

نیگارکێشە بەهێزەکەی خۆم، بزەیەکی کرد و لێی نەدام.. من پێویستیم بە لێدان بوو، نەشمدەزانی بۆ!؟ هاوارم کرد: دەی قوربانت بم، نیگارکێشە ساحیرەکەی خۆم لێمدە.

نازانم بۆ نەیدەویست لێمبدا! من غەریبی زللە بەهێزەکانیم دەکرد کە گۆناکانمی وەك گوڵێکی سووری خوێنین هەڵدەگەڕاند.. هیچ قسەیەکی نەدەکرد، بە تەنیا لەنێو خۆ ڕاهەژاندنێکی پڕ لە مەستییەکی ڕەها، چرکە بەهەشتاوییەکانی دەگوزەراند.. داوای کرد، من دینەمۆی ئەو پرۆسەیە بم.. من وامکرد.

ئاخر من پەیمانم دابوو لە قسەی ئەو دەرنەچم.. کە من ڕێبەرایەتی ئەو پرۆسەیەم گرتە ئەستۆ، خۆشتر بوو.. زۆر زۆر خۆشتر بوو لە جاران، ئەو ڕاکشا و گوتی: لێمدە.

من مانەندی هاوپۆلە شەرمنەکانم، شەرمم کرد.. ئەو ڕاکشا و گوتی: لێمدە.

ئاخر من وەك هاوپۆلە ترسنۆکەکانم دەترسام، من لەسەریدا ڕاکشابووم، ئەو گوتی: مەترسە و لێمدە.

هەتاو گوتی: هەیە حەزدەکا لێدەر و لێدراوبێ لە ژیان .. وەك یەك چێژ لە هەردوو حاڵەتەکە دەبینێ.

ئاخر من لەززەتم لە زللەکان دەکرد کە بەر بناگوێم دەکەوتن و بە وێنەی هاوپۆلە سوورهەڵگەڕاوەکانم سوورهەڵدەگەڕام کە لێدەر بم .. نیگارکێشەکە گوتی: لێمدە.. کچی ئاسمان لێمدە.. لێمدا.. زللەی بەهێزم لێدەدا.. هەردووکمان توندتربووین لە جاران.. ئێمە چیمانکرد؟

ئێمە لە کەناری دەریای مردندا ڕاکشابووین تووند وەك ئاسن، پێڵوەکانی داخستبوو، گوتم: بیرکەرەوە، فەنتازیا بکە.

گوتی: لەگەڵتم فەنتازیا جوانترە.

منیش پێڵوەکانم داخست، باعە باعی بەرخ و فرمێسکی بەرخەکە هاتە بەرچاوم گوتم: ناتوانم پێڵوەکانم داخەم، من بە تەنیا ڕەنگی خوێنم لێدیارە..

ئەو جوێنکی پیسیدا.. من لە مەبەستی تێنەگەیشتم.. ئەوتۆماتیکی هۆشداربوومەوە.. بە نیگاییەکی تیژی هۆشدار لە گلێنە ڕەنگاوڕەنگەکانیم ڕوانی و گوتم: چیت گوت؟

گوتی: من ئێستا لە ژێر تۆدا نیم، بەڵکو لە ژێر خوشکە بچووکەکەی تۆدام.

هەتاو گوتی: بەر لەوەی کوڕێك بگا بە ئۆرگازم پەپوولەیە، بەڵام دواتر کە زەمەن دێ و دەچێ، کچەکە تێدەگا کە ئەو گورگ بووە و خۆی لە پێستی پەپوولە نمایشداوە.

من نەمدەزانی نیگارکێشەکە چی دەڵێ! تا ئەو کاتە بەو بێ ئەدەبیە لەگەڵ مندا ئاوا نەدوا بوو، بۆیە گوتم: خۆشەویستەکەم، دەکرێ دووبارەی بکەیتەوە؟
گوتی: ئەوە تۆ نیت هانکە هانکت کەرم دەکات، بەڵکو "فیردەوس"ی خوشکە بچووکەکەتە.
گوتم: خوشکی خۆتە هانکە هانك دەکا.
گوتی: چ !؟
حەزی بەو ڕستەیەی من بوو، دەیویست دووبارەی کەمەوە..
گوتم: ئەوە خوشکی خۆتە لەسەرت ڕاکشاوە.. ئەوە من نیم بەڵکو خوشکی خۆتە.. خوشکی خۆتە.. خوشکی خۆتە..
ئەو توووند بوو، بەو قسانەی من توووندتر دەبوو.. هێزی هەموو دنیای دەهاتەبەر و دەیگوت: تۆ فیردەوسی خوشکتی.. تۆ فیردەوسی، قەوارەی مەمکەکانتان هاوقەوارەیە..
هەستم دەکرد لە گەمەیەکی خۆشدا تامی لەززەتی زەمەن و تەمەن دەچێژم.. قسەکانی هێز و ئارەزووی پێدەدام، جوێنەکانم بەهەشتی نیشانی ئەو دەدا.. قسەکانمان هێز و لەززەت و ئازار و فەنتازیا و ئۆرگازموزیان پێدەداین.. هەموو جارێك بەو گەمە نامۆیانە مردنمان دەدیت و دەگەڕاینەوە..
نیگارکێشە خۆشەویستەکەی خۆم لەو هەموو گەمەیە بێزار بوو، دوو ساڵ بوو لە ئەمستردام دەژیاین.. من لە تەنیشت پەنجەرە ئەودیو پرسیاراویەکە دانیشتبووم، لە گڵۆپە

ڕەنگاوڕەنگەکانم دەڕوانی، کە لە نێو ڕووبارەکەدا لە سەما دابوون..

جگەرەی دەرهێنا و کێشامان، گرانتسی هێنا و خواردمانەوە، حەشیشی پێچایەوە و کێشامان، پێڵوەکانمان داخست و گوتی: من لەگەڵ تۆ نەخەوتوم، بەڵکو لەگەڵ خوشکە بچووکەکەت خەوتووم.. دەی تۆش وەکو من فەنتازیا بکە.

گوتم: چی بێنمە بەرچاوم؟ من بە تەنیا بەرخەکەم دێتەوە یاد کە بەناخۆشحاڵییەوە لە نێو خوێنی دڵی خۆیدا گەوزاوە، من تەنیا باعە باعی بەرخەکە و هەڵوەرانی فرمێسکی خوێنینی بەرخەکە و پۆشاکی سووری شوانم دێتە بەرچاو.

گوتی: فەنتازیا بە شوان بکە کە بە ناخۆشحاڵییەوە لە نێو خوێنی خۆتدا دەتگەوزێنێ.

من وەك هاوپۆلە بێ فەنتازیاکانم شەرمم دەکرد، نەمدەویست ئەو دیمەنە بێنمە بەرچاوم، بەڵام پەیمانم دابوو کە لە قسەکانی ئەو دەرنەچم، من خۆ هیچم نەکردربوو تا گوللەیەکی وشك و برینگ ئاوا دڵی تەڕم لەت لەت بکا..!

هەتاو گوتی: ئیرەم گیان، بە بۆچوونی پیاوان، دەبێ ژنەکان سانسۆر لەسەر فەنتازیاکانیشیان دانێن.. بەڵام دەبێ بزانین کە زۆربەی جارەکان فەنتازیا لە شتە واقیعیەکان جوانترە، لەگەڵ ئەوەش کە هەندێ جار تووشی گرفتمان دەکات.

نیگارکێشەکەی من گوتی: ئێرەم، وا دانێ تۆ لەگەڵ قەسابەکە دەخەویت و منیش لەگەڵ فێردەوس.

من نەمدەزانی ئەو چی دەڵێ! بەڵام هەمدیس لەگەڵێدا چوومە نێو ئەو گەمەیەش.. ئەو هەستایەوە و قەڵەمی هێنا..

من نەمدەزانی چی دەکا! پۆرترێتی فێردەوسی خوشکە بچووکەکەمی بە ڕووتی لەسەر مەمکەکانم کێشا و بەسەرمدا ڕاکشا..

من پێڵوەکانم داخستن و لە نێو خوێندا لە تەنیشت بەرخەکەدا ڕاکشام، قەسابەکەی سەرم "شوان" نەبوو، بەڵکو شاعیرەکە بوو کە هاتبووە داخوازیم، ئەو لەسەر مندا ڕاکشا بوو نەك نیگارکێشەکە.. دەهەژاین و دەمردین، تووند توووند بووین دەتگوت شاخین.. شاعیرەکە بوو بە سووراوێك شیعری لەسەر مەمکەکانم دەنووسی، خۆی ڕادەهەژاند.. شاعیرەکە بوو لەسەرم ڕاکشا بوو نەك نیگارکێشە خۆشەویستەکەی من..

نەمدەزانی چی دەکەم! بەڵام خۆشبوو، زۆر زۆریش خۆشبوو..

من چیم کردبوو؟

بۆچی گوللە ڕەشەکە دڵی سپیمی ئاوا زوێڵ زوێڵ کرد؟ ئێ خۆ من بە تەنیا هەوەس و ئارەزووی نیگارکێشە خۆشەویستەکەی خۆمم جێبەجێ دەکرد و چیتر نا.. خۆ من هیچم نەکردبوو خودا، تا ئاوا گوللە ساردەکە بێ و بە نێو دڵی گەرمم گوزەر بکا..

هێشتا له تەنیشت پەنجەرە ئەودیو تاریکەکە بە تاریکی دانیشتبووم کە هەتاو هاتە لام و بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:
ئەو شیعرە بخوێنەوە کە شاعیرەکە بۆتی نووسیوە..
دەستم دایە گۆڤارەکە و دەستم کرد
بە خوێندنەوەی شیعرەکە:

(ئیرەم)

تۆ لەگەڵ ـ با ـ دا، بەنێو یەقیندا گوزەر دەکەی..
تۆ لەگەڵ ـ با ـ دا
دەخوازی ڕەسمی هەتاو لە دەموچاوی شەودا بنەخشێنی..
تۆ لەگەڵ ـ با ـ دا دەخەویت..
لەگەڵ ـ با ـ دا دەگریت..
لە نێو خوێن لەگەڵ مندا ڕادەکشێیت..
فەنتازیا بکە، ژیانم فەنتازیا بکە
منیش هەمیشە لە ڕێگادام..
لەنێو ئەو کەشتییە ئاوییە دام
کە ڕوو لە دەریاری ڕۆحی تۆ لە ڕێدایە..
فەنتازیا بکە، ژیانم فەنتازیا بکە..
منیش دێم لەنێو تابلۆ خوێنینەکە ڕاتدەخەم..
تۆ لەگەڵ ـ با ـ دا، بەنێو یەقیندا گوزەر دەکەی..
من دێم و داوا دەکەم بە نێو گوماندا گوزەر بکەی.

جار نا جارێ لە تەنیشت پەنجەرە ئەودیو پڕ لە پرسیارەکە دادەنیشتم و لە شەقامە ڕەنگاوڕەنگەکانم دەڕوانی.. بیرم لە شیعری شاعیرەکە دەکردەوە و بە تیغی چاوانیشم لە نیگارکێشەکەم دەڕوانی، کە لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەن و ڕۆژگار لەڕ و لاواز و بێهێز دەبوو..

ڕەنگ زەرد و سیس و داماو و پایزیی.. ئێسکەکانی ڕوومەتی تەواو دەرکەوتبوون.. نیگارکێشە خۆشەویستەکەی من ئێستا ئەوە نەبوو کە وەك ـ با ـ دەهات و بە نێو بەردەکان تێپەڕدەبوو.. ئێستا تەواو گۆڕابوو، نەیدەتوانی چاو لەسەر خاك دانێ و وەك ـ با ـ تێپەڕببێ.. من هەر دەگریام و هەر دەگریام و نەشمدەزانی بۆچی دەگریم!

لە تەنیشت پەنجەرە پرسیائامێزەکەدا، لە شەقامە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئەمستردامم دەڕوانی، بە تیغی چاوانیشم لە نیگارکێشە خۆشەویستەکەی خۆم، کە خەریکە لەسەر دیوارەکەدا وێنەیەك دروست دەکا، خووی بەو تابلۆیەوە گرتبوو، (گوللەیەکی سارد، دڵێکی گەرم دەبڕێ و لە تەنیشت دڵەکەشدا، مەسیح بە ناخۆشحاڵییەوە لە خاچدراوە).

هەموو بەیانییەك تا خۆرکەوتن، خەریکی دروستکردنی ئەو تابلۆیە بوو.. سەرەتا بە بچووکی لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا ئەو تابلۆیەی نەخشاند..

من هێشتا له پەنجەره گوماناوییەکەدا ڕۆنیشتبووم و له هاتوچۆی کەسه بەختیارەکانی نێو بەلەمەکانم دەڕوانی که بۆ گەشت ڕووبارەکانی ئەمستردامیان تەی دەکرد..

هەتاو گوتی: بەختەوەریی ئەو چرکەیه که له دێرێکی کورتی قەسیدەیەکی درێژدا، وەك برووسکه لێت دەدا.

من له کەسەکانم دەڕوانی که پێدەکەنین.. هەتاو گوتی: پێکەنین له ژیاندا کۆپله شیعرێکه مرۆڤ زوو له خوێندنەوەی دەبێتەوە.

باوکم گوتی: چەندین جۆری کوشتن هەیه، هەندێکیان له نوێژ و مەی دەچن، بۆ نمونه "سەربڕین".

من له پەنجەره ئەودیو تاریکەکه به تاریکیی ڕۆنیشتبووم، دایکم دەگریا و دەیگوت: مەمکەکانت بشارەوە، نەبادا گورگ بیانخوا.

هەتاو گوتی: ئێمه له ئەزەلەوە خۆراکی گورگین.

دایکم دەیگوت: تیشێرتێکی تەسك مەپۆشه، نەبادا چاووزار مەمکەکانت پووچ بکەنەوە.

من به تیغی چاوانم له نیگارکێشەکەم دەڕوانی، تابلۆیەکی گەورەتری دروست دەکرد، (گوللەیەکی سارد به نێو دڵێکی گەرمدا تێدەپەڕێ و مەسیح به بێزارییەوە له خاچ دەدرێ).

تابلۆی سێیەمی کێشا..(گوللەیەکی ڕەش دڵێکی گەرم لەت لەت

دەکاو مەسیح بە ناخۆشحاڵییەوە لە خاچ دراوە، وەك ئەوەی چاوەڕێی زیندوو بوونەوە نەکا).

من لە بەلەمەکانی نێو ئەو ڕووبارەم دەڕوانی.. ئەمستێردام هەمیشە سەوز و خاوێن و جوانتر دەبوو.. نیگارکێشە خۆشەویستەکەی منیش بە پێچەوانەوە.. من لە تەنیشت پەنجەرە پرسیاردۆستەکەدا ڕۆنیشتبووم، باوکم بە دایکمی دەگوت: کچە چاومۆنەکەت، لەسەر بەڕەڵڵایی دەکوژرێ.

من دەگریام و دەگریام و بێوچان دەگریام، هەتاو گوتی: گریان شیعرێکە، ماسکی ئاو لە ڕووخسار دەکا و بەسەر گۆناکاندا دێتەخوار.

من دەگریام و غەڵبە غەڵبێکم گوێ لێبوو"شوان"بوو، بۆنی خوێنی لێدەهات، بەرخەکە باعاندی و فرمێسکی دارشت و دەگریا.. دواتر زۆر بە ناخۆشحاڵییەوە لەنێو خوێندا ڕاکشا.. من دەگریام و نیگارکێشەکەی خۆم، منی لەنێو خوێن و ڕەنگێکی سووری خوێناویدا گەوزاند..

من لە تەنیشت پەنجەرە تاریکەکەدا بە تاریکیی ڕۆنیشتبووم، باوکم لوولەی دەمانچەکەی لە نێو دەمم نا و گوتی: یان "شوان" یان نەمان.

من دەگریام و هەتاو گوتی: مردن جۆرێکیترە لە ژیان.

من دەگریام و لە نێو خوێندا ڕاکشابووم، نیگارکێشەکە گوتی: خۆشەویستیی تابلۆیەکی ئەبستراکتە، هەرکەسە و بە جۆرێك تێیدەگا.

من دەگریام و شوان گوتی: من خۆمم خۆشدەوێ لەو کاتانەی سەری بەرخێك پەلدەدەم.

نەیدەزانی بلێ (خۆشەویستیش لای من ڕەنگی هەیە، ڕەنگێکی سوور سوور، ئاخر خۆ ئەو نەیدەزانی بلێ خۆشەویستیی لای من تام و بۆنیشی هەیە، بۆنێکی خوێنین و تامێکی خوێنین).

من دەگریام و هەتاو گوتی: برۆ، ڕۆیشتنیش گۆرانییەکە، بەڵام بە ڕیتمی خێرا.

من دەگریام و لەسەر مەغسەلی سالۆنەکە دەڕشامەوە، جلی بوکێنیشم لەبەر دابوو.. گوێم لێبوو باوکم بە دەنگێکی بەرز بە دایکمی دەگوت: کووشتنیش لەززەتی خۆی تێدایە.

من هێشتا لە تەنیشت پەنجەرە پڕ لە پرسیارەکە ڕۆنیشتبووم و لە گاڵە و گیڤە و هاژە هاژ و غەڵبە غەڵبی شەقامەکانی ئەمستردامم دەڕوانی، کە هەتاو گوتی: ژیانی ئێمە لە کلووە بەفرێکی تەنك دەچێ، کە بەر لە کەوتنە سەر عەرد بتوێتەوە.

لە نیگارکێشەکەی خۆمم ڕوانیەوە، خەریکبوو ئەو تابلۆیەی لە ناندین دەکێشا.. لەسەر دیواری ناندین.. لەسەر کەوەنتەر.. لەسەر قاپ و قاچاخ.. لەسەر کەوچك و لەسەر چەنگاڵ و

چەقۆ.. لەسەر ماکرۆڤێلە و لەسەر غەسالە.. لەسەر هەموو شتەکان هەمان تابلۆی دەکێشایەوە (گوللەیەکی سارد دڵێکی گەرم دەبڕێ و مەسیح بە تورەییەوە لە خاچدراوە، دەتگوت بە بێ فەرمانی خودا ئەو کارەیان ئەنجامداوە).

ئێ خۆ من هیچم نەکردبوو خودا.. تا ئەو ڕەنگە سوورە کۆنترۆڵی ماڵ بکا و هەموو شوێنەکان کۆڵی بکا..

جار نا جارێ کە حەشیش دادی نیگارکێشە خۆشەویستەکەی منی نەدەدا، دەرزی دەهێنا.. بە قایشێك توونـد تووند باسکی چەپەی خۆی گرێدەدا و دەمارە سەوزەکانی بەدەر دەکەوتن.. بە چاوانی بانگی دەکردم، من دەگریام و بۆنی تاریکییم دەکرد.. هەر بە چاو دەیگوت: لێدە.

لە دەسپێکدا وەك هاوپۆلە ترسنۆکەکانم دەترسام، بەڵام دواتر کە باسکە سپییەکەی منی تووند تووند بە قایشێکی ڕەش گرێدا و دەمارە سەوزەکانی باسکم بەدەرکەوتن، پێڵوەکانم داخست و گوتم: لێدە.

پاش چەند چرکەیەك خۆشبوو.. زۆر زۆریش خۆشبوو.. نەمدەزانی چی دەکەم! بەڵام گەمەیەکی خۆشبوو.

هەتاو گوتی: ژیان مێزی قومارە، ئێمە هەموومان بە یەك ئەنجام لە کۆتایی گەمەکەدا هەڵدەستین.

نیگارکێشەکەی خۆم گوتی: ژیان ڕۆلێتە، من تا دواترەمین چرکە لەناو یاریەکەدام، جا چیم هەیە لە دەستی بدەم؟ ئێمە هەموومان بە دۆڕاوی هاتووین و بە دۆڕاویش دەڕۆینەوە.

من هێشتا هەر سەرخۆشبووم و لە تەنیشت پەنجەرەکەدا ڕۆنیشتبووم و نیگارکێشەکەی من بە دەستی لەرزۆکیەوە خەریکبوو لەسەر سەقفی ژوورەکەدا تابلۆکەی دەکێشایەوە، هەتاو گوتی: ڕەنگە ئەمستردام خۆشبێ، بەڵام بۆ ئێمە نا.

من بە تیغی چاوانم لە نیگارکێشەکەی خۆمم ڕوانییەوە، ئەو تابلۆکەی لەسەر کۆڕنە و قولینچکەکان دەنەخشاند، لە تابلۆکەدا، بە تەنیا ڕەنگی سووری بە کاردەهێنا.. ژوورەکە سوور سوور دەچۆوە و بۆنی خوێنی لێدەهات..

جار نا جارێ کە ماندوو دەبوو، دەچووە بارەکەی ژێر تەلارەکە، تا ئازووقە و کەرستەکانی سەرخۆشی بێنێ.. (جگەرە، حەشیش، هێرۆین، وێسکی، دەرزی، کۆکاین، جۆینج، گراس، بۆیەی سوور و فڵچەشی دەهێنا)..

من لە تەنیشت پەنجەرەکە دانیشتبووم و دەگریام، کە نیگارکێشەکەی من، کچێکی کایی پرچ سووری هێنایەوە ماڵ.. کچێکی ناسك و قەشەنگ، مەمکەکانی لە هی من سپیتر و توورت و توندتر بوون.. بەس تەنیا گۆپکەکانی لە ژێر کراسێکی دڕای حەشاردابوو.. ئێمە هەرسێکمان سەرخۆشبووین، کچەکە هەر هەژدەساڵێك دەبوو،

نیگارکێشەکەی من دوای دەرزییەکی هێرۆین، ڕووت و قووتی کردەوە و بە دەرزی و ڕەنگ کەوتە کووتینی ئەو تابلۆیە: (گوللەیەکی ڕەش، دڵێکی سپی لەت لەت دەکا و مەسیحیش بە ناخۆشحاڵییەوە لە خاچدراوە). تابلۆکەی لەسەر مەمکەکانی تەواوکرد.. چاوەکانی بە پەڕۆییەکی سوور گرێدا و گوتی: لەسەر سمتی ڕەقیشت ئەو تابلۆیە دەکوتم.

من دەگریام و نەمدەزانی نیگارکێشەکەی من چی دەکا!

کچە قەشەنگەکە لەسەر زگ ڕاکشا و مەمکە سپی و خرپنەکانی لەگەڵ تەختە خەوەکەدا جووتکرد.. نیگارکێشەکەی من کەوتە کووتینی وێنەکە لەسەر سمتی، بە ڕەنگێکی سووری خوێنین (مەسیح بە تورەییەوە لە خاچدراوە، دیارە پێی ناخۆشە.. گوللەیەکی وشکیش دڵێکی تەڕ دەبڕێ) تابلۆکەی تەواوکرد.. کەوتە لێستنەوەی سمت و کۆمی ئەو کچە قەشەنگە هۆڵەندییە، کە دەمانێکە بۆتە هیپی..

لە بنی پێیەوە تا سەر شانەکانی دەیلێستەوە، دەستی لە نێو قژی سووری وەردەدا و چاوەکانی نوقاندبوو.. خۆ من نەمدەزانی ئەو چیدەکا! نیگارکێشەکەی من بەو کچەوە نووسابوو، من هێشتا لە تەنیشت پەنجەرەکەدا دانیشتبووم و سەرم دەسوڕا لەبەر دەرزی هێرۆینەکە، کە نیگارکێشەکە بە چاو بانگی کردم و هەر بە چاویش گوتی: خۆت رووت بکەوە.

من به ڕووتی وەستابووم و نەمدەزانی دەبێ چیبکەم! کچە قەشەنگەکەی خستە سەر پشت و بە چاو گوتی: دەستت بخەرە سەر مەمکەکانی.

من دەبوایە بچمە نێو ئەو گەمەیەش، چونکە پەیمانم دابوو، مەمکەکانی " کاترین "م گوشی، لە هی خۆم ڕەقتر و پڕ چێژتر بوو.. نیگارکێشەکە منی ماچ دەکرد و کاترینیش.. نازانم چیبوو، لە ناکاودا هەمووومان ئاوێتە بووین.. وەك لاولاو تێکئالأین.. من نەمدەویست ئەو کارە بکەم، بەلاّم پەیمانم دابوو کە لە قسەی نیگارکێشەکەی خۆم دەرنەچم.. هەرواشم کرد، ئێمە تێکئالأبووین کە هەتاو گوتی: ئادەمیزادیش حەیوانە.

کاترین دەیویست من بخوا، یا من ئەو؟ کەس نازانێ.

لە سەرەتادا کارێکی زۆر نامۆ بوو، بەلاّم کە بەتەواوی تامی لێوە نەرمەکانیم کرد و دەستم بە مەمکە ڕەق و گۆپکە ڕەقەکانی داهێنا و ئینجا زانیم کە خۆشە، خۆشتر لە ژیان و خۆشتر لە فیردەوس و خۆشتر لە هەموو شتێ..

بە تیغی چاوانم لە نیگارکێشە خۆشەویستەکەی خۆمم ڕوانی، خەریك بوو تابلۆکەی لە سووچێکی بەتاڵی دیوارەکەدا دەکێشا، بە لەڕ و لاوازییەکەوە لە ئێمەی دەڕوانی، من هەم لەڕ و لاوازی و بێتینی و هەم غیرەشم لە چاوە زەرد هەلأتووەکانیدا دەخوێندەوە.. ئێمە هێشتا تێکئالأبووین و لێوەکانی کاترین

چێژێکی ئەبەدیان پێدەدام، من هەتاوم بیرکەوتەوە کە لێوەکانی بە گۆناکانمەوە نووساندبوو، تامی لێوەکانی ئەویش تێکەڵ بە لێوەکانی کاترین ببوو..

منیش سەرەتا وەك هاوپۆلە چێژ نەدیوەکانم نەمدەزانی دنیایێ چێژی جۆراوجۆر و پەلکەزێڕینەیی هەن لەو دنیایە.

ئێ خۆ من هیچم نەکردبوو تا گوللە ڕەشەکە ئاوا بە ڕەشی دڵی سپیم لەت لەت بکا! تەنیا ئەوە نەبێ کە من قسەی دڵدارەکەی خۆمم جێبەجێ دەکرد. من هێشتا لە تەنیشت پەنجەرەکەدا ڕۆنیشتبووم کە نیگارکێشەکەی خۆم بە بێهێزیی و دەستی لەرزۆکییەوە نامەیەکی دامێ.. چاوەکانی زەرد هەڵگەڕابوون، دەتگوت لە کەناری گۆڕێکدا جوولە دەکا و دەیەوێ بۆ ئەبەد بچێتە نێو تاریکیی..

کە نامەکەم وەرگرت دڵم لەرزی، پەپوولەیەکم دیت خۆی بە نێو ئاگری مۆمەکە دادا.. گوڵێك هاتە بەرچاوم دەژاکا.. بەرخێك باعە باعی بوو، فرمێسکی هەڵدەوەراند..

نامەکە بە کوردی لەسەری نووسرابوو "بگات بە دەستی ئێرەم.. سوپاس بۆ هەڵگری نامە".. کێ ئەدرێسی منی دەزانی؟ کێ ئاگاداری وجودی من بوو؟ ترس دایگرتم، وەك هاوپۆلە ترسنۆکەکانم ترسام.. نەدەوێرام زەرفەکە بکەمەوە، دوو پێك وێسکیم بە خێرایی خواردەوە و جگەرەییەکم داگیرساند و لایەکی زەرفەکەم دڕاند، دوو نامەی تێدابوو..

یەکەمیانم تەماشاکرد ئاوا نووسرابوو:

سەلاوی عەشق

سەلاوی غەریبی و دووریی

ئیرەم گیان: بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە بۆت دەنووسم، لە شوێنێکەوە بۆت دەنووسم دوور لە ئاوەدانی، دوورم لە هەموو ئەو شوێنانەی کە ڕۆژە خۆشەکانمان تێیدا گوزەراند.. ئێستا منیش وەك تۆ دوور لە گورگەکان ژیان بەسەر دەبەم.. بەلام ژیانێکی ناخۆشتر لە جاران.. منیش وەك تۆ لە دەستی باوك و برا چاو پڕ لە خوێنەکانم ڕامکرد.. بە دوای ووشە بریقەدارەکانی شاعیرێکی شێت کەوتم، فریویدام، ئێستاش بەیەکەوە لە دووری ئاوەدانی دەژین، پیاوێکی تووندڕەوە، دڵی ڕەقی پێچەوانەی شیعرە نەرمەکانیەتی.. ئیرەم گیان من باشم، هەرچۆنێك بێت ژیان تێدەپەڕێنم..بەلام

"لەو پەڕەگرافەدا وشەکان لەبەر فرمێسك تێکەڵ ببوون"

بەلام هەتاو.. هەتاو.. هەتاو..

لەبەر خاتری تۆ پێدزکێی کرد و بە دزییەوە شووی بە نیگارکێشێکی پیر کرد، کە لە" رۆتەردام" گەڕابۆوە، لەسەر سنوور براکانی گرتیان و هەر لەوێ لە چاڵێکدا تاریکییەکی ئەبەدیان نیشاندا..

بەر لە سەفەرەکەی نامەیەکی بۆ تۆ نوسیبوو، بە ئەمانەت لای منی جێهێشتبوو.. ئەوا من لەگەڵ ئەو نامەیەی خۆم

نوسخەیەکی کۆپیکراوت بۆ دەنێرم، هیوادارم بە دەستت بگات..

هاوپۆلی عومرت
ئارەزوو

نامەی دووەم:

یەك ڕەنگم و بێ ڕەنگم و ڕەنگین بە هەموو ڕەنگ
بەم ڕەنگە دەبێ ڕەنگڕێژی عیشقی حەقیقی
مرواری ئەشکم یاقووتی ڕەوانە
ساقی! بدە لەو لەعلە شەرابێکی عەقیقی
دائیم لە حەزەردا سەفەری بە لە وەتەندا
غوربەت کەش و عاجز بە ئەگەر ئەهلی تەریقی.. نالی

هەناسەم ئێرەم گیان: دەزانم کاتێ کە تۆ ئەو نامەی من دەخوێنیتەوە، من لێرە نەماوم.. ئیدی ناتوانم، تیشکی ڕۆشناییەکانی ئەودیو پەنجەرەکەت نیشان بدەم.. کە ئەو نامەیەت پێدەگات، من دەمانێکە ئاوابوویمە، دەمانێکە لەنێو ئێوەدا سڕاومەتەوە، خۆ من لە سەرەتاوەش بە سڕاوەییەکی ئومێدبەخشی نەزۆکەوە هاتبووم.. بەلاّم حەزمە بۆ

هەمیشەیی بچمە نێو گەمە گەردونییەکەی ئەو کەسانەی کە لە کلوە بەفرێکی تەنك دەچن و بەر لە کەوتنە سەر عەرد دەتوێنەوە..

هەناسە سوورەکەم: هەنگاو بە هەنگاو لە گەڵتم، من سەرەتاش گوتم: ((پیاو عەنکەبووتە)).. ((ژیان مێزی قومارە، هەمووومان بە یەك ئاکام لە کۆتایی گەمەکە ڕادەبین)).. ((تەمەن مەودای نێوانی ڕووناکیی و تاریکییە، بۆ ئەوە دانراوە کە کەس نەتوانێ پییێدا تێپەڕێ)).. ((ژیان وەسیلەیەکە لە پێناو گەیشتن بە مەرگ)).. منیش و هەموو هاوپۆلەکانت و هەموو ئەوانەیش کە لە پۆلی ئێمە دانین دەمرین، وەکو ئەوەی کە ئێستا من مردووم.. من هەمیشە بۆ ئەوە لە تەنیشت پەنجەرەکەت دەردەکەوتم کە ئومێدێکت پێببەخشم، بەڵام ئێستا من مردووم..

بە خۆمم گوت: ئیرەم بوەستە.

من دەگریام و مەست بووم.. مەست بووم و دەگریام.. بە هەردوو دەست سینگمم دەکووتا.. شینم دەگێڕا، من بۆ حوسێنە پەککەوتەکەی خۆم دەگریام، یاخود بۆ ئاوابوونی خۆر و نەمانی هەتاو؟ شینم دەگێڕا و نەمدەزانی دەبێ چیبکەم!

خەریکبوو دەخنکام، حەشیشم کێشا و بۆ خۆم و هەڵوەرانی هەتاو و هەموو هاوپۆلە بەدبەختەکانم دەگریام.. بۆ ژیان دەگریام، لە خۆمم دەدا و نەمدەزانی چی دەکەم!

نامەکەم تەواو نەکرد، چونکە هەموو شتێ تەواو ببوو.. نەمتوانی ئێستایش نەمتوانی بزانم لە پەڕەگرافەکانیتردا چی نووسرابوو..

جار نا جارێ کە نیگارکێشەکەی خۆم دەستی لە دروستکردنی تابلۆیێ هەڵدەگرت و ئارەزووی بۆم دەجوولا، ئەوەندەی هەوڵیدەدا، نەیدەتوانی.. خەریکبوو دەگریا.. من دڵیم دەدایەوە و ماچیم دەکرد.. دەرزییەکی دیکەی لە باسکە چورچ و لۆچینەکەی دەدا و زەنگێکی بۆ "کاترین" لێدەدا.. کە ئەو بە خۆی و پرچی سووریەوە دەهات، هەر زوو تێکدەئالأین و من خۆشحاڵ دەبووم.. یەکترمان هەڵدەمژی و جەستەکانمان پڕ دەبوو لە مۆسیقای موچڕکە ئەفسونایەکان.. نەماندەزانی چی دەکەین!

ئەو کاتەی ئارەزووی نیگارکێشەکە دەبزوا و نەیدەتوانی، خەریکبوو دەگریا، دەرزییەکی دیکەی لە باسکە ئێسکینیەکانی دەداو من زەنگێکم بۆ "کاترین"لێدەدا.. لەبەر دیدە و چاوی نیگارکێشە خۆشەویستەکەی خۆم دەکەوتینە نێو دنیای لەززەت بردن و سەرزەمینی رووت بوونەوە و خۆشییەکان و ئاگامان لەو نەدەما..

هەتاو گوتی: لەززەت لە مەرگ دەچێ.. بەدبەختیی و کارەساتیش لە ژیان.

هەتاو گوتی: مەرگ تامی هەیە، تامێکی شیرین.. ژیانیش تامی هەیە، تامێکی تاڵ.

من لە چاوەکانی کاترینم ڕوانی، زەردەخەنەیان دەکرد، ماچێکی لێکردم و گوتی: بۆ هەمیشەیی لەززەت لە بەدبەختی خۆشترە و ژیانیش لە مەرگ.

من نەمدەزانی دەبێ چی بڵێم، لە کاترینم ڕوانی و سەیرێکی نیگارکێشە خۆشەویستەکەی خۆمم کرد و گوتم: باوەڕناکەم ژیان و مەرگ و رووناکیی و تاریکیی پێناسە بکرێن.

هێشتا من لە تەنیشت پەنجەرە نامۆکە دانیشتبووم و لەو هەموو تابلۆ یەك ڕەنگییەم دەڕوانی و لەو هەموو تابلۆ یەك بابەتییەم دەڕوانی و بیرم لە هەتاو دەکردەوە کە دەیگوت: لە بنەڕەتدا ژیان پێکهاتەکەی لەسەر بنەما و بنچینەی دووبارەبوونەوە خولقاون، هەموو شتەکان دووبارەن لەو گەردوونەدا، تا ئەو کاتەی کە مردن هەبێ.

کاترین گوتی: ئەو جارەیان بێمەوە گەمەیەکی نوێتر دەکەین، کە لەمەو پێش نەمانکردبێ.. من هەمیشە حەز دەکەم شتی نوێ بخولقێنم.

هەموو تابلۆیەکانی نیگارکێشە خۆشەویستەکەی من کۆپیکراوی ئەویتربوون.. ڕەنگێکی سووری خوێنین، ماڵ تامی

خوێنی لێدەهات، (گوللەیەکی سوور دێ و دڵێکی سوور لەت لەت دەکا.. مەسیح جلێکی سووری لەبەردایە و بە ناخۆشحاڵییەوە بە خاچێکی سوور سوور هەڵواسراوە، چاوە سوورەکانی کراونەتەوە، دەڵێی هێشتا حەزی لەو ژیانە سوورەیە !؟)

کە شوێن لە ماڵدا کەمتربۆوە بۆ درووستکردنی ئەو تابلۆیە، نیگارکێشەکەی من پەلاماری جامی پەنجەرەکانیدا.. دواتر لەسەر بۆری و لەسەر عەرد و لەسەر سابوون و لەسەر مێز و لەنێو مەغسەلەکە و لە هەموو شوێنێ و لەسەر هەموو شتەکان ئەو تابلۆیەی دووبارە دەکێشایەوە..

من هێشتا هەر لە تەنیشت پەنجەرەکە دانیشتبووم و لە هات و چوونی بەلەمەکانم دەڕوانی و تەماشای قاقای ئەو کچ و کوڕە بەختیارانەم دەکرد کە بە قاقاوە زەمەن دەگوزەرێنن کە هەتاو گوتی: ئەگەر ئێمە لەگەڵ هاوپۆلەکانی خۆماندا هەڵنەفڕین، ڕەنگە ونبین و گۆڕبزربین.

من هێشتا هەر لەوێندەر بووم کە هەتاو گوتی: چارەنووسی ئاسکێکی یاخی لە ڕەوەکەی، چارەنووسێکی تاریك دەبێ.. ڕەنگە گورگ بیخوا، یا پڵنگ و سەگ و میکرۆب..

جا چ جیاوازییەك هەیە لە نێوانی بخۆرەکان؟

هێشتا هەر لەوێندەر بووم کە هەتاو گوتی: بە هیوای ژیانێکی خۆش، بێگومان ئومێدێکی نەزۆکیشە.

ئێ خۆ من هیچم نەگوتبوو، هیچم نەکردبوو، تا ژیان ئاوا لە ژێر دووش و بارانی گەمە نامۆکان بمشۆرێ.. گەمەی سووری خوێنین و گەمەی ئیرۆتیك و گەمەی ڕاکردن و گەمەی ئەو نیگارکێشەی کە لە سەرەتادا وەك _با_دەهات و بەنێو بتەکاندا ڕەتدەبوو.. گەمەی دۆزەخینی ئەو نیگارکێشەی کە لە دەسپێکدا دەهات و هەر لە خاکی دەڕوانی، ئێستایش هەر لە ئاسمان..

من هێشتا هەر لەگەڵ کاترین دا تێکئالاً بووم کە نیگارکێشە لەڕ و لاوازەکەی من قووتییەك ڕەنگی سوور و فلّچەکەی تێگرتین، بە ڕەنگی سوور دایپۆشین، سەراپای جەستەمان سوور سوور هەڵگەڕا.. بە لەرزۆکیەوە هات و چاوەکانی پڕ بوو لە فرمێسك، دەتگوت مردووییەکە و جوولە دراماتیکییەکانی خۆی دەکا.. زللەیەکی لە بناگوێی کاترین دا و بە هاوارێکەوە کە بە زۆر یەکێك دەیتوانی گوێی لێبێ، گوتی: بەڕەڵلاً، جارێکیتر لێرە نەتبینمەوە.

دەستی خستە ملم و سەری نا بە سینەم و وەك منداڵێك کە دەست بخاتە ملی دایکی، دەستی کرد بە گریان.. بە کوڵ گریا.. گریانێك کە لە بانگەشتەکردنی مەرگی خۆی نەبێ لە هیچ شتێکیتر نەدەچوو.. من ماچم کرد.. دەستم خستە سەرشانەکانی و بێوچان ماچم کرد.. دەتگوت بەرخێکە و خۆی هاوێشتۆتە ئامێزی من.. هێندەی نێو لەپەکانمی

لێهاتبوو، بچووك بچووك دەتگوت بێچووە پشیلەییەکە و چیتر نا.. ئەو دەگریا و من دەگریام و کەوتەوە یادم کە لە نێو خوێن و ڕەنگە سوورەکەی نێو ستۆدیۆکە، من وەك بەرخێك لە ئامێزی ئەودا ڕاکشابووم و هێندەی نێو لەپەکانی ئەوم لێهاتبوو، دەتگوت بەچکە پشیلەییەکم و چیتر نا..

نیگارکێشێکی چوارشانەی بالأبەرز، گلێنەی چاوەکانی لە هەزاران ڕەنگ پێکهاتبوو.. وەك _با_ دەهات و بە نێو بەردەکان تێدەپەڕی و هێشتایش هەر لە خاکی دەڕوانی..

هێشتا لە ئامێزی یەکتری دابووین، کە باوکم گوتی: لە ژیانمدا تەنیا یەك کتێبم خوێندۆتەوە، کتێبی تەیموور لەنگ، عاشقی ئەو کتێبە بووم کە لێی نووسرابوو "پیاو دەبێ بە ڕشتنی خوێن سەرمەست و سەرخۆش بێ، پیاو دەبێ بە بینینی خوێن سەرمەست و سەرخۆش بێ نەك بە جوانی ژن و تامی شەراب".

من لە تەنیشت پەنجەرە ئەودیو تاریکەکە دانیشتبووم کە بە نهێنییەوە گوێبیستی دایکم بووم کە بە باوکمی دەگوت: پیاوەکە لە بیرتە کە وەك _با_ دەهاتی و لە هیچ کچێکت نەدەڕوانی؟ دێتەوە بیرت کە یەکەمینجار لە نێو دوکانی قەسابیەکەت ڕاتخستم و خوێنم تێکەڵ بە خوێنی بەرخەکە بوو؟ دێتەوە بیرت کە گوتم: بمبە.. گوتت: بۆ کوێت ببەم؟

لەبەر شەرم و ترس نەبووایە ئاوا بە سکی پڕەوە بەڕەڵلای دنیات دەکردم.. ئێستایش جگە لە من لە خۆشت بێزاری..

من هێشتا هەر لەوێندەر دانیشتبووم کە هەتاو گوتی: پیاوەکان وەکو کالآی دزیاری یا هی دەستی دوو وان، هیچ کاتێك گرێنتیان لەگەڵ دانییە!

هەتاو گوتی: هەموو پیاوەکان لە ڕەچەڵەکی _با_ن.

هەتاو گوتی: بە بێ جیاوازی هەموو پیاوەکانی سەر ئەو ئەستێرەیە وەك بتڵێکی ئەلکحول لە ژن دەڕوانن.. پێش ئەوەی بیانخۆنەوە تێنوویەتی ئازاریان دەدا، کە دەیانخۆنەوە سەرخۆش دەبن، دوای خواردنەوەیان تووشی ژانە سەر و ڕشانەوە دێن.. لە کۆتایشدا کە لەو بتڵە نیوە خاڵییە یاخود ئەو بتڵە تەواو خاڵی بووە دەڕوانن قێزیان دەبێتەوە، لەبەر ئەوە یا ئەوەتە بتڵە نیوە خاڵی بووەکە جێدەهێڵن، یا ئەوەتەیە بتڵە تەواو خاڵی بووەکە تووڕ تووڕ هەڵدەدەنە نێو زبڵدانێك و دەیشکێنن.

باوکم هەمدیس"حاشاکی خوێنەر" وەك کەر زەڕاندی، لە دایکمی ڕوانی و گوتی: ئەو کات کەر بووم کە هاتم و لە نێو خوێنی خۆت و بەرخەکەدا ڕامخستی، بەڵام ئێستا تۆ چ مەعنایەکت هەیە لە ژیانی مندا؟ تۆ بە تەنیا لە بەردێکی خوراوی "دامە" دەچی و هیچیدی نا.

**هەتاو گوتی: گریمان ژیان "دامە"یە، هەمیشە بەردە خوراوەکان ئافرەتن و ئاغاکانیش پیاو.**

**من دەمویست بڵێم، نیگارکێشە لەرزۆك و پیرەکەی خۆم، تۆ ئێستا لە مەلیکێکی کش لێکراوی شەترەنج دەچیت.. یاخود ئەگەر دڵم بێ و ڕاستی بڵێم، تۆ ئێستا مەلیکێکی ماتی.**

**دەستەکانم پڕ بوون لە کارت، پێڕەکانم تەواو بوون، زیاتر لە حەفتا و حەفت خاڵم پێبوو، جۆکەرم پێبوو، دەمتوانی بە سانایی کۆنکانی لەسەر بێنم و بانگەشتەی دۆڕانی نیگارکێشەکەی خۆم بکەم، بەلام من بەڵێنم پێدا بوو بەڵێن نەشکێنم.. هێشتایش وەك جاران خۆشمدەویست، بۆیە ماچێکم لێیکرد و گوتم: نیگارکێشەکەی خۆم، هی من و بەس، خۆشمدەوێی، خۆشمدەوێی..**

**هێشتا هەر لە ئامێزی یەکتری دابووین، ئەو سەری نابوو بە مەمکەکانم و هۆن هۆن ڕۆندکی دادەڕشت.. من گوتم: مەلیکی کش لێنەکراوی خۆم، ئەی مەلیکە ساغ و سەلامەتەکەی خۆم، تۆ بۆ هەمیشەیی براوەی لەو شەترەنجی عەشقەدا.. هێشتایش خۆشمدەوێی و بۆت دەمرم.**

**ئەو سەری لەرزۆکی نابوو بە سینە و مەمکەکانم و دەگریا.. من هێشتایش هەر لە تەنیشت پەنجەرەکە دانیشتبووم و لە تابلۆ یەك ڕەگیەکانم دەڕوانی کە لە پشت دەرگاکەوە گوێم لە پستە پستێك بوو.. نیگارکێشەکەی من وەك پیرەمێردێکی**

لەرزۆکی هەشتا ساڵە بە لەنگی و هەنگاوی خوار و خێچەوە خۆیکرد بە ژوورەوە، وەك سەرما هەڵدەلەرزی، ساردبوو وەك شەختە، بە وێنەی پایز زەردهەڵگەڕابوو، دەتگوت دەیەوێ هەڵوەرێ!

تەنها شتێکی بەهێزی کە تا ئەو کاتە مابووی کۆخە کۆخی بوو، کە دەکۆخی تابلۆکانی سەر دیوار و بنمیچ و سەر عەرد و هەموو شوێنەکانی دەلەراندەوە.. وەك کیسەڵێکی ماندووی لێهاتبوو کە فەرمانی پێکرابێ هەزاران کیلۆمەتر لە ماوەیەکی کەمی دیاریکراودا ببڕێ.. پشتی چەمابۆوە، ڕیشن و چڵکن، پێنج مانگ بوو خۆی نەشۆری بوو، قایشێکی لە باسکی پێستین و ئێسکینی تووند کرد، کەچی هیچ دەمارێکی نەدۆزیەوە تا دەرزییەکی لێبدا.. باسکەکانی وەك بێژینگ وابوون.. پانتۆڵەکەی داکەناند و قایشەکەی لە ڕانی توند گرێدا.. دەمارەکانی ڕانیشی هەمووی کون کون ببوون، سەراپای جەستەی وەك دڵێکی لێهاتبوو کە هەزاران گوللەی بەرکەوتبێ.. بە زۆر دەمارێکی دۆزیەوە و دەرزییەکەی دایە دەستم و گوتی: لێدە.

دەرزییەکی دیکەی ئامادەکرد و قایشەکەی لە باسکم ئالآند و دەمارە سەوزەکانی بن پێستە سپی و خرپنەکەی باسکم تەواو دەرکەوتن و بە چاوە سوورەکانی پرسی: لێدەم؟

گوتم: من بۆ ئەوە لە دایك بووم، فەرمانەكانی تۆ جێبەجێ بكەم.
جار نا جارێ بەر لەوەی ئەو گوللە ڕەشە دڵی سپیم لەت لەت بكا، نیگاركێشەكەی خۆم داوای لێدەكردم كە دەرزییەكی هێرۆینی لێبدەم، ئەو كاتەی كە خۆی دەیویست و خۆی ئارەزووی دەكرد، داوای لێدەكردم كە دەرزییەكی هێرۆین لێبدەم.. ئێ خۆ من هیچم نەكرد بوو جگە لە جێبەجێ كردنی حەز و هەوەس و فەرمانە ڕەهاكانی ئەو..!
ئێمە سەرخۆش و بێهۆش و نەخۆش و بێجۆش و خرۆش بووین.. نیگاركێشەكەی من دەتگوت بەرانێكی پیرە دەكۆكێ.. وەكو مەڕێكی نەخۆش چڵم بە لووتیدا دەهاتە خوارەوە، دە ددانی پێشەوەی نەمابوو، قژە درێژەكەی تێكقژقژابوو، چیتر پرچی لە پرچی كوڕە تاقانەكەی خودا نەدەچوو.. كە تەواو لێت بڕوانیبووایە وات هەست دەكرد سالآنێكە لە دوورگەیەك بە تەنیا دەژیێ.. دەتگوت لە دووری ئاوەدانی و مرۆڤدا ژیان تێدەپەڕێنێ..
نیگاركێشە پەڕپووتەكەی من پەڕۆكێكی هێنا، سوور سوور وەكو خوێن.. هەمان ئەو پەڕۆیە بوو كە ئێمە لە ستۆدیۆكەدا بۆ جاری یەكەم خوێنی ڕژاومان پێسڕیەوە..
هاتەوە یادم كە باوكم پەڕۆكێكی سووری بە ڕووخساری دایكم دادا و پێی گوت: زۆر جار بیرەوەری وا لە مرۆڤ دەكا شەرم

**بیگرێ.. ئەو پەڕۆیە هەڵگرە چونکە لەوانەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە جیهانێکەوە بەرەو جیهانێکیتر بتگواستەوە.**

**هەتاو گوتی: جیاوازی چییە لە نێوانی عەنکەبووت و پیاو؟ لە نێوانی ژن و بتڵێ ئەلکحول؟**

**من نەمدەزانی نیگارکێشە پەککەوتەکەی خۆم چی لێم داوایە! ئاخر خۆ من پەیمانم بە خۆم دابوو کە بۆی بمرم و هەرچی ئەو داوای بکا بۆی جێبەجێ بکەم..**

**هێشتا هەر لە تەنیشت پەنجەرەکەدا لە ڕووناکییێکی چاوەڕوان کراوم دەڕوانی کە نیگارکێشە پیر و کەنەفت و مردووەکەی من بە کۆکە کۆکی تابلۆ یەکرەنگیەکەی ژێر سەقف و سەر عەرد و سەر دیوار و سەر هەموو شتەکانی نێو ماڵی دەلەراندەوە.. دەستی منی گرت و ڕووتی کردمەوە، نەیدەتوانی وەك جاران ماچیشم بکا، لێوەکانی دەلەرزین، وشك هەڵگەڕابوون لێوەکانی، دەستەکانی دەلەرزین، پێڵوەکانی لە ترووکان نەدەکەوتن، بە بەردەوامی دادەخران و دەکرانەوە، ڕەنگاڵەیی گلێنەکانی نەمابوون، جارێ زەرد زەرد وابوون وەك پایز، جار جارێکیش دەتگوت ڕەنگی تابلۆکەن، سوور سوور.. چی بەسەرهاتبوو ئەو نیگارکێشەی کە ڕۆژگارێ بە تەنیا لە _با_ دەچوو، دەهات و بە نێو بەردەکاندا گوزەری دەکرد و هەر لە خاکیشی دەڕوانی.. من کامیلیای جوانم هاتەوە یاد کاتێ کە لە گۆڕەکە دەریان هێنا.. من زەمەنم هاتەوە یاد کە هێندە دلڕەقانە دژ بە**

جوانییەکان دەوستێتەوە و لەناویان دەبا.. من هاتەوە یادم کە هەتاو گوتی: زەمەن دڵڕەقە و عادلیش.

چی بەسەرهاتبوو ئەو نیگارکێشەی کە پۆلی کوکوختیەکانی بێ ئاوڕدانەوە شەق دەکرد؟

من هەتاوم بیرکەوتەوە کە دەیگوت: جوانیی و دەستهەڵات و هێز و هەژاریی و هەموو شتەکانی نێو ژیان موڵکی ئێمە نین، ئێمە تەنیا بۆ ئەوە دێین کە یارییەکی بچووك لە نێو موفرەدەکان ئەنجام دەین و بە دۆڕاویەوە بڕۆینەوە.. بە کورتی ئێمە هەمیشە دۆڕاوین و زەمەنیش هەمیشە براوە.

من بە هەتاوم گوت: چۆن دەتوانین زەمەن لەنێو بەرین؟ چۆن دەتوانین ئێمە هەمیشە و بەردەوام بڕۆین و زەمەنیش هەمیشە بە وەستاوی لێمان بڕوانێ؟

هەتاو گوتی: زەمەن لەسەرووی هەموو خالیقێکیشدایە، لەوانەیە کردگاری جیهانێکی ئێستەتیك خۆی لە سەرووی زەمەن دانێ، بەڵام کە تۆ مردی، ئێستەتیك دەمرێ.. ئایندە و ئێستا و مێژوو دەمرێ.. وشە دەمرێ.. تابلۆکان دەمرن.. مۆسیقا دەمرێ.. خولقاندنی دوورگەی خالیقەکان وەهمێکە و هیچیتر.. بە مردنی من جیهان دەمرێ و گەردون دەمرێ و ئافەریدەکار دەمرێ.. هەموو شتەکان وەك یەك دەمرن و زەمەنیش بە زیندوویەتی هەنگاوە پڕ لە شانازییەکانی خۆی دەهاوێژێ و دەهاوێژێ و هەرگیز ناوەستێ.. زەمەن دەڕوا، نە

بە تابلۆکانی نیگارکێشەکەی تۆ دەوەستێ و نە بە گوناحەکانی باوکت و نە بە شیعرەکانی ڕامبۆ و نە بە سیمفۆنیاکانی بیتهۆڤن و نە بەو شیعرەی "نالی"یش کە من لە پێشەکی نامەکەدا بۆ تۆ دەینووسم.. باش ئاگاداربە خۆشەویستەکەی من زەمەن دەڕوا و ئێمەیش دەمرین، کە مردیشین نە خۆشەویستی و نە ڕك و نە هونەر و نە ساویلکەیی و نە هیچ شتێکیتر ناتوانێ بمانگەڕێنێتەوە.

من هێشتا هەر بە ڕووت و قووتی بەرامبەر نیگارکێشەکەی خۆم وەستابووم کە بە تەنیا لە بەرازێکی نەخۆش دەچوو، هەتاوم بیرکەوتەوە کە دەیگوت: خۆ هەر شنەباییەکی فێنکە دواتر دەبێتە گەردەلوول.. هەر ئاوێکی هێمن و سازگارە دواتر دەبێتە تۆفان.. هەر ئاگرێکی بچووکیشە کە خۆمانی بە دیار گەرمدەکەینەوە دەبێتە کارەسات و دەمانسووتێنێ.. پیاو لە سەرەتادا، شنەباییێکی فێنکە، ئاوێکی سازگارە، ئاگرێکی دڵسۆزە، لە کۆتاییدا دەبێتە گەردەلوول و تۆفان و بورکان.

نیگارکێشە لەرزۆك و بێ ددانەکەی خۆم، بە دەستی لەرزۆکی پەڕۆکە سوورەکەی خستە سەر چاوەکانم و لە پشتی سەرمەوە توووند توووند گرێیدا، من بۆن و تامی خوێنم کرد، ڕەنگی خوێنم دیت، "شوان"م هاتەوە بیر کە چەقۆکەی دەرهێنا و کۆتایی بە باعە باعی بەرخەکە هێنا.. من شوانم بیرکەوتەوە کە دڵی بەرخەکەی هەڵدایە بەردەمی پشیلەکە.. من دایکمم

هاتەوە یاد کە بە شوانی گوت: دەبێ بەرخەکە ڕوو لە قیبلە سەری ببڕدرێ .

باوکم گوتی: تۆ قسە نەکەی، ئەی نەمانگوت خودا لە هەموو شوێنێك هەیە؟

نیگارکێشەکەی خۆم منی لەسەر تەختەخەوەکەدا ڕوو لە قیبلە درێژکرد.. نەمدەزانی چی دەکا، نەشمدەویست بزانم چی دەکا، چونکە هێشتا هەر خۆشمدەویست.. بەڵێنم دابوو کە بەڵێنەکانم نەشکێنم.. پڕۆتۆکۆلێکی ئەبەدیم لەگەڵ خۆمدا مۆرکردبوو..

من چاوەڕوان بووم کە چی دەکا، نووکێکی تیژ بەر پشتم کەوت و ڕاچڵەکیم.. نیگارکێشەکەی خۆم، لەبەر نەمانی ددانەکانی بە فسەزمانییەکەوە گوتی: مەترسە خۆشەویستی ڕۆحم، بە دەرزی تابلۆیێ لەسەر پشتت دەکوتم.. "تابلۆی گوللەیەکی ڕەش، لەو کاتەی کە بە دڵێکی سپیدا گوزەر دەکا و لە تەنیشت ئەویشدا مەسیح بە زۆرداری لە خاچدراوە، حەز لەو دۆخە ناکا و بێ دەستهەڵاتیشە، چی بکا؟ فەرمانێکە و ناچارە جێبەجێی بکا".

من بەسەر زگ و ڕوو لە قیبلە بە ڕووت و قووتی و چاو بەستراویەوە لەبەر دەستی نیگارکێشەکەی خۆم ڕاکشابووم.. هەستم بە بێ هێزی و لەرزینی دەستی دەکرد، دەرزی کووتانەکەی ئازاری دەدام و خۆشیش بوو.. هێشتا لە ژێر

دەستی ئەودا ڕاکشابووم و خەریك بوو تابلۆکەی دەکێشا، من باوکمم بیرکەوتە کە دەیگوت: چارەنووسی ژن وەکو چارەنووسی پاشماوە بێسوودەکانی خواردن وایە.
ئێ خۆ من هیچم نەکردبوو تا گوللە ساردەکە ئاوا دڵی گەرمم سارد سارد و شەق شەق بکا!
نیگارکێشە بێ ددانەکەی خۆم بە فسەزمانی و زمانێکی پڕ لە تەتەڵەوە گوتی: دەچم دەرزییەکی دیکە دەهێنم، ئەوەیان کەلکی نەما..
گەڕایەوە.. دەستی کردەوە بە کووتینی پشتم و گوتی: تابلۆکە تەواو بوو.
زمانێکی بە پشتم داهێنا و گوتی: تابلۆکە دەلێسمەوە.
کەوتە مژینی سمت و کۆم و ئەولاتریش.. زمانێکی بەهێز و لەززەتدار.. تووند تووند دەتگوت گەردەلوولە و بە نێو جەستەمدا تێپەڕ دەبێ.. دەتگوت تۆفانە و دەمخنکێنێ.. دەتگوت بورکانە و دەمسووتێنێ.. خەریکبوو دەمردم، بەڵام لە خۆشیاندا زوو زوو دەژیامەوە.. دەمانێك بوو بورکان و تۆفان و گەردەلوولی ئاوا لە نێو جەستەی مندا نەتەقیبۆوە و هەڵنەگیرسابوو و هەڵینەکردبوو .. وەریگێڕامە سەر پشت و مەمکەکانمی تووند تووند گوشی، ئایە دەیویست لە ڕەگەوە هەڵیتەکێنێ؟ تووند تووند ڕایدەکێشان، ئایە درەخت بوون و دەیویست لە کرۆکەوە هەڵیانپچڕێنێ؟

من پەلاماری سینگیمدا، گەرم و توووند و پڕ لە ماسولکە.. گۆپکە و ماسولکەکانی ڕەق ڕەق، دەتگوت وا لە ستۆدیۆکەم و لە نێو بۆیەکی سوور سووری خوێنین ڕاکشاوین و خەریکین خوێن تێکەڵ بە سووراتی ئەو خاکە دەکەین.. کە خۆی ڕاهەژاند و حیلاندی کەوتمە گومان و باوەڕم نەکرد.. ئایا من خەون دەبینم؟ فەنتازیا دەکەم؟ خەریکبوو دەیکوشتم.. ئۆرگازموزی بچووك بچووك وەکو سەراب دەهاتن و ڕەتدەبوون و ون دەبوون.. ئاگر و _با_ و _ئاو_و خاك بوون ئەو وردە ئۆرگازموزانەی کە دەهاتن و ئاوا دەبوون؟ جەستەم ئیدی بیابان نەبوو، بەستەڵەك نەبوو، دۆزەخ بوو..

من فەنتازیام بە پیاوێکی قووڵە ڕەشی چوارشانە دەکرد، لە ژێر پەڕۆکە سوورەکە پێڵوەکانم داخستبوون.. کە ئەو هەمدیس حیلاندی من هێزی چاوەڕوانیم نەما.. ئاخر ئەو هەموو هێز و تاو و تینە لە بن نەهاتووە لە کوێوە گەڕایەوە، من گەورەیی خودام هاتە پێش چاو، ئایە ئەوە نیگارکێشە لەڕ و لاواز و بێ ددان و خۆشەویستەکەی خۆمە هەمدیس لە دایکبۆتەوە؟

من ئەوم خستە ژێرە خۆم، کەوتمە هەڵبەز و دابەزێکی شەپۆلاوی و شێتانە.. ئایە من ئاگر بووم کە هێندە گەرم داهاتبووم؟ وێلاّنە دەمئاهاند، هەموو دراوسێکان دەیانتوانی

گوێیان له ئاهەکانم بێ.. ئایه من ماین بووم که ئاوا دەمحیلاند؟

هەتاو گوتی: لەناو سێکسدا بحیلێنه، چونکه حیلەی ژن، پیاو دەکاته ئەسپێکی تێنووتر.

خەریکبوو ئاوزینگمدەدا، ڕۆحمم ون کردبوو، ئایه من لەسەرزەمیندا بووم؟ نەمدەزانی چی دەکەم، بەڵام دەمزانی که فەرمانی نیگارکێشه خۆشەویستەکەی خۆم به چاوی بەستراوه جێبەجێ دەکەم.. هەڵدەبەزیم و دادەبەزیم، ئایه من شەپۆل بووم؟ خەریکبوو دەمردم، گوێم له حیلەی ئەسپێك بوو، گومانم کرد.. پەڕۆکه سوورەکەم لادا و به تەنیا ڕەنگێکی سوورم دیت.. ڕەنگی تابلۆکه له هەموو شوێنێك.. ئاوڕم دایەوە، نیگارکێشه خۆشەویستەکەی من دەستی له درووستکردنی تابلۆکه هەڵگرت لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکه.. (مەسیح به تووڕەیی و به بێ پرس و به ناڕەزاییەوە له خاچدراوە، به بێ ویستی خۆیی و به بێ فەرمانی ئاسمان.. گوللەیەکی وشك و ڕەش و ساردیش دێ و دڵێکی تەڕ و سپی و گەرم دەبڕێ و کون کون و زوێڵ زوێڵ و خیشار خیشار و شەق شەقی دەکا).

من هێشتایش له فرمێسکەکانی نیگارکێشه خۆشەویستەکەی خۆمم دەڕوانی که پیاوه ئەفریقییه چوار شانەکەی ژێرم به حیلاندنێکەوە که هەر له ئەسپێکی ڕەشی لووس و پڕ له

ماسوولکە دەچوو گوتی: دەی خۆت زیاتر ڕاهەژێنە، ئەی کچی ئاگر و تۆفان و گەردەلوول.
هاتەوە بیرم کە هەتاو گوتی: دایکی فیرعەونیش حەزی لە گەنجە ڕەشەکان بوو، چونکە پێی وابوو ئەوان گەرمترن.
من نەمدەزانی چی دەکەم، یاخود دەبێ چی بکەم!
بەڵام گەرمبوو، تەواویش گەرم، دایکی فیرعەون ڕاستی گوتبوو.. دەتگوت ئاگرە و بە دڵی گەرممدا تێپەڕ دەبێ، لە ژێرم ڕاکشابوو، ماسولکەکانی ڕەق ڕەق، سەراپای جەستەی ڕەق ڕەق، دەتگوت لەسەر بەردێکی ڕۆحلەبەر ڕاکشاوم.. دەتگوت بەردێکی ڕۆحلەبەرە و لە ژێر _با_ییەکی شێتدا ڕاکشاوە.. دەتگوت من لە ژێریدا ڕاکشاوم.. شێتی کردم خودا، چیبوو ئەو هەموو گەرمیەی کە چرکە دوای چرکە زیاتر دەیسووتاندم، ئایە ئەو خۆر بوو؟
ئێ من چیبکەم!؟ لە نیگارکێشەکەمم ڕوانی و بەردەوامبووم، چاوم لە نێو چاوە سپیەکانی ئەو جنۆکەیە تاریك و ڕەشە نا و لەبەر چاوم هەر لە شای جوانانی جیهان دەچوو.. لە نیگارکێشەکەی خۆم دەچوو کە کاتێ وەك_با_ دەهات و بە پرچی بەڕەڵڵای بە نێو بەردەکاندا، بێ ئاوڕدانەوە ڕەتدەبوو..
من وەك ماین و ئەویش وەك ئەسپ، ئەو وەك خاچ منیش وەك مەسیح و من وەك گەوارە و ئەویش وەك برووسکە یەك بە دوای یەك دەمانحیلاند، هاوارەکانمان تابلۆکانی سەرسام

کردبوو، دەیان لەراندنەوە.. نازانم بۆچی من گریام! هەر گریام و زیاتر گریام و خۆشم باشتر ڕادەهەژاند..هاوارم دەکرد، وام هەست دەکرد هاواری یەکەمی ژیانمە.. هاواری لە دایکبوونمە.. من ببوومە ئاگر و گڕکان و تۆفان و گەردەلوول کاتێ کە بیرم کەوتەوە باوکم بە نهێنی بە دایکمی گوت: ئەگەر ژن بێناموس نەبێ، ڕێگا نادا بکەوێتە سەر پیاو.. پیاویش ئەگەر پیاو بێ ڕێگا نادا بکەوێتە ژێر ژن.

من کەوتمە ژێر قوولەڕشەکە، نیگارکێشە پیر و کەنەفت و بێ ددان و لەرزۆکەکەی من، بە لەنگی و سەرخۆشی و بێ هێزییەکەوە کورسییەکی هێنا کە بە زۆر دەیتوانی هەڵیگرێ.. هاتە تەنیشت قەروێڵەکە و دانیشت.. چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسك، دەگریا و لەو دیمەنەی دەڕوانی، قوولەڕەشەکە پێدەکەنی و دەیحیلاند.. من وەك ماینێکی بریندار دەگریام و دەمحیلاند، قوولەڕەشەکە دەتگوت _با_یە و بە نێو جەستەی من و هەموو هاوپۆلەکانم گوزەر دەکا.. نیگارکێشە خۆشەویستەکەی من دەگریا و سەری خستبووە نێو ڕانەکانی، جار نا جارێ سەری بەرز دەکردەوە و لێمانی دەڕوانی، ددانەکانی کەوتبوون، قژی مەسیحیانەی تێکقژقژابوو، هەر دەگریا و هەر دەگریا و بە فسەزمانییەکەوە گوتی: پێش ئۆرگازموزی گەورە خەبەرم بدێ.

هەتاو گوتی: دوو جۆر مردن خۆشە، یەکەمیان لە کاتی مەستی و دوومیان لە ناو ئۆرگازموزدا.
نیگارکێشەکەی من مەست بوو، منیش.. قوولەڕەشەکە دەیویست بگاتە ئۆرگازموز، منیش..
ئێ خۆ من هیچم نەکردبوو، بە تەنیا فەرمانی گەورە و خۆشەویستەکەی خۆمم جێبەجێ دەکرد.. فەرمانی نیگارکێشێك کە ددانەکانی نەمابوون.. فەرمانی نیگارکێشێك کە لەڕ و لاواز ببوو، بێهێز ببوو، تەنیا ئێسك و پێست مابۆوە.. فەرمانی تەرمێك کە تاو نا تاوێ دەیتوانی بە زۆر هەناسەیەك بدا یاخود هەڵیکێشێتەوە.. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بۆی دەمردم، خۆشمدەویست، لەگەڵ ئەوەی تاقەتی سووتانیشم نەمابوو، بۆی دەسووتام..
خۆ من نەمدەزانی چی دەکەم! تەنیا هەستم دەکرد کە وەك تەرزە دادەبەزیم و وەك هەڵمیش ڕوو لە خودا هەڵدەفڕیم.. ئایە من ماین بووم کە ئاوا دەمحیلاند؟ ئایە ئەو ئاگر بوو کە ئاوا بە نێو جەستەمدا تێپەڕ دەبوو، دەیسووتاندم؟
باوکمم کەوتەوە یاد کە بە دەنگێکی بەرز هەتا منیش گوێم لێبێ بە دایکمی دەگوت: کچ ئەگەر بە گوێی باوکی خۆی نەکا، ئاگری بێناموسی دەیسووتێنێ.
نیگارکێشە بەستەزمانەکەی خۆم لە تەنیشت قەروێڵەکە دانیشتبوو، بە گریانەوە لە ئێمەی دەڕوانی، دەرزی دەرهێنا و

به دەستی لەرزۆکی دەستیکرد بە کووتینی تابلۆکە لەسەر مەمکی چەپەم، (سەرەتا مەسیحی دروستکرد کە بە ناخۆشحاڵییەوە لە خاچدەدرێ) دەستی وەك تەرزە و وەك زستان هەڵدەلەرزی، دواتر وێنەی (گوللەیەکی سووری کێشا کە بە دڵێکی سووردا تێپەڕ دەبێ و کون کونی دەکا).. نیگارکێشەکەی خۆم لەگەڵ تەواوکردنی ئەو تابلۆیە کەوتەوە یادی، کە هێشتا چوار ساڵان بوو ئەو تابلۆیەی دەکێشا و دەکێشایەوە، ڕۆژێ کە خەریکی کێشانی ئەو تابلۆیە بوو، غەڵبە غەڵبێ لە ژووری نووستنی باوك و دایکی گوێ لێبوو، کاتێ لە کونی دەرگاکەوە لە ژوورەکەی ڕوانی، دیتی باوکی بە لەرزۆکی لەسەر کورسییەك دانیشتووە و دایکیشی بە ڕووتی لەسەر قەروێڵەکەدا ڕاکشاوە، پیاوێکی غەریبش لەوێیە، بەڵام نیگارکێشەکەی خۆم نەیدەزانی چی دەکەن، ئەوە نەبێ کاتیٚ گوێی لە دەنگی سێ گوللە بوو و تابلۆکە تەواو بوو..

من و ئەسپە ڕەشەکە باشتر خۆمان ڕادەهەژاند، دەسووتاین و دەمردین و دەژیاینەوە و هاوارم کرد: ئۆرگازموزی گەورە.. ئۆرگازموزی گەورە.. ئۆرگازموزی گەورە.. ئۆرگازموزی گەورە.. ئۆرگازموزی گەورە.. ئۆرگازموزی گەورە.. ئۆرگازموزی گەورە.. ئۆرگازموزی گەورە.. ئۆرگازموزی گەورە.. ئۆرگازموزی گەورە..

نیگارکێشە دڵڕەق و خۆشەویستەکەی من، دەمانچەکەی بەر پشتی خۆی دەرهێنا و لوولەکەی خستە سەر تابلۆکەی مەسیح لەسەر مەمکی چەپەم و پلی پێوەنا.

زەردەخەنەی دەکرد و دەگریا، زەردەخەنەی دەکرد چونکە پڕووشکی خوێن تابلۆ خوێنینەکەی جوانتر کردبوو.. نەشیدەزانی بۆچی دەگریێ! ئێ من چیم کردبوو تا ئەو گوللەیە سوورە دڵی سپیم ئاوا لەت و پەت و وێران بکا..؟

ئایا ئێستا گوێتان بۆ قسەی مردووان ڕادێرا؟ من چیم کردبوو، لە ئێوە دەپرسم؟ تا گوللەیەکی ڕەش و سارد و تیژ و بێمانا ئاوا بێ و دڵی سپی و گەرم و هێور و بە ماناکەم بپێکێ و لەت و پەت و پارچە پارچەو وێرانی بکا؟

16.09.2005
26.09.2005

بیلەفێلد ـ ئەڵمانیا